# ئاسمان
# لە هەموو شوێنێک شینە

# ئاسمان
# لە هەموو شوێنێك شینە

کۆمەڵێك دیمانەی

**کازیوە ساڵح**

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هـەموو مـافێك هـاتووەتە پـاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هـەولێر
هـەرێمی کوردستانی عێراق
هـەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspress.com
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هـاتووەتە دامەزران

کازیوە ساڵح
ئاسمان لە هـەموو شوێنێك شینە – کۆمەڵێك دیمانە
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٣٨٣
چاپی یەکەم ٢٠١٣
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هـەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٣٠٤ – ٢٠١٣
نەخشاندنی ناوەوە و ڕازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هـەڵەگری و ڕێنووسی یەکگرتوو: بەدران ئەحمەد حەبیب

ژێنك:
ژمارەی پێوانەییی ناودەوڵەتیی کتێب
ISBN: 978-91-97-9170-0-1

## بەرایی

ئەگەر بتەوێت پەلەكەزێرینە ببینت پێویستە نیگات بە ئاسماندا هەڵواسیت. ئەگەر هێزێكی ناچیزە ئاسمانی شینی پەردەپۆشی ڕەش كرد لێت، ئەوا نیشتمان بخەرە جانتای سەفەرێكەوە و بیبە بۆ بەر هەتاو و ڕووناكی ئاسمانێكی تر، چوون لە هەموو شوێنێك ئاسمان هەیە و لە هەموو شوێنێكیش ئاسمان هەر شینە. تەنها جیاوازییەك لە سایەی هەندێك ئاسماندا مرۆڤی تاریكی پەرست زۆرە، بەڵام تەنها ڕوناكی پەرستەكان پەلكە زێرینە ئەبینین، وە تەنها مرۆڤ گەشبینەكان ڕوو لە ئاسمان و پشت لە تاریكی هەنگاو ئەنێن. ئەم جوتەش هاوتەریب نین و نابن، هێز و دەسەڵات چونكە عاشقی شەمەشەمەكوێرەیە، زیاتر لە ئامێزی تاریكی پەرستەكانەوە باڵا ئەبێ و بە خراپی بە كاردەهێنرێت. تاریكی پەرست هەمیشە ترسی ئەوەی هەیە تۆ هەموو خەڵك فێر بكەیت ببن بە هاوڕێی ئەستێرە، بۆ ئەوەی هێزی ڕووناكی شوێن بە تاریكی لێژ نەكات، وەدەرئەنرێیت لە ژێر ئاسمانێكدا كە ئەسێرەكانی بوون بە هاوڕێت. بەمەشیان نیگەران مەبە چونكە مرۆڤی ڕووناكی پەرست وەكو باڵندە لە دووریی هەزاران مایلەوە جوانتر ڕاڤەی تاریكیی پێ ئەكرێت. ئەكرێت ببیت بە باڵندەیەكی برینداز، بەڵام دواجار وەكو جەلالەدینی ڕۆمی ئەفەرموێت، ″ برین ئەو پەنجەرەیەیە، كە ڕوناكی دەهێنێتە ناوتەوە″ و نیشتمانیش كاتێك جوانترە، كە تۆ بزانیت لە چ ساتێكد و لە كوێدا و بە چ میكانیزمێك پریاسكەی غەمەكانی بكەیتەوە.

خوێندنەوەی ئەم دیدارانە و بەراورد بە ساتی دەربڕینیان لە ژێر دوو ئاسمانی

دوو شوێنی جیاوازدا ئەو ڕاستییانەی لە سەرەوە ئاماژەم پێ کرد ئەسەلمێنێت. هەندێك هاوڕێی نزیك و دڵسۆز گلەییيان لێ کردم، کە نەئەبوو دەرگای زۆر فکر و کاری جدی لە دیدارەکانمدا بکەمەوە، کە دەبوو ببن بە پرۆژەی لێکۆڵینەوەی جدی لە داهاتوودا. بەڵام من ئەمەم بە مەبەست کردووە، چونك لە ئەمڕۆدا ئەژیم، گەر ئەمڕۆ ئەو کاتەم بۆ نەڕەخسا و گارەنتیی سبەیش ناکەم، با ئەوەی من ئەڵێم لە چەند دێریکدا لای کەسێکی دی ببن بە پرۆژەی جدی بە مەرجێك ئاماژە بە سەرچاوەکەی بدات. دڵتەنگم بەوەی کەسانێك هەن ″ زیاتر ڕەگەزی مێن″ وەڵامی پەسیارێکم و پەرەگرافی نووسینێکم ئەلکێنن بە یەکەوە بە ناوی خۆیانەوە بە سەقەتی بڵاو ئەکەنەوە، ئەمەیە تاریکستانی ڕاستەقینە. کۆکردنەوەی ئەم دیدارانە لە بەرگی کتێبێکدا ڕووی ڕاستەقینەی ئەم جۆرە ″ گێل″ە نووسەرە ئاسانتر هەڵئەماڵێت، هەتا ئەو کاتەی خۆم هەلم بۆ ئەرەخسێ و ڕیسی چەند ساڵەیان لێ ئەکەمەوە بە خۆری. خوازیارم هێزێك و یاسایەك لە کوردستاندا دروست ببێت بۆ پاراستنی موڵکی فکریی نووسەر و دژی ئەم جۆرە تاریکستانە بووەستن.

ئەوەی دەخوێننەوە سەرجەم دیدارەکان نین، لە قەیرانی ئەرشیفکردن و ئنتەرنێت لە دنیای کوردیدا هەر ئەوەندەم پێ کۆکرایەوە. خوازیارم لە داهاتوودا ئەو ڕۆژنامەنووسانەی دیداریان لەگەڵدا ئەنجام داوم خۆیان بە فایل بۆم ڕەوانە بکەن، بۆ ئەوەی لە دووەم چاپکردندا سەربارى ئەمانەی ئێستا بکرێن. جگە لەمەش بە هۆی نەبوونی کاتەوە بۆ پێداچوونەوە، ئەکرێت کەموکوڕیی تێ بکەوێت، داوای بەخشین لە خوێنەرانی میهرەبان ئەکەم، با وا بخوازین، کە سبەی لە ئەمڕۆ باشتر ئەبێت و بەرگی دووەم بێ کەموکوڕی و جێگەی هەموو دیدارە ونبووکانی ئێستا ئەبێت.

کازیوە ساڵح

# 1

سازدانی: سۆران عەزیز

**پ: گرینگترین ترسناکترین ئەو تەحەدییانەی رووبەرووی خێزانی کورد دەبێتەوە چین؟**

و: پێم وایە خێزانی کورد تەنیا تەحەدای کێشەی نییە، چونکە تەحەدا واتە ململانێکردن و رووبەرڕووبوونەوەی کێشەکە لە پێناوی بنبڕکردن و زاڵبوون بە سەریدا، واتە شانبازی، یاخۆ ململانیەکی پۆزەتیڤیانە لە پێناوی گەشەکردندا. بەڵام دەکرێ بڵێم کێشە ڕووبەڕووی کورد دەبێ، ئەمەش دیسان جیاوازە لەگەڵ ئەوەی کورد ڕووبەڕووی کێشە ببێتەوە. زەقترین ئەو کێشانەی ڕووبەڕووی خێزانی کورد دەبنەوە، مەسەلەی Ethic ئیتك و خود بەڕێوەبردنە، بە بڕوام ئەو فاکتە ناوەڕۆکی کێشەکانی تریشن.

کورد یەکێکە لەو میلەتانەی ئەخلاقیاتی ژیانی لاوازە، چونیەتیی خۆبەڕێوەبردنی لاوازە، دیارە فاکتەری دووەمیش زادەی لاوازیی یەکەمە. ئیتکی ژیان سەرجەم هۆشیارییە کۆمەڵایەتییەکانی لە ناواخندایە. گەر مرۆڤ بێ بەش بوو لە ئیتکی ژیان بێ بەش دەبێ لە بەها کۆمەڵایەتی و پەروەردەییەکانیش. ئیتك دایکی سەرجەم دیاردە و هۆشیاری کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و ژیانییەکانە، نەك ئەوان ئیتکیان دروست کردبێت. زۆربەی کات ئەو کۆمەڵانەی لە دیموکراسی و کۆمەڵی مەدەنی بێ بەشن لە ئیتکی ژیانیش بێ بەشن، بەڵام خۆیان بە پێچەوانەی دەبینن و وا دەزانن

کۆمەڵە دیموکراسییەکان بێ ئەتیکن.

لە نا کۆمەڵگەکاندا، کۆمەڵی بونیادنەر و کۆمەڵی ڕوخێنەر هەیە، ئتیکی مرۆیی و ئتیکی ژیان کە گرێدراوێکی سەرەکی ژیانی ڕۆژانە و بەختەوەریی خێزانە، زانستی تەکنەلۆژی Bioethic بایۆئیتیك "ئتیکی بایۆلۆجی"ی داهێنا، ئەویش هاوکاریی ئەو هاوسەرانەی کرد کە منداڵیان نابێ و دەکرێ نەبوونی منداڵ کاریگەریی لەسەر بەختەوەریان هەبێ، ئەو زانستە هاوکارییان دەکا بە دروستکردنی منداڵ لە ڕێگەی پیتاندن لە بۆری، یان منداڵدانێك بەکرێگیراودا. ئەمە ئتیکی بنیاتنەر و مرۆییە چونکە ئتیکێکە لەسەر بنەمای چارەسەرکردنی کێشەکان و نۆژەنکردنەوەی ژیان بونیدانراوە.

کۆمەڵی کورد و کۆمەڵە ڕۆژهەڵاتییەکانی دیش کۆمەڵی ڕوخێنەری بارگاوی بە ئتیکی جەنگەڵین، بۆ نموونە هەمان کێشەی باسکراو لە کوردستاندا. چارەسەرەکەی بە نۆژەنکردنەوەی ژنەکە "واتە کردنە دەرەوەی ژنەکە لە ژیانە مرۆییەی دایمەزراندوە" ڕوخانی بەشێك لە پێناو بنیاتنانی بەشێك" ، هێنانی ژنێکی دی لەسەر ریتمی ژیانی ئاژەڵ و نەك تەنیا نۆژەنکردنەوەی ژیان و خۆ ماندوونەکردن بۆ چارەسەر بگرە بیرکردنەوە لە چارەسەریش بە شەرم دەزانێ. ماف، ژیان، کەرامەت و بەها مرۆییەکانی کەسێك پێشێل دەکا و ناوی دەنێ مۆراڵ و ئیتیك، بەڵام چارەسەرە مرۆیییەکەی ناو دەنێ بێ مۆراڵی، یان حەرام و هەزاران بەیت و بالۆرەی دی. ئەمەیە نموونەی ڕوخێنەر و بێ ئتیك.

ئەم نموونەیە هەموو سەرخان و ژێرخانی کۆمەڵی ئێمەی لە سەر بنیادنراوە، لە پێوەندیی نێوان و ژن و پیاو، باوك و منداڵ، دایك و کچ هەتا دەگات بە پێوەندیی مامۆستا و خوێندکار و کۆمەڵ و حکوومەت. لە نێوان ئەو جۆرە پێوەندییانەدا، پێوەندیی خێزان و ململانێیە ئابوورییەکان و حکوومەت و ڕازیکردنی کۆمەڵ سەر هەڵدەدەن.

**پ: بە رای تۆ سەرچاوەی کێشە و قەیرانەکانی کۆمەڵایەتیی ئێمە لە کوێدایە لە خێزان یاخۆ لە سەرجەم ئەم سیستەمە پەروەردەیییە کۆمەڵایەتییەی لە سایەیدا دەژین؟**

و: خێزان یەکەم دامەزراو و دەزگای کۆمەڵە. ئەو کێشانەی ڕووبەڕووی خێزان دەبێتەوە، هەمان ئەوانەن ڕووبەڕووی کۆمەڵ دەبنەوە، چونکە خێزان یەکەم ڕێکخراوی مرۆڤایەتییە و وەك ڕێکخراوێکی سروشتی بەر لە دەوڵەت و ڕێکخراوە ئاینی و کۆمەڵایەتیەکان بوونی هەبووە، ڕێکخراوی خێزان، هەوێنی خۆڕێخستن و سیستماتیزەکردنی بەخشی بە لایەنەکانی دیی ژیان، بە تایبەت ئاین، لێرەوە ئاینی کاتۆلیکی خێزان بە کەنیسەی ناو ماڵ ناو دەبات و بەهای کەنیسەی بۆ دادەنێ.

بۆیە ڕاستوخۆ هەموو کێشەکانی ناو خێزان ڕەنگدانەوەی لە قەوارەیەکی گەورەتردا دەبینرێ کە کۆمەڵە. لێرەوە متمانە دەخەمە سەر بۆچوونەکانی فەیلەسوف و سۆسۆلۆجیست هربەرت سپنسەر کە پێی وایە "کۆمەڵ وەکو زیندەوەرێکی زیندووە" چونکە کۆمەڵیش وەکو مرۆڤ لە دایك دەبێ، گەورە دەبێ و گەشە دەکا، بەڵام گەشەکردنەکەی وەکو چۆن گەشەکردنی منداڵێك لە ژینگەیەکی دروستدا جیاوازە لە منداڵێك لە ژینگەیەکی نەگونجاودا دروست دەبێ، ئاواش ژینگەی لەبار، یاخۆ هەوڵدان بۆ بە باربوونی گرینگە بۆ گەورەبوونی کۆمەڵێکی تەندروست.

دیسان دەگەڕێمەوە سەر سپنسەر چونکە بە تیوری پێشکەوتن و گەشەکردن ناسراوە لە لایەنە کۆمەڵایەتییەکاندا ئەو سێ تیۆری دەخاتە ڕوو بۆ وێکچوونی گەشەکردنی زیندەوەر یاخود مرۆڤ و کۆمەڵ ئەوانیش، پێی وایە:

یەکەم: زیندەوەر و کۆمەڵ هەردوو لا بە قەوارە و ئاڵۆزی بنیاتی جەستەیی گەشە دەکەن.

دووەم: هەردوو لایان لە بەشێکی گەورەی بنیاندا نائۆرگانیکی گەشە دەکەن هەتا گەورە دەبن، منداڵێك گەورە دەبێ و دەبێ بە پیاو. کۆمەڵێکی بچووکیش دەبێ بە Metropolitan شار، شار بە دەوڵەت و دەوڵەتیش بە ئیمپراتۆرییەت.

سێیەم: هەردوو فاکتەر لەچوونیەکی و جوداوازیدا گەشەکردنی بنیاتنیان چوونیەکن.

بیرمان نەچێ سپنسەر بە دووەم فەیلەسوف دێ لەو بوارەدا پاش ئۆگەست کۆمت، بەڵام ڕایەکانی هەتا ڕۆژگاری ئەمڕۆ فەیلەسوفەکانی چاخی نوێ تیۆرەکانیانی لەسەری سەقامگر دەکەن. لەوانە بڕیارانی نوێ و بیری نوێگەریش لە ڕستەی جیاوازدا لە سەر جەوهەری تیۆرییەکەی سپنسەر تیۆرییان نۆژەن کردووە، لەوانە والت ڕۆستۆ پێی وایە کۆمەڵە مرۆییەکان بە قۆناغی لە دایکبوون، میتۆدی نەریتی و ئامادەیشی بۆ کرانەوە و گەشەکردن، قۆناغی گەشەکردن و پاشان کامڵبوون و بەدوایدا ئیستهلاکیدا تێ دەپەڕێ. لەوێوە دەخوازم بڵێم خێزان کۆمەڵە، کۆمەڵیش خێزان، هەردوولاشیان سیستمە کۆمەڵایەتی و پەروەردەییەکان فەراهەم دێنن، کێشە کۆمەڵایەتییەکانی ئێمەش زادەی هەر سێ فاکتەرن.

**پ: سەرەڕای چەندین قەیران و کێشە لە نێو خێزانی کوردی کەچی ئەم کێشانە نەبونەتە گوتراوی فیکریی بابەتی دیالۆگ لەسەرکردن و لێدوانی کولتووری و مشتومری سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئاشکرا لە کوردستان داخۆ ڕەگەکانی ئەم بێدەنگییە لە کوێدایە؟**

و: ڕەگەکانی ئەو بێدەنگیە لە نەبوونی ئیتیکی ژیان وەکو باسم کرد پێشتر، لە نێو ئەتیکەکانیشدا بە تایبەت نەبوونی خودهۆشیاری و هەژاریی خود بەڕێوەبردندایە. کاتێك کۆمەڵێك لە ئیتیکی ژیان تێ دەگا، دەتوانێ کێشەکانی دەستنیشان بکا، کێشەکانیشی دەستنیشان کرد، دەتوانێ چارەسەریان بۆ بدۆزێتەوە. بەڵام هۆشیاریی کۆمەڵایەتی ئێمە زۆر لەوە لاوازترە بتوانێ زۆر ئیتیکی ژیان ڕاڤە بکا یان تەنانەت بە دروستیشی بزانێ بۆ خۆی. ئەو کۆمەڵانەش وەکو کۆمەڵی کوردی ئەو جۆرە هەژارییە ملەمایان دەکا، وەکو کۆمەڵی سروشتییەکان خاوەنی دوو تیۆریی نەگۆڕ و بگۆڕ نین، بگرە تەنیا لە تیۆریی نەگۆڕدا قەتیس دەمێنن.

ئێمە باسمان لە داهێنانی بایۆئیتیك کرد وەکو هاوکاری نۆرماڵ ئتیك، ئەو زانستە تەنیا لە خۆڕا نەهاتووەتە ئاوەزی بیرمەندان و زانستخوازانەوە، بەڵکو لە میانەی کێشەکانی کۆمەڵ و هەبوونی بنکە کۆمەڵایەتییەکان و پێوەندیی نێوان

سیۆسۆلۆجیست و سایکۆلۆجیست بەو بنکانە و پێوەندیی نێوان بنکەکان حکوومەتیش کۆمەڵی زانست و پێشکەوتنی لە بەرژەوەندی مرۆڤی لێ کەوتووەتەوە، ئەگەر کەسانێك نەبن سکاڵای خۆیان دەربڕن بۆ پزیشکەکانی ئەو بنکانەی شارەزایانی بواری کۆمەڵایەتی سۆسیۆلۆجیستی لێ دانیشتووە، پرۆگرامەکانی تەلەفزیۆنی پابەند بەو لایەنانەن، سکاڵا لەوەی بۆ نموونە هەبوونی منداڵێك ژیانی هاوسەریەتییان بەختەوەر تر دەکات و ئامادەشن چارەسەرێکی دەرەکی پەسەند بکەن، بەڵام ئامادە نین دەستبەرداری پێوەندیی نێوان خۆیان بن، تا چەند پێت وایە شارەزاییان بەو زانستە دەگەن؟ هەموو سەرکەوتنەکانی جیهان پاش دۆڕان هاتووە، ئەو دۆڕاوانەی خاوەنی ئاوەزبوون توانیویانە دۆڕانی ژیان ورد بکەنەوە بە ئەزموون، بەڵام دەکرا کۆمەڵە ڕۆژهەڵاتییەکان توانای ئاوازییان پاشکەوتەی ژینگەکەیان بێ.

بۆیە دۆڕانەکانیان بەرەو ملشکاندنی بردوون. لە لایەکی دی، ئێمە قەیرانی شارەزاییی بواری کۆمەڵایەتی و دەروونیمان هەیە، ئەوانەش هەبوون خراونەتە بوارێکی پێچەوانەی پیشەکەی خۆیان. ئەو هاوکێشانەن وایان کردووە لە زۆربەی دیدارەکانمدا کە باس لە گۆڕانی کۆمەڵی کوردی دەکرێ، بڵێم یەکەم هەنگاو کارکردنە بۆ زیادبوون و چەسپاندنی هەردوو تیۆریی سۆسیۆلۆجی و سایکۆلۆجی، بەڵام لەسەر بنەمایەکی دروست و خوێندنێکی دروست.

چونکە ئێمە خاوەنی خەڵکی پسپۆڕین لە هەموو بوارەکاندا بەڵام ئاماژەیەکی زۆریان ئاوەزی ئیستهلاکین نەك بەرهەمهێنەر. لە میانەی تیوریی نەگۆڕدا جێگیربوون. زۆر جار باسم لە نیو بەتاڵ و نیوە پڕی پەرداخەکە کردووە، مرۆڤی پسپۆڕ لە بوارێکدا، هەمیشە مرۆڤی ناڕازییە چونکە وەکو مۆراڵ و ئێتیك پیشەکەی لا دەچەسپێ، ئەو مرۆڤانەن هەمیشە بەشە بەتاڵی پەرداخەکە دەبینن، نەك بەشە پڕەکەی، چونکە خۆیان بە لێپسراو دەزانن بەرانبەر پڕکردنی نیوە بەتاڵەکەدا و فاکت و هۆکارەکانی بەتاڵیەکانییان و چارەسەرەکەیان لایە، ئەو کۆمەڵانەی خاوەنی ئەو جۆرە پسپۆڕیانەن، کۆمەڵی بگۆڕن و زوو دەتوانن گۆڕانکاری لە نەگۆڕەکانیاندا بکەن. لە هاتنەوەمدا بۆ کوردستان پێچەوانەی

ئەو ڕاستییەم زیاتر لە جاران بینی، ئەوانە کە پێویست بووە ڕەخنە بگرن لەو بوارەی تێدا پسپۆڕن، ئەوان تەنانەت ئەو کەم و کوڕییانەشیان نەبینی کە هەموو هاوڵاتیان دەیانبینی و سکاڵایان بوو لێی، تەنانەت هەژارییان لە بەڕێوەبردنی خودی خۆیان و پیشەکەیاندا وای دەکرد کە بەهانەی نالۆژیکیش بەهانەی سەرلێشێوێنەر بۆ کەم و کوڕییەکانی بوارەکە بدۆزنەوە. لەو ڕێگەیەوە بوون بە بەشێك بە گەندەڵی و هۆی ئیفلیجبوونی کۆمەڵ بۆ کۆمەڵێکی نەگۆڕ. گەر کەسانی شارەزا خاوەنی هیچ ناڕەزاییەتی و ئەلتەرناتیڤێکی پێشتیازکراو نەبن چۆن ببێ بە دیالۆگ.

**پ: ئێمە دەبینین گەنجان لە نێو خێزان و پەروەردەی ئێمەدا خاوەنی زۆرترین کێشەن، بۆ ناوێرن و ناتوانن لە خۆیان و کێشە و ئارەزووەکانیان بدوێن؟**

و: کۆمەڵی کوردی کۆمەڵێکە لەسەر تیۆریی پیر داڕێژراوە، پیر وەکو عەقڵ، کردار، تێگەیشتن و مامەڵەکردن لەگەڵ جیهانی نوێ. کۆمەڵی کوردی ترسنۆکانە و شەرمنۆکانە لە وزە ئیرۆتیکی و فیزیکی و ئاوەزییەکانی گەنج دەنواڕێ. گەنجی کورد مافی خۆی لێ سەندراوەتەوە وەکو گەنج بژی و خاوەنی هیچ یادەوەری و گوتاری و تایبەتمەندیی خۆی نییە، لەوێوە خاوەنی قەوارەیەکی کاریگەریش نییە لەسەر گوتارە سیاسی و کۆمەڵایەتی و مرۆیییەکان.

سەرباری ئەوانەش هەژاریی ئیتیکی ژیان کە لە کۆمەڵێکدا هەبوو، هەموو چین و توێژەکان لە هەژاریدا دەژین و جیاوازییان تەنیا ئاستی هۆشیارییان دروستی دەکا، بەڵام لە کۆمەڵی نەگۆڕیشدا ئاستە هۆشیارییەکان لاوازە، چونکە ڕادەی هۆشیاریبوونەکەی ئەوەندە لەدوایە پێڕا ناگات هیچ بخاتە سەر بناغەی گۆڕان. گەنج خۆشی لەو دۆخەدا دەژی، تەنانەت ئەوانەشیان کە تا ڕادەیەك هۆشیارن بەرانبەر مافە جیاوازەکانی کۆمەڵ چونکە لە ژینگە پیرەدا گەورە بووە، دەچێتە سەر شەقامەکان بۆ مافە سیاسییەکان و دەسەڵاتی تۆلیتاریش بەر دەستڕێژی گوللەی دەدات، ئەوەی پێی هەستاوە ئەرکی گەنجە بۆ گۆڕان و

کاریگەری دروستکردن لەسەر بڕیارە سیاسییەکان، بەڵام پێویستی بەوەیە بچێتە سەر شەقامەکان بۆمافی گەنجانەش.

پێشتر زۆرم لەسەر گەنج گووتووە، دەتوانم ئەوەشی بۆ سەربار بکەم. ئەوەی تووشی سەرسورمانی کردم، سلێمانی بووە بە چێشتخانەیەکی گەورە، دەیان چێشتخانە و هوتێلی پێنج ئەستێرە کراونەتەوە، مرۆڤ لە خۆی دەپرسێ ئەو هەموو پارەیە لە کوێوە و چۆن هاتە ئەو شارە، ئەو هەموو دەوڵەمەندە چۆن دروست بوون. بەڵام کە دەچێتە چێشتخانەکە بە هۆی زۆری ژمارەیان لە شارەکەدا ٣-٤ کەس زیاتر لەوێ نابینی نان بخۆن، دەزانی لە هەفتەیەکدا پارەی یەکێك لە ئیشکەرەکانی ئەوێ پەیدا ناکەن، ئەوجا نەك تەنیا منی کورد کە ئاگام لە بارودۆخەکانە، بگرە بیانییەکیش یەکەم شت تێ دەگا کە ئەو پارە بە ماندووبوون نەهاتووە، بۆیە ماندووش نەبوون لەگەڵ پلانە ئابوورییەکەیدا. دووەم تێ دەگا کە ئیتیك ژیان و عەقڵی خودبەڕێوەبردن و پلانی ئابووری چەند لاوازە لەو وڵاتەدا، چەند مرۆڤگەلێکی لاواز ئابلۆقەی شارێکیان داوە، ئامادەیە ئاسمانەکانیش بکا بە چێشتخانە و هوتێلی زەبەلاح، بەڵام ئامادە نییە قاوەخانەیەکی تێدا بکاتەوە بۆ لاوان، بۆ خەڵکی نەدار کە پارەی پێنج ئەستێرەی نییە، یانەیەکی لاوانی تێدا بکاتەوە کە یانەکانیان بووە بە شەقامە باریکەکەی ئەزمەڕ و بە سەدان لاو و گەنجی ئەو وڵاتە هەر ئێوارە هات ڕوو دەکاتە ئەو شەقامە داگیرکراوە بە پاسەوانە حزبییەکان، لەسەر ئوتۆمبیلەکانیان دەخۆنەوە و تلیاك دەکێشن و دەیان ئاکاری نابەجێی دی. ئەوەی لەبەردەمی ئەو پاسەوانانەدا دەکرا، لە وڵاتی دنیادا ئەو پاسەوانە لێی بەرپرسیارن بیانپارێزن لێی. گەنجی کورد لە هەندێ ڕووەوە لۆمە ناکرێ، بەڵام لۆمە دەکرێ بۆ هەمان مافی خۆشی ناچێتە سەرشەقامەکان، لانی کەم داوای کردنەوەی چەند یانەی گەنجان، کۆفی شۆپ، بنکەی هۆشیارکردنەوەی گەنجان، بنکەی نەخۆشییە جیاوازەکانی گەنجانی تێدا بکرێتەوە، هەبوونی ئەو بنکانە، دەرچووانی بەشی کۆمەڵایەتیش لە بێکاری دوور لە پسپۆڕی دەپارێزێ. هەروەها کێشەی گەنج لە سیاسەت جیا دەکاتەوە، چونکە کێشەی گەنج تەنیا کێشەیەکی سیاسی نییە،

بەڵكو كێشەی شوناس و گوتار تایبەتمەندییە.

**پ: تێبینیی ئەوە دەكرێ لە بەشێكی خێزانی ڕۆژهەلاتی لە ناویشیاندا خێزانی كوردی نەگونجان و ناكۆكی هەیە لە نێوان باوك و كوڕدا هەندێ جار ئەم ململانەیە بەشێوەی رووكار جیا جیا دەردەكەوێ ئایا ئەمە سیماكانی ململانێی نێوان نەوەكانە یان ئەمەش یەكێكی دیكەیە لە قەیرانەكانی خێزانی ڕۆژهەلاتی و كوردیش؟**

و: لە خێزانی كوردیدا تەنیا ملاملانەی نێوان باوك و كوڕ نییە، ملاملانەی نێوان دایك و كچیشی تێدایە، بەلام بەشی دووەمیان بە داپۆشراوی دەمێنێتەوە، هەندێك لە هۆكارەكانی ملاملانەی نێوان نەوەكانە، بەلام ئەو ملاملانانە لە میللەتێكەوە بۆ یەكێكی دی دەگۆڕێ. دەكرێ ململانەی باوك و كوڕێكی ڕۆئاوایی تەنیا لە جیاوازی خواست و ئارەزووەكاندا دەركەوێ، بەلام ئەوەی ڕۆژهەلاتی بە هۆی لایەنە كۆمەلایەتی و دەروونییەكانەوە، دەكرێ لایەنی ئیرۆتیكشیش واتە ئیرەییی ئیرۆتیكی و دەسەلاتخوازیشی تێ دەكەوێ.

خێزانی كوردی و كۆمەڵگای كوردی بە گشتی كۆمەڵی دوالیزمە، لە رووكەش وابەستە كۆمەلایەتی و خێزانییەكانی لە ئاستێكی توند و تۆڵدایە، لە ناوەڕۆكیشدا بێ متمانە و هەڵوەشاوە و بارگاوی بە ترادیسونە كۆمەلایەتییە میللییەكان لەسەر بنەمای كۆنترۆڵ و سزا دامەزراوە ئەو دووانەیەش ترس دروست دەكا، كە ترسیش هەبووە پێوەندییەكان لەسەر بنەمای ترس و ڕازیكردنی كەسی بەرانبەر دامەزراوە نەك خۆشەویستی و ڕێز. هەردوو لایەن كۆمەڵ و خێزان بە دەردی دوو دەسەلاتی كۆڵۆنیالیزمیی جیاواز دەتلێنەوە، خێزان دەسەلاتی پاتریاركی و كۆمەڵیش دەسەلاتی تۆتالیتاری، هەردوو كاریان لە سەر سەنترالیزمكردنی پیاو كردووە، ئەو پنتەش لە ڕۆژهەلاتدا زۆر بە سانایی شەرعییەتی وەرگرتووە، ئەو شەرعییەتەی باوك لە خێزاندا باوك خوداوەندی بێ و خۆی بە دروستكاری سەرجەم خێزانەكە بزانێ و هەژاری ئیتیكی مەرجەعییەتی دەستنیشانكردنی ئارەزوو و خواست و تواناكانی هەر تاكێكی خێزانەكەی دەستنیشان بكا، تەنانەت لەو بوارەشدا كە خودی خۆمان

ناتوانین دەستنیشانی بکەین ئەویش توانا سروشتییەکانمانە لە بوارێکدا لە نێو خێزانی کورددا لە لایەن باوکەوە دەستنیشان دەکرێ، سەدان خوێندەواری بێ بەهرە لە کوردستاندا هەیە، چونکە بە خواستی باوکیان خوێندنیان هەڵبژاردووە نەك خۆیان، ئەمە جگە لە کێشە کۆمەڵایەتییەکانی دی.

هەر ئەو دەسەڵاتە کۆلۆتیالیزیانەش جووڵەی گۆڕانی لە کۆمەڵدا سست کردووە و کۆمەڵی لە میتۆدی نەگۆڕدا هێشتووەتەوە، چونکە هەردوو لایان لە سەر سەنترالیزمکردنی بێ ناوەڕۆکی فانی ڕەگەزی نێر داڕێژراوە، بۆیە دەبینین باوك منەتی ژیان بوون بەسەر ڕۆڵەکەی خۆی دەکات و داوای دەکا بۆ هەمیشە و لە هەموو ڕاست و هەڵەیەکدا ملکەچی بێت، دروست وەکو ئەوەی خودا داوای دەکا لە ئیماندار، دەسەڵاتیش چونکە پەروەردەی باوکە سەلەفییەکانە، لەو قۆناغەشدا نەیتوانیوە لە گرێی باوکخواوەندی بێتە دەرێ و منەت بەسەر کۆمەڵدا دەکات کە بوونیان هەیە. ئەمە کێشەی دەروونیی گەورەن خۆیان لە کۆنسێپتەکانی بەرزە من و دارشتنەوەی کەسیەتیی تاك لە ژێر کاریگەری باوکخواوەندی، منی باڵا و کەسیەتیی ماسکداردا لە زانستی دەروونیدا دەبینێتەوە کە لە دیدارێکدا بواری گوتنی نییە. بەڵام باوك نایەوێ ئەو سەنتەرە بەر بدات و دەسەڵاتی پیاوسالارانەی لێ بسەندرێتەوە، بۆیە شەرعیەت بۆ هەموو ململانێیەکانی لەگەڵ نەوەی دووەم دەدۆزێتەوە. کۆمەڵیش لەسەر شێوازێکی مەدەنی دانەرێژراوە کە مافی منداڵ و گەنج دیاری بکا بەرانبەر دایك و باوك، حکوومەت نەیتوانیوە ببێ بە باوکی تاکەکان و لە توندوتیژییە جیاوازەکانیان بپارێزێ.

**پ: ئایا هەر بەزەرورەت پێویستمان بە دەسەڵاتی نێر هەیە؟ پێت وایە ئەگەر پایەکانی ئەم دەسەڵاتە بڕوخێ فەوزای کۆمەڵایەتی دروست دەبێت ئایا ئەرلتەرناتیف چییە؟**

و: لە ئێستا سەنترالیزم بوونی نێر سەنترالی کێشە مرۆیییەکانی بە لای نەرێدا خزاندووە، ئەوەش تەنیا فەوزای دروست نەکردووە، بگرە جەنگێکی دەروونیی گەورەشی لە نەستی تاکەکاندا دروست کردووە، شەڕێکی ئیعلان

نـەکراو لـەسەر شونـاس، شونـاسی هـەیـە، بـاوکـە سەلـەفییـەکـانـیش خـواستـی سەپـاندنی شونـاسی خۆیـان هـەیە بەسەر ڕۆڵەکانیـاندا.

هـەندێ لە کتێبە ئـاسمـانییەکان دەڵێن خودا مرۆڤی لە شێوەی خۆی دروست کردووە، بـاوکی کوردیش دەیەوێ منداڵەکەی لە شێوەی خۆی دروست بکا، ئـــەمـــەش فـــەوزای پـــەسـەنـدکـردن و ڕەتـکـردنـــەوەی دروست کـــردووە لـــەسەر بنەمـایەکی نـازانستییـانە، ئەو بنەمـایـانەی دەیـان دەردی دەروونیی هەست پێ نەکراوی دروست کردووە، کە دەڵێم هەست پێ نەکراو، تەنیا لە کورددا هەست پـێ نـەکـراوە، چـونـکـە نـەخـۆشیـیـەکـە بـووە بـە نـەخـۆشیـیـەکـی گشتـی، بـەڵام ساغـتـرینـیـان ببـەیـتـە کۆمـەڵێکی مـەدەنـی کـە پێوەندییـەکـانـی لـەسەر پـنـتـی هـیـومـانـیـزم دامـەزراوە دەزانـێ ئـەو سـاغـەی ئێمـە نـەخـۆشە. ملـکـەچـبوون بۆ دەسەڵاتی بـاوك، ئەوەندە بێ متمـانـەیی بە گەنج بەخشیوە کە ملکەچە بۆ هەموو جۆرە بـاوکـە سەلـەفییەکـانی دی، ملکەچییەکانیشی بە ئەرك دەزانێ. بۆیە نەك فـــەوزا دروست دەبـــێ، بـــۆ ئـــەوەی لـــە فـــەوزاکـــان ڕزگـــارمـــان بـــبـــێ پـێویستـە سەنترالیزمکردنی نێر بگۆڕێ بە سەنترالیزمکردنی هیومەنیزم، بە زەروورەت پێویستمان بە دەسەڵاتی هومەنیزم هەیە نەك نێر و مێ.

**پ: کۆمەڵگەی کوردی لـە بەرانبەر مافەکانی ئافرەت چەندان ڕێگری گەورەی هەیە ڕێگری کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ئەخلاقی کە دۆخی ئافرەتی کوردی زەحمەتتر کردووە، چۆن دەتوانین ئەم دۆخە تێ پەڕێنین بۆ دۆخێکی ئـاسایی و یەکسان ئایا لە کوێوە دەست پێ بکەین؟**

و: بـارودۆخی ئـافرەتان بەراورد بەو هەموو وتنە، بەهـای وتنیشی دۆڕاند. زانـای نەرویجی هنریك ئەبسن یەکێك بوو لە هەڵگرانی مۆراڵی مۆدرێن ١٢٩ ساڵ بەر لە ئێستا و لە ساڵی ١٨٧٩ ″ماڵی بووکە شوشەی″ نووسی، مەبەستی بوو بڵێ ژنی ئەوروپی لەو سەردەمەدا بووکەشوشەی پیاو بوو، وە هێندەی ساویلکەیی و عەقڵ ساکاریی منداڵ بە بەها بووە لایان. ئەو بەرهەمە دەیەوێ بڵێ ژن هەتا تەوقی مێ بوون بە مرۆڤیبوون دانەماڵێ بە مرۆڤ سەیری نـاکرێ.

هەر ئەبسن دەڵێ: ″با هەریەکەمان کەسیەتی خۆمان هەبێ و سەیری گێتی بە شێوەیەك بکەین وەکو ئەوەی تەوەری سەرەکی بین تێیدا، هیچ باوەڕ و کەسێك ڕابەر نییە تێیدا، ئەو نەبێ لە میانەی بیری سەربەخۆوە بەرژەوەندی خۆت و کۆمەڵی تێدا بوو″. مرۆڤی ئێمە گەر توانی تەنیا ٢٩ ساڵەکەی ببڕێ نەك ١٠٠ ساڵەکە، ژنان لە هاوکێشەی یەکەم تێ بگا و پیاوانیش لە بەشی دووەمی بۆچوونەکەی ئەبسن دەبێ بە کلیلی تێپەڕاندنی ئەو دۆخە.

**پ: ئیسلامی سیاسی لەبری دسپلین و کۆنترۆڵکردنی ژیان و جەستەی ئافرەتی بە ئەندازەیەکی زۆرتر بەرز کردووتەوە ئەی بۆ ئەمەیان دەڵێی چی؟**

و: بە بڕوام یەکەم: پێم وا نییە سیاسی بوونی ئیسلام زۆر دروست بێ، چونکە سیاسەت ئەگەر لە پێناوی مانەوەی خۆشیدا بێ هەندێ کرانەوەی دبلۆماتییەتی هەیە بە ڕووی جیهاندا، سیاسەتی نەگۆڕیش نییە، هەموو سیاسەتە سەرکەوتووەکانی جیهان لە نوژەنبوونەوە و کرانەوەی زیاتردان بۆ بردنەوەی متمانە، بەڵام ئیسلام لە سەرەتاوە تا ئەمڕۆ تەژی بووە لە داخران و خوێنڕشتن و توندوتیژی و تەنیا ئاینێکە لێکدانەوە و ڕاڤەکردن و نوژەنبوونەوەی خۆی مەحاڵ دەکا. ئیسلامییەکانیش سیاسی نین، چونکە تەنیا هەڵگری ئایۆلۆجیای ئیسلامین بە عەقڵی میللیگەری. ئیسلام هەزاران ساڵ مێژوویێکی بێ بەها نەبوو لە نێو وڵاتانی جیهاندا، هەتا هەوڵی بە سیاسیکردنی درا، بە سیاساندنی بووە بە بێ بەهاترین ئاین لە ڕۆژئاوا و لای ئاینەکانی دی، تا ئاستێك زۆر کەسی موسوڵمان ئاینی ڕاستەقینەی خۆیان ئاشکرا ناکەن، کەواتە ئیسلام ئاینێکە سیاسی بوونی مەحاڵە. ئەمە یەکێکە لەو خاڵانەی کە ئیسلامگەرەکان ناتوانن سیاسەت بە ئیسلامەوە بکەن، بەڵام توانیویانە بازرگانیی پێوە بکەن، ژنیش وەکو بوونەوەرێك بازاڕ گەرم بووە لەو بازرگانییەدا.

دووەم: زۆر لەگەڵ ئەو بۆچوونەی هەندێ لە فەیلەسوفەکاندام کە پێیان وایە ئاین زادەی عەقڵی مرۆڤەکان خۆیانن. ئەمەش لە زۆر ڕووەوە دروستە، یەك لە ئایندا مرۆڤ بۆ نەمری دەگەڕێ، نەمریش ڕاستەوخۆ وابەستەی خۆپەرستییە. ئەو خۆپەرستییە لە هەڵگرانی توندڕەوی ئاینی ئیسلامدا لە سەرەتاوە تا ئەمڕۆ

بە دوو شێوە دەرکەوتووە، یەکێکیان بازرگانیکردن، بەکارهێنانی توندوتیژی و هێز بۆ وەدەستهێنانی زۆرترین بەش. ئەوی دییان خۆپەرستی و خۆ بەهەندزانی، دیسان بەکارهێنانی توندوتیژی بۆ سڕینەوە و نەمانی ئەوی بەرانبەر، ئەوی بێ هێز، ئەوی نەیار و ئەوی ملکەچ نەبووە. لەم ڕوانگەیەوە، ئیسلام لەگەڵ ئەوەی بە هەموو مرۆڤەکان دەڵێ کۆیلەی خوان، بەڵام ڕابەرانی ئاینی ئیسلام هەر یەك بە دەیان کۆیلەیان هەبووە، ئەوەش بەشێك بوو لە کولتووری عەرەب نەك تەنیا ئیسلام، ئەو کولتوورە بە لاوازبوونی سیستەم و سەدەی کۆیلەکردن، کۆیلەیەکی دی بۆ هەمیشە جێگیر بوو لە بری، ئەویش ژن بوو. ئەوان هەتا ئەمڕۆش لەو هەستەی خۆپەرستی، منی باڵا و ئەوی نەوێدا زۆر لە ئیسلامدا باوی هەیە، ئیتر چ بەرانبەر ئاینەکانی دی بێ یان ڕەگەزی بەرانبەر، ئەمەش بەشێکی دی لە هۆکاری کۆنترۆڵ و سزایە لایان.

سێیەم: ئاستی توانا و خواستی سێکسە لای عەرەب و ڕۆژهەڵاتی بە گشتی، ئەمە لە لێکۆڵینەوەیەکمدا بە درێژی باسم کردووە، هێشتا بڵاو نەبووەتەوە، بۆیە نامەوێ لە نموونەیەك زیاتر دەربڕم. ماوەیەك بەر لە ئێستا ئامارێکم خوێندەوە لە نێوان مرۆڤی ئەمەریکی و کەنەدی و ئەورووپیدا کرابوو، لەو ئامارەدا دەرکەوتبوو، کە مرۆڤی کەنەدی لە هەردوو لایەنی دی کەمتر ئارەزووی سێکسییان هەیە، وەرزش دەکەوێتە خانەی یەکەمی ئارەزووەکانیان، خۆیان بە وەرزشەوە سەرقاڵ کردووە هەتا سێکس، ژیانی گشتیی کەنەدیش ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێ. بەڵام ئەمە ئەگەر ڕۆژهەڵاتی بخرایەتە ناو ئامارەکە، یەکەم خواست و دوامین خواست لایان سێکس دەبوو "زۆر ڕاستی هەیە ئەو بۆچوونە بسەلمێنێ". ئەو خواستە بەهێزەیە وادەکا پێویستی بە کۆیلەکردن و کۆنترۆڵ و سزا هەبێ بۆ ئەو لایەنەی سێکسی لێ وەردەگرێ، چونکە بەرزی ئاستی خواستی یەکەم ئاژەڵی سروشتی نییە، بۆیە دابینکردنیشی سروشتی نییە، تەژیی دەکا بە ملکەچی، ئۆبجێکتیڤ، کوشتن و لاقەکردن، پێویستی بە بەهانەشە بۆ ئەو ئاکارە ناسروشتییە، ئاینیش لە هەموو پنتێك لاستیکییە بۆجێبوونەوەی وەهمەکانی مرۆڤ.

**پ: چۆن دەڕوانیتە چەمکی ئەخلاق؟**

و: ئەخلاق لای من خۆناسسینە، خۆناسین پێداویستییە مرۆییەکانمان پێ دەناسینێ، پێداویستییەکانیش بۆ هەست و ئاکاری مرۆیمان دەبات و دەمانکات بە هەڵگری گوتاری مرۆیی. سوکراتی داهێنەری فەلسەفە زۆری لەبارەی شوناس و مۆراڵەوە گوتووە و پێی وایە تەونچنی جیهان و سروشتی فیزیاییی شتەکان نەزانراوە و ئێمەش جگە لە خۆمان کەسی دیمان پێ ناناسرێ، بە وتەی "خۆت بناسە"ش گوزارشتی لەو بۆچوونە گەورەیە کردووە، کە دیارە زانینیش لای سوکرات فکرە، هەر خۆشی پێناسەی مۆراڵی بە "جەسارەت و دادوەری" خستووەتە ڕوو. لە پێناسە زۆر و زەوەندەکانی فەلسەفە بۆ ئەخلاق دەرچین، بە بڕوام وایە، ڕەوشت یاخۆ مۆراڵ واتە دەستنیشانکردنی پێویستییەکانی مرۆڤ و پاشان هەوڵدانی دەستەبەرکردنیان بە شێوەیەکی دادوەرانە و دروست، کە گرێبەندی کۆمەڵایەتی پتەو بکا و مرۆڤی خاوەن گوتار بەرهەم بهێنێ، لەو ڕوانگەی گوتار سەرجەم کەسایەتیی تاك دەخاتە تەرازووەوە و هەبوونی گوتاریش واتای زانینی پێداویستییەکان دەکا، ئەو مرۆڤانە خاوەنی گووتار نین بێ ئاگاشن لە پۆلێنکردنی پێداویستییەکانیان لە فۆرمی مۆراڵیدا.

پێناسی مۆراڵی ڕاستەقینەش ئەو کردە مۆراڵییانەی کە مرۆڤ لە ترسی شتێکی لە سەروو خۆی وەکو یاسا، ترسان لە ڕۆژی قیامەت، پشکنینی دی ئێن ئەی، پۆلیس و... تد پەسەند ناکات و ئەوانە ڕۆبۆرتە مرۆڤن کە تەنیا بە فەرمان کاردەکەن نەك بە مۆراڵ.

**پ: ئایا ئەخلاق بەهای خۆی لە کوێوە وەردەگرێ ئەخلاق وەك دەرهاویشتەیەکی کۆمەڵایەتی بەهای جێگیرە یان بەشێوەی بەرەو پێشچوونی کۆمەڵگە بەهاکانی گۆڕانی بەسەردا دێ؟**

و: لە ڕووی فەلسەفییەوە لە کۆندا زیاتر لە بەها کۆمەڵایەتییەکاندا دەیانبینیەوە و خۆی لە کۆنسێپتەکانی خێر و شەڕ و چاکە و خراپە و جوانی ناشیرین و ئەو چەمکە سروشتییانەدا دەبینییەوە کە بوارێکی باشی هەست

پێکردن داگیر دەکا، نەك دیتن و لێدان، بیریارانی ئەمڕۆ تیوری مۆراڵ دابەش دەکەن بە سەر سێ بابەتدا ئەوانیش، metaethic میتا. مۆراڵ (سەروو ڕەوشت)، Normative Ethics مۆراڵی نەریتی و مۆراڵی پراکتیکییە. Ensyclopedia of Pholosphy ڕوانینێکی تیژپەڕ سەبارەت بە تیۆریی یەکەم ڕوو دەخەم کە ڕاڤەی ڕێباز و باوەڕمان لە کوێیەوە هاتووە و واتای چییە، ئایە تەنیا دۆزینەوەیەکی کۆمەڵایەتییە؟ بۆ گەیشتن بە وەڵام هەردوو چەمکی فیزۆلۆجی و سایکۆلۆجی دەخاتە ژێر زەرەبینی ووردبینی، یەکەمیان مەبەست لێکۆڵینەوەیە لەو جۆرە شتانەی بوونیان هەیە لە گێتیدا و فیزیکین وەکو بەرد، دیارە مەبەست لە چوونیەکیەتی لە سروشتدا، هەروەها هەندێکی دی کە فیزیکی نین وەکو فکر و ڕۆح. لە ڕووی سایکۆلۆجیشەوە جەخت دەکاتە سەر چەمکەکانی: یەکەم: خۆپەرستی و خۆبەخشی، تۆماس هۆبز یەکێك بوو لەو فەیلەسوفانەی پێی وابوو هەموو کردەیەکی مرۆڤ ئاخنراوە بە خۆپەرستی تەنانەت ئەوانەشی کە خۆبەخشینیشان دەدەن وەکو پێشکەشکردنی پارە و چالاکی لە بنکە خێرخوازییەکاندا، دووەم: سۆز و هۆکار، وەکو ئەوەی کەسێك دێ گوتار دەدا بۆئەوەی پاڵ بە خەڵکەوە بنێ پارە ببەخشن بە پرۆژەیەك یان بنکەیەکی خێرخوازی.

من لە ئاینیشدا هەروای دەبینم، پێم وایە ئەوەی خراپە ناکات لە ترسی خوا، یان لە پێناوی بەدیهێنانی بەختەوەری ئەوەشیان کرداری دەرەوەی مۆراڵن، مۆراڵ پێویستە سیفەتێکی بێ مەرج بێ، مرۆڤ کردارە ناڕەواکان لە خۆیدا بنبڕ بکات لەبەرئەوەی لە دەرەوەی مۆراڵی مرۆڤایەتین نەك لەبەرئەوەی لە بەرژەوەندێکی ئەو نین. لە درکاندنی ئەم چەند دێرەدا وتەیەکی مۆنتیسکۆم بیر دێتەوە دەڵێ: "بەرلەوەی مرۆڤ یاسا دابڕێژێ، پێوەندێکی دادوەرانە لە نێوان بوونەوەرەکان هەبوو، پاشان ئەو پێوەندییە بوو بە هۆی داڕشتنی یاسا" ئەو پێوەندییە بەر لە هۆشیاریی مرۆڤ جینەتیکییە، لە سروشتی مرۆڤدا هەیە، ئەگەر ئەو پێوەندییە بە دادوەری ناوی دەبات، دادوەریش بەشێکە لە ئەخلاق، ئەخلاقێکی خۆڕسك نەك سەپێنراو. هەموو ئەو سیفەتانەی لە مرۆڤدا بە ئەخلاق

ناوی دێ، ئەو کاتە شەرعیەتی ئەخلاقی لە دەست دەدا کە ترسێکی سەپێنراو جێبەجێی دەکات.

**پ: وەك چۆن کۆمەڵگەی تەقلیدی هەیە یان کۆمەڵگەی مۆدێرن هەیە ئاواش ئەخلاقی تەقلیدی و مۆدێرن هەیە؟**

و: بەڵێ هەردوو جۆر بوونیان هەیە، لە هەندێ لە نووسینەکانمدا بە ئەخلاقی میللی و ئەخلاقی مۆدرەن ناویم هێناوە. هەردوو جۆریش بە درێژاییی مێژوو وەکو داهێنەرانی دنیاشدا، ئەوانەی هەڵگری ئەخلاقی مۆدێرنن داهێنانی گەورەیان هێنایە ناو ژیانی مرۆڤایەتییەوە لەوانە "کارل مارکس، گۆتە، ئەپسن، ئەنیشتاین، گان دی، جیمس وات و داروین و ...هتد. قەرەبووی گەورەشیان دا بەرانبەر هەڵگرانی ئەخلاقی میللی.

لە دوو وەڵامی پێشومدا زۆر لە جیاوازییەکانی ئەخلاقی میللی و ئەخلاقی مۆدێرن دەردەکەوێ، ئەوەشی بۆ سەربار دەکەم، بە بوونی هەردوو چەمکی ریالیستیکی و ئایدیاڵ لە نێو هەموو کایە ئەخلاقییەکانی مرۆڤدا، واتە ئەخلاق، پرەنسپ و بەهای تەقلیدی و مۆدێرنیش بوونی هەیە. زۆر جار ڕەوشتی ڕیالیستیکی لە وشەکە نزیك دەکەنەوە، لە وێوە لە لۆژیکی و دروستی نزیك دەکەنەوە و ئایدیاڵیش لە خەیاڵ، بەڵام لە ڕاستیدا لە ئەخلاقی میللی و ئەخلاقی مۆڕێنەوە نزیکن نەك ئەو بۆچوونە میللییانە. بە ڕامانیشمان لە کۆمەڵی ڕۆژئاوایی و کۆمەڵی ڕۆژهەڵاتی بۆ من دەردەکەوێ ئەوەی ڕۆژهەڵاتی بە ئایدیالی باسی کردووە، لە ژیانی ڕۆژئاواییدا لۆجیکە، ئەوەشی ڕۆژهەڵاتی بە لۆجیکی دەزانێ، دواکەوتن، تەقلید و عەقڵ و ڕەوشتی شەقامە. بڕوام وایە پێچەوانەکەشی ڕاستە، واتە ئەخلاقی مۆدێرن لۆجیکییە بۆ ژیان و ئەخلاقی تەقلیدیش وەهمی. ئەخلاقی میللی هەموو گۆڕانکاری و داهێنانێك تەنیا لە توانای خواوەندا دەزانێ، پێی وایە گەر خواوەند ئارەزووی هەبێ ئەویش دەکا بە چاکەکەر، داهێنەر و پێشکەوتوو، ئەوە ئارەزووی خواوەندیش مرۆڤ دەکا بە پێچەوانەکەی، لێرەوە شەرعییەت بە کوشتنی هەموو هەوڵێکی ئەخلاقی بۆ خودهۆشیاری ئاشکرا دەکا، بۆ هەر نکوولێکیش لەوانەدا کە تەنیا لە

تەنگانەکانیدا هەستی پێ دەکا خواوەند دەداتە بەر خەنجەری جنێو، ئەخلاقی مۆدرێنیش پێی وایە هیچ توانایەك لە دەرەوەی تواناکانی مرۆڤ نییە، لەگەڵ خودای خۆشی کۆکە، چونکە پێگەیاندنی خۆی بە ئەرکی خۆی دەزانێ نەك یەزدانی، نەك فیریادڕەس، ئەخلاقی تەقلیدی گوتی دروستکردنی مرۆڤ دەستکاریکردنی کاری خودایە و گوناهە، ئەخلاقی مۆدێرینیش کەوتە شانبازی لەگەڵ ئەو پەرچووە و لە ڕێگەی زانست و تەکنەلۆژیاوە مرۆڤی دروست کرد. کەواتە کێشە ئەخلاقییەکان وابەستەی بیرقووڵی و بیرتەسکیی مرۆڤن، کە دواجار هەردوو فاکتەر پێوەندیی بە خودهۆشیارییەوە هەیە، بۆ نموونە ئەو ژنەی کە منداڵدانی بە کرێ دەدا بۆ ئەوەی سپێرمی پیاوێکی لە ڕێگەی تەکنەلۆجیاوە تێدا بپیتێنن لای ئەخلاقی میللی بێ ئەخلاقی و حەرامە، لای ئەخلاقی مۆدێرنیش بالاترین مرۆڤایەتییە، چوونیەك: بەرهەمهێنەرە و دەبێ بە هۆی بەرهەمهێنان و ژیان بەخشین بە مرۆڤێك. دوو: دەبێ بە هۆی بەخشینی بەختەوەری هەستی دایکایەتی و باوکایەتی بە دوو مرۆڤی دی کە لە بەختەوەری بێبەش بووبوون. سێ: لە ڕێگەیەکی مرۆڤانە و چاکەخوازییەوە پێداویستی مادی خوی بەدی دەهێنێ «چونکە سێکس فرۆشی لە هەموو کولتوورەکانی گێتیدا بێ ڕەوشتییە» نەك بەرهەمهێنان.

**پ: ئایا ئەخلاقی کۆمەڵگەی کوردی لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە لە کولتووری کۆمەڵگە خۆیەوە یان لە ئاینی ئیسلامەوە یان لە کولتووری ڕۆژئاواوە؟**

و: هەموو کولتوورەکان لە ئاستێکی بەرز بەهرەمەندبوون لە ئاین، زۆر جار وەکو سەبووری بێ کولتووری بە هەندێ دیاردە دەڵێین ئەوە کولتووری کوردی نییە، بەڵام لە ڕاستیدا ڕوون نییە کولتووری کوردی چییە، تا ئێستا هیچ ساغکردنەوەیەکی کولتووری لە کەسە پێوەندیدارەکانەوە ڕووناکیی نەبینیوە. ئێمە ئاینمان نییە، بەڵکو ئاینیەکی دیمان بەسەردا سەپاوە و زۆر بە توندیش ئەو ئاینە سەپاوەمان پراکتیك کردووە، کەواتە کولتووریشمان نییە، کولتووری ئێمە تێکەڵەیەکە لە کولتووری عەرەب و تورك و فارس.

بەو پێیە کولتوور ئیسلامە و ئیسلامیش کولتوورە، چونکە ئاینییەکە پەلی کوتاوەتە ناو هەموو فاکتەرە گەورە و بچووکەکانی کۆمەڵ، پاشا یاسا پنتێکی گرینگە بۆ پاراستنی کولتوور لە ئاین، بەڵام یاساکانی کوردستان هەمووی لە ئاینەوە سەرچاوەیان گرتووە، کە یاسا بوو بە ئاین، کولتووریش دەبێ بەو ڕێبازە ئاینییە.

لە ڕووی ئەوەیە گوایە ئەخلاقێکێکی مۆدرێنە یان میللی، بێگومان کورد و زۆربەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەڵگری ئەخلاقی لە خوار میللی یان تەقلیدیشەوەن، هەڵگری ئەخلاقی فیوداڵین، لە ڕۆژئاواش دەکرێ تەنیا سوودیان لە یەکێك لە ناپەسەندییەکانی نیچە وەرگرتبێ کە دەڵێ: ″بێ باوەڕەکان و مەسیحییەکان و مانگا و ژن و ئینگلیز و دیموکراسییەکان هەموویان یەك ڕەچەڵەکیان هەیە″.

# 2

سازدانی: حەمە کاکەڕەش

*ئەم گفتوگۆیە یەکێکە لە گفتوگۆیەکانی کتێبی (بێدەنگی و کۆکوژی.) کتێبی بێدەنگی و کۆکوژی کۆمەڵێك گفتوگۆیە لەگەڵ چەند نووسەر و ڕۆشنبیرێکدا بۆ قسەکردن دەربارەی کارەساتی ئەنفال.*

**پ: ئەگەر بهاتایە ئەنفال لە وڵاتێکی ئیسلامیدا ڕووی نەدایە و هەروەها مانایەکی ئیسلامیشی پێ نەدرایە، پێتان وابوو ئەنفال بتوانرایە نوقمی بێدەنگییەکی وابکرێ هەم لە لایەن وڵاتانی دراوسێوە تا دەگاتە هەموو وڵاتە ئیسلامییەکانی دنیا، ئەوسا وڵاتانی ئەوروپاش.**

و: ئەگەر ئەو تاوانە گەورەی بەعس لە ئەنفالدا بەرانبەر کورد ئەنجامی دا بە تاوانی میکافیلیەت و کەسیەتیی سەدامیش بە میکافلیەزمی ناوزەد بکەین، ئەو کەسیەتییەی لە سەردەمی شکسپیردا بۆ تاوانباران هاتە نێو چەمکە فیکرییەکانەوە و دواتر شکسپیر لە "ماکبێت"دا بەرجەستەی کرد، ئەوا هەموو دەقە ئەدەبی و فیکرییەکان بۆمان دەردەخەن کە میکاڤیلییەت، سادییەت و نیکرۆفیلیزم سێ چەمکن گوزارشت لە خوێن ڕشتن و مەرگدۆستی دەکەن، لە سەردەمی ستالین و هیتلەردا گەشەیان کرد و کەوتنە بەربیستی خەڵك، بەڵام تەنیا وەکو سێ کارەکتەری سیاسی نا، بگرە وەکو سێ نەخۆشیی دەروونی زۆر

سەختیش کە لە زانستی دەروونیدا چارەسەریان سانا نییە.

ئێمە کاتێك ئەو چەمکانە گرێ دەدەینەوە بە ئەنفالەوە پێویستە بەدوای سێ کایەدا بگەڕێین بۆ ئەم چەمکانە ئەوانیش کایەی «ئاینی، مێژوویی، کولتووری و باری دەروونی لای کورد و داگیرکەرانی».

یەکەم: ئەگەر لە ئایندا بۆ مەرگدۆستی بگەڕێین، پێویستە لە مەسەلەی ئەنفالدا تەنیا بگەڕێنەوە بۆ ئاینی ئیسلام، چونکە ئیسلام ئاینی هەموو داگیرکەرانی کورد بووە، بە عەرەب و فارس و تورکەوە.

بنیای ئاینی ئیسلام تەژی بە ڕێچکەی خوێنڕشتن و توندوتیژی و مەرگدۆستی، چەمکی ئەنفال کە لە قورئانەوە وەرگیراوە، ئەوەی لە ئەنفالی سەردەمی ئیسلامدا بەرانبەر ناحەزانی ئیسلامی عەرەبیدا کراوە، زۆر جیاوازیی نەبووە لە ئەنفالی سەردەمی سەدامی عەرەبی لە ڕووی میکانیزم و ئامانج و ڕەوایەتیدانەوە.

بۆ ئەوەی وەك مرۆڤە نەریتییەکان بە سۆزەوە لە ئاین نەڕوانین و بزانین ئایا ئاینی ئیسلام ئاینێکە ڕەوایەتیدەرە بە مەرگدۆستی یان مرۆڤدۆستی، پێویستە لە خۆمان بپرسین ئایە ئاینێکە زیاتر والایە بە ڕووی گفتوگۆ بۆ تێگەیشتن لە مانای ئاین وەکو چاکسازیی کۆمەڵایەتی، یان پێوەرێکی سنووردانانە بۆ نەهێشتنی گفتوگۆ و لێ تێ نەگیشتنی، کە باری دووەم لە پێناوی ئاشکرا نەکردنی باری یەکەمدا بەرجەستە بووە، ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە کە ئاینی ئیسلام تاکە ئاینێکە هیچ بواری گفتوگۆ و ڕەخنە و شیتەڵکردن نادا لە پێناوی نەدۆڕانی ناوەڕۆکدا، ئەو ترسەش کاتێك دێتە ئاکام، کە ناوەڕۆك بەختەوەری و ژیاندۆستیی بۆ مرۆڤەکان لە هەناودا هەڵنەگرتبێ، ئەوەش بێ بەهاییی مرۆڤ دەکات لە نێو خودی ئاینەکەدا، ڕوایەتییە بە مەرگدۆستی.

دووەم: مێژووی عەرەب مێژووی فتوحاتی ئیسلامییە، ئەو فتووحاتەی خوێنی هەموو ناموسڵمانێك و ناعەرەبێکیان تێدا ڕشت، ئەو فتووحاتەی بە شمشێر و خەنجەر بەهای ملی مرۆڤایەتییان پێوا.

ئـەو خـەنجـەر و شمشێرانـەی هـەتـا ئێستـاش سەرکردەکـانـی عـەرەب کە بـە نـوێتـریـن چـەك و تـەکـنـولـۆجـیـای سەردەم شەڕ دەکـەن، بـەڵام دیـارییـەکـانـی دەستیـان بۆ یەکتری هـەر خەنجەر و شمشێرە، پشتی سەرەوەیان و لای وێنەکانی خۆیانەوە ئەگەر وێنەی شمشێر و خەنجەری تێدا نەبێ، ئەوا چەند دانەیەکی ڕاستەقینە بە دیوارەکەیانەوە وەکو ڕەمزی عەقڵییەت و شارستانییەتیی عەرەب هەڵواسیوە و پاراستوویانە.

مێژووی کوشتن و جینۆساید و خۆێنڕشتن لە کرۆسۆماتیاندا جێگیر بووە، مێژوویان لەسەر هاوکێشەی مەرگدۆست، خۆی داڕشتووە، سەرەتا لە میانەی تالانکردنی تیرەکانەوە لە ناو یەکتردا چەسپی، بەهێزی ئەو تیرانە لاوازیانی داگیر دەکرد و ژن و منداڵ و سەروەت و سامانیانی بۆ خۆی قورغ دەکردووە و لـە نـاویـانـدا قورەیشەکـان بـەهـێزتـربـوون و ئـەوانـی دیـان تـالان دەکرد، هـەتـا پـرۆسەی تـالانـگـەریـی خـۆیـان پـەرە پـێ دا بـۆ تـالان "ئـەنـفـال" کـردنـی ئـەو کاروانانەی لە هیندەوە شمەکیان دەهێنا بۆ میسر و سوریا و فەلەستین، واتە چـەتـەی بـازگـەکـان بـوون، لـەوێوە بـازرگـانیکردنـی ژن ومنداڵـیـان داهێـنـا تـا ئاستێك کە بازرگانێکی عەرەب قەرزداری یەکێکی بەهێزتریان دەبوو، ژن و منداڵی خۆی دەدا لە بری قەرزەکە، ئەو دۆخە بە پەیدابوونی ئاینی ئیسلام پـەرەی سەنـدبـوو بـە بـانـدی چـەتـەگـەریـی گـەورە بـۆ هـەمـوو تـالانـکـردن و ئـەتـکـردنێکی ژنـان و منداڵان بـەهـانـەیـەکی ئـایـنـیـیـان بـۆ دۆزیـوەتـەوە وەکو شەرعـیـیـەت پـێدان، وەکـو ئـەو تـالانـەی نـێوان شاری مـەکـە و تـایـف و بـە سەردەستـەیـیـی عـەبـدوڵای کـوڕی جـەحش، وەکـو چـەنـد وشتـر و بـاری وشتر پێستەی خۆشکراویان لە تیرەی قورەیش زەوت کرد و وەکو سیستەمی تالانی نـێوان تـیـرەکـان و بـەشی بـەهـێز لای لاوازتر پێنج یـەکیـان دا بـە محـەمـەدی پێغەمبەر.

پاش ئەو تالانییە و لە تالانی بەنی قەعقاعەوە، ئیتر مافی خۆی بە فەرمی لە تالانییەکاندا دەچەسپێنێ بە بەهانەی ئایەتی "فأعلموا انما غنمتم من شیء فان الله خمسه ولقربی والیتامی و المساکین وابن السبیل" دیارە ئەمە تەنیا بۆ

ئەو تالآنیانە بوون کە لە شەڕ بە دەست دەهاتن و تالآنە ئەندەفیدۆڵییەکانی ناو تیرەکان تەنیا بۆ کەسی تالآنکار بوو، هەر ئەو تالآنییە تاکڕەوانە شەڕی نێوان قەوامییەکانی بەحرێن و بەسرەیان بەرپا کرد، سەدان جۆری تری تالآنی سیستەمی باوەڕپێکراو کارپێکراوی ئەو سەردەمەیان بووە.

ئەوان لە نێو خودی خۆشیاندا هەر هێمایەك بۆنی شارستانییەتی لێ هاتبێ ورد و خاشیان کردووە، ئەوەی هەتا ئەمڕۆ عەرەب شانازیی پێوە دەکا ئەو شارستانییەتە مێژووییییە لە میسردا بەجێ ماوە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوە شارستانییەتی فیرعەونییە و بە هیچ شێوەیەك مۆرکی عەرەبی پێوە نییە، تەنانەت کاتێك کەوتنە خاپوورکردنی ئەو شارستانییەتە، لەو کاتەدا گەورەترین کتێبخانەی لە میسردا هەبوو کە ژمارەی دە هەزار کتێبی تێدا بوو، ئەو کات عومەری کوڕی خەتاب فەرمانی دا بە سووتانی هەموو کتێبەکان و کتێبخانەکە، لە وەڵامی پرسیارەکانیشدا دەڵێ ئایا ئەو دەهەزار کتێبەی لەو کتێبخانەدایە هیچیان لە قورئان بە نرخترن، بێگومان بە عەقڵی ئەوان نەخێر، کەواتە ئێمە خاوەنی بەنرخترین کتێبین لە گێتیدا و نابێ کتێبی تر هەبێ جگە لە قورئان.

لێرەوە دەبینین لەناوبردنی هەموو بەهایەکی جوان و خوێنڕشتن لە مێژوو و ژیانی عەرەب و گەلانی تری دژە کوردیشدا مێژووی شانازیی بەرهەمهێنانەوەیە.

سێیەم: دەروونی موسڵمانانی داگیرکاری کورد.

عەرەب و بەعس دەروونی قەبیلەگەری و چادرنشین بوون، ئەو هۆشیارییە لاوازەش بە پرەنسیپی شمشێر و خەنجەر و عەرەبسالاری پڕ چەك و ساز کراوە، عەرەب کە توانیویەتی سەرجەم شەڕە دۆڕاو و براوەکانی بکات، ئەوەش لەو هێزەوە سەرچاوەی گرتووە کە پێی وابووە ئەو باشترین نەتەوەی جیهانە، چونکە ئاینەکەی دوا ئاینە، لە هەموو ئاینەکانی تر متمانەپێکراوترە، کەواتە دوا جار سەرجەم نەتەوەکانی جیهان دەبن بە ئیسلام و ئیسلامبوونیش واتای عەرەببوون دەکا، چونکە ئیسلام بە زمانی عەرەبییە، ئەو خۆ بەهەند زانینە

توانیویەتی ڕۆحی شەڕانگێزییان بەسەر نەتەوەکانی تردا زاڵ بکا، هەر ئەو کولتوور و دەروونە نالەبارەش وای لێ کردوون، هەمیشە لە شەڕدا بن، لەگەڵ ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، ئیسرائیل و ئەمەریکا و خۆیاندا.

جگە لەوەی عەقڵی نەتەوەپەرستی هەندێ جار ئاینەکەشی پێ وەلا ناون، تا ڕادەیەك عەرەب هەرگیز ناڵێن ئیسلامی عەرەبی هەمیشە گووتویانە عەرەبی ئیسلامی، واتە نەتەوەیان بەر لە ئاینەکەشیان خستووە.

هەردوو جەمسەری نەتەوە و ئاین ڕووبەرێکی فراوانی سیستەمی بەڕێوەبردن و ڕەوشتی لە ناوچەکەدا داگیر کردووە. بەڵام ئایا کورد وەکو نەتەوەیەکی ژێر دەست تەنیا بە سەریدا سەپاوە یاخۆ خۆشی هەمیشە ئامادەی وەرگرتنی بووە؟

من پێم وایە لە بنەمادا ئێمە وەکو کورد میللەتێکین یادەوەریمان کاڵە و ناسۆرەکانی خۆمان زۆر زوو لە یاد دەکەین و بە سانایش دەستبەرداری ئازارەکانمان دەبین، دەکرێ لەبەرئەوەی کوشتن و ناسۆر بەشێکی بەرفراونی مێژووی ئێمەی داگیر کردووە لە ڕووی مامەڵەی دەروونناسییەوە ئەوە فاکتەرێکی ئاسایی بێ، بەڵام لە ڕووی کۆمەڵناسی و نەتەوەیی و سیاسیشەوە کورد خۆی کەمتەرخەم بووە لەوەی خۆی بناسێنێ و بە سیاسەتی کۆن و نوێوە بەرهەمهێنەرەوەی فاشیزمی نەتەوەیی و دینی بووە بۆ عەرەب، ئاینی ئیسلام و ئەگەر شارستانیەتێك دروست کرابێ لەناو عەرەبدا لە سەردەمی سەلاحەدینی ئەیوبیدا بوو، ئەو عەرەب و ئاینی عەرەبی ڕزگار کرد و لە خاکی عەرەبدا خوێندنگە و زانکۆ و نەخۆشخانەی کردووە و شوناسی خۆی لە یاد کرد، ئەو سیاسەتە لە لایەن دەسەڵاتدارنی کوردەوە لەو ڕۆژگارەوە هەتا ئەمڕۆ هەر بەردەوام بووە و بەرهەم هاتووەتەوە، دەسەڵاتدارانی کورد ئەوەندە سەرسامی نەتەوە و ئاینی عەرەب بوون، سەرجەم ڕووبەر و چەمکەکانی کولتووری کوردی سیخناخ بوو بە کولتووری عەرەبی، کورد هێندە سەرسامی کولتووری عەرەبی بووە، نازانێ کامە کولتووری خۆیەتی، کارەساتە هەڵگرانی ئاینی ڕەسەنی کورد کە ئیزیدییەکانن بە دەستی خودی کورد کوژراون، ئەتك کراون، لە خاکی خۆیان وەدەرنراوون و زۆر پەرچەکرداری نەشیاوی دی، کارەساتە

تەنانەت ئەو لاوانەش کە لە ئاینی ئیسلام لا دەدەن و دەچنە سەر ئاینێکی دی، لە بری هەڵبژاردنی ئاینی ڕەسەنی خۆیان، دەچنە سەر ئاینەکانی تر، ئەمەش لە نەبوونی عەقڵی بەڕێوەبردن و نەبوونی گوتاری سیاسییەوە سەرچاوەی گرتووە.

ئێمە تەنیا میللەتێکی بێ دراوسێین، تا بە کولتووری دراوسێکانمان سەرسام بین، بە زۆر خۆمان دەکەین بە دراوسێی داگیرکارانمان لە کاتێکدا ئێمە خاوەن ماڵین، ئەوان هاتوون لێیان داگیر کردووین و سیستەمی دەرەبەگ و جوتیاریان بەسەردا پراکتیك کردووین، کەی ویستوویانە، لەسەر خاك و ماڵ و کشتوکاڵی خۆمان وەدەریان ناوین، کەچی هەر بە زۆر خۆمان پێوە لکاندوون و خۆمان ناو ناوە بەشێك لە ئەوان.

لە مێژووی کورددا یەك جار پارچەیەکی کە باشووری کوردستانە توانیی تەنیا ببێ بە دراوسێی عێراق نەك بەشێك لە عێراق، دەسەلاتدارانی کورد ئەو بەشە میراتەشیان تێکەڵ کردووە و لەگەڵ سوننە و شیعە بووینە بە برا و هەوڵەکانمان خرایە نێو بۆتەی برایەتیی کورد و عەرەبێکەوە، کە کورد بە زۆر ئامادەباشیی برایی بۆ دەردەبڕی و نەیانتوانی لە ئەزموونی تەنانەت سەدامی فاشییش بەهرەمەند بن، کاتێك ولاتێکی زلهێزی وەکو ئەمەریکا بە کاری هێنا، بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی، بەو عەقڵە قەبیلەگەرییەشەوە، چونکە هەستە نەتەوەییەکەی لە پشتەوە بوو، توانیی حزبی بەعسی نەك هەر لێ بەهرەمەند بکا، بگرە بیگەیەنێ بە لووتکەش، هەموو دەسەلاتی عەرەبی بکا بە دەسەلاتی بەعس، غرووری خۆشی لێی تێك نەدایە بە هەڵەکردن لە دەست تێ وەردانی بەرژەوەندی ئەمەریکا، ئەو ئامانجەی هەیبوو بۆ ژێر ڕکێفخستنی دوورگەی عەرەبی هاتە دی.

کورد هەمان هەڵی بۆ ڕەخسا نەك بەهرەمەند نەبوو لێی، بگرە ئەوەشی بە خەبات و خوێنی هەزاران هاتە ئاکام برایەوە بۆتەی شمشێر و خەنجەر و مل بڕینی سەدەی بیست و یەکی عەرەب.

ئەمە لە کاڵفامییەوە نەبوو بۆ نەخوێندنەوەی کارەساتەکان، لەو گوتارە لاواز

و هەستە کاڵەوە بووە کە داواکان هەمیشە دەبەنەوە بەر دەستەکەوتە سیاسی و ئابوورییەکان، ئەمە تەنیا بارودۆخی سیستەمی بەڕێوەبردن و ئەخلاقی کورد نەبووە، بەرانبەر پرۆژە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی، بگرە لە مێژووی کورددا سەرکردە هەبووە چاوی کوڕە دوازدە ساڵانەکەی خۆی دەرهانیوە بۆ ئەوەی کە گەورە بوو، جێگەی نەگرێتەوە، ئەوەی ئەمڕۆ ڕوودەدا چاودەرهێنانی میللەتێکە، چاودەرهێنانی گشتییە لە پێناوی دەستکەوتی گرووپێك و چاوی گرووپێك.

ئێمە ئەگەر بمانەوێ بەهای ئەنفال بپارێزین، پێویستە ڕووبەرەکانی گوتاری سەربەخۆ و تاکی ئازاد بکرێ بە پێوەری کۆمەڵی ئازاد، پێویستە بە دەیان دەزگا کاریان ڕزگارکردنی مرۆڤ بێ لە کۆدەکانی ئاینی، کولتووری عەرەب، گەڕانەوەی کەرامەتی تاك، هەروەها زیندووکردنەوە و ناساندنەوەی کولتووری کوردی هەر کولتوور گوتاری نیشتمانی نەتەوەی لای تاك بەهێز دەکا، لێرەشەوە بۆ شوناسی مرۆڤبوونی خۆی دەڕوانێ کە دوا جار شوناسی ئەنفالیشی پێ دەپارێزێ، ناکرێ میللەتێك هەتا ئێستا بە شوناسی داگیرکەرانی بسووڕێتەوە و ڕەهەندە مرۆیی و خودییەکانی خۆی لەسەر بەرهەم بهێنی و داوای پاراستنی شوناسی ئەنفالی لێ بکەی.

**پ: ئەو هۆکارانە چین کە ئەنفال لە هۆشیارییەکی سیاسیی سادەوە کە تەنیا لە یادکردنەوەی سەرپێیانەی ساڵانەدا قەتیس بووە دەگوازێتەوە بۆ هۆشیارییەکی کولتووری، لەو بێدەنگییەی کە خاوەنی قسە نییە دەگوازرێتەوە بۆ بیرکردنەوەیەك بە دەنگی بەرز.**

**هەروەها ئەم بێدەنگییە چەند پێوەندیی بە کورد خۆیەوە هەیە، هەم لە ئاستی بەرپرسیارییەتیی کۆمەڵگەی کوردی بۆ ئەنفال و هەم لە ئاستی دەسەڵاتی کوردی خۆیدا؟**

و: من پێم وا نییە ئەنفال هۆشیارییەکی سیاسیشی بەبەر بڕابێ، ئەو ساڵانە یادکردنەوەیە، هۆشیاریی سیاسی نییە، بگرە هۆشیاریی میللیگەراییە، کورد وەکو نەریتێکی میللی چۆن کەسێك لە ماڵەکەیدا دەمرێ ساڵانەی بۆ دەکا، دەچێ بۆ سەرقەبران، ئەنفالیش بەهەمان هۆشیاری یادی دەکرێتەوە، ئێمە لە

بنەمادا خاوەنی گوتاری سیاسیی بەهێز نین هەتا خاوەنی هۆشیاریی هۆشیاریی سیاسی بین، هۆشیاریی سیاسیی ئێمە هۆشیارییەکی میللی و دەستەوەستانە لە ئاست هۆشیاریی سیاسی تەکنەلۆژی و ستراتیژی سیاسی و بیری بڕیاردەر و بڕیاری زانستییانە، خوازیار بووم یادکردنەوەی ئەنفال لە هۆشیاریی سیاسییەوە سەرچاوەی گرتبایە، دیارە ئەو کات ستراتیژی درێژخایەن و پلانی لە باریان بۆ ناساندن و قەرەبووکردنەوەی ئەنفال و هێشتنەوەی بە زیندوویەتی لە یادەوەریی نەوەی داهاتوودا دەهێشتەوە، یادەکانی سەرپێییانە نەدەبوون، بەڵام نە ئەوەیان کردووە نە دەشبێ بە خەم، چونکە ئەوان هەر لە سەرەتاوە دڵنیان لەوەی جەستەی هەلاهەلا و سەکەتی ڕۆشنبیریی کوردی، هەڵگری مەعریفەی بەرهەمهێنان نییە.

ئەوەی مەعریفەی کەلەپوور و کولتووری کورد زیندوو بکاتەوە، لەوانەیە بپرسێ کولتوور و کەلەپووری کورد پێوەندیی چییە بە ئەنفالەوە، بەڵام پێوەندیی بە سەرخان و ژێرخانی ڕۆشنبیری و شارستانییەتی ئێمەوە هەیە، تا ئێستا شارستانییەت و کەلتووری خۆمان نەناسیوە و بە شارستانییەتی بەدەوی و کولتووری داگیرکەرانەوە دەمانەوێ بنیاتی سەرخانێکی مەعریفی بنێین لە ئاستی کارەساتە بالاکانماندا، لە کاتێکدا ئێمە کە خاوەنی شارستانییەتی میزۆپۆتامیا و میدیا و خاوەنی زەپۆشە ئاینی و ڕێبازەکانی زەردەشتی، ئێزیدی، کاکەیی، حەقەین، خاوەنی ئیمارەتەکانین کە کۆمەڵێ کەلەپووریان بەرهەم هێناوە و شارستانییەتیان بە جێ هێشتووە، پێویست بوو کەلتوورمانی پێوە گرێ بدرێ، شارستانییەتمانی لەسەر بنیات بنێین، بەڵام نەك هەر هەژاری زانیارین دەربارەیان، بگرە هێندە سەرسامی کولتووری داگیرکەرانمان بووین، کولتوورە ڕاستەقینەکەی خۆمان بە بێگانە دەزانین، ئەوەی خۆشمان کردووەتە گیرفانی بێگانەوە.

هەر میللەتێکیش خاوەنی کولتووری خۆی نەبوو، خاوەنی کایەی کۆمەڵایەتیی دروست و گرێبەندی کۆمەڵایەتیی نوێش نابێ.

لە نێو ئەو ژاوەژاوی کولتووری عەرەبی و ئاینی ئیسلام و مامەڵەکردنی کورد

لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆجی و جیهانی ئنفۆرماستی بە عەقڵ و مۆراڵی میللییەوە، فەرامۆشکردنی مۆراڵ و ڕەوشتی ڕاستەقینەی مرۆڤانەمان بەرهەم دەهێنێ، کاتێکیش مۆراڵ فەرامۆش کرا، بەرگری نامێنێتن، کە بەرگرییش نەما پیرۆزی نامینێ، ئەمڕۆ ئێمە گەیشتووین بە ئاستی بێ بەهاکردنی پیرۆزییەکانمان و داخلیسان لە واتای مۆراڵ، نەك تەنیا سەبارەت بە ئەنفال وەکو کارەساتێکی هەمیشە زیندوو، بگرە هەموو کایە کۆمەڵایەتییەکانمان پێویستی بە شۆڕشی مۆراڵی هەیە.

ئەمە و سەرباری هەژاری و ناهۆشیاریی ئێمە لە چەمکی خودهۆشیاریدا، خودهۆشیاری لە هەموو ڕوانگەکانەوە، ئەرمەنییەکان تەنیا سێ ملوێنن، بوون بە خاوەنی دەوڵەتی خۆیان نەك تەنیا لەبەرئەوەی ڕوسیا هاوکاریی کردن، لەبەرئەوەی هۆشیاری خودهۆشیاریی سیاسی، ڕۆشنبیری، زمانەوانی و ئابووریيان هەبوو، ژمارەی ئەرمەنییەکان لە دەرەوەی وڵات زۆر لە کوردەکان کەمترن، بەڵام گەر لە بنەمای هەر ناودارێکی جیهانی لوبنانی بپرسین بە ڕەچەڵەك ئەرمەنین، بازرگانە گەورەکان ئەرمەنین، عەقڵێکی بازرگانیی زۆر سیستەماتکیان هەیە، لە بوارەکانی زانست و زمانەوانیدا بە تەواوی جێگەی خۆیان کردووەتەوە، ئەوەش سیمای نەتەوەی هۆشیارە، هەوڵ دەدات زۆرترین زمانە بەهێز و زیندووەکانی جیهان بزانێ، زمانی خۆشی تەرجەمە بکات بۆ زمانە زیندووەکان، جگە لە یەکگرتوویی و خۆشەویستییان لە ناو یەکدا، لە ڕووی سیاسی و دیبلۆماتیشەوە، هەتا ئەمڕۆ کە گفتوگۆیان لەگەڵ تورکیا دەبێ دەیبەنە وڵاتانی ڕۆژئاوا، بەتایبەت وڵاتانی هاوپەیمانی خۆیان و زۆربەی کات هێزێکی لە خۆیان بەهێزتر دەکەن بە گەواهیدەری گفتوگۆ چارەنووسسازەکان، ئەوەشمان بیر نەچێ ئەوان توانییان بە پشتگیریی ڕووسیا ببن بە دەوڵەت، هەموومان بارودۆخی خودی ڕووسیا و مێژوویان دەزانین چۆن بووە، بەڵام ئەوان بەرژەوەندیان بە ئەرمەنییەکان هەبوو دژی تورکیا، ئەمانیشی بۆ مانەوە و سەربەخۆییی خۆیان بەکاریان هێنان. بەڵام کورد لەبەرئەوەی خاوەنی گوتاری سیاسیی جێگیر نییە، نەیتوانی بەرژەوەندیی

ئەمریکا و بەریتانیا بە بەرژەوەندی خۆی بشکێنێتەوە.

لە لایەکی تر ئەرمەنییەکان تەنیا نەتەوەیەکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستن کە بە عەقڵێکی کراوە تێکەڵاوی جیهانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات بوون، هەر ئەو کرانەوەش کردنەوەی دەرگەی فاکتەرەکانی تر بۆ ئاسان کردوون. هەموو ئەو فاکتەرانەش کاریگەریی گرینگیان هەیە بۆ بەهای نەتەوەیەك و بەهای کارەساتەکانی لە نێو جیهانی دەرەوە و مەحفەلە نێودەوڵەتییەکاندا.

بەڵام کورد خاوەنی ئەو خەسڵەتانە نییە، نموونەیەکی ئاساییت بۆ دەهێنمەوە، زۆربەی کتێبخانەکانی ئەم شارەم بینیوە، هەموو کتێبخانەیەك ڕەفەی تایبەتی هەیە بۆ نەتەوە جیاوازەکان، هەموو نەتەوەکان بەشی خۆیان هەیە لە سەرجەم کتێبخانەکاندا، ئەرمەنییەکان بەو ژمارە کەمەیانەوە لە هەموو کتێبخانەیەکدا بەشی جیاکراوەیان هەیە و بەسەدان کتێبیان لەو کتێبخانانەدا داناوە، کورد تەنیا لە کتێبخانەی گەورەی شاردا پازدە تا بیست کتێبێکی هەیە، خۆم سێ ساڵ بەر لە ئێستا کتێبم بە هەمان کتێبخانە پێشکێش کردووە، ئەم ساڵ دوو دانەیان خراوەتە سەر ڕەفەی کتێبە کوردییەکان، کە لێیان دەپرسی بۆ هێندە دواکەوت پێت دەڵێ ئەو کەسە کوردەی کە کارمان بۆ دەکا و پێویستە ڕەزامەندی بنوێنێ لەسەر دانانی کتێبەکە و کاتێکی زۆری دەوێ، ئەمە لە کاتێکدا فەرمانبەری نەتەوەکانی تر تەنیا لە ماوەی کەمتر لە هەفتە ڕاپۆرتی خۆی دەنێرێ و چەندین کتێب دەخاتە نێو کتێبخانەکەوە، هەروەها بۆ نەبوونی کتێبی کوردییش ڕەخنەیان ئەوە بوو کە خوێنەری کوردیان نییە، دەیانەوێ ئەوانەش لەوێدان لایان بەرن، بۆ ئەوەی جێگەی کتێبی تریان لێ نەگرێ، بۆیە زۆر جار ناچارم ئەو کتێبە کوردییانە کە چەند جارم خوێندوونەتەوە بە ناوی خوێندنەوە لەو کتێبخانەیە وەربگرم و پاش چەند ڕۆژێك بیانگەڕێنمەوە، بۆ ئەوەی ئەو تەنیا ڕەفە بچووکەش لە کورد وەرنەگرنەوە.

ئەوە بارودۆخ و ڕەوشت و عەقڵی خودهۆشیاریی کوردە بەراورد لەگەڵ نەتەوەکانی تر، ساکارترین ئەرك کە بردن و داواکردنی کتێبە ئەگەر

نەشیخوێنێتەوە تەنیا وەکو جێگیرکردن و پاراستنی سەرمایەیەکی نەتەوەیی و کولتووری خۆی لە نێو کولتووری جیهاندا، بەڵام ئەو هەستانەمان زۆر لەوە لاوازترە ڕێگە پیشاندەرمان بێ بۆ خۆچەسپاندن و جێگەبوونەوە. ئەو هەست هەژارییەش ناتوانێ لە ئاستی کارەساتە گەورەکاندا ڕێچکەشکێن بێ.

مرۆڤ بۆ ئەوەی خاوەنی هۆشیاریی کولتووری بێ، پێویستە خاوەنی هۆشیاریی ئازادییش بێ، بە واتای دەرچوون لە گۆشەگیری، کە پڕۆژەی خودخۆشویستنی بۆ دەگێڕێنێتەوە، خودخۆشویستنیش بەشێکی لە پاراستنی ئازادییە تاکییەکاندا فەراهەم دێ، بەشەکەی تر لە بینینی جیهاندا بە زیندوویی، لە گەشبینی بەوەی کۆهەوڵ دەتوانێ بەشە مردووەکان زیندوو کاتەوە، یان لانی کەم دەتوانێ بەشە زیندووەکان بە زیندوویی بهێڵێتەوە، مرۆڤی ڕاست لە سەرەتادا بە هەست خۆی ئازاد دەکا، کوشتنی هەر فاکتەریەك لە فاکتەرە گەورە و بچووکەکانی ژیان بە هەموو چەمك و پرەنسیپییەکانەوە واتای کۆیلەی دەکا، مرۆڤی کۆیلەیە، کۆیلە نازانێ هیچ بژیەنێتەوە، کۆیلە ناتوانێ ئازاد بێ، مرۆڤ گەر جەستە و زمانیشی ئازاد نەبوو عەقڵ و ڕۆحی ئازاد بوو لە هەموو شت کەمتر بیر لە مردن دەکاتەوە، دانایش لە بیرکردنەوەدایە لە ژیان و زیندووکردنەوەی بەشە مردووەکان نەك مردن، بەڵام کۆمەڵی ئێمە لەو داناییە و هەلومەرجەکانی بێبەرییە.

**پ: ئەو پێشنیازە تایبەتانەی ئێوە چین، بۆ ئەوەی ئەنفال وەك کارەساتێکی سیاسی مێژوویی لە یادەوەریی ئینسانی کوردا، بەچەشنێك بمێنێتەوە کە هەمیشە جێی ئاوڕدانەوە و قسەکردن لەسەری، لە لایەن ئەو نەوانەی کە لە دواڕۆژی کۆمەڵگەی ئێمەدان؟**

و: یەکەم پێشنیازم پابەندە بە گۆڕینی پەروەردەی نیشتمانیی ئێمە کە تا ئێستا پەروەردەیەکی سیاسییە، پەروەردەیەکی ژیاری و کۆمەڵایەتی نییە، هەر کاتێکیش سیاسەت بەهایەکی خستە ژێر ڕەحمەتی خۆیەوە ئیتر کۆی ژیان دەبێ بە نمایشێکی کۆمیدی، کۆمیدیایەك جیاوان، کۆمیدیایەك دەتوانێ پێکەنین و گریان کۆ بکاتەوە.

ترسناکترین کۆدیش کە عەقڵ و هزری ئێمەی داماڵیوە لە وەزیفە مرۆیی و شارستانییەکانی، سیاسییەکانیشمان سیاسەتی ڕامکردن و دەستەمۆکردنی دیدەبینیی کۆمەڵی کردووە بە ئامانج، بە ئاراستەیەك کاری لەسەر کردووە، کۆی کەسیەتیی داڕێژراوی خواستێکی سیاسیانەی تاکی کورد بووە بەو بوونەوەرە سیاسیانەی لەسەر جەستەی ڕزیوی سیاسەتی کوردی جگە لە شوناس و پێناسی سیاسی، یان بوونەوەرە سیاسییەکان، هەڵگری شوناسی مۆدێرنی مرۆڤانە نین.

جگە لەوەی هیچ پرۆسەیەکی سیاسیی کوردی کۆن و نوێ ئەو ڕەوتە دیموکراتییەی بە خۆوە نەبینیوە هاوولاتیش بکرێ بە بەشێك لە پرسی بەڕێوەبردن و پنتە ژیاری و ژیانییەکان، هەتا هەست بە بەرپرسیارەتی بکا و بەرگریکردن لە بەرانبەر لای ببێ بە مۆراڵ.

ئەو سیاسەت سالارییەش تەنیا ئەزموونی دوای ڕاپەرینی لە قاڵبی بەرتەسکیدا نەخنکاندووە، بگرە درێژکراوەی ئەزموونی لە مێژینەی کوردە لەو بوارەدا، ئەزموونێك هێندە کورتی هێناوە هەمیشە دەرئەنجامەکانی کەڕەتی سفر کردووین، جگە لە نابەرپرسیارەتی، هێندەی ئومێد بەرهەم نەهێناوە ئەو دەرئەنجامەش هاوکێشەیەکی نەزانراو نەبووە لای نەتەوە چەوسێنەرەکانی کورد و هاوکارییەکی باشی پلانە دژەکانی کردوون.

لە سیاسەتی جیهانیشدا هەر وایە بۆ ئەوەی شارەزای ئاوەز و هزری میللەتێك بین، پێویستە شارەزای فەلسەفەی فەرمانڕواییی سەرکردەکانی بین، ئەوە میللەتە ڕێگەی پراکتیکی ئەو جۆرە ئایدۆلۆجییەی دەدا.

جیرار دولۆدەل پرۆفیسۆر لە زانکۆی بیربینیاتی فەرەنسی و پسپۆڕی بواری سیاسەتی ئەمەریکا پێی وایە ″ناتوانرێ جیاوازی بخرێتە نێوان فەلسەفەی ئەمریکایی و ئایدۆلۆجیی ئەمریکایی، بۆ ئەوەی سیاسەتی سەرکردەکانی ئەمریکا بزانین پێویستە ئەو فەلسەفە و پاڵنەرە قووڵانەیان بزانین کە دەیانجووڵێنێ، هەروەها نۆرمی کردار و پەرچەکرداریان″.

کردار و پەرچەکردار ئەو دوو فاکتەرەن چارەسەری کێشە ئۆرگانێیەکان

دیاری دەکەن، جگە لە دیاریکردنی نەزمی ژیانی هاووڵاتیان لەگەڵ ڕووداوە ئەرێیی و نەرێییەکانی ڕۆژانەیاندا.

فەلسەفەی سیاسیی کورد ئایدۆلۆجیای فەندەمێنتاڵی هۆزە، کردار و پەرچەکردارەکان تەنیا لە ئاستی سەرەك هۆزدا قەتیس دەمێنێ و هاووڵاتی بواری پەرچەکرداری نەدراوە تا لە میانەیەوە ببێ بە خاوەنی مۆراڵی ئەرك، هەتا ئێستا لە نێوان حکوومەت و هاووڵاتیدا ئەرك و ماف دەستنیشان نەکراوە، بڕیاری چارەنووسساز تەنیا تەنیا لە ژێر خێمەی سەرەك هۆزەوە دەدرێ، ئەو فاکتەرانە هاووڵاتی تووشی سستیی بیرکردنەوە لە مەسەلە چارەنووسسازەکان کردووە، تووشی خەمساردییان کردووە لە ئەرکە مۆراڵییەکانی و پاڵی بە خەیاڵی ئەو دەسەڵاتدارەوە داوەتەوە کە لە بری ئەویش بڕیار دەدا و بەرپرسییەکان ئەگەر پێ بزانێ لە ئەستۆ دەگرێ ئەوەش پەرچەکردارێکی ئاساییە، کە هاووڵاتی لە دەرەوەی پرسە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان بووە و لە دەرەوەی بەرپرسیارەتیش دەبێ، ئەوەی ئەو پرسانەی تەنیا لە بۆتەی ئایدۆلۆجیای خۆیدا تواندووەتەوە و ڕووبەریەکی تری بۆ پرسەمرۆیییەکان نەهێشتووەتەوە.

ئەگەر توانیمان ئەو گۆڕانکاری لە مۆراڵی مامەڵە و مۆراڵی نیشتمانیماندا بکەین بەراورد بەو دەستەوەستانی و چەقبەستنەی لە قسەی نەرێتی و یادکردنەوەی کاڵ و میللی بۆ کارەساتی زیندوو چی لە هەناودا هەڵنەگرتووە بۆ بەشێکی گرینگی یادەوەری و بیروباوەڕ و ئەخلاقی هەموو تاکێك، ئەو مۆراڵە لە چەند تەوەرێکدا خۆی دەبینێتەوە لەوانە:

١. چەمکی ئەنفال لە ڕەهەندی بەزەییەوە بگوێزرێتەوە بۆ ڕەهەندی ڕێز، مەبەستم لە ڕەهەندی بەزەیی، ئەو میکانیزمە سۆزدارییەیە کە ڕۆژانە ڕۆحی پاشماوەکانی ئەنفالی پێ ملەما دەکرێ، بە سێبەری وشە قورس و نەرێتییەکان دەیانهەژێنن و ئەوانیش جارێکی تر بە شێوەی جیاواز لە ناخی خۆیاندا بەرهەم دەهێننەوە.

ئەو بەرهەمهێنانەوەی ئەوان هەمیشە خۆیان بە قوربانی بزانن و حیکایەتی بەزەییهێنەر بن نەك شانازیهێنەر، داستانی دەرۆزەکردنی سۆز بن نەك دەستەبەرکردنی ماف، نموونەی مرۆڤی ساویلکە و نەزانی لادێیی بن و نەویتر لە چەمکەکانی شاری و شاریبوون، نەك مرۆڤی شۆڕشگێڕ و پارێزەری شار.

ئەو سێ چەمکە، بەزەیی و سۆز و لادێییبوون لە نەستی مرۆی ڕزگاربوو لە ئەنفال و کارەساتی ئەنفالدا کراون بە تایتڵی سەرجەم کارەساتەکە و لە یادکردنەوەوە هەتا ناساندنی وەکو کارەساتێکی مێژوویی و ستراتیژی سیاسی و مرۆیی، هەمووی تا ئێستا خۆی لەو سێ خاڵەدا بینیوەتەوە، ئەوەش کارەساتی گەورەتری لە بەردەم زیندوو هێشتنەوەی ئەنفالدا دروست کردووە.

٢. ئەنفال بکرێ بە ئەرکێکی ئەخلاقیەتیی سەپێندراو نەك داواکراو، ناکرێ چاوەڕوانی ئەوە بکەین یان داوا لە خەڵك بکەین ئەرکی ئەخلاقیی بەرانبەر ئەنفال تێدا بێ، ئەوەشی بۆ بکەین بە مێژوویەکی پرشنگدار، بگرە دەبێ بکرێ بە ئەخلاقی هەموو تاکێك و بە سەریدا بسەپێ وەکو مەرجی ژیان و مرۆڤبوون، ئەویش لە چەندین ڕێگەوە هەندێکیان خۆی لە ڕێگەی بە مێژوو سەپاندنەوە دەبینێتەوە، وەکو ئەوەی بکرێ بە سەبجێکتی خوێندن لە هەموو قۆناغەکانی خوێندندا لە سەرەتاییەوە هەتا زانکۆ و بە پێی قۆناغ و تەمەنەکان گرێبەندی بکرێ، ببێ بە بەشێك لە ژیانی زانستی.

وەکو شوناسیش بکرێ بە تاقیکردنەوە بە نووسین و بە زمان بۆ ئەو کەسانەی کورد نین و دەیانەوێ لە ماوەی ٢ ساڵ زیاتر لە کوردستاندا بژین، بوکلێتێکی تایبەت لەبارەی ئەنفالەوە دروست بکرێ و هەر کەسێکی بێگانە یان تەنانەت ئەو منداڵە کوردانەی لە ڕۆژئاوا لە دایك بوون دەیانەوێ بێنەوە کوردستان

بـژیـن ئـەو بـابـەتـەیـان بـدرێتـێ و مـاوەیـەکـی دیـاریـکـراویـان بـۆ دابـنـرێ تاقیکردنەوەی بە نووسین و بە قسەکردن تێدا بکەن، واتە ئەنفال بکرێ بە تاقیکردنەوەی کوردبوون و لە وڵاتی کورددا مانەوە بۆ کورد بۆ بێگانە، ئەگەر دەرچوون ئەوجا مافی مانەوەیان لە کوردستاندا هەبێ.

لە ڕێگەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە بایەخی تەواوی پێ بدرێ و نەخرێتە نێو یەك ڕۆژی ڕۆژمێری یادەوەریی ساڵانەوە و هیچی تر، بەڵکو یان کەناڵێکی تایبەت بەو مەسەلەیە بکرێتەوە، یاخۆ هەر یەك لە تەلەفزیونەکان هەفتەیەك ڕۆژێك بۆ ئەو مەبەستە تەرخان بکەن، گرینگ نییە ئەگەر یەك بەرنامەش بێ و هەفتەی ڕۆژێك لە تەلەفزیۆنەکانەوە نمایش بکرێتەوە، زۆر گرینگە خەڵك ناچار بکەی گوێ لە ئەنفال بگرێ، لێی بڕوانێ، ئەگەر خۆشی نەیخواست بکرێ بە بەشێك لە کاتی و ناچار بکرێ ئەنفال بەشێك لە کاتی بگرێ، لەوانەیە بڵێ ئەوە سیستەمێکی دیموکراتی نییە، بەڵام ئەگەر سەیری سیستەمی جیهانیش بکەی خاوەنی ئەنفالیش نین، تەنیا خاوەنی دانی مافی پەنابەرین بۆ بەستنەوەی هەستی پەنابەر بە وڵاتەکانیانەوە وەکو هەستی هاووڵاتیی ئەسڵی، بە شێوەیەك لە شێوەکان پابەندی ئەو جۆرە پرۆگرامەن.

کردنەوەی دەیان ماڵپەڕ و گرووپ و تۆڕی ئەنتەرنێتی بەو مەبەستە، من لەوە سەغڵەت نابم ئەگەر سەدان ڕێکخراو بە ناوی ئەنفال بکرێتەوە، ئەگەرچی هەندێکیان تەنیا بۆ پارە پەیداکردن و هەشە بۆ هەڵوێست تۆمارکردن، هەشە بۆ ناودەرکردن لەو بوارە نزیك بووەتەوە، بەڵام زۆر گرینگە لەوە سەغڵەت نەبین کە ژمارەی ڕێکخراوەکان نەك هەر زۆر بن، بەڵکو هەموو تاکەکانی کورد لە چوارچێوەی ڕێکخراوە جیاوازەکانی ئەنفال جێگەی بکرێتەوە و وا بکرێ هەموو کورد سەرقاڵ، بەشدار و کارا بێ لە چەمکێکی ئەنفالدا.

٣. گۆڕینی کلێشەی ئەنفال لە قسەی سەر زارەکییەوە بۆ فیلمی دۆکۆمێنتاری: ئەوەی تا ئێستا لەبارەی ئەنفالەوە دەگوترێ، زیاتر قسەی سۆزدارین نەك لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی، زیاتر سۆز ورووژاندنە، نەك پیشاندانێکی واقیعی کە لە هەموو وشەیەك زیاتر کاریگەریی دەبێ، بە تایبەت لەسەر دەرەوەی کوردستان

هەروەها دەبێ بە بەڵگەی مێژوویی و سەرچاوەی مێژوویی بۆ داهاتوو.

٤. گۆڕینی لە حیکایەتەوە بۆ کارەسات: خەریکە ئەنفال لە هزری خەڵکدا دەبێ بە حیکایەتێکی سواو، حیکایەتێکی تراژیدی، کە نایەوێ دووبارە گوێی لێ بگرێ بۆ ئەوەی هەموو ئازارەکانی خۆی بیر نەهێنێتەوە و حیکایەتێك تەنیا حیکایەتخوان گوێگر و بێژەرە، ئەمەش تەنیا لە بێ دەربەستیی خەڵکەوە فەراهەم نەهاتووە، لە نەمانی متمانە بە دەسەڵات و بەڕێوەبردن لە ناوچەکەدا و متمانەبەخشینی ئەوان بە ئەنفالچییەکان و نەبوونی خوێندنەوەی دروست بۆ ئەو کارەساتە بە ئاستێك کاریگەری لە لای بەرانبەر جێ بهێڵێ. جگە لە نەفرەت لە خود کرد، ئەو کاتەی مرۆڤ لە خۆی دەپرسێت قوربانیم بۆ کێ دا، کێ بردیەوە و کێ دۆڕانی، کۆدەکانی نیشتمان و شۆڕش دەکەونە بازنەی گومانەوە، گومان نەفرەت بەرهەم دەهێنێ، نەفرەتیش ڕووداوی لۆجیك دەکا بە خەیاڵی و حیکایەت.

٥. هێڵکێشانێکی هونەرییانەی سیاسی بۆ یەکگرتنی ئەرکە ئەخلاقییەکانی کورد: ئەنفال هەر تەنیا لە کوشندەیی و هەژاریی بەڕێوەبردنی دەسەڵاتی کوردیدا گورزی کوشندەی بەر نەکەوتووە، ڕۆحی جوداخوازی و ئەتك و خۆبەبەرپرسیار نەزانیش گەورەترین گورزی بەر ئەنفال و چەمکەکانی تر کوشتن و قڕکردن و شەهید داوە، لە قسەکردن و ڕەفتاری تاکی کورد بڕوانە هەتا ئێستاش بە بەشەکانی کوردستان دەڵێ کوردستانی عێراق، ئێران، تورکیا و سووریا، نەك باشوور، باکوور، ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای کوردستان.

هەتا ئێستا هەر پارچەیەك بە جیاوازی بەرگری لە خەباتی خۆی دەکا و

یەکدەنگی نەبڕاوە بە بەر کارەساتەکانمان ژمارەیەکی زۆری بەشەکانی تری کوردستان بە باشی ئاگەیان لە کارەساتی ئەنفال نییە، هەر وەکو چۆن ژمارەیەکی بەشەکەی ئێمەش ئاگەیان لە کارەساتەکانی ئەوان نییە، کە باس لە کارەساتەکان دەکەن تەنیا باس لە کارەساتی ئەو بەشەی خۆیان دەکەن و لە ئەجندەی کاریاندا ئەنفالیان دانەڕشتووە، تا ئێستا خەمێکی گشتگیر نییە بۆ لایەنی زمانەوانی و تێگەشتنمان لە یەك، هەژارترین میللەت لە ڕووی فەرهەنگی و سیاسییەوە، هەژارییان ناگا بە ئاستێك نەتوانن چەند خولێکی زمانەوانییان هەبێ بۆ دیالکتیکە جیاوازەکان و فێربوون و تێگەشتن لە یەکتری، تا ئێستا لەو بەشەی کوردستانی ئەنفالکراویشدا مەسەلەی جیاوازی نێوان سۆرانی و کرمانجی ڕەواجی هەیە، بە یەك چاو سەیری ئەنفالکراوەکان و لە ئەنفال ڕزگار کراوەکان ناکرێ.

ئەوانەش تەنیا خەمساردییان بەرهەم نەهێناوە، بێ بەهابوونی مرۆڤ و بێ بەهابوونی کوردیشی بەرهەم هێناوە، ناکرێ ئێمە خۆمان بەها بۆ خۆمان دانەنێین و داوای بەها لە بەرانبەر بکەین.

٦. گواستنەوەی ڕزگاربووانی ئەنفال لە دەرەوە بۆ ناوەوەی کایە کۆمەڵایەتییەکان: کەسی لە ئەنفال ڕزگار بوو لە نێو کۆمەڵی کورددا و لە ژێر سایەی بەڕێوەبردنی کوردیدا خەڵکانێکی پەراوێزخراوی کۆمەڵایەتین لە هەموو ڕووەکانەوە، ڕۆشنبیری، فەرهەنگی، خوێندەواری، هاوکاری و گوزەرانی ڕۆژانە، ژیانی هاوسەری و هەبوونی ڕەچەڵەك و کایە خزمەتگوزارییەکان و... هتد.

هەر یەك لەو خاڵانە مرۆڤی ڕزگاربووی ئەنفالی لە مرۆڤێکی کۆمەڵایەتییەوە گواستووەتەوە بۆ مرۆڤێکی گۆشەگیر و پەراوێز، ئەوەش خوێندنەوەی دەروونی، کۆمەڵایەتی و سیاسیی زۆر هەڵدەگرێ لەم دیدارەدا باس ناکرێ، بەڵام دەکرێ ئاماژە بەوە بکەین، ئێمەی کورد بە گشتی و دەسەڵاتدارانی کورد بە تایبەتی ئەگەر بەها بۆ ڕزگاربووانی ئەنفال دانەنێین، چۆن دەتوانین بەها بۆ کارەساتەکە دابنێین و بیکەین بە کارەساتێکی زیندوو، لە کاتێکدا لە بێ

بەهاییبیان لە نێو کایە کۆمەڵایەتی و ژیانییەکاندا زۆر لە ئەنفال بەجێ ماوە تەنانەت ئامادەییی ئەوەی نەماوە لە دیدارێکدا باس لە تراژیدیای خۆی بکا، چونکە چی دی ئامادە نییە تەنیا ئامرازی ئەدڤەرتایز و ڕاگەیاندن بێ. لە بەرژەوەندیی کەس و دەزگا و ڕاگەیاندنە جیاوازەکان بەکار بهێنرێ، بێ ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی خۆی.

٧. هەبوونی دەزگای کارا بەو کارەساتە: دەزانین کۆمەڵێکی دەزگای حکوومی و حزبی بە ناوی جۆربەجۆر و پاشگری ئەنفال کراونەتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا بەو ئامانجە کار ناکەن، یاخۆ دەتوانین بڵێین، لە کاتێکدا پێویستە لە ١٠٠٪ ئامانجی کارکردنیان ئەنفال بێ، لە ٢٠٪ ئامانجیان بۆ ئەنفال تەرخان کردوەو و لە ٨٠٪ بۆ کاری بەرژەوەندخوازی حزبی و لایەنکاری و کەسی بەکارهێناوە (ئەم نموونە ڕێکخراوی چاك ناگرێتەوە) لە لایەکی ترەوە ئەوەی زۆر گرینگە لە مەسەلەی ئەنفالدا کۆکردنەوەی کەسانی لێکۆڵیار و نووسەرانی ئەو بارەیە لە ژێر یەك چەتردا، ئەویش چەتری دەزگایەکی لێکۆڵینەوەی سەربەخۆیە بۆ هەموو کوردێك و دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی لێکۆڵیار بۆ خۆتەرخانکردن بۆ لێکۆڵینەوە و بەدوادا چوون سەبارەت بە ئەنفال.

٨. یەکخستنی کارەکان لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان: پتەوکردنی پێوەندیی ئەوانەی ناو کوردستان بەوانەی دەرەوە، لەو ڕێگەیەوە هەوڵدان بۆ بە جیهانیکردنی ئەنفال، ئەوەیان زیاتر بەوانەی دەرەوەی کوردستان دەکرێ، بە بەستنەوەیان لەگەڵ فاکتەرە زیندووەکانی ناو کوردستان. ناکرێ خەڵك بە پێی کات و تەنیا بە هۆی پاڵنەری دەروونیی خۆی لە ئەنفال بکۆڵێتەوە، پێویستە

ئەو کەسانە ژیانیان دابین بکرێ و تەرخان بکرێ بۆ ئەو مەسەلانە.

٩. کۆکردنەوەی هەموو ئەو بەرهەمانەی لەسەر ئەنفال نووسراون: دانانیان لەسەر ڕەفەی تایبەت بەو مەسەلەیە لە هەموو کتێبخانەکانی جیهاندا، جا نازانم لە کتێبخانەکانی کوردستان خۆیدا تا چەند ئەوە کراوە، هەر وەها دانیان لە ماڵپەڕی تایبەت بەو مەسەلەی ئەنفال.

١٠. تەرخانکردنی بودجەی تایبەت بۆ وەرگێڕان: وەرگێڕان شوناسی هەر نەتەوەیەك دەکات لە جیهاندا و دەرگەیەکە بۆ جیهانی ناساندن، تەرخانکردنی بودجەی تایبەت بۆ وەرگێڕانی سەرجەم نووسراوانەی لەسەر ئەنفال نووسراون بۆ زمانە زیندووەکانی جیهان. ئەمە بەشێکە لە پرۆسەی بە زیندوو هێشتنەوە و بە جیهانیکردنی.

١١. کردنەوەی مۆزەخانە لە هەموو شارە گەورەکانی کوردستان و دەرەوە: لە پارچەکانی تر کوردستانیش، ئەوانەی مۆڵەتیان دەدەن، هەروەها جیهانی ڕۆژئاواش، دیارە ڕۆژئاوا مۆڵەتی ئەوە دەدا ئەگەر دەسەڵاتی کوردی مۆڵەت بە خۆی بدات کار بۆ ئەو مەسەلەیە بکات، یان لانی کەم هەوڵدان بۆ دابڕینی بەشێك ئەگەرچی بچووکیش بێ لە مۆزەخانە نێودەوڵەتییەکان.

جوولەکەکان یەکێك لەو خاڵانەی لە مەسەلەی جینۆسایدی خۆیاندا بایەخیان پێ دا مۆزەخانە بوو، لە زۆربەی وڵاتانی ڕۆژئاوادا مۆزەخانەی تایبەتیان بەو کارەساتەی خۆیان کردووەتەوە، ئەوە بەمێژووکردن و زیندوو هێشتنەوە دەگەیەنێ.

١٢. هەبوونی دەزگای ئەرشیڤی تایبەت: دروستکردنی ئەرشیڤ و ئەرشیڤکردنی هەموو ئەو دۆکۆمێنتانەی ژێر چنگ کەوتوون لەگەڵ هەموو ئەو کارانەی بۆ ئەنفال کراون، نەشاردنەوەیان لە نووسەر و لێکۆڵیار، هەتا ئێستا تەنیا هەندێ بەڵگەنامەی کەم، دەستی خەڵکانی حزبیی ناو دەزگاکان دەکەون و بابەتێکی بە دڵی دەزگا لەسەر دەنووسن، نەك لە ئاستی کارەساتەکەدا، ئەوانەی ویستبێتیان لە ئاستی کارەساتەکەدا کار بکەن دژایەتی کراون و نەیانهێشتووە کارەکانیان مەیسەر ببێ.

١٣. داڕشتنەوەی ئەنفالە لە نێو بەیتە میللییەکان و شیعرە کلاسیکییەکاندا:
وەکو دەزانین ڕێژەیەکی ئێجگار زۆری لە ئەنفال بەجێ ماوەکان و کوردیش بە گشتی نەخوێندەوار و بەتەمەنەکانن، لاوەکانمان زۆربەی شەهید و ئەنفال کراون، سروشتی کوردەواریشە شەیدایییەکی زۆر لە مرۆڤی کورددا بەدی دەکرێ بۆ شیعر، بە تایبەت شیعرە کلاسیکییەکان، هەر ئەو شیعرانەش هاوشانی فاکتەرەکانی تر ڕۆڵی گەورەیان بینیوە لە زیندوو ڕاگرتن و هەڵگیرسانی هەمیشەی شۆڕش و کوردایەتیکردن لە نێو ڕیزی نەخوێندەواران و بەساڵاچووانی کورد، لەگەڵ هەموو کارەسات و نەخوێندەواری و نەبوونییەکانیشدا زۆربەی بەساڵاچووانی کورد بە دەیان بەیت شیعر سەبارەت بەو دیاردە و ڕووداو کارەسات و شۆڕش و ڕەمزە نیشتمانییەکانی کورد دەزانێ و زۆر جار دەیکەن بە وەڵامی ئەو پرسیارانەی سەبارەت بەو ڕووداو و دیاردانە ڕووبەڕووی دەبنەوە.

ئەو هەڵویستەش لە جاهیلی و نەزانینی بە ساڵاچووانەوە نەهاتووە، بگرە بە پێچەوانەی هۆز مۆدێرنەکانی ئەمڕۆ، لە ڕێزگرتنیان بۆ خوێندەواری و خوێندەواران و بیری شۆڕشگێڕی شاعیران بووە لەو وتە و شیعرانەی کە گوزارشتکەر بووە لە سۆز و دەربڕین و بیری شۆڕشگێڕیی ئەوان.

لەم ڕوانگەیەوە داڕشتنەوەی ئەنفال لە بەیتە میللییەکاندا ئەرکی هەموو دڵسۆزێکی ئەو کارەساتەیە ئەو توانایە لە خۆیاندا دەبینن، کەرەستەیەکی ساکار و دوور لە تەمومژی سەردەم بۆ ئەو چینەی ناو ئەنفال بەرهەم بهێنێ و بۆ چینی بەساڵاچووان بە گشتی کە لە دەرەوەی هەموو بایەخێکی مرۆیین و ئەوەشی لە دەستی ئێمەدایە بەرهەمهێنانی ئەو فاکتەرەیە کە بە یەکێك لە فاکتەرە ڕۆحییەکانی ئەوان دەژمێردرێ.

هەموو ئەوانەی باسمان کردن، نەکردنیان دەکەوێتە سەر ترسی دەسەڵاتی کوردی لە ڕامالینی پەردەی ساختە و دەرکەوتنی ڕووی ڕاستەقینەی ڕووداوەکان، دەسەڵاتێك نەیتوانیبێ بێ گوناهیی خۆی لە کارەساتەکاندا نیشان بدا، هەوڵ نادات بۆ زیندوو هێشتنەوەی، بگرە هەوڵ دەدا قودسیەتی

کارەساتەکە بە شێوەیەك بشێوێنێ کە جەللاد و قوربانی، ئەنفالکراو و ئەنفالچی، شۆڕشگێڕ و جاش ئەتککراو و ئەتککار، دڵسۆز و گەندەڵ یەك واتا و یەك بەهایان هەبێ، ئێمە پێویستە زۆر دڵنیابین لەوەی ئەگەر ئەو دەسەڵاتە لە گوناهی ئەنفالدا نەگلابێ، کردنی ئەو فاکتەرانەی باسمان کردوون زۆر ئاسانە و کوردیش ئەوەندەی خەڵکی بە توانا و دڵسۆز تێدایە ئەو ئەرکەی پێ بسپێردرێ، بەڵام هەوڵدان بۆ شێواندنی توانای ئەوانەش خۆ بەختانە و سەربەخۆیانە کار لەسەر ئەو کارەساتە دەکەن، ڕووخاندنی سەرخان و ژێرخانی پیرۆزییەکانی کوردە و نیشانەی پرسیار دەباتە بەردەم زۆر فاکتەر و پنت.

**پ: ئایا ئەدەبی کوردی بە تەعریفە جیاوازەکانی ئێوەوە بۆ ئەدەب چەند بەرپرسیارە لە بەردەم بیرنەکردنەوە لە ئەنفال؟**

و: ئەم پرسیارە ڕووبەڕووی کۆمەڵێ ئیشکالییەت و هێمای دیمان دەکاتەوە، لەوانە واقیعی ئەدەبی کوردی لە ڕابردوو ئێستادا، گومانی هەبوونی ڕۆشنبیری ڕاستەقینە، مەبەستم ڕۆشنبیری داهێنەر و نەحەپەساو بە ئەدەبی بێگانە با سەرەتا ئەوە بڵێێن کە ئەدەب بەرپرسیارەتیی زۆر گەورەی نەکەوتووەتە سەر شان لە مەسەلەی بیرکردنەوە لە ئەنفال، ئەدەب کە ڕۆمان و چیرۆك و شیعر دەکا، زۆر جار مرۆڤ دەخەنەوە بەر ڕێژنەی سۆز و لاواندنەوە، لەوێشەوە حیکایەتخوانی، پێویستمان بەوەیە ئەنفال لە حیکایەت و سەرگوزشتەی سۆزدارییانە دەربێنین بۆ جیهانی لۆژیك و مێژوو، مێژوو وەکو کرۆنۆلۆژیا و وەکو فێکشنیش، ئێمەش ئەدەبی مێژوویيمان ئەگەر هەشبێ مردوو و لاوازە، خاوەنی ئەدەبی مێژوویی نین، سەرباری ئەوەی ئەمڕۆ ئەدەبی بەرگری لە جیهاندا ڕەواجی نەماوە، تەنانەت ئەگەر جارێکی تر مەکسیم گۆرکی چیرۆکێکی تر وەکو دایك، یان دایکی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بنووسیبایە ئەو کاریگەرییەی نەدەبوو کە کاتی خۆی لەسەر چین و توێژەکانی خەڵکی دای نا و ڕۆحی بەرگری و بەرخودانی کردە دۆستی مرۆڤ.

دیسان بیرمان نەچێ ئەدەبی کوردی سەردەمە مێژووییەکانی خۆی

سروشتـیـیـانـه نـەبـڕیـوه و ئـێمـە نـاتـوانین پـۆلێنـیـان بـکـەین، چـونـکـە هـەمـوو سەردەمەکانمان تێکەڵ کراوه، هەروەها ئاسان نییه ئەدەبی میللی، ڕیالیستیك، بەرگری و مێژووی و فەنتازی و... هتد لێك جودا بکەینەوه، وەکو سەردەمی تایبەتیش پۆلێنیان بکەین لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا.

ئـەدەبـی ڕۆمـانـنـووسی گـرینـگـتـرین و هـەنـاسەدرێژتـرین کـاراکـتـره بـۆ گوزارشتکردن لە کارەساتە گەورەکان، بەڵام ئێمە لەو بوارەشدا زۆر لاوازین، ئەگەر ئەدەبی گێڕانەوه واته ڕۆماننووسین کۆنترین ئەدەبە لە نێو مێژووی جیـهـانـدا و پـاشان لـقـەکـانـی دی ئـەدەب هـاتـوونـەتـە ئـاراوه، ئـەوا ئـەدەبی ڕۆمانووسی لە نێو کوردا زۆر نوێیه و تەنانەت لە پاش ڕاپەڕین خەریکە هەندێك ئەو بواره گەشه دەکا و خەڵکانێك توانای خۆیان لەو بوارەدا تاقی دەکەنەوه، ئەمە جگە لەوەی ڕۆماننووسی کات تەرخانکردن و بیر تەرخانکردنێکی باشی دەوێ، ڕۆمـانـنـووسەکـانی ڕۆژئـاوا سالّی ڕۆمـانێك دەنووسن و ئـەو سالّـه بـه داهاتی ئەو ڕۆمانە دەژین و کاتەکەیان تەرخان دەکەن بۆ ڕۆمانێکی تر، بە چەندین شتی جیاواز و لاوەکییەوه سەرقاڵ نابن کە تووشی گرفتی دابڕان و بیر ئاڵۆزی بکا، بەڵام نووسەری کورد نە خۆی بەهاداره و نە بەرهەمەکەی، دەتوانم بڵێم نووسەری کورد لە مرۆڤایەتی و مرۆڤبوونی خۆیەوەیه دەنووسێ، دەنا نـاکرێ نووسەرێك تـەنـانـەت بۆ کورتـە چـیرۆکێکیش ئـەوەنده درەنگ بـتوانـێ بچێتەوه سەری زنجیرەی بیری تێك چووبێ و نەزانێ بە چ ئامانجێك سەرەتای دامەزراندووه.

ئێمە تەنیا دەتوانین گلەیی لە نووسەر بکەین بەبێ ئەوەی لە بارودۆخی خودی نووسەر و بارودۆخی چاپکردن و خوێنەر بپرسین.

لەمانەش هەمووی گرینگتر کاریگەریی دەسەڵات و سیاسەتی کوردییە لەسەر داڕشتنەوەی کەسیەتیی تاکی کورد بە نووسەرانیشەوه، بە ئاشکرا ئەوانەی بە شێوەی ڕاستـەقـیـنـە کـار بـۆ ئـەنـفـال دەکـەن دژایـەتـی دەکرێن و پـەردەیـەکـی ئـایـدۆلـۆجـی و بـەرژەوەنـدخـوازانـە بـە سەرمـەسەلـەی ئـەنـفـالدا دادراوەتـەوه هەڵدانەوەشی ئاشکراکردنی دەستی نێهێنیی تره، بۆیه نووسەره دەزگاییەکان و

نووسەری ئایدۆلۆجیپەرست نایەوێ بایەخ بە ئەنفال بدا و بەرژەوەندی خۆی لە پێناوی بەرژەوەندی گشتیدا بخاتە مەترسییەوە. جگە لەوەی خودی تاکی کورد بە هەموو چین و توێژەکانیەوە.

لە لایەکی تر سەرسامیی نووسەری کورد بە ئەدەبی عەرەبی و فارسی دەتوانین بکەین بە خاڵێکی تر، لەو خاڵانەی هەمیشە پەنای بۆ بابەتێك بردووە لە ڕوانگەی ئەو دوو ئەدەبەوە، ئەوانیش خۆیان کارەساتەکەیان بەسەر کورد هێناوە و بۆیە نەهاتوون گوزارشتی لێ بکەن و خۆشیان خاوەنی ئەو جۆرە کارەساتە نین، هەتا خاوەنی چامەی ئەدەبی بن و کوردیش وەکو هەمیشە بکەوێتە ژێر کاریگەرییان و گوزارشتی ئەدەبییانەی مێژووی کارەساتەکانی بنووسێتەوە، خۆ ئەگەر کورد میللەتێکی ئینگلیزیزان بووایە، ئەوا بە سەدان ڕۆمان و بابەتی ئەدەبیی گەورەی لەسەر جەنگی جیهانیی یەکەم و دووەم و ئاکارەکانی هیتلەر و ستالین لە بەردەستدا بوو، دەکرا ببن بە پاڵنەرێك بۆ لە دایکبوونی ئەدەبێکی گوزارشتکار لە کارەساتە گەورەکانمان.

ئەگەری پێوەندیی نێوان ڕۆشنبیر و دەسەڵات ڕۆشنبیر و ڕۆشنبیرییش ئەگەرێکی زۆر بەهێزی لاوازکردنی ئەنفالە لە پرۆسەی نووسیندا.

لەگەڵ ئەوەی جەدەلی نێوان ڕۆشنبیر و دەسەڵات هەتا ئێستا یەکێك بووە لە ئالییەتەکانی کارکردنی ڕۆشنبیر، لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆشنبیری کورد نەیتوانیوە لە دەرەوەی کەسە عەوامەکان بێ و کەسیەتیی نەکەوێتە ژێر کاریگەریی دارشتنەوەی سیاسی و خاوەنی پرۆژە و تایبەتمەندی بێ لە دەرەوەی کاریگەریی حزبە سیاسییەکان، لێرەوە جۆری پێوەندیی دەگۆڕێت بە پێوەندیی نێوان ڕۆشنبیر و حزب، نەك ڕۆشنبیر و دەسەڵات. ڕۆشنبیر هەڵگری مەعریفەیە و مەعریفەش وەکو فرەنسیس بیکون دەڵێ: ″خۆی لە خۆیدا دەسەڵاتە″ ئەوەش لە وڵاتانی دیموکراسیدا لۆژیکە، ڕۆشنبیر و هونەرمەندێکی خاوەن جەماوەر لە دەسەڵاتدارێك زیاتر خەڵك دەکەوێتە ژێر کاریگەریی بۆچوون و داواکانیەوە و دەسەڵاتیش وەکو هێزی بەرانبەر لێی دەڕوانێ، چونکە دەسەڵاتی ڕۆشنبیری لاوازتر نییە لە دەسەڵاتی سیاسی، هەر ئەو دەسەڵاتە ڕۆشنبیرییەش لە ژێر

کاریگەریی تیۆرییە کۆمەڵایەتی، سیاسی، فەلسەفییەکانی زانایان و ڕۆشنبیرەکانیان شۆڕشەکانی ڕۆژئاوا گەیشتن بە لووتکە و گۆڕانکاریی بابەتییان بەرجەستە کرد.

بەڵام لای ئێمە تێکەڵاوبوونی پێناسی فێرخوازە و ڕۆشنبیر و نەبوونی هێڵێکی مەعریفیی جیاکەرەوە، مەملەکەتێك ڕۆشنبیری بێ دەستمایەی فیکری و دەرەوەی کایەی ڕۆشنبیریی بەرهەم هێناوە، جۆرە مرۆڤێك ئەو هێڵە سووره نەبینێ کە وەزیفەی ڕۆشنبیر لە نێوان ڕۆشنبیر و دەسەڵات یان حزبدا دەیکێشێ، ئەویش درککردنە بە قەیرانەکانی کۆمەڵەکەی، کە درکیشی پێ کرد هەستکردن بە لێپرسراوێتی تا ئاستی وتەکەی سارتەر کە دەڵێ: "لە هەر کوێ ستەم هەبوو ئێمەی نووسەران لێی بەرپرسیارین" ئەو هەست بە بەرپرسیارەتییەی پێشتر باسمان لێ کرد ڕۆشنبیر نەك هەر لە بۆتەیدا تواوەتەوە، باوەڕی تەواویشی بەوەیە وەکو بوونەوەرێکی سیاسی مامەڵەی لەگەڵ بکرێ و مامەڵە دەکا، ڕۆشنبیرێك لە دەسەڵاتداران زیاتر غەمی جەماوەر کۆکردنەوەیەتی، لەوان زیاتر چەواشەکاری بەکار دەهێنێ بۆ ڕاکێشان و کۆکردنەوەی خەڵك، دەیەوێ ڕۆشنبیرێك لەگەڵ دەسەڵات هاوشان و هاوگوتار بێ، بەلای جەماوەرەوە بەها و تارماییی دەسەڵاتی هەبێ، لە قسەکردندا ڕەخنەگر نەبێ و، دیبلۆمات بێ و دڵی سەرجەم جەماوەر ڕازی بکا، وەکو ئەوەی چاوەڕوانی سەرکردایەتیی داهاتوو بێ کە لە دەستی ڕۆشنبیراندا بێ نەك سیاسەتمەداران.

بە هەر حاڵ بە دەگمەن ڕۆشنبیری ئایدیالمان هەیە، کە خۆی بە ڕەخنەگرتن و ڕاڤەکردنی کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسی و مرۆڤایەتییەکانەوە قاڵ کردبێ لە وەزیفەی خۆی دانەبڕابێ.

پەرتەوازەییی وەزیفەی سەرەکیی ڕۆشنبیرە ڕاستەقینەکانیش لە نێو تێفکرین و ڕاستکردنەوەی ئەو هەموو ناهەموارییەی وەزیفە نوێ جیاوازەکانی جیهانی ڕۆشنبیریی کوردی دروستی کردووە، وای کردووە، ئەنفال جەختی کەمتری بەربکەوێ، ئەمڕۆ هیچ هەنگاوێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری ڕەوتی دروستی خۆی ناگرێ کە دەرئەنجام پێویستی بە واعیز و ڕەخنەگر نەبێ و

تێفکرین بە لای لە دایکبوونی جیهانبینییەکی نوێدا بڕوا، هەنووکە بارودۆخێکی نیوە بە مەبەست دروستکراو نیوە بە ناچاری وای کردووە، ڕۆشنبیرە ئایدیالەکان فریای ڕاڤەکردنی ئەو هەموو پاسیڤە نوێیانە نەکەون، کەڕ ووبەڕووی کۆمەڵەکەیان دەبێتەوە و بەرنامە ڕێژییەکیان لە وەزیفەی خۆیاندا پێ ناکرێ.

لە ئەگەرێکی لاوازتردا دەکرێ هەندێك لە نووسەرانیشمان هێندە کارەساتەکە کاریگەریی لەسەر دانابن ئەوەشی لەسەر ئەنفال هەیانە بڵاوی نەکەنەوە، باڵای بەرهەمی ئەدەبی و نووسین و خودی پێنووسیش نەویتر ببینن لە باڵای زراڤ و مەزنی ئەنفال، خۆم یەکێکم لەوانەی بە هەموو شێوەیەك و توانایەك پەلاماری ئەو مەسەلەیەم داوە لە نامەنووسین و پێوەندیکردن بە دەسەڵاتدارانی هەر وڵاتێك تێدا ژیابێتم بە مەبەستی بایەخدان، تێگەیاندنیان لەو جینۆسایدەی بەسەر کورد هاتووە هەتا نووسین بەشی دوو کتێب لێکۆڵینەوە و وتارم لەبارەی ئەنفالەوە هەیە، چیرۆك و شیعر و دیداری ڕۆژنامەوانی «تەنانەت دیدارە ڕۆژنامەوانییەکانم لە پێناوی ئەنفال و تیشك خستنە سەر ئەنفال و هەڵەبجە ئەنجامم داون، نەك بە مەبەستی کاری ڕۆژنامەوانی» و ساڵی پاریش نۆڤلێکم دەربارەی ئەنفال نووسیوە، لەگەڵ هاندانی هاوڕێیانیشمدا نەمتوانیوە بە چاپیان بگەیەنم و کەمیشم لێ بڵاو کردوونەتەوە، بەڵام ئەوانەشی بڵاوکراونەتەوە بەسەر خوێنەردا تێ پەڕیوە و پێی نەزانیوە لە جیهانی کوردیدا بایەخی پێ نەدراوە، بۆ نموونە چیرۆکی ″کێ کوشتنەکەی ئاشکرا کرد″ پاڵەوانی سەرەکی سەگێکە، ئەو سەگە لە هەموو کارەکتەرەکانی ناو چیرۆکەکە بە هەستتر و مرۆخوازتر و دۆستخوازترە، ئەو سەگە، سەگێکی لە ئەنفال بەجێ ماوە بۆیە کراوە بە سەگێکی ئەفسانەیی.

هەمان چیرۆك کراوە بە ئینگلیزی، یەکێك لە مامۆستاکانی کلاسی یازدە ساڵی، پار کردی بە بابەتی کلاسەکەی، لە شیکردنەوەی کارەکتەرەکاندا خێرا ئەوەی پرسی تۆ دەڵێی ئەو سەگە لە لادێیەکان بە جێ ماوە، جێهێشتن کۆچکردنی بە کۆمەڵی ئەو شوێنە دەکا، دەنا دەکرێ سەگێك لە کاروان، لە ڕێگە

لە سەفەردا بەجێ بمێنێ، بەڵام لە لادێدا بەجێ نامێنێ ون دەبێ، پاشان باسی کارەساتی ئەنفالم بۆ کرد، چۆن هەموو شتێك ئەنفال کراوە، لە لادێیەکیش تەنیا سەگێك بەجێ ماوە و ئەنفال نەکراوە، لێرەوە ناڵێم چەند سەرسام بوو، بەڵام ئەڵێم هەتا ئێستا هیچ کوردێك درکی بەوە نەکردووە ئەو سەگە لە ئەنفال بەجێ ماوە، هەندێ جار بە گومانم لەوەی لە ناو کورددا خوێنەر هەبێ ئەو کارەساتە ئەوە دەگەیەنێ کە خوێنەری کورد زیاتر خوێنەری چێژوەرگرن نەك خوێنەری ڕەخنەگر یان ڕاڤەکار، دیسان واتای ئەوەیە، ئێمە خاوەنی ڕەخنەی ئەدەبی نین و ڕەخنەگری ئەدەبیمان لە پەنجەی یەك دەست تێ ناپەڕێن، لەوانەیە ئەگەر شتێکیش لەبارەی ئەنفالەوە نووسرابێ نەگەشتبێ بە خوێنەر، چونکە هەتا ئێستا هیچ ڕەخنەگرێکی ئەدەبی نەهاتووە لێکۆڵینەوەیەك تەرخان بکا بەو بەرهەمانەی تەنیا لەسەر ئەنفال نووسراون.

لەو ڕووەوە تەنیا ئەدەب لاواز نییە، هونەریش بە گشتی لاوازە، نەیتوانیوە شوناسێکی جیاوازتری لە ئاستی دەربڕینی وشەی ئەدەبی پێ بێ بۆ شوناسی ئەنفال.

**پ: ئایا ئاستی ئەو ترسە شاراوەیەی لای ئینسانی کورد هەیە بەرامبەر کوردبوونی خۆی، ترسێکە خاوەنی هێزێکی ڕۆشنبیر وایە کە بتوانی لە بری تۆڵە خۆی بکات بە هێزێك کە هەڵگری لێبووردن بێ. ئایا ئەم هێزە چەند دەسەڵاتی کوردی لێی بەرپرسیارە و چەندیش کۆمەڵگەی کوردی و ڕۆشنبیرەکانی بەرپرسیارن لە پیشاندانی؟**

و: ئەو ترسەی لای مرۆڤی کورد هەیە ترسێکی ڕەوایە، ناڕەوایەتی لە نەدۆزینەوەی گرێ کوێرەکانیدا کە خودی ترس لە ئایندەی کۆمەڵگە چارەسەری دەکا، کۆمەڵی دوای شەڕگەکان و کۆمەڵی پاشماوەی پاکتاوکردن، هەمیشە لە ترس و گوماندا دەژی، ترس لە ئایندە، ترس لە دووبارەبوونەوەی ڕابردوو و گومان لە دڵسۆزیی بەرانبەر، گومان لە ئینتما، گومان لە داهاتوویەکی بەختەوەر. چونکە پاکتاوکردن پرۆژەی دەرەوەی وێژدان و دژە ویژدانە، بۆیە گرینگترین ئامراز بۆ ئاسوودەیی ئەو کۆمەڵە، متمانەبوونە بە وێژدانی

بەرانبەر، بەرانبەری کوردیش بە هەر چواردەوردا دوژمنەکانیەتی کە تەنیا مایەی ترسن، لە ناوەوەش دەسەڵاتدارەکانیەتی کە مایەی گومانن.

کۆمەڵی پاشماوەی جینوساید، ترسی مامەڵەکردنی بازرگانی پێوەکردنیش دەبێ بە ترسێکی ناوخۆیانەی دی، بۆ ڕەواندنەوەی ئەو ترسانە جگە لە دابینکردنی هەموو ئەو خاڵانەی لە پرسیاری سێیەمدا ڕیزمان کرد کە جۆرێك لە متمانە دەگەڕێنێتەوە، پێویستیمان بە پڕۆژەی خۆشەویستی هەیە بۆ ڕەوینەوەی ئەو ترسە، کورد یەکێکە لەو کۆمەڵانەی ناحەزانی توانیان زۆر بە ئاسانی بیکەن بە دژە خۆی و دژە خود، مێژووی ڕابردوو لە هەبوونی ژمارەی ئەو هەموو جاش و خۆفرۆش و بەدەستەوەدان و دەنگ لێدانە ئەو ڕاستییەمان بۆ دەسەلمێنێ، متمانەنەبوونی تاکی کورد بە خود لەو فاکتەرانەوە سەرچاوەی گرت، هیچ پێکهاتەیەکی فیکریی دروستیش لە ئارادا نەبووە بۆ هێورکردنەوەی ئەو ترسە، پێچەوانەش ئەو ترسە پاش ڕاپەڕین پەرەی سەند بۆ فۆبیا واتە دەرەوەی ترسێکی ئاسایی، شەڕە یەك لە دوای یەکەکانی هێزە سیاسییەکانی کورد ڕێژەی ترسیان بەرز کردەوە تا ئاستی ڕق ئەستووریی تۆڵەکردنەوە، تۆڵەکردنەوە لە خود هەتا تۆڵەکردنەوە لە بەرانبەر، ئەو هەستە ئەمڕۆ گەیشتووە بە لووتکە زۆر ئاساییە کەسێك ئەوی تر بکوژێ، یان خۆی بکوژێ، ئەمە بەشێکی دەرئەنجامی ئەو نەزانییە بوو دەسەڵاتداران بەکاریان هێنا لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵی کوردیدا، ئەوانەی دوێنێ نەدەترسان و خاوەنی ئەو هێزە ڕۆشنبیرییە بوون کە باسی دەکەی، ئەمڕۆ لە کۆمەڵی رکەبەر و تۆڵەخواز و مەرگدۆست دەترسێ، مەرگدۆستی ڕووی لە هەر کۆمەڵێك کرد ڕووبەڕووی کارەساتی گەورە و مەترسیداری دەکاتەوە، ترسی ئەمڕۆی بەشێکی کوردستان ترس نییە لە کوردبوون، ترسە لە عەقڵ و دەروونی مەرگخوازی کورد، بە هەموو چەمك واتاکانیەوە، نەك تەنیا مەرگی جەستەیی، پێم وایە بە هۆی جیاوازیی هەندێ بارودۆخی زمانەوانی و خوێندنەوە و هەندێ بارودۆخی تری سیاسیی کوردی باشووری کوردستان کەم ترستربوون لە کوردبوونی خۆیان و شەرمۆکانە گوزارشتیان لێ نەکردووە، هەر ئەوەش وای کردووە قوربانیی

گەورەش بدات و جینۆساید بکرێ.

بەڵام خەباتگێڕانی کۆمەڵایەتی و سیاسیی بەشەکانی تر کوردستان ئەرکێکی قورستر لە مەسەلەی ئەو ترس ڕەوێنەوەدا چاوەڕوانیان دەکا، بە تایبەت ئەو ترسە گەیشتووە بە ئاستی خۆ بە کەمی زانی، ژمارەیەکی بەرچاویان "هونەرمەند و نووسەر و هاووڵاتی" تەنانەت لە وڵاتانی دەرەوەش نەك لە ناوخۆدا، ئەوەندەی خۆیان بە ئێرانی، تورکی و سووری دەناسێنن ئەوەندە بە کورد و کوردستانی خۆیان ناناسێنن، ئەوەندە خۆیان خزاندووەتە دەزگا ئێرانی و تورکی و عەرەبییەکانەوە بۆ کارکردن و چالاکی ئەوەندە ئاگەی لە ڕەوەندەکەی خۆی نییە، ئەمەش لە دوا ڕۆژدا کارەساتی گەورەتری لێ دەکەوێتەوە.

دیارە هەموو بەشەکانی کوردستان کارەسات و چەوساندوەکانیان زۆر نزیك و چوونیەك بووە، بەڵام ئەو جۆرە جینۆسایدەی باشوور لە مێژووی جیهاندا کەم وێنەیە، کارەساتیش ئەوەیە بەشەکانی تر خۆیان لە دەرەوەی ئەو چوارچێوەیە ببینن و نەیکەن بە شوناسی خۆیان، چونکە واتای ئەوەیە ئەو کارکردنەی دوژمنانمان لەسەر سایکۆلۆژیەتی تاکی کورد کردوویەتی بە تەواوی جێگیر بووە و کاری خۆی کردووە.

دەمێنێتەوە سەر چەمکی ڕۆشنبیری و تۆڵەکردنەوە کە لەم تەوەرەدا ورووژاندووتە، چەمکی ڕۆشنبیری، چەمکێکی زۆر لەوە بەرفراوانتر و باڵاترە لەوەی لە کۆمەڵێکی کشتوکاڵیدا کە زۆرینە نەخوێندەوارن بیکەن بە شوناس کام شوناسیش ئەو شوناسەی چارەسەری گرفتە سایکۆلۆجییەکانی پێ بکەن، زۆر جار سەرم سووڕ دەمێنێ خەڵکانێك بە خۆیان دەڵێن ڕۆشنبیر، لە ناو کایە کۆمەڵایەتییەکانی کوردا چەمکی ڕۆشنبیر، بیریار و فێرکار یان فێرخواز تێکەڵاوکراون، زۆر بە ئاسانی کەسێکی لە زانکۆ دەرچوو بە خۆی دەڵێ ڕۆشنبیر کە پێویستە بڵێ فێرخواز، یان یەکێکی خوێندەوار دەڵێ من نووسەر نیم، بەڵام ڕۆشنبیرم، لە ناو کورددا، چونکە خوێندەواری زۆر لاوازە، خوێندەواریان بە ڕۆشنبیر ناوزەند کردووە و تا ئێستاش هەر وایە، ڕۆشنبیر ئەو کەسەیە کە

توانای مەعریفی و فیکریی لە ئاستێکدایە دەتوانێ خوێندنەوەی جیاوازی بۆ پنتە جیاوازەکانی ژیان هەبێ و دەتوانێ کاریگەریی لەسەر کایە کۆمەلایەتییەکان دابنێ، واتە ڕۆشنبیری ئایدیاڵ، لە کاتێکدا ژمارەیەکی باشی نووسەران لە پەراوێزی ڕۆشنبیریدان، لە ناو ڕۆشنبیرانیشدا ڕۆشنبیری بەرهەمهێنەر و ڕۆشنبیری ئیستهلاکی هەیە، کۆمەڵی ئێمە زیاتر خاوەنی چەمکی دووەمە، ئەگەر خاوەنی ئەو ڕۆشنبیرییە بەرهەمهێنەرە بووایە ترسەکەی نەدەگەیشت بە ڕادەی مەرگدۆستی و نکۆڵیکردن لە شوناس.

ئێمە خاوەنی دیوەخانی خێڵەکییانەین لە بری سالۆنی ڕۆشنبیری و ئەدەبی، خۆ ناکرێ ئەو سەرلێشێوانەی لە ماڵپەڕ و بڵاوکراوەکان و زۆری ژمارەی بە ناو وتارەکاندا دەیبینین بە حاڵەتی ڕۆشنبیری ناوزەند بکەین. دیارە ئەگەر چەمکی ڕۆشنبیری چەمکێکی کارا بووایە لە ناو کۆمەڵی کورددا، چەمکی تۆڵەکردنەوە لاواز دەبوو، ئەو ڕقئەستوورییە لە بێ دەسەڵاتییەوە فەراهەم هاتووە، ئەو بێ دەسەڵاتییەی بە هۆی لاوازیی ڕۆشنبیرییەوە سەرجەم تایبەتمەندییەکان و چارەنووس و بەرژەوەندییەکانی پێشکێش بە دەسەڵاتێك کردووە کە لەو ترسەی ئەو ناکۆڵێتەوە، ئەو ترسەی وای کرد ئەوی هاووڵاتی دەنگی بۆ بدا، خۆی بۆ بەخت بکا و بیگەیەنێ بە پۆستەکان، ئەو ترسە بێ ئەنجام دەرچوو، ئەمڕۆ گۆڕا بە ڕك و تۆڵە و نەفرەت، بەڵام بەرانبەر بە کێ؟

ئەمڕۆ تۆڵە لە ڕۆشنبیری ئایدیاڵ دەکرێتەوە کە خۆی نەخزاندووەتە ناو گێژاوی میللیگەرایی و زەپۆشی عەریزە نووسینەوە، ناڕۆشنبیر و سیستەمی خێڵەکی تۆڵە لە بێ دەسەڵاتەکان دەکاتەوە، نەك لە دەسەڵاتدارەکان، ئەمڕۆ تۆڵە لەوانە دەکرێتەوە کە پێیان وایە ڕێزگرتنی جاش و ئەنفالچییەکان بەئەنفالکردنێکی تر دەژمێردرێ.

ئەگەر باسیش لە تۆڵەکردنەوەی ئەنفال بکەین، باوەڕم بەتۆڵەکردنەوەی کوشتن نییە، بەڵام باوەڕم بە بەخشین و دەسەڵاتداریێتیشیان نییە، بەپێچەوانەوە، پێویستە بژین، بەڵام ئەو جۆرە ژیان و بێ بەهایەی کە خۆیان مەرگ بەئاوات بخوازن، کە لای هەموو هاووڵاتییەك بچەسپێ چەمکی خیانەت

و وڵاتفرۆشی چ واتایەکی قێزەونی هەیە و کەسانی وڵاتفرۆش چەند خەڵکێکی دەرەوەی بەها و دەرەوەی مێژووی مرۆڤ بوونن.

لە کەنەدادا سزای لە سێدارەدان نییە، زیندانی تا هەتایی هەیە، یاخۆ زیندانی درێژخایەن بەپێی تاوانەکە، لە زیندانیشدا ئەشکەنجە و لێدان نییە، بەڵام ئەوانەی پێشێلی یاساییان کردووە و زیندان کراون ئەگەرچی تاوانەکەشیان نەگا بە تاوانی کوشتن و سیخوڕی بەجۆرێك سزای دەروونی نەك فیزیکی دەدرێن کە مەرگ بەئاوات بخوازن و هەندێ جاریش خۆیان داوای بە مەرگ سپاردنیان بکەن، ساکارترین سزا، بوونەوەرێك هەیە کە بۆنێکی ئێجگار ناخۆش بڵاو دەکاتەوە، بەڕادەیەك مرۆڤ بەرگەی پێنج چرکەی ئەو بۆنە ناگرێ، سزای هەندێك لە زیندانییەکان بردنی ئەو گیانەوەرەیە بۆ ناو ژووری زیندانییە، ئەگەر چرکەیەك بمێنێتەوە هەفتەیەك بۆنەکەی بنبڕ نابێ، ئەمە کوشتنی ڕاستەقینەیە، من پێم خۆش بوو سەدامیش لە سێدارە نەدرێ، هەتا ڕزین ڕۆژانە لە ڕووی سایکۆلوجییەوە بکوژرایە، ئەمە لە ڕووی ڕەکەبەرێتییەوە دەرنابرم، لە ڕووی زانستی و کۆمەڵایەتییەوە باوەڕم پێیەتی، مرۆڤی مەرگدۆست سەرکردە بێ یان هاووڵاتی، لە مەرگی بەپەلە ناترسێ، لە مەرگی هێواش دەترسێ، لە مەرگی سروشتی دەترسێ، لای ئەو بکوژ بێ یان کوژراو مێژووە، پاڵەوانییەتییە، گوناهە تاوانبار بکرێ بەپاڵەوان.

لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە، ئەگەر ئەو جۆرە سزا سایکۆلۆجییانە نەبرێنە ناو زیندانەوە چاکسازیی کۆمەڵایەتی بۆ تاوانە بچووکەکان بەرجەستە نابێ.

دیسان بیرمان نەچێ بەخشینی تاوانبارانی ئەنفال، جاشەکان و وڵاتفرۆشەکان، چەمکی خیانەت و شۆڕش و جاش و شەهیدی هاوتا کردووە، ئەوەش کۆمەڵێك بێ دەربەستی و تاوانی نوێی هێناوە و دەنێتە ئاراوە، بەخشین کاتێك گونجاوە تیۆرییەکی مۆراڵیی سیاسیی جیاواز لەوەی باوە پراکتیك بکرێ، ئەو کاتەی کایە سیاسی و ڕۆشنبیرییەکان لە بەرژەوەندی هاووڵاتی دەتوانن شۆڕشێکی ڕەوشتی بەرپا بکەن بۆ گۆڕینی ئاستی ڕۆشنبیری و ژیانی هاووڵاتی، گرێبەندی کۆمەڵایەتیی نوێ بکاتەوە و لەوێشەوە چەمکی بەخشین

دەتوانرێ باڵا بکرێ، بەڵام لە ئێستا هیچ گۆڕانکارییەك و تەنانەت هەوڵی گۆڕانکاریش لە کایە کۆمەڵایەتییەکاندا نەکراوە، ژیانی هاووڵاتییان و خەباتی پێشمەرگە و شەهید شوناسێکی جیاوازی بۆ نەدۆزراوەتەوە، هەتا سیاسەتێك هەبێ ئەوەندە جەسوور بێ بتوانێ فرۆشیارەکان ببەخشێ، نەك هەر بەخشین باڵاتریشیان کات لە ئاستی ئەنفال و شەهید، ئەمڕۆ ئاستی ڕۆشنبیری و ئاستی یاخیبوونی هاووڵاتییش بەرانبەر دەسەڵات لەوپەڕی لاوازیدایە، هاووڵاتییان زیاتر هاووڵاتیی دەزگایین، هاووڵاتیی مووچەخۆری منەتبارن، بەڵام ئەمە لەگەڵ کاتتدا دەگۆڕێ، دوور نییە ڕۆژێك هاووڵاتیی کورد وەکو هاووڵاتییانی فەرەنسی چۆن پاش مردنی بە خیانەتی میرابۆیان زانی، هێشتا لێی خۆش نەبوون و لە گۆڕستانی ناوداران و نیشتیمانپەروەرانەوە تەرمەکەیان گواستەوە بۆ گۆڕستانی پیاوخراپان، دەکرێ ئەمە چارەنووسی هەموو خیانەتکارانی ناو کۆمەڵی کوردیش بێ.

# 3

سازدانی: روناك ئەحمەد. هاوڵاتی

*"ئامادەیی ژن لەو ڕێکخراوانەدا ئامادەییەکی وەزیفییە لە ڕێگەیەوە حزب لە تاوانەکانی فیودالیزمی ئەنتی ژن دەپارێزێ"*
*لەبارەی ٨ی مارس و پرسی ژنانی کوردەوە*

**پ: ٨ی مارس ڕۆژی جیهانیی ژنان. پێت وایە ئەم ڕۆژە چ گرینگییەکی هەیە لە نێو کۆمەڵگەی ئێمەدا؟ ئایا ئەو ڕووداوە توانیویەتی وەچەرخانێك دروست بکا لەسەر دیدی باوکسالارانەی کۆمەڵگەکەمان لە بەرامبەر ژناندا؟**

و: ٨ی مارس و زۆر بۆنەی تریش لە ناو کورددا پەلەقاژەی گرتنەوەی فاڵی بەختێکی دۆڕاوە لەوەی گوایە ئێمەش میللەتێکین توانای وەرگرتنی گوتارە شارستانی و مرۆییەکانمان هەیە، ئەو گوتارانەی توانای ڕاگەیاندنی مەرگی ئەو پنتانەیان هەیە کاتی مەرگیان هاتووە و پێشنیاری پنتێکی نوێ دەکەن و بەرهەمی دەهێنێتەوە وەکو کۆمەڵێکی لە کارکەوتوو تەنیا ئیستهلاکیان ناکا.

بەشێکین لە کۆمەڵانی جیهان و بە ئاستی ڕێز و بەهای ئەوان، بەها بۆ ئەو ژنانە دادەنێن کە خۆیان بەخت کردووە لە ڕۆژگارێکدا ٨ی مارسی بە بەختکاریی ئەوان خەڵات کرد، ئەگەر تەنیا لە بۆشاییی نێوان ٨ی مارسی ئەمساڵ و ساڵی ڕابردوو بنوارین جەستەی سەدان ژنی تێدا لەت کراوە، زۆرترین ڕێژەی ژن لە جیهاندا لە نێو کورددا کوژراوە بەناوی شەرەفەوە.

تەواو هەست بە شەرمەزاری دەكەم بۆ كۆستی زیاتر لە ٥٠٠ ژنی كوژراو لە ماوەیەكی كەمدا، سەدانی سووتاو و سووتێنراو، ڕیكلامی ئاهەنگی ٨ی مارس دەبینم، ئاهەنگ بۆ كام دەستكەوتانە؟ چ بەرهەمێكی نوێمان لە ساڵدا بەدەست هێناوە بەراورد بە ساڵی ڕابردوو بۆ ئەوەی لای ژنان بەگشتی سەربەرز بین و ئاهەنگی بۆ بگێڕین؟ ئەو دەستكەوتانەی سێ ساڵ بەر ئێستا پیاو بۆی نەبوو ٣–٤ ژن بەناوی هاوسەریەتییەوە دابەستێ، یان ژن بەسەر ژنەكەدا بێنێ و ئێستا دەڵێن ئێمە عێراقین و یاسای عێراقیش یاسایی ئیسلامە كە ڕێگەی چوار ژن دەدا، ئاهەنگ بۆ شەرعییەتدان بە كوشتن ڕەجمكردن، یاخۆ بۆ مەزاتكردنی ژنان لە ژووری گەرمی دەسەڵاتداران و بەرزبوونەوەی ڕێژەی لەشفرۆشی بۆ ئاستی قوبرس؟ گەرچی من ئێستا لە نزیكەوە ئاگام لە بارودۆخەكانە ئەوەی ئێمە دەربارەی كوشتنی ژنان لە دەرەوە ئاگەمان لێیە، ژنان لە كوردستان و خەڵكی كوردستان بەهۆی بێ كارەبایی و بێ خزمەتگوزاری ئاگەیان لێ نییە، سیستەمی تۆتالیتاریش یەكێك لە ئامانجەكانی ئەوەیە كۆمەڵێ ئامراز بدۆزێتەوە بۆ بێ ئاگابوونی كۆمەڵ لە بارودۆخی خۆی.

پێم وایە ئەگەر ژنان ڕاستگۆ بن لە گەڵدا خۆیان لە بری بۆنە و ئاهەنگ گێڕان لە ٨ی مارسدا ڕووبەڕووی جیهان دەبنەوە بە داپۆشینی بارەگاكانیان بە لافیتەی ڕەش و ناوی دەنێن ڕۆژی كۆستی ژنان.

ئەگەر ژنان ناتوانن خاوەنی گوتارێكی ستاتیكی بن بۆ گۆڕینی شتەكان بۆ جوانتر، ئەگەر خاوەنی ئەو گوتارەن و دەسەڵات و سیستەمی كوردی سەركوتیان دەكا، با خاوەنی گوتارێكی ڕەمزیی لەو شێوەیە بن.

**پ: ئاین و كولتوور بە قووڵی ڕۆچوونەتە نێو هەموو پێوەندییە كۆمەڵایەتییەكانی ئێمەوە. ئایا تا چەندە لە فەزایەكی ئاوها داخراودا دەتوانرێ قسە بكرێ لەسەر ماف و ئازادییەكانی مرۆڤ بەگشتی و ژنان بەتایبەتی؟ ئایا ئاین و كولتووری ئێمە بەرپرسن لە زەوتكردنی ماف و ئازادییەكانی ژنان؟**

و: هەموو ئاینەكانی جیهان لە بنەمادا خاوەنی یەك تایبەتمەندیی هاوشێوە

بوون، ئەوەی توانیویەتی کۆمەڵێك لە کۆمەڵێکی تر جیا بکاتەوە و ڕێفۆرم لە ئاینەکەیدا بکات وەرگرتن و متمانەهێنان بووە بە گۆڕینی کولتوور، لە ناو کورددا ئاین کراوە بە بەهانەیەك بۆ مانەوە و زیندوو ڕاگرتنی بەشە مردووەکانی کولتوور، بەرەیەك نییە لە ژیانی کورددا بێدەنگیی هەڵنەبژاردبێ بەرانبەر هەموو کەموکوڕییەکانی ژیان کە کولتوور بەرهەمهێنەرێتی، پاسەوانیی ئەو سیستەمە لە کارکەوتووە نەکا کە کاتی مەرگیەتی و بە زۆری ئاین و نەریتە باوەکانی دی مۆڵەتی ژیانی بۆ دەخوازن.

ئەمەش هاوپەیمانییەتێکی لە نێوان هاووڵاتی و دەسەڵاتدا دروست کردووە، لەسەر بنەمای گەندەڵی، ئەمڕۆ هاوڵاتی و دەسەڵات بە ئاستی یەك گەندەڵی بەرهەم دەهێنن، لە بری بنیاتنان هەڵوەشاندنەوە، بێ بەهایی بەرهەم دەهێنن، ئەو دۆخەش سەرەتا کۆمەڵێکی لێوان لێوی دەویست لە گوتاری سازشکارانەی دەم بەخەندە بۆ گەندەڵیی دەسەڵات و ئەمڕۆش لە بری مردنی ئەو پنتانەی پێویستە بمرن، ژیانەوەی ئەوە نەریت و پنتانەی دەیان ساڵە مردوون بۆ گەندەڵیی هەردوولا بووە بە دیاردە، لێرەوە ژیانی مردوو، نەرێتی مردوو و گەندەڵی ئاکتیڤ دەکا و پاشان بووە بە کولتوورێکی گونجاو و ئاسایی لە کۆمەڵی کوردیدا، ڕۆشنبیری و ژیانی سیڤلی و کردەوەی دروستیش پاسڤ دەبێ و بووە بە کاری نامۆ و نەشازیش لە کۆمەڵی کوردیدا، واتە فاکتەرە مردووەکان و ئەوەی پێویستە بمرێ بووە بە کولتوور، چونکە کولتوور بەشێکە لە کەسیەتیی مرۆڤ کە کارتێکەرە بەسەر هەموو چەمکەکانی تری ژیان و هونەری گونجاندن لەگەڵ فاکتەرەکانی سەردەم و نوێگەری، واتە پێوەندیی تاك و کۆمەڵ بەرجەستە دەکا.

ئاینیش تەنیا پێوەندیی هەیە بە کارەکتەری تاکەوە، ئەگەر خاوەنی هۆشیاری بێ یان یاسایەکی سیڤلی ئاراستەی بکا، پێوەندیی تاك لەگەڵ تاك بەرجەستە دەکا.

ئەو کۆمەڵانەی خاوەنی سیستەمی دروست و عەقڵی بەڕێوەبردن نین، یاسا کەوتووەتە پەڕاوێزی ئاینەوە و پیرۆزیی یاسا و هەیبەتی کولتووری پۆزەتیڤ

(ئەریەتی) دەکەوێتە ژێر پێ و ڕەوایەتی بە هەموو ئەو میکانیزمانە دەدرێ کولتووری ئیفلیج و نەرێیی بەرهەم دەهێنن.

ئەم ڕاستییەش لە کۆمەڵی کوردیدا بووە کولتوور نەك تەنیا دیاردە و چارەسەرکردنی ئاسان بێ و ڕەنگدانەوەی بەسەر هەموو لایەنەکانی ژیانەوە دەبینرێ، لە مەسەلەی ژناندا زەقتر دەردەکەوێ.

ئەوەندەی گرانە لەم ئالۆزییەی کولتووری کوردی ئازاد بین، دوو هێندە گرانە ژن تێ بگەیەنین ڕۆڵی گەورەی لە زیندوو هێشتنەوە و دەست بە باڵەوە گرتنی کولتووری مردوودا هەیە.

ئەوەندەی ژن سکاڵا لە چەوساندنەوەی کولتووری نمایش دەکا، ئەوەندە بێ ئاگەیە لەو ڕۆڵەی دەیبینێ لەو کولتوورە نەشیاوەدا، زۆر لەوانەی ئەو ڕۆڵە دەگێڕن لەوانەن کە باس لە مافی ژن دەکەن.

ئەو کێشەیەش بە پڕۆژە چارەسەر دەکرێ نەك تەنیا بە قسە لە سەر کردن، ئەوانەی بەرپرسن لەو پڕۆژانە کە دەسەڵاتی کوردییە، دەسەڵاتێکی بێ نیاز و بێ پڕۆژە و بێ ترسە لە ئەمڕۆ و دواڕۆژی کۆمەڵی کوردی، چونکە لە بێ نیازی و بێ چاوەڕوانیدا دەسەڵاتی کەوتووەتە دەست، بۆیە تەنیا بوونی خۆی بە گەورەترین پڕۆژە و سەرمایە دەزانێ بۆ کورد و لە ڕوانگەیەوە هەموو ناڕەواییەك ڕەوایەتی پەیدا دەکا لە ئاستی ئەودا.

لێرەدا دەسەڵاتیش دەبێ بە دەسەڵاتی ئیستهلاکی نەك بەرهەمهێنەر وەکو چۆن هاوولاتی تووشی ئەو هەلایسانە بووە، پێکدادانی هەردوو پارادۆکسی هاوپەیمانیەتی و دژایەتی لە ئاستی پڕۆژە و بەرهەمهێناندا، ناڕەزایەتی و ڕازیبوونیشی دروست کردووە، ڕازیبوون لەوەی هەردوو لا گەندەڵ بن، ناڕەزایی لەوەی دەسەلات بەرهەمهێنەر نەبێ لە تەمەڵخانەکەی کوردستاندا، ئەمە و نەژیانی دەسەڵاتداران بێ مەرجی دەسەڵاتخوازی پاڵی ناوە بە دەسەڵاتەوە بۆ گەشەکردنی سیستەمی دیسپلینی هاوتای گەشەکردنی دەسەڵاتدارییان، هەتا ئەو سیستەمەش بەرەو گەشەکردنی زیاتر بڕوا و ببێ بە فۆرمی ئاراستەکراوی ژیان مرۆڤ زیاتر بەرەو مەرگدۆستی دەڕوا.

لەبەرئەوەی دەسەڵات لە سەرەوە بۆ خوارەوە و لە بەهێزەوە بۆ لاواز سەپاوە، مەرگ لە خوارەوە، لە لاوازەوە بۆ بەهێز دەسەپێ، لە ناو میللەتە کەڵچەر ڕووخاوەکانیشدا وەکو کورد ژن لە هەموو بوونەوەرەکان لاوازتر و بێ بەهاتر سەیر کراوە، مامەڵەی لەگەڵ کراوە و بەهای بۆ دانراوە.

کێشەی ژن لەوێدا دەبینم، بیانووەکانی تر لاوازن، عەرەب خۆی هەڵگر و داهێنەری ئاینی ئیسلامە کە یاسای عێراقیی پێ داڕێژراوە، لەگەڵ ئەوەشدا نە ژن بەم شێوەیە دەکوژراو و دەچەوسایەوە، نە ژنکوژیش هێندە بێ باك و ئازاد.

**پ: دیموکراسی ئەو مۆدیلە سیاسییەیە کە ئەمڕۆ لە هەندێك وڵاتی جیهاندا ئیشی لەسەر دەکرێ و لە سایەی ئەو سیستەمەدا زۆربەی چین و توێژەکانی کۆمەڵگە توانیویانە کەم تا زۆرێك بەمافەکانیان شاد بن. ئایا پێت وایە لە هەرێمی کوردستاندا ژنانی کورد دەتوانن سوودمەند بن لە پرۆسەی بە دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگەی کوردیدا؟ ئەگەر وایە بۆچی نەیانتوانیوە سوودمەند بن، لەو زەمینە سیاسییەی کە چەند ساڵێکە لەو هەرێمەدا هەیە؟ ئایا دەسەڵاتی سیاسی لەو هەرێمەدا ڕێگەیان پێ نادات یان ژنان بۆ خۆیان هێشتا لە ڕووی هۆشیارییەوە نەگەیشتوونەتە ئەو ئاستەی کە داوای مافەکانیان بکەن؟**

و: بەر لەوەی لە سیستەمی دیموکراسی بپرسین دەبێ لە توانای کۆمەڵگەی ئێمە بۆ وەرگرتن و بەرهەمهێنانی دیموکراسی بپرسین، ئایا شوناسی دیموکراسی لای هەردوو بەرەی دەسەڵات و هاووڵاتی چییە لە ناو کۆمەڵی کوردیدا؟ مۆدیلی دیموکراسی مۆدیلی سەروەریی یاسا و ملکەچبوونی دەسەڵاتە بۆ ڕێسا و یاساکانی دیموکراسی و دەیکات بە مۆراڵی گشتی، یاسای ئاینی و عەشیرەتگەری نا، یاسای پێشکەوتوو و سیڤلی لە دەرەوەی فاکتەرە ئاینی و کولتوورییەکان، وەکو وڵاتانی یەکەم، بەو شێوەیە سیستەمی دیموکراسی چارەسەی هەموو کێشەکانی لایە، تەنیا یاساش دەتوانێ دیموکراسی بسەپێنێ و بیکات بە کولتوور نەك تەنیا چەند بەندێك، بۆ نموونە لە خۆرئاوادا کە بە یاسای سزادان جگەرکێشان لە شوێنە گشتییەکان قەدەغە کراوە، خەڵك خۆی لە

ناوماڵدا جگەرە ناکێشێ و بۆ جگەرکێشان دەچێتە دەرەوەی ماڵەکەی، واتە یاسا کە بوو بە ڕەوشت. بە کولتوور و سیستەمی ژیانی گشتیی کۆمەڵگەی تاك دەنگ و تاك گوتار، بەتاڵ لە ئۆپۆزسیۆن و هەمەڕەنگی و هەمەدەنگی کۆمەڵی دیموکراسی نییە و تێیدا دروست نابێ.

ئایە تاچەند فەرمانڕەوایانی کورد لە ئاست تێگەیشتن و داڕشتنەوەی یاسای دیموکراسیدا مایەپووچ و شکست خواردوو نین؟ تاچەند هاوولاتییان یاسا و سیستەمی دیموکراسی تەنیا لە مافدا نابیننەوە لە دەرەوەی ئەرك؟

ئەو زەمینە سیاسییەی لەو هەرێمەدا لە ئارادایە لاوازترین خاڵی لە بەرژەوەندی ژن بەرجەستە نەکردووە و هەر بانگەشەیەکیشی کردبێ لە ڕیکلامی خۆ بەهەند زانین و خۆ بینینەوە لە کەناڵەکان زیاتر نەبووە بە یاسای فەرمی، ئەو زەمینەی سیاسییە تێپەڕاندنی هەموو پنتەکانی مۆراڵی گەیاندن و بۆشایی خستە سەرجەم پانتاییە فیکری و ئەخلاقی و مادی و مەعنەوییەکانەوە، هەموو بەهاکانی گەڕاندەوە بۆ هیچ، لەو هیچ گەراییەشدا نرخی ژن لە هیچەوە بەهیچ گۆڕاوەتەوە.

ئاسان نییە دەست پێکردن و بنیاتنان لەو کۆمەلانەی وەکو کورد دواکەوتنی سیاسی و دیبلۆماتی کۆمەڵناسی بووە بە سیمای تەڵخی هەموو دیاردەکان، لۆژێکی سیاسی لە ئاستی پیادەکردنی دیموکراسیدا نییە، دەسەلاتێك دیموکراسییانە نەبووە بەدەسەلات تا دیموکراسی سەرنەبڕێ، دیموکراسیش لە کۆمەڵێکدا فەراهەم نابێ کە فەرمانڕەوا و هاوولاتی ئیدمانی کولتووری نابووتکردن و زەلیلکردنی یەك بن لەو کولتوورەدا، چونکە بەهێز بێ هێز، دەسەلات بێ دەسەلات و گەورە بچووك و پیاو ژن زەلیل و نابووت دەکا، پێ ناچێ دیموکراسیی لۆکاڵ ئەگەر فەراهەمیش بێ هیچ لە کێشەکان بگۆڕێ، چونکە هەموو کێشەکانی ئیستا لە فەرهەنگی حزبە کوردییەکانەوە تەشەنەی کردووە.

کوردستان خۆشبەخت بووایە، ولاتێکی ئەورووپایی بۆ ماوەیەك داگیری دەکرد و حوکمی دەکرد نەك تورك و عەرەب و فارس، ئەوکات فەرمانڕەوا و

هاووڵاتی فێری سیستەمی دیموکراسی و بەڕێوەبردن و ماف و ئەرك دەبوون، لە ئێستا لە کێ چاوەڕوانی وەها گۆڕانکارییەك بکەین کە لای هەردوو ئەو فەرهەنگە لە دایك نەبووە، وەکو گوتمان هیچ بەرەیەکیش نییە بۆ کارکردن و ڕاگەیاندنی مردنی ئەو میکانیزمانەی پێویستە بمرن.

بە مەرگی ئەو پنتە لە کارکەوتووانە و داڕشتنی سیستەمێك لەسەر بنەمای دیموکراسی و جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت و ڕەچاوکردنی وەکو یەکی مافەکانی مرۆڤ و ئەم لۆژێکی جەنگەڵە لە کوردستاندا کۆتایی دێ.

**پ: ئایا ڕێکخراوەکانی ژنان تا چەند توانیویانە کاریگەرییان هەبێ لەسەر کەمکردنەوەی دیاریدەی توندوتیژی بەرامبەر ژنان؟ ئایا ئەم ڕێکخراوانەی کە ئێستا هەن تا چەند دەتوانن گوزارشت بکەن لە دەنگی کپکراوی ژنانی کورد؟**

و: ڕێکخراوەکان ڕەمزی ساتێکن لە مێژووی حزب کە هێشتا نەبووبوو بە دەسەڵات.

مێژووی ڕێکخراو مێژووی حزبە بەر لە دەسەڵاتبوونی وەکو هەر چینێکی تر کۆمەڵ ئامرازێك بوو بۆ دەسەڵاتسازی، ئامادەیی ژن لەو ڕێکخراوانەدا ئامادەییەکی وەزیفییە لە ڕێگەیەوە حزب لە تاوانەکانی فیودالیزم و ئەنتی ژن دەپارێزێ، لەبەرئەوەی دروستبوونی ڕێکخراو گوزارشت بووە لە زەمەنی لاوازی دەسەڵات، ئەمڕۆ کە بەهێزە و بووە بە دەسەڵات لای گرینگ نییە ژن نەك هەر بێ ماف و چەوساوە بێ بەڵکو بە ڕێژەیەکیش بکوژرێ کورد بە نەتەوەی ژنکوژ ناوزەد بکرێ و ڕێکخراوەکانیش دابخرێ، هەر ئەو ترسە و خواستی دەسەڵاتداری لە دڵی خودی ڕێکخراوەکاندا مەیلی گەمەیەکی سازشکارانەی شەرمۆکی لەسەر جەستەی ژن بەرپا کردووە.

ئەو گەمەیەش کارایە و کاراتریش دەبێ، چونکە تا خواستی دەسەڵاتداری زۆرتر و زاڵتر بێ ئاستی هۆشیاریی لاوازتر و کۆڵتر دەبێ، خواستی ملکەچبوون بالاتر دەبێ، مرۆڤی ملکەچ لە سروشت و بەهای ئازادی ناگا، تەنیا مرۆڤی ئازادیش هەڵگری مەزەندەکردن و هۆشیاری مافی بەرانبەرە، مافیش باسی کاتی نەبوونی دەسەڵات و ژێردەستەییە، کەواتە ژن کە بە مرۆڤی بێ دەسەڵات

ناو کۆمەڵ ناوزەدکراوە و کۆمەڵیش بێ دەسەلاتی دەسەلات ناکرێ لە زلهێزیی دەسەلاتەوە داوای ماف بکات، چونکە دەسەلات تەنیا لە کاتی لاوازیدا لە بەرجەستەکردنی ماف دەپێچێتەوە بێبەشیی ڕێکخراوەکان لە تایبەتمەندی گوتار و ڕۆشنبیری بەشێکە لە کێشەی باسکراو، کەمدەستییان لە دارشتنی پلانی کارکردن، بێ ئامانجی و هێزلاوازی لە شکاندنی دۆگما، لاوازیی ڕۆشنبیری دەگەیەنێ، ئەگەر ڕێخراوێك یان ڕۆشنبیریکیش خاوەنی تایبەتمەندییەك نەبوو جەسوورانە مەرگی کۆمەڵی نەریت و دۆگمای سیاسی و کۆمەلایەتی و مرۆیی ڕابگەیەنێ و میتۆدی نوێ بۆ ژیانی خۆی و ژیانی گشتی پێشنیاز بکا کۆیلە و نارۆشنبیرە، دیارە مەبەستمان کەمایەتییە ڕەنگینەکان نییە، کەمایەتی جوانی و ئومێدێکی ساتی دەبەخشن لە نێو وێنە گەورەکەی کۆمەڵدا، مەبەستم زۆرینەی کۆیلەکانە کە کاریگەرییان بەسەر ڕەوتی بووەکانەوە هەیە و ئەوانەی ڕەوایەتی دەدەن بە ناچیزەیی، چونکە دوا جار هاوسەنگییەکە هەر چۆنێك بێ ڕێکخراوێك ئەگەر نەیتوانی خاوەنی تیۆر و تایبەتمەندییەك بێ چاوی تر و زمانی تر بە ژن ببەخشێ جگە لە شوناسێکی کارتۆنی کلێشەیەکیش بە سەر و پەڕاوی دیکتاتۆرە گاڵتەکارەکان بە مان و بوونی ژن و مرۆڤ.

**پ: بە بۆچوونی بەڕێزت پیاوی کورد بۆ لە مافی ژنان دەترسێ؟ ئەم دیاردەیە لە ناو پیاوانی کورددا زۆر بەرچاوە و هەستی پێ دەکرێ.**

و: ئەو ترسە بەشێکە لە کولتووری لاوازەکان، ترس لە مافی ژن ترسە لە ئازادی، ترس لە ئازادی، سەرلەقاندنە بۆ ملکەچی و گیرۆدەبوونە بە گرێی لاوازیی کەسیەتی، مادام ئێمە خاوەنی ڕێژەیەکی ئێجگار بەرچاوی ژنی لاوازین و تا ئەو ئاستەش هەست بە ترسی پیاو دەکرێ لە مافی ژن واتە یەکێکین لەو نەتەوانەی خاوەنی ڕێژەیەکی بەرزی پیاوی لاوازین، لاوازەکان هەمیشە لە ترسدا دەژین، لاوازەکان زۆر بە ئاسانی یەك دەگرنەوە و کۆکن، لاوازەکان هەمیشە بەهانە ئامادەن و هەردەم لە هەوڵی زیندووکردنەوەی پرنسیپە مردووەکاندان بۆ داپۆشینی ئەو گرێی لاوازییەی لاواز دەیەوێ لە

بەرانبەری بشارێتەوە.

ئەوە کولتووری لاوازەکانە کاتێك کرانەوەی جیهان ژن ئاشنا دەکات بە خودهۆشیاری و بە پیاوناسی دەکوژرێ و هۆشیاری و عەقڵی پێ ڕەوا نابینێ، چونکە هەردوو فاکتەر ڕەوایەتیی کەسیەتیی ئەو وەکو نمرەیەك دەسڕنەوە و لاوازییەکان ڕوو دەکەون، فەراهەمهێنانی ئەو مەرامەش ژیانەوەی کولتووره مردووەکان دەخوازێ، هەر وەکو دەبینین سەرجەم کولتووره مردووەکانی کورد لە ئێستادا زیندوو کراوەتەوە و بڕیار و لێبووردن و یاسای دەسەڵات و حزبەکانیش پشتگیرین بۆی.

سەنتەری دەسەڵات لە ناو کورددا کە پیاوە، هەموو دەسەڵاتەکانی وەکو یەك پیادە کردووە، دەسەڵاتی سیاسی، ئاینی، دەسەڵاتی خێزانی و دەسەڵاتی ئابووری، لە سەرجەمیاندا دەیەوێ هەموو هەناسە و جووڵە وزەیەك بۆ خۆی پاوان بکا. پاوانخوازیش جارێکی تر سروشتی مرۆڤە لاوازەکانە، لێرەوە هەموو میکانیزمەکانی بوون و مانەوە لە ئیرادەی لاوازەکانەوە هەڵدەقوڵێن، ئەو کایانەیە هەموو بوارەکانی ژیانی ئێمەی لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە هەتا ژیانی مرۆیی، بە لاوازی و دۆڕاوی و بێ بالآنسی بەرهەم دەهێنێ، چونکە ئەو کاراکتەرانەی سەنتەری جۆرە جیاوازەکانی دەسەڵاتیان گرتووە کارەکتەری وەهمین و نەیانتوانیوە لەسەر بنەمای نەخشەیەکی دروستی مرۆیی و شارستانی بنیاتی کەسیەتی خۆی بنێ، پراکتیکی دەسەڵاتی بە ئاقارێکی دروست ئاراستە بکات، لێرەوەیە کابانێکی ماڵ دەبێ بە لێپرسراوی ژنان، خزمی لێپسراوێك بەبێ کواڵەتی دەبێ بە وەزیر، جاشێك دەبێ بە بەرگریکاری ئەنفال، گەندەڵێك دەبێ بە سمبولی خاوێنی.

ئەمەیە وا دەکات کە لێبووردنێکی وەکو ئەوەی سەرۆکی هەرێم دەردەچێت بۆ ئازادکردنی بکوژ و تاوانبار و دز و خراپەکارەکان، ژنانی زۆر و زەوەندی ناو کۆشك و تەلارەکان بیدەنگ و شەرمۆك ڕیزپەڕکردنی هەموو کێشەکانی ژن لەو بڕیارە ناکەن بە ئامانج.

کێشەش تەنیا لەوەدا نییە کارەکتەری دەسەڵاتە جیاوازەکان لەسەر بنەمای

نادروست بنیات نراون، لەوەشدایە ژمارەیەکی بەرچاوی ئەوانەش خۆیان بە ئـەنـتـی کـرداری ئـەوان دەزانـن وزە لـەو کـارەکـتـەرە لاوازانـەوە وەردەگـرن و گاگۆلکێکەرەکانیان پێ دەگەیەنن.

بە سەدان ڕۆژنامەنووس بانگەشەی دژە گەندەڵی دەکات و لە هەمان کاتدا گەندەڵ پێ دەگەیەنێ. ژنکوژ و ژن چەوسێنەر و ئەتکاری کۆمەڵ پێ دەگەیەنێ و پێ گەیاند و ناوبانگی خۆی لە میانەی کارەکتەرە وەهمییەکانەوە دەبینێتەوە.

کۆمەڵی ئێمە کە ئالۆودەی کولتووری لاوازەکانە، ئاوێنەیەکی هەیە تەنیا یـەك ڕەنگ دەردەخـا، ئـەویش وێـنـەیـەکـی سیـحـراویـی خـەیـاڵ دروستـکراو دەردەخـات، هـەمـوو شەڕەکـانـیش لـە سەر ئـەوە دەکـا پـەنجە و فلـچـەی تـر نەنگییەکانی ئەو وێنەیە نەبینێ و هێلکاریی نەکا لەناو چوارچێوەی وێنە گەورەکەی کۆمەڵدا نایابیی بەرکەوێ، خودنایابی یەکێکە لەو گرفتانەی کۆمەڵ و تـاکـی وڵاتـانـی جـیـهـانـی سێیـەمـی گرفـتـار کـردووە. ئـەوانـەش لـەو جـەنگە دەروونییەدا دەژین ڕەگەزی بەرانبەر بە یەکەم ململانێکاری خۆیان دەزانن.

هـەمـان گـرفت لای ئـەو ژنـانـەش هـەیـە کـە کـەوتـوونـەتـە ژێر کـاریگـەریـی خودنـایـابیی نەریـەتی، بۆ نموونە لەبەرئەوەی تاکی نـایاب لای کورد پیاوە، زۆر ژن بـە شێوەیـەك لاسایـیـی پیـاو دەکـاتـەوە، هـەندێکی تر ئـەوندە نـواندن دەکـا سەبـارەت بـەو سیفـەتـە نەگـەتیڤانـەی پیـاو دڵشاد دەکا، دەکرێ ژنێکی زۆر وریا هێندە دەبـەنگ بـاسی خۆی بکا و خۆی نیشان بدات کە بلێ لە ماڵ دەرچووم نـازانم بگەڕێمەوە یان نازانم بە تەنیا بـازاڕێك بکەم.

ئـەگـەر تـەنـیـا سروشتـی قسەکـردنـی ڕۆژانـەی تـاکـەکـان وەرگـریـن دەزانین میللـەتێکن هـەڵایساو بـە کارەکتەری لاواز، ئەگەر گەڕاینەوە بۆ ئاستی ترسی ڕەگەزییش دەزانین ئاستی پیاوانی ئەو کۆمەڵگەیە لە کوێوە بەرجەستە بووە.

# 4

سازدانی: خەڵەف غەفوور.

ڕۆژنامەی جەماوەر. ژمارە ٢٣٧

هەمیشە ئەو کۆمەڵگەنەی عەقڵی خێڵ تەحەکوم بە ژیانیانەوە دەکا، کۆمەڵگایەکن دیاردەی لە بابەتی کوشتنی ژن، دیاردەیەکی باو و بڵاوە تێیاندا و ڕۆژانە دیمەنی تراژیدی لەو جۆرە چەند بارە دەبێتەوە، ژن لەو کۆمەڵگانەدا هێمایە بۆ شتێکی موقەدەس، کە بە ″شەرەف″ ناو دەبرێ، بۆیە بە بیانووی پاراستنی ئەو شتە موقەدەسەوە، لە بەرانبەر هەر لادانێکی ژندا لە بازنەی کولتووری خێڵ دەکوژرێ و زۆرجاریش ئەمە فۆرمێکی ئاینیی پێ دەدرێ.

ئەمڕۆ لە کوردستاندا ژن کوشتن پەرەی سەندووە، تەنانەت لەوەش خراپتر پاش کوشتنیان جەستەیان دەشێوێندرێ، بێگومان لە کاتێکی واشدا قسەکردن لەسەر ئەم دیاردە دزێوە گرینگیی خۆی هەیە، هەر نا هەواڵێکە بێ کاریگەری نییە. ئەگەرچی بابەتەکە زۆر لەوە زیاتر هەڵدەگرێ، بەڵام هەوڵ دەدەین لە ڕێگەی وەڵامدانەوەی چەند نووسەر و ڕووناکبیرێکەوە بە چەند تەوەرێك قسە لەم دیاردەیە بکەین. لە تەوەرەی یەکەمدا ڕووناکبیر و فێمینیستی دوورە وڵات «کازیوە ساڵح» وەڵامی پرسیارەکانمان دەداتەوە ئەوەش ڕوونە کازیوە پێویستی بە ناساندن نییە.

**پ: چۆن شەرەف پێناسە بکەین بۆ ئەوەی لە شەرعیەتی شەرەفپەرەستی کەم بکەینەوە، یاخۆ ببینە خاوەنی ڕوئیایەکی جیاوازتر لە ڕوئیای خێڵ بۆ شەرەف. ئەمە لە کاتێکدا خێڵ بەردەوام کار لە سەر هێڵەکانی تۆخکردنەوەی ستراتیژی شەرەفپەرستی دەکا و بێدەنگییەکی سەیریش لە ئاست ئەم ستراتیژەدا دەبینریٚ؟**

و: شەرەف تەنیا کۆدێکە تاکرەوە و میراتگری پەسەند ناکا، شەرەف پاکیی هزر و عەقڵە، دروستیی دەروون و بۆچوونە، خۆشەویستنی نیشتمان و مرۆڤە.

شەرەف ئەوەیە مرۆڤ زیانی بۆ بەرانبەر نەبیٚ، هەموو ئەو فاکتەرانەی تەنیا زیان بە خۆی دەگەیەنیٚ نەك بەرانبەر تەنیا پابەندی خۆیەتی و کەسێکی تر نە دەبیٚ بە خاوەنی و نە بەرپرسیشە لێی، مرۆڤی دەرەوەی مۆرالیش هەڵگری هیچ کام لەم پرەنسیپانە نییە و گوشار دەخاتە سەر تاکەکانی تری خێزانەکەی ئەو پرەنسیپانەی بۆ دەستەبەر بکەن، دیارە گوشار و زاڵییەتیش کاتێك ڕەوایەتی دەدۆزێتەوە مرۆڤی لاوازتر و نەویتر بدۆزێتەوە، بەپێی دیدبینیی خێڵیش ژن، ئافرەت مرۆڤێکی نەویتر و لاوازترە و لەوێوە بوونەوەرێك دەدۆزێتەوە هەندێك کەلێنی بیٚ پرەنسیپیی خۆی پیٚ پڕ بکاتەوە، شەرمەزاری لەوەدایە تا ئێستا خەڵکانێك هەبن نێو لنگی ژن بگەڕێن بۆ شەرەف بۆ هزر، عەقڵ، دەروون، نیشتمان، مرۆڤبوون و ژیاندۆستی.

وا پێشبینی دەکەم کاتێك ژنانی کۆمەڵی کورد، بەرانبەر بە پێناسە و چەمکی ڕاستەقینەی شەرەف هۆشیار بوونەوە، ئەوانیش دەست دەکەن بە تۆڵەکردنەوە و پیاو کوشتن، چونکە توندوتیژی ڕۆحی تۆڵەکردنەوە و توندوتیژیی سەختتر بەرهەم دەهێنیٚ، بەو پێیەش پیاوان دواڕۆژی خۆیان خستوەتە مەترسییەوە.

زۆربەی ئەو پیاوانەی ژن دەکوژن و دەچەوسێننەوە بە ناوی شەرەفەوە، لە شوناسی ڕاستەقینەی شەرەفدا نەك هەر بیٚ شوناسن، تاوانباریشن، زۆربەیان لە بنەمادا بکوژ، جاش و خۆفرۆش و دز و گەندەڵ، ئەنفالچی و بیٚ هزرن... هتد.

ئەگەر بەپێی بۆچوونی پیاوان بیٚ و شەرەف تەنیا واتای شوناسی خودی تاك نەبیٚ، ئەوا بۆ ژنانیش، باوك و برا و هاوسەربوونی ئەو جۆرە پیاوانە

شەرمەزارییە و پەڵەی ڕەشە بەنێوچەوانی ژیانەوە، ئەگەر ئەمڕۆ ماف بە خۆی بدات ژن بکوژێ بە ناوی شەرەفەوە، ناچارە سبەی ڕێگە بەژنیش بدات ئەو بکوژێ بە ناوی شەرەفەوە، ئەو دیاردەیەش نالۆژیکی و خەیاڵی نییە و هاوکێشەیەکی زانستی و فەلسەفییە و لە ناو هەندێ لە کۆمەڵگەکاندا ڕووی داوە، لەوانە کۆمەڵی ڕۆژهەلاتی نزیك بە کولتووری کوردی وەکو کۆمەڵی میسری دەهێنمەوە لەساڵی ١٩٩٨دا ڕێژەی پیاو کوشتن بە دەستی ژن بیست و یەك بەرابەر زیادی کرد بەراورد بە ساڵانی پێشوو.

هەتا ئەو تاوانانەش نەگەیشت بە لووتکە حکوومەتی میسری بیری لە زۆر کایەی ژیانی کۆمەلایەتی و مافەکانی ژن نەکردووە و پاش ئەو مێژووە ژن مافی سەفەرکردنی بەبێ هەواڵی پیاوی وەرگرت و بە تەواوی دانیان بە مافی جیابوونەوە لە لایەن ژنەوە نا.

لە ناو کۆمەلانی ڕۆژئاوایشدا هەمان ئەزموون هەیە و کاتێك ڕێژەی توندوتیژی بەرانبەر بە ژن زیادی کردووە، پاش ماوەیەك کاردانەوەی لە لای ژنیش زۆر خراپ کەوتووەتەوە و هەمان ئاکار لای ژنانیش پەرەی سەندووە، ئەوەش تێڕوانینمان دەگەیەنێ بە بۆچوونێکی سپێنوزا کە پێی وایە توانای ئێمە بۆ ئازار چەشتن گوزارشت لە هیچ ناکات تەنیا لاوازیی خۆمان لە خۆدەگرێ "لاوازیش ئاکاری مرۆڤی بێ دەسەلاتە، هەر بە بۆچوونی سپێنوزا مرۆڤی بێ دەسەلات واتە مرۆڤی بێ بەرگری "بێگومان مرۆڤی بێ بەرگریش مرۆڤی کۆیلەیە، کۆیلەش مرۆڤی نائارام و غەمبارە" لە مەسەلەی ژنانی ئەنفالدا بە درێژی باسی ڕەهەندی خەم و خەمباربوونم کردووە، لێرەدا تەنیا دەڵێم مرۆڤی خەمبار و نائارام بەرهەمهێنەری ڕق و نیرۆدییەتە، بەپێی زانستی دەروونی ئەو دوو دۆخە مرۆڤ بۆ دوو بار ڕادەکێشن تەسلیمبوون بە ئازار یان دەرچوون لە لۆژێکی یاخیبوون، هەندێ جاریش سەرەتا تەسلیمبوون و پاشان دەرچوون لە خۆ دەگرێ، لێرەوە ژنێکی خەمبار یان چێژی سێکس لە دەست دەدا یان بەجارێك دەبێ بە کۆیلەیەکی سێکسخواز، یان ئەوەندە تەسلیمی ئازار دەبێ حەز دەکا بکوژرێ یان خۆی خۆی دەکوژێ، یان لە ناکاو دەبێ بە بکوژ.

لێرەوە پێویستە پیاوان و کۆمەڵی کوردی بەگشتی ئەوە بزانن هەتا توندوتیژی و گوشار لەسەر ژنان زۆرتر دەبێ ڕێژەی لەشفرۆشی و تاوانیش زۆرتر دەبێ و ئەگەر حکوومەتیش زوو فریای ئەو ناهۆشیارییە نەکەوێ تاوانەکانی داهاتوو بە دەستی ژن دەبن.

**پ: مێژووی شەرەفپەرەستی دەگەڕێتەوە بۆ کەی؟ خاڵی هاوبەش لە نێوان کۆی قۆناغەکانی مێژووی شەرەفپەرستی چییە؟**

و: لە هەندێ سەرچاوەی کۆندا چەمکی شەرەف لە وشەی گریکیی (Timao) هاتووە واتە نرخدانان، بەها و ڕێزگرتنی بەرانبەر، ئەو سێ چەمکەشیان لە ڕستەی ″دراوسێیەکەت وەکو خۆت خۆش بوێ″ کورت کردەوە و پاشان دەپرسێ ئەگەر کەسێك بێ ئاگا بە ناو مەترسییەکدا تێ پەڕی ئاگەداری دەکەیتەوە و نرخی بۆ دادەنێی یان وازی لێ دەهێنی؟ خوازیارم نرخی ڕۆحەکان بزانن. ئاگەدارکردنەوەکە بەهایە واتە شەرەفە″.

کەواتە بەپێی بۆچوونی گریکییەکان کە خۆیان داهێنەری هەردوو چەمکی شەرەف و ئەخلاقن، شەرەف واتە خۆشەویستی بۆ مرۆڤ، ڕێزگرتن و بەها زانینی مرۆڤ.

لە ئەنجیلیشدا هاتووە، قەشە ″براچیا″ کە یارمەتیی مەریەمی دابوو لە پەروەردەکردنی عیسای کورپدا، ڕۆژێك پاش کاری کڵێسە دێتە لای مەسیح و لێی دەپرسێ مەزنترینی دە فەرمان چییە؟ ئەویش لە وەڵامدا دەڵێ: «من مەزنترینی دە فەرمان نابینم، تەنافێکی ئاڵتوونی دەبینم کە بە نێوانیاندا تێ دەپەڕێ و هەموویان خێراتر و یەکتر دەخا، ئەویش تەنافی خۆشەویستییە، خۆشەویستیی خوا، کەسێك پڕ بێ لە خۆشەویستی ناتوانێ بکوژ بێ، کەسێك پڕ بێ لە خۆشەویستی ناتوانێ گەواهیی درۆ بدا و ناتوانێ حەز بە داگیرکردنی ئەوی بەرانبەر بکا، شەرەفی خوا و مرۆڤ دەزانێ، ئەوەی پڕ بێ لە خۆشەویستی هیچ جۆرە فەرمانێکی ناوێ». لێرەدا جارێکی تر خۆشەویستی واتای شەرەف دەکات و عیساش خۆشەویستیی خوا و خۆشەویستیی مرۆڤ هاوتەریب دەکا، واتە ئەوەی مرۆڤی خۆش نەوێ خواشی خۆش ناوێ، ئەوەشی خوای خۆش بوێ

مرۆڤی خۆش دەوێ.

بەو پێیە مێژووی سەرهەڵدانی شەرەف لە ڕووی فەلسەفی و جیهانبینیی مەسیحەوە یەك واتا دەبەخشن ئەویش خۆشەویستی و بەها دانانە بۆ ڕۆحی بەرانبەر و هەست بە بەرپرسیاریەتی کردنە لە پاراستنی ئەو ڕۆحەدا، لێرەدا شەرەفپەرستی وەکو چەمکی مرۆڤدۆستی و چاکە خوازی خۆی نمایش دەکا و خاڵی هاوبەشی نێوان فەلسەفەی سەرهەڵدانی شەرەف و بۆچوونی ئاینی مەسیح بۆ شەرەف یەك تەوەرە.

دیارە بۆ جیهانی ڕۆژئاواش پاش تێکۆشان و گۆڕانکاری لە پەیڕەوی ئاینیدا هەر وا ماوەتەوە و شەرەف خۆشەویستییە و هەر کەس هێندەی قەوارەی خۆشەویستییەکەی بۆ مرۆڤ و دیاریدەکانی دەوروبەر بە شەرەفە و کەسیش هەڵگری ئەو شەرەفە نییە بۆ کەسی تر، چونکە مەسەلەیەکی کەسییە و بوونی تەنیا لە دڵ و دەرووندایە.

ئەو مرۆڤەی نزمترین ڕێژەی خۆشەویستی لە دەروونیدا بێ، بچووکترین ڕێژەی ڕەوشت و شەرەفی مرۆڤانەی لە خۆگرتبێ ناتوانێ بکوژ بێ، ناتوانێ خۆی وەکو دروستکەری کەسێکی تر بچووێنێ و داوا بکا هەموو شوناس و کەسیەتیی بەپێی خواستی ئەو بەرجەستە بکا. بەڵام لە ڕۆژهەڵاتدا و بەتایبەت لە ناو ئەو گەلانەی لە وڵاتە عەرەبییەکاندا دەژین و یان کاریگەریی کەڵچەری ئەوانیان لەسەرە، لەگەڵ سەرهەڵدانی ئاینی ئیسلام و کولتووری عەرەبدا ئەو شەرەفە لە خۆشەویستییەوە دەگۆڕێ بە ڕك و بوغز و بەرهەمهێنەری مرۆڤی نێرۆتی.

خاڵی هاوبەشیش لەو هاوکێشەیەدا لە نێوان هەردوو ئاین و کولتووری عەرەب کە کوردیش بە ڕۆح و ڕەوشت تێیدا تواوەتەوە، کۆدی کۆیلەبوونە بۆ ڕەوایەتیدان و کۆیلەکردنی مرۆڤ.

**پ: شەرەفپەرستی لە کوێدا بۆ شەرعیەت دەگەڕێ، زۆر جار قسە لەسەر ئەوە دەکرێ کەوا ئاین ڕۆڵی بەرچاوی هەیە لە پرۆسەی شەرعییەت وەرگرتنی شەرەفپەرستیدا، لە بەرامبەریشدا پیاوانی ئاینی هەمیشە ئەوە بە بانگەشەیەکی مەترسیدار بۆ ناشیرینکردنی ئاین وەسف دەکەن، ئەو بیرۆکەیە**

**ڕەت دەکەنەوە، ئێوە تێڕوانینتان چییە؟**

و: من چەمکی شەرەفپەرستی بە دروست نازانم بۆ وەسفی ئەو بارودۆخەی لە کوردستاندا هەیە، خوازیار بووم شەرەفپەرستیی لە خۆگرتایە بەپێی پێناسەی ڕاستەقینەی شەرەف، ئەگەر ئێمە میللەتێکی شەرەفپەرست بووینایە دەبووین بە شانازیی مێژووی جیهان چونکە دەبووین بە گەلی نموونەیی لە بەها مرۆڤایەتییەکان و خۆشەویستیدا نەك شەرمهێنەر، ئەو دۆخە بە ئەتککردنی شەرەف ناودەبەم، ئەوەی لە ناو ئێمەدا ڕوو دەدات ئەتککردن و بێ نرخکردنی شەرەفە، چونکە بێ نرخکردنی مرۆڤ و کوشتن و خوێنڕشتن و ڕك و بوغز و خەمۆکیی لە هەناودا هەڵگرتووە.

ئەوەی میللەتی ڕۆژهەڵاتی ناوی ناوە شەرەف داهێنانی کۆیلەکانە بۆ ڕازیکردنی دەسەڵات، دەسەڵاتی سەروو کۆیلەکانیش لە کۆندا برجوازییەکانی کڕیاری کۆیلە بووە و پاشان ئاینەکان.

بنەمای ئاین لەسەر بنەمای ئەتککردنی شەرەف و کۆیلەکردنی ژن سەری هەڵداوە، بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییەش دەگەڕێمەوە سەر داستانی ناعەقڵانیی ئادەم و حەوا.

لەبەر خاترجەمیی ئادەمی بێزار لە تەنیایی، حەوا لە پەراسووی چەپی دروست دەبێ، لەگەڵ دروستبوونی کێشەش دروست دەبێ، چونکە نابێ ئەو پیاوە گوێ لە ژن بگرێ بەپێی داستانەکە ژن کە حەوایە فریودراوە و فریودەرە، فریودراوە گوایە مارەکە شەیتانە و فێری کردووە بە ئادەم بڵێ لە بەری دارسێوێکی حەرامکراو بخوا و هەروەها فریودەریشە لەبەرئەوەی ئادەم بە قسەی کردووە و لە سێوەکەی خواردووە.

لێرەدا ئەگەر بۆ خواست بگەڕێین، پیاو کە هەمیشە خاوەنی هەموو خواستێکە لەم بەشەدا بێ خواست دەمێنێتەوە، چونکە گوێی لە حەوا گرتووە ئیتر حەوا تاوانبارە جا با ئەو پیاوە بە خواستی خۆشی ئەوەی کردبێ، هەر ژنەکە تاوانبارە، واتە نابێ بە هیچ شێوەیەك ژن ڕێنیشاندەری پیاو بێ خۆ گەر پیاوێك ئەو هەڵەی کرد ئەو فریوخواردووە، لە هەمان کاتدا دەڵێ تەنانەت

گیانلەبەرێکیش دەتوانێ ژن فریو بدات، مارێك حەوای فریوداوە، بۆیە پێویستە پیاو هەمیشە ئاگەی لێ بێ و پارێزگاریی بکات کە فریو نەدرێ، ئەم فریودانە وا دەخوازێ ژن ببێ بە شەرەفی پیاو بۆ ئەوەی بەرگریی لێ بکا.

هەروەها ئێمە باسی مەسیحمان کرد چۆن شەرەفی بە خۆشەویستی ناوزەد کردووە، بەڵام لە هەمان کاتدا هەڵگرانی ئاینی مەسیح هەڵگری ئەو خۆشەویستییە نەبوون بۆ مرۆڤ جگە لە مێژووی خوێناوی مەقسەڵەکان نموونەی نامەیەکی پۆڵس پێغەمبەر بۆ خەڵکی کۆرنتۆس لە (الصحاح) دەهێنمەوە «سەبارەت بە ئەو شتانەی بۆتان نووسیبووم بۆ پیاو چاکترە دەست لە ژن نەدا، بەڵام بۆ ئەوەی زینا دروست نەبێ چاکترە هەر پیاوەی ژنێك و هەر ژنەی پیاوێکی هەبێ، بەڵام بەوانە دەڵێم کە ژنیان نەهێناوە یان بێوەژنن، چاکترە ئەگەر بتوانن وەکو من بمێننەوە، بەڵام ئەگەر نەیانتوانی با ژن بهێنن و شوو بکەن» مەبەستی وەکو ئەو بمێننەوە ببن بە ڕاهیب، لەمەوە ڕەبەنی لە ئاینی مەسیحدا دێتە ئاراوە و ئەو هەموو کێشەی بە دوای خۆیدا هێنا، دیارە تەنیایی و ڕاهیبەییش جارێکی تر مرۆڤی خەمۆك بەرهەم دەهێنێ واتە مرۆڤی کۆیلە، ئەو کۆیلەیەش دەخوازێ وەکو قەشە باسی دەکات هەموو هەستێکی مرۆڤ ناو بنرێ تابۆ.

بەم پێیە ئاینی مەسیح لە ئاینەکانی تر توندتر ئەو مەسەلانەی گرتبوو کە ئەمڕۆ لە ڕۆژهەڵاتدا بە شەرەف ناوی دێ، بەڵام لە ژێر لێکدانەوە ڕاڤەکردنی زانایان و فەیلەسووفەکاندا توانییان جیهانی ژیاندۆستی و مرۆڤدۆستیی لێ بەرهەم بهێنن.

ئاینی ئیسلام لە هەموو ئاینەکانی سەر زەوی زیادەڕۆترە لە سووکایەتی و ئەتکی شەرەفدا، لە ژێر بیانووی کۆیلەکردنی ژندا و ژنیشی کۆیلە کردووە بە بیانووی شەرەف و دەیان ئایەتی قورئان و ژیانی ڕابەرانی ئیسلام ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن تەنیا ئایەتی ″انكحو ما طاب لكم من نسا مثنى و ثلاث و رباع″ وەربگرین دەیسەلمێنێ کە ژن بابەت بووە نەك ئامانج، نەك مرۆڤ، واتە بابەت بووە بۆ ئارەزووی پیاو و هەتا سەدەی نۆزدە و ئاشکراکردنی لە لایەن

بانگەشەکارانی ڕۆشنگەرییەوە پێیان وا بووە ژن تەنیا چێژبەخشە چێژ وەرگر نییە، لەو ئایەتەشدا هەبوونی دوو ژن و سێ ژن و چوار ژن لەگەڵ یەك پیاودا هەمان مانا دەسەلمێنێ.

لێرەوە دەبینین ئاین و هەژاریی عەقڵی و مەعریفی وەکو دەفرێکی بەتاڵکەرەوەی دەرەوەی کایە مرۆڤایەتییەکان ژنیان بەرجەستە کردووە و هەر ئەو عەقڵ و ئاینەش ئەمڕۆ بووە بە کولتوور و تا ئێستا پێیان وایە ئەگەر ژن چێژ وەرگریش بێ، بێ ئابڕووە، نەخۆش یان ناتەواوییەکی مۆراڵیی هەیە، ئەوان ناتوانن ژن بە سروشتی ببینن، ناسروشتیبوونی ژن فیکری هەژار و عەقڵی برسییان تێر دەکات.

**پ: پێت وایە حزب سالاری لە کاتێکدا زۆربەی کادێران و پلەدارانی حزبی خاوەن مێژوویەکی خێڵەکی بن، فاکتەری یاریدەر بێ بۆ بەردەوامیدان بە دۆخی شەرەفپەرستی، بێدەنگیکردنی یاسا لە هەمبەر سزادانیان، یاخۆ پێت وایە یاسایەك هەبێ سازشکار بێ بەرانبەر دۆخێکی لەو جۆرە؟**

و: هەموو چەمکێك لە پراکتیکدا گەیشت بە ئاستێك پاشگری سالاری هەڵگرێ "حزبسالاری، پیاوسالاری، ئاینسالاری، نەتەوەسالاری، ڕەوشتسالاری... هتد"

واتە بە خێڵگەراییکردنی ئایدۆلۆژییەکە و چەمکەکە دەکا، حزبی کوردی خۆیان لەسەر بنەمای عەقڵ و سیستم و بەڕێوەبردنی خێڵ دامەزراون، تا ئێستاش نەك تەنیا خێڵەکی فەرمانڕەواییان کردووە، بگرە سەرجەم کوردستانیان کرد بە بنکە و دەواری خێڵ و جارێکی تر ڕۆحێکی زۆر بە هێزیان کردەوە بە بەری خێڵەکان و نەریتی خێڵەکییانەدا، ئەوەش بەبێ خوێندنەوە نەکراوە، لە لایەك بە مەبەستی حزب سالاری کراوە لە لایەکی تر حزب پێویستی بە مرۆڤی کۆیلەیە، مرۆڤی خێڵەکییش بە ئاسانی کۆیلە و ڕام دەبێ، وەکو لە پێشتر گوتمان کۆیلە بەرهەمهێنەری خەمە.

لێرەشەوە سپێنوزا دژی غەم بوو، چونکە دەسەڵات دەکوژێ، واتە دەسەڵاتی بەرگری، بەرهەمهێنانی کۆمەڵی خەمبار و مرۆڤی بێ بەرگری ستراتیژی هەموو دەسەڵاتێکی تۆلیتاری و خێڵەکییە.

ئەمڕۆ نەك تەنیا خێڵەكان هەموو كۆمەڵی كوردستان بوون بە خێڵ و هەموو خێڵیش بە كۆیلە و خەمبار.

یاسا بێ واتا و پێناس دەمێنێتەوە لە نێو سیستمی خێڵەكییانەدا، چونكە یاسا تۆلیتاریەت و خێڵگەرایی و زۆرداری ڕەت دەكاتەوە ئەوانیش یاسا ڕەت دەكەنەوە، بۆیە لە بنەمادا شتێك نییە ناوی یاسا بێ لە كوردستاندا، یاسا و دەرەوەی یاسا تەنیا فۆرمیلایەكی حزبی و میللیگەرایانەیە و هەتا ئەو ئاستە كار دەكا لە خزمەتی ئەو دوو فاكتەرەدا بێ.

**پ: تا هەنووكە خاوەنی بزووتنەوەیەكی فراوان و جیدی نین دژی شەرەفپەرستی، ئەمە هاوكاتە لەگەڵ ئەوەی ژمارەیەكی زۆر ڕێكخراوی مەدەنی بە تایبەت ڕێكخراوی ئافرەتان "ژنان" دەبینرێ، كە بانگەشە دەكەن بۆ مافی مرۆڤ و مافە مەدەنییەكان؟**

و: بزووتنەوە سیڤیلییەكان ئەوانەی بەرگریكردنی تاك و كۆمەڵیان كەوتووەتە ئەستۆ وەكو ڕێكخراوەكانی ژنان ئافرەتان، خوێندكاران، قوتابیان، ڕێكخراوە پیشەیی و ڕۆشنبیرییەكان و سەرجەم ڕێكخراوە مرۆیی و سیڤیلییەكانی تری كوردستان، لە نێو ترادسیونی میللیگەراییدا ونن و كەسانی پسپۆڕ نین، ئەو ڕێكخراوانە ئەوەندەی دەزگایەكی مووچە لێ وەرگرتن و ئەوەندەش ئەوان كەسی دەزگایین، دەزگای خزمەتكردن كەسی لێكۆڵەر نین لەمەڕ كێشە كۆمەڵایەتی و مرۆیی و سیڤیلییەكانەوە. تەنانەت دەنگ هەڵبڕینی ناو بە ناویان تەنیا پاش كارەساتە جەرگبڕەكان دێ.

بزووتنەوەیەك دەتوانێ جیدی بێ خاوەنی دیدێكی ڕوون و جیهانبینییەكی بەرفراوانی جیهانی سیڤیلی و ڕەوتی شارستانییانەی ژیان و سیستەمە دیموكراسییەكان بێ، خاوەنی ئیرادەی خودهۆشیاری بێ نەك حزبسالاری.

بە كورتی واتە هەر كەسە پێوەندیدار بێ بەو بوارەی تێدا مووچەدارە، من دڵنیام گەر حكوومەت پێشنیاز بكا ئەگەر لەو دەزگایانە بن یان لەماڵەوە مووچەی خۆیان هەر وەردەگرن، ئەو جۆرە كارانە پێویستە پاڵنەرەكەی هەستێكی مرۆڤانە و نیشتمانییانەی قووڵ بێ نەك بەرژەوەندی و بژێوی ژیان.

بەڵام نەك تەنیا بزووتنەوەكان، لە كوردستاندا هیچ پێوەندییەك لە نێوان مرۆڤ و پیشە و مرۆڤ و ئایدۆلۆژی مرۆیزمدا نییە.

قسەكەران و گوتاربێژانی جیهانی كوردی خاوەنی گوتار و وتنی دەستەجەمعی نین، خاوەنی پرۆژەی ئاشكرا نین، خاوەنی ستراتیژ و پلان نین، خاوەنی تراژیدیای رێكلامی شەرمۆك و هێزی ئینشانووسی تاكڕەون، تا ئەو ئاستەی خۆی سەردەخا و بەرانبەر دەدۆڕێنێ.

هەموو كایەكانی كۆمەڵی كوردی بە شێوەی خێڵی بچووك بچووك كە ناویان نراوە تەكەتول خۆیان لە جەستەی كۆمەڵ دابڕیوە و خەریكی پرۆسەی خێڵەكییانەی خۆیانن، ئەو پرۆسە خێڵەكیانە جەستەی ڕۆشنبیریی كوردیی ڕزاندووە و هێزی بنیاتگەریی خۆشی لێ ڕەنجاندووە نەك تەنیا بنیاتی كۆمەڵایەتی.

ئەو خێڵە بچووكانە یان تەكەتولانە كاریان كۆكردنەوەی جەماوەر و هەوڵ دەدەن خاوەنی گوتارێك بن لەگەڵ دەسەڵات ئاكتیڤ بن، لەگەڵ دەسەڵات بخوێندرێتەوە، ئەو كاركردنەش پاسیڤكردنی پیشە سەرەكییەكەی خۆی دەگەیەنێ وەكو لێكۆڵیار و بەرگریكار لە بوارە كۆمەڵایەتی مرۆییەكان، وەكو ڕۆشنبیر و كایەكانی تری كۆمەڵیش.

ئەو گرووپە میللیگەرانە زیاتر چاوەڕوانی تایبەتمەندی "إمتیاز" لە دەسەڵاتەكانەوە دەكەن، كاتێك گەشتن بەو تایبەتمەندییە ئەو جەماوەرەشی كۆیان كردووەتەوە بۆ مەبەستی بە دەستهێنانی تایبەتمەندییەكە فەرامۆش دەكەن، ئەو دیاردەیە بەرهەمی كۆمەڵی دەرەوەی شارستانییەتەكان و كۆمەڵی دەرەبەگایەتییە، بەرهەمی ڕۆشنبیرییەكە لەسەر پاڵپشتی شارستانییەتی جیهان پاڵی لێ دەداتەوە، لە هەر ساتێكدا دەگەڕێتەوە سەر دۆخی بنەچەییی خۆی، ئەو هێڵەش بنچینەی ئێمە لە بنچینە مرۆییەكانی جیهان جیا دەكاتەوە كە هێڵێكی مەعریفی و ستراتیژی نییە، هێڵێكە لە پێناوی مانەوە لە فۆرمی پەسەندكراودا لەسەر بنەمای توندوتیژی و زمان و كرداری زبر و هزری ڕێویانەیە پایەی بڵند كردووە.

ئەو بەرداشە جیهانی و کوردی خستووەتە نێو گێژاوی هۆشیاریی دوالیزم و ساختە، هۆشیاریی ساختە هەموو ڕێگەکان کورت دەکاتەوە بۆ یەك ڕێگەی داخراو کە ڕێچکەی هەناسەدانی ڕاستگۆیانە و هەنگاوی بگۆڕ و تیژبڕی لێ دیاری نەکراوە ناتوانێ لەگەڵ کێشە بابەتییەکاندا مامەڵەی ڕاستەوخۆ و چارەسەرییانە بکا.

پێم وا نییە کەسێك خاوەنی هۆشیاریی ئادیاڵ بێ، بتوانێ لە ناو ئەو کایانەدا بمێنێتەوە، بتوانێ دەستەوەستان لە ئاست گوزەرکردنی کێشە بابەتییەکان بە لایدا ئاوڕ نەداتەوە، کێشەی دوالیزم و ڕۆشنبیریی ساختە و نیشتمانیبوونی ساختە و مرۆیزمی ساختە هێندە بە زەقی خۆیان نمایش دەکەن گومان دەکەم کێشەی ئەنتۆلۆژیی کورد نەبێ.

کارەساتە کەسانێك لە داوودەزگایەکی تایبەت بە کێشەیەکی کۆمەڵایەتی و مرۆیی یان سەبارەت بە چینێکی دیاریکراو چەقیبن بۆ بەرزکردنەوەی گوتارێکی دیاریکراو نە بزانێ ئەو گوتارە چییە، نە بشزانێ پێویستە خاوەنی چ گوتارێك بێ.

ئەولاتریش نەیتوانیبێ خۆی لە گوتاری خێڵەکییانە قوتار بکا، بەڵام ئەو کارەساتە لە جیهانی کوردیدا بووە بە واقیع و ئەو واقیعەش هەموو بە یەکەوە نرخەکەی دەدەین.

# 5

سازدانی: سامان کەریم

زەنگ، ژمارە ٢+٣، ٨+٢٣/١١/٢٠٠٥

**پ: ساڵی ١٩٨٩ بەهۆی کوردایەتییەوە لە خوێندن دوور خرایتەوە، ئەکرێ ئەوەمان بۆ ڕوون بکەیتەوە؟**

و. لەگەڵ ئەوەی ساڵانە رووبەڕووی دەربەدەری و تاڵانی ماڵ و بەجێ هێشتن دەبووینەوە. من و خوشك و براکانم هەر لە سەرەتای چوونە قوتابخانەمان ڕۆژانە قەرەبووی کوردپەروەریی خێزانەکەمان داوە، لە ڕێگەی سزادان و نمرە لێشکاندن و بێ بەشکردنمان لە چالاکییەکان و سوکایەتی پێکردنمان لە لایەن هەندێ لەو مامۆستانەی، کە خۆیان بەعسی بوون و هەندێکیشیان برا و کەس و کاریان بەعسی بوون، برا و کەسی هەر کامەیان بە دەستی پێشمەرگە سزای بخواردبا بەیانی کە دەگەیشتین بە قوتابخانە داخی دڵی خۆی بە دارەکەی دەستی لە سەری ئێمەدا دەشکاند. زۆر جار بە پرسیارکردنی ئەو توندوتیژییە بێ ئەندازەی عەقڵی منداڵی نەدەخوێندەوە هەناوی دایکمان ملەما دەکرد. تا گەیشت بەوەی لە ساڵی **١٩٨٩**دا بە تەواوی لە خوێندن دوور خرامەوە، گوایە لە خێزانێکم کە مام و کەسوکارم پێشمەرگەیە و باوکم زیندانی سیاسییە و گومان لە خۆم دەکەن سەر بە ڕێکخستنی ناوشار بم.

**پ: سەرەتاکانی تێکەڵاوبوونت لەگەڵ نووسین و خوێندنەوەدا کەی بووە؟ چۆن بوو؟**

و. سەرەتای تێکەڵاوبوونم دەگەڕێتەوە بۆ ئەو خواستانەی کە بەرائەتی منالّی ڕاڤەیان دەکات، ئەو کاتەی هێشتا بە تەواوی فێری خوێندنەوەی ئەلف و بێ نەبووبووم، لەگەڵ ئەوەشدا کە کۆپلەیەك شیعرم دەبینی لە سەر پەڕاوێکی تایبەت، کە بۆ ئەو مەبەستە دامنابوو دەمنووسییەوە، یان ڕاستترە بڵێم وێنەم دەگرتەوە، چونکە نەمدەتوانی بە باشی بیخوێنمەوە بەڵام ئەو چۆن نووسرابوو وەکو خۆی کۆپیم دەکردەوە و وێنەی ڕەنگاوڕەنگم دەنووساند بە لاپەڕەکانەوە و هەتا بە تەواوی فێری خوێندنەوەی ئەلف و بێ بووم، دوو دەفتەری گەورەم هەبوو کە پڕکرابوونەوە لە شیعر، بەبێ ئەوەی بزانم ئەو شیعرانە سۆزدارین، بەرگرین، منالانن، کۆمەڵایەتین، یان چی دی و بۆ چ مەبەستێك نووسراون و خۆشم بۆ چ مەبەستێك جارێکی دی لە دەفتەرێکی ڕازاوەدا دەیاننووسمەوە، تەنها دەمزانی ئەو کۆپلە نووسینە ڕێکخراو و قافیەدارانەم خۆش دەویست و ئەو دەفتەرانەش نزیکترین هاوڕێم بوون، کە لە ڕاپەڕیندا لەگەڵ تالانکردنی ماڵەکەمان ئەو دەفتەرانەش بەر تالان کەوتن، گەورەترین گورزی لە ڕۆحی من دا. من ڕۆژانە ئەو دەفتەرانەم لاپەڕە لاپەڕە هەڵدەدایەوە و سەیری ئەو وێنانەم دەکرد، کە پێوەم نووساندبوون، هەر هەوڵدان لەگەڵ خوێندنەوە و حونجەکردنی ئەو شیعرانە فێری کوردی خوێندنەوەی کردم، لە کاتێکدا خوێندنم عەرەبی بوو، جیهانی من لەگەڵ ئەو دەفتەرانەدا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سێی سەرەتایی و بەردەوام بوون لەو جیهانەدا هەتا ئەو سەردەمەی فێری خوێندنەوەی کتێب و تێگەشتنی شیعر بووم.

**پ: تۆ شیعرت نووسیوە، سەرنووسەری دوو گۆڤار بوویت، ڕۆمانت نووسیوە و چیرۆکیش.. لە کامیاندا خۆت دەبینیتەوە؟**

و: لە هەموویاندا خۆم بینیوەتەوە، چونکە هەرگیز بۆ نووسینی بابەتێك پێشتر خۆمم ئامادە نەکردووە و چوارچێوەیەکم بۆ دانەڕشتووە چی دەنووسم و بۆ کێ و بە چ زمانێك دەنووسم، نووسینەکەم چ ڕێبازێك لە خۆی دەگرێت، پێم خۆش بووە نووسین لە هەموو کۆت و ناونانێك ئازادبکەم و بە شێوەیەکی خۆرسك و سروشتی بابەتەکان لە وێنەی چیرۆك، بەرهەمی منالان، وەرگێڕان، لێکۆڵینەوە

(من خۆم بە شاعیر نازانم گەرچی نووسینەکانی سەرەتام بە تەواوی زمانی شیعر زاڵ بوو بە سەریدا) بەڵام لە شێوەی پەخشان و زمانی شیعریدا هەندێ بەرهەم هاتوونە بوون، واتە هەتا ئەو بەرهەمە منی نەنووسیبێتەوە من ئەو بەرهەمم نەنووسیوەتەوە.

**پ: ساڵی ٢٠٠٠ بەهۆی بڵاوکردنەوەی لێکۆڵینەوەیەك بەناوی (ڕیشەی دەسەڵات لە قورئاندا) لە گۆڤاری نڤار، ڕووبەڕووی دادگا کرایەوە، بڵێی ئەو بابەتە دەرچوون بووبێت لە یاسای ڕۆژنامەوانی، یان دەسەڵات ئەوەی پێ هەزم نەکرا؟**

و: دیارە هەموومان دەزانین ڕێز و سەروەریی یاسا لە چ نووچدانێکدایە لە کوردستان و هەتا ئێستا چ پاشاگەردانێکە، یاسای ڕۆژنامەوانیش لەو خراپتر و ڕێزی ڕۆژنامەوان نەگیراوە هەتا یاسایەکی مرۆڤانەش پابەند بکرێت بە ماف و ئەرکەکانی، ئەوەش لە مەسەلەی سزادانی مندا هەتا ئێستا شەرمەزاری بە باڵای یاسا و دەسەڵاتی کوردی بڕیوە، سزادانم بوو بە یاسایەکی کۆنی عێراقی مادە ٢٠٠ بەندی دوو یاسای سزادانی عێراقی ساڵی ١٩٦٩ کە بە پێی زانیاریی پارێزەرەکان ئەو یاسایە ١٥ ساڵ بوو تەنانەت ڕێژیمی سەدامیش بەکاری نەهێنابوو لە سزادانی ڕۆژنامەنووسە نەیارەکانیدا، لەوەش نامرۆڤانەتر سکاڵا تۆمارکردنی داواکاری گشتیی دادگا بوو، بە فشار و داوای سەرەوە و دەسەڵاتی سەروو یاسا (بە بەڵگەوە)، سەربارى سکاڵای لایەنە ئیسلامییەکان و مەلا محەمەد ئەمین، داواکاری گشتی دەبێت کارکردنی بخاتە خزمەتی خەڵکەوە و بەرگرییان لێ بکات بەڵام ئەو بە ناوی خەڵکەوە سکاڵای تۆمارکردبوو، سکاڵای ئەویش تەنها بە بڕیارێکی هەمان سەرەوە (واتە دەسەڵاتی یەکەم) هەڵدەوەشایەوە، چەندین یاریی ژێر بەژێریی دی، ئێستا کاتی باسکردنی نییە. ئایە ئەوانە هیچ یاسایەك لە خۆی دەگرێت؟ ئایە یاسا ڕێگە دەدات بەو شێوە نامرۆڤانە سووکایەتی بە ڕۆژنامەوان، بە مرۆڤ، بە ژن بکرێت؟ ئایە بڵاوکردنەوەی بابەتێك هەر چۆن بووبێت ناوەڕۆکی بابەتەکە ئەوەی دەویست مەلا و ئیسلامی و دەسەڵاتی ناوچەکە ببن بە یەك لە سەری و تێکڕا داوا تۆمار بکەن؟

باشە ئێمە کۆمەڵێ لاو بووین پێمان وابوو سێکوچکەی حەرامکراو پێویستە لە چوارچێوەی بڤە بێتە دەرێ بۆ چوارچێوەی تاوتوێکردن و گفتوگۆ و لێك تێگەیشتن، ئەوەش کەمترین مافی سیڤیلییە لە کۆمەڵێکی مەدەنیدا، پێمان وابوو ئەو سیستەمەی کوردی پێ دەبرێت بەڕێوە گەر لاوان قۆڵی هۆشیارکردنەوەی لێ هەڵنەماڵن بەرەو لێژبوونەوە بەرەو کەنارە تاریکەکانی جەهل و خورافە دەبرێت، بۆیە دەبێت هەموو لایەنەکان بەبێ جیاوازیی ئایدۆلۆژی بیروڕا لە خزمەتی کێشە مرۆییەکاندا بین، وا بزانم ژمارەکانی هەردوو گۆڤارەکەشم شاهیدی ئەوە دەدەن، کە چەند ڕاستگۆیانە ئەوەی لە کۆمەڵێکی مەدەنیدا پێی دەڵێن دیموکراسی و ئازادیی ڕادەربڕین پراکتیکم کردبوون و لە چەپێکەوە هەتا ئیسلامییەك و ناسیۆنالستێك و... تاد ڕاوبۆچوون و بەرهەمی خۆیان هەبووە و بڵاوکراوەتەوە. ئەوەش حەقیقەتی دنیای مەدەنی و دیالۆگکردنە، بەڵام لەسەر ئەو حەقیقەتانە فەرهاد فەرەج کوژرا، هاوژین مەلا ئەمین بەر دەسترێژی فیشەك درا و تەمەن غەدری لێ نەکرد و ژیانی پێ بەخشییەوە... کازیوەش لە مردن ڕزگار بوو، بەڵام مەنفا کرا بە نیشتمان و کووچەی (ئایە دەسەڵاتی کوردی هەتا ئێستاش گەشتووە بە ئاستی ئەو جۆرە هۆشیارییە؟).

ئایە ئەوانەی ئەو کاتە هەڵوێستی نادروست و نامرۆیانەیان هەبوو، ئەو دەسەڵاتەش پشتگریی کردن و نەیهێشت خەونێکی گەنجانە لەو وڵاتەدا بپشکوێت، ئەمڕۆ پاش ئەوەی بۆچوونەکانی ئێمە راست دەرچوون و ئەو نیشتمانە بووە بە لانەی تیرۆریست (بە هەموو جۆرەکانیەوە) و توندڕەو ″زانا″ ئاشکرا و نائاشکراکانی ناو کۆمەڵی کوردی، چی بە ئێمە دەڵێن، چەند شەرمەزاری ئەو کۆمەڵەن؟ بێگومان لە وەڵامدا هەر ئێمە قەرزاربارین.

بۆیە مەسەلە هەزم نەکردنی بابەت نییە، مەسەلە هەزم نەکردنی مرۆڤی خاوەن گوتارە، رۆشنبیری خاوەن گوتار قێزەون و هەزم نەکراوە، ئەی ئەگەر ئەو خاوەن گوتارە ئافرەت بوو؟ ئەو ئافرەتەش لەناو کۆمەڵێکی سیاسی و مرۆییدا بێت، کە هەتا ئێستا ژن لایان لاشەیەکی نەزۆکە و لە قاچیەوە هەتا ناوکی دروست بووە، ئەو دەسەڵاتەش رانەهاتبێت بەوەی ئافرەت پێی بڵێ پشتی

چاوت برۆیە؟ لە کوێی ئەو وڵاتەدا جێگەی دەبێتەوە؟

**پ: لە دیدارێکتدا دەڵێیت ″ ڕۆشنبیری ڕاستەقین ناتوانێت لە مۆزەخانەی دەسەڵاتدا ببێت بە شتێکی عەنتیکە″ مەبەستت چییە؟**

و: چەمکی رۆشنبیر زیاتر لە واتایەك لەخۆ دەگرێت، بەڵام لە هەموو واتاکاندا خاڵێك دەبێت بە هاوبەش ئەویش وەزیفەی رۆشنبیرە، کە پێویستە بەرهەم هێنانی مەعریفە و گوتار بێت، بەڵام ئەو جۆرە گوتار و مەعریفانەی کە کاریگەریی بابەتی لەسەر ڕووداو و بەرهەم هێنانەوەی ڕووداودا هەیە. بەرهەم هێنانی گوتاریش پێویستی بە ژینگەی لەبارە، ئەو ژینگەیەی، کە دیسیپلینی بۆچوونەکان و کۆت و بەندی گوتارەکان ناکات، ئاراستەی شارە دەزگای و کۆنترۆڵخوازەکانی ناکات، بەڵام لە کوردستاندا تەنها یەك گوتار باڵادەستە و لە دەرەوەی ئەو گوتارەش سەرجەم وتارەکانی دی نەزۆك و پووچ دەمێننەوە. تەنها ئەو گوتارە باڵادەستەش بەرهەم هێنەری هەقیقەت و سیستماتیزەکەری لایەنە کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و سیاسییەکانن بەو ئاقارەی خۆیان دەیانەوێت و لە گوتاری خۆیاندا جێگەی دەبێتەوە، ئەو پنتەش بە تەنها لە سیستمە تۆلیتارییەکاندا ڕەنگی داوەتەوە و خاوەنی سەدای نەشازی خۆیەتی. نەك هەر ئەوەندە، ڕۆشنبیری کورد لە بەرهەم هێنانی گوتارە بێ ئامانجەکانیشدا یان ئەو گوتارانەی کاریگەری بابەتیی نییە، دیسان کەوتووەتە بەر ئاڵوگۆڕی بژێوی ژیان بە گۆڕینەوەی گوتار. دەسەڵات بژێوی ژیانی ڕۆشنبیر دابین دەکات بە گۆڕینەوەی گوتار، ڕۆشنبیریش بژێوی دەست دەکەوێت بە هەبوونی هۆشێکی بێ گوتار، ئەو سیستمە وەکو گوتمان بەشێکە لە سیستمی تۆلیتاری و لە سیستمی بەعسیشدا ئێجگار کارا بوو، بەڵام سەیر لەوەدایە ڕۆشنبیر خۆشی باوەڕی بەوە کردووە کەوایە، پێی وایە مادام دەسەڵات بژێوی ژیانی ئەو دەدات پێویستە بێ دەنگ بێت و زمان پشکوتنی، شەرمەزاری و بێ وەفایی دەگەیەنێت، ئەمەش بۆ خۆی جارێکی دی پێوەندیی بە ئاستی هۆشیاری و گوتاری ناهۆشیارەوە هەیە. هێندە هەستی کەمسەری لای هاوڵاتی و ڕۆشنبیر دروست بووە، پێیان وایە ئەو دەسەڵاتانە بە خێری خۆیان بژێوی

ژیانی ئەویان دابین کردووە، بۆیە لە باشترین باردا پێویستە ببێت بە مرۆڤی بێ گوتار، یان گوتاری نا کاریگەر... سەیری سیستمی جیهانی سیڤلی و مۆدرێن بکە، ئایە ئێمە وەکو سەرجەم ئەو نەتەوە و ڕەگەز و چین و توێژ و مەزهەب و ئاین و... تد لە وڵاتانی خاوەن سیستمی مەدەنیدا، چیمان بۆ کردوون وەکو هاوڵاتی؟ چی ئێمەی بەوانەوە بەستووە جگە لە خۆ ڕزگارکردن؟ چ خزمەتێکمان پێ گەیاندوون و چییان پێ دەگەیەنین؟ و زۆر پرسی دیش، لەگەڵ ئەوەشدا مافی بەخێوکردن و خوێندن و تەندروستی و کردنەوەی دەزگا و بنکە و ڕەوەندی جیا جیایان لە ئەستۆ گرتووە و بە مافی هاوڵاتی و ئەرکی خۆیانی دەزانن، بەڵام لە وڵاتی خۆماندا چونکە لە بری سیستمی وڵات بەڕێوەبردن و سیستمی مەدەنی، سیستمی عەشایەرگەری بەڕێوەی دەبات، منەتی بژێوی ژیان و مووچە و کارکردنی خۆتت بە سەردا دەکەن، ڕۆشنبیر ئەگەر لە شوێنێکدا وەزیفەیەکی هەبوو، یان هاوکاری کرا، پێویستە هێندە منەتبار بێت خاوەنی هیچ گوتار و بڕیارێك نەبێت و ببێت بە تەیرێکی عەنتیکە تەنها لە خواستێکی دەزگاییدا بتوانێت بخوێنێت، سیستمی بە دەزگاییکردنی مرۆڤیش ترسناکترین سیستمە بۆ دواڕۆژی کۆمەڵێکی مۆدرێن و کراوە، سیستمێکی سیڤلی و گوتاری ڕۆشنبیری.

**پ: ڕات لە بارەی ڕۆژنامە ئەهلییەکانی کوردستانەوە چۆنە؟**

و: من نامەوێ باس لەو ڕۆژنامانە بکەم، کە بە بانگەشەی خۆیان ئەهلی بوون و ژێر بە ژێریش دەزگای دیسپلینی بوون، چونکە لای خەڵك ئاشکرا بوون، بەڵام پێویستە ئێمە جیاوازیی نێوان وشەی ئەهلی بکەین وەکو وەزیفە و وەکو پراکتیك، لە کوردستاندا بەو ڕۆژنامانەی، کە پارە لە حکوومەت و لایەنێك وەرناگرن دەگوترێت ئەهلی، ئیتر وەکو گوتار تا چەند بەستراوە و بێ گوتارە ئەمەیان کێشەیەك نییە، لە کاتێکدا لە کۆمەڵێکی دیموکراسیدا (ئێستا لە کوردستاندا بانگەشەی بۆ دەکرێت) ئەهلی بوون لە گوتار و ئاراستەی ڕۆژنامەکەدا دەردەکەوێت دەسەلمێت نەك بە تەنها پارەی دەرچوونی ڕۆژنامەکە، بە دەیان دەزگا و ڕۆژنامە و گۆڤار حکوومەت هاوکاریی مادییان

دەكات و ئەهلیشن، واتە لە وەزیفەدا ئەهلییە. بەلام لە كوردستاندا خەریكە پێچەوانە دەبێتەوە. لە وەزیفەدا دەبێتە دەربار و لە لایەنە مادییەكاندا دەبێت بە ئەهلی. دیارە لە هەموو بارەكاندا هەبوونی ڕۆژنامەی ئەهلی واتای هەبوونی سەربەخۆیی ڕۆژنامەوانی دەكات، من ئاگام لەو ڕۆژنامە ئەهلییانە نییە پاش ئەوەی كوردستانم بەجێ هێشتووە دەردەچن، نازانم كامانەن ئەهلییەكان، بەلام دەزانم لە ولاتێكدا یەك جۆرە گوتار تێدا بالا بێت، مەرجی ئەهلی بوونی كاری تێدا نارەخسێت، پراكتیك و ناولێنانیش لە یەك جوودان.

**پ: وەك ژنێك پێت وایە بزووتنەوەی فیمنستی لە كوردستاندا بە كوێ گەیشتووە؟**

و: ئەگەر لەناو كوردستاندا تا ئێستا گروپێك دروست بووە، كە پێیان وایە ژن بە تەنها یەكسانیی ناوێت لەگەل پیاودا، كێشەشی بەراورد نییە لەگەل پیاو بەلكو كێشەكەی لەوەش گەورەترە. شتێكیشی لە سەرو یەكسانییەوە دەوێت ئەویش بەهەند وەرگرتنی بارودۆخی بایۆلۆجییەتی، بە شێوەیەكی كۆنكرێتیی تر، تەنها ئەوە رەزامەندكار نییە، كە ژن و پیاو لە مووچە و نرخی كاردا وەكو یەك بن، بەلكو ژن لە كاتی منداڵبووندا پێویستی بە مۆڵەت و پیاو پێویستی پێ نییە، لە خولی مانگانە و سك پڕیدا پێویستی بە مۆڵەت و موراعاتە، پیاو پێویستی پێی نییە، كە دەچێتە بازارەوە پێویستی بە دایەنگەیە لەناو بازاردا پیاو پێویستی پێی نییە.. تد. گەر گروپێك پەیدا بووە بە دەسەلاتی ژنانە و پاراستنی مێیینەخوازی كار دەكەن، ئەوە پێت دەڵێم لە كوردستاندا بزووتنەوەی فیمنستی سەری هەڵداوە، بەلام كلۆڵیی كورد لەوەدایە، هەندێ لەوانەش كە خۆیان ناو ناوە ڕابەری بزووتنەوەی ژنان هۆشیارییان لە ئاستێكدایە، كە نازانن فیمینیست چییە و بانگەشەی ئەوەش دەكەن گوایە مرۆڤی فیمنست سحاقییە، جا مرۆڤ تەنها ئەم جۆرە نەخۆشییە دەروونییە لێك بداتەوە دەزانێت تەنانەت لە ناو ژنانیشدا چەند هێزی دژ بە ژن هەیە. ئیتر چۆن ئومێدی ئەوە دەكەیت لە كوردستاندا بزووتنەوەی فێمنیستی سەر هەڵبدات، هەتا بپرسین بە كوێ گەشتووە.

**پ: دەکرێ بپرسین چی کازیوەی گەیاندە کەنەدا؟ حەزی خۆت یان کارەکەت؟ یاخود ڕاکردن لە واقع و خەڵکانێک؟**

و: نەخێر حەزی خۆم نەیگەیاندووم بە کەنەدا، هەتا ئێستاش لە کەنەدا وەکو ئەو مرۆڤە دەژیم، کە پریاسکەی سەفەرکردنێکی نادیاری پێچاوەتەوە و لەسەر سەفەر بۆ شوێنێك، کە هەست بە جێگیربوون بکات تێدا. تەنها شوێنێکیش، کە جێگەی کارەکەمی تێدا نابێتەوە کەنەدایە. لە واقعی کۆمەڵایەتیی کوردیش ڕام نەکردووە، چونکە ئەوەشیان ئەرکی پێنووس بە دەست و ڕۆشنبیرانە بیگۆڕن بە واقعێکی گونجاوتر و ئەو ململانێیەی هۆشیارانەی تێدا دروست بکەن لە پێناوی گۆڕینی جۆری هۆشیاری هەرەمەکی بۆ هۆشیاری مەعریفی و ئایدۆلۆژی بە مانا مرۆییەکەی. ئەوەی منی گەیاند بە کەنەدا واقعی دۆڕاوی سیاسیی کوردی بوو، ئەو واقعەی فشاری دەخستە سەر واقعە کۆمەڵایەتییەکە بۆ دروستبوونی کۆمەڵێکی بەربەری نەك کۆمەڵێکی مرۆیی.

**پ: لەساڵی ٢٠٠٢ یەکەم کورد بوویت وەکو ڕۆژنامەنووسێك بەشداریی کۆنگرەی لوتکەی عەرەبیت کرد لە لوبنان، چۆن خۆت گەیاندە ئەوێ؟**

و: لەو ساڵەدا پاش ئەوەی زانیم کۆنگرەی لوتکەی عەرەبی لە لوبناندا دەبەسترێت نامەیەکم بۆ "ڕەفیق ئەلحەریری" سەرۆکی حکوومەتی لوبنان نارد، کە ئێمەی کورد خاوەنی هێندە ژمارە ئەنفال و کیمیایی بارانین لەگەڵ وەبیرهێنانەوەی برێك لە کارەساتەکانی دیمان و گرێدانەوەی بەوەی لوبنان تەنها وڵاتێکی عەرەبییە ئەتنیك و مەزهەب و ئاین و نەتەوەی جیاوازی بەڕێزەوە تێدا دەژی، کارەساتەکانی کوردیش لەو کۆنگرەیەدا لە یاد نەکەن و لێپرسینەوە لەو تاوانانە بکەن بە ئەرکی مرۆیی خۆیان.. تد. ئەوانیش پاش هەفتەیەك پێوەندییان پێوە کردم، کە بانگهێشتم دەکەن بۆ کۆنگرەکە ئەگەر خۆم ئامادەبم، دیارە منیش ئەو هەلە ڕەت ناکەمەوە، بۆیە برادەرێکی بە ئەسڵ لبنانیم مخەول کرد بە وەرگرتنی ڤیزە و جێ بەجێکردنی کارەکانی دیم لەوێ، بەو شێوەیە بەشداریی کۆنگرەکەم کرد.

**پ: تۆ لە لێکۆڵینەوەیەکدا باس لە کێشەی ژنانی پاشماوەی ئەنفال دەکەیت،**

**بە ڕای تۆ دەسەڵات ئەو کێشەیەی گەیاندووتەوە تەرازووی کێشە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان؟**

و: دەکرێ گەیاندرابێت بە تەرازووی کێشە کۆمەڵایەتییەکان، چونکە دەسەڵات، باری کۆمەڵایەتیی کوردی گەیاندووەتە ئاستی دراوێکی ئاسان مامەڵە پێکراو بۆ هەموو بەرژەوەندییە ڕاست و ناڕاستەکانی خۆی لە کاتی پێویستدا، دەسەڵات کۆمەڵی کوردی کرد بە کۆمەڵێکی ژێر ڕکێف کەوتووی بێ دەنگ، تۆقیو لە چەوساندنەوەی بەعس ئاسایانە، فەساد، تالان، شەڕ، براکوژی، پەسەند نەکردنی بەرانبەر، تەکەتولچییەتی، ئەتککردن، ڕێز نەگرتنی خەڵکی بە توانا، ڕێز نەگرتنی راستی و جوانی و هەقیقەت، ململانێی نادروست، نەخۆشیی خۆپەرستی، شەڕانگێزی، ڤایرۆسی وڵاتفرۆشی و قەڵەم فرۆشی و.. تد. ی بڵاوکردەوە و کردی بە خەڵاتی لایەنی کۆمەڵایەتی. هەمان بەرگی بە بەرگی ئەنفالیش بڕی و لە کاتی پێویست و بەرژەوەندی دەسەڵاتخوازانە و کورسیی دۆستانە دەکرێت بە فاکتەرێکی بیانوو بۆ مانەوەیان لەو خاڵانەدا، کە خۆیان مەبەستیانە، بۆ راگرتنی تەرازووە سیاسییەکە. ئەنفال هەتا ئێستا نەبووەتە بە خەمی سیاسی، لە رووبەری غەمی کۆمەڵایەتی و روناکبیریشدا ئەنفال وێستگەی شەمەندەفەرێکی یاساغە، ساڵی یەك جار سەفەری بۆ دەکرێت.

**پ: تا چەند هەوڵت داوە وەکو نووسەر و چیرۆکنووسێك غەمی گەرمیان و گەرمیانییەکان لە ناوەڕۆکی بەرهەمەکانتدا جێ بکەیتەوە؟**

و: من پێم وا نییە وشە و چیرۆك و نووسین بتوانێت مافی گەرمیانییەکان بدات، لەگەڵ ئەوەی زۆربەی بابەت و کات و دیدارەکانی خۆم بۆ مەسەلەی ئەنفال تەرخان کردووە، کە بەشی شێری بەر گەرمیانییەکان کەوتووە، لەگەڵ ئەوەشدا هیچم نەکردووە، چونکە وشە ناتوانێت قوربانی بێ مەرجی ئەوان، شۆڕشگێڕی و خەبات، برسییەتی و نەبوونی، کەمتەرخەمی و هەڵاوێردکردنی ئەوان لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە قەرەبوو بکاتەوە. بەر لە سەفەرکردنم ١٥٠٠ کۆپیی راپرسێکم ئامادە کردبوو، بیانبەمە گەرمیان لەنێو خەڵکانی قوربانیی تاوانە جیاوازەکانی ڕژێم و جۆری کێشەی مرۆڤەکانی ئەو ناوچەیە بە تایبەت

ژنان، لەو ڕاپرسییەوە ڕاڤە بکرێت و بخرێتە دوو تویّی کتێبێك، بەڵام بە داخەوە بڕیاری سەفەرکردنم بڕیاری مەرگی ئەویشی دا و پەڕە کۆپیکراوەکان بێ وەڵام مانەوە. بەڵام ئایە غەمی گەرمیانییەکان، وشە و دروشم و بانگەشەیە، یان پراکتیك و خزمەتی شارستانییانە، دیارە ئێستا پێویستە دووەمیان بەهەند وەربگیرێت، کە لە توانای نووسەراندا نییە و ئەرکی دەزگا حکومییەکانە ئەوە بکەن.

# 6

سازدانی: ماجیده موحسین.

کۆواری واته ژماره ۲۷

**پ: له چوونت بۆ ناو دنیای ئەدەب و نووسینی کورته چیرۆك بەتایبەتی، کامانەن ئەو مەرجەعییەتە فکرییانەی پشتت پێیانەوه بەست؟**

و: له ڕووی فکرییەوه مرۆڤ دەتوانێ ڕێباز و سەرچاوەی جیاواز بۆ بابەت و ژیگه و خوێنەری جیاواز بەکار بهێنێت، من دەق بەستن به سەرچاوەیەکی دیاریکراوەوه ڕەت دەکەمەوه. نه له نووسین و له ڕووی ئایدۆلۆجییەوه تا ئێستا فکرم کۆیلەی هیچ جۆره ڕێباز و مەرجەعێکی دیاریکراو نەبووه، دەقم به دیارده و مەرجەعێکی دیاریکراوەوه نەگرتووه، بۆ نموونه له چیرۆك-نووسیندا بەو دواییيه له ڕووی تەکنیکەوه شێوازی تەفکیکیی مۆدێرن و فره خوێنەر و گێڕانەوەم تێکەڵ کردووه و تا ڕادەیەك چیرۆکەکانی ئەو دواییيەم تایبەتمەندییان پێوه دیاره، بەڵام به گشتی هەموو فۆرم و ستایلەکانی چیرۆك نووسینم تاقی کردووەتەوه، ئەگەر چاوێك بۆ کۆمەڵه چیرۆکی "دەزگیرانه قوڕینەکەم"دا بگێریت شێوازی فەنتازی، فەنتازی-واقعی، واقعی سەردی، مۆدرێن و فلاشباك، شیعری و یاریکردن به فۆرمی زمان دەبینی. کێشەی کۆمەڵایەتی، پەروەرده "به تایبەت ژن و مناڵ" و سایکۆلۆجی و مۆراڵی و فەلسەفی دەبینی. هەندێ جار مەسەلەیەکی سایکۆلۆجی یان کەیسێکی سایکۆلۆجی هەیه له زهنمدا کارەکتەری بۆ دروست دەکەم، هەندێ جار کێشەی

کۆمەڵایەتی و مێژوویی و یان مۆراڵی هەیە و ویژدانی هەژاندووم و دەیکەم بە کارەکتەر و لە بری ئەوەی ڕای خۆم بدەم کارکتەرێکی دی بۆ دروست دەکەم و لە ڕێگەی چیرۆکەوە پنتە نائاشکراکانی دیی ئەو مەسەلەیە نیشان دەدەم، کە تەنیا وشەی ئەبستراکت بە بێ هەبوونی پاڵەوان ناتوانێت ئامانج باش بپێکێت. وەکو پێشتر وتوومە چیرۆك من دەنووسێتەوە من چیرۆك نانووسمەوە، نووسینێك بەر لەوەی بینووسم ماوەیەکی زۆر هزر و دەروونی داگیرکردووم و زۆری دەربڕینی بۆ هانیوم ئەوجا نووسیومەتەوە، بۆیە پێم وایە نووسینی وێژەیی خۆشەویستییە، چونکە پێچەوانەی نووسینی ئەکادیمی ناتوانیت خۆتی لێ لا بدەیت و ناشتوانیت فۆرمێکی دیاریکراوی لە پێشینەی بۆ دابڕێژیت، چوون لە توانی وێژەدایە بۆ ماوەیەکی نەرێیەتی و ناجۆر، جۆر بکات و پێشرەویی مرۆڤ بەروە ئاقارێکی مۆدێرن بکات.

**پ: دۆخی ئێستای ڕۆشنبیری لە کوردستان و لە عێراقدا بە گشتی چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

و: ئەوەندەی لە دوورەوە موتابەعەی دۆخی ڕۆشنبیریی کوردی و عێراقی دەکەم هاوکێشەیەکی یەکسان نادۆزمەوە. دیارە لە سەرەتاوە پێویستە ئەوە بڵێم کە دۆخی ڕۆشنبیریی کوردی یان بەشی کوردستان زۆر کراوەتر و بەرفرەوانترە لە ئێستادا لەوەی عێراق. ناتوانین داوای ڕۆشنبیری و داهێنان لە خەڵکی عێراق بکەین، کە خەمی گەورەیان سەلامەتی و ئاسایشە، نەبوونی ئاسایش واتەی زیندانی عەقڵ، داهێنان عەقڵی ئازاد دەخوازێ. بەڵام لە هەردوو لا دوو جەمسەری دژە تەریب دروست بوون. لە لایەك سەدان وەرگێڕانی نایاب و کتێب و فەرهەنگ و فکری نایاب بە زمانی کوردی چاپ بوون و نووسەری زۆر باشی کورد لە هەموو تەمەن و نەوەکاندا بوونیان هەیە لە ناوەندەکەدا. ئەوەی لە دنیای کوردیدا لە ماوەی بیست ساڵدا بەرهەم هاتووە زۆر وڵات، کە وڵاتی سەربەخۆ بوون لە ماوەی پەنجا ساڵدا بەرهەمیان نەهێناوە، لەگەڵ ئەوەی توانی تێکنۆلۆجی لە کوردستاندا هێشتا زۆر لاوازە و ئەم نەنگییەیان پابەندە بە حکوومەت و بازرگان و دەسەڵاتی کوردییەوە. لە لایەکی دی لە هەردوو لا

ئەوەی هاوكێشەكەی ناتەبا كردووە ئەوەیە كە كۆمەڵێكی زۆر، كە من ناتوانم ناویان بنێم نووسەر، بەڵكو شانامەنووسی بەكرێ–نووس پەیدا بوون، ئەمانەش بە پارە بۆ گرووپی سیاسی و تاكی سیاسی و ئێستا تەنانەت هەر تاكێك نەختێ پارە بدات بە یەكێك لەم پێنووس–وەشێنانە، جاران چەقۆ–وەشێن هەبوو لە زەمەنی تێكنۆلۆجیادا لە ڕۆژهەڵات پێنووس–وەشێن دروست بووە، ئەمانە دەتوانێت چیی بوێت دژی هەر كەس و لایەنێك پێیان بنووسێت. ئەمانە هێزێكی نەخوێندەوار و دەرەوەی مۆراڵی مرۆییی پشتی ئینتەرنێتن و زادەی ئەو باردۆخە سیاسییەن، كە بوونی هەیە لە كوردستان و لە ڕۆژهەڵاتیشدا. دەسەڵاتی سیاسی بە دەیان گرووپی هاوشێوەی دروست كردووە، ئەمانە بە ناوی مرۆڤی ئازاد و سەربەخۆ و ئەهلی و زۆر ناوی زەقی دێیەوە قسە دەكەن بەڵام شێوازی قسەكردن و مۆراڵی نووسین و ئاكاری سیاسی و كۆمەڵایەتییان نمایشی كۆیلەیەكی شاراوە دەگەیەنێت، بە ئاستێك كە مرۆڤی سەربەخۆی ڕاستەقینەی پەردەپۆش كردووە، ئەم گرووپ و تاكانە زۆربەیان سەر بە دەزگە جاسووسییەكانی حزبەكانن و دروستیان كردوون لە پێناوی شكاندنی ئەو ئەندامانەی خۆیان، كە لە سنووری هێڵكێشراوی جەنابی سەركردە و دەست و پێوەندەكانیان دەردەچن، یان سەرپێچیی داوا و خواستی حزبەكەیان دەكەن، هەروەها شكاندن و دژبوونی نەیارەكانیان، یان قەڵەموەشاندن دژی ئەو كەسانەی بە ڕاستی سەربەخۆن و نووسەری ڕاستگۆ و دڵسۆزی خەڵكن. ئەمانە بۆ ئەوەی قسەكانیان ڕەواجی هەبێت زۆر جار دەكرێن بە پاڵەوان، بەڵام ژمارەی ئەم پاڵەوانە دۆڕاوانە ئەوەندە زۆر بووە لە ناوەندی ڕۆشنبیریی عێراقی و بە تایبەت كوردیدا ئیتر چاپكردن و كتێب خستنەبازاڕ نرخێكی نەماوە چونكە خوێنەر بە دەگمەن ماوە، هەمووی هەر پاڵەوانە. ئەم دیاردە ناشرینە ئەو كراوەییە جوانەی داپۆشیوە، كە لە سەرەتاوە باسم كرد، یەكێك خۆی بە دووی لایەنە ئەرێیەكانی ڕۆشنبیریی كوردیدا نەگەڕێت لە ژێر هرۆژمی پاڵەوانە ساختەكاندا جوانییەكان داپۆشراون.

پ: **تۆ عێراقت بەجێ هێشت و چەند وڵاتێك گەڕای و لە كەنەدا گیرسایتەوە،**

**بەڵام هێشتا لە کارەکانتدا ژیگەی عێراقی یاخۆ کوردەواری بەتایبەتی بەرجەستە دەکەی، ئایا سرووش وەرگرتن لە بۆماوەی میللیی کۆن مەرجەعێکی بنەڕەتییە بۆ ڕەسەنایەتیی بەرهەمی ئەدەبیی عێراقی؟**

و: کولتووری بۆماوە پێناسی نووسین دەستنیشان دەکات، ئەوە کاریگەریی کولتووری شوێنێکی دەستنیشانکراوە وامان لێ دەکات، کە بەرهەمێك دەخوێنینەوە بەر لەوەی بزانین نووسەر خەڵکی کام وڵاتە بزانین نووسینەکە باسی کولتووری کام شوێن دەکات. هەموو دنیای وێژە و هونەر و فکر لە سەر بنەمای کولتووری بۆماوە خۆی دۆزیوەتەوە، ئەم فاکتەرێکە تەنیا پێوەست نییە بە کولتووری کوردی و کولتووری عێراقی، بەڵکو هەموو نەتەوە و وڵاتانی دنیا متمانەیان خستووەتە سەر بۆماوە. وێژە و هونەر نوێنەرایەتیی زمان، کولتوور و زەپۆشی کۆمەڵێك خەڵك یان کارەکتەر دەکات، من کە کورتە چیرۆکم بە ئینگلیزی نووسیوە هەوڵم داوە بابەتەکە زیاتر لەگەڵ خوێنەرێکی ئینگلیز یان کولتووری فرەنەتەوەیی بگونجێت، کەواتە نووسەرێك دەتوانێ نوێنەرایەتیی کولتووری خۆی و کولتووری "ئەو"ی بەرانبەریش بکات، هەر ئەمەش وای کردووە ئەو نەتەوانەی داگیرکار بوون، یان زلهێز بوون هەولیان داوە کولتووری خۆیان بسەپێنن بە سەر دانیشتووانی ئەو هەرێمانەی ئەوان زاڵ بوون بە سەریاندا، بۆ ئەوەی کولتوورەکەیان ببێت بە بنەمای بۆچوون و نووسین و داهێنانی نەوەکانی داهاتوو و ئەوانەش لەگەڵ ئەو شەپۆلەدا دەژین، بۆ نموونە زاڵبوونی کولتووری ئیتالیا یان یۆنان و ڕۆمانی بە سەر بنیاتی فکری و هونەری و دیزان و..تد لە ئەورووپا هەتا ڕۆژگاری ئەمڕۆ کاریگەریی خۆی هەیە. بەڵام دواجار وێژە لە کولتوور گەورەترە و نابێت تەنیا گێڕانەوەیەکی مێژوویی و نەریتی بێت.

پ: **تا چ ڕادەیەك بەجیهانیبوونی کولتووری کاری کردووەتە سەر ئەدەبی هاوسەردەمی ڕۆژهەڵاتی بە گشتی و عێراقی بە تایبەتی؟ بە واتەیەکی وردتر، ئایا نووسەر دەکەوێتە ژێر پاڵەپەستۆگەلێك کە وای لێ دەکەن تایبەتمەندیی خۆی بەجێ بهێڵێ؟**

و: بەجیهانیبوونی ڕۆشنبیری کاریگەریی ئەریّ و نەریّی لەسەر نووسەر و تایبەتمەندییەکانی داناوە. گەر لە نموونەیەکی لایەنە باشەکانی بنوارین پێویستە بیرمان بۆ هەیمەنەی تێکنۆلۆجی بڕوات، تێکنۆلۆجیا زۆر هاوکاریی ئەدەب و فکر و نووسەری کردووە لە مەسەلەی کەمیونیکەیشن و بەیەك گەیشتن و یەك خوێندنەوە و ئاگابوون لە ئەدەبی جیهانی. هەر ئێستا ئەگەر دیاردەکانی بە جیهانیبوون و تێکنۆلۆجیا نەبووایە من و تۆ نەمان ئەتوانی ئەم گفتوگۆیە پێکەوە بکەین. یان من ئاگام لە نووسەرانی ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا بێت لەو دیو سنوورەکانی ولاتەکانیان. بێ سنووری لە گەیشتندا دربڕینی ئەدەبیی سنووردار کرد، کە من ئەمەشم پێ باشە، بۆ نموونە ئەو ئەدیبەی پێشتر بەرانبەر ڕەگەز و نەتەوە و ئاینێك بە ئاشق تایبەتمەندیی نووسەرێك یان نووسەرانێك بوو بێت لە دەربڕیندا و لە سنووری ولاتەکەی خۆیدا، ئێستا ئەو جۆرە تایبەتمەندی و فاکتەرانە لە ئەدەبدا بەراورد بە پێشتر زۆر کەمتر بوونەتەوە، چوون نووسەرێك دەزانێت زۆر بە ساکاری بابەتەکانی لە ڕێگەی تێکنۆلۆجیاوە سنوورەکان دەبڕیت و دەکرێت دەربڕینێکی ڕەگەزپەرستانە زیانی گەورەی پیّ بگەیەنێت. هەمان شت کاتێك کارێکی نایاسایی و ڕەگەزپەرستانە بەرانبەر بە نووسەرێك دەکریّ، نووسەر و ڕۆشنبیری دی لە جیهاندا پشتگیریی لیّ دەکەن بە بیّ ئەوەی تەنانەت وشەیەکی ئەو نووسەرەشیان خوێندبێتەوە، تەنیا جیهانیبوون پێناسی یەك خستوون، کەم مانگ هەیە مەسەلەی داکۆکیکردن لە نووسەرێکم پیّ نەگات لە ولاتانێکەوە هەندیّ جار پێشتر ناوی ولاتەکەشم نەبیستووە. یەکناسین و بیروڕاناسین بەر لە بەرهەمناسین لە نێوان نووسەرانی جیهاندا بە هۆی تۆڕە کۆمەلایەتییەکانی ئینتەرنێتەوە و ئەمانە و زۆر ئالیەتی باشی دی بە شێوەیەك خۆی لە جیهانی ڕۆشنبیر و نووسەردا سەلماندووە، کە نووسەر لە زۆر لایەنی تر تایبەتمەندیی نەریّ بگوازێتەوە بۆ تایبەتمەندییەکی ئەری " پۆزەتیڤ"تر. لە هەمان کاتدا تایبەتمەندییە نەریّ "نەگەتیڤ"ەکانی بەجیهانیبوون وایان لە زۆر نووسەر کردووە لە پێناسی ڕاستەقینەی خۆیان دابڕێن وەکو نووسەرێکی ڕەسەن نەمێنن. بۆ نموونە ئیغراکردنی خەلك بە وێنە

ئێجگار پێشکەوتوو و سەرنج ڕاکێشەکان وای کردووە ئێستا لە جیهاندا خوێنەر کەمە و بینەر زۆرە، ئەو خوێنەرەش، کە هەیە خوێنەری بابەتی زۆر جدی نییە، بابەتی جدی لە کایە ئەکادیمییەکاندا زیاتر بوونی هەیە، کە دێتە سەر وێژە خوێنەرەکان خوێنەری بابەتەکانی سێکشوال و ئاکشنن، زۆر نووسەر فکر و ڕێبازی خۆی بە پێی بازاڕەکانی فرۆشتن ڕێك خستووە و کارێك دەنووسێت لە بازاڕی ئەمڕۆدا پارە بکات، لە ڕۆژهەلاتیشدا ئەوەندەی ئاگەدار بم بە تایبەت لە ناو کورددا، ژمارەیەکی زۆری نووسەران مەترسیی لە ناوچوون لە مەزارەکانی بەجیهانیبووندا وای لێ کردوون، گرووپ دروست بکەن و هەمان پەیڕەو و پرۆگرامی حزبەکان لەگەڵ خەڵك و لەگەڵ خوێنەرەکانیشیان پراکتیك بکەن، زیاتر وەکو کایەی حزبی و لە قەوارەیەکی ڕۆشنبیریدا بجوولێنەوە بۆ جوولاندنی سۆزی خەڵك و زۆرکردن یان ڕاگرتنی خوێنەرەکانیان. وەکو خۆم لەگەڵ هەموو لایەنە خراپەکانیشیدا هێشتا دیاردەی بەجیهانیبوونی ڕۆشنبیریم پی پەسندە و هەبوونی دەمامکی ساختەی ڕووی زۆر نووسەری ڕۆژهەلاتی لاداوە، تێبینیم کردووە ژمارەیەکی زۆر لەوانەی لە ڕۆژهەلاتدا پێیان دەگوترێت نووسەری گەورە ئەوانە بوون و زمانە بیانییەکانیان زانیوە و بە شێوەیەکی بەرفرەوان سوودیان لە بەرهەمی نووسەری ڕۆژئاوایی بینیوە بە بێ ئەوەی ئاماژەی پێ بکەن. بە تایبەت لە ڕووی فکرییەوە، بۆیە ئەمڕۆ بەجیهانیبوونی ڕۆشنبیری بەجیهانیبوونی زمانیشە و زمانە زیندووەکان لە هەموو شوێنێکی جیهاندا زۆر بەرینتر لە جاران دەخوێنرێن و خەڵك خۆی فێر دەکات. زانینی زمانیش ڕێگەی ئەو جۆرە ساختانە کورتتر دەکاتەوە. لەگەڵ زۆر لایەنی دی، کە لە دیدارێکدا مەحاڵە ئاماژەدان بە هەموو لایەنکانی.

**پ: لە قۆناخێکی بەرهەمدانی ئەدەبیتدا، لەوانەیە کەوتبیتە ژێر کاریگەری یان ئیلهامت لە ئەفسانەی کولتوورگەلی تر وەرگرتبێ، تا چ ئاستێك کەوتوویە ژێر کاریگەریی نووسەرانی ئەورووپایی و ئەمەریکاییەوە؟**

و: بۆ وەلامی بەشی دووەمی پرسیارەکەت، من بە گشتی ئەدەبی ڕۆژهەلاتیم زۆر بەدەگمەن خوێندووەتەوە، سەرەتا، کە دەستم بە خوێندنەوە کرد بەو

بابەتانە دەستم پێ کرد، کە ڕۆژئاوایی بوون و وەرگێردرابوونە سەر زمانی عەرەبی، بۆ نموونە دیستۆفسکی، گابرێل گارسیا ماکیز، تۆڵستۆی، گی دی موباسان، سیمۆن دی بۆڤوار، ڤێرجینیا وۆڵف، ئیدگەر ئالان پۆ، جۆرج ئۆرویڵ، شکسپیر و...تد. لە جیهانی نووسیندا ئەگەر چیرۆکێك وای لێ کردیت دوو جار بیخوێنیتەوە یان لە گەڵتدا بژی و زوو زوو بێتەوە یادت، ئەوە مانای ئەوەیە ئەو چیرۆك و نووسەرە کاریگەریی لە سەرت هەبووە. لە نێو ئەو نووسەرانەی من خوێندوومنەتەوە گابرێل گارسیا مارکیز ئەو نووسەرەیە من لەگەڵ چیرۆکەکانیدا ژیاوم، تەنانەت کاتێك یەکەم جار "خۆشەویستی لە سەردەمی کۆلێرادا"م خوێندەوە لەبیرم چووبوو چیرۆك بووە و زادەی بیری نووسەرێکە، زوو زوو لە یەکێك لە مامۆستاکانم دەپرسی چۆن ئەگەر ڕاست دەکات ئەو کچەی خۆش دەوێت چۆن توانیویەتی ئەو هەموو پێوەندیی خۆشەویستییە بکات، ئەگەر خۆشیشی نەویستووە چۆن ڕۆژانە بۆ نادیار نامەی ناردووە؟ ئەمە واتەی ئەوەیە کاریگەریی ئەمەریکای لاتینم لە سەر هەبووە، بە تایبەت کە مارکیز ستایلی واقعی فەنتازیی دەنووسێ، زۆر جاریش پەنا دەباتە بەر ئەفسانە.

بەڵام هەندێ جار بایەخدانی من بە ئەفسانە، کە ئەمە وەڵامی بەشی دووەمی پرسیارەکەتە، دوو هۆی سەرەکی تری لە پشتە، یەکێکیان بۆچۆنی تایبەتی خۆمە، کە پێم وایە مادام مرۆڤ لە منداڵیدا خەونی ئەفسانەییی هەیە و چیرۆکی ئەفسانەیی سەرنجی ڕادەکێشێت، واتە ئەفسانە و خەون و چیرۆکە ئەفسانەییەکان نامرن، چونکە زۆربەی ئاکارەکانی گەورەبوون پابەندن بە خەون و چیرۆکەکانی منداڵییەوە. دووەمیان پێوەندیی بە هەڵویستی تایبەتی منەوە هەیە سەبارەت بە ئەفسانە، ئەویش ئامانجی پێچەوانەی شەپۆل بوونە. شەپۆلێکی بە هێز لە ناو کورد و ڕۆهەڵاتیدا بە گشتی هەیە، پێێ وایە پێشکەوتنی ڕۆژئاوا واتە بەلاوەنانی کۆن، داهێنانی شتێکی تازە و تورهەڵدانی کۆن، کە لە ڕاستیدا ئەمە داهێنان لە پنتە عەقڵێك دەهێنێتە دەرەوە بۆ پنتی تەنیا پراکتیکی. چونکە داهێنان و پێشکەوتن بەر لە هەر شتێك پرۆسەیەکی عەقڵی و ئاوەزییە

بـەر لـە دیـاردە، لـە ڕۆژهـەڵاتـدا پـەلامـاری دیـاردەکـان بـە سەقـەتـی دەدەن و عەقڵەکان هەر وەکو خۆیـان، ئەوەیشی ئەوان پێیـان وا بوو کە ڕۆژئـاوا پێش کەوت و بۆیە ئەفسانە لە نووسیندا بەکارناهێنێت، نووسەری ڕۆژهەڵاتی ئەگەر نووسەری بـاش بێت نـابێت پەنا بەرێت بۆی، هـاوکێشەیەکی پێچەوانەیە، بەو بەڵگەی نووسین و فیلمەکانی لە سەر ڤامپایەر Vampire کە جگە لە ئەفسانە شتـێکـی دی نـیـیـە، کـتـێبـەکـانـی هـاری پـۆرتـەر، کـە هـەمـووی ئـەفسانـەیـە نووسەرەکەی لە خزمەتگوزارێکی نێو قاوەخانەیەك کرد بە دەوڵەمەندترین ژنی جـیـهـان، لـەگـەڵ ئـەوەی ئـەم بـەرهـەمـە بـۆ مـنـاڵانـە بـەڵام بـە پێی ڕاپـۆرتـی ڕاگەیاندنەکان زۆربەی تەماشاکارانی گەورەن، ئەو بەرهەمانەی ئەفسانەن پڕ فرۆشترین و پڕ بینەرترین بەرهەمن، هۆکارەکەشی وابەستە بوون بە خەیاڵ و خۆزگەی منـاڵی. من ئەم ئاراستەی بـاوەم لە کارەکتەرایزکردنی ئـاژەڵیشدا هەر کردووە و لەبەرئەوەی دژی ئەو هەموو پێشیلکردنی مافی ئاژەڵ و هەموو سووکـایـەتی و جنێودان و ئـامـاژە زمـانـەوانی و جووڵـەییـیـە نـاشیرینـەکـانی ڕۆژانەی شەپۆلی ڕۆژهەڵاتیم بەرانەبەر بە ئـاژەڵ، ژمـارەیەك پـاڵەوانی سەرەکیی ژمـارەیـەك لـە کـورتـە چـیـرۆکـەکـانم ئـاژڵـن، جـۆرە کـارەکـتـەرێکـی ئـاژەڵـی کـە دڕندەییی مرۆڤەکان شەرمەزار دەکات.

**پ: پـێت وایـە کـە شێوازەکـانـی پـۆست-مـۆدێرن لـە نـووسیـنـدا لـەوانـەش بەکارهێنانی لێك هەڵوەشاندنەوە (تفکیکیە)، دەشێ لای وەرگر لە کوردستان یان عێراق جێی پێشوازی بێ، وەك ئەو پێشوازییەی لە شێوازی گێڕانەوەی واقعی کرا؟**

و: Deconstruction یان بزوتنەوەی تەفکیکی یەکێك بوو لە گرینگترین و پڕ جەدەلترین تیۆرییەکانی سەردەمی پاش بونیادەگری کە لە لایەن ڕەخنەگری فەرەنسی جاك دریداوە هـاتە بوون و یەکێك بوو لە پڕ جەدەلترین تیۆرییەکان، گەرچی زۆربـەی ڕەخنـەگرانی نە بە تیۆری و نە بە فەلسەفە ناوزەدیـان نەکرد. نـاتوانین لـە دیدارێکدا مـافی تـەواو بە تـەوەرێکی گرینگی لەم شێوەیە بدەین، چـوون پـاش تـەفیـکیکیش شێوازی تـەئـویـلـی و تـیـۆریـی فرە خـوێندنـەوەش تـا

ڕادەیـەکـی زۆر سوودیـان لـە تـەفـکـیـکـی دیوە و بـنـەمـاکـانـیـان لـە زۆر ڕووەوە هـاوشێوەن، بـنـەمـای تـەفـکـیـکـی، کـە تـێکشکـانـی زمـان یـەکـێکـە لـە بـنـەمـا سەرەکییەکانی، پاشان خوێندنەوەیەك، کە پێش فکری ڕەخنەیی کەوتبێت، چەقبەستن لـە سەر پـنـتـی عـەقڵ و هـەروەهـا ڕۆشنبـیـری بـە چـەکـی سەرەکـی ڕەخنەگر دانرا، چونکە دەبێت توانی تەفکیك و ڕاڤە و ڕێکخسن و (تقویم)یشی هەبێت. لەم ڕوانگەیەوە دەقێکی ئەدەبی پارچە پارچە دەکات بۆ واتە، ڕەمز، تـۆنـی دەنگ، وێـنـە، تـەکـنـیك و شێواز و لایـەنـەکـانـی دی و سەرلـەنـوێ بـونـیـادنـانـەوەی، ئـەمـەش وا دەکات کە ڕەخـنـەگر ئـازاد بێت لـە دروستکـردنـی مـەدلـوولاتـی ئـەدەبـی و فـکـری و واتـە شاراوەکـان، نـێوان دێرە سپـیـیـەکـان بخوێنێتەوە، وا بکات دەقێکی ئەدەبی واتەیەکی جێگیری نەبێت، بە پێی ئەوەی هەتا ئێستا خوێندنەوەی ئەدەبی بە زمانی کوردی خوێندنەوەیەکی سەردییە و ناتوانێت بگات بە ڕەمز و مەدلوولاتی شاراوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە شێوازی تەفکیکی لە ڕووی ڕەخنەییەوە لە کوردستاندا پێشوازیی باشی لێ نەکراوە. لـە ڕووی نـووسینـەوە، کـە شێوازی پـۆست مـۆدێرن و تـەفکیکی، کە بواردانە بە خوێنەر ببێت بە نووسەر، واتە پێناسی نووسەردان بە خوێنەر لە ڕێگەی جێ هێشتنی بۆشاییی ڕەمزی بۆ فکر و خواست و حەزی خوێنەر، کە لای خۆیەوە پڕی بکاتەوە و بەشداری بکات لەگەڵ نووسەردا، بەڵێ ژمارەیەکی باش لـە چـیـرۆکـنـووسانـی کـورد و عـێراقـیش لـەم بـوارەدا سەرکـەوتـووانـە بـابـەتـی بەرچاویان خستووەتە ڕوو، خۆشم کەسێکم زیاتر لەم بوارەدا کارم کردووە، بەڵام پێم وایە خوێنەری کورد زیاتر پێشوازی لە بابەتی سوریالی دەکات. من لە سەرەتای نووسیندا ئەم شێوازەم تاقی کردەوە چونکە شێوازێکی باو بوو لە ناو ئەو نووسەرانەی بەر لە من دەستیان بە نووسین کردبوو، پێشوازی لە بەرهەمەکانیان دەکرا، بەڵام لەگەڵ خوێندنەوە و ئەزموونداتێ گەشتم ئەو شێوازە لـە جـیـهـانـدا خـوێـنـەری کـەمـە و پـێشوازیـکـەرانـی ڕەخـنـەیـی و بڵاوکردنەوەشیان هەر کەمە، بۆیە لای خۆمەوە جیاواز لەوانەی هاوڕێ و هاوپیشە بووین تێ هەڵکێشی هەردوو شێوازی تەفکیکی و سەردیم بۆ شێوازی

خۆم دروست کرد لە تەکنیکدا و لە دەربڕینیشدا لە زۆربەی چیرۆکەکانمدا جیهانی واقعی–فەنتازیم بەکار هێناوە.

**پ: کارکردنت وەك چالاكێك لە بواری مافەکانی مرۆڤ و بەرهەڵستیی کۆمەڵکوژی، کاری کردووەتە سەر نووسینەکانت؟**

و: بەڵێ کارکردنم لە بوارەکانی مافی مرۆڤ و هەروەها مەسەلەکانی جینۆساید زۆر زیانی بە لایەنی نووسین و لایەنی خوێندنەکەشم گەیاندووە، چەندان جار بە سێ مانگ وازم لە کۆرسی خوێندن هێناوە بۆ ئەوەی کار لە سەر مەسەلەیەکی مرۆیی بکەم، بە تایبەت گەر تایبەت بووبێت بە جینۆسایدی کورد. بە نیازم بەم زووانە واز لە ڕێکخراو و بنکەکانی دیی مافی مرۆڤ بهێنم و تەنیا پڕۆژەی جینۆسایدەکە لە ئەجەندای خۆمدا بهێڵمەوە. چونکە نەنووسین وشاری دەروونیی گەورەم بۆ دەهێنێ و بێ ئومێد بوونیش لە بوونی مافی مرۆڤ و ڕێکخراوی مرۆییی بێگەرد و ناگەندەڵیش وشاری زیاتر، بۆیە دەبێ بگەمە بڕیارێکی دروستتر.

**پ: ئەو سەختییانە کامانەن، کە ڕووبەڕووی ئافرەتی بنووس دەبنەوە؟**

و: ئەمە پرسیارێکی زۆر گشتییە و وەڵامی پێویستی بە نووسینی کتێبێکە چونکە ژنی نووسەری ڕۆژئاوایی ئەگەر وەکو ژن کێشەی هەبێت، کێشەی وەکو ژنی نووسەر یان هەر نییە یان کەمە، چونکە جەندەرایزی فکری نەکراوە، بە پێچەوانەوەش زۆر دام و دەزگە بۆ هاوکاریی ژنی نووسەر دامەزراوە. وەکو ژنی نووسەری ڕۆژهەڵاتیش قسە بکەین ئەمەشیان هەر جیاوازە، هەر وڵاتێك تایبەتمەندیی خۆی هەیە، تەنانەت بارۆدۆخی نووسەری ژنی عەرەب زۆر باشترە لە دۆخی ژنی نووسەری کورد. من ئەگەر وەکو نووسەرێکی کورد قسە بکەم، یان چاکتر وایە بڵێم وەکو کازیوە قسە بکەم، چونکە لە ناو نووسەری کوردیشدا نووسەرێکی بێ هەڵویست و کۆیلەی حزب و دەسەڵات جیاوازە لە نووسەرێکی سەربەخۆ، دۆخی نووسەرێکی شاعیر جیاوازە لە نووسەرێکی ڕەخنەگر بەڵام کازیوە کە مرۆڤێکی سەربەخۆیە، لە خێزانێکی قوربانییە، کار و چالاکییەکانی زۆربەی کات جیاواز بوونە لەوەی پێشتر هەبوون و لەگەڵ

شەپۆلی بەرژەوەندیخواز مل نانێت ڕووبەڕووی چ ڕێگریەك دەبێتەوە؟ لە ڕۆژئاوادا بە دەستنیشانکراوی لە "کەنەدا"دا، کە وەکو هەموو نووسەرێکی دیی ئەم وڵاتە داواکارییەکانم دەچێتە بەردەم ڕێکخراوە تایبەتەکان بە ئەدەب و هونەر بە نووسین و نووسەران ئەوەی من ڕەت دەکرێتەوە و ڕووبەڕووی ڕەگەزپەرستی دەبمەوە یەکەم بە هۆی "ڕۆژهەڵاتی"بوونمەوە، ئەمەیان زۆر بە ئاگاوە دەردەبڕم و لێرە ئەگەر پەناهەندەی پارچەیەکی دیی جیهان جارێك ڕووبەڕووی ڕەگەزپەرستی ببێتەوە ئەوە پەناهەندەیەکی ڕۆژهەڵاتی دەیان جار، ڕۆژهەڵاتیبوون و ئیسلامبوون گەورەترین هۆکارن بۆ ئەوەی تەنیا بە بینینی ناوەکەت و وڵاتەکەت نە هیچ مافێکت وەکو نووسەرێکی تر بێت و نە تەنانەت کاریشت بدەنێ.

لە بڵاوکردنەوە لە ڕۆژنامەکاندا ڕووبەڕووی هەڵاواردن دەبمەوە چونکە ئەوان زیاتر بابەتێکیان دەوێت ڕۆژهەڵات یان خەڵك و وڵات و دیانەتی خۆت بە وەحشیگەر و لە دوا ویستگەی لە ناوچووندا دەرببڕیت و ئەوانی ڕۆژئاوایش بە فریادڕەس و داوای بە هاناچوون کردن لێیان، منیش لەگەڵ ئەوەی ڕەخنەی زۆرم هەیە بەرانبەر ڕۆژهەڵات و دیانەت و خەڵك..تد، بەڵام هیچ هێزێکی سازشکار و ئایدۆلۆجیخواست ناتوانێت شتێك بە من بنووسێت تەنانەت ئەوەشی، کە خۆم قەناعەتم پێی هەیە. لە هەر کوێی دنیا بم و بە هەر زمانێك هەر دەبێت دژی ئەو ئایدۆلۆجیانە بم، کە لە ئەجەندایەکی نارەسەندا خۆیان دەناسێنن.

وەکو کوردێکیش زۆر جار دەبم بە قوربانیی عەرەب و تورك و فارسی ڕەگەزپەرست لە دەرەوە، ئەم ئەزموونەشم سەدان جار ڕووبەڕوو بووەتەوە و چەند جارێکیش کارم لە دەست داوە بە هۆی ئەم جۆرە ڕەگەزپەرستییە ئیتیکییەوە.

کە ئەشگەڕێمەوە کوردستان ڕووبەڕووی ڕەگەزپەرستیی خراپتر دەبمەوە، یەکەم ئەوەندەی ڕۆژئاوا دژی بێگانەیە و هەتا خەڵکی خۆیان هەبێت هیچ دەرگەیەك بە ڕووی بێگانەدا ناکەنەوە ئەوەندە نەتەوەکەم واتە کورد

بێگانەپەرستە، ئەم هاوکێشەیە ئێستا ناسراوە لە ناو نەتەوەکانی تردا. جیا لەمە لە کوردستان ڕووبەڕووی ڕەگەزپەرستیی حزبچیەتی، عەشیرەتچیەتی، ناوچەچیەتی تەنانەت شارچیەتیش دەبێتەوە. ژیانی کوردستان لە سەر مەحسوبیات دەڕوات، تەنانەت ئەگەر خەڵکێك وەکو ئێمە خاوەنی مێژوویێکی شۆڕشگێری بوو بێت ئەمڕۆ لە کوردستاندا جێگەیان نابێتەوە و زیاتر بۆ خەڵکی هەلپەرست و تێکدەر و بەرژەوەندخواستە و ئەوانەش لە دەرەوەی ئەم بازنەیەن و هێشتا لە کوردستاندا دەژین ژیانیان پڕ کێشمەیە. بۆیە من مرۆڤێك و نووسەرێکی بێلانەم، نە کەنەدا و نە کوردستان نەبووە بە لانە و پێگەی من. هەتا ئێستا خەڵکی کورد و میدیای کوردی (چونکە میدیای حزبن) کوردستان بچووکترین مافی منی نەداوە وەکو نووسەرێك، تەنانەت یەك لە سەدی ئەوانە مافم نەبووە، کە وەکو خوێندکاری من بوون لە ڕووی نووسین و ڕۆشنبیر و مێژوویەوە، نەك هەر ئەوە بەڵکو بە هەموو شێوەیەك توان و مافەکانم لە کوردستاندا پێشێل کراون. هەندێ حزب و حزبۆکە بە دەیان ساڵە تەعتیمی ئیعلامییان خستووەتە سەرم تەنانەت ئەگەر لە بۆنەیەکدا ناوی من لەگەڵ گرووپێکدا هاتبێت ناوەکەی منیان دەرهێناوە ئەوجا ناوی گرووپەکەیان بڵاو کردووەتەوە، تەنیا لەبەرئەوەی ڕەخنەم لێ گرتوون و ڕەخنەکەشم بە مەبەستی بەرگریکردن بووە لە خۆم ئەم حزبە خۆی بە سۆشیال دیموکرات دەزانێت و لەگەڵ بێگانەدا دەیان بەعسیی تاوانبار و جاش و تیرۆریستی لە ناو عێراق و کوردستاندا پاراستووە و بۆ ئەوەی خەڵکی عێراق و کورد نەیانکوژێت دەربازی دەرەوەیان کردوون و خزمەتیان کردوون. بەڵام خەڵکی وەکو ئێمەیان لە وڵاتەکەدا وەدەرناوە چونکە کۆیلە و گوێڕایەڵ نەبووە. لەگەڵ ئەم هەموو تەگەرەشدا هێشتا لە نووسین و خۆشویستنی خەڵك و وڵاتی خۆمان بەردەوامین. تا ئێستا غەم و تەگەرە و بێ مافی و چەوساندنەوەکانی ئەوان هەوێنی هەموو وشە و هەنگاوێکی من بووە، بۆ خەمەکانی ئەوانە "مەیموون"بوونم هەڵبژارد، ئاخر لەوانەیە تۆ نەزانیت نووسەربوون بۆ ژن لە ناو کۆمەڵی کوردیدا بە تایبەت ئەگەر ئەو ژنە توانی فکریی هەبێت و تەنیا شیعر بۆ قەد و باڵای پیاو

نەنووسێت خۆ بە مەیموون کردنە. هەندێ جار سەرم سوڕ دەمێنێت منێك بۆ ئەوەندە کەسی کوردستانێکم، کە تا ئەو ئاستە نەیتوانیوە هیچی من بێت.

**پ: کاتی خۆی لە پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی بەغدا وەرگیرایت و دواتر لەبەر هۆکاری سیاسی لەوێ فەسڵ کرای، هیچ مەیلی هونەریت هەیە و لە چ بوارێکدا؟**

و: لە سلێمانی بوو نەك بەغدا، لە سلێمانی پاش سێی ناوەندی قوتابییان لە هونەرەجوانەکان و پێگەیاندنی مامۆستایان وەردەگرت، من لای هەردوو لایان فەسڵ کرام، بەمەرجێك ئەوانەی خوێندنیان عەرەبی بووایە و نمرەکانیان لە سەروو حەفتاوە بووایە ئەفزەڵیەتیان درابوویە، من خوێندنم عەرەبی بوو و نمرەکانیشم هەشتا و شەش بوو. بە هۆی خێزانەکەمانەوە کە پێشمەرگە بوون و باوکیشم ئەو کاتە زیندانی سیاسی بوو. بەڵێ ئارەزووی مۆسیقام هەبوو، ئارەزووی زۆر جۆری دیی هونەرم هەبوو، وەکو شێوەکاری (کە زۆر خراپ بووم تێدا)، سینەما، فاشیۆن، دیزاین، تا ئێستاش ئارەزووی سینەما وەکو نووسین و بەشداری، ئارەزووی دیزاینی فاشیۆنم تیا ماوە، بەڵام ئەوانەی دیم لە کۆمەڵی کوردیدا زۆر نەبیستبوو، بۆیە مۆسیقام هەڵبژارد، بەڵام ئیتر ئەو کاتە هونەر و تەنانەت ئەو زانکۆیانەی، کە هەندێك ئاستیان باش بوایە، بۆ کورد نەبوون هەتا ڕاپەڕین کورد ئازاد نەبوو چی هەڵبژێرێت و چ بخوێنێت. گەرچی خۆشبەختانە من دەردی فەسڵکردنی زانکۆشم نەبینی و هێشتا نەگەیشتبووم بە قۆناخی زانکۆ کە ڕاپەڕین لە دایك بوو.

**پ: شیعر و چیرۆکت بۆ منداڵان نووسیوە، خۆت لە کام ڕیزبەندێدا دادەنێی: بنووس بۆ گەوران، یاخۆ شاعیر و بنووس بۆ منداڵان؟**

و: زیاتر خۆم بە نووسەری گەورە دەبینم، زیاتر لە فەراهەمهێنان و ڕاڤەکردنی خەمی گەورە تێ دەگەم، ئەویش لەبەرئەوەی من نووسەرێکی ڕەخنەییم، بەڵام وەکو پێشتریش باسم کرد، من زۆر لە نووسین ناکەم بینووسم، یان خۆم ئامادە ناکەم، ئەوە بەرهەمەکە خۆیەتی لەو کاتەیدا، بەو شێوەیە لە زهن و ژیانی مندا ڕەنگی داوەتەوە و لەو کاتەدا دەیەوێت وەکو بەرهەمێکی

منالان یان گەورە، وێژە یان ناوێژە لەدایك بێت، منیش پێم خۆشە ڕاستگۆ بم لەگەڵ ساتەکانی نووسیندا.

**پ: چیرۆکەکانت خاڵی نین لە نۆستالجیا بۆ نیشتمان و بۆ ڕابردوو، بۆ تاراوگەت هەڵبژارد؟ بیر لە گەڕانەوە بۆ نیشتمان دەکەیتەوە؟**

و: بەداخەوە بەڵێ پڕم لە نۆستالجیا، دەڵێم بە داخەوە چونکە ئەو کەسانەی ئەزموونی تاڵی منیان هەبووە ئەو نۆستالیجییەیان نییە، لە کاتێکدا من تەنیا بە چاوی هەست شتەکان دەبینم ئەم هەموو نوستالجیایەم تیایە، بۆ نموونە من کەرکووکم نەبینیوە، هاتووم بە ڕێگەی هەست و خۆشەویستی بۆ کەرکووك، بۆ کەرکووکم نووسیوە، بۆ گەرمیان و ئەنفال، بۆ شارەکان و ناوچەکانی دیم نووسیوە بە بێ بینین و هەبوونی زانیاریی بینراو سەبارەتیان. مەنفام بە خواستی خۆم هەڵنەبژارد، وشارێکی سیاسیی ناپەسندم لە لایەن دەسەڵاتێکی ناڕەسەنەوە لە سەر بوو بۆیە چارەیەکی دیم نەبوو جگە لە مەنفا هەڵبژاردن.

بۆ گەڕانەوەش نەخێر لە ئێستا بە تەمای گەڕانەوە نیم، تەنانەت لە داهاتوودا ئەو ئەندامانەی خێزانەکەشم، کە ماون لەوێ دەیانهێنمە دەرەوە، گەر خۆیان ڕا نەگۆڕن. هەڵبەت خەون بە گەڕانەوەوە دەبینم، بەڵام پێم خۆشە لە کاتێکدا بێت سیستمی ئەو وڵاتە هەندێك بەها و ڕێزی بۆ مرۆڤ بەرجەستە کردبێت، هەندێکی لە دکتاتۆرییەتەکەی تێك شکاندبێت. کە ٢١ ساڵ بەر لە ئێستا کوردستانم بە جێ هێشت هەر وەکو ئێستا بوو، ئەو هەموو ماوەیە هیچ لە مەسەلەی ئازادیی دەربڕین و ڕێزی پێنووس نەگۆڕاوە. بۆ نموونە من مرۆڤێکی سەربەخۆم و سەربەخۆ بووم، پێم وایە لەگەڵ ئەوەی حزبە کوردستانییەکان تا ڕەگ و ڕیشە گەندەڵ و بێ کەڵکن بۆ ئەمرۆی کۆمەڵی کوردی، لەگەڵ ئەوەشدا هەر حزبێك دەکرێ چەند کەسێکی باشی تێدا بێت بۆ ئەوەی مامەڵەی لەگەڵ بکەیت لەو مەسەلانەدا، کە بەرژەوەندیی گشتیی کۆمەڵ و مرۆڤی تێدایە، بەڵام حزبەکان خۆیان ئەم ڕێزەیان بۆ خۆیان نییە، پێیان وایە تۆ دەبێت یان لەگەڵیاندا بیت یان دژیان، گەر لە تەکیاندا کارت نەکرد ئەوا دوژمنیت و دیارە لە دەرەوەی بازنەی کارکردن بۆ ئەوان هیچ مافێکیشت نییە. تەنانەت حزبە

ئیسلامییەکان ٤١ ساڵ بەر لە ئێستا من، کە بابەتێکم لە سەر نووسیون، بەر لە بڵاوکردنەوەی بۆ خۆیانم ناردووە بۆ ئەوەی وەڵامی بدەنەوە و وەڵام و ڕاکانی ئەوانیش بڵاو بکەمەوە، چونکە لەگەڵ ئەوەی من کەسێکی عەلمانیم بەڵام باوەڕم بە ڕا و ئایدۆلۆجیای جیاواز و مافی تاکە کەسی هەیە، بەڵام ئەوانی ئیسلامی خۆیان ئەم مافەیان بە خۆیان نەدابوو و قبووڵیان نەکرد. من مرۆڤێکم تەنیا ئایدۆلۆجیەك باوەڕم پێیەتی هیومەنیزمە، دەکرێ خەڵکی وەکو ئێمە لەبەرئەوەی خەون بە گۆڕانی کۆمەڵایەتییەوە دەبینێ لەگەڵ عەقڵی کۆمەڵایەتی مامەڵە بکات، بەڵام ناتوانم عەقڵی سیاسیی کورد بەو ئاستەوە، کە بە هۆی ئەوەوە وڵاتم بە جێ هێشتووە قبووڵ بکەم.

لەگەڵ ئەو هەموو تەنگژەشدا بیرم لە پێوەستبوون بە خوێندکاران و قوتابییانی کوردستان کردەوە، من ماوەی دوازدە ساڵە لە مەنفادا دەژیم، ئەم دوازدە ساڵە بە لای هەر باخێکی جوان و دەریا و باڵەخانەیەکی جواندا تێ پەڕیبێتم لە دڵی خۆمەوە گوتوومە خۆزگە دەمتوانی ئەمەم ببردایەتەوە بۆ وڵاتی خۆم، کە سەیری کارەبای بەردەوام، ژینگەی پاك و هەمیشە ئاوی گەرم و سەلامەتیی بەکارهێنانی ئامرازەکانی ناوماڵم کردووە ڕۆژانە گوتوومە خۆزگە خەڵکی کوردستانیش لەم جۆرە ژیانە بێبەری نەدەبوون، هەموو پاسێك کە بۆ کەمئەندامێك یان بەساڵاچوویەك ئوتۆماتیکی نزم بووەتەوە من هەموو خەمی کەم ئەندامەکان و بەساڵاچووانی کوردستانم بیر کەوتووەتەوە و خۆزگەم خواستووە بتوانم ئەو خزمەتەیان بۆ ببەمەوە و.. دەیان دیاردەی دی کە ڕۆژانە منیان کرۆشتووە و بوون بە بەرهەمهێنەری نۆستالجیا. پاشان بە خۆم گوت مادام ئەمانە خەونن و چوونەوەیان مەحاڵە من پێویستە خۆم لەو بوارانەدا خوێندەوار بکەم، کە وڵاتی خۆمان زۆر پێوسیتیان پێیەتی، کۆمەڵێك خوێندنی جیاوازم تەواو کردووە لە دەرەوە، بە مەبەست ئەو بەشانەی لە کوردستان نییە و ئەو کەم و کووڕییانەی کوردی ئەو پارچە ئازادە لە ژیانی کۆمەڵایەتی و کولتووری و سایکۆلۆجیا پێویستیەتی. بە نیازی ئەوەی ئەگەر بە یەکجاریش نەگەڕێمەوە هەوڵ بدەم ساڵانە چەند جارێك بگەڕێمەوە و ئەمانە بگەیەنم بە

خوێندکاران و لاوانی وڵات. چونکە لاوان بەشخوراوترین چینی کۆمەڵن و چاوەڕوانیی گەورەیان لێ دەکرێ بە بێ هیچ هۆشیارکردنەوەیەکی ڕاستەقینە، بە بێ ئەوەی لانی کەم ژیانی لاوێتییان پێ بدرێ. بەڵام ماوەیەك بەر لە ئێستا لە کۆنگرەیەکدا بەشداریم کرد و بە داواداچوونم لەگەڵ لانی پێوەندیدار و حکوومەت کرد و تێ گەشتم ئەوەی خەمی حکوومەت و خوێندنی باڵا و لایەنەکانی دیی دەسەڵات نییە لاوان و هۆشیاریی لاوانە، هەبوونی زانستی نوێیە لە کوردستان..

**پ: بە هۆی نائارامیی بارودۆخی کوردستان و عێراق یان هۆکاری تر لە پشت بڕیارەکەتەوەیە بەرانبەر بە خێزانەکەت؟**

و: نا هیچ پێوەندیی بە نائارامییەوە نییە، ئێمە ڕاهاتووین بە نائارامی و لە ناویدا گەورە بووین. من کە هاتمە دەرەوەی کوردستان کارم بۆ هەموو خێزانەکەم کرد، دەبوو هەموومان بە یەکەوە بێینە کەنەدا، بەڵام دایکم دایکی شەهیدە و وتی گۆڕی کوڕەکەم بەجێ ناهێڵم و بۆیە لەگەڵ خوشکەکانمدا بڕیامان دا من و دوو برای بچووکم هەبوو لەگەڵ خۆمدا بیانبەم، من ئەوان گەورە بکەم و ئەوانیش دایکم بەخێو بکەن، دەڵێم بەخێوکردن چونکە دایك، کە منالی دەکوژرێت ئیتر خۆشی دەبێت بە زیندوویێکی مردوو ناتوانێت تەنانەت ئەرکی خۆشی هەڵگرێت نەك منال بەخێوکردن، بەڵام هەر کاتێك ئامادە بێت دەستبەرداری گۆڕی براکەم بێت لەوێ نایانهێڵم و دەیانهێمە دەروە، ئەگەر خۆیان بڕیاریان نەگۆڕن، چوون پێشتر پێم وا بوو هەر شتێك بەرانبەر من کرابێت لە ناو کورددا لە بەر ئەوە بووە نووسەرێکی ڕەخنەگرم و دەسەڵاتی کوردیش بە هەموو ناوە جیاوازەکانیانەوە فیودالیزم و دیکتاتۆرن و یەك ڕەخنە و ڕای جیاوازیان پێ قبووڵ ناکرێت، دوو فکری ژنیان پێ قبووڵ ناکرێت. بەڵام دووەم بۆچوونیان لە ناو کورددا ئەوەندە زاڵە هەموو بوارەکانی گرتووەتەوە، دوو خوشکم لە کوردستاندا دەژین، هەردووکیان لە قوتابییە یەکەمەکان بوون، یەکێکیان یەکەم کچی کوردە خوێندنی باڵا لە سینەمادا دەخوێنێت لە دەرەوە، ئەوی دیشیان بەو باردۆخە هەژارەی خوێندنە لە کوردستاندا دوو دۆزینەوەی

نوێی لە بایۆلۆجیا بۆ یەکەم جار لە مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کردووە، هیچ کام لە بەهرەی ئەم دوو مرۆڤە لە چەندان لاوە قوربانییە بەهایەکی بۆ دانەنراوە لە ناو کورد و لە عێراقیشدا، لە هەموو دنیادا قوتابییەك، کە دۆزینەوەی نوێ دەکات یەك خێرا دەکرێ بە ناویەوە، چونکە وەکو سامانێکی نەتەوەیی چاوی لێ دەکرێ، دووەم حکوومەت هەموو ئەرکێکی خوێندن و مینحەی تایبەتی دەداتێ بۆ ئەوەی بەردەوام بێت لە سەر ئەو پڕۆژەیە و دۆزینەوەی زیاتر بەرهەم بهێنێت چونکە وەکو سامانێکی نەتەوەیی چاوی لێ دەکات. لای ئێمە دەسەڵاتی کوردی تەنیا خۆی بە سامانی نەتەوەیی دەزانێت و "مالکی"یش کە دەگات بە نەوتی کەرکووك بە عێراقی دەزانێت و بە ئەرکی خۆی دەزانێت لووشی بدات، بەڵام کە دەگات بە کەیسێکی لەم جۆرە ئەوە کچێکی کوردە ئەرکی ئەو نییە وەکو هەر دەوڵەتێکی ئەم دنیایە ئەرك و فەرمانی خۆی جێبەجێ بکات.

**پ: تۆ کە چالاکی بواری مافەکانی مرۆڤی و چەند بەرپرسیاریەتییەکی تریشت هەیە، چۆن کاتت بۆ نووسینەوە هەیە؟**

و: هەموو دێریك نووسین لە سەر حسابی کاتی خەوتنی خۆم و یان کاتی کارکردنم بووە، هەندێ جار کارم نەکردووە بۆ ئەوەی بنووسم، بەڵام کاریگەریی خراپی بۆ سەر ژیانی ئابووریم هەبووە، زۆر جار نەنووستووم ئەمەش کاریگەریی بۆ سەر تەندروستیم هەبووە. یەك جاریش ماوەیەك وازم لە خوێندن هێنا بۆ ئەوەی بنووسم، بە گشتی ئاسان نییە بۆ من نووسەر بم لەگەڵ ئەو هەموو ئەرکەدا، بەڵام نەنووسینیش مەرگە..

**پ: پرۆژەکانی داهاتووت لە بواری ئەدەبدا کامانەن؟**

و: کۆمەڵێك کتێبی ئەدەبی و لێکۆڵینەوەی تەواونەکراوم هەیە، کە بە هۆی نەبوونی کاتەوە تەواو نەبوون و نازانم کەی تەواو دەبن، لە ناویاندا پرۆژەیەك لە سەر کەرکووك و گەرمیان هەیە، بە هۆی ئەوەی من ئەو شوێنانەم نەبینیوە پێویستیان بە لێکۆڵینەوەی مەیدانی هەیە نەمتوانیوە تەواویان بکەم، بابەتێکی نوێ و بە بۆچوونێکی تەواو جیاواز لە بۆچوونە وتراوەکان لە سەر کوشتنی ژن

هەیە، پیاچوونەوە و هەڵەبڕیی ماوە تەواو ببێت، خوازیارم بتوانم لانی کەم ئەو پڕۆژەیان زوو تەواو بکەم.

**پ: ئەو کتێبە کامەیە کە دانانی خەونێکە بەلای تۆوە؟**

و: خەون بە تەواوکردنی پڕۆژەیەکەوە دەبینم، چەندان ساڵە لە بەرنامەمدایە لە سەر ژنی کوردە بە گشتی، دەمەوێت بە زمانی کوردی و ئینگلیزی بێت، ئەم پڕۆژەیە پێویستی بە سەفەرە بۆ شوێنی جیاواز، دیدار و تێڕوانین لە ژیانی گرووپی جیاواز هەیە، بیرت نەچێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئێمە تەنیا نەتەویەکین گەریلای ژنمان هەیە لەو ئاستە باڵایەدا، هێزی سەربازی و پۆلیس و پێشمەرگەی ژنمان هەیە، ژنی ئێمە تەنیا ئەو بێدەسەڵات و لاقەکراو و چڵکگرتووە نییە، کە میدیاکانی جیهان پیشانی دەدات، پیاوی کورد تەنیا ژنکوژ و گەندەڵ و ناپاکەکان نین، کە زوومی میدیایان لە سەرە، کوردی ڕاستەقینە تا ئێستا میدیا باسی نەکردووە. بۆ جێبەجێکردنی ئەم پڕۆژەیە پێویستم بە پاڵپشتیی مادی و مەعنەوی و ئاسایشیش هەیە، ئەمەشیان بۆ من نەبووە، لە کوردستان هیچ سەنتەرێکی لێکۆڵینەوە نییە ئەم جۆرە هاوکارییەی نووسەر بە شێوەیەکی گشتی بکات، هەر نووسەرێك ئەندامی حزبەکان، یان دەزگە ژێربەژێرەکانیان بێت بە دەیان ناوی بێ ماناوە مووچە وەردەگرن، بە ناوی دەیان پڕۆژەی لە بووندا نەبووەوە پارە وەردەگرن، لە دەرەوە کە پرسیم گوتیان ئەگەر لە سەر کوشتنی ژن بە ناوی شەرەفەوە پڕۆژەکەت بکەیت هاوکاریت دەکەین، وەکو وتم لە سەر ئێمەی جاهل و دواکەوتوو، لەوانی فریادڕەس بە ئاسانی هاوکاریت دەست دەکەوێت. بەڵام دەسەڵات و حکوومەتی کوردی چەندان ژنی بێ ئاستی بێگانەی ئەمەریکایی و ئەوروپایی و شوێنەکانی دیی هێناوەتەوە کوردستان یان ساڵانە دەیان سەفەریان پێ دەکات بۆ کوردستان... بۆچی؟ بۆ وەڵامێکی زانستییانە بە نیازم پێوەندی بەو ژنانەوە بکەم و فکرە و نووسینەکانیان بدەمێ و مادام ئەوان لە خۆمان مافدارترن لە کوردستاندا پێیان دەڵێم چی بکەن و پڕۆژەکەیان دەخەمە بەر دەست بە ناوی خۆیانەوە جێبەجێی بکەن، خوازیارم دانەیەکی تیا بێت خاوەنی ئەوەندە توانایە بێت، کە تەنیا کارە مەیدانییەکەی بکات.

# 7

سازدانی: شۆڕش قەرەداغی.

ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی

*بۆ قسەکردن لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان و بەشداریکردنی کورد لە هەڵبژاردنەکانی عێراقدا و چەندین تەوەرەی گرینگ و هەستیاری نێو ئەو پرۆسەیە، ئەم چەند پرسیارەمان لە (کازیوە ساڵح) نووسەر و ڕۆژنامەنووسی دوورە وڵات کرد:*

پ: **تا چەند گەشبینی بە ئایندەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، ئایا گرتنەبەری پێکهێنانی لیستی هاوبەش سیاسەتێکی حەکیمانە بوو؟ بوونی ئەو جۆرە لیستە تا چەند دیموکراسییەتی پرۆسەکە بەرجەستە دەکا؟ بوونی لیستی جیاواز چۆن دەبینی؟**

و: پرۆسەی لیستی هاوبەش هێندەی پێوەندیی بە بەرژەوەندی و ئامانجی هاوبەشەوە هەیە هێندە پێوەندیی بە پرۆسەی دیموکراسییەوە نییە، ئەو هاوبەشییە بەرژەوەندیی جەماوەریشە نەك تەنیا دەسەڵاتەکان کە لە هەموو سەردەمێکدا یەکدەنگی و یەك لیستی و یەك هێزیی یەکخستنی ماڵی کوردی بەدرێژاییی ڕۆژانی براکوژی و هەتا ئێستا کە هەردوولا بوون بەیەك، جەماوەر داوای ئەو یەکدەنگییەی کردووە، زانیویەتی یەکدەنگی واتە موسۆگەرکردنی مافی زیاتر، بەڵام خواستەکەی پەراوێز خراوە، چونکە بەرژەوەندیی حزبی و دەسەڵاتخوازی ڕێگەی خوێندنەوەی بەرانبەری لێ گرتبوون. ئەمڕۆش کە بوون بە

یەك لیست هەڵەیە ئەگەر وای ببینین ئەوە واتای یەکدەنگیی کورد یان دیموکراسی دەکا، چونکە دەنگی کورد و یەکێتیی کورد تەنیا دوو دەسەڵاتە زلهێزەکە ناکات، بەڵکو بە دەیان حزبی بچووك خراونتە پەراوێزەوە کە هەریەك لەوانەش بەشێکن لە دەنگی کورد، دەنگی کوردیش بە یەکگرتوویی واتە دۆزینەوەی ئالییەتی خۆ دۆزینەوەی زیاتر، پرۆسەی دیموکراسیش دەسەڵات دابەش ناکات یاخۆ کورسی دابەش ناکات بەسەر دوو لایەندا لایەنەکانی تریش پەراگەندە بکرێ، بەو شێوەی کە فیفتی بەفیفتی هەردوو دەسەڵات لە نێوان خۆیاندا بیکەن بەدوو کەرت، بێ دەسەڵاتیش بکەوێتە پەراویزی ئەوانەوە. وەکو پرۆسە ئەو شێوە کارکردنە تەنیا لە تیۆریی تۆتالیتاریدا هەیە، وەکو کوردایەتیش ئەو مەسەلەیە خزمەت بە دۆزی کورد ناکات، چونکە بەو شێوەیە دەنگی کورد دابەش کراوە بەسەر دوودا. یان دوو بەرە جەماوەردا، جەماوەری حزبی بەهێز و هی بێ هێز، لە هەردوو لاشدا یەکێ بالآ و یەکێ نەوییە کە هەردوولاش هەر دەنگی کوردە، دیسان ئەمەشیان لە نێو پرۆسەی دیموکراسیدا جێگەی نابێتەوە.

من هیچ گەشبین نیم و هەر لە سەرەتاشەوە گوتوومە "نا بۆ هەڵبژاردن" هیچ کاتێکیش ناتوانم بەوە خۆم بخەڵەتێنم خۆم بخزێنمە نێو دەنگدانەوە بۆ شەرعییەتدان بە حوکمی عەرەب و دوژمنانی نەتەوەی کورد، هەمووان دەزانین تەنیا بە یەك هێماش عرووبە لە ئیسلام و ئیسلام لە عرووبە جیا ناکرێتەوە، هەردوو تەوەریش هەتا ئێستا دژایەتیی کوردی پێ کراوە.

لە لایەکی تر من پێم وایە، بەیەکەوە بەستنەوەی ئێمە و عەرەب مەحاڵە، چونکە پێوەندیی کورد و عەرەب و دوژمنانی تریش لە پێوەندیی هاوسەرییەکی زۆرەملێ و نامەشرووع دەچێ، کە ئێمەیان بەزۆر و بێ خواستی خۆمان لە عەرەب مارە بڕیوە، هاوسەریەتیی بەزۆریش، جیابوونەوەی دیسان یان بەزۆر یان لە رێگەی یاسایەکی دادوەرانەوە و بالآتر لە بالآی هێزی خاوەن زۆرەملێیە، دەسەڵاتدارانی کوردیش هەر لە سەرەتای دەست تێ وەردانی ئەمریکاوە ئەو هەلە و ئەو یاسا بالآیەی لە پێناوی بەرژەوەندی کەسیدا دۆڕاند. کە ئەمریکا دەیتوانی ئەو دادگایە بێ و تەڵاقی خۆمان بداتێ، پاش ئەمانەش من ناتوانم

متمانەم بەوە هەبێ کە ئەو هەندە سەربەخۆییەش هەیە بەهۆی ئەم زەماوەندە نوێیەمان لەگەڵ عەرەبدا لە دەست نادەین و جارێکی تر ڕۆڵەی کورد بەر کوشت و بڕ و زیندان و سووکایەتی نابێتەوە، ئەم دڵەڕاوکێیەش پەسەندە، چونکە هیچ پێرەوێکی زانستی دەروونی، سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو دڵنەواییەمان ناداتێ کە کۆمەڵی عەرەب بەگشتی کۆمەڵێکی شۆڤێنی و بەربەرییە بەرانبەر بەکورد. کۆمەڵی عێراقیش بەتایبەتی کە کۆمەڵێکە هەتا سەر ئێسقان پڕ گرێکوێرە، توندوتیژی و ڕەگەزپەرستیی شۆڤینیانەی بەعسە، کۆمەڵێك لە نەوەی ئێستا هەیە تا ئێستا لە هیچ پرۆسەیەکی دیموکراسیدا بەشداریی نەکردووە و هیچ لایەنێکی ژیانی بچووکترینی ڕووناکیی دیموکراسییانەی تێدا نەبووە، لە واتاکانیشی تێ ناگا، عێراقێك کە لە ساڵی ١٩٢٠وە هەڵبژاردنی تێدا نەکراوە، ئەمڕۆ دەسەڵاتدارانی کورد هێندە متمانەیان بەخۆیان هەبێ بتوانن ئەو جۆرە کولتوورە بگۆڕن بە کلتوورێکی دیموکراسیی فرە لایەن کە لەسەر بنەمای فرەیی لە کار و بڕیار و یەکێتی لە هەڵوێستدا بەرجەستە ببێ، کە خۆیان تا ئێستا نەیانتوانیوە لە نیو ناخی خۆیاندا وا بن، لەگەڵ ئەوەی دڵنیام گەر پێچەوانەکەشی بێ ئەوا دیسان گۆڕینی کۆمەڵێکی پڕ لە گرێی دەروونیی وەکو عێراق زۆر گرانە.

**پ: بەشداریکردنی ژنان لەم پرۆسەیەدا دەبێ چۆن بێ، دواتر ئەو ژنانەی لە نێو لیستەکانی هەڵبژاردندا ناویان هاتووە تا چەندە ناسراون لە خەباتی فێمینیستانە تا چەندێك پێشبینیی ئەوەیان لێ دەکەی کار بۆ سەرخستنی بزاڤ و خەباتی فێمینیستانەی کورد بکەن؟**

و: سەرەتا دەڵێم خوازیارم چەمکەکان نەشێوێنرێن، واتە نەگوترێ بزاڤی فێمینستی. چونکە بەداخەوە لە کوردستاندا بزاڤی فێمێنستی ئامادەیی نییە و خۆزگە وا بوایە، ئەو کات متمانەمان بە ژنان زیاتر دەبوو. بەڵام ترسناك ئەوەیە لە کوردستاندا هەر چەمکێك دەبیسترێ جۆرەها شتی دەدرێتە پاڵ شیکردنەوەی، تێگەیشتن لە چەمکەکە نەبێ. باس لەعەلمانیەت، مەدەنییەت، جیهانی مۆدێرنە و... تاد دەکرێ بەبێ ئەوەی زۆربەی ئەو باسانە ناوەڕۆکی

چەمکەکە بپشکنن. چەمکی فێمێنیستیش بەهەمان دەرد براوە لە کوردستاندا پێیان وایە بزووتنەوەکانی ژنان یان ژن خۆی یان هەر کەس باسی کێشەی ژنی کرد ئەو کەسە فێمێنیستە و سەر بەبزاڤی فێمێنیزمە، کە ئەوە ڕاست نییە، فێمینیزم جیهانبینیەکە ژن لە دەرەوەی دەسەڵاتی فیکری، مادی، مەعنەویی پیاو، لە دەرەوەی ئیرادە و خواستی پیاو، جیهانبینییەك بە هەموو شێوەیەك ژنانە و... هتد، لەو چەند وشەیەوە با هەر کەس لە خۆی بپرسێ ئایا ڕێکخراوەکان سەرجەمیان خواست و هزر و دەسەڵاتی پیاو بەتایبەت پیاوانی دەسەڵات لە پشت دروستکردن و هەموو دەستکەوتییەکیانەوە نییە؟ ئایا ئەوانەی لە ڕۆژنامەیەکی حزبیدا کار دەکەن هێندەی بەرژەوەندیی ئەو حزبەی کە خاوەنی ڕۆژنامەکەیە و پیاوە، ناجوولێتەوە؟

پێم وایە کەسی شیاو ئەو مێژووە بە باڵای خۆی نابڕێ کە بچێتە نێو هەڵبژاردنێك و دەسەڵاتێکەوە کە درێژکەرەوەی دەسەڵاتی عەرەبی ڕەگەزپەرست. عرووبەی ئیسلامی، ئیسلامی عرووبەیە کە ڕۆژێك لە ڕۆژان یەکەم مافی ئەوی ژن نادات ، دووەم مافی نەتەوەکەی نادا هەموو ئەو بانگەشانەش کە هەیە هەتا کشانەوەی دەسەڵاتی هاوپەیمانان و پتەوکردنەوەی دەسەڵاتی عرووبەیی پڕ دەکا لە نێو عێراقدا، کارەساتە کە مرۆڤی کورد عێراقی عرووبە، کیمیاوی، بکەرانی ئەنفال و هەڵەبجە بە نیشتمانی خۆی بزانێ، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا مادام ئەو هەڵبژاردنەیان کردووە بەچارەنووسی کورد و پیاوان تێیدا بەشدارن، باژنانیشی تێدا بێ، بەڵام خوازیارم ژنانێکی یاخی بەرامبەر بڕیارە دژەکان بن نەك ملکەچ.

**پ: لە نێو شەقامی کوردیدا نیگەرانی و دوودڵی هەستی پێ دەکرێ لە مەسەلەی بەشداریکردن لە پرۆسەکانی هەڵبژاردندا، هۆی ئەم دوو دڵییە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

و: شەقامی کوردی دەزانێ ئەگەر لە دەستووری کاتیدا هیچ حسابێکی بۆ نەکراوە و تەنانەت بە قسەی هەندێك لە لێپرسراوانی ناو ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن لە دیدارەکانیدا دانی پێدا دەنێن، کە نوێنەرانی کورد جەسووریی

هیچ بەرگریکردن و قسەکردنیان لەسەر مەسەلەکانی کورد نییە، گەر ئەمڕۆ لە خاڵی لاوازی عەرەبدا کورد پەراوێز و بێ ماف و بەهایە، سبەی لە دەستووری هەمیشەییدا چی بۆ دەستنیشان دەکرێ، دواتر خەڵك دەنگ بە پرۆگرام دەدا نەك ڕووخسار، کامەیە ئەو پرۆگرامە فەرمییەی کە دەسەڵاتداران و دەنگی کوردی لە عێراقدا؟ خستوویانەتە بەردەمی ئەنجوومەنی فەرمانڕەواویەتیی عێراق بەتایبەت سەبارەت بە ناوچە ئازادکراوەکان و چارەسەری قایلکەریان هەیە بۆیان و ئەو پرۆگرامەشیان بۆ خەڵکی کوردستان ئاشکرا کردووە، هەتا دوو دڵ نەبێ دەنگ بدا؟ خەڵکی کورد جامی پڕ بووە بەرانبەر بە چەواشەکاری. ئەگەر سەرکوت وازیان لێ بێنێ ئەمجارە چەواشە ناکرێن.

شەقامی کوردی لەوە تێ دەگا کە کورد ئەمڕۆ لە کەرکووکدا ئاڵای دەسووتێ، لە مووسڵ و شارەکانی دیدا تیرۆر دەکرێ. هەتا ئێستا وشەیەکی کوردی لە سەر هیچ داوودەزگایەکی عێراقدا نەنووسراوە، کە ئەمڕۆ چانسی کورد لە بەرزیدایە و هی عەرەب لە نزمیدا و عەرەب لە زۆربەی دەسەڵاتەکانی ناو عێراق بووە، کە ئێستا هەوڵی بووژانەوەی دەدا، لەو بارودۆخەدا، ئەوە مافی کورد و بەهای کوردبێ، پاش بە دەسەڵاتبوونی عرووبە دەبێ بارودۆخی چی بێ؟

جەماوەری کورد و شەقامی کوردی دوودڵن لەوەی دەبینن کە ئەمڕۆ لەمیانەی هێزی ناوەندەوە زەوییەکانی دابەش دەکرێ، ڕۆڵەکانی زیندانی دەکرێ گەر داوای مافی خۆی بکات، بچووکترین مافی لاوان کە خۆپیشاندان و داوای گۆڕانە قەدەغە دەکرێ و وەڵامی خواستەکانیان بە ڕێژنەی گوللە و زیندانی و سووکایەتی دەدرێتەوە، ئەی سبەی ئەگەر ئەو هێزە ناوەندییە بوو بە هێزی سەنترالّ، چی بەسەر ئەو خەڵکە و مل نەدەرانی خۆی دەهێنێ؟

شەقامی کوردی ئاگەدارە لە بەها و حورمەتی ئەنفالەکان و هەڵەبجە، دڵنیایە ئەوی زیندووە لەوانە بەبەهاتر نابن.

جەماوەری کورد لە ناو جەرگەی کارەساتەکاندا دەبینن هێشتا پاروومان لەگەڵ عەرەبدا نەکردووە بەیەك، هەژاری و نەدارییەك لە کوردستاندا بڵاو بووەتەوە کە پێویستە هەژار بمرێ، بەهۆی ماڵی عەرەب و کۆمپانییە

بازرگانییەکان کە سەرجەمیان لەگەڵ دەسەڵاتەکاندا هاوبەشن خانوو نەبەکرێ و نەبەکڕین بۆ کورد نییە، هەتا کرێکاری عەرەب وەستابێ بەنرخی هەرزانتر، کرێکاری هەژاری کورد کاری دەست ناکەوێ، جگە لە گرانیی شمەك و پێداویستییەکانی ژیان، خەڵکی کورد لە ساکارترین ماف و سەرەکیترین پێویستییان بێبەشن کە ئاو و کارەبایە، ئایا خەڵك نازانێ لە نێو بیرەکانی نەوتدا دەژی و نەوتی بەگرانترین نرخ دەست دەکەوێ؟ کەواتە بۆ تاك و کۆمەڵی کورد وێناکردنەوەی پرۆسەی جەللاد و قوربانییە و گەیشتوون بەو هەقیقەتە و بە بڕیار و بڕیارەکەشیان لابووە بە یەقین، بەڵام ناوێرن لەبەر ساتۆری دەسەڵاتەکاندا گوزارشتی لێ بکەن.

**پ: یەکێك لەو مەسەلە گرینگانەی کە هەنووکە قسەی زۆری لێ دەکرێ مەسەلەی ئایندە و چارەنووسی ناوچە تازە ڕزگارکراوەکانی کوردستانە بەواتای (کەرکووك ، خانەقین و ناوچەکانی تر) لەم ماوانەی دوایشدا سەرکردایەتیی کورد دەستی داوەتە هەڵمەتێکی بەرفراوان بۆ ئاسانکردنەوەی ئەو ناوچانە و بەتایبەت جێبەجێکردنی بڕیاری ٥٨ بەر لە هەڵبژاردن، ئایا پێت وا نییە ئەم هەنگاوانە درەنگ نران، دواتر ئەمە و نموونەکانی تری هاوشێوەی ئاماژە نین بەبوونی کەمتەرخەمی و بێ بەرنامەییی سەرکردایەتیی کورد؟**

و: لە مەسەلەی ناوچە تازە ئازادکراوەکاندا بەتایبەتی مەسەلەی کەرکووك کە کرۆکی زۆربەی کێشەکانە، ئەو کاتە لە دەستمان دا کە حزب بوو بە ئامانج و کوردایەتی کردنیش بوو بە ئامرازی گەیشتن بەو ئامانجە، بەر لە دەستەبەرکردنی ئەو ناوچانەش بەشداریکردنی هەر پرۆسەیەك گەمەیەکی دۆڕاوە. جگە لەوەی دەبێ بە خاڵێکی ڕەشیش بە نێوچەوانی شۆڕشی تازەوە، چونکە فیدراڵی بۆ کورد بەبێ کەرکووك سی ساڵ بەر لە ئێستەش پێشنیاز کراوە، دەسەڵاتدارانی ئەو کاتە بەبێ کەرکووك ڕەتیان کردووەتەوە لەو کارەساتە پڕ ئەشکەنجەشدا کە کوردی تێدا دەژیا، ئەمڕۆ کە باشترین هەوڵی مێژوویی بۆ کورد لەم شۆڕشە تازەیەدا فەراهەم هات، بەڵام لاوازیی گوتاری سیاسیی کورد دۆزی کورد دەگەڕێنێتەوە بۆ ٣٠ ساڵ بەر لە ئێستا، ئەمەیانە کە

قبوولّ ناکرێ و پێم وایە بە وادەی دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردن جارێکی تر سەرلێشێوان و کۆڕەوی لاوازیی کورد دەست پێ دەکاتەوە بۆ هەندەران، ئەوەی بە ئاواتێکی بچووك لەوێ دەژیا ئەوەشی لا نامێنێ وەکو سەردەمی شەڕی براکوژی جارێکی تر کۆچ و کۆچ بەرەو غوربەتی نوێی نەتەوەیەکی تر بەڕێوەیە. بۆیە پێویستە دەسەڵاتدارانی کورد بۆ یەکجاریش کوردایەتی و گیانی کورد بکەن بە سەنترالیزمی ئامانج، خۆشیان بکەن بە ئامرازێ بۆ سەنترالیزمکردن.

# 8

سازدانی: کاوان ئەبوبەکر. ڕۆژانەی سلێمانی

ژمارە ٢٢٥. لە ٧/٥/٢٠٠٤

*ئەگەر چی ماوەیەکی ئەوەندە زۆر نییە هاتووەتە ناوەندەکەوە و لە ساڵی ١٩٩٥ دا یەکەم بەرهەمی لە کۆواری سەرماوەرزدا بڵاو کراوەتەوە، بەڵام ناوێکی گەورە و دیار و پرشنگداری ڕۆژنامەنوسی و ئەدەبی کوردییە، کازیوە ساڵح کچە نووسەر و ڕۆژنامەوانی کورد، ئێستا لە وڵاتی کەنەدا دەژی و سەرقاڵی خوێندنە، لە ڕێی ئەنتەرنێت و هەروەها لە پێوەندییەکی تەلەفۆنیدا توانیم بە سوپاسەوە وەڵامی چەند پرسیارێکی لێ وەربگرم، کە پرسیارەکان تا ڕادەیەك دوورە لە ناوەندی نووسین و ئەدەبەوە.*

**پ: کازیوە ساڵح کێیە؟**

و: ئەو کچەیە هەست دەکا کۆمەڵی هەڵە هەیە دەبێ ڕاست بکرێنەوە، ناشیرینی هەیە پێویستە جوان بکرێن، نەشیاو هەیە پێویستە شیاو بکرێ، بە پێنووسیش شەڕی ئەو گۆڕانکارییانە دەکا، بۆیە دژەکارانی شیاو و جوانی و ڕاستی لە دەرەوەی خۆی وەکو تۆپەڵە قوڕێك دەیشێلن و جۆرەها جیانەوەری لێ دروست دەکەن جگە لە خۆی.

**پ: ئەو کەسانە کێن کاریگەرییان لەسەر کەسایەتیی کازیوە هەبووە و هەیە؟**

و: هەموو نووسینێك، درامایەك، پارچە مۆسیقایەك، تابلۆیەك، تونی دەنگێك، هەڵوێستێك کردەوەیەکی مرۆڤدۆستانەی لێ بکەوێتەوە و کاریگەری پۆزەتیڤی بۆ سەر گۆڕانی کۆمەڵ و بەرژەوەندی مرۆڤ هەبووبێ هەر پەنجەیەك پەردەی دروستکراوە ساختەکانی لادابێ بۆ دەرکەوتنی دادوەری و ڕاستی کاریگەریی پۆزەتیڤی لەسەر من هەبووە و دەبێت، دەکرێ ئەوانەش لە کەسانی جیاواز و کەلچەر و ئایدیای جیاوازەوە بێن.

**پ: قسە و قسەڵۆکی جۆراوجۆر دەکرێ لەسەر سەفەرکردنت، تۆ دەڵێی چی؟**

و: دەمەوێ وەڵامی ئەو پرسیارە زۆر بە ڕوونی بدەمەوە.

١. هەندێ جار لە خۆم دەپرسم، دەبێ یەکەم ژنە نووسەر، یەکەم ژنە هونەرمەند و دەرکەوتوو چ دەردێکی چەشتبێ، منیش لە نەوە بەشخوراوەکەم، وەکو زانراوە من سەرەتای سالانی پاش ڕاپەڕین هاتوومەتە نێو ناوەندی ڕۆشنبیری، بۆ کەسانێکیش کە بە ئەزموون ئەو قۆناغەیان نەبڕیبێ نازانن، ئەو قۆناغە بەدبەختترین قۆناغ بووە بۆ کەسانی وەکو من، وە بە گشتی بۆ ئەو نەوەیەی من، چونکە لە ئێستادا خەڵك تا ڕادەیەك لە ئازادی و دیموکراسی و مافی ژن و مافی مرۆڤ و هەڵەی حزبەکان گەیشتووە، لەگەڵ ئەوەشدا بارودۆخی ژن لە بەدبەخترین باردایە، ئەو کاتە زۆر خراپتریش بوو، قۆناغی سەر لێشێوانی پراکتیکی هەر دوو عەقلییەت و کولتووری بەعس کە تا ڕادەیەکی زۆر زیاتر لە ئێستا زاڵ بوو بەسەر کۆمەڵدا و کولتوور و زەپۆشی ئازادی و سەربەخۆیی کە تەنیا بە وشە ناوی دەبرا و پراکتیك دەکرا، گوێ لە مشتبوون بۆ حزبەکانیش تا ڕادەی بەدبەختی، کە هەرسێ فاکتەرەکە جۆرەها کاریگەریی نەگەتیڤی بۆ سەر کورد و ڕۆشنبیریی کورد هەبوو بە گشتی، ژن ئافرەتیشی کردبوو بە ئامرازێك لە ئەزموونگەیەکی بێ پزیشکدا بە پێی عەقلییەتە جیاوازەکان و لە دەرەوەی خۆی تاقیکردنەوەی لەسەر دەکرا، وەکو گوتم کولتوور و عەقڵی بەعس و غروور و تێ نەگەیشتن لە سەربەخۆیی و دیموکراسیی کورد، کەرەستەی ئەو عەقڵە بوون، پشتگیری لە قسەکەم بە چەند نموونەیەك دەکەم، کە دەکرێ لە هەر کۆمەڵێکیشدا هەندێ هەنگاو بۆ یەکەم جار

هەڵبگریّ کەسی هەنگاونەر زۆر بچەشیّ، وەکو.

– کە یەکەم جار ئاشکرا بوو کە پەیمانگەی ڕۆژنامەنووسی لە نێو پەیمانگەی تەکنیکیدا لەسەر داوا و بەدواداچوونی من بە هاوکاریکردن و جێبەجێکردنی لێپرسراوی دەزگای شەهیدان کە ئەو کات بەڕێز عەبدولکریم حاجی بوو، ئەو بەشە کرایەوە و پەیمانی کردنەوەی بەشی ڕاگەیاندنیشمان لە زانکۆ وەرگرت، کاتێك ئەو حەقیقەتە ئاشکرا بوو لە بری دەستخۆشی هەندیّ سازشکاری ڕۆژنامە حزبییەکان نەك حەقیقەتەکانیان بڵاو نەکردەوە بگرە هێرشیشیان دەکردە سەرم، بەڵام ئایا ئەو بەشە بۆ من بوو، لە قازانجی من بوو یان ئەو سەدان لاو و ڕۆژنامەنووسەی لەو بەشەدا ئێستا بوون بە خاوەنی بڕوانامە و لە داهاتوودا دەبن؟ بەڵام لە ناو ئێمەدا ڕێزی خۆشەویستیی ڕۆشنبیران بۆ خەڵك ناگیریّ. پێیان خۆشە تەنیا دەسەڵاتدار و سیاسەتمەدارەکان هەنگاوێکیان بۆ بنیّ.

– کە یەکەم جار گۆڤارەکەم بە چاپ گەیاند هەر ناوەندە ڕۆشنبیرییەکە هاڵەیەکیان دروست کردبوو چۆن ئەمەی پیّ دەکریّ؟ ئەوە توانای ژنی کورد نییە و... هتد.

بەڵام ئێستا چەندین مێینەی تر ئەو ڕەوتەیان گرتووە و لەوانەیە تووشی ئەو گێچەڵەش نەبن، چونکە خەڵك ڕاهات بەوەی ژنی کورد وەکو پیاو توانای کاری ڕۆژنامەگەریی هەیە.

– بۆ یەکەمجار لێکۆڵینەوەیەکمان لەسەر بە جیهانیبوون بڵاو کردەوە پێیان گوتم تۆ شێتی خۆشت نازانی چی دەکەی، (عەولەمە) هیچ پێوەندییەکی بە کورد و جیهانی کوردییەوە نییە، بەڵام دوایش بە دەیان لاو و ڕۆشنبیر لێکۆڵینەوە و بابەتیان لەسەر بە جیهانیبوون بڵاو کردەوە ئیتر لە شێتی دەرچوو.

دیارە کە ئۆفیسیشم کردەوە تووشی هەمان کێشە بوومەوە، سەفەرکردنیشم بێگومان هەمان دۆخی خولّقاندووە، چونکە وەکو شتەکانی تر یەکەم کچ بووم ئەو هەنگاوەشم هەڵهێناوە پاش ڕاپەڕین، بۆیە ئاساییە وەکو هەنگاوەکانی تر کە خەڵك پێی ڕانەهاتووە لە ناو کۆمەڵێکی دواکەوتوودا هەندیّ پرس

بخولّقێنێت، بەڵام ئایا ئەوانەی باسم کرد کۆمەڵ دەیخولّقاند یان دەستێکی ڕەشیشی لە پشتەوە بوو بە تایبەت سەبارەت بە سەفەرەکەم؟ ئەوەیان وەڵام لای خۆمە و دەڵێم بەڵێ دەستی ڕەش هەمیشە لەسەر هەموو هەنگاوێکم بووە، تەنیا بە هۆی یەك تاوانیش، ئەوەیە کە هەمیشە گوتوومە و دەڵێم ژن پێویستە بڵێ ″بەڵێ ژنم، لە تۆ بە تواناترم دژە منی مرۆڤ، تەنیا جەستەبینی من، خاوەنی بیر و هۆش و هۆشمەندیم و هەموویان دەخەمە کار و ناهێڵم کەڵپەی تۆشم پێ بگات″

ئەمە کفرییەکی گەورەیە لای خوێندکارەکانی بەعس، باوەڕ ناکەم ئەگەر لە ناوچە و شارەکانی تر ئەمە ئاشکرا نەبێ لە ناو سلێمانیدا هەموو کەسێك بەو حەقیقەتە تاڵەی نەزانیبێت.

٢. پێم وا نییە خەڵکی سلێمانی نەزانن من، قوسەی و عودەیەکانی کورد، کوردستان و سلێمانییان پێ بە جێ هێشتم، بەو هەموو گوشارە ناشیرین و نەشیاوەی خرابووە سەرم، ساویلکانەش نەبوو بەر لەوەی بە جێی بهێڵم لە دیدارێکدا گوتم ″من ولاتم بەجێ ناهێڵم ولات منی بەجێ هێشتووە″ دەمزانی شانۆگەرییەك هەیە لە بەردەمی خەڵکدا نمایش دەکرێ، بۆ ئەوەی لە غەریبیمدا ئەگەر ویستەکانیان جێبەجێ نەکرا، ئەوان پێچەوانەکەی بکەن، هەر بۆیە ئا لەو دیدارەدا ئەو قسەیەم کرد بۆ ئەوەی خەڵك بزانێ کە شانۆگەرییەك هەیە.

٣. من پێم خۆش نەبووە کوردستان بەجێ بهێڵم هەر لەبەرئەوەش بووە، زۆر کەسایەتیی نێو ناوەندی سیاسیم لەو گوشارە پۆخڵەیە کە خرابووە سەرم ئاگەدار کردووەتەوە، زیاتر خۆم بە مەبەست ئەوانەی خەڵکی سلێمانیم ئاگەدار دەکردەوە چونکە سلێمانی لە هێمای پێشکەوتنەوە ئێستا بووە بە هێمای سووکایەتیکردن بە ژن، منیش پێم خۆش بوو بزانم ڕەمزەکانی سلێمانی چییان پێ دەکرێ بۆ ئەوەی کوردستان بەجێ نەهێڵم لەوانەش کە ئاگەدارن بەڕێزان «نەوشێروان مستەفا، عومەر فەتاح، ملازم عومەر، ڕووناك ڕووف، محمد ڕەحیم تۆفیق» هەروەها عەدنان موفتی، جگە لە کۆمەڵێ خەڵکی ناوەندە ڕۆشنبیرییەکە گوایە من بۆچی ئەوانەم ئاگەدار کردووەتەوە بۆ ئەوەی

کوردستان بەجێ بهێڵم؟ یان بۆ ئەوەی چارەسەریان بۆ ئەو هەموو بێ ئابڕوتییە هەبێ کە عودەی و قوسەیەکانیان دەیانەوێ بە زۆر بەسەر خەڵکدا بیسەپێنن؟

٤. کە کوردستانم بەجێ هێشت، هەمان قوسەی و عودەی کوردی ئەمجارە هەندێ عەرەبیشیان بە کرێ گرتبوو، کە ئەوەی لە کوردستاندا بۆیان جێبەجێ نەکراوە لەوێ بیکەن، کە نەیانتوانی ئەو مەبەستەش بپێکن دەستیان کرد بە ئیستراد و تەسدیرکردنی جۆرەها قسە و قسەلۆك بەو مەبەستەی ئەگەر توانییان وەکو چۆن چەندین نووسەریان لە ناو برد و پلانی لەناوبردنی چەندینی تریش ئێستا ئاشکرا دەبێ و لە سایتەکانی دەرەوەی کوردستان بڵاو دەکرێتەوە، ئەوە لەگەڵ منیش ئەنجام بدەن، چونکە خاڵی لاوازی ئابڕووبەریان ژێر دەست کەوتووە، دیارە بۆ ژن هەمووان دەزانن بە کام ئاقاردا کار دەکەن، بەو تاوانەی گوایە کارکردنی من لەوان زیاترە و هەروەها بۆ پۆستێك لێرە هەڵبژێردرابووم، بۆیە چۆن لە مەجلیسی حوکمدا عەرەبێکیان بە باشتر زانی لە ژنێکی کوردی سەربەخۆ هەمان کردەوە کرایەوە، عەرەبێکی بەعسییان پێ باشتر بوو لە من، ناشیرینترین پەڵەی ڕەشیان دا بە نێوچەوانی خۆیان و مێژوویاندا کە نامەوێ لێرەدا هەمووی باس بکەم، بۆیە ئەوانە تا ئێستاش بە دوای لە ناوچوونی گیانی منەوەن بە هەموو ڕێگەکان، جا خەڵکێك خاوەنی ئەو مێژووە بێت ئاساییە کۆمەڵە جاشێك دروست بکا بۆ جۆرە تیروەکانی تر و هێندە خەڵك بە نەفام بزانێ وا بزانێ پێیان دەخەڵەتێ و ناتوانن کەسێك بناسنەوە کە ناسکترین قۆناغەکانی ژیانی لەو شارەدا تێ پەڕاندووە و لەو ناوەندەدا گەورە بووە.

ئەو هاوارەی کازیوە دەیکرد و لە کۆواری نقاردا ٢٠ لاپەڕەی لەسەر دەنووسی لە ساڵی ١٩٩٨و لە ڕۆژنامەی سپێدەدا لە ٢٠٠١دا بانگی دەکردن بێنە سەر ڕووی ڕۆژنامەکان، چەکی من پێنووسە و ئەگەر جەسوورن فەرموون بێنە سەنگەرم با نرخی خۆیان بدەمێ، ئەوە هاواری کەسێك نییە هێندە متمانەی بە خۆی نەبێ نەزانێ گەرچی خۆشی تەنیا بێ پشت بێ تاجی درۆیان ناڕووخێنێ، ئەو پرۆسەی ئەمڕۆ لە سلێمانیدا بەسەر خەڵکدا پراکتیك دەکرێ

کازیوە دەمێکە هاواری کردووە و دەڵێ پرۆسەیەکی وا بۆ ئێوەش بەڕێوەیە، بەڵام پێ دەچێ خوێندەواری ئیکسپایەر بووبێ هەر بۆیە کازیوەیەك لە تەمەنێکی زۆر منداڵیدا هاتە ناو ناوەندەکە، لە ناویاندا گەورە بوو، لە زۆر نووسین و دیداردا هاواری بێ ئابڕوویەتی و هەبوونی هەمان سیستەمی قوسەی و عودەی کردووە نەك هەر لە هاوارەکانی تێ نەگەیشتوون بە داخەوە ئێستا گەیشتووە بە ئاستێك کچەکانیان بە دەستە لە خوێندنگەکاندا ئیغتساب بکرێ، کچی ناوچەکە پاش سەرهەڵگرتنیش بڕفینرێ، بە دەستی ژنان ببرێ بۆ سیاسەتمەداران و پیاوی ئەو شارە ژنی بە زۆر پێ تەڵاق بدرێ بۆ لێپرسراو، فایلدار بەڕێوە بەرێ و ئەگەر پاکی تێدا مابێ فایلی بۆ دروست بکرێت و...و..و نازانم ئیتر بە چ زمانێك خەڵك تێ دەگا لەگەڵ ئەوەی هەمیشە لە دەربڕیندا ڕاشکاو بووم یان وەکو سازشکارەکان دەڵێن ڕەق بووم، بەڵام ئیتر لەوە زیاتریش ڕاشکاوی تێ نەگەشتنی بەرامبەریش دەچێتە خانەی ئیفلاسی ڕۆشنبیری و تێ نەگەیشتنەوە. کە دڵنیام هەموو کەسیش درکی بەو ڕاستییانە کردووە، بەڵام لە هەموو سەردەمێکدا خەڵك بەسەرکوتکردن بێدەنگ دەبێ.

**پ: عاشق بوویت (مەبەستم عەشقی پیاو) دەکرێ باسی یەکەم خۆشەویستیمان بۆ بکەی؟**

و: من ئەکتەری هۆلیۆد نیم ئەم پرسیارەم لێ بکرێ، پێشتر وەڵامی پرسیاری لەو جۆرەم نەداوەتەوە، بەڵام دەزانم هەوڵ دەدرێ ئەو هەواڵانەی لەسەر ئەکتەرەکانی هۆلیۆد دەبیسترێ لە لایەن چەتەکانی کەرامەتی ژنەوە بۆ خەڵك بنێرێتە دەرەوە بۆیە بە ڕاشکاوی زمانێکی ساکار وەڵامی سەرجەم پرسیارەکانتان دەدەمەوە.

عەشق لای من هەرەمەکی نییە، من باوەڕم بە خۆشەویستی نییە بەبێ هاوسەریەتی و باوەڕم بە هاوسەرییش نییە بە بێ خۆشەویستی، هێشتا نەگەیشتووم بە هاوکێشەی کۆکەرەوەی هەردوو لایەن بێ... ئەو کاتەی عاشق دەبم، ئەو کاتەیە کە هاوسەریەتیم کردووە، کە ئەوەش بوو باوەڕ ناکەم بڵاو نەکرێتەوە، هەروەها من بۆ هەموو هەنگاوێکی ژیانم پلانی خۆمم هەبووە و

هەیە ئەو پلانەش بۆ مەسەلە ڕۆحییەکانی خۆمم داناوە هێشتا چەند مانگێکی ماوە کۆتایی بێ هەتا بیر لەو مەسەلانە بکەمەوە.

**پ: ئێستا لە هەندەران هەست بەچی دەکەیت؟**

و: کە مرۆڤ لە مەنفادا دەبێ هەست بە زۆر قەیرانی جیاواز دەکا بە پێی ئەو بارودۆخانەی کە لە دەرەوەی ئێمەی مەنفی ڕوو دەدەن، بۆ نموونە مرۆڤ زۆر جار تووشی قەیرانی ڕۆحی دەبێ لە نێو ئەو بۆشاییەی نێوان سۆزی ئەو وڵاتانە بۆ ئێمەی پەنابەر و سۆزی ئێمە بۆ وڵاتی خۆمان و ئەو دەستە ڕەشانەی ناوەخۆ کە هێندە ئەو سۆزانە و ئەو وڵاتە باڵایە کە نیشتمانی ناتیڤی خۆمانە ناشیرین دەکەن. هەندێ جار بە هۆی سازش و هەڵوێستی بچووکی هەندێ لە سیاسەتمەدارەکانەوە تووشی شۆك دەبین کە زۆر بێ نرخ نیشتمانێك دەگۆڕنەوە و ئەوەش لە ناوەخۆدا وەکو دەرەوە بە ئاشکرا نابینرێ، جاری تریش مرۆڤ کە بەراوردی زۆر کاری مرۆیی دەکات کە لەوێ بۆ مرۆڤ دابین کراوە بە شێوەیەکی دی مرۆڤێك چەند پەککەوتە و بێ کەسیش بێ حکوومەت دەبێ بە کەس و لانە و خزمەتگوزار بۆی پێی خۆش دەبێ هەموو بێ کەس و لانە و لێقەوماو و پەراوێزخراوەکانی وڵاتی خۆی بگۆیزیتەوە بۆ ئێرە، بە گشتی لە کۆڵگرتنی خەمی غوربەت هەگبەیەکی ئیجگار قورسە.

**پ: هەست دەکەی بەردێکت خستبیتە سەر بەردێك لە بوارەکانی نووسین و چیرۆك و ڕۆژنامەگەریدا؟**

و: مرۆڤێکم حەز دەکەم کارە گرانەکان تاقی بکەمەوە و زۆر جاریش بەو هۆیەوە ژیانم کەوتووەتە ڕیسکەوە، هەر بۆیە لە بواری ڕۆشنبیریشدا هەر خانە قورسەکانم هەڵبژاردووە، ئەگەر سەیری هەرسێ بوارەکەی ئەدەب و نووسین و ڕۆژنامەگەری بکەین بە شێوەیەکی ئەکادیمی بۆمان دەردەکەوێ کە لە بواری ئەدەبدا کورتە چیرۆك لە فاکتەرەکان و بوارەکانی تر ئەدەب قورسترە، هەر بۆیە کورتە چیرۆکم هەڵبژاردووە، ڕاستە لە وڵاتی خۆمدا غەدری گەورە لە خۆم و بەرهەمەکانم کرا، بەڵام هەمووان دەزانن کە تا ئێستا تەنیا دوو چیرۆکم وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی ئیتاڵی و تەنیا دوو جاریش لە ڤیستڤالەکانی دەرەوە

بەشداریم کردووە هەردوو جارەکە خەڵاتم وەرگرتووە، لە خانەکانی تری نووسیندا لێکۆڵینەوەم هەڵبژاردووە، زۆر لێکۆڵینەوە و نووسین دەبینم بابەتەکانم کراوە بەسەرچاوە هەندێکی ئاماژەی پێ دەکرێ، زۆریشی دەبینینەوە ئاماژەی پێ نەکراوە.

ئەوەش واتای ئەوەیە شتێکی باشی تێدایە بۆیە کراوە بە سەرچاوە، لە بواری ڕۆژنامەگەریشدا چاوپێکەوتن لە بوارەکانی تر قورستر و گرینگترە، چونکە پێویستە کەسی ئەنجامدەر ئاستی ڕۆشنبیریی لە هەموو بوارەکان و لیاقەی قسەکردنی ئەگەر بەرزتر نەبوو لە ئاستی ئەو کەسانەدا بێ دیدارەکانیان لەگەڵدا ئەنجام دەدات، واتە ڕۆشنبیرییەکی هەمەلایەنەی هەبێ، پێم وابێ ئەوەش دەزانن، چەندین چاوپێکەوتنی درێژتان خوێندوەتەوە کە ئەنجاممان داوە لە بوارە فیکری و ئەدەبی، هونەری، ژنان، سیاسی، مێژووی و... تادا، هەر کەسانی دوێندراو خۆیان دانیان بە گرینگیی بابەتەکە ناوە لە دیدارەکاندا.

دوای ئەگەر بۆ مێژووی کۆواری نڤار و کارکردنی من بگەڕێتەوە کە هەندێکم باس کرد نامەوێ دووبارەی بکەمەوە، هەروەها کارکردنم لە دەرەوە کە هانی زۆر ژنی دابوو بۆ سەفەرکردن بە ڕادەیەك لێپرسراوی هەندێ لە نووسینگە کوردییەکانی شام زۆر جار پێیان دەگوتم تۆ کێشەت بۆ ئێمە دروست کردووە، چونکە پاش سەفەری تۆ کچانی ناو حزبەکەمان داوای (دخولییەمان) لێ دەکەن و دەیانەوێ بێنە سووریا و... تاد جگە لەو هەوڵانەی کە بۆ یەکەم جار لە لایەن منەوە درا بۆ بەشداریی کورد وەکو هونەر و مافی مرۆڤ و... لە ناو کوردستاندا دەسەڵاتداران لە باریان برد و جێبەجێیان نەکرد و ئەو مافەیان بە کورد نەبەخشی، هەروەها بەشداریی خۆشم لە نێو زۆر چالاکیی نێودەوڵەتی سەرجەم ئەوانە پێویستە بیسەلمێنن کە شتێکمان بە شتێك کردووە گەرچی لە ئاستی خواستەکانی خۆشماندا نەبێ.

**پ: بە گشتی ڕۆژنامەگەریی ئێستای کوردی لە چ ئاستێکدایە و چۆن هەڵی دەسەنگێنی؟**

و: ئەگەر بەراوردی نێوان مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی ١٨٩٨ و

ڕۆژنـامـەگـەریـی لـوبـنـانـی ١٨٥٨ بـکـەیـن، لـەو سۆنگـەیـەوە کـە بـە پێی مـێژوو جیاوازییەکی زۆر گەورەیان نییە، بەڵام بە پێی ناوەڕۆك جیاوازییەکی ئێجگار گەورەی هەیە ئەویش ئەوەیە کە لە لوبناندا ڕۆژنامە زیاتر لە دەسەڵات ئەو وڵاتە دەبات بەڕێوە، دەسەڵاتی ڕۆژنامەگەری سزا و چاودێریی دەسەڵاتەکانی تر دەکا، گەورەترین دەزگاکانی ڕاگەیاندنی سەرجەم نیشتمانی عەرەبییش لە میسرەوە، وڵاتانی کەنداو و وڵاتانی تری عەرەبی یەکەم جار کەسی لوبنانی سەرنووسەری ڕۆژنامەکانیان بووە و ڕۆژنامەی بۆ دامەزراندوون، من کە ماوەیەکی کەم لەو وڵاتەدا بووم بینیم چۆن سەرۆکی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی لوبنانی بە گژ دەزگاکانی ئاسایشی ئەو وڵاتەدا دەچێ لە پێناوی ڕۆژنامەنووسان و شەرەفی ڕۆژنـامـەنووسیدا، بـینـیـم چەند ئـەوانـیش سڵ لـە گـەورەیـی ئـەو مرۆڤـە مـەزنـە دەکەنەوە، کە ئەندامی لەشی لە زینداندا لە پێناوی ئازادیی ڕۆژنامەنووسی بەخت کردووە، ئەو کەسانی وەکو ئەو ڕۆژنامەنووسیی لوبنانیان گەیاند بەو ئاستە بەرزە و دەسەڵاتیان لە دەسەڵاتی ئاسایش زیاترە، واتە تەواو پێچەوانەی ڕۆژنامەگەریی کوردی کە لێپسراوی دەزگا ئەمنییەکان و ئاسایش بەڕێوەی دەبرد (نازانم ئێستا بەرەو کوێ براوە) بە داخەوە ڕۆژنامەگەریی کوردیش وەکو هەموو شتەکانی تری ئەو نیشتمانە قۆرخ کراوەتەوە، داگیرکراوە لە لایەن حزب و تـەکـەتـولـی حزبـیـیـەوە و هـەتـا ئێسـتـا نـەتـوانـراوە مـاف بـە ڕۆژنـامـەنـووس و ڕۆژنامەگەری بدرێ و لە بیری تاریك و تەسکی حزبایەتی و بەرژەوەندیی دەسەڵات دەربهێنرێ، جگە لە زۆرکەمیی ڕۆژنامەنووسی بێ لایەن و جەسوور، هـەر ئـەوەش وای کـردووە بـە ئـاسـانـی هـەمـوو دەسـتـدرێژیـیـەك بـکـرێـتـە سەر ڕۆژنـامـەنـووسـان، بـەڵام لـەگـەڵ هـەمـوو ئـەو کـەمـوکـوڕی و تـۆقـانـدنـانـەشدا لـە ئێستادا دەبینم هەندێ ڕۆژنامە کە گرووپی لاوان و کەسانی تر بێ لایەن دەیبەن بەڕێوە ئەو برووسکە ئاواتەیان تێدا دەرکەوتووە کە بەڕاستی ببن بە هـەوێنـی دروسـتـبـوونـی ڕۆژنـامـەی ئـەهـلـیـی ڕاسـتـەقـیـنـە، چونکە هەتا ئێستاش ئەوەی کە هەیە ناتوانرێ پێی بگوترێ ئازادیی ڕۆژنامەی ئەهلی، ئەوان خۆیان لە زۆر لایەن و شتی زەق بواردووە کە دەیبینن و پێویستە باسی بکەن، چونکە

ڕۆژنامەی ئەهلین، گەرچی ڕۆژنامەکەشیان پێ دابخەن یان زیندان بکرێن، چونکە وەکو یەکەم هەفتە بوو دەستم بە کاری ڕۆژنامەگەری کرد گوتم ئازادیی ڕۆژنامەنووسی وەکو ئازادیی ژن وایە نادرێ بە زۆر وەردەگیرێ، جا ڕۆژنامەنووسیی کورد لەم قۆناغەدا وەکو خەباتی ژن خەبات و چەوساندنەوەیان لە بەردەمدا ماوە بۆ ئەوەی بگەن بە ئامانجی ڕۆژنامەگەری بە شێوەی ڕاست و دروست، هەروەها پێ دەچێ لە یاساشدا هەندێ گۆڕانکاریی بچووك کرابێ، یان عەقڵی بەڕێوەبردنەکان گۆڕابێ، کاتێك من مۆڵەتی کۆوارەکەمم وەرگرت خاوەنی ئیمتیازیان نەدا بە خۆم کە لە هەموو جیهاندا ئاساییە وەزیری ڕۆشنبیری پێی گوتم: «دەبێ خاوەنی ئیمتیازەکەت شەخسێکی مەعنەوی و مادی بێ»، لە ئێستادا ناکرێ باس لەو ڕستە پێکەنینهێنەرە بکەم، چونکە وتارێکی دەوێ، بەڵام ئێستا دەبینم خەڵکانی ئاسایی دەرەوەی ئەو مادی و مەعنەوییەن ئەوان باسیان دەکرد کە لێپرسراوی دەگرتەوە، مۆڵەتی ڕۆژنامە و کۆواریان دەرهێناوە بوون بە خاوەنی ئیمتیاز و سەرنووسەریش ئەمانە هەندێ گۆڕانکاریی زۆر ساکارن لە ساڵی ٢٠٠١ تا ئێستا ڕووی داوە، لەگەڵ ئەوەی کە زۆر ساکارن، بەڵام دڵنیام هەوڵی لە باربردن و ئازاردان و زیندان و ڕاوەدوونانی خاوەنی ئەو برووسکانەش دەدرێ لە داهاتوودا، بەڵام گرینگ ئەوەیە لەو هەوڵە سارد نەبنەوە و بزانن ئێستا بارودۆخ بۆ ئەوان زۆر لە بارترە لایەنی کەم لە ئێستادا ئەنتەرنێت گەیشتووە بە کوردستان و وەکو ڕابردوو تەنیا لە دەستی دەزگا حزبییەکاندا نییە، دەتوانن دەنگیان بگەیەنن بە ڕای گشتی.

**پ: ئایە هۆکاری نەگەڕانەوەی ئەو بیرمەند و ڕۆشنبیرانەی هەندەران چییە؟ بەنیاز نیت بۆ هەمیشە بگەڕێیتەوە کوردستان؟**

و: دیاردەی دیاردەی کۆچ زۆری لەسەر گوتراوە و تەنانەت خەڵکانی تاراوگەش خۆیان لێکۆڵینەوەی فیکری و فەلسەفی و بارودۆخی نالەبار، ئابووری، سیاسی، کولتووریی جیاوازیان دەربارە خستووەتە ڕوو، بەڵام من دەمەوێ زۆر بە ڕوونی حەقیقەتێکی تریش بڵێم کە نەخراوەتە ڕوو، زۆر لە بیرمەندان و

ڕۆشنبیرانیش دانیان پێدا ناوە، بەڵام کەمیان لەسەریان نووسیوە، ئەویش ئەوەیە زۆرتری بیرمەند و ڕۆشنبیری کورد پاش ڕاپەڕین کۆچیان هەڵبژاردووە، دروستترە بڵێم وڵاتی پێ بە جێ هێڵراوە و ناگەڕێنەوە، چونکە زۆربەیان لە سەنگی خۆیدا کۆمەڵی خیانەتی گەورە کە بەرانبەری کراوە وەکو ئەوەی کازیوەی لە دڵی خۆیدا حەشار داوە و لیرەوە بە خاتری سۆز بۆ نیشتمان و بەرژەوەندی نەتەوەیی و کۆمەڵی هۆکاری تر بێدەنگییان لێ کردووە و هەر بە بێ دەنگییش گەڕانەوەی یەکجارییان تەڵاق داوە لەگەڵ ئەوەی فرمێسکی سۆز بۆ نیشتمانیان دەڕێژن و جارێکی تر چاوەڕوانی ڕاپەڕینن، هەروەها هەتا ئێستا دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی کوردستان نەیتوانیوە لە ئاستی خواست و ئاواتەکانی مرۆڤی کوردا بێ و متمانەیان پێ ببەخشێ کە مێژوو خۆی دووبارە ناکاتەوە و ئەوانیش دەتوانن ئەگەر گەڕانەوە بە ئارامی و بێ چەوساندنەوە بژین.

وا بزانم ئەوەی دێڕەکانی پێشووم بخوێنێتەوە دەزانێ کە کۆڵی ئەو نیشتمانە ئەو برینانەی پێ هەڵناگیرێ، دەزانێ ئەو نیشتمانە بستێ خاکیان تیا نەهێشتووەتەوە بە پاکی بۆ ئەوەی خەڵکی ڕۆشنبیر و بیرمەندی بە کەرامەتەوە تێدا بژی، دڵنیاشم ژمارەیەکی زۆری ڕۆشنبیران و لاوان گەر هەڵیان بۆ برەخسێت بە جێی دەهێڵن (کۆمەڵی نامەی زۆرم پێ دەگات لە ڕۆشنبیران و لاوانەوە کە دان بەو ڕاستیدا دەنێن)، ئیتر گەڕانەوە بۆ کوێ؟

بەڵام پێشتریش لە دیداری تردا گوتوومە ئەگەر هەر بەشێك لە بەشەکانی تری کوردستان ئازاد بکرێ و حوکمی بەعسی ئاسای تێدا نەکرێ لەوێ دەژیم. من ڕۆژێك ژیانی کوردستان بە هیچ بەهەشتێکی هەندەران نادەم، بەڵام بەداخەوە لە هەموو سەردەمێکدا کۆمەڵێك لە وڵاتی خۆیاندا جێگەیان نابێتەوە.

**پ: لە غەریبیدا چۆن کات بەسەر دەبەی و لەگەڵ کێدا ژیان بەسەر دەبەی؟**

و: پشتر لە سووریا و ئێستاش لێرە هەر لەگەڵ دوو برام ژیانم بەسەر بردووە و دەبەم، ڕۆژانەش بەیانیان سەرقاڵی خوێندنم و کاتی ئێوارانیشم دوو ڕۆژ بۆ کار و واتە بۆ بژێوی ژیان کاری ژمێریاری دەکەم و ڕۆژەکانی دیم بۆ مەسەلەی

مافی مرۆڤ و مافی منداڵان و ڕۆژێکیش بە خۆبەخش کار بۆ مافی پیران دەکەم لە یەکێك لەو دەزگانە کە ڕێنمایی و هاوکاریی کەسانی پیر و پەککەوتە دەکا و مافەکانیان دەستەبەر دەکا.

**پ: حەزت لە چ خواردنێکە و ئێستا لە هەندەران ئەو جۆرە خواردنە دەخۆی؟**

و: بە هەموو خواردنێك تێرم و زۆر بایەخ بە خواردن نادەم، لەبەرئەوەی خواردنم زیاتر ڕووەکییە لێرە کێشەیەکم نییە، چونکە سەرجەم خواردنە ڕووەکییەکانی جیهان لێرە هەیە.

**پ: سیفەتەکانی (فارس الأحلام)ی کازیوە چییە و دەبێ چۆن بێ؟**

و: خەونی کازیوە ئەو کەسانە نین خاوەنی کۆشك و تەلار و ناوی گەورە و پۆستی بەرزن، وا بزانم گەیشتن بەوانە ئاسانە، بەڵام ئایا شیاون؟ من ئەو مرۆڤەم گەورەترین موعاناتم لە کۆڵ گرتووە بۆ ئەوەی خۆم لە کەڵپەی چەتەکانی نیشتمان بپارێزم، بۆیە شاسواری خەونەکانم مرۆڤێکی ساکارە کە شیاوی ئەو موعانات و ماندووبوونەی من بێ.

**پ: چ ڕەنگێکت بە لاوە جوانە؟**

و: ڕەنگی پەسەندم پەمەیییە.

**پ: لە چ کاتێکدا دەنووسیت؟**

و: ئەو کاتەی بابەتێك، موعاناتێك دەمنووسێتەوە، دەنووسم، ئەو کاتەش دەسنیشانکراو نییە، دەکرێ لە هەموو کاتێکدا و لە هیچ کاتێکدا بێ.

**پ: چەند وڵاتت بینیوە؟**

و: پێنج وڵاتم بینیوە دیارە ئەگەر لێپرسراوی پێوەندیی کوردی–عەرەبییەکانی ناوچەی سلێمانی لە دیمەشق تەگەرەی نەخستایەتە کارەکانم بە ڕاپۆرت نووسین، گوایە من لە وڵاتی خۆمدا نووسەر و ڕۆژنامەنووس نیم و کازیوە ناوی خەڵکی ترە دزیومە و مادام کار بۆ ئەوان ناکەم ئەوان ڕازی نین ئەو وڵاتانە فیزەم بدەنێ و... هەندێ شتی تر نامەوێ لە ئێستادا ئاماژەی پێ بکەم، سەرجەم وڵاتانی عەرەبیی تر و یابانیشم دەبینی، چونکە لە هەموو

ولاتێکدا پێوەندیم بە دەزگایەکی ڕۆشنبیرییەوە کردبوو، وە دەعوەتم بۆ کرابوو، بەڵام دیارە هەر لە چاوپێکەوتنەکانی ئەو کاتەشدا باسم کردبوو کە کۆمەڵێك سیاسیی کورد لە دەرەوە چەند بچووکن و چۆن هێندەی بچووکیی خۆیان نەتەوە و تاکەکانی کورد بچووك دەکەنەوە.

**پ: بە چی پەست دەبی و بەپێچەوانەوە چی دڵت خۆش دەکا؟**

و: کە دادوەری، ویژدانی زیندوو، داهێنانی گەورە، ئاوڕدانەوە لە کورد، هەڵوێستی جوان، مناڵ دەبینم بەختەوەر دەبم و کە ئازاردانی مناڵ، سازش، بێ بایەخکردنی ئەنفال و هەڵەبجە بە گەمژە سەیرکردنی خەڵك لە لایەن سیاسەتمەدارەکانەوە، ژنی بێ ئیرادە قوربانیکردنی شتە مرۆییەکان لە پێناوی شتە مادییەکاندا و فلیمی ئاکشن دەبینم پەست دەبم.

**پ: ئیحراجترین مەوقیف؟**

و: ئەو هەڵویستەیە کە بەر لە ڕۆیشتنم "مام جەلال" گوتی هەر کەسێك لە نووسەر و هونەرمەند و ڕەمزی میسری ویستیان بێنە کوردستان تۆ پێیان بڵێ دەعوەتتان دەکەین، ئەگەر سەیری دیدارەکان بکرێ ژمارەیەکی باشی ئەو ڕەمزانە زۆریان پێ خۆش بووە بێنە کوردستان و خزمەتی مەسەلەی ئەنفال و هەڵەبجە بکەن و تەنانەت عەلی بەدرخان خۆی پێش منیش داوای کردبوو بێتە کوردستان فلیمێك دەربارەی مەسەلەی ئەنفال دەربهێنێ، بەڵام هیچ ئاسانکارییەکیان بۆ نەکردبوو، بۆیە منیش لەسەر قسەی ئەو بەڕێزە هەموویانم دەعوەت کرد و پێم گوتن لە کاتێکی نزیکدا دەعوەتنامەیان پێ دەگات، بەڵام ئەو بەڕێزە بە وەعدەکەی خۆی نەکرد و منیش هەتا ئێستاش هەر خۆم لێ شاردنەوە و پێم عەیب بوو بڵێم ئێمەی کورد دەتوانین وەعد بدەین و بەجێی نەهێنین. یاخود لەگەڵ هەڵوێستە پێچەوانەکانی ئەواندا بڵێم ئەو کەسە کارەکەی بۆ نەکردن.

# ٩

دیمانە: سادق ساڵح.

ماڵپەڕی نووکاروان

**پ: خاتوو کازیوە هەرچەند دەزانم لە بواری شیعر و چیرۆك و زۆر بابەتی کۆمەڵایەتی نووسراوتان زۆرە، بەڵام حەز دەکەم لەم چاوپێکەوتنەدا زۆرتر لە بواری کاری ڕۆژنامەگەریتان بدوێین و هەندێك باسی خۆتان لەم بوارەدا بۆمان بفەرموون؟**

و: ڕۆژنامەگەری بۆ من لە سەرەتادا هەڵبژاردنێکی ناچاری بوو، هەڵبژاردنێك بۆ بژێوی ژیان لە پێناوی نزیکی لە پیشە سەرەکییەکەی خۆمەوە وەکو نووسەر.

ئەو ناچارییە وای کرد ئاشنای بەها و گرینگیی کاری ڕۆژنامەوانی بم بۆ مرۆڤی کورد، بۆ ژن و هەست بە کەلێنەکانی ئەو پیشەیە بکەم، لە زۆر ڕووەوە هەوڵی پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە بدەم، لەوانە هەندێ هەنگاو و کاری ڕۆژنامەوانی کە پێشتر ژنی تر نەیکردبوون، لە دەرکردنی کۆواری و مێتۆد و هەڵبژاردنی بابەتەکانی گفتوگۆ و سەفەر و چالاکی تر، هەتا زیاتریش لەو کارەدا شارەزاییم پەیدا دەکرد، زیاتر هەستم بە گرینگیی ئەو بوارە و هەوڵی قووڵبوونەوەم تێدا بە دی دەکرد، لەو میانەیەوە سەردانی دەزگای شەهیدانم کرد و لای ئەوانەوە داوام بۆ ئەنجوومەنی وەزیران بەرز کردەوە بۆ کردنەوەی بەشی ڕۆژنامەوانی ئەوە بوو هەوڵەکەش هاتە دی لەوێوە بووم بە خوێندکاری بەشی ڕۆژنامەوانی بۆ ئەکادیمیکردنی بوارەکەم.

بەڵام تەمەنی ڕۆژنامەوانیی من لە کوردستاندا هەر ٦.٥ ساڵی خایاند و ئەهریمەنەکانی دژە بەهرە و ژن و ڕاستی ڕێگەی مەنفایان کردە قەدەرم.

لێرەش جارێکی تر بەشی ڕۆژنامەوانیم هەڵبژارد و لە ئێستادا خوێندکاری کۆلێژی ڕۆژنامەوانیم، گەرچی پێ ناچێ لە دوایدا ڕۆژنامەوانی وەکو پیشەی ڕۆژانە هەڵبژێرم، چونکە ئەو بوارە بۆ خۆی ئێجگار گەورە و پڕ بەهایە، بەڵام زۆر شت لە مرۆڤی نووسەر دەسەنێتەوە، پێم وا نییە دوا جار نووسەربوون بکەم بە قوربانی بۆ ڕۆژنامەوانبوون، بەڵام با دانی بڕیارەکان بمێنن بۆ ڕۆژگاری خۆیان.

**پ: وەك ڕۆژنامەنووسێك ڕەوتی ئەمڕۆی ڕۆژنامەگەریی کوردی لە چ ئاستێکدا دەبینیێ؟ پێت وایە ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکان توانیویانە ببنە ئەڵقەیەکی گەیاندن لە نێوان خەڵك و دەسەڵاتدا؟**

و: هەڵسەنگاندنی دۆخی ڕۆژنامەوانی، هەڵسەنگاندنی کۆی دۆخی دەسەڵات، کۆمەڵ، ڕۆشنبیر، ڕۆژنامەوان و نوخبە دەکات، لەگەڵ کەشی گەشەکردنی ڕۆژنامە و ڕۆژنامەوان لە کوردستاندا.

ناجێگیری و ناپەسەندیی دۆخی ڕۆژنامەوانی ناجێگیری و ناپەسەندیی کۆی ئەو لایەنانەی دیش دەگرێتەوە. بۆیە دەکرێ ئەو پرسە لە دەرگەی بیرمان بدا، ئایە کەشی ڕۆژنامەوانی لە کوردستاندا هەیە بە واتای دروستی چەمکەکە، لەگەڵ زۆریی ئەو هەموو بڵاوکراوە و ڕۆژنامەنووسەدا؟ بێ گومان ئەو کەشەی لە وڵاتانی پێشکەوتوودا بوونی هەیە، لە کوردستاندا نائامادە و بێزراوە، نەك تەنیا لەبەرئەوەی داهێنەر نین لە چێکردنی ئەو کەشەدا یاخۆ لاوازیی پێرفێمسیان بۆ خوێندنەوەی کۆمەڵ و ڕۆشتن لەگەڵ گۆڕانکارییەکاندا، بگرە لە کورتکردنەوەی ڕۆڵیدا بۆ دەسەڵاتداری و سیاسی هەتا ڕاگەیاندن.

هەندێ دیاردەی سەیرم لە کوردستاندا دەبینی، هەندێ ڕۆژنامەنووس لە دەزگا حزبییە گەورەکاندا کاریان دەکرد، هێندەی دەسەڵاتی حزبەکەیان شانازییان بە دەسەڵاتداریەتییەوە دەکرد و تەنانەت هەندێ لێپرسراوی لاپەڕە ئەو ڕۆژنامەنووسە تازە پێگەیشتووانەی لە ژێر چاودێریی ئەواندا بۆ لاپەڕەکە

کاریان دەکرد دەبوو ببن بە کۆیلەی ئەو و تەنانەت ئەگەر شەڕ و ململانییە کەسییەکانی ئەویان نەکردبا لە بری خۆی ئەوە نانبڕاو دەکران و نەدەبوون بە ڕۆژنامەنووس، ئەو جۆرە دۆخە نازانستییە و نامرۆیی و ناڕۆژنامەوانییە بووە بە کەشی گشتیی ڕۆژنامەوانی نەك چەمکی ڕاگەیاندن، کاتێکیش ڕۆژنامەوانی ڕووبەڕووی ئەو هەڵدێرە و زۆر هەڵدێر و لایەنی نەرێی دی دەبێتەوە کە وەڵامی تەوەرەکانی داهاتووتە ناتوانێ خاوەنی گوتاری خۆی بێ هەتا گوتارێکی هەبێ بیگەیەنێ بە جەماوەر و هۆشیاری بکاتەوە لە نەنگییەکان.

لە سەروو ئەمانەوە نەبوونی دیالۆگ و هەماهەنگی لە نێوان دەسەڵات و هاووڵاتیدا واتای نەبوونی دەسەڵاتێکی دیموکراسی دەکات، نەبوونی دەسەڵاتی دیموکراسیش واتای نەبوونی ڕۆژنامەی ئازادیش دەکا، واتای حزبیبوونی ڕۆژنامە و تەنانەت ئەوەشی خۆی بە ئازاد بزانێ نائازادی لە میتۆددا دەکا و لە سایەی ئەو جۆرە سیستەمەدا ڕۆژنامەی ئازاد نابێ، ئەگەر ئازادیش نەبوو بازنەیەك نابێ بۆ گەیاندن لە نێوان دەسەڵات و جەماوەردا و لە یەك دۆخدا نەبێ ئەویش هەبوونی بازنەی بانگەشە و چەواشەکارییە لە نێوان هەردوو کایەدا، لەو بازنەیەدا ڕاگەیاندنی کوردی خاوەنی گوتاری خۆی نییە، تەنیا خاوەنی گوتارە سیاسییە حزبییەکەیە.

پ: **گرفتەکانی ڕۆژنامەگەری یان ڕاگەیاندنی کوردی چین و ئەگەری ئەم گیروگرفتانە چین؟**

و: هەموو ڕۆژنامەیەك لە کوردستاندا لە پشتی پەردەوە هەڵگری ئەجندەیەکی ئابووری و سیاسییە، سیاسەتی ڕۆژنامەوانی تەواو پشتگوێ خراوە، لە پەراوێزی هەردوو سیاسەتی ئابووری و سیاسیدا بووە بە خاڵێکی نادیار.

ئەمەش کۆمەڵی گرفتی ژیانی و ژیاریی پەلکێش کردووەتە نێو بواری ڕاگەیاندن، کێشە ژیانییەکان لە مەکۆی ململانێیە حزبییەکان و گەندەڵیی سیاسییەکاندا خۆیان مەڵاس داوە، هەموو قسەنووسێك دەتوانێ شەرعییەتێك بۆ نووسەربوون و ڕۆژنامەنووسبوون بدۆزێتەوە، گرووپۆکەیەك دروست بکا و وشە بفرۆشێ بە دەسەڵاتدارەکان ئیتر نە سۆراغی کار دەکا و نە خەمی بژێویش.

دۆخی دووەم ئەو فاکتەرەیە لە پرسیاری پێشتردا ئاماژەمان پێ کرد، دۆخی حەز بە دەسەڵاتداریەتی و ئیگۆیزمەیە لە لایەن ڕۆژنامەنووسە نا ئەکادیمی و نازانستییە حیزبییەکانەوە کە وەکو کۆیلە مامەڵە لە تەك تازە پێگەیشتوەکان یان بێ دەسەڵاتەکان دەکەن، پەرچەکرداری ئەو دۆخە لە پەرچەکرداری چینە خوارەکانی وڵاتانی سەرمایەداری دەچێ، کە بە هۆی بێ حورمەتی و بێ نرخیی کارمەند لای خاوەن کار، زۆربەیان هەوڵ دەدەن کاری خۆیان هەبێ گەرچی زۆریش قەرزداری بانکەکان بن، بۆ ئەوەی خۆیان خاوەن کاری خۆیان بن، نەك کەسێکی تر سووکایەتییان پێ بکا و یان هەر ڕۆژەی بە بیانوویەك دەریان بکا و وێڵی دوای گەڕان بێ بۆ دۆزینەوەی کار.

ڕۆژنامەوانییش لە سایەی سیستەمە بێ سەروبەرەکاندا ڕێچکە دەگرێ، ژمارەیەکی تری ڕۆژنامەنووسی تازە پێگەیشتوو لەو ڕوانگەیەوە هەوڵ دەدەن خۆیان خاوەنی لوولە کێشییەکی هەناسەدان بن، پێشی وایە ئەگەر خۆی خاوەنی ئەو تایبەتمەندییە بوو، چەند لاپەڕەیەکی بەناوی ڕۆژنامە ڕەش کردەوە جگە لە بژێوییەکە و خۆ بە خاوەنکار بوون، هەندێك ئازادیی زیاتر و ناوبانگیشی پێ دەبەخشێ، واتە بەشێکی ئەمڕۆی کاری ڕۆژنامەوانی شەیدابوونی ناوبانگە لە لایەن ئەو تاکانەی بەهرەیەکی دی لە خۆیاندا شك نابەن و شەیدای ناوبانگیشن، لای هەندێکی دییان شەیدابوونی ئازادی و ڕادەربڕینە کە پێی وایە بە کاری تاکڕەوانە دەتوانێ ئاشنای بێ.

بەشێکی تر کێشەی ئەمڕۆی ڕۆژنامەوانی زۆریی ژمارەی ڕۆژنامە کە بەبەراورد بە ئاستی خوێندەواری و خوێنەر و ڕۆشنبیری کورد، لە هەمان کاتدا نەبوونی دەزگایەکی سیسماتیزی دروست بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو بڵاوکراوانە ئەمەش وەکو هەموو بوارەکانی تری ژیانی کورد بێ سەروبەری و سەرلێشێوانی لە نێوان ماف، ئەرك و ئەخلاقی ڕۆژنامەوانی و کاری ڕۆژنامەوانیی ڕاستەقینە و سیستەمی ژیان بە گشتی دروست کردووە.

ئەگەر نەگەشتبا بەو ئاستە، زۆریی بڵاوکراوە واتای کرانەوە و پێشکەوتنی ژیاری دەگەیاند، بەڵام گەیشتوە بە ئاستێك نوخبەی ڕۆژنامەوان و ئاستی

ڕۆژنامەوانیی بۆ دوا گەڕاندووەتەوە نەك پێشکەوتنی ڕۆژنامەوانی، ئەمەش بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ هەڵبژاردنی نادروستی خوێندنی باڵا لە بەشی ڕۆژنامەوانیدا. بیرم ماوە یەکەم جار کە باسی کردنەوەی بەشی ڕۆژنامەوانیم کرد، بەڕێز جەلال شەفیق وەزیری خوێندنی باڵای ئەو کات، بە تۆنێکی زۆر ناڕازی گوتی " لە ناو کورددا مامۆستای گونجاو نییە بۆ بەشی ڕۆژنامەوانی، کە ئەوەندە سووری لە سەری بڕۆ مامۆستاشی بۆ پەیدا بکە" ئەو کات من بە ڕاستی ویڵی دوای مامۆستا و پرسیارکردنی هەر کوردێك بووم بەشی ڕۆژنامەوانیی تەواو کردبێ، بەڵام بۆ ئەوەی ئەو هەوڵە بە فیڕۆ نەچێ ناوی کۆمەڵێ کەسم لە وتارێکدا بۆ ڕیز کرد، کە بڕوانامەی دییان هەبوو، بەڵام پسپۆڕییان لە بواری ڕاگەیاندندا هەبوو، پێم وایە ئەو کات چۆن پەیداکردنی مامۆستا بە خەمی خوێندنی باڵا نەدەزانرا، دەبوو خەمی ڕێژەی وەرگرتنیشمان بخستایەتە بەردەم وەزیری خوێندنی باڵا، چونکە لە زۆربەی جیهاندا ڕێژەی وەرگرتن لە کۆلێژەکانی ڕۆژنامەوانی کەمترە تا کۆلێژەکانی تر، لە وڵاتێکی وەکو کەنەدای دیموکراسی و گەورە مەودادا ڕێژەی وەرگرتنی خوێندکار لە ڕاگەیاندندا کەمترە لە بەشەکانی تر، چونکە دەرچوونی ئەو هەموو خوێندکارە لە بوارێکدا بەراورد بە هەبوونی هەلی کار لە هەمان بواردا بێ کاری ناسەقامگیری سکاڵا و بێ سەروبەری دروست دەکات وەکو ئێستا دروست بووە لە ناو کوردستاندا، کەواتە کێشەکانی ڕاگەیاندنی کوردی تەنیا لە نەبوونی ئازادیدا نییە، بگرە لە زۆری و بۆری، ناسیستەماتیك، نەبوونی مەرجەعی سەپێنەری ئەرك و ماف، لاوازی هۆشیاریی ڕۆژنامەوانی، کەمیی خوێنەر و زۆریی بڵاوکراوە، ئەمانەش ڕۆژنامەوان و ڕۆژنامەی لە ئەخلاقیاتی ڕاگەیاندن دەرکردووە.

**پ: هەر وەك دەزانین ڕاگەیاندن وەك دەسەڵاتی چوارەم ناو دەبرێ بە بۆچوونی ئێوە ڕاگەیاندنی کوردی دەسەڵاتی چەندەمە؟**

و: پاش دەسەڵاتەکانی داد و یاسادانان و جێبەجێکردن، ڕاگەیاندن بە دەسەڵاتی چوارەم ناوزەند کراوە، ئەو دەسەڵاتە ئێستا لە جیهانی پێشکەوتوودا

بووە بە دەسەڵاتی یەکەم نەك چوارەم و کۆی دەسەڵاتەکان سڵ لە ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەوان دەکەنەوە، بۆ نموونە کێشەی کەسێکی کەنەدی – سووریایی سەر بە گرووپێکی ئیسلام کە لە ئەمریکادا گیرابوو، بە دەستبەسەری دیپۆرتی سووریا کرابوو کە خۆی کێشەی پێشینەی هەبوو لەگەڵ سووریا، چەندین مانگ بوو پەردەپۆش کرا و تەنانەت کەنەداش خۆی نەکرد بە خاوەنی ئەو هاووڵاتییەی هەتا دایکی گیراوەکە زانیی ئەگەر ڕاگەیاندنەکان تێ نەگەیەنێ هەر بە بێ دەنگی کوڕەکەی لە ناو دەبەن، چونکە چەندین جار حکوومەتی کەنەدی لێ ئاگادار کردبوو، مەسەلەکەی لە ڕاگەیاندنەکان گەیاند.

ڕاگەیاندنی ئەو دوو وڵاتە بە تایبەت کەنەدا چونکە کەسەکە پاسپۆرتی کەنەدیی هەیە بە شێوەیەك ئەو کێشەیان گەیاندە ڕای گشتی و بە شێوەیەك بەرگرییان لێ کرد کە هەردوو حکوومەتی ئەمریکا و کەنەدا ناچار بکەن، لە زیندانی دەربهێنن، قەرەبووی بۆ بکەنەوە، تا ئێستا کە سێ ساڵ دەکا مانشێتی ڕۆژنامەکانە و هێشتا بەوە ڕازی نەبووە سکاڵای لەسەر هەردوو حکوومەتی سووریا و ئەمریکا تۆمار کردووە، لەگەڵ ئەو هەموو تۆمەتەی ئەو دوو حکوومەتە گوایە تیرۆریستە و کۆمەڵێ تۆمەتی تر، هێشتا ڕاگەیاندنەکان پشتیان تێ نەکردووە و لیبراڵترین ڕۆژنامە هەواڵی دانیشتنەکانی دادگەی بڵاو دەکاتەوە، ئەوە بە ڕاستی دەسەڵاتی ڕاگەیاندنە و دەسەڵاتی خۆی وەکو ڕاگەیاندن بەکار دەهێنێ بە شێوەیەکی دیموکراسی و دوور لە فێندەمێنتاڵی ئایدۆلۆژی و لە لایەکی تر دوو دەسەڵات و یاسا و دادگەی دوو دەوڵەتی جیاواز دەخاتە ژێر لێپرسینەوە و مافی هاووڵاتییەکی مافخوراو وەردەگرێ، ئەو فەلسەفەی ڤۆلتێر "باوەڕم بە بیروباوەڕت نییە، بەڵام خۆم بەخت دەکەم لە پێناوی ئازادیی دەربڕینی بیروباوەڕتدا"ی هاوتای هەڵوێستی کردووە با پێشمان وا نەبێ ڕۆژنامەکانی کەنەدا تەواو سەربەخۆن و سەر بە حزبەکانی ناو کەنەدا نین.

بەڵام ئەمە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کوردستاندا لە لایەن هەردوو بەرەوە، دەسەڵات و ڕۆژنامەنووس پێچەوانەیە، ڕۆژنامەیەك نایەت بەرگری لە کەسێك بکا ئەو کەسە لە دەرەوەی بەرژەوەندی حزبەکەی بێ، ڕۆژنامەنووسێك نایەت

بەرگری لە کەسێك بکا جیاوازیی فیکریی هەبێ، یان تەنانەت حزبەکەی جیاوازی فیکریی هەبێ لە تەکیدا، ئەوەندە ڕۆژنامەنووسیی ئێمە تا ئاستێك حیزبی و ژێر ڕکێف کەوتووە، بە هۆی کتابی ڕەسمیی حزبێك بۆ دەزگا ڕاگەیاندنە ئاشکراو نهێنییەکانی خۆیان کە هیچ بابەتێکی من و هیچ بابەتێکی پۆزەتیڤانەش لەسەر من لە ڕاگەیاندنەکانیانەوە بڵاو نەکرێتەوە.

باس لەو ڕۆژنامەنووسانە ناکەم کە لە حزبەکە زیاتر بەرگری لەو جۆرە بڕیار و کردارە دیکتاتۆرییە دەکەن، چونکە ئاستێکی شیاوە بە خۆیان، بەڵام کەسانێکی تر هەن لەو دەزگایانەدا کار دەکەن بە نهێنی سڵاو دەگۆڕنەوە لە ترسی بە خیانەت ناو نەهێنانیان.

ئەمە لەسەر ئاستی نموونەیەکی کەسی هەزاران نموونەی کەسی، نیشتمانی، سیاسی، ئابووری و ڕەوشتی ئابڵووقەی ژیانی ڕۆژانەی داوین و ڕۆژنامەنووسیش ئەگەر ڕاستییەکانیش بزانێ بە نهێنی لە نێوان خۆی و خۆیدا سڵاوی لەگەڵ دەگۆڕێتەوە و تێ دەپەڕێ.

ڕۆژنامەنووسێك ئەگەر ئەوەندە ئازادیی نەبێ دەسەڵاتی ژیانی کەسیی خۆی و تایبەتمەندیی خۆی هەبێ، باسی کام دەسەڵاتی چوارەم بکەین، کام ڕۆژنامەنووس بە پێچەوانەی ڕای دەسەڵاتە سیاسییەکان کاری کردووە لەسەر کەیس و کێشەی کەسێك هەتا بزانێ کارەکەی ئەویش دەسەڵاتە. دوای ئەوەش لە کوردستاندا کوا سێ دەسەڵاتەکەی تر بوونیان هەیە، هەتا پێویستی بە چاوتیژیی ڕۆژنامەوان بێ بۆ کاردروستی.

وەکو پێشتریش گوتمان ڕاگەیاندن دیارە کە دەشڵێن ڕاگەیاندن تەنیا مەبەستمان ڕاگەیاندنی نووسراوە، چونکە هەتا ئێستا تەلەفزیۆن و ڕادیۆکان تەنیا بە ئاشکرا حزبییەکانن، خاوەنی گوتار و تایبەتمەندیەتیی خۆی نییە و زۆربەش لە گوتاری حزبی نەچوونەتە دەرێ.

پ: **کازیوە خان ڕاگەیاندنی کوردیی ئازاد وەك ماڵپەڕ و هەندێك ڕۆژنامە و گۆڤار، بەلای دەسەڵاتی کوردییەوە زۆر جار ناپەسەندە و دژایەتی دەکرێ و هەندێك لە ڕۆژنامەوانیش بە مافی خۆیان دەزانن و وەك بنەمایەکی**

**دیموکراسیی لە قەڵەم دەدەن، ئێوە تێڕوانینتان چییە بۆ ئەم بابەتە؟**

و: ئازادیی گوزارشتکردن یەکێکە لە کۆڵەکە بەهێزەکانی دنیای ڕۆژنامەی سەربەخۆ یان ئازاد و لە بەندەکانی مافی مرۆڤ و زیاتر لە نیو سەدەیە لە ڕووی تیۆرییەوە جێگیر بووە، بەڵام لە ڕووی پراکتیکییەوە هەتا ئێستا لە دیموکراسیترین وڵاتدا هەندێ جار نووسەر و ڕۆژنامەنووس دەکەوێتە مەترسییەوە نەتوانراوە ئاسایشی تەواویان بۆ زامن بکرێ.

لە کوردستاندا بە گشتی بە دەسەڵات و هاووڵاتییەوە باوەڕی بە ئازادی نییە و زۆر پێچەوانە چەمکی ئازادی دەهێنێتە نێو واتای ژیانەوە. کورتتر دەردی ئێمە ناهۆشیارییە لە هەموو ڕووەکانەوە، ناهۆشیاریی سیاسییەکان، ناهۆشیاریی ڕۆشنبیرەکان و ڕۆژنامەوانەکان بەر لە خەڵکی دی.

تێگەیشتنی سیاسی لە ئازادی ئەوەیە پێنووس لە پێناوی پێداهەڵدانی ئەو بوونی هەیە و دەربڕی بچووکترین ڕەخنە شایانی لەناوبردنە، ئەمەش بۆ دەسەڵاتێکی دیکتاتۆریی دوور لە هەموو بەهایەکی شارستانی ئاساییە و پێویست ناکا خۆمان بە ناحاڵی پیشان بدەین، ئەو جۆرە سیستەمەمان زۆر بینیوە.

هۆشیاریی ڕۆژنامەوانیش پێی وایە هەرچییەکی بە خەیاڵدا هات و هەرچی دەردی دەروونی ڕکی هەیە گوزارشت لێ بکات، ئەگەر وای نەکرد ئازاد نییە، ئەوەش لە هیچ سیستەمێکی جیهاندا جێگەی نەبووەتەوە هەتا لای کورد جێگەی بکەینەوە.

ڕۆژنامەوان ئەگەر ئاگەی لە پرەنسیپەکانی ڕۆژنامەوانیش نەبێ. وتەی "تا ئەو ئاستە ئازادی کە ئازادیی کەسێکی دیت پێشێل نەکردووە" هێندە کۆن و باوە باوەڕ ناکەم هەموو نەیبیستێ، هۆشیاریی ڕۆژنامەوانێك گەر تەنیا ئەو دێرەش بێ پێویستە بزانێ کۆمەڵی ئەخلاقی ڕۆژنامەوانی هەیە ناکرێ تێ پەڕێنێ و تێپەڕینیش لێیان گەندەڵییە.

نازانم تا چەند باوەڕم بە ڕۆژنامە و بڵاوکراوەی ئازاد هەبێ، چونکە تەنانەت ماڵپەڕەکانیش کە لە وڵاتانی دیموکراسی و ئازاددا بەڕێوە دەچن زۆربەیان بە

ئاشکرا دیارە حزبین و گرووپ و تەنانەت تاك و تەکتولیش کار دەکەن، هەیانە بە ئاشکرا هاوار دەکا بۆ حزبەکان ئاورم لێ بدەنەوە و لایەکتان بمکرن. پەیڕەو و پرۆگرام و پرەنسیپی ڕۆژنامەوانی جنێونووسین و تۆمەتنووسین و ڕکنووسین نییە، دەگات بەو ئاستە و سەر لێشێوانەی ئەمرۆ هەندێ ڕاگەیاندنی پێدا تێ دەپەڕێ.

زۆر جار لە خۆمم پرسیوە فلان ڕۆژنامەوان، یان فلان پێنووس بە دەست کە هێشتا نەبووە بە نووسەرێکی خەملیو تەنیا دەسەلاتی بەسەر پێنووس و جنێو نووسیندا دەشکێ بەو جۆرە تۆمەت دەنووسێ و تیرۆری ڕۆحی و کەسایەتیی بەرانبەر دەکا، ئەی ئەگەر دەسەلاتی سیاسیی هەبێ چی دەکات؟ ئەگەر ڕۆژنامەوانێك بە پارەی دژی نەیاری کەسێکی سیاسی یان گرووپێك بنووسێ، ئەی ئەگەر دەسەلاتی بێ و پارەی میللەتی بەردەست بکەوێ، یان دوژمنانی کورد پارەیەکی خەیالیی بدەنێ چۆن نیشتمانەکەی دەفرۆشێ.

زۆر سەیرە خەلکێك ڕەخنە لە دەسەلاتێکی درندە، یان دژە یاسا و مرۆڤایەتی بگرێ خۆشی خاوەنی مۆرالێکی دروست و هێلێکی تەندروست نەبێ بۆ مامەلەکردن لەگەل پیشەکەی خۆی و کۆمەلەکەی خۆی.

جیهانی ئەنتەرنێت و تەکنەلۆژیا هەندێ ئازادی و ڕووبەڕووبوونەوەی سیاسیی بە کورد ناساند، مالپەڕەکان لە دەرەوە توانییان ببن بە هۆکارێك بۆ گواستنەوەی دەنگی ناڕەزایەتیی خەلك بە ڕەوەندی کورد لە دەرەوە و ئەو هەماهەنگییەش هەندێ هاوکاری ناوخۆی کردووە لە دەربڕین و بەرگریکردن لە مافی نووسەر و ڕۆژنامەوان، بەلام هەندێکیشیان نەیانتوانیوە نەبن بە مەکۆی خڕبوونەوەی مافیای پێنووس، ئەو پێشبینییە لای مرۆڤ دروست دەکەن، کە لە چەند سالی داهاتوودا لە جاشەکانی سەردەمی سەدام زیاتر فایلی جاشی وشەنووس بۆ لایەنە جیاوازەکان و پلانگێڕە دژە کوردەکان دەردەکەوێ.

ئەمرۆ خەلکانێك کاری مافیایی بە پێنووس دەکەن و بەپێی ئەو نرخەی دەیدرێتێ و چەندین تۆمەت و جنێونامە بۆ هەر کەسێك پارەدەر ململانێیەتیی دەکا بۆ دەنووسێ.

ئەو دۆخە سکاڵای زۆری لە نێوان جەماوەر و خەڵکی هۆشیاریشدا دروست کردووە، ئەو سکاڵایانەش بازنەیەکی فراوانتری بۆ دەسەڵاتی کوردی کێشاوە کە فەرمانی نادیموکراسی دژ بە سەرجەم ڕۆژنامەوانان و نووسەران و پێگەی ڕۆژنامەوانی بدا.

**پ: لەم چەند ڕۆژانەی ڕابردوودا دەنگۆیەکی بەرفراوان لە لایەن ڕۆژنامەنووسان و ڕۆشنبیران چ لە ناو یان دەرەوەی کوردستان بەرز بووەوە دژ بەیاسای ڕۆژنامەگەری لە لایەن پەرلەمانی کوردستان کە دژ بە خواست و ویستی ڕۆژنامەنووسان مۆر کرا، ئایا مۆرکردنی یاسایەکی لەم جۆرە دوور لە پرەنسیپی ڕۆژنامەگەری چی دەگەیەنێ؟ هۆی ئەو ترسە چییە لە نێوان ڕۆژنامەنووسان و دەسەڵاتدا؟**

و: کێشەی دەسەڵاتی کوردی و کۆمەڵی کوردی بە گشتی نەك تەنیا ڕۆژنامەوان، کێشەی تێ نەگەیشتنە لە ئەرك و مافەکانیان بەرانبەر بە یەکتر، دەسەڵات نازانێ کامە ئەرکەکانی دەسەڵاتداریەتیی خۆیەتی و کامەش مافەکانیەتی، هاووڵاتییش بە هەمان شێوە، زۆر جار هاووڵاتی ئەرکێك ئەنجام دەدا ئەرکی دەسەڵاتە نەك ئەو، مافێکی داواکردووە مافی ئەو نییە و مافێکیش بە ڕەوای خۆی نابینێ، کە تەنیا مافی ئەوە. ئەو ناهۆشیارییەش بەرانبەر ئەرك و مافەکان گوناهی هاووڵاتیی نییە، ئەرکی دەسەڵاتە.

بەڵام دەسەڵاتێك خاوەنی ئەوەندە ڕێسا و یاسا نەبێ ئەرك و مافەکانی هەردوو لای تێدا سیسماتیزە کرابێ، واتا توانای بەڕێوەبردنی وڵات و فەرمانڕەوایەتیی نییە، بەڵام لە مەسەلەی ڕۆژنامەوانیدا تەنیا دەسەڵات تاوانبار نییە، ناهۆشیاریی ڕۆژنامەنووسیش ڕۆڵێکی باڵای لەو تێ نەگەشتنەدا بینیوە.

لەم ڕوانگەیەوە پێویستە ئەوەی پێنووسی گرتە دەستی بزانێ کە جیاوازییەکی گەورە هەیە لە نێوان ڕۆژنامەنووس و ڕۆژنامەچی، هەندێك شارەزایی لە مۆراڵی گشتی و مۆراڵی ڕۆژنامەوانی و یاسا و سوێندی ڕۆژنامەوانی هەبێ بەر لەوەی بە یاسایەکی توندڕەوانە پێی بگوترێ تا ئەو ئاستە ئازادیت، ئازادیی

بەرانبەر پێشێل نەکەی و کەرامەتی بپارێزی.

دەسەڵاتی کوردی و پەرلەمانی کوردستان بە ئەزموونی چەند ساڵەیان سەلماندیان بێ بەهرەن لە هونەری بەڕێوەبردن و فەرمانڕەوایەتیکردن و ڕاگرتنی خواستی کۆمەڵی کوردی. پەرلەمان هەتا ئێستا نەیتوانیوە وەکو واتای ڕاستەقینەی چەمکەکە دەنگی خەڵك بێ، نەك دەنگە جیاوازەکانی حزب. دەنگی حزبیش ناخوازێت گوێبیستی هیچ دەنگێکی دی بێ جگە لە خۆی، هەمیشەش بڕیاری دیکتاتۆرانەی بۆ کپکردنی دەنگەکان لە هەگبەدایە.

زۆربەی ئەو یاسایانەی تا ئێستا کاران لە کوردستاندا یاساکانی بەعسن کراون بە کوردی بە هەندێ دەستکارییەوە، هەتا ئێستا حکومەت و دەسەڵاتی کوردی نەیتوانیوە لە سیستەمە دیموکراسیەکان بەهرە وەربگرێ لە داڕشتنەوەی یاسایەکی گونجاو.

لە هەموو جیهاندا یاسای ڕۆژنامەوانی هەیە و ڕۆژنامەوان لەسەر هەواڵی ناڕاست و بێ بەڵگە و تۆمەت دراون بە دادگە و هەندێ لە ئەستێرەکانی سینەما چەند ملیۆن دۆلار پێکەوە دەنێن لەسەر حیسابی کارە نەشیاو و نایاساییەکان لە بواری ڕۆژنامەوانیدا، بەڵێ پێویستە یاسایەك هەبێ بۆ چوارچێوە دانان بۆ ئەو ڕۆژنامەنووس یاخۆ هەواڵنووسانەی ئەخلاقی ڕۆژنامەوانی ناپارێزن، ئاگەیان لە سوێندی ڕۆژنامەنووسی نییە، بەڵام کاتێك یاسایەك لەو بابەتەی ئێستای پەرلەمان بوو لە بنەمادا یاساکەی پرەنسیپی مۆراڵی یاسایی بەزاندووە، ناتوانێ شەریعەت بدۆزێتەوە بۆ دادوەریبوون، لەو دۆخەدا هەموو کەس تاوانبارە و کەسیش تاوانبار نییە، ئەگەرچی هەتا ئێستا یاساکان هەرچی بووبن یاسای حزب و ئەندامی حزبیبوون گەورەترین یاسا بووە ئەو دۆخەش بەو زووانە ناگۆڕێ، هەتا ئێستاش لە کوردستاندا کەس نەیتوانیوە ئازادانە ڕادەربڕێ هەتا پێویستیان بە یاسایەکی توندتر بێ لەوەی تا ئێستا بەسەر ڕۆژنامەوانیان هێناوە.

ئەو یاسایە بۆ ئەوانەی دەرەوەیە، ڕۆژنامەوانانی کوردستان تەنیا قوربانیی ئەو دۆخەن هەندێ ڕاگەیاندن خولْقاندوویانە.

**پ: لە ناو ڕاگەیاندنی ئەمڕۆی کوردیدا ئافرەت لە چ ئاستێکە و بەرای جەنابتان ئافرەت لە چ بوارێك زۆرتر کاری کردووە و بۆ؟**

و: ئەم پرسیارە هەندێك لاستیکییە و بۆ زۆر لایەن ڕادەکێشێ. ئاستی بەشداربوونی ژن لە ڕاگەیاندندا بێگومان بەراورد ناکرێ بە سالآنی ڕابردوو، لە ئاستێکی زۆر باشدایە، ژنانێکی زۆر ڕوویان لە ڕاگەیاندن کردووە، ئەوەش مایەی خۆشحالّی و دەستخۆشییە، لە بوارەکانیشدا من دەبینم ژنان لە هەموو بوارەکانی ڕاگەیاندندا کاران و کاری باشیشیان کردووە، بەلآم زیاتر خۆیان لە گوتاری ڕادەربڕیندا قالّ کردووە.

لەسەر ئاستی بەڕێوەبردنی ڕۆژنامە و کەنالّی ڕاگەیاندن بەداخەوە زۆر ڕۆژنامەی ژنان هەیە لەگەلّ ئەوەی مێژوویەکی درێژیان هەیە لەو بواری ڕاگەیاندندا هێشتا لە ڕووی بابەتییەوە نەگەیشتوون بە ئاستێك خوێنەرێکی باشیان هەبێ یاخۆ ناوبانگێکی باشیان هەبێ و خوێنەر چاوەڕوانی دەرچوونیان بکا، هەروەها ژنان لە یەکێك لە گرینگترین خالّەکانی کاری ڕاگەیاندندا لاوازن ئەویش کۆمەنیکەیشنە.

وەکو تێڕوانینی حکوومەت بۆ ژن لە ڕاگەیاندندا پێم وابێ لە ١٩٩٧وە کە من ڕۆیشتمە وەزارەتی ڕۆشنبیری بۆ ئەوەی مۆلّەتی کۆوارەکەم وەربگرم، وەزیری ڕۆشنبیری ڕازی نەبوو مافی خاوەن ئیمتیازم بداتێ پێی گوتم ″ئەو کەسەی دەبێت بە خاوەنی ئیمتیاز پێویستە کەسێکی مادی و مەعنەوی بێ، نەك تۆ″ جا منی ژن نە مادی بووم نە مەعنەوی واتە هیچ نەبووم و وجوودیشم نەبوو، بۆیە پیاوێکم بۆ برد بیکا بە خاوەنی ئیمتیاز ئیتر کێشەی نەما، چونکە پیاو مادی و مەعنەوی بوو.

تەنیا ئەوەندە گۆڕاوە لە تێڕوانینی حکوومەتدا ژنێك دەتوانێ مۆلّەت وەربگرێ، بەلآم دلّنیا نیم هەر بە مادی حیساب دەکەن، یان تەنیا مەعنەوی یاخۆ بە هەردوو چەمك.

لە نێو ڕاگەیاندنەکانی تردا بەهای ژن، ئەو مەزەیەیە کە جامخانەکانی پێ دەرازێننەوە بۆ خوێنەرە چێژوەرگرەکانی ناو و ناتۆرە و جنێونامە و

تۆمـەتنـووسین، ئـەو بـێ ڕێزییـەی بـەژن دەکرێ بـە تـایبـەت ژنـە نـاسراوەکانی ناوەندی کوردی لە ناو هیچ میللەتێکدا ئەو سووکایەتییە نابینی، بەراورد بە بـەردەبـاران و کـوشتـنـی ژنـان، لـە یـەك ئـاستدا دەبـینـرێنـەوە، هـەردوو لاشیـان خـاوەنـی یـەك مـۆراڵ و دەروون و چـەکـن. لایـەکـیـان دەوێرێ خـۆی بـخـاتـە مەترسییەوە چەك دەیکوژێت، ئەوی دییان ترسنۆکانە لە ژێر چەند دەمامکی پۆشراوەوە بە پێنووس دەیکوژێ.

ژمـارەی ژنـکـوژەکـانـی نـاو کورد لـە ژمـارەی نیشتمـانپـەروەرەکـانمـان زۆر زیـاترن، هـەر ئـەو جۆرە مـامـەڵە و ڕەوشتـەش لە لایـەن هـەندێ بە نـاو ڕۆشنبیر و ڕۆژنـامـەنووسەکانەوە، لە لایەك ژمـارەی کوشتنی ژنانی بـەرز کردووەتـەوە، لە لایـەکی کۆمـەڵی کوردی گەیاندووە بە هـەڵدێری ئـەخلاقی.

**پ: ئەوەی ئاشکرایە کە ماوەیەك لەمەوبەر بەبڕیارێکی دەسەڵات بەفەرمی بوودجەی مانگانەی ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆژنامە و کۆوارە ئەهلییەکان بڕان و ئەمیش بووە هۆی وەستانی زۆربەی ئەو بڵاوکرانەوە، ئایا پێتان وا نییە ئەم کارە ناهەقییەکی گەورە بێ بەرامبەر ڕۆژنامەنووسان؟ ئایا مەبەست کپکردنی دەنگی ئازادی ڕۆژنامەنووسانە یان خراپیی خودی بڵاوکراوە؟**

و: وەڵامی ئەم پرسیارە هەندێك سانا نییە، چونکە من نازانم لەسەر چ جۆرە سیستـەمێك لە بنـەمادا ئەو هـاوکارییە کراوە بە پڕۆژە، هـەندێك لـەو ڕۆژنـامـانـە تـەنـیـا لـەو کـێشەیـەدا کـە داوای واژوو کۆکردنـەوە کرابـوو نـاویـانم بـیستـووە، نـەمبینیون، بۆیە ناتوانم حوکمی چاك و خراپیان بدەم.

بـەڵام ئـایـە ئـەوە پـڕۆژەی حـکـوومـەت بـوو هـاوکـاری بـێ مـەرجی سـەرجـەم ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکان چوون یەك بکرێ؟ یاخۆ دەزگایەکی سەرمایەداری یـان بێ قـازانج ئـەوەی کردووە بە پڕۆژەی؟ هـەروەهـا مـەرجـەکانی ئەو هـاوکارییە چین؟ لە جیهاندا ڕۆژنامەکان لەسەر قازانجی فرۆشتنی خۆیان دەردەچن.

دیـارە ئـەگـەر هـاوکـاریی حکوومی بێ مـەرج بێ، ئـەوە کـارێکی زۆر نـەشیـاویـان کردووە و نـابێ جیـاوازی لە نێوان ڕۆژنـامـەیەك و یـەکێکی دی بکرێ، بـەڵام ئـەگـەر ئەو دەزگای هـاوکارییە، پێوەرێکی خۆی هـەیە بۆ ڕێژەی فرۆشتنی ڕۆژنامەکە و

بەراورد بە لایەنە ئابورییەکەی بەراورد بە ئاستی فرۆشی ڕۆژنامەکانی تر، ئەو ڕۆژنامانەی هاوکارییەکەیان بڕیون لە ئاستێکی زۆر نزمی فرۆشتندا بووبن، لێرەدا بە پێی ئەو پرەنسیپانەی بۆ هاوکاریەکە دانراوە دەکرێ ئەو هاوکارییە ببڕێ، لە زۆر شوێنی جیهانیش وایە.

**پ: زۆر جار لەکەناڵەکانی ڕاگەیاندن گوێبیستی نەبوونی خوێنەر و نزمیی ئاستی ڕۆشنبیری دەبین لە کوردستان ئایا چ فاکتەرێك لە دوای بڵاوبوونەوەی ئەم دیاردەیەوەیە؟ ئایا ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکان لەو ئاستەدا نین بخوێنرێنەوە؟ یان خودی خەڵك بە تایبەتی چینی خوێندەوار ئارەزوویان نییە؟**

و: سەرەتا پێویستە ئەوە بڵێم هەر ئامرازێك یان کەناڵێك هەواڵی بوو، خوێنەری زۆرە، ئەمڕۆ چی تر ڕاگەیاندنی چاپکراو هەواڵی نییە، سەتەلایت و ئەنتەرنێت هەواڵین، بۆیە زۆربەی خوێنەر و گوێگر لەو دوو کەناڵەدا کۆ دەبنەوە نەك ڕۆژنامە، بەشەکانی تری ڕۆژنامەوانی جگە لەوەی لەسەر ئەنتەرنێت دەبینرێن زۆر خەم نییە لای خوێنەر پارەی پێ بدات، بەڵام دەکرێ بە دووی بابەتی فیکری و جیدیدا بگەڕێ و ئەگەر ئامادە بێ پارە و کاتی بۆ تەرخان بکا، کە دیارە لەو دۆخەشدا وەکو چۆن لە نێو نووسەراندا، نووسەری بەرهەمهێنەر و نووسەری ئیستهلاکی هەیە، لە نێو خوێنەریشدا خوێنەری چێژوەرگر و خوێنەری ڕەخنەگر و خوێنەری خودڕۆشنکار هەیە.

بازاڕ گەرمیی جنێونامەکان بەڵگەی بەرزی ئاستی خوێنەری چێژوەرگر و بە گشتی ئاستی مۆراڵی کۆمەڵی کوردیش دەردەخات.

**پ: لە کەیدا دەخوێنێتەوە؟**

و: مەگەر زەخیرەی نووسین و ڕووناکبیری خوێندنەوە نییە؟ ئایا نووسەر و ڕۆژنامەنووسی نەخوێندەوار تا چەند متمانە بە بابەتەکانی دەکرێ؟ هەر ئەمەش وای کردوە زۆر نووسەری ئێمە ئەوەی بە نووسین دەیڵێ لە ژیانی ڕۆژانەدا پەیڕەوی ناکا، چونکە دەرئەنجامی خوێندەواری و تێفکرین لای نەچەسپیوە، بەڵکو ستایلێکی قسەکردنە، بۆ مرۆڤی نووسەر و ڕۆژنامەنووسیش هەرگیز ناکرێ ئەو بڕوانامەی لە هەر دانیشگە و کۆلێژ و قوتابخانەیەك وەری

گرتووه ناوی بنیٚ خویٚندەواری، چونکە خویٚندەواری ڕاستەقینە بۆ ئەو دوو چینە خودڕۆشنبیرییە.

هەموو ئەمانە پرسن و یەخەی ئەمڕۆی ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەوانی کوردیان گرتووە و داوای خوێنەریش دەکەن، لەگەڵ ئەو هەموو زۆری و بۆرییەشدا خوێنەر هێشتا بە دوای نووسینی نووسەرە جیدییەکان و ڕۆژنامە ئاست باشەکاندا دەگەڕێ.

# 10

سازدانی: ئەمیری حاجی داود

کوردستان نێت

**پ: زۆربوونی دیاردەی کوشتنی ژنان لە کوردستان بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

و: زۆربوونی کوشتنی ژنان بەرزبوونەوەی ڕادەی توندوتیژی و مەرگدۆستییە لە ناو کورددا. توندوتیژی یەکێکە لەو دیاردە کۆمەڵایەتییانە لە هەموو دیاردەکان پتەوتر ڕیشەی کێشاوەتە نێو کۆمەڵگە مرۆڤایەتییەکان و لە هەموو کێشەکانیشی زیاتر بەخت یاوەریی کردووە بۆ مانەوە.

بەڵام ڕێژەیان لە کۆمەڵێکەوە بۆ کۆمەڵێکی دی بە پێی ئاستی هۆشیاریی کۆمەڵ و ئاستی هۆشیاریی سیتمی بەڕێوەبردن جیاوازە. لە کۆمەڵی کوردیدا لە تڕۆپکدایە، چوون ئەو هێزانەی مرۆڤ بەڕێوە دەبەن کە هێزە ناوەکییەکانی خۆیەتی و ئەو هێزانەش کۆمەڵ بەڕێوەدەبەن کە سیستمی حکوومەتە تەژین بە توندوتیژی، توندوتیژییەکی دەرەوەی سروشتی مرۆڤی سروشتی، بێگومان بارودۆخ و مێژووی کورد ڕۆڵی بینیوە لە چێبوونی بەو ئاڕاستەیەدا، ناهۆشیاری و هەژاریی مۆراڵی ژیانیش ئاستنەگەکانی قورستر کردووە. بەڵام نادادوەری لە هەموو فۆرمە کۆمەڵایەتی و سیاسی و یاسایی و کولتووری شەرعیەتی پەرەپێدانی داوە بۆ ئاستی مەرگدۆستی، لە سەروو ئەمانەوە کورد هەڵگری ئاینێکە کە بەزمانی خۆی نییە و لێی تێ ناگا، تێگەیشتنی بۆ ئاینەکە تەنیا لە ئاستی تێگەیشتنی کەسانێکە هۆشیاری و خوێندەوارییان لە خوار

ئاستی مام ناوەندییەوەیە، بەو شێوەیە لەگەڵ ئەوەی ئاینەکە خۆی دەریایەکە لە توندوتیژی، کوردیش کام برگەی پڕ توندوتیژیترە لەوە بەهرەمەند بووە و ئەوەی کردووە بە پراکتیك.

سیسۆلۆژیا سەلماندویەتی ئەو کۆمەڵانەی بەرهەمهێنەری توندوتیژین خاوەنی پەیمانی کۆمەڵایەتی نین و ئەوەشی هەبووە دادەڕوخێت. مرۆڤیش ناتوانێ لە نێو پەیمانی کۆمەڵایەتی بێتە دەرێ و لە ناو هەمان کۆمەڵگەشدا بژی، ناتوانێ بە بێ بەکارهێنانی توندوتیژی خۆی لە توندوتیژی بپارێزێ گەر دوو دەسەڵات جیا نەکرابێتنەوە، ئەوانیش دەسەڵاتی گشتی، یان هاووڵاتی و دەسەڵاتی دەوڵەتە لە یاسادا، دەسەڵاتی دەوڵەت هێز لە دەسەڵاتی گشتی وەردەگرێ بۆ بنیادنانە یاساییەکان و ئاستی پێداویستییان، چونکە ئەو یاسایە لە وڵاتێکدا دەتوانرێ کاری پێ بکرێ لە وڵاتێکی تردا بە ئاستێکی کەمتر یان زیاتر پێویستی بە سەپاندن بێت، لەویشەوە هێزی گشتی سنووری کردارەکانی دیاری دەکا. کوردستان وڵاتێکە نە کۆمەڵ هەڵگری پەیمانی کۆمەڵایەتی و نە دەسەڵاتیش خاوەنی پەیمانی سیاسی و کەسیەتیی سیاسییە. کە دەوڵەت خاوەنی کەسیەتی و قەوارەی سیاسی و کۆمەڵایەتی نەبوو، خاوەن یاسای بەڕێوەبردنیش نابێت و ئەو قەوارە جوگرافیەش کاری تێدا دەکات دەبێت بە مەملەکەتی بەرەڵایی. لە ناو ئەو مەملەکەتەشدا زیاتر بەڕێوەیە.

**پ: کێ بە بەرپرس دەزانیت لەم دۆخەی ژنانی کوردستان؟**

و: لە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵدا ڕێژەیەکی ئێجگار بەرز بەرپرسە، هەموو بە ناو ڕووناکبیرە دوالیزمەکان، هەموو ئەو ژنانەی نازانن جیاوازی گەورە هەیە لە نێوان نرخی مرۆڤبوون و نرخی مێبووندا، هەموو ئەو ڕۆژنامەنووسە گەندەڵانەی کەسیەتیی گەندەڵ پێ دەگەیەنن و بە بۆینباخ و قات کەسیەتی بەرانبەر بە کۆمەڵەکەی خۆیان دەپێون، هەموو ئەو ڕاوێژکارانەی بە ناوی جیاوازیی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە کورسییان گرتووە و خۆشیان هەر هێندەی بکوژەکانی ژن و بکوژەکانی پرەنسیپە مرۆییەکانی کۆمەڵی کوردی لە پرەنسیپ و کۆمەڵ و مەدەنییەت دەگەن، هەموو ئەو یاساناس و پیشەوەرە

یاساییيانەی بێ دەنگ و بەختەوەر و ڕازین بەو یاسایانەی خۆیان کاری پێ دەکەن، هەموو ئەو پسپۆرە کۆمەڵایەتییانەی لە بری پسپۆری بە عەقڵ و مۆراڵی ترادیشناڵ دەیانەوێ کێشەکانی کۆمەڵ بەڕێ بکەن.

بەڵام وەك گوتم سیستەمی بەڕێوەبردن ڕۆڵی سەرەکی دەبینێ لە بەرەو مۆراڵ بردنی کۆمەڵدا بۆ نموونە لە وڵاتانی مەدەنیدا حکوومەت بە یاسا دایك و باوك ناچار دەکا نابێ منداڵەکانیان لە خوار تەمەنی ١٦ ساڵییەوە بە تەنیا لەماڵەوە بەجێ بهێڵن و لە سەرپێچیدا لێیان وەردەگرێتەوە خۆی بەخێویان دەکات، گەر ئەم مەترسییە یاساییە نەخرێتە بەردەم تاکەکان، چەند دایك و باوك پابەند دەبن بە دروستیی پەروەردەکردنی منداڵ و چەند دایك و باوك ئەرکی بەخێوکردنی منداڵ لە بەرچاودەگرن بەر لە دروستبوونی و تەنیا لە پێناوی خودباڵاییی خۆیاندا منداڵ ناخەنەوە؟ ئەی لە کوردستان منداڵان لە کوێ دەژین و چەندیان لە سەر شەقامەکان ژیان بەسەر دەبەن و چەندیان لە مەترسی دەرگا لەسەر داخستن و تەنیایی ماڵەوەدا تووشی دەیان ئیفلیجیی دەروونی بوون؟ ئەو منداڵانە لە گەورەبووندا چەند توندوتیژ و مەرگخواست و هەڵگری تۆڵەخوازی دەردەچن؟ کێشەی کۆمەڵی ئێمە لە یەکەم ڕۆژی دروستبوونی منداڵەوە بەر لە دایکبوونی، لەو ساتەوە لە بارودۆخی سایکۆلۆژیی دایك کاریگەری دەکاتە سەر کۆرپەکەی ناو سکی، لەو ساتەوە کۆمەڵی ئێمە مرۆڤی ناساغ و پڕ کەموکوڕی دروست دەکات هەتا فەنابوون.

فەرمانڕەوایانی کوردیش خۆیان خاوەنی ئەو پەروەردە دروستە نین، وە خاوەنی هۆشیاریی هەستکردن بە کەموکوڕییەکان نین، دیسان خاوەنی کەسیەتیی سیاسیی دروستیش نین، کۆمەڵیش بە گشتی ڕووبەڕووی جیهانێکی مێژوویی بووەتەوە زۆر گەورەتر لە جیهانبینی ئەو بۆ خوێندنەوە و تێگەیشتن و مامەڵەکردن لەگەڵیدا، ئەو جیهانە میللی بە کورد زۆر لەوە هەژارترە قەوارەی خۆی بە نەزۆکی و نەخوێندەواری مۆراڵی مۆدێرن بترنجێنێتە نێو جیهانە ئنفۆرماستی، بۆیە کێشەکان بەرەو ئاڵۆزتر دەڕۆن، چەند لە سەرخان و ژێرخان ئەو کۆمەڵە ڕووخاوە دە هێندە بەرەو ڕووخانی زێتر دەڕۆین، بێ چارەسەری بۆ

زۆر کێشەی کۆمەڵایەتی ئامادەباشیی بۆ کۆمەڵ دروست کردووە کە کۆمەڵێکی ڕوخێنەر بێت نەك بوونیادنەر، هەمان ڕیتم خوشنوودی بە پەرلەمان و حکوومەت و ئیدارەی ڕووکەش لە داهاتووی نزیکدا هەڵدەوەشێنێتەوە چونکە نە هێزێك هەیە ئاقاری کارکردن دیاری بکات و نە هێزێکیش هەیە ئاقاری فکری کۆمەڵ بگۆڕێت، هەردوو هێزیش بوونیان نییە چونکە متمانەیان بە یەك نەماوە، لە لاوازیی هزر و گوتاریاندا متمانەیان بە گوتاری یەك نەماوە، بێ متمانەییش کۆتاییهێنان بە ئاراستەکان دیاری دەکا.

**پ: سەرەڕای ئەم هەموو نالەبارییە دیاردەی فرە ژنی و زەواجی میسیار هاتووەتە مەیدان؟ ڕای تۆ چییە؟**

و: ئەو کۆمەڵانەی کە قەوارەی ڕاستەقینەی جەهل و نەفامی خۆی نازانێ و هەموو کێشەکانی لە سێکسوالیزمدا کۆ دەکاتەوە، هەموو مۆراڵیش بە سێکسوالیزمەوە دەبەستێت، سێکسوالیزم گەورەترین ئامانج، ململانێیە، مۆراڵ و ئامرازی جیهانی کوردە. ئازایەتیشی نەگەیشتووە بە ئاستێك بە ئاشکرا پراکتیکی بکات، چونکە ترسنۆکی بەشێکە لە جەهل.

ترسە ڕێگە بە جەهل دەدات تەشەنە بکا، هەر ترسیشە وا دەکات جاهیلەکان بەرگی دانا بپۆشن و دادوەری بکەن، دادوەرە ترسنۆکەکانی دنیا هەمیشە بۆ جۆرە شەرعیەتییە گەڕاون ماسکدار بێ، کەسیەتیی ماسکداریش لە زانستی دەروونیدا تەنیا ترسنۆك نییە، درۆزنیشە. ماسکدارەکان هەموو شتەکان لە ئارەزووەوە نزیك دەکەنەوە، لە جیهانی کورددا هەموو شتەکان لە ئارەزووی سێکسییەوە نزیك کراوەتەوە، لە جیهاندا ئەو بەستنەوەیە ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو لاوازی دەچێ لە ناو کورددا بەرەو هەڵکشان.

**پ: قسەی بەرپرسانی ئێمە بۆ پاراستنی ژنان هیچ کاریگەری هەیە؟ ئایا ئەو بەرپرسانە قسەوکرداریان وەك یەکە؟**

و: ئەوەش نەهامەتیێکی دییە کە هاووڵاتی تەنیا گوێی بەکاربهێنێت بۆ تێگەیشتن و ڕاڤەکردنی ماف و ئەرکەکانی، لە کۆمەڵی کوردیدا هەموو پێوانە مۆراڵی، ژیانی و مرۆڤایەتییەکان لە سەر بنەمای وتیوتی و گوێ ڕێچکەی

گرتووە، بەڵام وتییەکانی دەسەڵاتداران دەبن بە چیرۆکی نەمری، هەمیشەش چاوەڕوانی فریادڕەسە کارتۆنییەکەیە وشەیەك لە زاری بەربێتەوە.

سیستمی کوردی پێویستە فێری ئەوە بێت کە بەرپرسانیش وەك فەرمانبەرێك، وەکو ئەو خانمەی قوتابخانەکە پاك دەکاتەوە، ئەو باجییەی لە چێشتخانەیەکەدایە و وەکو تۆی ڕۆژنامەنووس و ئەوی خوێندکار لەبەردەم وەزیفەیەکدایە، ئەرکی سەرەکی ئەوەیە وەزیفەکەی بە باشترین شێوە جێبەجێ بکات، هەمووشان لەبەردەم یاسادا تەنیا مرۆڤن بە بێ وەزیفە، لە ژیانی ڕۆژانەشدا لێهاتوویی لە وەزیفەکەیدا سنووری توانا و مۆراڵی دیاری دەکات، نەك لێهاتوویی لە قسەهۆنینەوە و چەواشەکاریدا، سنورەکانی دەسەڵاتیش تەنیا لە بازنەی وەزیفەکەدا پارێزراوبێت. دەکرێت بەرپرسێك بتوانێت قسەی کارتۆنی زۆر ڕێز بکات و توانای وەستانی بەردەم کامیرا و گوتاردانی هەبێ بەڵام نەزانێ وەك باجییەکە بە پاکی تەنانەت مێزەکەی خۆشی پاك بکاتەوە. بەڵام هەتا ئێستا سیستەمێك نییە ئەرك و ماف و سنوورەکانی بەرپرس دیاری بکات، ئەوەی بەرپرسانی لەکەدار کردووە تەنیا بێ بەهرەیی و دۆڕانیان نییە لە جێبەجێکردنی وەزیفەکانیاندا، دۆڕانیانە لە ئەخلاقی ژیانی و مرۆییدا. نەك تەنیا تاوانبارن لە مەسەلەی کوشتنی ژنان و بارودۆخی ژن بەگشتی لە کوردستاندا، بە سکانداڵە ئاشکراکانیان، بەڵکو کێشەی لاوان، کەم ئەندامان، پێشمەرگەی دێرین و زۆر لە کێشە کۆمەڵایەتییەکانی دی کولتووری بەرپرسەکان بوون خزانە ناو کۆمەڵ، ئیدی قسەکانیان هەرچی بن پێچەوانەی کردارییانە.

**پ: ئەی ڕێکخراوەکانی ژنان بۆچی ناتوانن ئەکتیڤ بن لە ڕاپەڕاندنی کارەکانیان؟**

و: زۆرم لەسەر ڕێکخراوەکانی ژنان گوتووە، نامەوێ دووبارەی بکەمەوە، بەڵام پێویستە ئەوەمان لە بیر نەچێ، ڕێکخراوەکانیش زادەی ئەو کۆمەڵ و کولتوورەن، ئەوانە لەم ئاستە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەدا گەشەیان کردووە، هەوڵی خودهۆشیاریش بە گشتی لە کۆمەڵی میللیدا لە قەوارەی خەیاڵیدا

دەبینرێتەوە. تەنانەت ئەوانەش ناوی زۆر گەورەی ڕۆناکبیرن زۆر جار بەشێکن لە توندوتیژی و بێ حورمەتیکردن بە ژن و کایە مرۆڤایەتییە جیاوازەکان، بە بێ ئەوەی هەستی پێ بکا. هەست نەکردن نەك لەبەرئەوەی بیر ناکاتەوە، ناخوێنێتەوە یان تەنانەت خواستی جوانکردنی ژیانیشی نییە هەندێ جار، چوون ئەوەی ئەو هەوڵی بۆ داوە خۆی تێدا ڕوناکبیر بکا بە هەموو بڕوانامە و خوێندنەوە و نووسینەکانیەوە، نەخوێندەوارێکی ئاوارەی سەر شەقامەکانی کۆمەڵێکی مەدەنی لەو باشتر پراکتیکی دەکا، بەبێ ئەوەی وشەیەکی سەبارەت خوێندبێتەوە، چونکە کولتووریەتی و بووە بە بەشێك لە کەسیەتی. بەڵام بەشێکیشی مەنتەڵین، کێشەی عەقڵین نەك تەنیا کولتووری.

ڕێکخراوەکانی ژنانیش بالایان هێندەی بالای ئەو کولتوورەیە، مەرجیش نییە هیچ حسابێکیان بۆ بکرێ لە لایەن پیاوانی دەسەڵاتدارەوە. بەڵام ڕازیبوون بە چەوساندنەوە ڕازێکە و خزمەتکردنی چەوسێنەر ڕازێکی دی، لە هیچ ڕازێکیشیانەوە ئەگەری پۆزەتیڤ لە دایك نابێ.

**پ: خاتوو کازیوە نەبوونی ژن لە سەرکردایەتیی پارتە سیاسییەکان بۆچی دەگێڕێتەوە؟**

و: هەڵبەت ستراکتۆری عەقڵی خێڵەکییانەی پارتە دەسەڵاتدارەکان ژنی وەکو بوونەوەرێکی خاوەن ئیرادە و عەقڵ و توانا نەبینیوە، تا لە ئاستی لێپرسراوێتیی بەرزدا مامەڵەی لە تەکدا بکات، یانی پێی ئاسایی بێت ژن سەرکردایەتی بکا. ئەوەشی تا ئێستا کراوە بەکارهێنانێکی ساختە بووە بۆ پەردەپۆشکردنی هاوکێشە دژەکانیان بەرانبەر بە ژن و هەروەها بێدەنگکردنی دەنگە ناڕەزاکانە بەرانبەر بە مافی سیاسیی ژن.

بەڵام ژمارەیەکی ئەو ژنانەش هەتا ئێستا کاندیدی دەسەڵاتەکان بوون بۆ لێپرسراوێتی و ئەو پۆستانەیان وەرگرتووە، ئیتر دەنگە ناڕەزاکانیان شەرمەزار کرد داوای مافی سیاسی و سەرکردایەتی بۆ ژن بکەن و حزبەکانیشی بێ ئومێد کرد لە شیاویی ژن بۆ ئەو پۆستانە، چونکە ژمارەیەك لە ژنانی دەسەڵات پێدراو لە پیاوەکان لێهاتوانەتر گەندەڵی و دزی و خیانەت و نیشتمان فرۆشییان کرد

و دەکەن. بەمەش گورزی کوشندەیان لەو بوارە دا. کەواتە گرینگ نییە ژن لە سەرکردایەتیدا هەبێت، گەر سیاسەت لای پاونخوازی و پارەگردکردنەوە بێ، دیسان گرینگیش چەندیەتییان نییە، گرینگ چۆنیەتیی کارکردنیانە، ئەوانەی بە مەبەستی خزمەتکردن ناچنە سەرکردایەتییەوە، توانای ئەم گوتارەیان نییە و ئامانجیان لە سەروو بەرژەوەندیی خۆیانەوە نافڕێ، شوناسی ژن یان پیاویان نییە، شوناسی دز و گەندەڵیان هەیە.

**پ: کازیوە ساڵح زۆر جار لە نوسینەکانی باس لەو (١٨) کچە کوردە فرۆشراوەکە دەکا کە بە میسر فرۆشراون؟**

و: وەکو بە ئاشکرا دیارە، دەسەڵاتدارانی کورد بۆ هەموو هەواڵێکی ئاشکرای چارەنووس ساز، کۆمەڵی کرێگرتە و حکایەتخوانیان هەیە بۆ شێواندن و خستنی بە بارێکدا کە لە بەرژەوەندی ئەوانە و شێواندنی ڕاستییەکان، لەوەتەی ١٨ کچە ئەنفالکراوەکانیشیان کرد بەو جۆرە چیرۆکە، من هیچم لەسەر نەگوتووە، ئاگاشم لێی نەماوە، چوون چیرۆکی چیرۆك خوانەکانی دەسەڵات، دەرگای چیرۆك دروستکردنی بە ڕووی ئەوانەشد کردەوە کە لەوێوە دەیانتوانی هاوکاری بکەن.

چیرۆکەکانیان وای کرد ئەوانیش بیر لە بازرگانی بکەنەوە بە چیرۆکی نوێوە ئەوانەش بۆ من هەر نەدەبوو چونکە لە نائاگاییەوە لەو مەسەلەیەم نەڕوانیبوو. خاڵی دووەم من لەگەڵ ڕێکخراوی چاك هاوکار بووم و ئاگامان لە زۆر خاڵ بووە پێکەوە، دوو کەرتبوونیان زۆری سەغڵەت کردووم و بۆ کەسانێك لایەنگر قورسە لایەکیان بۆ لایەکی دی هەڵاوێری کە ئەو هەردوولا ئامانجە نیشتمانییەکانی کوردی دەوێ.

**پ: هۆکاری کەم دەرکەوتن لە ڕاگەیاندنەکان؟**

و: هۆکارەکانی دەرنەکەوتن و خۆدزینەوەم لە ڕاگەیاندن زۆرن لەوانە

١. من باوەڕم بە بەرهەمهێنان و کارکردن هەیە نەك قسەکردن، بەڵام هێشتا جەختی زۆرمان لێ دەکرێ و قسەمان زۆر پێ دەکرێ.

٢. ئاستی تێڕوانین بڵاوکراوەکان بۆ ئەرك و ماندووبوونی نووسەر، بەتایبەت بۆ نووسەرانی دەرەوە.

٣. ئاستی هۆشیاریی ڕۆژنامەنووسان لە چۆنیەتیی جێبەجێکردنی پیشەکەیاندا، کارەساتە ڕۆژنامەنووس دەیان پرسیارت بۆ ڕیز بکات بەڵام بەرهەمێکی نەخوێندبێتەوە، ڕایەکی نەخوێندبێتەوە پرسیاری لا دروست بکا، تەنیا کۆمەڵێ پرسیاری کۆنکرێتی داڕێژراوی دووبارە و باو بۆ دەیان نووسەر دابنرێت، قسەی نووسەر بۆ ئەو بێت بە مایەی بژێوی ژیان نەك هۆشیاری و توانای خۆی.

٤. ئاستی ژمارەیەکی بەرچاوی ڕاگەیاندنەکان و ڕۆژنامەنووسان لە بەرهەمهێنانی گەندەڵیدا شان بە شانی دەسەڵاتداران.

٥. بێ متمانەیی و هەبوونی نیشانەی سوور سەبارەت بە پێوەندی و مێژووی هەندێ ڕاگەیاندن، کە ئێمە لە دوورەوە لە نێوان هێنان و نەهێناندا دەتوانین خۆمان دووربگرین.

لە سەرووی ئەمانەوە نووسین پرۆسەیەکی ساکار و ئاسایی نییە، بۆ ئەوانەی وەکو پرۆفیشن، پیشە وەریان گرتووە، بەڵام کاری لەوە گەورەتر پاراستن و حورمەت گرتنیەتی. زۆرجار لە پێناوی پاراستنی ئەو ڕیزەی بۆ نووسین و پێنووس نووسەر، هەیەتی گۆشەگیری باشترین هەڵبژاردنە لە نێو ژاوەژاوەکانی بێ حورمەتیدا.

**پ: ئێستا سەرقاڵی چی؟**

و: سەرقاڵی خوێندن، کارکردن و خوێندنەوەم، خوێندنەوە یەکێکە لەو ئەرك و کارانەی مرۆڤ پێویستە دەستبەرداری زۆر شت بێ لە پێناویدا، تەنانەت نووسینیش.

**پ: کازیوە بە نیازە جارێکی تر بچێتەوە ناو پرۆسەی هاوسەرگیرییەوە؟**

و: ئەوەی لە ژیانی خۆمدا کردوومە خۆم کردوومە، ئەوەشی کۆتاییم پێ هێناوە خۆم کۆتاییم پێ هێناوە. ئەگەر دەیان هەڵبژاردن بێتە ژیانمەوە، ئەو

کاتە بزانم وەکو شتێکی ئەنتیکەی داگیرکراو دەمخاتە سندووقێکی بۆراقەوە و تەنیا بۆ ساتەکانی خۆدەرخستن کەسیەتی خۆمم پێ دەبەخشرێتەوە کۆتاییان پێ دەهێنم.

ئەوەشی خاوەنی ئەم جۆرە بیروباوەڕە بێ خاوەنی ڕەنگی ژیانە، هەمیشە ژیان لای سەوزە و کۆتایی نایەت، لە سەروو ڕەنگی ژیانەوە، تامی ژیانیش لام ئەوەیە، کەسێکم ناوێ بۆئەوەی لەگەڵی بژیم، کەسێکم دەوێ نەتوانم بێ ئەو بژیم. ئەمە ئەو هاوکێشە ماتماتیکییەیە دەکرێ زۆر کەس وا بزانێ بە هۆشیارییەکی ڕووکەش دەرئەنجامەکانی دەردەهێنێ، بەڵام لە تاقیکردنەوەدا سفر هیچ بە دەستەوە دەهێنێ..

# 11

سازدانی: ستیڤان شەمزینانی

**پ: ئێمە چەندین ڕێکخراوی ئافرەتانمان هەیە بەجیاوازی بیروڕا و تێگەیشتی سیاسی و ئایدۆلوجییانەوە، بەڵام هەست بەوە دەکرێت ئەم ڕێکخراوانە زیاتر کۆمیتەیەکی حیزبین بۆ لەقاڵبدانی ژنان لەچوارچێوەی تێفکرینی حیزبدا، بەم حاڵەوە دەتوانین بڵێین لە کوردستان بزوتنەوەی ژنان هەیە، کە خاوەنی دیدگایەکی ژنانە و فێمینستانە بێت؟**

و: با بەر لەوەی بپرسین بزوتنەوەی فیمنیستانە لە ناو کورددا هەیە؟ بپرسین چەند مرۆڤی سروشتی لە ناو کورردا هەیە؟ چونکە ئەو ناسروشتی بوون و دووفاقییەی ژنی تێدا دەژی پیاو بەرهەم هێنەرێتی و پیاوی داگیر کردووە. جاری دیش ئاماژەم پێ کردووە سەیری تاك و کۆمەڵ، سیستم و حکومەتی کورد بکە و سەیری بارودۆخی ژنان بکە، هەر یەك لە ئاستی خۆییەوە دەیەوێت عەقڵە بۆماوەیی و کەلتورە نەریتییەکان بپارێزێت و داوای ماف و ئازادیش بکات، دەیەوێ بە هۆشیاریەکی هەڕەمەکییەوە نوێنەرایەتیی هۆشیاریی ئایدۆلۆجی بکات، دەیەوێ لەگەڵ چەوسێنەرەکەی ڕێ بکەوێت لەسەر چەوساندنەوەکانی و باسی مافی ژن و مافی مرۆڤ بکات، دەیەوێ لەگەڵ دەسەڵات و دژی دەسەڵاتیش بێت، دەیەوێ بە بێ پێناسە داوای پێناسی ئەوی بەرانبەر بکات، دەیەوێ بە ڕۆشنبیرییەکی کەمتر لە مامناوەندییەوە بانگەشەی ڕۆشنبیری نوخبەوی بکات، لە هەڵویستەکاندا سادی و ماسوشی دەنوێنێت داوای کۆمەڵگای دروست دەکات، دەیەوێ داوای لە ناو چینی فێرخواز و

ڕۆشنبیردا بە ئازادیخواز بناسرێت و باسی ماف و ئازادییەکانی ژن بکات و لە ماڵەوەش گوریسی عەشیرەت بکاتە ملی، دەیەوێ لە ماڵەوە فیودالیزم و لە دەرەوە مۆدیرنیزم بێت و...تد. پێم وایە تاکەکانی کورد ئەوەندەی سەرقاڵی ڕێکخستن و بەرێکردنی ئەو هەموو دووفاقییەتەن لە دەروونی خۆیاندا، سەرقاڵی دەروون پێگەیاندن و فکر پێگەیاندن و خۆرێکخستن نین بە هۆشیاریی ئایدۆلۆژی و بیروباوەڕی ڕێکخەر. بیری فیمینستیش بیرێکی ڕێکخەرە. بیری ڕێکخەریش دژی ئەو جۆرە ئایدۆلۆژی و بیرۆکە تەسکانەیە کە کوردستانی پێ بەڕێوەدەبرێت و ڕێکخراوی بۆ ژنان دامەزراندووە و کردوویەتی بە مانشێتی سەر دوکانی حزبایەتییەکەی بۆ ئەوەی سەرەنج ڕاکیشتر بێت و بازاڕی مامەڵەی بە وشە قەبە و پێ هەو نەکراوەکانی گەرمتر بێت.ئەوەش لە گەڵ بیری فیمینسیتیدا یەك ناگرێتەوە و فیمینست لە بنەمادا کار دەکات بۆ لە گۆڕنانی ئەو جۆرە بیروباوەڕە. کارەساتیش تەنها ئەوە نییە، کە کوردستان بزوتنەوەی فیمینستیی تێدا نییە (تەنها تاکی فیمینست هەیە ئەویش ژمارەیان لە پەنجەی یەك دەست تێ ناپەڕێت) و بەو زووانەش تێدا نابێت، ئەوەشە کە ژمارەیەکی بەرفراوانی ئەو پیاوانەی دەیانەوێ باس لە مەسەلەی ژنان بکەن و ئەو ژنانەش کە خۆیان لە نێو ئەو ڕێکخراو دەزگانەدان خۆیان بە فیمینست دەزانن. بگرە هەندێك گوزارشت و بۆچوون دەبینم پێیان وایە وشەی (مێیینە، ژن، ئافرەت) واتای فیمینست دەکات. یا هەر کەسێك توانی قسە ڕیز بکات سەبارەت بە ژنان ئەو کەسە فیمینستە، باوەڕ بکە ژن هەیە لە ناوەندی ڕۆشنبیری و مافی ژناندا، کە باسی ژنیەکی ناسروشتی وتووندوتیژ دەکات، ئەڵێت "دڕندەیە فیمینستە"، ئەمە تێگەیشتنی خودی ژنانی بەناو پێشکەوتووە لە چەمکی فیمینست ئەوەش واتای هەژاریی مەعریفی دەکات تەنانەت بەرانبەر بە واتای وشەکەش، نەك ڕووی پراکتیکی چەمکەکە. ئیتر نازانم چ ئومێدیك و کێن ئەوانەی بزوتنەوەی فیمیسنت دەبەنە ناو کوردەوە.

**پ: گومان لەوەدا نییە چەوساندنەوە و هەڵاواردنی ژنان دیاردەیەکی جیهانییە و تایبەت نییە بە کۆمەڵگە و کولتوورێکی دیاریکراو، بەڵام**

**لەکۆمەڵگەی کوردیدا ئەم چەوساندنەوەیە زۆر زەق و دیارە و فۆرمێکی بێڕەحمانەی بەخۆوە گرتووە، ئایا کاری ئەولەوی و هەرە گرنگ چییە بۆ تێپەڕاندنی ئەم دۆخە چ ئەوەی دەکەوێتە سەر رێکخراوەکانی ژنان چ ئەوەی دەکەوێتە سەر ئەستۆی دەسەڵات؟**

و: کاری من نییە بە رێکخراوەکانی ژنان بڵێم چییان دەکەوێتە ئەستۆ، چونکە لە لایەك کاری دەرەوەی لۆجیکە تۆ بە چەوساوە بڵێیت بۆ لەگەڵ چەوسێنەرەکەت کۆمپاکتی چەوسانەوەی خۆت دەبەستی لە کاتێکدا بە ئاگایە لەو چەوساندنەوەیە، لە لایەکی دییەوە ئەوان خۆیان بە کەرتی دەرەوەی ئەو ژنانە دەزانن، کە بەراستی داوای ماف و ئازادیی ژن دەکەن و بگرە لەوانەیە بە ناحەزی سەرسەختیشیان بزانن چونکە رەخنە لەوان و دەسەڵاتە چەوسێنەرەکەیان دەگرن، بەڵگەش ئەوەیە ئەو هەموو پیاوە تەوەر و دیدار و بابەت لە گەڵ ژنان دەوروژێنیت، ئەوانیش لە رۆژنامەکانیاندا بابەتی پیاوان بە ناوی خواستراوی ژنەوە بڵاو دەکەنەوە، لە رووی سێهەمیشەوە ناکرێت داوای نان برانی کەسانێك بکەین، کە بە هۆی ناوی ژنەوە خاوەنی مووچە و پۆست و کارن... بەڵام پێویستە جەخت لە سەر رۆڵی حکومەت بکرێت لە سەقامگیرکردنی یاسایەکی سیڤلیدا، ئەزموونی سەرجەم گەلان سەلماندوویەتی تەنها یاسا دەتوانێت مرۆڤەکان لە چەوساندنەوە، لە سەرپێچی و تەنانەت لە هەڵەش بپارێزێت، جا کە ئێمە خۆمان خاوەنی دەسەڵات و حکومەتێکی فوودراو بە هەڵە و کەم کوڕین، کێن ئەوانەی دەزانن یاسای مەدەنی چییە بۆ ئەوەی بیکات بە دەستوور و بیگەیەنیت بە پراکتیك، ناکرێت بە بێ یاسا بۆ پاراستنی کەرامەتی تاك، بتوانین داوای گۆڕانکاری بکەین.

**پ: ژنانی کوردستان لەژێر توندترین چەوساندنەوەی کولتووریدان بە ئەندازەیەك ژمارەگەلێکی زۆریان پەنا دەبەنە بەر خۆکوشتن و خۆسووتاندن، تەنانەت خۆ سوتاندن بۆتە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، ئەگەر ئاگر پەیامێکی پێیە ئەو پەیامە چییە؟ ئایا تەعبیر لە دڕندەی کولتوور دەکات یان لاوازی و پاسیڤبوونی کەسێتیی ژنی کورد؟**

و: لەو دۆخەدا ئاگریش پەیامی خۆی دەدۆڕێنیٚ ئاگر دەبێت بە بەو فاکتەرەی پێش سوتاندنی جەستەی کیان و کەسایەتی و لایەنی ڕۆحی و مەعنەویی دەسووتاند، بە ناوی یاسا دواکەوتووانەی حکومەت و سیستمی دواکەوتوو، بە ناوی ئاین، شەرەف، نێرسالاری، داب و نەریت و عەقڵی کۆمەڵ. کۆمەڵێك نەتوانێت خۆی نویٚ بکاتەوە و بە ئەستەمیش ڕووناکیی سیستمی مرۆڤایەتی و پێشکەوتن ژیانی ڕوناك نەکاتەوە، چیی پیٚ دەگووترێت جگە لە کۆمەڵی پاسیڤ و سەرخان و ژێرخانی مرۆڤایەتی ڕووخاو.تاك لە ناو ئەو جۆرە کۆمەڵەدا پاسیڤە. کەسیەتیی پاسیڤ کەسیەتیی ترسنۆك و نەگۆڕە، کەسیەتیی ڕەگەز سالار و تاکڕەوە، کەسیەتیی نەریەتی و دووڕووە و توووند و تیژ و توووندڕەوە. گەر خویندنەوەی دەروونی بۆ هەر کام لەو فاکتەرانە بکەیت لە پاسیڤ بوونەوە سەرچاوەی گرتووە. لەو ڕوانگەیەوە بنواڕە کۆمەڵ کورد و بزانە چەند کەسیەتی ناپاسیڤی تێدا دەبینیتەوە. پاسیڤ بوونی مرۆڤ لەو جێگەیەوە دەست پیٚ دەکات، کە خاوەنی ئیرادە و کەسیەتی خۆی نییە لاوازیی کەسیەتی والیٚ کردووە کۆمەڵیٚ کارەکتەری خورافی و دەرەکی کۆنترۆڵی بکات، نەك ژن، کام لاو و منداڵ خاوەنی کەسیەتیی خۆیەتی لە ناو کوردا. کەسیەتی و دەروونی ژن و منداڵ سووتاوی دەستی ئەو کەسیەتییە پاسیڤانەیە، کە دەگات بە بڕیاری خۆسووتاندن وەکو تۆڵەکردنەوە لە و کەسیەتییە دڕندانە و زەمەن و قبووڵ نەکردنی پاسیڤ نەبوونی درێژخایەن تر ئەنجامی دەدات. بەڵام بڕیاردان و جیٚ بەجێکردنی ئەو کارەش جۆرێکی ترە لە توندوتیژی، ئەوەش لەوێوە سەرچاوەی گرتووە کۆمەڵی کورد، کۆمەڵێکی توند و تیژ و بیٚ ڕێزە بۆ مرۆڤ و بۆ دەوروبەر، بە تایبەتی بۆ ژن، تا ئاستێك ژن بە دەستی ژنیش دەچەوسێتەوە، تا ڕادەیەك کاتیەکیش بیر لە ڕزگاربوونی خۆی دەکاتەوە،جاریەکی دی بە توندووتیژی هەوڵی دەربازبوون دەدات. ئەوەش ئەو بەرهەمەیە خێزانی کورد دەچێنێت، ناکرێت خێزانێك دڕك بچێنێت، گوڵ بچنێتەوە. ژنێکی چەوساوەی کورد، هەتا هەرزەکار و لاو و سەرنج ڕاکێشە دەچەوسێنرێتەوە و سوکایەتیی پیٚ دەکرێت، کە پیر دەبێت و هەموو سەرەنج ڕاکێشییەکەی لە دەست دەدات، ئەو

خاڵەی لای عەقڵی پاشگری ڕۆهەڵاتی زۆر گرنگە، لەوێوە ژن لە ناو ماڵدا دەبێت بە خاوەنی ڕێز و هەندێك حسابی بۆ دەكرێت، بەڵام ئەو دێت ئەو كەمە بە هەند وەرگرتنەش بە شێوەیەكی نەگەتیڤ بە كار دەهێنێت و كچەكە و بووكەكە و مێینە هەرزكار و لاو و گەنجترەكانی دەچەوسێنێتەوە و سوكایەتی و لەمپەر لە ڕێگەی هەموو هەناسەدانێكیشیاندا دروست دەكات، تەنها بۆ ئەوەی پیاوانی ناو ئەو خێزانە متمانەی زیاتر و ڕێزی زیاتری بگرن، چونكە پیاوانی كورد ژنێك چەند دڕندە و توندوتیژ و دوور لە لۆجیكی مرۆیی بێت، ئەوەندە بە بەها و ڕێزە. كەسیەتییەكان لەو جۆرە ڕێچكانەوە سەرچاوە دەگرن، كە هیچ بوارێك بۆ واتا نامێنێتەوە.

**پ: بەدەر لەوەی كولتووری كوردەواری ڕووبەرێكی بەرفراوانی تیایە بۆ بایەكردن و چەوساندنەوەی ژن بەڵام یاساكان بەتایبەتی یاسای باری كەسێتی ئەم چەوساندنەوەیە لە فۆرمێكی یاساییدا ڕەوایی پێ دەدەن، ئایا گۆڕینی یاساكان چەند كاریگەرە لەراستای دابینكردنی مافەكانی ژن؟ ئاخۆ گۆڕینی یاسا بەبێ پێشكەوتنی كۆمەڵایەتی لەگەڵیدا دەبێتە فاكتۆرێك بۆ پاراستنی ژن لەهەڕەشەی چەوساندنەوە، دواتریش یەكسانكردنی لەگەڵ پیاودا؟**

و: ئەو كەلتوورە چەوسێنەرەش هەر یاسا دەستی بە باڵایەوە گرتووە و ناهێڵێت بنەوێت، یاسا دەتوانێت پێشەنگی كۆمەڵ بێت بۆ پێشكەوتن و پاراستنی لە هەڵەی نامرۆڤانە و كەموكوڕی هەر یاسایە مرۆڤ و ژنی ڕۆژئاوایی لە چەوساندنەوە دەپارێزیت و دیسان یاسایە پێچەوانەی پراكتیك دەكات لە ڕۆژهەڵاتدا. لەم وڵاتەدا گەر كاغەزێك فڕێ بدەیتە سەر زەوی ٥٠٠ڵ سزادەدرێت، ئەو یاسایە تاكەكانی فێری ڕێز گرتنی شوین و وڵات و شەقامەكان دەكات، هەموو منداڵێك لە قوناغی باخچەی منداڵانەوە فێر دەكرێت گەر لە ماڵەوە لێی تورەبوون و چەوساندیانەوە یاخود دایك و باوكی ئەو ئاماژە و وشانەی بە كارهێنا و ئەو چیرۆكانەی بۆ گێڕاوە تەژی بوو بە توندوتیژی، پێوەندی بە سێ ژمارەوە بكات ٩١١ كە یەكەم ژمارەیە لەم وڵاتانەدا فێری

مـرۆڤــی دەکـەن، هــەر مـنـاڵـێکیش پـێوەنـدیـی کـرد بـەو ژمـارەیـەوە جـگـە لـە لـێپـرسینـەوەی یـاسایـی و سزادان، لـێکۆڵـینـەوەش سەبـارەت بـە دروستـی ئـەو مەسەلەیە دەکەن و دەکرێ حکومەت منداڵەکەیان لێ وەربگرێتەوە و خۆی بە خـێوی بـکـات، ئـەو یـاسایـە وای کـردووە دایك و بـاوکێك بـەر لـەوەی مـنداڵێك دروست بـکـەن بـیر لـە هـەموو دابـینـییـە ڕۆحـی و مـادی و پـەروەردەیـییـەکـانـی بـکـەنـەوە، هــەر ژنـێك پـێوەنـدی بـە هــەمـان ژمـارەوە بـکـات سەبـارەت بـەوەی مێردەکەی دەیچەوسێنێتەوە دیسان جگە لە سزای گران، دەتوانێت جیگە و خانوو بۆ ژنەکە دابین بکات، پارێزەر و وەرگێڕی بە خۆڕایی بۆ دابین دەکات. گەر دراوسێیەکەت بینی بە توندوتیژی لە گەڵ ئاژەڵە ماڵییەکاندا جولایەوە پێوەندی بە پۆلیسەوە دەکات و چەوسێنەر سزای توند دەدرێت، منالی دراوسێیەکەم هـاولێکی خۆی هـەوالی دابوو کە چەقۆی لە گیرفاندا هەڵگرتووە، پۆلیس پشکنیی و چـەقـۆکـەی دۆزیـیـەوە، هــەتـا ئـێستـا ١٤ مـانـگـە ئـەو مـنداڵـەمـان لـە گـەڕەکدا نەبینییەوە و حکومەت بردوویەتیە ئەو شوینانەی پێی دەگووترێت سەنتەری چـاکسازی... تد. کـەواتـە حکومـەتێك هـەیـە پـەنـایـە بـۆ چـەوساوە، چـارەسەر بـۆ ناساغ، چاکسازە بۆ هەڵەکار. هەموو فاکتەرەکانی دیی ژیان بەو شێوەیە بە یاسا کۆنترۆڵ کراوە، تەنها گەر بیر لەو چەند خاڵە بکەینەوە دەزانین چۆن یاسا بووە بە پێشەنگ بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵ و چارەسەرکردنی دەردە دەروونی و کۆمەلایەتییەکان. ئەمەو لە ڕووە ئاینییەکانیشەوە هەمان پێشڕەوی دەکات.

ئەو مەلای لە ڕۆژهەلات جیابوونەوە تەنها بە مافی پیاو دەزانێت و ئەڵێت تا پیاوی ژن تەلاق نەدات بە دادگا تەلاقی نەکەوتووە،کە دێتە ڕۆژئاوا ناوێرێ ئەو یاسا هەڕەمەکییە بە سەر ژندا پراکتیك بکات و ئەڵێ کە لە دادگا جیابوویتەوە تـۆش دەتـوانـیت مـێردەکـەت تـەلاق بـدەیت و بـە نـاوی نـیکـاحـی دیـنـیـیـەوە نەتبەستێتەوە، چونکە لە ڕۆژئاوادا یاسایەك هەیە ئەوی مەلا سزا دەدات گەر بـە هــەر نـاوێکـی ڕەگـەزی و، دیـنـی، عـەشیرەتگـەری و نێرسالاری پشتگیریی چەوساندنەوە بکات، بۆ لە ڕۆژئاوا دەبێت بە مەلا مۆدێرن و کە دەگەڕێتەوە ولاتی خۆی ئەوەی لێرە پراکتیکی کردووە بە کفر و تابۆی دەزانێت. هەموو

فاکتەرەکانی دیی ژیانیش هەر وایە، کە سیستمێکی مەدەنی و یاسایەك هەبوو بۆ پاراستنی چەوساندنەوە و سکالاش لە ناو کۆمەڵدا نامێنێت.

**پ: ئەگەر بەزمانێکی سادە و کەمێك تەقلیدی ئەو پرسیارە بکەین داخۆ چارەنووسی ژنی کورد بە کوێ دەگات؟ ئایا ئاسۆی بزوتنەوەیەك دەرکەوتووە تا ژنی کورد لەم میحنەتە ڕزگار بکات یان دەبێت چاوەڕێی گڵۆبالیزەیشن و کاریگەریی دەرەکیی بزوتنەوەی ژنانی دنیا بکات تابتوانێ کەمێك لەو خەباتە سوودمەند بێت؟**

و: ئومێدی گەورەم بە داهاتووی نزیك نییە، چونکە ئەوەی بە ئاشکرا لە قۆناغی ئێستای کورددا بەدی دەکرێت هەڵوەشانەوەی هەمووو بەهاکانە، واتە ئەو هەندەشی هەبووە وردە وردە لە دەستی دەدات، نەك بەرەو باشتر ڕۆشتن، دوایی لە ناو پاشەگەردانیی حکومەت و دەسەلاتی سەر لێشێواودا کۆمەڵ و تاك بەرەو هەڵوەشانەوە وسەر لێشێوان دەچن نەك خۆ ڕێکخستن.

گڵۆبالیزم قوناغی ئێستایە، کە هەموو فاکتەرەکانی لە بەر دەستی کورددایە بە ئاوەژوو بە کاری دەهێنیت و سوودی لێ وەرنەگرتووە، هێزی دەرەکیش کە کەلتوور و هەل و مەرجێکی جیاوازە ناتوانێت ببێت بە پێشەنگ و ڕزگارکەری هێزی ناوەکیی هیچ ولاتێك، تەنانەت، کە باسی هەندێ جۆر لە چەوساندنەوەی ژن دەکەیت بۆ هێزی دەرەکی بە ڕاستت نازانێت و بە نەخۆش و سەرلێشێواوت دەزانێت و پێی وا نییە مرۆڤ و نەرێت هەبێت تا ئەو ئاستە نامرۆڤانە بجوڵێتەوە و بەشێکی کۆمەڵەکەی بچەوسێنێتەوە. ئەوەی ڕزگارکەر بێت لە لاوانەوە دەست پێ دەکات، دەست پێکردنێك لە ڕووخانی دیواری درۆکانەوە. وەکو خۆم هەمیشە کە پیاوێك دەبینیم باس لە ماف و ئازادیی ژن دەکات پاش ئەوە چاودێریی دەکەم، تا چەند ڕاستگۆیە لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیدا پراکتیکی دەکات. با ئەو هەنگاوە لە ″ستیڤان″ وەکو تاك و هاوڕێیەکانی وەکو نەوە، وەکو لاو، وەکو ئەو مرۆڤە ڕاستگۆ و ئازادایخوازانەی، تێ دەکۆشن لە پێناو ڕێز و ئازادی مرۆڤدا دەست پێ بکات، دەستکردن بە پاکسازیی گەندەڵەکانی نێو بازنەی مافی ژنان... با بزانین چەند ژن و کچی کورد دێتە مەیدانی خەباتێکی

فیمنستانە و دەڵێت من خوشك، دایك، خۆشەویست، دەزگیران و خێزانی فلان لاوی ئازادیخوازم و بە هاندان و پشتگیریی ئەو هاتوومەتە مەیدان و نە ئەو نە من لە سەرکۆنەی کۆمەڵ ناترسین، چەند پەردەی درۆ هەڵدەماڵرێت و چەند دیواری درۆ درۆخێنرێت بە پێنووسی نەوەی نوێ، بە ئاشکراکردنی کرداری ڕاستەقینە و بانگەشەی پیاوە دووڕووەکانی ناوەندی رۆشنبیری و و کۆمەڵی کوردی، سەدان ژن بە ناوی ژنەوە خاوەنی کار و مووچەن و باس لە ئازادیی ژن دەکەن و خۆیان لە چەوساوە چەوساوەترن، دەیان ڕۆژنامە و بڵاوکراوە و ماڵپەڕ خۆیان بە ئازادیخواز دەناسێنن و هەموو سوکایەتییەکیان بە ژنی زیندوو و مردووی کورد کردووە و دەکەن؟ لە گەڵ ئەوەشدا ژنانی بە ناو ئازادیخواز و پیاوانی داواکاری مافی ژن بوون بە قەڵغان و پاڵپشت بە دەوڵەمەندکردنیان و مانەوەیان، تەنها گرنگە لایان بابەتەکانیان بە جامخانەی بڵاوکراوەیەکەوە ببینن، چەند کەس گوتی بابەتی خۆم بۆ تۆی دووڕوو نانێرم چونکە مرۆڤێکی ناڕاستیت؟ چەند کەس وەکو چۆن پێنووسی بۆ ئاشکرا کردنی فایلی بەعسییەکان خستە گەر بۆ دووڕووەکانی مافی ژنیشی خستە گەڕ و بە خەجاڵەتیی مێژووی سپاردن؟ چەند کەس کە بە چەوساندنەوەی دراوسێیەکەی زانی هەواڵی یاسای لێ دا و یاساشی قاو دا چونکە ناتوانێت کەرامەتی ژن بپارێزێت، چەند کەس ڕێپێوانی کرد دژ بە سوتاندن و کوشتنی ژنێك، دژ بەو یاسایی بکوژی ژنێك ئازاد دەکات؟... تد.

چەوساندنەوەی ژن تەنها بەوە کۆتاییی نایەت وشە بخرێت سەر کاغەز و بانگەشەی ناڕاست بکرێت، بەوە کۆتاییی دێت سنوور بۆ هەڵاوێردەکردنی لە لایەن دەسەڵات و نەگۆڕینی یاساو، سنوور بۆ درۆی بانگەشەکارانی دابنرێت. بە دوای ڕەهەندی ڕاستەقینەدا بگەڕێین لە ڕێگەی هەنگاوی پراکتیکییەوە. کۆمەڵی ئێمە لە هەموو ڕوویێکەوە پێویستی بە هەڵوەشاندنەوە و بنیادنانەوە هەیە، ئەوەش پێویستی بە عەقڵ و یاسای مۆدێرن هەیە.

# 12

سازدانی: بێستوون نووری

ئەگەر بە وردی سەرنجی رەوشی سیاسی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری لە کوردستان و رۆڵی رۆشنبیران لە گۆڕانگارییەکاندا بدەین، دەبینین جۆرێك لە پەڕاوێزکردنی رۆشنبیران لەلایەن دەستەلاتەوە بەدی دەکرێ، بەشێوەیەك چەندین بڕیاری چارەنووسسازی گرنگ دەربارەی ئاینده و ژیانی کورد لەلایەن دەستەڵاتەوە دراوە، بەپێ ئەوەی رۆشنبیر لە دروستکردنی بڕیارەکاندا رۆڵێکیان پێ بدرێ، هەر ئەمەشە وای کردووە هێڵی رۆشنبیر و دەسەڵات لە جیاتیی یەکتربڕی هەمیشە بە تەریبی بمێنێتەوە، یەکتربڕی بەو مانایەی دەستەڵات گوێ بە رۆشنبیران بدا و لە وەرگرتنی بڕیارە گرنگەکاندا را و بۆچوونیان بەهەند هەڵبگرێ، بۆ ئەوەی رۆشنبیرانیش لە پێشکەشکردنی پڕۆژەکانیان و جێبەجێکردنیان بێ ئومێد نەبن، کە ئەو حاڵەتە نێگەتیڤەی پێوەندییەکان، ڕاستەوخۆ کاری لە فراوانکردنی کەلێنی پێوەندیی نێوان دەستەڵات و جەماوەریش کردووە.. ئێمە لەم تەوەرەیەدا مەبەستمانە گفتوگۆیەکی جیدی لەبارەی ئەم دیاردەوە بکەین. تاوەکو بەوپەڕی شەفافییەتەوە فاکتەر و هۆکارەکانی دروستبوون و بەردەوامبوونی ئەم حاڵەتە روون بکەینەوە.

**پ: چ جۆرە پەیوەندییەك لە نێوان رۆشنبیران و دەستەڵات بە تەندروست دەزانێت، ئایا دەکرێ لە هەموو هەلومەرجێکدا یەك تێروانینمان بۆ دەسەڵات هەبێ؟**

و: باسکردنی رۆشنبیر و بەتایبەت رۆشنبیری کوردی هەندێ تەمومژاوی و نائاشکرایە، کە باس لە رۆشنبیر دەکەین پێویستەجیاوازی نێوان بیریار و رۆشنبیر و فێرکار یان فێرخواز بکەین.. کە هەر یەکەیان وەزیفەی جیاوازیی هەیە، دەتوانرێت ئەرکەکانیان پۆلێن بکرێت وەکو:

١– بیریار: لە بواری بەرهەمهێنانی رۆشنبیریدا، دەکات بە رادەی راڤە و شیتەڵکردن و چاودێرکردنی ئاسۆکانی دوارۆژا نەك تەنها لە رووی شارستانی و فکرییەوە، بەڵکو لە رووی سیاسیشەوە، بۆیە هەمیشە سەنگەری رەخنەی لە دەسەڵات گرتووە.

٢– رۆشنبیر: ئەو مرۆڤەیە لە هەڵەی ناوەڕۆك و قەوارەی شتەکان دەکات و هەوڵ دەدات ببێت بە گروپی یا تاکی پراکتیکار بۆ ئەو بیروباوەڕەی، کە خۆی و بیریار هەیانە بۆ گۆڕانی کۆمەڵ و راستکردنەوەی هەڵەکان و جارێکی دی ئەوەش دەبێت بە چاودیری راستکردنەوە.

٣– فێرکار یان فێرخواز: کاری فێربوون و گەڕانە بە دوای زانست و فێربوون و بە ئاگابوونی کاری بیریار و رۆشنبیر.

ئەمە و جگە لە زۆر لایەنی تری دیار و نادیاری باری رۆشنبیری و پێوەندیی نێوان رۆشنبیر و دەسەڵات، ناتوانرێت لە دیدارێکدا باس لە هەموو فاکتەرەکان بکرێت، بۆیە وەڵامدانەوەم بۆ پرسیارەکان متمانە دەخاتە سەر ئەو پۆلینەی بۆ رۆشنبیر کردوومە، لەو میانە جیاوازانەوە هەلومەرجەکان و تێڕوانینەکان بۆ دەسەڵات دەگۆڕێت. هەلومەرجی راپەرین و دوای راپەرین و دامەزراندنی حکوومەتی هەرێم و دەسەڵاتی کوردی لە دەرەوەی کاری رۆشنبیران و چەك هەڵگرتن و بنیادنانی رۆشنبیران نەبووە، رۆشنبیران قوربانیی هەموو بارودۆخەکان بوون، چونکە ئەو کات هێشتا نەبووبوون بە دەسەڵات، تیۆرییەکە لە نێوان سیاسەتی سەربازی شۆرشگێری و رۆشنبیری شۆرشگێر و

نووسینی بەرگری بوو، بەڵام کاتێك دەسەڵات لەسەر پێی خۆی وەستا هاوکیشەکە پێچەوانە بووەوە، بۆ سیاسەتی سەرکوتکاری لە پەسەندترین باردا بۆ ژێر رکێف خستنی رۆشنبیر. لە کاتێکدا سەرخان و ژێرخانی نێوان رۆشنبیر و دەسەڵاتی کوردی ئەرکی نەتەوایەتی و شۆڕشگێری بوو پێچەوانەی زۆر شوێنی تر، دیارە دەسەڵاتێك دیکتاتۆر بێت رۆشنبیران ناخوینێتەوە بەو بارەدا نەبێت، کە لە بەرژەوەندیی خۆیەتی، خۆشی لە رۆحێکدا بەرجەستە دەکات، کە رۆشنبیران بە دێوەزمەی بزانن و ئەو نەخوێیننەوە. ئەمە ئەو هەلومەرجەیە لە ئێستادا رۆشنبیری راستەقینە و دەسەڵاتی کوردی پێدا تێ دەپەرێت. لەگەڵ ئەوەی رۆشنبیریش سیاسەتێکی دارێژراوی دەوێت و سیاسەتیش بێ رۆشنبیر نابێت، بەڵام ئەمەش مانای گیانێکی لە دوو جەستەدا ناکات، بەڵکو دوو رۆح و گیانی زۆر لە یەك جیاوازن.

**پ: لە کوردستان دەستەڵاتی سیاسی پابەندی هەندێك ترادسیۆن و کلتوور و نەریتی کۆنە، کە لە بەردەم پێشکەوتنی کۆمەڵگا رێگرن، کاتێك رۆشنبیر تێکەڵاوی ئەم دەستەڵاتە دەبێ، نابێتە هۆی ونکردنی وەزیفەکەی؟**

و: دەسەڵات رۆشنبیر بەکاردەهێنێت بۆ بەرژەوەندی خۆی، رۆشنبیریش سیاسەت بەکاردەهێنێت بۆ بەرژەوەندی گشتی. ئەم دوو جیاوازییە و ئەو پۆلێنەی سەرەوە بۆمان دەستنیشان دەکات ئەوانەی رۆشنبیریبان تێکەڵاو بە دەسەڵات کردووە لەناو جیهانی رۆشنبیریدا جێگایان دەبێتەوە یان نا؟ لە کوردستاندا هەر سێ بوارەکە تێکەڵاو کراوە و بە هەر سێ لایان دەگوترێ رۆشنبیر، پێویستە ئێمە ئەوە بزانین، کە رۆشنبیری وەکو پیشە نییە واتە ناخرێتە خانەی پیشەکانی وەکو پزیشکی، ئەندازیاری و تەنانەت رۆژنامەنووسیشەوە، بۆ رۆژنامەنووس ئەگەر خاوەنی رۆشنبیریش نەبێت دەتوانێت هەواڵێك بنووسێت یان ریپۆرتاج و دیزاین و تاد بکات، چونکە کاری رۆژنامەنووسی وەکو پیشەکانی دی رێسا و پنتی تایبەت بە خۆی هەیە، چوارچێوەیەکی ستانداری هەیە پێت ئەڵێت چۆن ئەو کارە دەکەیت ئەگەر مرۆڤەکە خۆشی توانای داهێنانی نەبێت بەڵکو وەکو پیشە دەتوانێت فێری رێساکانی بێت و

جێبەجێی بکات لەگەڵ هەوڵی فێرخوازیدا، بەڵام کاری رۆشنبیری داهێنانی دەوێت و رێسایەکی نییە. دەرگاکانی داهێنانت بە روودا ئاوالا کات. چونکە پێوەندیی بە ئاستی بیرکردنەوە و هەوڵدان و راڤەکردن و توانای کەسەکەوە هەیە. لەبەر رۆشنایی ئەو چەند تێبینییە کەمەدا، بۆمان دەردەکەوێت بە بێ خواستی هیچ لایەك رۆشنبیر ناتوانێت وەکو وەزیفە تێکەڵاوی دەسەڵات بێت (نەك وەك پێوەندیی کۆمەڵایەتی مرۆیەکان کە لە ناو کەلتووری کورددا باوە). چونکە رۆشنبیری راستەقینە ناتوانێت ئامێرێکی بە کارهاتوو و پێناسێکی جواو بێت و لە مۆزەخانەی دەسەڵاتدا بێت بە شتێکی عەنتیکە. با هەر یەك لەوانەی وەزیفەیان لەگەڵ دەسەڵاتدا تێکەڵاو کردووە لە خۆیان بپرسن: ئەوەی پێنووسی تەرخان دەکات بۆ هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ و فیتنەیی و کارە دژە مرۆییەکان رۆشنبیرە؟ ئەوەی وەکو تووتی تەنها ئەو شتانە دەجوێتەوە، کە دەسەڵاتەکەی پەسەندی دەکات رۆشنبیرە؟ ئەوەی کارکردنی لە دەزگایەکدا تەنها دروستکردنی بازنەی سوور دەبێت بە دەوری ناوی ئەو رۆشنبیرانەی رەخنە لە دەسەڵاتەکەی ئەو دەگرن رۆشنبیرە؟ ئەوەی خیانەت لە نیشتمان و نەتەوەکەی دەکرێت و بێ دەنگی هەڵدەبژێرێت رۆشنبیرە؟ ئەوەی لە میانەی کاری بەناو رۆشنبیرییەوە کاری سیخوڕی بۆ دەسەڵات دەکات رۆشنبیرە؟ ئەو ناوانەی دەبن بە مانشێتی سەر وتارە سیاسییەکان و کاتێکیش بابەتەکەی دەخوێنێتەوە تەنها چەند هەواڵێکی عەرەبییە، کە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و پاڵیەکی خستوون، رۆشنبیرە؟ ئەوەی بەرژەوەندی خەڵك دەکەوێتە مەترسییەوە لە پێناوی بەرژەوەندیی خۆیدا، بێ دەنگی دەکات بە خوو رۆشنبیرە؟ ئەوەی وەکو پاسەوانی بەر بارەگاکانی لێ هاتووە بۆ ئەوەی ئەگەر کەسێك بەردی وشەی گرتە دەسەڵاتەکەی ئەو بەرقی تۆمەت و شەڕانگێزیی تێ بگرێت رۆشنبیرە؟ ئەوەی.... و... و خۆ ئەگەر ئەمانە رۆشنبیر بوونایە ئێستا جیهان و کەلتووری کوردی گەشنبوو بە ترۆپکی شارستانییەت. باوەڕیش ناکەم هیچ کەسێکیش لەوانەی کاریان تێکەڵاو بە دەسەڵات کردووە خاوەنی کۆمەڵێك لەو گوناهانە نەبن ئەگەر خاوەنی هەمووی نەبن. بۆیە من پێم وا نییە

وەزیفەی رۆشنبیرییان هەبێت هەتا غەمی دۆڕانیان لە کۆڵ بگیرێت، ناتوانرێت نکۆڵی لەوەش بکرێت، کە دەسەڵاتی کوردی چەند لە دیموکراسی دەکات، کە بانگەشی بۆ دەکات، ژمارەیەکی زۆری بەناو رۆشنبیرەکانیش هەر ئەوەندە لە رۆشنبیری دەکەن، کە بانگەشەی بۆ دەکەن.

**پ: رۆشنبیرانی نێوخۆ بە هەر هۆیەك بێت، نەیانتوانیوە لە بری ئەو نەریت و بڕوا و دۆگما سیاسییانە، مەنهەجییەتی نویێ بۆ ژیان دابنێن، بەڵام رۆشنبیرانی دەرەوە لەگەڵ رەخساویی هەلومەرجێکی لەبارتر، کەچی پرۆژیەکی نوێکردنەوەیان بۆ گۆڕینی واقیع نەبووە، ئەمە بۆ چی دەگەڕێتەوە؟ ئایا بێ ئومێدن لەوەی دەسەڵاتی سیاسی گوێ بە پرۆژەکانتان بدا، یان نەگونجاویی پرۆژەکانتانە لەگەڵ سروشتی کۆمەڵگای کوردی؟**

و: لەم خاڵەشدا پێویستە ئەوەمان لا ئاشکرا بێت، کە لەناو توێژی رۆشنبیرە راستەقینەکانیشدا رۆشنبیری بەرهەمهێنەر و رۆشنبیری ئیستهلاکی هەیە. ئایە سەرجەم ئەو رۆشنبیرانەی لەدەرەوەن رۆشنبیری بەرهەمهێنەرن؟ یان ئەو بڕیارەی، کە مرۆڤی رۆشنبیر لە ناخیدا هەیە و بەبێ خواستی خۆی پالی پێوە دەنێت بۆ کارکردن بریاری "لە هەرکوێ بم هەم" ئەو بریارەی تێدایە، چونکە بە تەنیا بیریار و رۆشنبیری راستەقینە دەتوانن میتۆدی نوێیان پێ بێت بۆ ژیان ئەوانیش لەبەر چەندین هۆ ناتوانن کارەکانیان بۆ نەتەوەی خۆیان ئامانجێك بێت. کەمترینیان:

١- هەموو پرۆژە و میتۆدێکی نوێ لە ولاتی نا دیموکراسی و عەشایەرگەریدا پێویستی بە رەزامەندی وەرگرتنی دەسەڵات هەیە. چونکە تەنانەت دەزگا پێوەندیدارەکان و تایبەت بە مەسەلە رۆشنبیری و کەلتوورییەکانیش ناتوانن بە بێ رەزامەندیی دەسەڵات هیچ کارێکت بۆ بکەن یان مۆلەتت بدەن، من خۆم ئەو ئەزموونەم تاقی کردووە ئایە هاتنی ناودارانی عەرەبی و بەرهەمهێنانی کاری هونەری و ئەدەبی دەربارەی ئەنفال و بانگهێشتنکردنی هونەرمەندان و نووسەران و چالاکەکانی مافی مرۆڤ بۆ دەرەوەی کوردستان و ناساندنی کەلتووری کوردی پرۆژە نەبوو؟ هاتنی دورەید لەحام بۆ هاوکاریکردنی

منالانی کورد پڕۆژە نەبوون؟ ئەی بۆ نەکران کێ ڕێگر بوو لە بەردەم جێبەجێکردنیدا؟ لە بەرژەوەندی کێ بوو دەنگ و کەلتووری کوردی بشاردرێتەوە و هەر دەرگایەکی بۆ بکرێتەوە دابخرێت جگە لە هەستکردنی دەسەڵات بە کەمی؟

٢- ڕۆشنبیری داهێنەر دەکەوێتە نێوان منی باڵاکە خۆیەتی و منی کۆ، کە دەسەڵاتە، چونکە ڕۆشنبیر داهێنان و ئازادبوون و کاری مرۆیی لێ دەکەوێتەوە. دەسەڵاتیش هێز و توندوتیژی و بەڕێوەبردن و پۆخڵەوانی بەڕێوەبردنی لێ دەکەوێتەوە، ڕۆشنبیر هەوڵ دەدات ئەو جۆرە ئاکارە لەناو کۆمەڵەکەیدا بێر بکات و لەو پێناوەدا خەبات دەکات. دەسەڵات هۆکاری دروستبوونیەتی و پەرەی پێ دەدات. ئەو پرۆسانەش دژەکاری یەکن و لە وڵاتێکدا هەموو کارەکان تەنانەت ڕێزگرتنەکانی خەڵکیش بۆ یەکتری کەوتووەتە سەر خواستی دەسەڵات و پاوانخوازی. زۆر گرانە پڕۆژەی هاوبەشیان هەبێت، چونکە وەکو دەست وەردەدەن لە هەموو کارێك و سەرجەم دەزگاکانیش حزبین و کارکردنیان بۆ دەسەڵاتە نەك پرۆژەی سەربەخۆ.

٣- ژمارەیەکی زۆری ڕۆشنبیران پاش ڕاپەڕین بە هۆی ناجێگیری باری ئاسایش، مەترسیی ڕۆحیان لەسەر بووە، بە هۆی لایەنی فکرییانەوە کوردستانیان بە جێ هێشتووە. چۆن متمانە بە ئاسایشی پرۆژەکەیان بکەن و متمانە بە شوێنێك بکەن، کە تەنانەت فکری ئەویان پێ ڕەوا نەبوو هەتا مەشروعییەت بە پرۆژەکانی بدرێت.

٤- بارودۆخی مرۆڤ لە دەرەوە زۆر گرانە و کاتی مرۆڤی مەنفا تەنها فریای کێشەکانی ژیان و هەندێ جار نووسینێك دەکەوێت و ناتوانێت کاتی تەواوی هەبێت بۆ پرۆژە فکرییەکان بە تایبەتی، کە خۆی لە وڵاتیکی سەرمایەداریدا بژی زۆرترین کاتی دەوێت تەنها بۆ ژیانیکی ئاسایی بیەوێت پرۆژەی لە وڵاتێکی برسیدا فەراهەم بهێنێت.

٥- لێرەش ژمارەیەکی زۆری ئەوانەی لەوێ بە ناو ڕۆشنبیر بوون. هەمان ئەکتول چێتی حزبی و کەسیی بۆ دەسەڵاتداران دروست کردووە، هەروەها

هەندێك لەوانەی، كە لە كوردستان بە سەربەخۆ ناسرابوون لە دەرەوە لێپرساوی كۆمیتە و دەزگا حزبییەكانن و لێرەش شەڕە پەرۆ هەر بەردەوامە، ئەمانەش ئەو كاریگەرییەی دروست كردووە، كە رۆشنبیر كۆ نەبێتەوە و بە گشتی بۆچونەكان زۆر دووربن لەیەك. لێرەش وەكو كوردستان بچوكترین پرۆژە ناكرێت حزب هەوڵ نەدات ببێت بە پشك تێیدا. بە دوو شێوە یان ناردنی كەسی خۆیان بۆ تێكدانی یان لە رێگەی كاركردنەوە بۆ بردنی بە رێگەی ئامانجەكانیاندا. هەروەكو لە كوردستانیشدا هەمان شت دووبارە دەبێتەوە... تاد. ئەو هۆیانە و چەندین هۆی دی، كە لێرەدا بواری باسكردنی نییە ئەو خەونەی رۆشنبیری لەبار بردووە، كە مردنی گیانی بەر لە مردنی رۆشنبیری بكەوێت.

**پ: تۆ لە كوردستان كێشە و گرفتت لەگەڵ دەستەڵاتدا هەبووە، ئەو كێشانە چەند پەیوەندییان بەو فیكر و تێڕوانینانە هەبووە، كە دەربارەی هەندێك پرسی حەرامكراوی كۆمەڵگا هەتبوو؟**

و: ١- لە راستیدا نازانم چۆن وەڵامی ئەو پرسیارەتان بدەمەوە، چونكە دەزانم ئەگەر راستییەكان بە ناوەوە بدركێنم ناتوانن بڵاوی بكەنەوە، یان لە دیدارێكدا بتوانرێت تەعبیر لە ناشیرنترین پرۆژەی دوور و درێژی چەند ساڵ خایەن بكرێت، بۆیە ناچارم تەنها چەند سەرە پێنووسێك وەكو ئەوەی لەوێ باوە بە هێما بخەمە روو، بەهەرحاڵ، من خوازیار بووم شەڕی فكر و تێڕوانینم لەگەڵ بكرێت، گرفتەكان فكری بن، بە پێچەوانەوە كاتێك ململانێی ناشیرینم لەگەڵ كرا هێندە لە فكر و سێكوچكەی حەرام كراو تێ نەدەگەیشتم و ئەو كات تەنها چەند چێرۆكێكم بڵاوكردبووە، فشارەكانیشیان دوور بوو لە كاری رۆشنبیری وەكو:

٢- زیاتر پابەندی ئەو لایەنە بوون، كە ژن وەكو بیر و توانا و رۆشنبیری سەیر ناكەن و تەنها وەكو رووكەش سەیری دەكەن و هەر لە سەرەتاوە ئەو مێیینەیەی لە بوارێكدا كەمترین چالاكیی هەبێت جۆرەها فشاری دەخرێتە سەر، كە وەكو (مێیەتییەكەی) بە كار بهێنن بۆ كاری سیخوری و پۆخڵەواتی، نەك بۆ

کاری فکری، هەر ئەمەش وای کرد چەندین مێیینە لە جیلی من و لە کاتی دەست بە کارکردنی من بێتە بوارەکەوە، کە هەندێکیان بە هۆی ئەو جۆرە فشارەوە هەر زوو لە بوارەکە کشانەوە و چوونە ماڵەوە لەگەڵ ئەوەی ئەم حاڵەتەی باسی دەکەم تێدایە لە دەزگاکانی خۆیاندا کاری کردووە، بەڵام وای زانیوە وەکو بانگەشەی بۆ دەکەن زۆر بە تەنگ هاندانی ژنانەوە دێن لە پێناوی مافە ڕەواکانیاندا، هەشبوو هەر زوو بەڵێی کرد و کێشەیەکی نەما، هەشبوو خۆی نووسەر نەبوو، بەڵکو بە ناویەوە دەنووسرا و دەکرا بە نووسەر و ناو، هەشمانە وەکو بەندە لە یەکەم هەنگاوەوە هەتا ئەمرۆ لە شەڕ سارد نەبووەتەوە و لەگەڵ نووسینی هەموو وشەیەکدا پێویستی بە چەکوشێکی ئامادەش هەبووە لەگەڵ پێنووسەکەیدا.

١- هەر ئەو کردارە پۆخڵانە وایان لێ کردم دوور بکەومەوە لە هەموو ئەو شتانەی ناوی کاری بە کۆمەڵە، خۆم بە تەنها گۆڤارێك دەربکەم (نڤار)، دیارە بۆ ئەو مەبەستەش دەبوو کەسێك خاوەنی ئیمتیازەکەم بێت وەکو دەسەڵاتە ڕۆشنبیرییەکەی سلێمانی داوای دەکرد، کە کەسی مادی و مەعنەوی بێت و خاوەنی موڵك و دەسەڵات بێت، دیارە بۆ کەسێکی وەکو منیش، کە ئەو هەموو فشارەی خرابێتە سەر بە دوای کەسێکدا دەگەڕێت، کە ئەو کەسە ڕێزی بگرێت وەکو فکر وەکو مرۆڤ نەك وەکو مێیینە، دەشزانێت کام کەس دەکرێ ئەو سیفەتەی تێدا هەبێت، لەو ڕوانگەیەوە من کاك ڕێکەوت عوسمانم هەڵبژارد ببێت بە خاوەنی ئیمتیاز گۆڤارەکەم و وەکو ئەو کەسەی، کە وەزارەتی ڕۆشنبیری مەبەستیان بوو خاوەنی موڵك و دەسەڵاتیش بوو، بەڵام بۆ من لەوە گرنگتر لەگەڵ هەموو بێ هەڵوێستییەکانی کاتی کێشەی گۆڤارەکەم بە ناوی ئیسلامییەکانەوە بۆم دروست کرا. بەڵام مرۆڤێکی خاوەن مۆراڵ و پاك و بە ئەمەك بوو لەو ئەرکەیدا، کە وەکو مرۆڤ وەکو فکر نەك وەکو مێیینە مامەڵەی لەگەڵ کردووم و هەروەها دەس تێوەرنەدانی لە کاری گۆڤارەکە جگە لە ئەرکە مادییەکەی بۆ ئەو مەبەستەش یارمەتیی لە حکوومەت وەردەگرت، وەکو ئەوەی کارکردنی خۆی لە ئەنجوومەنی وەزیراندا بوو. ئەو کات کاك کۆسرەت سەرۆکی

حکوومەت بوو، بەڵام سەیر بوو هەرپاش یەکەم ژمارەی گۆڤارەکە (ف)ی دەسەڵاتدار هات و داوای لێ کردم ،کە واز لە دەرکردنی ئەو گۆڤارە بهێنم و تەهدیدی کردم بە زۆر شتی ناشیرین، کە ئەوان دەتوانن بیکەن ئەگەر وازم لە دەرکردنی نەهێنا. ئەگەر وازم هێنا ئەوان ئامادەبوون هەرچییەکەم بویێت بۆم بکەن. بۆ ئەوەی دڵنیام بکات، کە خاوەنی ئەو هێزەیە، بە سلبی و ئیجابی گوتی ئەوە بڕیاری من نییە، بڕیاری سەرووی خۆمە و بڕیاری دەسەڵاتی یەکەمە، کە لێشم پرسی بۆچی، هۆیەکەی چییە؟ گوتی لەبەر ئەوەی ئەوان دژی دەسەڵاتی حکوومەت و خاوەنی ئیمتیازەکەی منن، بۆیە ئەو هەموو دژایەتییەی منیشیان کردووە مەبەستیان ئەوان بووە و دەیانەوێ لە خاڵی لاوازەوە بچنە سەر خاڵی بەهێز، بۆیە ئەم راستییە بە من دەڵێت. چونکە لەوەتەی دژایەتیم دەکەن هەر بەهێزم و ئەوان نەیانتوانیوە مەبەست بپێکن، بۆیە لای خۆم دانی پێدا دەنێن و داوای هاوکاری دەکەن، کە بە قسەیان بکەم، منیش وام زانی ئەگەر باسی ئەوەیان بۆ بکەم، کە من لە خێزانێکی قوربانیم و پێوەندیم بە هیچ تەکەتول و رك و کینەیەکی نێوان کەسەوە نییە و گۆڤارەکەشم فکرییە و بۆ هەموو چین و توێژەکانیشە و بۆی روون بکەمەوە، کە ئەوە کردەیەکی دژە مرۆڤیی و مافی ژنانە، کە بانگەشەی بۆ دەکەن.

ئیتر ئەو مەسەلەیە کۆتایی دێت و شەرم لە خۆیان دەکەن، بەڵام پاش ئەوەی کە ئەو قسانم کرد گوتی راست دەکەیت ئێمە هەموو ئەوانە دەزانین و دەزانین تۆ قوربانیت بەڵام ئاخر ئەوە سیاسەتە و سیاسەتیش بێ دایك و باوکە... تاد. داواشی لێ کردم کە باسی ئەو مەسەلەیە نەکەم، بەڵام هەموو دەزانن هەتا گۆڤارەکەیان بە ناوی ئیسلامی سیاسی و یاساوە پێ داخستم چەند بچووکێتییان نواندووە بەرانبەرم.

٣- هەمیشە فشاری ئەوەیان دەخستە سەرم، کە بابەتەکانی گۆڤارەکەم بە دڵی ئەوان بڵاو بکەمەوە، هەروەها بۆ کەسانێك بڵاو نەکەمەوە، کە ئەوان بە دڵیان نییە یاخۆ رەخنەیان لێ دەگرێت، کە لەمەشدا نرخم بۆ داواکەیان دانەدەنا، دەچوون دەیاننارد بە شوێنی هەندێ لەوانەی لە گۆڤارەکەمدا بابەت

بڵاو دەکەنەوە داوایان لێ دەکردن، کە بابەت بۆ من نەنێرن ئەوان ئامادەن پارەیەکی باشیان بدەنێ بنێرن بۆ گۆڤارەکانی خۆیان و... تاد. (خوازیارم ئەو کەسانەی لێرەدا مەبەستمە و ناویانم نەهێناوە خۆیان رۆژێ لە رۆژان ویژدانیان خەبەری بێتەوە و دان بەو راستییە و چەندینی تردا بنێن، کە من باسم نەکردووە).

٤- زۆرجار فشاری ئەوەیان دەخستە سەرم ئەوان هاوکاریم دەکەن و من رەخنەیان لێ دەگرم، ئەوەش مەحاڵە، لە کاتێکدا ئێمە هاوکاریمان لە حکوومەت وەردەگرت، بە مافی خاوەن ئیمتیازەکە و خۆمم زانیوە و بە مافی خۆشمی دەزانم گەر ئێستاش بگەڕێمەوە هەر پرۆژەیەکم هەبێت ئەرکی خۆیانە هاوکاریی مادیی من و هەر مرۆڤێکی کورد بکەن، کە پرۆژەیەکی دەبێت و داهات و قوربانی دانی کوردستان لە بۆتەی ئەواندا کۆ نەبووەتەوە هەتا بەعس ئاسا ئەگەر کەسێك داوای مافی خۆی کرد ئیتر پێویست بکات دەمی بدورێت.

٥- جگە لەوەی کاتی سەفەرکردنم هەموو هەست بە کەمییەکانی خۆیان لە رێگەی ئاکارەکانیانەوە ئاشکرا دەکرد وەکو: یەکەم شت دەیانگوت ئەنفال و کەرکوك مەسەلەی ئێمەی سیاسییە و نەك تۆ، نابێت باسی بکەیت بەتایبەت، کە ئاماری تەرحیل و تەعریبی کەرکووکم لە گۆڤارەکانی مافی مرۆڤ بڵاو کردەوە پەرچەکرداری زۆر ناشیرینیان هەبوو، یان بۆ هەر شوێن و چالاکییەك دەعوەت بکرامایە دەچوونە باڵوێز و نووسینگەکانیان و دەیانگوت بۆ ئەوتان بانگهێشت کردووە و سکرتێری حزبەکەی ئێمەتان بانگهێشت نەکردووە، زۆر ئاکاری نابەجێی تر، کە ئێستا دەرفەتی باسکردنی نییە، بەڵام ئەگەر باس بکرێن پێویستیان بە شیتەڵکردنی دەروونیی نوێ هەیە، کە ئەو دەسەڵاتە گەیشتووە بە رادەیەکی شکستی دەروونی و خۆ بە بچووکزانی، جا ئەگەر سەیری ئەو چەند خاڵە کەمە بکرێت ئاشکرا دەبێت، کە هیچ پێوەندییەکی نە بە فکرەوە هەیە نە پوسی حەرامکراو، ئاگایان لە فکر و پابەندی هیچ قوتابخانەیەکی فکر نین، جگە دەسەڵاتخوازی و پاوانخوازیی نەزۆك.

# 13

سازدانی: بەشی پێوەندییەکانی حزبی زەحمەتکێشان.

ئاڵای ئازادی. ژمارە ٤٦٢

*کازیوە ساڵح ئەو ڕۆژنامەنووسە کوردەیە کە وەك نوێنەری میللەتەکەی خۆی و لەسەر بانگهێشتی ڕەسمیی حکوومەتی لوبنان بانگهێشت کرابوو بۆ کۆنگرەی سەرانی عەرەبی کە لە ڕۆژی ٢٠٠٢/٣/٢٨.٢٧ ساز کرا لەوێش سەرکەوتووانە هەوڵی داوە وەك جۆرنالستێکی سەرکەوتوو پەیامی ڕاستەقینەی خۆی بگەیەنێ. بێگومان لەم کارەشیدا. کەند و کۆسپی زۆری هاتوونە پێش بۆیە بڕیارمان دا لە دیالۆگێکی ئازاد و دوور لە سانسۆردا، ئەم دیمانەیەی لەگەڵ ئەنجام بدەین.*

**پ: بەو پێیەی یەکەم ڕۆژنامەنووسی کوردی دەچیتە کۆنگرەیەکی گەورەوە، کاتێك ئەو بانگهێشتەت بۆ هات یەکەم، هەستت چی بوو دووەم پەیامت چی بوو؟**

و: سەرەتا کە دەعوەتنامەکەم بۆ هات پێی بەختەوەر بووم، چونکە هەلێکی مێژوویی بوو یەکەم جاریشە دەرەخسێ بەتایبەت ئەمجارە عێراقیش بەشداریی کردبوو، پێشان من تەنیا کەسێکم بانگ کراوم وەکو فەرد، هەموو ئەوانەی تر کەبەشدارییان کردبوو دەزگای گەورەن. بەڵام لەوێ زۆر سەغڵەت بووم، چونکە

لەگەڵ ئەوەی تەنیا کەسێك بووم کە ئاڵا و وڵاتم نەبوو لە کۆنگرەدا بیّ وەکو ڕۆژنامەنووسەکانی تر خزمەت بکرێم و لە باشترین شوێندا لە لایەن وڵاتەکەمەوە دابنرێم، لەسەر حسابی خۆم ڕۆشتبووم، لەوێش لە ناو ٧٠٠ ڕۆژنامەنووسدا من تەنیا کەسێك بووم کامیرەی ڤیدیۆم پیّ نەبوو.

لە کاتێکدا ئەو کامێرەیەم پیّ بوایە دەمتوانی زۆر کاری باش بکەم و ڕای سەرکردەکان لە کۆنگرەدا وەرگرم، چونکە کەسێکی ئاساییش تەنانەت ڕۆژنامەنووسێکیش ئامادە نەبوو بەبیّ کامێرەیەکی ڤیدیۆ ناوی تی ڤییەکی لەسەر نووسرابیّ چاوپێکەوتن بکەن، لە لایەکی تر دیسان هەموو ڕۆژنامەنووسەکان کۆمپیوتەریان پیّ بوو من نەبیّ ئەمەش وای کردبوو ئەو ڕاپۆرتانەی لەویّ دەمنووسین پاش بیست ڕۆژ بگەن بە کوردستان و هەندیّ شتیش هەر بڵاو نەکرێتەوە هێندە دوابکەویّ ڕەنج بەخەسار بچم لە کاتێکدا ڕۆژنامەنووسە عەرەبەکان تەنیا ڕووی جوانی کۆنگرەیان پیشان دەدا، بەڵام من باسی لایەنە دزێوەکانم زیاتر کردبوو. بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ئەو کەموکورییانەی لە پێداویستییەکانی ڕۆژنامەنووسیدا هەمبوو وایان لیّ کردبووم هەست بکەم کەسێکی بیّ نیشتمانم. سەبارەت بەپەیامیشم، من پەیامی ڕۆژنامەنووسیم نەبوو، پەیامی کەسێکم هەبوو کە هەڵگری مەسەلەیەك و هەڵوێستێکە، ئەوەندەی پێی دەکریّ بیگەیەنیّ بەجیهان و داکۆکی لە نەتەوەکەی بکات. من ئیلتیزامم بەهەڵوێستێکەوە هەیە لە پەیامی تەنیا ڕۆژنامەنووسی یان تەنیا پەیامی نووسەرێك زۆر گەورەترە بەڵگەش ئەوەیە کە هیچ ڕۆژنامەنووسێك ئامادە نییە بەقەرز بچێتە وڵاتانی تر کار بکا و خۆشی خاوەنی ڕۆژنامە نەبیّ، کەسیش نەڵیّ سوپاس، من وا هەست دەکەم ئەرکێکی نەتەوەییم هەیە، بەبیّ ئەوەی کەسم بمجووڵێنیّ کارم پیّ بکات، دەستم پاڵنەرێکی گەورەمە و هەمیشە نەتەوەکەم لە یادە ئەمەش وای کردووە بۆ بەرژەوەندی خۆم کار نەکەم.

**پ: تۆ سەرۆك وەزیرانی لوبنان ڕەفیق حەریری داوەتی کردبووی، جگە لە کۆنگرە، بڕیار بوو دیدارێکی تێروتەسەلی لەگەڵ ئەنجام بدەی، چۆن بوو ئەو**

**کاره بە ئاکام نەگەیشت؟**

و: من بڕیار بوو ١٥ ڕۆژ بەر لە کۆنگرە دەعوەتەکەی سەرۆك حکوومەت و دیدارەکەی ئەنجام بدەم، بەڵام بەهۆی باری تەندروستیمەوە کە تووشی گرانەتا بووم، دەعـوەتـەکـەی ئـەو کـەوتـە دوای کـۆنـگـرە، دیـارە ئـەو پـێشتـر داوای پرسیارەکانی کردووە نیوەی پرسیارەکان لەسەر بارودۆخی کورد و کوردستان و عێراق بوون، ئەو پێش کۆنگرە ڕازی بوو وەڵامی هەمووی بداتەوە، بەڵام دوای کۆنگرە بارودۆخی سیاسیی لوبنان لەگەڵ عێراقدا گۆڕا و چەند فاکتەرێکی تری تێ کەوت لەوێنە پێوەندی بەشی بازرگانی لە نێوان هەردوو لادا و کردنەوەی سەنتەرێکی بازرگانی گەورەی عێراقی لە لوبنان، وەرگرتنی ١٠ ملیۆن بەرمیل نەوت، جەختکردن لەسەر ئەوەی ئەوان عەرەبن پێویستە هەڵەکانی ڕابردووی یەك بسڕنەوە ئێستا بەرگری لەیەك بکەن، پێیان وابوو نایەکگرتوویی ئەوان بووە بە هۆی زاڵبوونی ئەمریکا و ئیسرائیل و نایەك پارچەیی خاکی عێراق و... تاد پێش ئەو گۆڕانە و زیادبوونی ئەو فاکتەرانە سەرجەم هەڵوێستەکانیان گۆڕا و گوتیان ئێمە ئێستا بەرژەوەندی سیاسی و بازرگانیمان هەیە، ڕۆژێ لە ڕۆژان عێراق بازاڕی بازرگانیی ئێمە بووە ئێستاش ئەو هەلە گەڕاوەتەوە پێشان لە کاتێ تەنگانەدا عێراق بەرگریی مادی و مەعنەوی و عەسکەریی ئێمەی کردووە مادەم پێوەندییەکانمان پتەوە، لە ئێستادا ناتوانین هیچ تەسریحێکی ڕۆژنامەوانی لەسەر هیچ کەس و لایەنێك یان نەتەوەیەك بدەین کە دژی عێراقە، تەنیا دەتوانین وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەنەوە کە لەسەر لوبنانە، ئەگەر پێش کـۆنـگـرە و ئـەو پـێوەنـدیـیـانـە چـاوپـێکـەوتـنـەکـەت بکردایە وەڵامی سەرجەم پرسیارەکانمان دەدایەوە، منیش گوتم ئێوە خاوەن زۆرترین ڕۆژنامەن کە ڕووی جوانی لوبنان پیشان دەدەن هیچ پێویست بەمنیش ناکات و ئامانجی من کورد بـووە و یـاخـۆ پـێوەنـدیـی کورد بوو لـەگـەڵ لوبـنـان، بـۆیـە مـنیش نـاتـوانم ئـەو چاوپێکەوتنە بکەم کە تەنیا لەسەر لوبنان بێ.

**پ: پێش ئەو ڕەتکردنەوەیەت بەتایبەت ئەو خاڵانەی هاوپەیمانییەکەی نێوان لوبنان و عێراق هەندێکیان تەنیا تۆ دەتزانی و هیچ سەرچاوەیەك**

**ئاماژەی پێ نەکردووە، هەڵوێستیان چی بوو بەرامبەرت؟**

و: یەکەمجار بانگیان کردم گوتیان لە ئێستادا ٥٠ هەزار دۆلارت دەدەینێ و دوایش کاتی گەڕانەوەت دیاریی گەورەترت پێشکێش دەکرێ پێش گفتوگۆ و جەختکردنی خۆم لەسەر ئەوەی بزانم مەبەستیان چییە لەو هەڵوێستە، چونکە من هەفتەیەك بوو لەوێ بووم کەس باسی شتێکی لەو بابەتەی نەکردبوو بۆم دەرکەوت ئەوان پارە دەدەن بۆ ئەوەی ئەو شتانەی باسم کردوون بێدەنگییان لێ بکەم بۆ چاوپێکەوتنەکەش عوزرێکی مەشرووع بهێنمەوە بۆ کورد کە هەڵوێستی خراپ نەدرێتە پێی سەرۆك حکوومەت، دیارە ئەوەشم هەر ڕەت کردەوە، پێم گوت ئەگەر کەسێك پێی گوتن وڵاتەکەی ئێوە لوبنانم لە وڵاتی خۆم زیاتر خۆش دەوێ ڕاستتان لەگەڵدا ناکا، ئەگەر کوردستانم لە لوبنان و خۆشم لە ئێوە خۆشتر نەوێ ڕاست ناکەم، ناشتوانم درۆ لەگەڵ نەتەوەی خۆم بکەم، چونکە هاتنی من لە بنەمادا بە ئامانجی ئەوان بووە، پێشتر پێم گوتن کە من پلە و پایەیەکم نییە ئێوەی پێ بدوێنم جگە لە برینی هەڵەبجە و ئەنفال... کەواتە مەسەلەی هەڵوێستێکم لە پێشە کە لە بەرژەوەندی کەسی گەورەترە... دیارە کە زانییان پێشنیازەکانیان لای من جێگەی نابێتەوە ١٨٠ پلە بەرامبەرم گۆڕان، هەوڵیان دەدا خۆیان واپیشان بدەن کە هەر نامناسن.

**پ: چۆن دەزانی خۆیان واپیشان دەدا کە ناتناسن؟**

و: حزبێکی سیاسیی کوردی لای خۆمان داوای کردبوو کە دەسەڵاتی لوبنان سکرتێری حزبەکەیان ببینێ، کە لوبنان داواکەیانی ڕەت کردبووەوە، حزبە کوردییەکە گوتبووی بۆچی ڕۆژنامەنووسێك دەبینێ و سکرتێری حزبێك نابینێ. دیارە بەپێی بۆچوونی خۆیان نکوڵییان لەو مەسەلەیە کردووە بۆ ئەوەی حزبە کوردییەکەیان لە کۆڵ بێتەوە، بەڵام بەرژەوەندی خۆشیانی تێدا بووە، بەتایبەت کە هەڵوێستی ئەو حزبە کوردییە ئەو ترسەی لە لای ئەوان کەم کردبووەوە کە وایان دەزانی سەرجەم کورد هەڵوێستی بەرامبەر حکوومەتی لوبنان دەبێ. چونکە ئەو هەڵوێستەی حزبە کە سەنگی مەحەك بوو بۆ نایەکگرتوویی کورد و هەڵوێست بچووکیان بەرامبەر بە گەل و نەتەوەکەیان.

**پ: ئەی کۆنگرەی لووتکەی عەرەبی چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

و: کۆنگرەی لووتکەی عەرەبی لە ئامادەییی ئەو شۆڕشگێڕە ناحاڵیبیانەوە دەرچوو، کە نازانن چۆن سنوورێك بۆ جەنگ و سنوورێك بۆ ژیان دیاری بکەن، کە تێدا دۆڕانەکانیان ئاشکرا نەبێ یان ئاشکرا نەدۆڕێن، بەڵام بۆ ئەوەی ناونەنرێ سەربازێکی هەڵهاتوو ئامادەی تقووسە سەربازییەکان دەبێ.

**پ: لەیەك نزیکبوونەوەی عێراق و سعوودیە زیاتر بەتەکتیکی دەزانی یان ستراتیژ؟**

و: بێگومان زیاتر تەکتیك بوو، من پێم وایە لەو ١٩ وڵاتە عەرەبییەی کە ئەمریکا ڕەزامەندییانی وەرگرتووە بۆ لێدانی عێراق، سعوودیە و کوێت لە سەروو لیستەکەوەن، جگە لەوەی نەك هەر ئەوان سەرجەم ئەو وڵاتانەی بەشداریی کۆنگرەیان کرد، پێش بەشدار بوون هەموو ڕوخسەتییان لە ئەمریکا خواست ئەوجا بەشداربوون دوای بەشداربوونیش یەك ڕۆژ بەسەر بڕیارەکانیاندا تێ پەڕی کە بەلێدانی فەلەستین، ئیسرائیل هەمووی هەڵوەشاندەوە و ئەمەش وای کرد هەر هەمان ڕۆژ سەرۆك کۆماری لوبنان داوای لە سەرجەم سەرکردە عەرەبییەکان کرد کە بەخێرایی کۆنگرەیەکی تر ببەستن، بەڵام کە ئەمریکا بۆ کۆنگرەی دووەم دانی پێدا نەنان هەموویان پاشەکشەیان کرد و ئامادەبوون کۆنگرەی دیکە ببەسترێ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ بڕیارەکانیان هەرچییەك بن ئەو کاریگەرییە ستراتیژییە گەورەیەی نابێ.

**پ: سەبارەت بە مەسەلەی ئافرەتان چیت بینی و ئەمجارە چیت لە هەگبەدایە؟**

و: لەو مەسەلەیەدا زۆر سەرکەوتوونین، لە لوبنان هەتا ئێستا وەزیری ژن نییە و لە ناوەندی بڕیاردا تەنیا شاژنی پەرلەمانتاری تێدایە، یەکێکیان بەهییە حریری خوشکی سەرۆکی حکوومەتە و زۆربەی کاری ژنان ئەو دەیکا، یەکێك بوو لە وانە دەستی هەبوو لە دامەزراندنی کۆنگرەی لووتکەی ژنانی عەرەبدا، من داوام لێ کردن لە بۆنە دەوڵەتییەکاندا کە ئەوان وەکو ژنی نیشتیمانی عەرەب بەشداریی تێدا دەکەن ژنی کوردیش بەشداری بکا، دیارە ئەوان سەرەتا بیانووی

ئەوەیان هەبوو کە ئەو کۆنگرەیە بۆ ژنی عەرەبە نەك کورد. دووەم بۆ ژنی سەرکردەکانە زیاتر، کاتێك ئەو بیانووەم برِی بەوەی کە پێم گوتن ئێوە کە دێنە سەر سەربەخۆیی خاکی کورد باس لەوە دەکەن ئێمە بەشێکین لە مێژوو و خاك و ئاینی ئێوە و نابێ جیا بکرێینەوە، بەڵام بۆ مافەکانمان لە نیشتمانی عەرەبدا ژنی کوردین و نامۆین بە عەرەب کەواتە ئێوە وەکو ژن، چونکە پێویستە ژن لە هەموو کەس زیاتر بزانێ چەوسانەوە مانای چییە بەرگری لە سەربەخۆییمان بکەن و دانی پێدا بنێن، چونکە ژنی کورد لە ژنانی هەموو جیهان بەش مەینەتترن. یان بەرگری لەوە بکەن وەکو بەشێك لە نیشتمانی عەرەبی بەشداریی هەموو بۆنە نێودەوڵەتییەکاندا بکەن.

بۆ ژنی سەرۆکەکانیش ئەگەر ساجیدەی خێزانی سەدام حوسین مافی خۆیەتی بەشدار بێ، چونکە سەدام نیوەی عێراق دەبات بەرێوە، ئەوا کورد نیوەکەی تری دەبات بەرێوە و مافی خۆمانە ژنی سەرکردەکانی ئێمەش بەشدار بن خۆ ئەگەر هەندێ ژنی سەرکردە زیاتر بایەخ بە رزیاو و لایەنی خۆشیی ژیان دەدەن، ژنی سەرکردەکانی ئێمە خەریکی کاری رۆشنبیری و راگەیاندنن.

پاش ئەمانە بەتەواوی قەناعەتیان کرد و گوتیان نووسراوێکمان بۆ بکە بۆ ئەوەی بیخەینە بەردەمی لێژنەکە، بەڵام کاتێك هاتە سەر هەندێ زانیاری لەسەر ژنی کورد هیچم لە لا نەبوو، چونکە ئاگام لە بارودۆخی ژنی کورد نەماوە بە تەواوی و هەتا ئێستاش جگە لە کۆمەڵێك کچی زانکۆ، هیچ ژنێکی کورد کە لە بواری رۆشنبیری و ژنانەدا کار دەکەن پێوەندییان بەمنەوە نەکردووە باسی باردۆخم بۆ بکەن یان بڵێن لە ئێستا فلان کار باشە بکرێ، بۆیە هەتا ئێستا زانیاریی تەواوم نییە نووسینە رەسمییەکە بکەم.

**پ: ئەو دیارییانەی پێشکێشت کردوون چین و رەمزی چی دەگەیەنێ؟**

و: ئەو دیارییانە پێك هاتووە لە تۆپێکی زەوی کەوتووەتە ژێر دوو دەستی یەکگرتووی تێکەڵاو، شریتێکی سەوزیش بەسەر تۆپەکەدا هاتووە لە سەری نووسراوە (کی لانسی کردستان) هەموو ئەمانەش لەسەر تەختەیەکی بە مەخمەڵ چنراو دانراون، تۆپەکە: بەمانای ئێمەیش بەشێکین لەو هەموو

وڵاتانەی سەر زەوی، بوونمان هەر وەکو بوونی ئێوە و ئەوانی تر وایە.

شریتە سەوزەکە: واتە ئێمە یەکەم کەس بووین کشتوکاڵمان دۆزییەوە و خاوەنی شارستانیەتین.

دەستەکانیش: نیشانەی ئاشتی و برایەتی و حیواری شارستانیەتە، واتە ئێمە وا بیر دەکەینەوە و ئەوە بوونمانە ئێوەش ئەمە لە بیر مەکەن.

**پ: لەبەرئەوەی لە ئاڵتوونە دیارە زۆری تێ چووە، کێ هاوکاریی کردیت؟**

و: بەڵێ زۆری تێ چووە، هیچ کەس و لایەن و حزبێك هاوکاریی نەکردووم لە هیچ لایەنێکیش داوای هاوکاریم نەکردووە و ناشیکەم، ئەگەر هاوکاریشم بکرایە لە کۆنگرەدا کامێرا و پێداویستییەکانی خۆم پێ دەبوو، چونکە ڕۆژنامەنووس بەبێ پێویستییەکانی وەکو سەربازی بێ چەك وایە لە جەنگدا، هەموو چالاکییەکانم بە قەرز کراون و لە خاتوونێکی بازرگانی هاوڕێی خۆم وەرگرتووە بەو نیازە دوایی بۆی بگەڕێنمەوە.

**پ: ڕاگەیاندنی لوبنان چۆن هەڵدەسەنگێنی و ئایا تا چەند ئاگەیان لە مەسەی کوردە؟**

و: ڕووی جوانی لوبنان تەنیا ڕاگەیاندنەکەیانە، لەگەڵ ئەوەی تەنیا ٤٠ ساڵ پێش ئێمە کەوتوون یەکەم ڕۆژنامەیان لە ساڵی ١٨٥٨دا لەسەر دەستی نووسەری گەورە خلیل خوری بەناوی (حديقه أخبار) چاپ کرا، بەڵام توانیویانە ببن بە پێشەنگ لە سەرجەم ڕۆژهەڵات و بەتایبەت نیشتمانی عەرەبیدا و هەمیشە شانازی بەوە دەکەن کە زۆربەی دەزگا گەورەکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامە بەناوبانگەکان لە میسرەوە هەتا وڵاتەکانی تر، ڕۆژنامەنووسی لوبنانی دای مەزراندوون، ئەو سەرکەوتنەشیان بۆ چەند فاکتەرێك دەگەڕێتەوە سەرەکیترینیان سەربەخۆییانە. هیچ ڕۆژنامەی حکوومی و حزبییان نییە سەرجەمیان سەربەخۆن، هەرچەندە بەو دواییە حکوومەت خەریکە دەست دەخاتە نێو هەموو دەزگاکانەوە و لە هەموو کۆمپانیایەك پشکێك دەکرا بۆ بەرژەوەندی خۆی، بەڵام بەڕاستی چاونەترس و سەرکەوتوون.

سەبارەت بەمەسەلەی کوردیش زانیاریی باشیان نییە و ئەوان ئامادەن شت لەسەر مەسەلەی کورد بڵاو بکەنەوە، بەڵام زۆر گلەییی ئەوە دەکەن، کە کوردی هیچ لایەك نە لوبنان نە سووریا نە عێراق هاوکارییان ناکەن و سەرچاوە و وتار و نووسینان بۆ نانێرن.

# 14

سازدانی: خەلیل بلەیی.

هەفتەنامەی گولان. ژمارە: ٥٢٢. لە ٢٠٠٥/٢/٣

*کازیوە ساڵح ناوێکی دیار و بەرچاوی داکۆکیکردن و بەرگریکردنە لە مافی ئافرەتانی کورد و، لەم بوارەدا کار و بزاڤی زۆری کردووە هەر لە کۆڕ و کۆبوونەوە و سیمینارەوە تا چیرۆك و شیعر و ڕۆمان و وتارە جۆراوجۆرەکانیدا، هەر باسی لە چەوساندنەوە و پشگوێخستنی مافی ئافرەت و بزووتنەوەی فێمینیستیی کوردستان کردووە، بۆ باسکردن لەم بابەتە و چەندین بابەتی تری تایبەت بە خۆی و دوایین کتێبی، کۆواری گولان ئەم دیمانەیەی لەگەڵ خاتوو کازیوە ساڵح ئەنجام دا و بەڕێزیان بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە:*

**پ: ئەگەر لەبارەی دوا کتێبی خۆتەوە هەندێکمان بۆ باس بکەی؟**

و: لە ئێستادا سەرقاڵی پیت چنینی کتێبێکی نوێم لەبارەی تیورییەکی فێمنیستییەوە، کە خوازیارم چاپخانەیەك هەبێ زوو بۆم چاپ بکات و چونکە پێ دەچێ ژمارەیەکی بەرچاوی ژنی کورد زۆر لە تیۆری فێمینیستی بە هەڵە تێ گەیشتبێ و پێویستی بەوە بێ زوو بخرێتە بەردەستی بۆ ڕاستکردنەوەی هەندێ بۆچوون، دوا کتێبیشم کە چاپ کراوە کۆمەڵە چیرۆکی (نامەکان بەر لە مردن ناخوێندرێنەوە) کە لە لایەن دەزگای ئاراسەوە بە چاپ گەیەندراوە.

**پ: بزووتنەوەی فێمینزمی کورد تا چەند توانیویەتی لە ئاست خواست و ویستەکانی ژنی کوردابێت؟**

و: هەتا ئێستا لە کوردستاندا بزووتنەوەی فێمینیستی بوونی نییە، بزووتنەوەی فێمینیستی ئەوانە نین کە لە ڕێکخراو و گرووپێکدا کار بکەن کە دروستکراوی عەقڵی پاتریارکی و بەڕێوەبردنی جیهانبینیی پیاوان بێ، لە بنەمادا بزووتنەوەی فێمینیستی بۆیە دروست بووە ئەو جۆرە عەقڵییەتە کە هەندێ لە ژنان لە ژێر دروشم و ناوە جیاوازەکاندا خۆیان پێ خەڵەتاندووە بسڕێتەوە، ئەویش لە ڕێگەی توانا و هۆشمەندیی خۆی و ڕەخنەگرتنی بەردەوامەوە فەراهەم دێ.

ژن لە ڕێگەی ڕەخنەگرتن لە عەقڵەوە دەتوانێت بگات بەو ناتەواوییانەی کە لەباری بێدەنگی و ڕەخنەگرتندا نایدۆزێتەوە، ئەوەش کاتێك ژن لێی دەگات هۆشیاریی ڕەخنەگرتن و هۆشیاریی بیرکردنەوە و بڕیاری خوازراو و بیری خوازراو، زۆرێك لە ژنان کە باسی مافی ژن و ئازادییەکانی دەکەن یەك وشەی زادەی بیری خۆیان نییە و خوازراوە لە نووسراو و بڵاوکراوەکانی دییەوە وەریان گرتووە، هەربۆیەش لەلایان نابێ بە کردار، چونکە ئەو بیر و بۆچوونەی لە ناخ و باوەڕەوە هەڵنەقوڵێ لە دەروونیشدا ئارامی مانەوە ناگرێ.

ئەمەیان ئاماژەمان پێ کرد بە ڕەخنەگرتن لە عەقڵ و کردار دێتە ئاکام، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە ئافرەتی کورد خۆی بخاتە نێو تاقیگەی ئەو شۆڕشە دەروونییە، فاکتەرەکانی دەستەبەرکردنی ئەو شۆڕشە خستنە ژێر پرسیاری خودە، بۆ ئەوەی لە دەرئەنجامدا بگەین بە ژێر پرسیارخستنی سەرجەم سیستمی پاتریارکی، ئەو ژێر پرسیارخستنەش بەوە دەکرێ کە سیستمێکی باڵاتر لەوەی هەیە و ئەو لە ناویدا ڕاڤەی خەونەکانی خۆی تێدا دەکا دروست بکا، دەکرێ ئەو سیستەمەش ئایدیای فیمنستی بێ لە نێو تاقیگەی فێمێنیستیدا، پێویستە سەرەتا ژن بە خۆیدا بچێتەوە کە لە کوێدایە؟ کاری چییە؟ شوناسی چییە؟ لە هەمووشی گرینگتر ئایە ڕێگەیەکی مەشرووعی گرتووە بۆ بەدیهێنانی ئامانجی ئینتمابوونی؟ ئەمانەش ڕاڤەکردن و تێگەیشتن و دەستنیشانکردنی ئایدیای

فێمنیستیان دەوێ کە کوردستان هەژارە لە بەرجەستەکردنی ئەو ئایدیایەدا، لەمیانەی ئەوەی کە بەڕێز سەرۆکی حکوومەت چەند جارێك پەیمانی گۆڕینی بارودۆخی ژنانی لە ڕاگەیاندنەکانەوە دووپات کردووەتەوە هەوڵی جیدیی داوە بۆ:

١. بەرجستەکردنی خولێکی هۆشیارکردنەوەی فێمێنیستی بۆ ژنان کە لە لایەن خەڵکانێکەوە ئەو هەوڵە بدرێ کە تێگەیشتووی ئەو بوارە بن، نەك ئەوانەی وا دەزانن بەرگریکردن لە ژنان لە هەر کوێیەك بێ واتە فێمینیست دەکات.
٢. لەو ڕوانگەی خەڵکی ئێمە زۆر کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی حزبەکان هەوڵ بدا ژن لە نێو ڕێکخراوی حزبییەوە کە ڕێکخەری کۆمیتەیی دەکات، لە بەرژەوەندیی عەقڵی پاتریارکی بهێنێتە دەرێ بۆ نێو خۆڕێکخستنی حکوومەت بە مەرجێك ئەو حکوومەتە تەنیا و تەنیا کار بۆ ئامانجی ژنانە و فێمینیستییانە بکا، بەو ئاراستەی حکوومەت موڵکی خەڵکە نەك حزب کار بکا.
٣. دامەزراندنی سەنتەری فێمینیستی بە هەموو چالاکییە مرۆیی، زانستی، مێژوویی، کۆمەڵایەتی، خۆشگوزارییەکان کە تەنیا و تەنیا موڵکی ژن بێ و ئەو ژنانەش کە هەڵگری فیکری فێمینزمین.
٤. هەوڵ بدات مەسەلەی مافی ژن بخرێتە نێو میتۆدەکانی خوێندن، نەوەکانی داهاتوومان هەر لە سەرەتاوە بە فیکری مافەکان و پیرۆزی و قوربانی و شۆڕشەکانی ژنی کورد گۆش بکەین.

**پ: ئایە ڕێژەی نوێنەرایەتیی ئافرەتی کورد بۆ هەڵبژاردنەکان گونجاوە بۆ ژنی کورد؟**

و: بەراورد بە سیستەمێکی دیموکراتی و ڕەچاوکردنی مافی مرۆڤ و مافی ژنان، نەخێر ئەو ڕێژەیە گونجاو نییە و پێویستە بگەیەندرێ بە ئاستێك کەمتر نەبێ لە ٤٥٪، ئەمە وەکو ڕێژە، بەڵام وەکو توانا دەکرێ بکرێ بە ڕێژەی٨٠٪ ئەگەر وەکو ژنانی نێو پەرلەمانەکانی پێشوو تەنیا بۆ دیکۆر دابنرێن و جگە لە شتی ساکار نەتوانێ خاوەنی بڕیاری بگۆڕی وەها بێ کە لایەنی کەم دەنگی

خۆی وەکو پەرلەمانتار لە پەراوێزەوە بگوێزرێتەوە بۆ سەنتەر، ئەوجا بتوانێ خواست و مەسەلە گرینگەکانی ژنی کوردیش بگەیەنێ بە هەمان مەبەست.

**پ: ئەی بوونی ژنی کورد لە پۆست و شوێنە سیاسییەکاندا وەکو پێویستە؟**

و: ئەویشیان بەداخەوە وەکو پێویست نییە، دەتوانم بڵێم بوونی ژن لەو پۆستانەدا هێندە بوونی ژنانی خێزان و خوشك و کچی دەسەڵاتداران و سیاسەتمەدارانە لە نێو بزووتنەوەی ژناندا نەك هێندە توانا و لێوەشاوەییی ژنی کورد لە کایە جیاوازەکاندا.

**پ: ئایە کێ بەرپرسیارە لە کەمیی بەشداریی ژنان لە ئێستادا؟ ئایە پیاو رێگرە یان خۆی کەمتەرخەمە؟**

و: هەردوو لا کەمتەرخەمن، رێژەیەکی زۆر ژنان کەمتەرخەمن، چونکە بە تەنیا خاوەنی هۆشیارییەکی رەمەکین نەك هۆشیاریی ئایدۆلۆژی، ئاستی رەمەکی کە دەتوانێ پێشی بگوترێ ئاستی سایکۆلۆژیی کۆمەڵایەتی، کە هۆشیاریی مرۆڤ و خوێندنەوەی دەگرێتەوە بۆ رووداو و دیاردە رووکەشەکان، بەرجەستەکردنی ئەو خووەی کە لە داوونەریتە کۆمەڵایەتییەکان و توێژە کۆمەڵایەتییەکان پەیرەوی دەکەن، ئەو ئاستەش گوزارشت لە پێوەندیی کۆمەڵایەتی و بەرژەوەندیی خودییەکان و ژیانی رۆژانە و دوور و نزیکی لە خەڵك دەکا بە رەچاوی پێوەندی رەهەندە کولتووری، جوگرافی، چین، توێژە کۆمەڵایەتییەکان و هیچی دی.

بەشێکی زۆریان پیاو نەك هەر رێگرە بگرە تێکدەری فیکر و ژیانیشیانە، ئەوانیش تەنیا لە پیاوانی هاوسەریان پێك نەهاتووە، بەڵکو پیاوانی ئاینی، کۆمەڵایەتی و سیاسییش دەگرێتەوە.

**پ: ئایە پاش هارسەریەتی و چوونە ناو قۆناغێکی نوێ، ژیانی کاری ئەدەبی و هونەریت وەکو خۆی دەمێنێتەوە؟**

و: ئەگەر مەبەستان کاتە، وەکو ئەوەی مرۆڤ تەنیا بۆ خۆی ناژی و کاتی خۆی تەرخان دەکا بۆ ئەو کەسانەی کە ئەرك و مافیان لەسەر یەك هەیە، دیارە

مەسەلەی هاوسەریش یەکێکە لەو پرۆسانەی کە زۆرێك لە کاتی مرۆڤ داگیر دەکا، ئەگەر مەبەستیشتان ڕێگەگریی پیاوە بە جۆری عەقڵییەت و بیرکردنەوەی ئەو کەسەیە کە ژنێکی نووسەر ژیانی بە ژیانییەوە گرێ دەدا، ئەوەشیان دەکرێ لە کەسێکەوە بۆ یەکێکی تر جیاواز بێ وەکو بۆ نموونە خۆم هەمیشە گرێدانی هاوسەریم ڕەت دەکردەوە هەتا خۆم پێ دەگەیەنم و دەگەم بە قۆناغێکی گونجاوی کاری هزر و خۆ پێگەیاندن، کاتێکیش هاوسەرم هەڵبژاردووە، نەك تەنیا ئەو وەك هەموو کەس دەزانێ کازیوە چۆن بیر دەکاتەوە و چی دەوێ لە ژیاندا و هەڵوێست و خەم و خۆشییەکانی چین و لە ئاستێکی باشی کارکردندا بووە، بۆیە ناکرێ پیاوێك پەتی ژیانی لەسەر بنەمای فیکرەوە بە منەوە گرێ بدات، پاشان بە پێچەوانەیم بسپێرێ و من بەم بارودۆخە تەسلیم بم، کاری نووسین و هزر بکەم بە قوربانی.

# 15

سازدانی: دەشتی ئەنوەر

ئاسۆی گەنج

**پ: گەنج کێیە و هەڵگری چی بیروباوەڕێکە، ئەو هەوڵەش گەنج دەیدا لە ناوەوەی کوردستان تا چەند ڕوو لە سەرکەوتنە؟**

و: گەنج خولەکاتێکی بایولۆجییە، بە پێی ئاستی کۆمەڵگەکان خاوەنی تایبەتمەندییە لە کولتووردا و هەڵگری وزەیەکی بەهێزی ئیرۆتیکییە، پێویستی بە زەپۆش و کۆمەڵگەی دروست هەیە بۆ بە گەنجی هێشتنەوەی هەردوو وزە بایۆلۆژی و سوسێولۆجییەکەی، لێ گەنجی کوردستان لە نێو هەردوو بەرداشی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا شوناسی گەنجیەتیی دۆڕاندووە، گەنجبوونیش لە دەرەوەی گوتاری گەنجیەتی تەنیا هێمایەکی بایۆلۆجییە، ڕاستە لەگەڵ سیستەمی دەسەڵاتخوازدا مامەڵە سیاسییەکان بۆ گەنج ئاسان نییە، بەڵام نەگۆڕینی زۆر کایەی کۆمەڵایەتی لە لاوازیی هۆشیاری گەنجەوەیە.

هەوڵدانی سەر کەوتوانەی گەنج زیاتر تاکڕەوە و گشتگیر نییە، لە هەموو کۆمەڵەکانیشدا تاکی نایاب و جیاواز هەڵدەکەوێ، من کاتێك ئومێد بە گەنجانی کوردستان دەکەم کە وتەکەی "کۆڵن وێڵسن"م تیا بەدی کردن دەڵێ: "جیهانبینیی پیر و گەنج، لە ڕوانینی کرم و باڵندە دەکا، کرم تەنیا چەند سەنتیمەترێك دەبینێ و باڵندەش گاڵتەی بەو مەودایە دێ" هەتا مەودای بینینی هەردوو جیهان ڕوو لە یەك ئاراستە و مەودا بێ هەوڵەکان ڕوو لە سەرکەوتن نین.

**پ: گەنجی وڵاتی فەرەنسا شۆڕشیان بەرپا کرد و وڵاتێکی پێشکەوتوویان پێك هێنا، ئایا گەنجی کوردیش شۆڕشێکی لەو شێوەیە بەرپا بکا دەتوانێ بگاتە ئەو پێشکەوتنەی کە گەنجی فەرەنسای تێدایە؟**

و: من باوەڕم بە شۆڕشی توندوتیژی نییە، پێویستە ئەوەش بزانین ئەو جۆرە شۆڕشە دەکرێ بە ڕای هەندێك تا ڕادەیەك بۆ ئەو کاتە گونجاو بێ، بەڵام بۆ ڕۆژگاری ئەمڕۆ بارودۆخی سیاسیی کورد نەگونجاوە.

لاوانی فەرەنسی و کۆمەڵی فەرەنسی بە گشتی کەوتبوونە ژێر کاریگەریی بیریارانی سەردەمەکە، کە پێیان وابوو شەڕکردن پیرۆزە و پێویستە بکرێ، بەتایبەت بیریان وەکو هیگل کە پێی وابوو شۆڕشی فەرەنسی توانیی سەروەریی عەقڵ باڵا بکا بەسەر واقیعدا، هەروەها ڕۆناڵد سترۆمبەرگ لە کتێبی مێژووی فیکری ئەوروپیدا دەڵێ: "ڕۆحی داروینی دەیسەلمێنێ ململانێی، شەڕ و هێز یاسای ژیانن" زۆربەی دەسەڵاتدارانی ئەوسای ڕۆژئاوا و ئێستای ڕۆژهەڵات ئەو بۆچوونەیان کردووە بەسەرچاوەی پرەنسیپی کار و پرۆگرامیان. ئەو بۆچوونە هزری زۆربەی بیریارانی ئەوکاتەی وەکو دورکهایم، فرۆید، بارگسۆن، تۆماس مان، ماکس فیبەر، پاڵنەری ئەو بۆچوونە بۆ وەرگرتنی ماف بوون بە توندوتیژی. بەڵام لە ئێستادا ژمارەیەك لە زانایانی بواری دەروونی و کۆمەڵایەتی نووسینەکانی هوربەرت مارکۆز بە سەرچاوەی جۆشدانی لاوان دەبینن لە شۆڕشی ١٩٦٨، ئەو شۆڕشەش بە سەرەتای فیکری ئیرهابی دەزانن.

بێ گومان ئەو شۆڕشە و شۆڕشی پێشتریان لەساڵی ١٧٨٩ کە لە ژێر دروشمی، دادوەری، ئازادی، یەکسانیدا کرا کۆمەڵێ گۆڕانی بابەتیی هێنایە ئاراوە، بەڵام بوو بە هێزێکیش بۆ پێشخستنی کاپیتالیزمی ئەورووپی، ئەمیشیان لەویان کەم کێشەتر نەبوو.

توندوتیژی لە پرۆسیسی دەسەڵات و کۆمەڵدا ڕەتکراوە و نابووتە، بە شۆڕشی نازانم، شۆڕشی ڕاستەقینەی ئەمڕۆی لاوان پێویستە شۆڕشی خودی بێ، هۆشیاری و عەقڵ و دەروونی لاوی کورد ئێجگار جیاوازیی هەیە لەگەڵ لاوی فەرەنسی، بەرهەمی شۆڕشی ئەوروپی و ڕۆژئاوا بە گشتی زۆر بەرهەمی

هێناوەتە دەستی لاوی کورد و پێچەوانە سوودی لێ وەرگرتووە، با سەرەتا بزانێ و بتوانێ دەروونێکی دروستی بێ، خاوەنی هۆشیارییەك بێ تا ئاستی نیوەی هۆشیاریی لاوی فەرەنسیی ئەوکات بەبێ توندوتیژی دەزانێ چۆن خاوەنی مافی خۆی بێ.

ئەوە ناهۆشیاریی دەسەڵاتدارانە گوزاراوەتەوە بۆ لاوان و پێیان وایە ماف بە شەڕ و کودەتا بە دەست دێ، ئەمەش، ئەو بەشە ڕزگاربووەمانی جارێکی تر خستووەتە بەر مەترسی خەریکە ڕەوایەتیی بە کۆمەڵە نێو دەوڵەتییەکان دەدات، کە داگیرکردنمان لەمیانەی پاراستنمانەوە لە خودی خۆمان هاتووە نەك بۆ ژێردەستەیی و کۆیلەکردنمان، ئەمە کێشەی سەرەکییە ئەمڕۆ، نەك ئەوەی هەموو چینەکانی کۆمەڵ خۆیان پێوە خەریك کردووە و بەوەهم جیهانێکی فانیی لەوی بەرانبەر دەوێ، دەسەڵات لە هاوولاتیی دەوێ، هاوولاتی لە دەسەڵات، پیر لە لاو، لاو لە پیر.

بەبێ ئەوەی هیچ لایەك مەرجی ئەو داوایەی تێدا بێ، گەنج و لاوی کوردستان زۆر لایەنی هۆشیاری و فیکری هەیە فەرامۆشی کردووە و زیاتر بیر لەو گرفتارییە ئیرۆتییەکان دەکاتەوە کە داوای مافەکانی جەستەی لێ دەکا و کۆمەڵ ئەو مافەی پێ ڕەوا نابینێ، بەڵام لاو بەشێکی گەورەی کۆمەڵە و گەر بچینە ناو وردەکارییەکانەوە کە لە دیدارێکدا باس ناکرێ دەگەین بەو ئەنجامەی لاو خۆشی دەستێکی بالای هەیە لەو هەژموون و یاساغکردنانەدا کە ڕووبەڕووی خۆی و کۆمەڵەکەی بوونەتەوە.

لەگەڵ هەموو کەلێنەکانیشدا ئومێدێکی گەنجانە سەرتاتکێ دەکا و جار جارەش بۆ داهاتووی نزیك خۆی نمایش دەکا، بە تاك و گرووپی بچووك دەستی پێ کردووە و بە کۆمەڵی گشتگیری گەنج و لاو دەگات بە ترۆپك و تەنیا مافە جەستەیییەکانی دابین ناکا، بگرە وەکو مرۆڤ مافی پاراستنی گەنجیەتی دەیناسێنێ.

ناکرێ گەنج فۆبیای هەبێ بەرانبەر پێشکەوتن، دڵخواز بێ لەگەڵ نەریتی کۆنینە و ڕەگەزپەرست بێ یان هێشتا گەنجی مێ لە خۆی نەویتر سەیر بکا و

ئومێدی سەرکەوتنی لێ بکەین، سەرکەوتووەکانیان تەنیا ئەو تاکە کەمانەن بە ئاراستە و گوتاری جیاواز ڕووبەڕووی ژیان و دابڕینی گەنجیەتی بوونەتەوە.

**پ: بەو پێیەی ئێمە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستداین و ئاینی ئیسلامیش لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و دوورگەی عەرەبییەوە سەری هەڵدا، ئاین چی کاریگەرییەکی لەسەر گەنجی ئێمە هەیە؟**

و: ئاینی ئیسلام بەر لەوەی ئاین بێ کولتوورێکی نیکرۆفیلی عەرەبییە، کولتوورێك بەر لە دەرکەوتنی ئیسلام و پاش ئیسلامبوونیشی لە میکانیزمی تالانەوە سەرچاوەی گرت و بە مەرگدۆستی پاڵی دایەوە، ئەو ئاین و کولتوورە تایبەتمەندییەکانی لاویشی وەکو هەموو تایبەتمەندییەکانی تری ژیان و سروشتی مرۆڤایەتیی کوردی ئیفلیج کردووە.

دیارە هەموو ئاینەکان لە سەرەتاوە بە هەمان ڕێچکەی توندوتیژی بوون، لە زەمەنێکدا بۆچوونی مرۆڤە ئایدیالەکان جێگەی بە بۆچوونی ئاینی لێژ کردووە و لە کاروباری بەڕێوەبردن و گوزەرانی خەڵك جیاکرایەوە.

ئاین بوو بە تایبەتمەندییەك لە نێوان مرۆڤ و خواوەند، یاخۆ مرۆڤ و بیروباوەڕی خۆی و پێوەندیی بە هیچ دیاردە و کەسی دەوروبەرەوە نییە، سەپاندنیشی سزای یاسایی بەدوادا دێ.

ئەو تایبەتمەندییە لە کوردستاندا بە زۆر سەپاوە و کراوە بە تایبەتمەندیی هەموو تاکەکان، کراوە بە یاسا، بە کولتوور، ئەمە مەترسییەکانی بوونی کۆمەڵێکی مەدەنی و ئارام زیاتر و زیاتر دەکا، کاریگەریی ئەو کولتوورە وای کردووە ئەمڕۆ نەوەیەکی لاو نییە کارەکتەری خۆی لە دەرەوەی ئەوستراکتۆرە ببینێ و پێی وابێ دەتوانێ ئەهریمەنەکانی ئەو بارودۆخە ناچار بکا بە گۆڕان، هێزی تاك کە هەندێ جار لە نێو لاودا سەرەتاتکێ دەکا، واتەی نەوەیەك ناکا.

لاوان پێویستیان بە خودهۆشیاری و ناسینی کولتووری خۆیان هەیە بۆ ئەوە بتوانن شوناسی خۆیان دیاری بکەن و لەوێشەوە گوتاری خۆیان هەبێ، کۆمەڵگەیەك هەتا نەبێ بە خاوەنی گوتاری تایبەتی خۆی هەر لە ژێر

کاریگەرییە خورافییەکاندا دەمێنێتەوە، گوتاری کۆمەڵگەکان لە گوتاری گەنجانەوە بەرجەستە بووە، گەنج کاتێك بێ گوتارە دڵنیا نییە لە توانای خۆی، گەنجێکە لە فیکر دەترسێ و بە بنەمای بەدبەختییەکانی دەزانێ، گەنجێکە لە ژێر کاریگەریی باوکە سەلەفییەکاندایە، کە پێی وایە عەقڵی کەم ئەندێشە ئارام و بێ کێشەیە.

**پ: کولتووری ئێمە لە چاو کولتووری ئەوروپادا گومانی تێدا نییە بە کولتوورێکی داخراو دادەنرێ، ئایا گەنجی ئێمە توانیویەتی لە سایەی ئەم کولتوورەدا هیچ گۆڕانکارییەکی زانستی ڕۆشنبیری دروست بکا؟ تۆ ڕۆڵی گەنج لە ئەوروپادا چۆن دەبینی و جیاوازیی گەنجی ئێمە لەگەڵ گەنجی ئەوروپادا چییە؟ لە کاتێکدا گەنجی ئێمە و ئەوان خاوەن یەك جەستە و لەسەر یەك زەمین دەژین؟**

و: کولتووری ڕۆژئاوا لە نوێبوونەوە و ملدان بەرەو ڕێگەکانی پێشکەوتن و دۆزینەوەی زیاتر سڵ ناکاتەوە، کولتوورێکە هەموو تەمەنەکان و ڕەگەزەکان و تەنانەت بوونەوەرەکانی تریش وەکو واتایەکی سیاسی بوونیان بۆ داتاشراوە.

لاوی ڕۆژئاوایی لە پرەنسیپی گەنجیەتیدا خاوەنی کۆمەڵێ گوتاری مۆراڵی و کولتووریی جیاوازە، هەمیشە خاوەنی گوتاری نوێشە بۆ جوانترکردن و خاوەنی گوتاری هێزە ئیرۆتیکی و فیزیکییەکانی خۆیەتی.

کۆمەڵی ڕۆژئاوایی بەگشتی زیاتر کۆمەڵی گەنجە، کۆمەڵی گەنج بە واتا بایۆلۆجییەکەی نا، بە واتای پێوەرێکی گەنجیەتی بۆ حوکمی کۆمەڵایەتی، ڕۆژهەڵات و کۆمەڵی کوردی خاوەنی یەك جۆر کایەی کۆمەڵایەتی و سیاسین، ئەویش کایەی پیرە، پیری عەقڵ و سیستەم و بەڕێوەبردن، پیری کولتوور، وەکو تەمەن چۆن لە پیریدا زیاتر هەستی لە مردن نزیکبوونی لا دروست دەبێ، کۆمەڵی پیریش بەهەمان شێوەیە، لەگەڵ ڕۆژگاردا بەرەو پووکانەوەی بەها فیکری و مرۆییەکانی دەڕوا.

گەنجی کورد یادەوەرییەکی بۆ چێنراوە یادەوەریی ئەو نییە، خاوەنی کولتوور و پێوەری سیاسی و ئەخلاقی و کۆمەڵایەتیی خۆی نییە، تەنانەت خاوەنی

چێژوەرگرتنی هونەری و ئەدەبیی خۆی نییە، لە گەنجێکی کورد بڕوانە ئەوەندە گۆرانییەکی خەمبار و لاواندنەوە بۆ تەمەنی ڕابردوو، لە دەستچوونی شتێك ڕای دەکێشێ ئەوەندە گۆرانییەکی ئیقاعی بۆ تەمەنی خۆی ڕای ناکێشێ، ئەوەندە پۆشاك و قژبڕین و ڕیشتاشین و ماکیاژێکی پیرانە سەرسامی دەکا ئەوندە ئاگەی لە ڕوخساری گەنجانەی خۆی نییە. گەنجی کورد نە زەمینەی فکریی بۆ گونجاوە نە ئەوەندەشی ئەرکی خۆیەتی هەوڵی خوڵقاندنی زەمینەیەکی فیکری دەدا. چونکە لە بنەمادا پێی وایە گۆڕانکاری خۆی ڕوو دەدات و زەمینە بۆ ئەو لەبار دەبێ، لە کاتێکدا هیچ مێژوویەك ئەو هاوکێشە نادروستە ناسەلمێنێ و ئەو هاوکێشەیە تەنیا یەك بۆچوون دەکا ئەویش عاشقبوون و دڵخوازی گەنجە لەگەڵ ئایدیا و کولتووری پراگماتی، ئەوەش تەواو پێچەوانەی وزە و هێزی فیکریی گەنج و پاراستنی دیدبینیی گەنجیەتییە.

**پ: پرس نەکردنی گەنج لە ڕووی بەڕێوەبردنی وڵاتەوە بووەتە کێشەیەکی گەورە لە ناو کۆمەڵگەی کوردیدا، لەکاتێکدا دەبینی ساڵانە بە خۆپیشاندان و ناڕەزایی لە شارە جیاجیاکاندا گەنجی ئێمە ڕای خۆی دەردەبڕێ تۆ ئەو خۆپیشاندانانە چۆن دەبینی، ئایا گەنجی ئەورووپاش ئەگەر دەسەڵاتی نەدرێتێ بە خۆپیشاندان وەڵام دەداتەوە؟**

و: لە سیستەمی تۆتالیتاریدا دەنگی دووەم و ڕەنگی دووەم بوونی نییە، ئەگەر هەوڵی بوونیشی دا نەشاز و سەغڵەتکارن و بە کپبوون سنووریان بۆ دەکێشرێ، دەسەڵات و فەرمانڕەوایی لەو سیستەمانەدا واتا خوابوونی ئەو و کۆیلەبوونی بەرانبەر، ئەو دۆخە لە کوردستان بەرقەرارە، نەك تەنیا بەرانبەر بە لاوان و ڕێژەی گشتیی هاووڵاتییان، بگرە تەنانەت لەگەڵ ڕاوێژکارانی دەسەڵاتیشدا، ئەوان زیاتر ڕاوێژکاری فۆرمالیزین، نەك ڕاوێژکاری کارا، لە حەساری خواکانی سیاسەتی کورددیدا کەس شایانی گوێ لێگرتن و پرس پێکردن نییە. جگە لەوە ئەو ڕێکخراوانە بەناو بۆ لاوانن، پێویستە گەیەنەری دەنگی لاوان و دەسەڵات بن بە یەك.

دیارە زۆر ڕێگەی تر هەیە ئەگەر دەسەڵاتێکی دیموکراسی بێ بگات بەڕا و

بۆچوون و گلەیی و پرسەکانی گەنجان و جەماوەر بەگشتی، با یەکێك لەو ڕێگایانەت بۆ باس بکەم کە لە کەنەدا پراکتیك دەکرێ، ئەویش قۆستنەوەی تەکنۆلۆجیایە بۆ پێوەندیی نێوان حکووومەت و هاوولاتی، من تا ئێستا سوودی نەك یەك دێر و وشەیەکیشم بۆ ولاتی کەنەدا نەبووە، لەگەڵ ئەوەشدا هەر ٢ مانگ جارێك ئیمەیلێکم لە حیزبی دەسەلاتی یەکەمی کەنەداوە بۆ دێ و داوا دەکەن ڕا بەرانبەر خزمەتگوزارییەکان و چۆنیەتیی باشکردن و گلەییەکانمان لەو خزمەتگوزارییانە بخرێتە ڕوو، هەر خۆشیان لیستی هەموو خزمەتگوزارییەکانیان داوە، بۆ ئەوەی لە لایەك کاتی بۆ نێردراو زۆر نەگرن لە لایەکی تر ئەگەر کەسێك ئاستی زمانەوانیی نەگەیشتبوو بە گوزارشتکردنی تەواو بتوانێ بەبێ نووسینیش گوزارشت لە ناڕەزایەتییەکانی بکا، جگە لە هەبوونی بوار بۆ دەربڕین و نووسینی چی دی بتەوێ دەری ببڕی، ئەمە پرۆسەی حزبێکە ناوی پارێزگارانە و لە کەنەدادا هێندەی حزبی لیبراڵ خۆشەویست نییە.

دەسەلاتەکانی ئێمە خۆیان ناو ناوە سۆشیال دیموکراسی و بە گوللە وەلامی گلەیی و ناڕەزاییی گەنجان و خۆپیشاندەرانی کورد دەدەنەوە، دەسەلاتێك هێندە هاوولاتیی خۆی نەویێ گوێی لێ بگرێ و وەلامی ناڕەزاییبوونەکانی بە مەرگ بێ، چۆن داوای پرسی لێ دەکرێ.

ئەوەی ئەمڕۆ فیکری مۆدێرن نایخوازێ توندوتیژییە، ئەفسووس دەسەلاتداران پاڵ بە لاوانەوە دەنێن بۆ توندوتیژی، هەتا ئێستا ستراکتۆری سەلەفیی ئەوان پێی وایە تەنیا لە ڕێگەی توندوتیژی و کودەتاوە چینێك لە چینەکانی کۆمەڵ دەگەن بە مافی خۆیان، چونکە لای دەسەلاتی میللیگەری ماف لە بە دەسەلاتبووندا دەبینێتەوە، داوای مافکردنیش لە داوای کورسیی دەسەلاتدا دەبینێتەوە، پێی وایە گەر توانییان کودەتا بکەن و کورسییەکانی دەسەلاتیان گرت ئیتر ئازادن چییان دەوێ، ئەوان ئەوەندە لە مافی گەنج و چینەکانی تر کۆمەڵ گەیشتوون و لەم ڕوانگەیەشەوە کاری بۆ دەکەن، ئەوە پەیڕەوکراوی باوکە سەلەفییە سیاسییەکانی پێش خۆشیان بووە، هەر ئەو

پەیڕەوە ستراکتۆرە پاڵنەرێك بووە بۆ لێك هەڵوەشانەوەی دەسەڵاتەکانی پێشوو، ئەوان تا ئیستا دەسەڵاتێکن مەرجی بەڕێوەبردنیان تێدا نییە و فانییانە بۆ خواستی هاووڵاتی دەڕوانن، کارەساتە لە نێوان دەسەڵات و ڕێکخراوەکانی لاواندا لە بڕوا بوون بە دەزگا مەدەنی و کۆمەڵی مەدەنی باوەڕی بە شەڕ هەبێ، شەڕی لاوان و دەسەلات، شەڕی جەماوەر و دەسەڵات، ئەو شەڕانەی لە ڕابردوو و ئێستادا مایەپووچییان دایە دەستمان.

**پ: گەنجی ئەمڕۆی ئێمە لە ناوەوەی وڵات بێدەنگییەکی پێوە دیارە ئەو بێدەنگییە مانای ڕازیبوون نییە بە کێشە و کەموکووڕییەکان کە یەخەیانی گرتووە؟**

و: جگە لە ڕازیبوون، دەرك نەکردنیش بە میکانیزمەکانی گەنجیەتی و ئنتمابوونیان دەکا بۆ جیهانی پراگماتی. بێدەنگەکان خاوەنی ئایدیای جوداخواز نین لە کۆمەڵی پیر و ئایدیالی پیر تا دەنگیان بەرز بکەنەوە و هەوڵی فەراهەمهێنانیان بدەن، هەموو فاکتەرەکانی گەنجبوون و پاراستنی گەنجیەتی نەکەوتوونەتە خانەی تابۆ و یاساغەوە، واتە هەموو بەهانەکان ناچنە خانەی لۆجیکەوە، بەڵام گەنجی کورد تا ئێستا نەیتوانیوە ببێ بە خاوەنی گوتاری گەنجیەتی، یاخیبوونی گەنجانە ئەوکات بەبێ ویست و خواستی خۆی، خۆی لە دەرەوەی نەوەی پیر دەبینێ و خۆی لە دەرەوەی ستراکتۆری بەڕێوەبردن دەبینێ. لاو ئەگەر خاوەنی تایبەتمەندی و ئیرادەی خۆی بێ، ناتوانێ بیدەنگ بێ، ناتوانێ دەستەوەسان و حەپەساو بێ لە دیوەخانەکانی حزب و خێوەتەکانی هۆزدا.

**پ: شەڕی ناوەخۆ چ کاریگەرییەکی لەسەر گەنجی کورد بەجێ هێشت؟**

و: شەڕی ناوخۆ کاریگەریی کوشندەی لەسەر هەموو بنیاتی کۆمەڵگەی کوردی بەجێ هێشت، هەموو پێکهاتەکانی لێك ترازاند، لە نێو ئەو کۆمەڵەشدا وەزیفەی گەنجی ون کرد.

بەر لە شەڕی ناوەخۆ ئێمە خۆمان کۆمەڵی پاش شەڕ بووین، ڕاپەڕین ئومێدێك بوو بۆ ئەو دەستە ڕێکخەرەی هەمیشە کۆمەڵەکانی پاش شەڕ

پێویستیان پێیەتی، چۆن کۆمەڵی پاش شەڕ پێویستی بە ئۆرگانیزەکردنەوەی کایە سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانی هەیە، ڕێکخستنێك هەندێ لە بەها زەوتکراوەکانمان بۆ بگەڕێنێتەوە، هەستی خۆ ئۆرگانیزەکردن هەستێکی گشتگری کۆمەڵی کوردی پاش ڕاپەڕین بوو، دیارە کۆمەڵی ئۆرگانیزەش گەشبینە بە گۆڕانکارییە کولتوورییەکان.

شەڕی ناوخۆ واتای گەشبینیی کرد بە ڕەشبینی و هەستی خۆڕێکخستنەوەی لە بنەوە هەڵکەند، لە بریدا هەستی تۆڵەکردنەوە و پەرتەوازەیی و بوغزی لە نێو کۆمەڵی کوردیدا چاند، ئەو بارودۆخەش دەنگی گەنجی بەشێوەیەك پەرتەوازە و دابەش کرد، ئەمڕۆ بە ئاسانی یەك ناگرێتەوە و کۆ نابێتەوە و خۆی ناناسێ، بەشێوەیەك ئاوێتەی کۆمیتە حزبییەکانی کرد، بیری بوو بە ڕۆبۆتی بیری ڕاگەیاندنەکان و نەیتوانی بەرانبەر بناسێ، بوو بە مرۆڤێکی دەروون دابەش ، دووفاق لە نێو خواستی حزبگەری و داوای گەنجانە، وە لەبەرئەوەی فاکتەری یەکەم ستراکتۆری بەڕێوەبردنی پێوە پێوەستە توانیی بەجارێك بوونی گەنج داگیر بکات و ڕۆڵی نووژەنکردنەوەی تەقەمەنیی شەرگەکانی حزبی پێ ببینێ، ئەو بەکارهێنانەش لاوی سازشکار و خیانەتکاری بەرانبەر شەڕە جوانەکانی لاوێتی بەرهەم هێنا، دۆڕانی ئەو شەڕانەش بارودۆخی ئەمڕۆی گەنج و لاوی دروست کردووە.

**پ: ڕێکخراوەکانی گەنجان تا چەند توانیویانە ببنە هۆکارێك بۆ بایەخدان بە گەنج و لە هەمان کاتدا ببنە هۆکارێکی تر بۆ ئەوەی لە لایەن حکوومەتەوە ئاوڕیان لێ بدرێتەوە؟**

و: ڕێکخراوەکان ئەو دەزگانەن کۆمەڵە تابۆکان خۆیان تێدا حەشارداون بۆ ڕامکردنی گەنج، فێریان دەکەن وەزیفەی فیکر ئەوەیە گۆڕینی کولتوورە میللییەکان و ستراکتۆرە سیاسییەکان بە بڤە بزانێ، شازدە ساڵ بوونی بێهوودەیان دەیسەلمێنێ ئەو دەزگا مەسخکارانە کە توانییان گەنجیەتیی پڕ وتن و نارەزایەتی بکەن بە جیهانی لاڵبوون و بێدەنگی و بەڵێکردن، لاویش لە بەردەم عەقڵییەتی شەڕانگێز و دەسەڵاتی حزبەکاندا هیچ ئەڵتەرناتیڤێکی تری

نەبێ بۆ وتن، ڕێکخراوەکان گەنجی شەرمۆك و دەستەمۆ و بە عەقڵی کۆمەڵی پیر گیرۆدە بەرهەم دەهێنن.

ئەو دەزگایانەی مرۆڤی ڕامکراو بە ئاراستەی حزبەکان دەهێننە نێو کایەکانی ژیانەوە، ناویان دەنێم ڕێکخراوەکانی کوشتنی ئیرادە. ئەوان ئەگەر بکوژی ئیرادە نەبن و دەنگی لاو بن نەك حزب، حزبەکانیان ناتوانن لاوان سزا بدەن و گوللەباران بکەن تەنیا لەبەرئەوەی خۆپیشاندانیان کردووە. ئەگەر دەنگی لاو بوونایە نارەزایی و خۆپیشاندان دژی دیاردە ناشارستانی و دیاردەکانی دژی ئاسایشی نەتەوەیی هەموو لاوان لەسەر شەقامەکان دەبوون، هەموو لاوان ناڕازی دەبوون، نەك تەنیا ژمارەیەکی کەم، دوایش ناویان بنرێ سیخوڕ و تێکدەر.

جێگەی بەزەییە ڕێکخراوی لاوان هەبێ و لاوان پەنا بۆ توندوتیژی بەرن ئەو ڕێکخراوانە بایی ئەوەندە متمانە بە لاوێتی، بە گەنجیەتی نەبەخشن بتوانن ڕێگەی شارستانییانە فێری گەنج و لاوان بکەن و نارەزاییەکان دەنگی هەمووان دەبوو نەك ژمارەیەکی دیاریکراو.

پێ ناچێ لێپسراوانی ئەو ڕێکخراوانە خوێندکاری باوکە سەلەفییەکانی سیاسەت نەبن و ئەوانیش هەمان عەقڵی نەریتیی دەسەڵاتی سیاسییان نەبێ بۆ وەدەستهێنانی نرخاندن و مافەکانی گەنج.

**پ: ڕاگەیاندن گەورەترین کاریگەری هەیە لە ناو کۆمەڵگەدا بۆ دروستکردنی ڕای گشتی، ئایا تا چەند ڕاگەیاندنە کوردییەکان توانیویانە گەنج بجووڵێنن تا هەست بە کێشە و کەموکوڕی بکەن؟**

و: ڕاگەیاندنەکان زمانی ئاخافتنی حزبەکانن، نوێنەری دەنگی حیزب و جێبەجێکاری ستراکتۆری حزبن، یان شێوە حزبین، دەسەڵاتیش باوەڕی بە کۆمەڵی گەنج نییە، گەنج لای مەترسییە و بە میراتگری خۆی دەزانێ، ڕاگەیاندن کاتێك دەتوانێ خزمەت بە گەنج بکا، لە سەرچاوەیەکی دیموکراسییەوە هەڵقولابێ و ئاراستەکارانیان باوەڕیان بە گواستنەوەی دەسەڵات و بڕیار و بەها هەبێ بۆ گەنج، باوەڕی بەوە هەبێ گواستنەوەی گەنج لە داوێنەوە بۆ

سەنتەر گواستنەوەی کۆمەڵ دەکا لە نەریتییەوە بۆ کۆمەڵی مەدەنی.

ئەگەر ئەوەشی لابوو بە ئامانج، خەڵکی پسپۆڕ لەو بوارەی گەنجاندا لە ڕۆژنامەکەیدا دادەنێ و ئەگەر پسپۆڕیش هەبێ تەنیا لاپەڕەیەکی ڕۆژنامە دەتوانێ کێشە و کەموکوڕییەکانی گەنج بە خۆیان و بە لێپرساوانی ئەو دۆخەش بناسێنێ. بەڵام نەبوونی هەستی لێپرساویەتی، ترس لە گەنجیەتیی گەنج لە سەنتەرەوە لە کارخستنی واتای گەنجی گەیاندووە، نەبوونی هەمان هەست لای گەنج خۆشی بۆ پڕۆژەکانی خودناسی، بواری بۆ دەسەڵات و ڕاگەیاندنی دەسەڵات خۆش کردووە، گەنج هەمیشە لە هاوکێشەیەکی نەفرەتاویدا پێناسە بکرێ، نەك بیرکردنەوە لە ئەرێیەکانی ژیانی.

# 16

سازدانی: نەسروڵڵا سورچی

رۆژنامەی ئاڵای ئازادی. ژمارە ٤٤٦

*«کازیوە ساڵح»ی نووسەر و ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەنووس، سەردانی میسری کرد و دوور بەدوور موتابەعەی ئەم گەشتەمان دەکرد، بۆ ئەوەی بزانین ئافرەتی کورد چی لە توانادا هەیە، پێشکێشی گەلەکەی بکا لە دەرەوەی وڵات، بەڵام هەروەکو چاوەڕوان دەکرێ لە ماندوونەناس و خۆنەویستێکی وەکو کازیوە خان بەدی هات، کەگەڕایەوە سەردانی نووسینگەکەمانی کرد و بە پێویستمان زانی کەلوبەری گەشتەکەی بزانین و بۆ ئەم مەبەستەش ئەم چاوپیکەوتنەمان لەگەڵ ساز کرد.*

**پ: بۆچی لە سەرجەم وڵاتانی عەرەبی وڵاتی میسرت هەڵبژارد بۆ سەردان؟**

و: من میسرم هەڵنەبژارد، لە لایەن کۆمەڵێ ڕۆژنامەنووس و ڕۆشنبیری ئەوێوە دەعوت کرابووم و ئەوان منیان هەڵبژارد بۆ بانگهێشتنکردن، گەرچی ئەگەر هەڵم بژاردایە هەر میسرم هەڵدەبژارد، چونکە میسر ئەو وڵاتەیە هەموو کەسێك دەتوانێ چرای ژیانی داهێنانی تێدا هەڵبکا.

**پ: وەکو کوردێك توانیت چ چالاکییەك ئەنجام بدەی لەو وڵاتەدا کە سوودبەخش بێ بۆ ئەزموونی گەلەکەمان؟**

و: زۆر كاری جیدی و پڕ سوود، ئەو ماوەیە لەوا بووم پرۆگرامێكی هێندە پڕم داڕشتبوو كەماوەی ڕۆژێك مۆڵەت و حەوانەوەی تێدا نەبووە بۆ خۆم، لە لام گرینگ نەبوو ئەو خەڵكەی دەیبینم چاوپێكەوتنی ڕۆژنامەنووسیی لەگەڵدا بكەم یاخۆ نا، ئەوەی گرینگ بوو لە لام زۆرترین كەسە بەناوبانگ و ڕەمزەكانی عەرەب ببینم پێیان بڵێم ئەمە ناسنامەی نەتەوەكەی منە و ناسنامەی ژنی كورد و ئەنفال و هەڵەبجەیە. بەغرووریشەوە ناڵێم لە ماوەی مانگێكدا توانیم ئەو ئاكامە ئەنجام بدەم، زۆرترین ژمارەی ڕەمزەكانی عەرەبم بینی زۆریشیان هەیە تەنانەت وێنەیەكیشم لەگەڵدا نەگرتووە، بەڵام بەسەعات باسی كورد و كێشەكانیمان كردووە و كتێب و نامیلكەم لەسەر ئەو مەسەلانە بۆ پەیدا كردوون، یان هەندێ وتارم بۆ كۆپی كردوون، لەسەر ئەو هەڵوێستەش (نەجیب مەحفووز) پێی دەگوتم: «ئەوەی تۆ دەیكەیت لە سیاسەت گەورەترە، باوەڕ ناكەم سیاسییەكانتان كردبێتیان، تۆ هەموو ڕەمزە گەورەكانی عەرەب دەگری هەموو مەسەلەكانی تێ دەگەیەنی، وای لێ دەكەی ئەویش بەرگریتان لێ بكات، بەرگریكردنی هەر یەك لەو ڕەمزانەش واتە بەرگریكردنی ژمارەیەكی زۆر لە جەماوەرەكەیان». ئەم وتەیەی مەحفووزیش وەئاگاهێنانەوەی دڵەنووستووەكانە بۆ ئەوەی ئیتر قفڵە ژەنگاوییەكانی دەرگە داخراوەكان بشكێنن.

**پ: ئایا گەلی میسر بەتایبەت چینە ڕۆشنبیرەكەی تا چ ڕادەیەك ئاگەداری بەسەرهاتەكانی گەلی كوردستانن؟**

و: بەداخەوە وەكو پێویست نەخێر، ژمارەیەكی زۆر كەمیان ئاگەیان لە بەسەرهاتەكانی گەلی كوردستانە، ئەویش لە میانەی كیمیایی بارانی هەڵەبجەوەیە. نازانن ئەنفال چییە؟

ئەمەش لە هەندێ چاوپێكەوتندا كە لەگەڵ چینە ڕۆشنبیرەكەی كردوومن دەردەكەوێ، دەكرێ توێژە سیاسییەكە ئاگەیان لە هەموو شتێك بێ، بەڵام وەكو ڕاگەیاندن تیشكی ناخەنە سەر، بەڵام بەشێوەیەكی گشتی ناوی كوردیان وەك معارەزەی عێراق بیستووە كە بەپشتیوانیی ئەمریكا دەیانەوێ عێراق دابەش

بکەن، ناوی ئەمریکاش لەگەڵ هەر نەتەوەیەکدا برا، لە ناو عەرەبدا پەسەند نییە. خەڵکیش هەبوو لەگەڵ ئەوەی ئەستێرەی جیهانی عەرەبییە، هیچ لەبارەی کوردەوە نازانێ و ئاگەی لە هیچ داوونەرێت و شارستانییەتێکی نییە و نازانێ موسڵمانە یاخۆ ئاینێکی تری هەیە، زۆر پرسیارم لەو بارەیەوە لێ کراوە، بۆ نموونە (مەحموود یاسین) سەرەتا کە دەمگوت کورد وای دەزانی باسی خواردنی بۆ دەکەم، (سەلاح ئەلسەعدەنی) کە دەمگوت ٥٠٠٠ کەس بەکیمیایی و ١٨٢هەزار کەس بە ئەنفال لە ناو چوون، ٤٥٠٠ گوند خاپوور کراوە، سەری سووڕدەماو دەیگوت ڕاست نییە، هیچ سیستەمێك ئەوە ناکات... و تاد، زۆر کەسی تریش سەرەتا هەمان ڕایان هەبوو، جگە لەوەی سەرجەم ئەو کەسانەی چاوپێکەوتنم لەگەڵدا کردوون و ئەوانەش کە تەنیا دانیشتن و گفتوگۆمان کردووە، سەریان لەوە سوڕدەما کە چۆن ئەو هەموو زانیارییە لەبارەی ئەوان و بەرهەمەکانیانەوە دەزانم، کە باسی پێشکەوتنی ڕاگەیاندنم لە کوردستاندا بۆ دەکردن و پێم دەگوتن کەناڵی ڕاگەیاندنی ئێمە لەوانەی ئێوە زیاترن و هەندێ فیلم ئێمە دەیبینین کە بەرهەمی ئێوەن لای خۆتان لێ نادرێ و نموونەشم بۆ هێنانەوە، پێیان سەیر بوو دەیانگوت ڕاگەیاندنی چەواشە ئێمەی واتێ گەیاندووە کە کورد گەڵێکی دواکەوتوو و شەڕانگێزە. زۆریشیان دانیان بەوەدا دەنا کە شەڕی کوێت کوردی پێ ناساندن، بەڵام ئەوانەیان کە زانیاریی تەواویان لەسەر کورد هەبوو، ئەوانەشی کە توانیومانە زانیاری تەواویان پێ بگەیەنین زۆر هاوسۆزن و ئامادەی هەڵوێستی باشن.

**پ: کەواتە هەڵوێستی ئیجابی و سلبییان چی بوو؟**

و: ئەوانەی کە بینیومن ئەگەر هەڵوێستی خراپیشیان هەبووبێ، پاش گفتوگۆکردن و تێگەیاندنیان نەك هەر هەڵوێستی باشیان هەبوو، بگرە ژمارەیەکی زۆریان ئامادەی هاتن بۆ کوردستان و چاوەڕوانن ناوەکانیان بدەم بەحکوومەتی هەرێم و دەعوەتی ڕەسمییان بۆ بکرێ، ئامادەن شتی جوان بۆ کوردستان بکەن. لە ناو هونەرمەندەکاندا جوانترین هەڵوێست و جورئەتم لە (ئوسامە ئەنوەر عەکاشە و نووری شەریف) بینی ناشیرینترین هەڵوێستیش لە

(عـادل ئـیـمـام) دیـاره عـادل ئـیـمـام لـه کـوردسـتـانـدا لـەمـەزنـتـریـن هـونـەرمەند و نووسەری کورد زیاتر بـایەخی پێ دەدرێ، ئەمەش شتێکی ئاساییە، چونکە بایەخ بەبێگانە زیاتر دەدەین هەتا خەڵکی خۆمان لە کوردستانەوە بەمندا کۆمەڵی نـامە و وێنە و شریتی کارە وەرگێڕاوەکانی خۆی بۆ زمانی کوردی بۆ نێردرابوو. ئـامـادە نەبوو وەری بگرێ.

هـەروەهـا لـە تـوێژە خـوێـنـدەوار و سیـاسییـەکـەش جوانم بینـی کـە دان بـەشتـە ناشیرین و جوانەکاندا دەنێن، من زۆرم گلەیی لێ دەکردن کە ڕۆژنامەکانیان کەم تەرخەمن بەرامبەر بەکورد و کێشەی کورد و دەیانگوت ڕاستە ئێمە کەمتەرخەم بووین، بەڵام ئێستا ئەو پەردەیەمان لابردووە، هەروەهـا زۆر بـاسی پێوەندیی بـاش و هـەوڵ و کۆششەکانی کاك (عدنـان موفتی)یان دەکرد و پێیان گوتم عەدنـان موفتی هـەوڵی داوە کە زمـانی کوردی بخاتە نێو میتۆدی خوێندنی میسرەوە و پێوەندیی بـاش بووە لەگەڵماندا و... تـاد. واتە بەپێی جووڵانەوە و کارکردنی کورد لە میسر لە ڕووی ئـامـادەیی دەروونییەوە تەنیا وڵاتێکە نەك دەتوانرێ کاری بـاشی بۆ کورد تێدا بکرێ، دەتوانرێ شۆڕشی کوردی تێدا بکرێ، چـونـکـە ئـەو وڵاتـانـە هـاوسۆزی دەربـڕیـن لـەگـەڵـیـانـدا وەکـو (مـیسر) زۆر شت دەگەیەنێ، مەبەستم ئەوەیە ئەوان زۆر وڵاتپەرستن، وڵات پەوستنیش لای ئەوان بە مـانـای نیشتمانی عەرەب و عەرەبپەرستن نایەت، بەڵکو بە مـانـای میسرپـەرستن دێ، ئەوان میسریـان زۆر خۆش دەوێ، لە ڕێگەی خۆشویستنی میسرەوە هەموو هەڵوێستێکی جوانیـان دەبێ.

**پ: پاش ئەم سەفەرە دەتوانرێ چ جۆرە پێوەندییەك لە نێوان ئێمە و ئەواندا دابڕێژرێ؟**

و: دەتـوانـرێ زۆر پـێـوەنـدیـی ڕۆشـنـبـیـری و مـرۆیـی بـبـەسـتـرێ لـە هـەمـوو ڕووەکـانـەوە بـەپـێی ئـەو پـەیمان و گفـتـوگـۆیـانـەی کردوومـانـە، ساڵێکی تـر سینەمـای کوردی دەتوانێ لە فیستیڤاڵی سینەمای دەولیی قـاهیرەدا بەشدار بێ، هـەروەهـا شانۆی کوردی لە فیستیڤاڵی شانۆیی تەجریبیی دەولیی قـاهیرەدا بەشدار بێ، هـەروەهـا سەبـارەت بـە شێوەکاری و مۆسیقا و گۆرانییش. هـەوڵێکی

زۆرم داوە کە لە هەموو ڕوویەکی ڕۆشنبیری و هونەرییەوە ساڵی داهاتوو لە و میهرەجانانەدا کە لە قاهیرە ساز دەکرێن و سەرجەم وڵاتانی جیهان بەشداری تێدا دەکەن کوردیش بەشداریی تێدا بکا، ئەگەر بەرهەمی گونجاومان هەبێ. لەو ماوەیەشدا کە لەوێ بوون بۆ چەند هونەرمەندێکی شێوەکار کە وێنەی تابلۆکانیانم لەلا بوو، هۆڵم بۆ حجزکردن، کە لەوێدا پێشانگایەك بکەنەوە، پرۆگرامەکەشم بەو شێوەیە داڕشتووە کە پێشانگەکە لە دوو شوێنی میسردا بکرێتەوە، لە قاهیرە و منێورە کە سێ سەعات لە قاهیرەوە دوورە، پاشان بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیی دوو سەعاتی لە سەر پێشانگاکە بکرێ و کۆمەڵێ خەڵکی شارەزا تابلۆکان هەڵسەنگێنن و چاوپێکەوتن لەگەڵ هونەرمەندەکاندا بکەن. کۆمەڵی ڕۆژنامە ئاگەدار کراونەتەوە کە بایەخ بە مەسەلەکە بدەن و دانرابوو من لەوێ بم پیشانگەکە بکرێتەوە، بەڵام بەداخەوە من بەهۆی چەند کارێکی خۆمەوە ناچار بووم بەر لەکاتی خۆم بگەڕێمەوە، بەڵام خۆشیان موتابەعەی مەسەلەکە بکەن هەر بەو شێوەیە دەڕوا کە داڕێژراوە.

هەروەها (دار الاوبرا) کە گەورەترین بنکەی ڕۆشنبیرییە لە میسر، ئێوارەیەکی مۆسیقا و گۆرانیم بۆ ناسری ڕەزای و مەرزییە تەرخان کرد، بەڵام دیسان بەهۆی گەڕانەوەی منەوە ئەو کارە نەکرا و مەرزییە گوتی ئەگەر تۆ لەوێ نەبی، پێم خۆش نییە بێمە ئەوێ بۆیە گێڕانی ئەو ئاهەنگە دوا دەخەین بۆ سەردەمێکی تر بەڵکو لە کاتێکی تردا تۆ لەوێ بی.

خوازیارم لێرەوە هەموو هونەرمەندان ئاگەداری ئەوە بن کە لە ساڵی داهاتوو دەتوانن بە بەرهەمێکی باشی سینەمایی کە وەرگێڕانی عەرەبیی خرابێتە سەر و شانۆیەکی تەجریبی لە هەردوو فیستیڤاڵی سینەمایی و شانۆییدا وەکو کورد دەتوانن بەشداری بکەن. ڤیستیڤاڵی شانۆی تەجریبی لە ٩/١دا پێشکێش دەکرێ، ڤیستیڤاڵی سینەماش لە ١٠/١ دەست پێ دەکا، بەڵام لە ساڵی داهاتوو بەهۆی مانگی ڕەمەزانەوە پێش دەخرێ بۆ مانگی ٩، بەڵام دەبێ بە دوو مانگ بەر لەوە من ئاگەدار بکرێمەوە بۆ ئەوەی پێوەندییەکان ببەستم، خوازیارم لێژنەیەکی شارەزا و بەبڕیاری وەزارەتی ڕۆشنبیری بە ڕەسمی ئەو بەرهەمە

هەڵبژێریٚ بۆ بەشداربوون.

**پ: وەکو بیستوومانە بەشداریت لە کۆنگرەیەك کردووە وەکو نوێنەری کورد؟**

و: بەڵێ لە کۆنگرەی ژنانی عەرەب بە هۆیساڵیادی ڕاپەڕینی فەڵەستینەوە سازکرابوو دەعوەت کرام کە سەرجەم ژنانی ڕێکخراوەکانی میسر و هەندێ لە وڵاتانی عەرەبیش بە وتار و شیعر و چیرۆك و گێڕانەوەی سەرگوزشتە بەشدارییان تێدا کرد، منیش بە وتارێك بەشداریم تێدا کرد بە پۆشاکی کوردییەوە، دانیان بەوەشدا نا کە هەموو ساڵێك ئەو کۆنگرەیە دەبەسترێ. بەڵام ئەوە یەکەم جارە کەسێك بە جورئەتەوە باس لە بێ هەڵوێستی سەرکردەیەکی عەرەب بکا بەرامبەر بە نەتەوەکەی، چونکە من لەوتارەکەدا ئاماژەم بەوەکرد کە (یاسر عەرەفات)ی سەرکردەی فەلەستین لە کاتی ڕاپەرینی ئێمەدا و لە کۆچ ڕەوەکەدا هەڵوێستی نەشیاوی هەبوو بەرامبەرمان و گوتی: (بقد اقیم اکبر مطبخ للدجاج الطازج فی سما و کردستان).

**پ: ئەی دەربارەی ئەندام بوونت لە ڕێکخراوەی مافی مرۆڤی عەرەبی دەڵێی چی و چۆن بوو؟**

و: پاش ئەوەی چاوپێکەوتن و گفتوگۆکردنمان لەگەڵ ئەندامانی ئەوێ و بە تایبەت محەمەد فایق لێپرسراوی مافی مرۆڤی عەرەبی و وەزیری ڕاگەیاندنی پێشوو کرد، هەڵوێستێك هاتە پێشێ کە ڕای خۆم هەبوو لەسەری، دیارە ئەو هەڵوێستەی زۆر پێ خۆش بوو، یەکسەر گوتی پێمان خۆشە کەسانی وەکو ئێوە ئەندام بن لە ڕێکخراوەکەدا، منیش مەرجی ئەوەم دانا کە ساڵانە بتوانم چەند ئەندامێکی مافی مرۆڤ دەعوەت بکەم لە میسر دەورەی مافی مرۆڤ تەواو بکەن، ئەو ڕاپۆرتانەش لەسەر پێشێلکارییەکانی ڕژێم دژ بەکورد، دەینێیرم بڵاو بکرێنەوە و ئاگەمان لە بڵاوکراوەکان بێ، هەروەها ئەندامانی مافی مرۆڤی عەرەبی جگە لەو فایلەی لە مەرکەزی ڕەئیسی لە میسر هەیانە ناسنامەیان نییە، بۆیە داوام کرد کە بەڵگەیەکم هەبێت ئەندام بوونم بسەلمێنێ، دوو بڕوانامەیان بە زمانی ئینگلیزی و عەرەبی بۆ کردم کە دیارە ئەوە (إستثناء)ێك بوو وەکو خۆیان دەیانگوت یەکەم جارە کردوویانە و هەردوو ڕۆژیش

سوپـاسنـامـەیەکم گەیشت بـە دەست و زۆربـایـەخیـان بـەو مـەسەلـەیـە دا، بۆیـە خوازیارم لێرەوە دەنگم بگاتە هـەموو ڕێکخراوە مرۆییيەکان و حزبەکان بەو لایەنانەشەوە کە خیلافی فیکریم لەگەڵیاندا هەیە و هەر ئامار و ڕاپۆرت و بەڵگەنامەیەکیان لایە و گەیاندنی بەشوێنی پێویست سوودی بۆ تاکی کورد هەیە، ئەگەر بۆم ڕەوانە بکەن من ئامادەی هەموو خزمەتکردنێکم.

**پ: ئەوانەی باست کردن هەمووی بەرژەوەندی گشتی بوو بۆ کورد، ئەی هیچ پڕۆژەیەکی تایبەتت نەبوو؟**

و: ئێستا کۆمەڵە چیرۆکێکم بە زمانی عەرەبی لە (هيئة دار الكتاب) لە ژێر چاپدایە، ئەو دەزگایەش گەورەترین دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی میسرە و خـاتـوون (سۆزان مـوبـارەك)ی خـێزانـی حـوسنـی مـوبـارك لێپرسراوێتی و د. (سەمـیـر سەرحـان) جێگری وەزیری ڕۆشنـبـیریـی پێشوو سەرپـەرشتیی دەکـا، ئەوەشیان هەر پڕۆژەیەکە بۆ کورد، چونکە خۆیان دەیانگوت یەکەم کتێبە بۆ کوردێکی چاپ دەکەن و هەروەها یەکەم کتێبی کوردیش دەبێ لە میرەجانی کتێبی دوەلیی قاهیرەدا بەشداریی پێ دەکەین.

**پ: ئایا سەردانەکەتان چ جۆرە بایەخێکی پێ درا لە لایەن ئێمەوە وەکو کورد لە لایەن ئەوانیشەوە وەکو میسر؟**

و: ئەمە ئەو بەراوردەیە کە هەرچەند لەگەڵ خۆمدا لەوێ لێکم دەدایەوە نیگەران و بێ ئومێدی دەکردم بەرامبەر بە ناسنامەی ڕۆشنبیری و سیاسیی کورد. دیارە ئەم بەراوردکردنە بۆ من جیاوازیی هەیە هەتا کەسێکی تر، چونکە من ئەو مرۆڤەم لە کوردستاندا شوانیشم بـۆ دەگیرا و گورگیشم تـێ بـەردەدرا، گورگەکانیش هێندە پیشتیوانی بەهێزیان هەبوو کە زۆربەی دەرگەکانیان بەڕوومدا دادەخست، ئەگەر ئەوەشمان بۆ نەکرایە چەندین نسکۆیان دروست دەکرد، جگە لەوەی ئێمە لە ناو خۆماندا هێندە بە کەمی و کەمتەرخەمی سەیری مرۆڤی خۆمان دەکەین کە لە وڵاتی خۆماندا هەست بە غەریبی بکەین، بەزمانێکی تر ئەگەر تەنیا باسی خۆم بکەم، گوشارێکی هێندە ناشیرینم خرابووە سەر کە بەسەدان کەسی دڵسۆز داوایان لێ کردم کوردستان بەجێ بهێڵم.

لە ناو کوردستاندا ئەگەر توانایەك یان کەسایەتی یان جەماوەرییەتێکی زیاتریان بەدی کرد لە کەسێکدا، چەندین داوودەزگای داپڵۆسێنەر تواناکان دادەپڵۆسێنن و ناشیرینی دەکەن و مرۆڤەکان لەکەدار دەکەن و هەوڵ دەدەن لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەکەنیانەوە لە بەردەمی نەتەوەکەیدا ناشیرین و بچووکی بکەنەوە. ئاکارێکی دەخەنەبەر کە وا هەست بکا ئەمە لە دەرەوەی پرۆگرامی سیاسی کوردستاندا نییە و ئەو دەزگایانە لە خۆیانەوە ئەوە ناکەن، بەڵام لە میسردا بەپێچەوانەوەیە نەك هەر تەنیا ڕۆڵەکانی خۆی لە ئامێز دەگرێت بگرە هەوڵ دەدات تواناکانی تریش بۆ خۆی بقۆزێتەوە، هەر ئەوەشە وای کردووە کە تەنیا قاهیرە ٢٠ ملیۆن مرۆڤی تێدا بژی کە بەشێکی زۆری بێ کارە، ئەگەر بەراوردی توانای من بکرێ بەو توانا و ڕۆشنبیرییەی لە میسردا هەیە. ئەوا یەك دڵۆپ ئاو ناکا لە دەریایەکی گەورەدا، بەڵام هێندە وڵاتی خۆیان خۆش دەوێ، پێیان خۆشە سەرجەم تواناکان بۆ خۆیان بقۆزنەوە و سوودی لێ ببینن، ئەوەی لە وڵاتەکەی خۆیدا جێگەی نەدەبووە و بەهەموو شێوەیەك هەوڵی شکاندنی دەدرێ لە شوێنی زۆر بەرزەوە داوای لێ دەکرێ لە میسر بمێنێتەوە، ئەو کچەی لە بستە خاکەکەی کوردستاندا هەموو جۆرە گوشارێکی خرابووە سەر بۆ ئەوەی بەجێی بهێڵێ و هەندێ جاریش ناڕاستەوخۆ پێی دەگوترا، میسر پێویستی بە کچێکە عەقڵ و کارەکانی لە تەمەنی گەورەتر بن، تۆش پێویستیت بەمیسرە و هەموو مرۆڤە جیهانییەکان لە ڕۆژهەڵاتدا لە میسرەوە دەستیان پێ کردووە و... تاد، ئەمە لە ڕووی مەعنەوییەوە لە ڕووی مادیشەوە بەبیانووی ئەوەی کە من لە کوردستانەوە چوومەتە سووریا و لە بەغداوە نەڕۆیشتووم ٥ مانگ سەفەرەکەیان دواخستم، ئەوەی وای کرد لە ڕووی مادییەوە نەتوانم سەفەر بکەم. لەگەڵ ئەوەی دەسەڵاتی کوردی بەو بارودۆخەی دەزانی، بەڵام من لە سووریادا بەقەرزکردن لە عەرەب ڕۆیشتمە میسر و لە میسریش لە ماڵی کچە ڕۆژنامەنووسێکی عەرەبدا بووم، چونکە توانای مادیم نەبوو، لە کاتێکدا ئێمە کە دەگات بە گفتوگۆ خۆمان وا نیشان دەدەین کە زۆر لەوە گەورەترین خۆمان کەمتر نیشان بدەین لە بەردەمی نەتەوەیەکدا کە چەندین ساڵە چەوساوەی

دەستین. لە ڕووی ڕاگەیاندنیشەوە لەگەڵ ئەوەی تەنیا کەسێکم ئەو بانگهێشتنە بکرێم، بەڵام ڕۆژنامەکان جگە لە ڕۆژنامەی هەرێمی کوردستان و بەدرخان و کۆڤاری تیرۆژ، هیچ ڕۆژنامەیەك بایەخیان بەو مەسەلەیە نەداوە، ئەمە جگە لەوەی هەندێك شەڕی دەستەویەخەی لەگەڵ ئەوانیش دەکرد گوایە نابێ بایەخ بەو مەسەلەیە بدەن، وایان دەزانی بایەخنەدان کەسێك دەسڕێتەوە و دەگەن بەمەرامی خۆیان کە لەوێش بووم ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی و (رایە الحریة) لە ڕۆژنامەکانی تر زیاتر بایەخیان بەچالاکیی من داوە.

ئێستا لە گەڕانەوەشمدا جارێ نازانم، چونکە تازە گەڕامەتەوە ناتوانم حوکم بەسەر هیچ لایەکدا بدەم. لەوێ سەرجەم ڕۆژنامەکان بایەخیان پێ داوم وەکو (الأهرام، الأهالي، الجمهورية، روزاليوسف، صباح الخير، السفير، الثورة، المستقبل، البيان الإماراتية و... تاد) بەڵام هەتا گەڕامەتەوە چوار ڕۆژنامەی حزبێکی دەسەڵاتدار هەموو جۆرە بوختان و تەشهێرێکی نەشیاو و ناڕاستی پێ کردووم، دیارە زۆر ترساون و پێیان وابووە جەماوەرێتیم زیاد دەکا حزبێك دادەمەزرێنم.

**پ: چ هەڵوێستێکت لەوێ هاتە بەردەم کە نیگەرانت بکات؟**

و: هەڵوێستی عادل ئیمام نیگەرانی کردم، لەگەڵ هەڵوێستی هەندێ ڕۆژنامەنووس کە مووچەی مانگانەیان لە بەغدا وەردەگرن پێنووسەکانیان کوێر دەکەن و حەقیقەت نابینن. بەڵام ئەوەی لەمانە زیاتر نارەحەتی کردم ئەوە بوو کە ئێمە لە کوردستاندا هەرچەندە نارەحەت بکرێین لە وڵاتی غەریباندا هێندە وەسفی کورد و ئەزموونی کورد و حکومەتی کوردی دەکەین دەیبەینە ئاسمان، لەوێ زۆر بۆ خانوویەکی هەرزان دەگەڕام بەکرێی بگرم، چەند کەسێکی سیاسی و ڕۆژنامەنووس پێیان گوتم ئەو هەموو وەسفەی کوردستان تۆ دەیکەی وای لێ کردووین میسر بەجێ بهێڵین و بێینە ئەوێ، کەچی سەیرە تۆ خۆت لێرە ئەوەندە خزمەتت بۆ دابین نەکراوە کە تووشی ئەم جۆرە کێشانە نەبی، دیارە، بەدەم ئەم مەسەلەیەمان پینە کرد، بەڵام لە دڵدا بریندار بووم، هەروەها یەکێك لە ڕۆژنامەکان چیرۆکێکی منی بڵاو کردووەتەوە لەسەری نووسیوە:

(هذه القصه فازت بالجائزة الاولى.أميتا. في إيطاليا، علما بان أميتا مدينة صغيرة في إيطاليا) دیاره ئەو مەسەلەیە ڕۆژنامەکانی ئەوێش بایەخیان پێ داوە و دەزانن ئامیتا ناوی شار نییە، بەڵکو ناوی ئەکادیمیاکەی و شارەکەش ناوی ئارچی دۆسۆیە و پارێزگایەکی گەورەیە، بۆیە کاتێك سەرنووسەری ڕۆژنامەیەکی بەناوبانگ کە بینیی گوتی: «کچم ئێوە فێرن خۆتان بچووك بکەنەوە، ئێمە کە میسر شتێکی بچووك بەدەست دەهێنێ دەیکەین بە فەرەتەنە وەکو ئەوەی جیهان لەسەر دەستی میسر بسوورێتەوە... تاد» ئەو هەڵوێستە زۆری ئیحراجی کردم کە نەتەوەیەکین ئاستی بیرکردنەوەمان تا ئەو ڕادەیە نزمە... بە تایبەت ئەو ڕۆژنامەیە عەرەبییە و دەچێتە ناو عەرەبەوە.

**پ: لەو ماوەیەدا هەموو ئەو پڕۆژانەی دات نابوون ئەنجامت دان؟**

و: نەخێر نێوەی پڕۆژەکەی خۆمم ئەنجام نەدا، چونکە من مۆڵەتی مانەوەی چوار مانگم لە میسردا هەبوو، وتم دوو مانگ دەمێنمەوە، بەڵام بەهۆی بارودۆخی خۆمەوە تەنیا یەك مانگ مامەوە، ئەوەش وای کرد کاری مانگێك کە پڕۆگرامم بۆ دانابوو ئەنجام نەدرێ. بەتایبەت لەگەڵ دەرهێنەری گەورەی کورد (عەلی بەردخان) پڕۆژەی سیناریۆیەکمان لەسەر مەسەلەی کورد دانابوو، پێویستمان بە چەند کتێبێکی کولتووری هەبوو لە سەر کورد، دوو سیاسەتمەداری کوردم ئاگەدارکردەوە کە کتێبەکەمانمان بۆ ئامادە بکەن، بۆیە بڕیاری ئەوەمان دا کە ئەو دەعوەت بکرێ و بچێتە کوردستان، خۆی شتەکان ببینێ و پڕۆژەکە ئەنجام بدا.

**پ:لە کۆتاییدا شتێکت هەیە باسی بکەی؟**

و: من هەوڵێکی زۆرم داوە لە ساڵی داهاتوو کورد لە ناو چالاکیی میسردا جێگەی ببێتەوە، خوازیارم بۆ ساڵی داهاتوو خاوەنی بەرهەمی سەرکەوتووی وابین کە جێگەی ببێتەوە. حکوومەتی هەرێمیش بایەخی جیدی بەو مەسەلەیە بدا، چونکە مەرج نییە ئەو قوربانییەی من دام لە پێناوی کۆمەڵەی خەڵکی ڕەشورووتدا، ئێستا لە توانای کەسدا مابێ ئەو قوربانییە بدات بە تایبەت لە ڕووی مادییەوە، خوازیارم ڕۆژنامەکانمان بایەخ بە خەڵکانی خۆمان زیاتر

بدەن. چونکە ڕاگەیاندن لە هەموو شت زیاتر دەتوانێ ڕۆشنبیر بە وڵاتەکەیەوە ببەستێتەوە، خوازیارم لە کاتێکی نزیکدا دەعوەتی ڕەسمی بۆ ئەو هونەرمەندانە بکرێت کە ناویان دەنێرمەوە بۆ کوردستان و پێیان خۆشە خزمەتی کوردستان بکەن و ئاگەیان لە بارودۆخەکان بێ.

# 17

سازدانی: شۆڕش محەمەد.
رۆژنامەی کوردستان راپۆرت

**پ: پێگەی ڕۆژنامەگەریی ژنان لە نێو ڕۆژنامەگەریی کوردی لە کوێدایە؟**

و: بەپێی ئەو ئەزموونەی هەیە ژن پێگەیەکی باشی گرتووە لە نێو ڕۆژنامەگەریی کوردیدا، چونکە مێژووی ڕۆژنامەگەری لای ئێمە لە پاش ڕاپەڕینەوە دەست پێ دەکا، ئەوەی پێشتر هەبووە لەبەرئەوەی ڕۆژنامەی ڕژێم، یان ڕۆژنامەی شاخ بووە، هەردوو جەمسەر دوور بوون لە کار و چالاکیی ژنی کورد، زەمینەیەکی ڕەخساویش نەبووە بۆ ئەوەی ژن خۆی تێدا بدۆزێتەوە وەکو مرۆڤ، تەنانەت وەکو کارکردنی ئاسایی و خوێندنیش ژنی کورد بێ بەش بووە لە هەموو کار و خوێندنێکی شیاو بە کییان و کەسایەتی خۆی.

ئەم کێشەیە تەنیا لە باشووری کوردستان چارەسەر کراوە و لە بەشەکانی تر کوردستانی داگیرکراو، هێشتا مرۆڤی کورد بەگشتی و ژن بەتایبەتی نەیتوانیوە خاوەنی پێگەی ڕۆژنامەوانی و ڕۆشنبیری بێ. دیارە ئەوەش لە دەرەوەی خواستی خۆیانە.

**پ: تا چەند ژن توانیویەتی لە ڕۆژنامەگەریی کوردیدا و لە ڕۆژنامەی ژناندا وەك کارەکتەرێکی ئەکتیڤی ژنان دەربکەوێ؟**

و: دەتوانم بڵێم کاری ژنان لە نێو ڕۆژنامەی ژناندا دیارە زیاتریش ڕێکخراوەکان ڕۆژنامەی ژنانیان هەیە، زیاتر لە کاری هاوسەنگی ڕاگرتن

دەچێ لە نێو هێزە سیاسییەکانی کوردستان و خۆیاندا، واتە ئەو حزبانەی کە ئەوانی دروست کردووە و کردوونی بە نوێنەری حزبی خۆیان، ئەوانەش پێوەندیی باش یان خراپی هەیە لەگەڵ حزبەکەی خۆیاندا.

هێندەی ژنانی نێو بواری ڕۆژنامەگەریی حزبی دەسەڵاتە جیاوازەکان و حزبەکانی خاترجەم کردووە، سیاسەتمەدارانی پیاو خۆیان نەیانکردووە، ئەوەش گورزی گەورەی لە کاری خۆیان و ژنان بەگشتی داوە، بەوەی ببن بە کەناڵێك کەمتر جێگەی متمانەی کۆمەڵ و ژنان بن.

لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ جووڵە و گۆڕانکاری خەریکە دێتە ئاراوە، چاوەڕوانی ئەوە دەکەم، هەندێك لەو ژنانەی کە تا ئێستا بەو جۆرە ئەزموونە دیماگۆگییە و هەندێ لەو کچە لاوانەی بە عەقڵیەتێکی نوێ و سەردەمی بەربڵاوی ئەنتەرنێت دێنە پێشەوە بۆ نێو ڕۆژنامەگەریی کوردی، لە داهاتووی نزیکدا گۆڕانکاریی بەرچاو بهێننە ئاراوە و ئەوانی تریش لەو عەقڵییەتە چەقبەستووە ڕزگار بکەن.

**پ: ئامادەبوونی ژنان لە نێو ڕۆژنامەگەریی کوردیدا تا چەند ئامادەبوونێکی ئەکتیڤە؟ بەتایبەت زۆرێك گومانیان هەیە لەم ئامادەبوونە و بەلاوازی دەبینین؟ ڕۆڵی ژن چی بووە لەم ڕەوتەی ڕۆژنامەگەریی کوردی؟**

و: ئەوەی لە سەرەتاوە ئەو گومانەی لە بازنەی کارکردنی ژناندا بەرجەستە کرد، دوو گریمانەیە، یەکەمیان، ژمارەیەك لەو پیاوانە بوون کە نابەرپرسانە لە کاری ڕۆژنامەگەری و کاری ژنانیشیان دەڕوانی و دڵنیام ئێستاش وێنەیان لە نێو کەناڵە جیاوازەکانی ڕاگەیاندندا ماوە، ئەوانیش ئەو پیاوانە بوون بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان نەك بەرژەوەندی ژنان کۆمەڵی ژنیان لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن هێنابووە پێشەوە و خۆیان بۆیان دەنووسین و بەناوی ئەو ژنانەوە بڵاو دەکرایەوە، ئەو بارەش کۆمەڵێ نیشانەی پرسیار و گومانی لای ئەو خەڵکانە دروست کردبوو کە نەیاندەتوانی خوێندنەوەیەکی دروستیان هەبێ بۆ جیاکردنەوەی ژنی هۆشیار لە ناهۆشیار، بەڵام زەمەن یارمەتیی دەرخستنی ڕاستییەکان دەدا، پێم وا نییە لە ناوەندی ڕۆژنامەگەریدا ئەمڕۆ کەس هەبێ نەزانێ کام پیاوان پێنووس بەخش و پێنووس فرۆش بوون و

کامەشن ئەو ژنانەی نووسەر و ڕۆژنامەنووسی ساختە بوون، چونکە وەکو بڵقی سەر ئاو تەمەنیان لەو بوارەدا کورت بوو.

دووەمیان ژنانی نێو ڕۆژنامە حزبییەکان و ڕۆژنامەکانی ژنان هەستیان کردووە بەوەی کە زۆر بێ بایەخن بەرانبەر بە کار و چالاکیی ژنانی لە خۆیان بە تواناتر و ژنانی دیاری نێو ناوەند هونەری و ڕووناکبیری و ڕۆژنامەوانی، تەنیا لە بازنەی ئەو ژنانەدا دەخولێنەوە کە دەکرێ بە ئاماژە و داوایەکی حزبییانە بایەخێکیان پێ دابێ، تەنانەت سەرجەم ئەو ڕۆژنامانەی پیاوان بەڕێوەی دەبەن، پەیوەندی بە ژنانی سەربەخۆی نێو ناوەندەکانەوە دەکەن بەرهەمیان بۆ بنێردرێ، بەڵام ڕۆژنامەکانی ژنان تەواو دوورن لە پێنووسی ژنانەوە دەستە و تاقمی خۆیان نەبێ، ئەو دەستپێشخەرییەی پیاوان دەیکەن ئەوان نایکەن، ئەمەش گومانی ژن بوونیان و خاوەنی پێنووسبوونی ڕاستەقینەیان لای هەموو مرۆڤێك دروست کردووە و دەکات.

بەڵام لە نێو ئەو گێرەشێوێنییەشدا ژنانی ڕۆژنامەنووس و بەتوانا هەبوون، ئەگەر ڕۆڵیان لە پیاو زیاتر نەبووبێ کەمتر نەبووە، بیرت نەچێ بزاڤی ڕۆژنامەگەریی کوردی بەگشتی لاوازە، گەر لاوازی لە توانای ژناندا هەبێ هەمان دۆخ لای پیاوانیش دەبینرێ، هەبوونی ئەو ژمارە زۆرەی بڵاوکراوەش واتای ئاکتیڤبوونی پیاوان و پێچەوانەی لای ژنان ناکا، لە بنەمادا دابەشبوونی توانا ڕۆژنامەگەرییەکان بۆ ئەو هەموو دەنگە جیاوازە، لاوازیی بە بوارەکە بەخشیوە.

جگە لەوەی هەتا ئێستا ڕۆژنامەی ئازاد لە کوردستاندا دروست نەبووە، کە ئازادی بەشێکی گەورەی کائین کارابوونی مرۆڤ دەگەیەنی لە هەر بوارێکدا.

**پ: کارکردنی ڕۆژنامەی ژنان لەسەر هەندێك چەمك وەك «خۆسووتاندنی ژنان و کوشتنی ژنان» تاچەند بە قازانجی ژن وەك ئاین و ژن وەك مەسەلەیەکی ڕەگەزی دەکەوێتەوە، لە کاتێکدا قسەی ئەوە لە ئارادایە کە ئەم چەمکانە و دەرخستنی لە ڕۆژنامەی ژناندا و کردنی بە ستراتیژێکی گرینگی کارکردن بە زەرەری ژن و دۆزەکەی تەواو دەبێ؟**

و: بـەپـێی چـۆنیـەتیی دەربـڕینـی ئـەو ئـامـانجە بـە ستـراتیـژکراوە زیـان یـان بەرژەوەندی بۆ ژنان لێ دەکەوێتەوە، ئەگەر دەبڕین و کردنە ستراتیژی ئەم کێشەیە تەنیا خۆی لە بڵاوکردنەوەی هەواڵێکدا ببینێتەوە، بەڵێ بە زیانی ژنان دەکەوێتەوە و زیاتر دەبێ بە کارێکی ئاسایی و هاندەر بۆ پەرەسەندنی ئەم دیاردەیە، بەڵام گەر ئەوان هەواڵەکە بڵاو بکەنەوە و بە دوایدا ڕیپۆرتاژی تەواو سەبـارەت بـە کـارەسـاتـەکـە و بـەتـایـبـەت دادگـەیـی کـردنـی تـاوانـبـاران لـەو کـارەسـاتـەدا، ئـەوەی جێگـەی مـەترسیـی ڕاستـەقیـنـەیـە کـەس لـەو کـارەسـاتـانـە نـاکـۆڵـێتـەوە و یـاسـایـەك نـیـیـە بـۆ کـۆنـتـرۆڵـکـردنـی، مـن پـێم وا نـیـیە بڵاو نەکردنەوەشی لە قازانجی ژنان بێ، چونکە کۆمەڵی کورد لەو جۆرە کۆمەڵەیە کە قسەی خەڵك و باس نەکردنی زۆر بەلاوە گرینگترە تا سەرجەم کەسیەتیی خۆی، ئەگەر بزانێ کێشەکە بەبێ دەنگی کۆتایی دێ ئەوە ڕێژەی کوشتنی ژنان و سووتاندیان بە دەستی کەسوکاریان زۆر زیاتر دەکا، لە وڵاتانی ڕۆژئاوا سەرپێچیی یاسایی ئۆتۆمبیل لێخوڕینێکیش دەهێننە سەر تەلەفزیۆن و بەیانیان کە چاو هەڵدەهێنێ تەلەفزیۆنی کەنەدی بە کێشەی سەرپێچیی یاسا و کوشتن و کێشەکانی تر، سزاکەی بە خەبەر دەهێنێتەوە بۆ پابەندبوون بە یـاساوە، هـەر لـە بـەیـانییـەوە بیرکردنـەوە لـەوەی ئـەگـەر ئـەو ڕۆژە سەرپێچیی یاسایی ژیانی کەنەدی بکەیتە نموونەیەك دەبی لەوە بەیانی زوو پیشانیان داوی، بەڵام لە کوردستان ژن کوشتن لە ڕاوە چۆڵەکە دەچێ بە دەستی منداڵ، نرخ و بەهایەکی یاسایی و ڕۆژنامەوانی و کۆمەڵایەتیی نییە.

زۆر گرینگە ڕۆژنامەکان لەگەڵ بڵاوکردنەوەی هەواڵەکەدا جەخت لە سەر تـاوانبـاران بکـەنـەوە، جـەخت لـەسـەر هـەبـوونـی یـاسـایـەك بـۆ دادگـەییـکردنێکی هێندە سەخت کە بتوانێ ئەو کێشەیە بنبڕ بکا لە نێو کۆمەڵی کوردیدا، جەخت لەسەر بڵاوکردنەوەی ناو و وێنەی تاونباران، لە هەمان کاتدا جەختکردن لە سەر سزادانی ئەو ژنانەش کە خۆیان هەڵدەستن بەو کارە، چونکە لە بنەمادا هەبوونی ڕۆحی خۆکوژی هەبوونی ڕۆحی تاوان دەکا لە مرۆڤێکدا، تاوانیش هەر تاوانە بەرانبەر خودی خۆت بێ یان کەسانی دی و لە یاسادا یەك سزای هەیە، بەڵام پێویستە بەر لەوە هەوڵی ئەوە بدرێ یاسایەکی بەهێز و ناوەندێکی

کۆمەڵایەتی هەبێ بۆ هاوکاریکردنی کێشەی ژنان کە بتوانێ لە بری ئەوەی پەنا بۆ خۆکوشتن بەرێ پەنا بۆ ئەوان بەرێ، ئەوجا گەر ئەوەی نەکرد لەسەر تاوان بەرانبەر خۆی سزا بدرێ.

دڵنیام ڕاگەیاندن کاری زۆر گەورەی پێ دەکرێت ئەگەر بە شێوە دروست و بە خواستی گەورە بەکار بهێنرێ بۆیە مەترسییەکان و بەرژەوەندیەکان تەنیا چۆنیەتیی کارکردن دیاری دەکەن نەك بێدەنگ بوون و باس لێوەنەکردنیان.

**پ: پاش تێپەڕبوونی دەیەیەك بەسەر ئازادیی کوردستانی باشووردا، چۆن دەڕواننە ئەو بزووتنەوانەی کە ئێستا بەناوی ژنانەوە لە کوردستاندا کار دەکەن؟**

و: دیارە ناتوانین هێڵی ڕاست و چەپ بەسەر کاری ڕێکخراوەکاندا بهێنین و بڵێین هیچیان نەکردووە، بەڵام لەوانەیە خۆتان ئەوە بزانن کە خۆم ڕۆژێ لە ڕۆژان لەگەڵ ڕێکخراوێکی ژناندا کارم نەکردووە، چونکە باوەڕم بە بێ شۆناسی نەبووە لە کارکردن و ژیانی پراکتیکیی خۆشمدا.

پێم وایە لە سەرەتا و کۆتاییەوە سەرکەوتن و پتەویی هەر پرۆژەیەك متمانە دەخاتە سەر شوناسی ئەو پرۆژەیە، شوناسیش لە دەرەوەی شرۆڤە کۆمەڵایەتی و کولتووری و ڕۆشنبیرییەکان بەرجەستە نابێ.

ئەو ڕێکخراوانە تا ئێستا خاوەنی شوناسێکی دیاریکراو نین کە متمانەی بەرگریکردن لە ژن بە دەوروبەر ببەخشێ، ئەوان ناتوانن ببن بە خاوەنی ئەو شوناسە باوەڕپێکراوەش هەتا لە نێو کایە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا، لە چوارچێوەی پرۆگرامێکی خۆجیاکەرەوە و خواستێکی مێینانە نەکەونە ململانەی ناسین و خۆناساندن.

نەکراوەو ناکرێ کەسێك، دەزگایەك، ڕێکخراوێك داوای شوناسی کەسانێکی تر بکا و خۆی خاوەنی ئەو شوناسە نەبێ، خۆی درك بە گرینگیی هەبوونی شوناس و واتای نەبوونی نەکا.

پێم سەیرە هەندێ جار ژنانێکی ئەو ڕێکخراوانە هێندە بە کارەکانی خۆیان

دەنازن و هێندە منەت بەسەر ژنانی بەش مەینەتیدا دەکەن وا پیشان دەدەن ئەو کارەی ئەوان دەیکەن لە سەروو لۆژێك و باوەڕهێنانەوەیە، ئەمە لە کاتێکدا هەتا ئێستا کارکردنی ڕێکخراوەکانی کوردستان لە سێ ڕەهەندا خۆی نمایش دەکا ئەوانیش کێشەکانی ژن کوشتن و جیابوونەوە و هەندێ مافی ساکاری دییە، لە کاتێکدا لەو شوێنانەی وەکو کوردستان بانگەشەی دیموکراسی دەکەن لە کێشەکانی ژناندا بە دووی ڕەهەندی چوارەمدا دەگەڕێن ئەویش گوناهە بایلۆجییەکانن.

ژنانی ڕێکخراوەکان کە گوێیان لە ڕەخنەیەکی وا دەبێ بەو دەستە واژەیە خۆیان قوتار دەکەن کە وڵاتانی جیهان ١٠٠ ساڵ بەر ئەوان کەوتوون، ئەوەش ڕاستە کە جیهانی ڕۆژئاوا سەد ١٠٠ ساڵ بەر جیهانی ڕۆژهەڵات کەوتووە، بەڵام بەشێکی دواکەوتنی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی و بەتایبەتیش کورد لەو تەسلیمبوونانەوە بە خورافەی فەراهەمبوونی پێشکەوتنەکان بەپێی زەمەن و قۆناغە مێژووییەکانە، ئەو بۆچوونە ڕاست نییە، تەنیا بەشێکی لەگەڵ ئەو بۆچوونە کۆکە، دوو بەشی پێوەندیی بەو دەستنیشانکردنە جیاوازەوە هەیە لە نێوان مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاواییدا لە فاکتەرە دەستنیشانکەرەکاندا فەراهەم دەبێ، ساکارترین نموونەیان شوناسی ڕۆژئاوایی خۆی لە هۆشیاریی ئایدۆلۆژی و تەکنیکیدا بەرجەستە کردووە، شوناسی ڕۆژهەڵاتیش زۆر بەتایبەتیش لە نێوانیاندا کورد، شوناسیان لە نێوان هۆشیاری هەڕەمەکی و خورافە و ئایندا تواوەتەوە.

مرۆڤێك نەگا بە هۆشیاریی ئایدۆلۆژی نازانێ بە چ پەیڕە و پرۆگرامێك مامەڵە لەگەڵ مەسەلە هەستیارەکانی وەکو مەسەلەی ژنان بکا، نەك هەر ئەوە بگرە نازانێ مافەکانی خۆشی بەتەواوی چین، جا کەسێك خۆی خاوەنی هۆشیاریی هەڕەمەکی بێ، ئەو هۆشیارییەی بەرماوەی کولتوور و خورافە و ئەفسانە و ئاینە، دەبێ چییان بۆ ژن پێ بکرێ؟ ئەگەر ڕێکخراوەکان بە مێژوو و کاری چەند ساڵەی خۆیان و چنینەوەی بەرهەمەکانیشیاندا بچنەوە، ڕاستگۆیانە و ڕووناك بینانە دەزانن دوو بەراوردی هێندە دوورن وەکو ئەوە وایە

هیچیان نەکردبێ، دڵنیام گەر خاوەنی ئەم هۆشیارییە بن کە بەراوردێکی عەقڵانی بکەن بە هۆشیارییەکی ئایدۆلۆژییەوە، یان سەرجەم پرۆگرامی خۆیان دەگۆڕن، یان داوای لێبوردن لە ژنان دەکەن کە خۆشیان و ئەوانیشیان خەڵەتاندووە و لەوە زیاتر کار ناکەن.

تەنیا لە خۆیان بپرسن بۆچی دەسەڵاتەکانی کوردستان هەتا ئێستا بە دەنگی داواکانیانەوە نەهاتوون؟ کێ بەرپرسیارە؟ هۆشیارییە هەرەمەکییەکە یان دەربازبوونی ئەوان بۆ دەسەڵات؟ بێگومان هەردوو فاکتەر. ئەو کێشانەی هەتا ئێستا ڕێکخراوەکان باسیان دەکەن هێندە گران نین بە بڕیارێکی حکوومەت چارەسەر نەکرێ. ئەوەی بە شێخ زانا کرا بە ژن کوژان بکرایە، ئەگەر نرخی ژنێکیش هێندە نرخی پیاوێك دابنرایە ئەوەی دەیکوژێ بە شێوەیەکی ئاشکرا و لە بەردەم میدیاکاندا بڕیاری کوشتنەوەی جێبەجێ بکرایە و وەکو دیاردەیەکی نەفرەت لێکراو بە خەڵك بناسرایە، ئێستا ژنان تەنیا لە چەقی ئەو بازنەیەدا نەدەخولانەوە... چەندین نموونەی دیار و زەقی تر کە دەیسلمێنن دەسەڵاتە کوردییەکە و بڕیار و پشتگیریی ئەوان بۆ چەوسێنەران و بکوژانی ژن و مامەڵەی یاساکانی خۆیان وەك چەوسێنەری ژن بووە بەهۆی بەرپابوونی ئەو وەحشیگەرییە دژ بە ژنە.

بەڵام ڕێکخراوەکان خۆیان لەگەڵ کێ و بۆ کێ کار دەکەن؟ کارەساتە چەوەساوە و چەوسێنەر پێکەوە بۆ یەك ئامانج کار بکەن.

**پ: لە پەرلەمانی کوردستان و عێراقدا ڕێژەیەك دیاری کراوە بۆ پەرلەمانتاریی ئێوە، ئەو ڕێژەیە چۆن هەڵدەسەنگێنن و پێتان وایە ئەو ژنانە بتوانن دەنگی ژن بن یان ئەو تێڕوانینە دەخەنە ڕوو کە پیاوان بۆ ژنیان هەیە؟**

و: ئێمە لە پرسیاری یەکەمدا باسمان لە کێشەی شوناس کرد، کە پێم وایە سەرجەم کێشەکانی جیهان و ململانێیەکان خۆیان بە ستراکتۆری شوناسەوە گرێ داوە، ئەگەر لەو دەرگەیەوە بڕوانینە شوناسی کورد لە نێو عێراقدا چ ئەو شوناسە بەر لە ڕووخانی بەعس و بەر لە هەبوونی بەعسیش لە عێراقدا بە کورد بڕاوە و چ ئەو شوناسەش پاش ڕووخانی بەعس و خۆگرێدان و پیاهەڵدان بە

عێراقی فیدراڵی بە کورد بەخشراوە جێگەی شەرمەزارین نەك ئومێد، من بۆ خۆم کاتێك بانگەشەی تەلەفزیۆنێك دەبینم بۆ عێراقی دەکا، یان پیاهەڵدان و خۆ بە عێراقی زانینی هەر کوردێك دەبینم پڕ بە پێستی خۆم شەرم دەکەم، خوازیارم مێژوو تۆماریان نەکا ڕۆژێ لە ڕۆژان نەدرێنەوە بە نێوچاوانماندا.

بۆیە مەسەلەی عێراق و فیدراڵیی عێراق هیچ پنتێکی پۆزەتیڤی بۆ من نەگەیاندووە و ناگەیەنێ، هەمیشە خوازیارم و خوازیار بووم ژنانێکی بە توانا و ڕووناکبیری کورد نەچنە نێو بازنەی بەد ناوی عێراقەوە.

ئەوەی دەچێ وەکو مرۆڤ بۆ کێشە مرۆیەکانی عێراق و هەر وڵاتێکی دی کار دەکا ئەوە جیاوازە و ئەرکی مرۆییە، بەڵام گەر دەچێت لە بەغدا کوردایەتی دەکات، ئەوەیان خۆ خەڵەتاندنە، بۆ هەمووان کە دیارە بۆ ژن زۆر قورستر دەکەوێتەوە، چونکە هەرگیز عەرەبی ئیسلامی و ئیسلامی عەرەبی باوەڕی نە بە مافی کورد هەبووە وەکو گەل نە باوەڕی بە مافی ژنیش بووە وەکو مرۆڤ، وەکو لە نیوە زیاتری ئەو کۆمەڵە کە ستراکتۆری داهاتوویەکی گەش یان ڕەشی ئەو کۆمەڵە دەبەخشێ.

من خوازیاربووم گەر پیاوانی دەسەڵات خۆیان لەگەڵ هەویری عێراق شێلا، ژنان نەیانکردبا، بەڵام ئەمەشیان دیسان دەگەڕێتەوە بۆ مەسەلەی هۆشیارییە هەرەمەکییەکەی کە باسمان کرد.

دەنا ژنانی کورد ١٥ ساڵە باس لە مافی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ژن دەکەن و هێشتا کاروانیان نەگەیشتووە بە لە دەدا یەکی ڕێگە بە کوێدا گەڕانەوە بۆ یاسا و گرفتە عەقڵییەکانی سیستانی و ئەو ژنانەی کە دەچنە سەر شەقامەکان و لە بڕی داوای ماف داوای چەوساندنەوە دەکەن و داوا دەکەن ئەو مافانەی یاساکانی باری کەسی ژمارە ١٨٨ی ساڵی ١٩٥٩ و نیو سەدە بەر لە ئێستا پێیان بەخشراوە لێیان وەربگیرێتەوە بگەڕێنەوە بۆ شەریعەتی زیندە بەچاڵکردن.

جا کارکردن لەگەڵ ئەو جۆرە نەخۆشی ماسۆشییە و ئەو عەقڵییەتە ئێکسپایەرە و لە نێو ئەو شەریعەتی جەنگەڵەدا چ پێویست دەکا باس لە ڕێژە و زۆری و کەمیی ڕێژە بکرێ و چ واتایەکی بۆ ژن دەبێ و هەتا ئێستا دەنگ و

ڕەنگی ژنان لە پەرلەمانی عێراقدا چی بووە ئەوە نەبێ وەکو دیکۆر بە کاریان دەهێنن بۆ چەواشەکردنی ڕەنگ و پێناسەکانی دیموکراسی. خۆ کێشەی ئێمە هەر وابووە هێندەی ژنانی دیکۆر، ڕۆشنبیرانی دیکۆر و نوێنەرانی دیکۆر گورزی کوشندەیان لە دۆزەکەمان داوە دوژمنانمان نەیانکردووە.

**پ: وەك چاودێرێکی مەسەلەی ژنان، بارودۆخی ژنان لە بەشەکانی تری کوردستاندا چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

و: کێشەی ژنانی پارچەکانی تر دیسان کێشەی شوناسە، بەڵام بە جۆرێکی تر، ئەوان تا ئێستا لە ململانێی دان پێداندان، وەکو کورد دانیان پێدا بنێن کە بوونیان هەیە و خاوەنی هەندێ مافی ساکار بن، یان لانی کەم شایانی بنبڕکردن و زیندان و ئەشکەنجەدان نین.

دیارە لە هەموو جیهانیشدا هەر وا بووە هەتا نرخی مرۆڤبوونی گشتگیر و دان پێدانانی مرۆڤەکان وەکو نەتەوە، گەل، گرووپ و ئەتنیك بەرجەستە نەبێ، کە شەڕی دەرەکیی مرۆڤن، ئەو شەڕەی بەرانبەرییەکی دیاریکراوی هەیە، نەگات بە شەڕ و ململانێیە ناوەکییەکانی خۆی لەگەڵ دەنگ و خواستە خنکاوەکانی، لەگەڵ کۆت و پێوەندی دەست و قاچی.

هەتا شەڕە دەرەکییەکانی تەواو نەکا ناگا بە پرۆسەی ڕووبەڕووبوونەوەی کۆمەڵ و زیندووکردنەوەی بەشە مردووەکانی ناوەوەی خۆی.

**پ: تێڕوانینتان بۆ ئەو بارودۆخەی ئێستا ژنانی کورد تێدا تێ دەپەڕێ چییە؟ چ پێشنیارێکتان بۆ ئەو ڕێکخراوانەی لە کوردستاندا کار دەکەن هەیە؟**

و: لە پرسیارەکانی پێشوودا زۆر لە تێڕوانینەکانم سەبارەت بە بارودۆخی ژنان دەرکەوتوون، ئەوەش سەربار دەکەم کە بارودۆخی ئێستای ژنان، بارودۆخێکی دووفاقییە، دەیەوێ عەقڵە بۆماوەیی و کولتووورە نەریتییەکان بپارێزێ و داوای ماف و ئازادیش بکا، دەیەوێ بە هۆشیارییەکی هەڕەمەکییەوە نوێنەرایەتیی هۆشیاریی ئایدۆلۆژی بکا، دەیەوێ لەگەڵ چەوسێنەرەکەی ڕێك بکەوێ لەسەر چەوساندنەوەکانی و باسی مافی ژن بکا، دەیەوێ لەگەڵ

دەسەڵات و دژی دەسەڵاتیش بێ، دەیەوێ بەبێ شوناس داوای شوناسی ئەوی بەرانبەر بکا، دەیەوێ بە ڕۆشنبیرییەکی کەمتر لە مامناوەندییەوە بانگەشەی ڕۆشنبیریی نوخبەوی بکا، لە هەڵوێستەکاندا سادی و ماسوشی دەنوێنێ لە بەرژەوەندی ئەم حزبەی کاری بۆ دەکا و ئەوانەی نەیارین، جا با نەیارەکە ژنیش بێ، ئەوی ژنی بانگەشە کاری مافی ژن هەر دژایەتی دەکا، چونکە دژی دەسەڵاتە دروستکەرەکەی ئەو بووە کە لە هەمان کاتدا چەوسێنەریشێتی.

بەهەرحاڵ پێشنیازم بۆ ژنان ئەوەیە کە لە ژێر چەتری حزبەکان و کۆنترۆڵیان بێنە دەرەوە و ببن بە داکۆکیکاری ڕاستەقینەی مافی ژنان و هەموویان لە ژێر یەك ئامانج و دروشمدا کۆببنەوە کە مافی ژنە، ببن بە هێزێکی یەکگرتووی بەهێز و ئەوەی ئێستا دەسەڵاتەکان هاوکارییان دەکا و بێدەنگ بوونیان دەکرێ، ئەو کات بە یەکبوونیان وەکو هەر حزبێك لەو حزبانەی بودجەی تایبەتی خۆیان هەیە، ئەوانیش لە ژێر ناوی هێزی ژنان، بزووتنەوەی ژنان، ئەوەی کە خۆیان پێیان خۆشە، بودجە و داهات و پرۆژەی خۆیان هەبێ و حکوومەتیش ناتوانێ بڵێ "نا"، چونکە پێم وا نییە کاری ژنان لەو حزبانە کەم بایەخ تر بێ کە مانگانە دوو ملیۆن دۆلار بودجەیانە لای حکومەتی هەرێم و لە بری ئەوەشدا تیرۆریست بەرهەم دەهێنن، بۆ لەناوبردنی لاوانی کورد. ئایە ژنان خۆیان لەم بزووتنەوە سەلفیانە بە کەمتر دەزانن؟

کارەساتە خۆیان لەوانە کەمتر بزانن و بۆ هەمیشە لە خودی ئەو هۆشیارییە هەرەمەکیدا چەق ببەستن و ببن بە ئامرازی خەڵەتێنەری چەوسێنەرەکەیان، هەمیشە لە دەرگەی چەوسێنەرەکەیاندا بتێکی بێ ڕۆح بن.

# 18

سازدانی: ئیدریس عەلی
رۆژنامەی ئالآی ئازادی

**پ: بۆچی ڕۆیشتی و نیشتمانت بەجێ هێشت؟**

و: نیشتمانێك بۆنی غەریبیی لێ بێ، زاکیرەی ئینتمابوونی بۆ شتە دروست و جوانەکان بە تەواوی کاڵ بووبێتەوە، لە هەگبەیدا تەنیا جێگەی لەباربردنی خەون و خۆزگە بێ، چاوەڕوانی چی دەکات لە ڕۆڵەکانی جگە لە کۆچکردن و سەرهەڵگرتن، وەکو ئەوەی بە سەر نیشتمانی ئێمە هاتووە.

**پ: سەفەر بە چیی گەیاندی؟ ئایا خەونەکانتی لەبار برد یاخۆ هێنایە بوون؟**

و: بەری خەون لەو شوێنەدا دەچنرێتەوە کە تێدا تۆوی خەونت چاندووە، هەندێکمان لەوانەی مەنفامان کردووە بە ئارامگە، هێندێ بە سەختی ئاڵوودەی نیشتمان بووین، هێشتا نەمانتوانیوە تیماری برینەکانی خۆمان بکەین و ڕۆژانە تۆماری غەریبیی خۆمان نەنووسینەوە. تا بتوانین ئەو شوێنە نوێیە بە زەوییەکی بە پیت بزانین بۆ چاندنی تۆوی خەون.

**پ: ئایا ڕاستە مرۆڤ لە غوربەتدا منداڵ دەبێتەوە؟ تۆ چۆن گوزارشت لە یادەوەرییەکانت دەکەی؟**

و: بەڵێ ڕاستە، لە ڕووی ژیانی پراکتیکییەوە جارێکی تر بە هەموو قوناغەکانی منداڵیدا دەچێتەوە، بەڵام منداڵێکی گەورەی پڕ لە خەمی غوربەت، لە ڕووی ڕۆحیشەوە پێم وایە جگە لە منداڵبوونەوە هەڵگری جۆرێك لە چەمکی شێتیشە، ئەو

شێتی و منداڵییه، هاوکێشەی ڕۆح به سەر عەقڵدا زاڵ دەکا، چ چەمکێك ئەوە پەسەند دەکات جگە لە شێتی و منداڵی، مرۆڤێك هەمیشە ژیانی خۆی خستبێتە مەترسی و نائاراميیەوە بۆ ئەوەی دیلی هیچ شتێك نەبێ لە ئاین و کۆمەڵ و دەسەڵات و هەموو بەند و باوەکانی تر، هەموو ئەو فاکتەرانە دەکوژێ کە زەلیل و سەر نەوی دەکا و هەمیشە ٨٠٪ی بۆ عەقڵ لە ژیاندا داناوە ٢٠٪ بۆ سۆز و ڕۆح. بەڵام ئەو ٢٠٪ە زاڵ دەبێ بەسەر ٨٠٪ و لە دووری هەزاران کیلۆمەترەوە دیل و زەلیلی نیشتمانت دەکا. لە کۆنترین کۆڵانەکانی عەدەمەوە سروەیەك هەڵگری هەواڵی نیشتمانی تۆ، هاوزمانی و هاونیشتمان تۆ بێ، بەبێ پرس و پاسپۆرت دەبێ بە شوناسی خەم و خۆشیی تۆ، ئەمە شێتییە شێتی.

**پ: بە نیاز نی بێیتەوە بۆ نیشتمان؟ ئەگەر هاتیتەوە پرۆژەی کارکردنت چی دەبێ؟**

و: جێ هێشتنی نیشتمان لە پێناوی چەپکێ وەسوەسەی خەوندا نەبووە، من بە خواستی خۆ نیشتمانم بەجێ نەهێشت تا خواستی گەڕانەوەی ئەزبەر بکەم. نیازی گەڕانەوەی یەکجاریم نییە، تا ئەو نیازەش گەڵاڵە نەبێ. پێ ناچێ هیچ پرۆژەیەکی کارکردنیش گەڵاڵە ببێ.

**پ: ئێستا سەرقاڵی چی؟ لەگەڵ نووسینی چیرۆکدا بەینت چۆنە؟**

و: جگە لە خوێندن و کارکردن، هەندێك جار کە کاتم بۆ دەرەخسێ. خەریکی نووسینم لەو کتێبانەی لە بەردەستمدان و تەواوم نەکردوون، ماوەیەکی درێژە زیاتر سەرقاڵی لێکۆڵینەوەم و مەودایەکی باش کەوتووەتە نێوان پێنووسەکەم و چیرۆکنووسین، تەنیا چەند چیرۆکێکم نووسیوە، هێشتا بڵاوم نەکردوونەتەوە.

**پ: تا چەند ئاگاداری نێوەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی کوردستانی؟ بە تایبەت ئێستا کۆمەڵێك دەنگی نوێ لە نێوەندەکەدا دەبیسترێ؟**

و: تەنیا ئەو دەنگە نوێیانە دەناسم کە پێوەندییان پێوە کردووم و خۆیان پێ ناساندووم، هەندێك ناوی نوێش لە ماڵپەڕەکانەوە دەبینم. بە داخەوە ئاگەم لەوانی تر نییە، خوازیارم دەنگ و ڕەنگی مێیینەیان زۆر تێدا بێ.

# 19

سازدانی: باران

مالپەڕی ژننامە

**پ: ڕوونە کە کێشەی ژنان مێژوویێکی دێرینی هەیە و بۆ خوێندنەوەی کێشەکان هەمیشە ڕوو لەو سەرچاوە مێژووییە دەکرێت و لە فاکتەرە پێوەندیدارەکان دەکۆڵرێتەوە. بەڵام ئەمڕۆ و ئێستا، دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە سەدەیەك لە تێکۆشانی بێوچانی ژنانی دنیا و داهێنانی فەلسەفەیەکی فێمینیستی و دەیان تیۆری و ڕامان لە لایەن بیرکەرەوەکانی ژنەوە، دەبێ کێشەی ژن بە گشتی بە ڕای تۆ بەکوێ گەیشتبێت، بە تایبەت لە و وڵات و کیشوەرانەی، کە سەرەتاکانی خەباتی فێمینیستی تیایاندا سەری هەڵدا، گەشەی کرد و خاوەنی دەیان بیرکەرەوەی فەلسەفەی فێمینیستین؟**

و: سەرکەوتن و سەقامگیربوونی مافەکانی ژن بە ڕادەیەکی باش لە ڕۆژئاوادا بە ئاکام گەیشتووە، هۆیەکەشی ئەوە بوو، کە پرۆگرام و دیسپلینی خۆیان هەبوو لەمەڕ کێشەکانی خۆیان، بیر و بۆچوون، تیکۆشان و خەباتیان لە ڕووناکیی دید و بیرمەندیی ژنانێکی بیریار، نووسەر، ڕۆشنبیر، زانستخوازەوە سەرچاوەی گرتبوو، گەشەکردنەکانیان کارتۆنی نەبوو، سەرجەمی لەسەر بنەمای خوێندنەوەی زانستی و بیری کۆمەڵناسییەوە بوو، بۆ کۆمەڵەکەی خۆیان. هەر لەو ڕوانگەیەشەوە بوو بزووتنەوەی فێمینیزمی دامەزرا، کە زانستی ژنناسی دەگەیەنێ، بۆیە ژنانی ئەوروپا بە سووربوون و

پشتیوانیکردن لەو پەیڕەو و پرۆگرامانە و بە یەکگرتنیان تەنانەت لە نێوان وڵاتە جیاوازەکاندا گەیشتن بە زۆر لە مافەکان و ئەنجامی کار و خەباتیان وەکو نەریتی ئەو سەردەمەیان، بەڵام پێم وایە ئێستا کێشەی ژنانی ئەوروپا جارێکی تر پێویستیی بە شۆڕشیکی نوێ هەیە، سەرەتا شۆڕشێکی خودی و دواتر شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی، چونکە لە ئێستادا کێشەی ژنانی ئەوروپا هێندە ئاڵۆز و پڕ گرێ بووە، هەندێ جار لە بیریاران و زاناکانیانەوە دەبیستین دەڵێن: مەگەر جارێکی تر ژن ڕەوانەی ماڵەوە بکەین، دیسان خەباتی رزگارییان بۆ بکەین، بۆ ئەوەی لەو دەردە کۆمەڵایەتییانە ڕزگاریان بێ، کە نەگەتیڤانە بۆ ژنمان داوا کرد.

دیارە ئەوان مەبەستیان لێك هەڵوەشانەوەی باری کۆمەڵایەتییە، بەڵام بە بۆچوونی ساکاری من ئەوان ناهۆشیارانە داوای مافە کۆمەڵایەتییەکانیان کرد نەك نەگەتیڤانە، کە ئەمە قسەی زۆر هەڵدەگرێ و لێرە باس ناکرێ، بەڵام هێندە دەڵێم، کە داواکردنی هەر مافێك بۆ ژن پێویستە لە پێشەوە کۆمەڵی بۆ ئامادە بکەی، کە مەبەستم ئامادەییی هۆشیارییە، کاتێك تۆ داوای مافێك بۆ ژن دەکەی ئەو چۆن مامەڵەی پێ دەکا و چۆن سوودی لێ دەبینێ؟ چۆن لێی تێ دەگا؟ هەروەها کاتێك مافێك بۆ تاکێك یان کۆمەڵێك دەستەبەر دەکرێ پێویستە خوێندنەوە هەبێ بۆ ئەودیوی ئەو مافە و کاردانەوەی دیوەکەی تری و بەر لە دەستەبەرکردنی، چارەسەری بۆ بدۆزریتەوە، بۆ نموونە ژنانی ئەوروپا گەیشتن بە مافی ناونووسکردنی منداڵ بە ناوی خۆیانەوە و خەباتی زۆریان بۆ ئەو ئامانجە کرد، بەڵام لەگەڵیدا بیریان لەوە نەکردەوە داوای چارەسەریش بۆ باری ئابووریی منداڵ بەخێوکردن و بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی دروستنەکردنی منداڵ لە دەرەوەی چوارچێوەی خێزان بەو شێوە بەرفراوانە نەکراوە، کە ئەمڕۆ یەکێکە لەو کێشانەی بە هۆیەوە دەڵێن پێویستە ژن بگەڕێنینەوە ماڵەوە چونکە ئەو کێشەیە و هاوشێوەکانی، ژنانی بە ڕادەی لە جاران کەمتر لە ئەوروپادا نەچەوساندووەتەوە، مەبەستمە بڵێم هەر نەتەوەیەك هۆشیاریی بەر لە گۆڕانکارییەکانی مل نەنێ بۆ نێو چەقی کۆمەڵگە، گۆڕانێکی کاتی دەبێ کە

ئاستەمە بگات بە ستراکتۆری مافی کۆمەڵایەتی و سیاسی و مرۆیی. هەروەها لە ڕووە ڕامیاری و ئابوورییەکانیشەوە ژنانی ڕۆژئاوایی هێشتا هەر پێویستیان بە خەباتی درێژخایەن هەیە بۆ وەدەستهێنانی مافەکانیان، بەتایبەت بە بۆچوونی من لە ئێستادا کە خەباتی ژن لە خەباتی ژنە بیرمەندەکانەوە گوازراوەتەوە بۆ خۆ ڕێکخستن و دەرخستنی ژنە سیاسییەکان، دروستتر هاوسەری سیاسەتمەداران و هەر ئەمەش وای کردووە ژنانێك، کە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بیریان بۆ لای ژنی ڕۆژهەڵات چووە و بەرگرییان بۆ نموونە لە ژنی میسر کردووە و هاوکاریی پێکهێنانی بزووتنەوەکانیان کردوون، ئێستا ژنانی کورد و ئێران، ئەفغانستان، عێراق، سعودییە، سوماڵ، نێجیریا و... تاد یان لە بیر کردووە، چونکە بە پێی بەرژەوەندی سیاسی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ.

**پ: ئایا ئەو دەستکەوتانەی کە بە دەست هاتوون بۆ ئەم ماوەی خەباتە قایلکەرن، یان دەکرا دەستکەوتەکان زیاتر بن؟**

و: نەخێر، هەروەکو پێشتریش ئاماژەم بۆ کرد دەستکەوتەکانی ژنانی ڕۆژئاوا لەگەڵ ئەو ماوە دوورودرێژەی خەباتکردنیاندا هێشتا ڕەزامەندکەر نەبوون و نین، هەتا ئێستا ڕێژەیەکی زۆر لە ژنانی ئەوروپا دەچەوسێنرێنەوە، لێیان دەدرێ، تەنانەت بە دەستی هاوڕێ کوڕەکانیان نەك باوك و مێرد دەکوژرێن، ئەرکی قورسی ئابوورییان دەخرێتە سەرشان، ئەمە جگە لە بێ مافیی سیاسی، ڕۆشنبیری، ئابووری، بەتایبەت کە هەژاری باڵی خۆی کێشاوە بەسەر ڕێژەیەکی بەرچاوی ژنانی ڕۆژئاواییدا و هەر ئەم بارودۆخەش وای کردووە ژنان لە داواکردنی مافەکانیانەوە بگوێزنەوە بۆ گەرووی نەهەنگە بازرگانییەکانی لەشفرۆشی، کە وەکو شمەك لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر ئیمپۆرتەیشن و ئیکسپۆرتەیشنی (الاستیراد و التصدیر)ی پێ دەکرێ. ئەوان خۆیان لە زۆر کێشەی نەریتی ڕزگار کرد بەڵام کەوتنەتە بەر ساتۆری زۆر کێشەی مودرنیش.

لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست:

**پ: ئەگەر بە نیگایەکی خێرا تەماشای بکەین و و بە چەند خاڵێکی کۆنکرێت ئاماژەی پێبدەین، دەکرێ کێشەی ژنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چۆن  و لە چیدا ببینین ؟ زەقترین فاکتەرەکانیی چەوساندنەوەیان چیین؟**

و: کێشەی ژنی ڕۆژهەڵات و کێشەی ژنی کورد وەکو یەکە لە سەرجەم ڕووەکانەوە باری نەتەوایەتی نەبێ، ژنی ڕۆژهەڵاتی بەر لە هەموو شت کێشەی دان پێدانانی هەیە وەکو مرۆڤ، خەبات دەکا بۆ ئەوەی پێی بڵێن "تۆی ژن مرۆڤی" و وەکو مرۆڤ مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ، بۆ ئەوەی پاش بە مرۆڤبوونی داوای مافە خوراوەکانی خۆی بکا، هەوڵی ڕەوینەوەی تەلیسمی تاریکی پیاوسالاری و یاسای دۆگما سالاری و نەریت سالاری بدا کە سیمای زەقی کێشەکانین بەر لە مافخوراویی سیاسی و ئابووری و ڕۆشنبیری کە ئەمانە پێش مافی مرۆڤبوونی ناکەون، بەڵام لە هەندێ وڵاتیشدا توانیویەتی هەنگاوی باش ببڕێ، چ وەکو دان پێدانان و چ وەکو هەندێك لە مافە سەرەتاییەکانی، بەڵام ڕێژەی زاڵ ڕێژەی دان پێدانەنانە.

**پ: ژنانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە کوێی بزوتنەوەی جیهانییدا دەوەستن؟ تا چەند لەبەرهەمهێنانی جۆرێکی تایبەت و گونجاو لەگەڵ بارودۆخی تایبەتی ئەو دەچەرە لە گەشەپێدانی تیۆرییە فێمینیستییەکاندا بەشدار بوون؟**

و: هەندێ وڵاتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست خەبات و تێکۆشانیان هاوشانی خەباتی ڕۆژئاوا بووە لە ڕووی مێژووییەوە و بەڵام وەکو دەرئەنجامی پراکتیزەیی گەیشتووە بە داوێنی و لە هەندێ تایبەتمەندیدا و هەندێ وڵاتیشدا نەگەیشتووە بە هیچ پەڕاوێزیەك لە پەڕاوێزەکانی ژنانی جیهان، ئەوەش بە پێی ناوچە و ستاتۆ و داوونەریتی هەرێمەکان، بۆ نموونە جیاوازی هەیە لە نێوان چەوساندنەوە و مافی ژنانی تورکیای ڕۆژهەڵاتی کە دەیەوێ بە زۆر خۆی بکا بە ڕۆژئاوایی، لەگەڵ ماف و ژیانی ژنانی ئێران و نیشتمانی عەرەبی، ئەگەر ئێمە تەنیا ئەو سێ ناوچەیە وەکو نزیکیی شارەزابوون وەربگرین، هەروەها لەوێشەوە ژنان و مافەکانی ژنانی عەرەب، زۆر جیاوازیی گەورەیان تێدا بەدی دەکەی لەگەڵ جیاوازیی وڵاتەکاندا لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر، بۆ نموونە میسر

کە یەکەم وڵاتی عەرەبییە بزووتنەوەی ژنان و فێمنیستیی تێدا دامەزرا، خەباتی هاوشانی خەباتی ڕۆژئاوا و جیهان بوو، ئەو کاتەی قاسم ئەمین لە ساڵی ١٨٩٩ کتێبی ئازادیی ژنی چاپ کرد و بەر لەویش (لەیلا فەواز) و (مەرقەس فەهمی ئەلحامی) بە تێوری وەکو قاسم ئەمین فیکری فێمینیستییان گەیاند بە خەڵك و مشتومڕ و ململانێیان لە سەر دروست کرد هەتا کۆمەڵێك بە پێشەنگی (هودا ئەلشەعراوی) بیر و بۆچوونەکانی ئەو سێ بیرمەندەیان لە چوارچێوەیەکی فێمینیستیدا داڕشتەوە و یەکەم گۆڤاری فێمینیستییان بە چاپ گەیاند بە ناوی (السفور) و هەروەها یەکێتیی ژنانیان دامەزراند بە هەمان شێوەی ئەوانیش ڕێبازی ڕۆژئاواییەکانیان دووبارە کردەوە لەوەی بیرمەندان بوون بە هەوێنی دامەزراندنیان، بگرە هاوکاریی ڕاستەوخۆشیان لە ڕۆژئاوا وەرگرت، لەگەڵ ئەوەشدا پاش ئەو خەباتە درێژخایەنە ژنانی میسر نەك هەر لە رووی مافە ڕامیاری و ئابووریی و کۆمەڵایەتییەکانەوە بگرە لە ڕووی چینایەتیشەوە پێچەوانەی زۆربەی وڵاتانی جیهان کە دابەش بوون بە سەر سێ چیندا، ئەوان دابەشبوون بە سەر دوو چیندا، چینێکی باڵا و بورژوازی کە سوودیان لە سەرجەم ئەو خەباتانە وەرگرتووە و تەنانەت سوودیان لە هەردوو ئەزموونی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتیش وەرگرتووە بۆ وەرگرتنی پنتە پۆزەتیفەکان و چینیکی نەوی و چەوساوە و قوربانیی هەموو کارەساتە ڕۆژهەڵاتییەکان. کە چینیش دروست بوو ڕەگەزپەرستیی کۆمەڵایەتی دروست دەبێ، کە ڕەگەزپەرستیش دروست بوو، لایەکی بێ ماف و لایەکی مافدار دروست دەبێ ئەمەش بە سەر ئێمەی کوردیشدا پراکتیك دەبێ و هەمان کێشەمان هەیە.

لەسەر ئاستی کوردستان:

**پ: کە باسی کوردستان و کێشەی ژنی کوردستان دەکەین، دۆخێکی تایبەتی خۆی دەسەپێنێ و خوێندنەوەیەکی جیاوازی لێمان دەوێت. لەناو ئاڵۆزترین کێشەی نەتەوەیەکی گەورەی بێستاتوودا کێشەیەکی ئاڵۆزتر دەبینینەوە ئەویش کێشەی ژنی کوردە. دەستنیشانکردنی ئەو کێشەیە لەناو ئەو ئاڵۆزییەدا ئاسان نییە، بەڵام ئەگەر هەوڵ بدەین ئاماژە بە سەرەکیترین**

**خاڵەکانی ئەو کێشەیە بدەین، بە ڕای بەڕێزتان دەبێت ئەو خاڵانە کامانە بن؟**

و: ژنی کورد سێ جار چەوساوە و مافخوراوە، جاریك وەکو نەتەوە، جارێك وەکو ژن، جاری سێیەم وەکو ئەو ڕێکخراوانەی بە ناوی ژنەوە دروست کراون هەندێکیان تەنیا ناویان ڕێکخراوی ژنانە.

وەکو نەتەوە هەمیشە نەتەوەیەکی چەوساوە بووە و دوژمنانیش وەکو پیاوانی کورد جیاوازی نێوان ژن و پیاویان نەکردووە لە چەوساندنەوە و ئەتککردن و کوشتوبڕ و دەربەدەرکردن و جگەر سووتان و بێوەژن خستنیاندا و وابزانم ئەنفال و هەڵەبجە و کوشتنی بە کۆمەڵ و زیندانی کردنی ژن لە لایەن ڕژێمە جیاوازەکانی دژ بە کوردەوە جیاوازیی نەکردووە، بڵێ ئەو مرۆڤە مادام مافی کەمترە پێویستە چەوساندنەوە و ئەتککردنیشی کەمتر بێ، ئەمە وەکو ڕووی ستاتۆ کە خاوەنی ستاتۆیەك نەبووە و دوژمنەکەی پاوانی جوولە و ژیان و بیرکردنەوەی کردووە، خودی کۆمەڵی کوردیش بە هۆی نەخوێندەواری و کەمی مرۆڤی بیرمەند و هۆشیار لە ناو کوردا بەگشتی و ژن بەتایبەتی کاتێك توانای ژنێك دەرکەوتبێ سەدان هێزی گوشارهێنەری سۆزی و نەتەوەیی و مرۆیی و کۆمەڵایەتی هەبوون کە تەنیا بە لای کێشەی نەتەوەیەکدا ڕای بکێشن و خەباتی نەتەوەیی بکا هەتا کێشەی ڕەگەزی و خەباتی ژنانە، ئەمەش بۆ نەتەوەی ژێر دەست کارێکی ئاسایی بەڵام دیسان لە ناهۆشیارییەوە بووە کە هەتا ئێستاش بەردەوامە کە ڕێگەگری لە ژنان دەکرێ بۆ بەرگری لە خۆی، بەڵام بۆ مەسەلە نەتەوایەتییەکان و چونکە پیاوان وا دەزانن ئەوان خولقاندوویانە و درێژکراوەی خەباتی ئەوانە کەمتر ڕێگرییان دەکەن، لە هەمان کاتیشدا ڕێگرییان دەکەن بەشێوەیەکی شارستانییانە بچنە ڕێزی خەباتی نەتەوایەتییەوە، بۆ ئەوەی لەمیانەی ئەو خەباتەوە بگات بەو ڕاستییە کە خەباتی نەتەوایەتی واتە خەباتی ئازادکردنی ژن، نەتەوەی ژن چەوساوە گەرچی ئازادی هێزی دەرەکی بێ، دیلی هێزی ناوەکییە، کە جارێکی تر دەیانخاتەوە بەر شاڵاوی هێزی دەرەکی، ڕاستە ژنی کوردیش وەکو سەرجەم مرۆڤی کورد هەندێکی پابەندی بێ ستاتۆیی، بەڵام ئایە سەرجەم کێشەکانی بە

هۆی بێ ستاتۆییەوەیە؟ ئەو کێشانەی لە دەرەوەی هەرەمی دەسەڵاتی ستاتۆدا ژنی کورد هەیەتی، ژنان خۆیان و کوردیش گەیشتوون بە خوێندنەوە و چارەسەرکردنی بۆ ئەوەی لە کاتی هەبوونی ستاتۆدا تەنیا کێشە لاوەکییەکان بمێنێتەوە؟ ئایە ژنانێکی بیرمەند و ئازاد و مافخواز و هۆشیار ناتوانن ببن بە هۆی زووتر دروستبوونی ستاتۆ یان لانی کەم پەروەردەکردنی ڕۆڵەیەکی بیرمەند کە ڕاڤە و خوێندنەوەی نوێی هەڵگرتبێ بۆ دروستبوونی ئەو ستاتۆیە؟

لە لایەکی ترەوە ژنی کوردیش وەکو ژنانی ڕۆژهەڵات تا ئێستا لە هەوڵی دان پێدانانداىە وەکو مرۆڤ سەیری بکرێ و بۆ ئەوەی داوای لابردنی کۆتی فیودالیزمی کوردی و حزبی ساختە و باری کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووری بکات کە لە هیچیاندا خاوەن هیچ نییە.

لە لایەکی تریشەوە دروستبوونی ڕێکخراوەکانی ژنان لە کوردستاندا بە تایبەت باشووری کوردستاندا، بوون بە هێزێکی چەواشەکاری بزووتنەوەی ژنان لە بری چاوساغ و هاندەر، هاوکار، چارەسەر ئەوانیش هەندێکیان بە ژن بەخشی و دوو هەندیان لێ وەرگرتنەوە.

**پ: بارودۆخێکی نوێ و جیاواز لە باشووری کوردستاندا، لە سیانزە ساڵی ڕابردوودا و لەئارادا بووە و بەردەوامە. بواری کار و چالاکی ژنانیش بە ڕێژەیەکی دیار و بەرچاو بەرین بووەوە و، ڕێکخراوی تایبەتی و هەمەجۆر کە بایەخ بە مافەکانی ژنان دەدەن دروست بوون و لە مەیداندا کار دەکەن. ئایا ئەم ڕێکخراوانەو خەباتی ئەوان شوێنپێی خۆیان لەناو بزوتنەوەوەیەکی فێمینیستی دا کردۆتەوە؟ یان پرسیارەکە بە جۆرێکی تر بکەم، ئایا لە کوردستاندا ئەو خەباتەی کە ژنان دەیکەن بەو ڕادەیە پێگەیشتووە کە ناو بنرێت بزوتنەوە؟**

و: نەخێر پێم وا نییە بزووتنەوەی فێمینزمی لە کوردستاندا بوونی هەبێ و بتوانێ ئەزموونی ژنانی کوردستانی باشوور کە لە هەمووان ئێستا بەهێزترن بخرێتە چوارچێوەی خەباتی فێمینیستییەوە، بە دڵنیاییەوە، پێناسەیەکی دروستیشیان بۆ فێمینیست نییە، دەنا یەکەم شت دەبوون بە خاوەنی دەسەڵاتی

خۆیان نەك پیاوانی حیزب چونکە فێمینیست وا دەخوازێ، دەنا دەیانزانی فێمینیست واتای چی دەگەیەنێ؟ کێ فێمینیستە؟ ئەرکی فێمینیست چییە؟ تەنانەت زۆریان پێیان وایە وشەی فێمینیزم واتە عەیب و عار واتە هەڵەکانی ڕۆژئاوا، چونکە هیچ کام لەو ڕێکخراوانە لەسەر تیۆری و فیکری ژنی بیرمەند و هۆشیار دانەمەزراوە، ستراکتۆری عەقڵ و بیر و توانای ژن دانەمەزراون، تەنیا بووە بە مەکۆی خڕبوونەوەی ژنانی حزبی و کارکردن لە ئاستی بەرژەوەندیی کۆمیتە حزبییەکەدا نەك کاری ژنان، کاری ئەوان پەراکتیزەکردنی دەسەڵاتەکانی ئەو پیاوانەیە کە ئەوانیان دامەزراندووە و هەندێکیان شیاوی هیچ کارێك نین و کردوونی بە ژنی سەردەم تەنیا لەبەر خاتری ئەوەیە ئامادەیە کێشەی ژن بە سازشی سیاسی بفرۆشێ لە پێناوی بەرژەوەندیی خۆیدا یان خزم و دایك و خوشك و ژنی کاك فلان و کاك فیساری پیاوە، ژنەکەی و خزم و خوشکی کچیشی بۆی هەیە درێژە پێدەری دەسەڵاتی ئەوی پیاو بێ و بەو پێیەش ئەمی ژن تەنیا پراکتیکی خواستی ئەو پیاوە و حزبەکەی دەکا، هەر بزووتنەوەیەکیش بە بڕوا و توانا و عەقڵ و بیرمەندیی ژنانە دانەمەزرا بێ لە سەر زەوییەکی فشەڵ و ناپتەو وەستاوە، ئەو ڕێکخراوانە خۆشیان درك بەوە دەکەن، بۆیە چی زیاترە خۆیان بەو دەسەڵاتە دۆگمایەوە دەبەستن لە ئاست خواستەکانی ژندا بۆ ئەوەی زوو لەسەر تاجی دەسەڵات ژنانەی خۆیان نەیەنە خوارەوە، هیچ ژنێك نییە متمانەی بە توانای ڕۆشنبیری، بیرمەندی، عەقڵ و ئاکاری خۆی هەبێ ئامادە بێ لە پێناوی پیاوی دەسەڵاتدا سازش بە مەسەلەی ژنی نەتەوەیەکی ستەمدیدە بکا، بەڵام کاتێك یان گرووپێك دەبێ بە کۆیلەی عەقڵی چەوسێنەرەکەی و فەلسەفەیەکی لا نییە بۆ بوونی خۆی، واتە خاوەن بیر و عەقڵی ساکار و بچووکە و کاتێکیش بیرمەندیی مرۆڤ بچووك دەبێ، خواست و وشەکانیشی بچووك دەبن و لێرەشەوە کاری بچووك بەرهەرم دەهێنی و ئەوەش سیمای جیهانە بچووکەکەی ئەوە، جا ژنێك خۆی دیلی جیهانی بچووك بێ چۆن دەتوانێ داوای جیهانی گەورە بۆ ژن بکا.

**پ: دەستکەوتی ژنانی کورستان لەو ماوەیەدا چی بووە؟ ئایا ئەو**

**دەستکەوتانە بۆ ئەو ماوەی خەباتە قایلکەرە؟ ئەگەر نا، خەوشی ئەو خەباتە لە چیدا دەبینی؟**

و: هەندێ دەستکەوتیان هەبووە، بەڵام دەستکەوتەکانیان قائلکەر نین. ناتوانین بڵێین ئەگەر ژنانێك تەنیا مەبەستیان مەسەلە پیرۆزەکانی ژن بووبێ، لە ماوەی سیازدە ساڵدا تەنیا ئەوەندەیان پێ کراوە؟ با سەرجەم ڕێکخراوەکان لە خۆیان بپرسن کاتێك لە پاش ڕاپەڕینەوە لە پاش دروستبوونی دەیان ڕێکخراوی سەنتەر و... تادی، ژنان ئۆباڵی زیادبوونی کوشتنی ژن بە ڕادەی مەزەندە نەکراو، لە ملی کێیە؟ خۆسووتاندنی ژنان وەکو دیاردەیەکی هەرە دیاری لە ناو کۆمەڵی ئێمەدا کە پێشتر زۆر کەم بوون کێ شەرمەزار دەکا، بە تەنیا پیاو؟ یان کەم ڕۆڵیی ژنیش؟ ڕۆژانە دەیان کچ بە دەست لێپرسراوە دروستکەر و ڕاوێژکارەکانی ئەو ڕێکخراوە ژنانەوە وەکو (شەیما) دەبن بە قوربانی، ڕێکخراوەکانی ژنان لە کوێن؟ و بە سەدان پرسیاری تریش، باشە ئەتککردنی سۆزی شەیما ئەو خاتوونە لێپرسراوەکانی یەکێتی سووکایەتیی پێ کرد و دوو جار ئاوارەیان کرد چەند سەد ژنی یەکێتیی هێنایە سەر شەقامەکان و هەروەها با بزانین لەم ٨ی مارسەدا کە هاوتەرییە لەگەڵ سووکایەتی و چەوساندنەوەی ئەودا، ژنانی ئەو حزبە چیی بۆ دەکەن؟ چۆن دەیکەن بە ئامانجێك بۆ بنبڕکردنی ئەو دیاردە نەشیاوانە، لە هەموو ڕوویەکەوە خەباتی ژن کە لە چوارچێوەی حزب درا و بەتایبەت حیزبە قەبیلەکەرەکانی ئێمەش خەباتی ئیفلیج و کارتۆنی و ڕووکەشە نەك بابەتی، خەباتی ژنانی کوردیش لە ناوخۆدا خەباتێکی قەبیلەگەرییە وەکو مێژوو و عەقلییەت و ستراتیجی حیزبەکانیان، پێیان سەیر نەبێ ئەگەر بڵێم لە کاتی گفتوگۆی هەندێ ژنی ڕێکخراوی حیزبدا کە باسی پیاوێك کراوە چەند ژنێکی هەبووە. گوتویەتی پارەی هەیە و کەسێکی باشە و لێی دێ چەند ژنێکی هەبێ، هەندێکیان هێندە ماسۆشین باوەڕیان بە گۆڕانی هیچ یاسایەك نییە بەرگرییان لێ بکا، کەچی بەناویش داکۆکیکاری مافی ژنانن و لە ڕێکخراوی ژنانەدا کار دەکەن، هەندێکیان لە ڕێزی حیزبە سەلەفییەکاندا کار بۆ ئەوەی دەکەن ئەگەر ژنانی تر

هەر مافێکی مەدەنییان بۆ ژن پچڕی، ئەوان هەڵی وەشێننەوە، هەندێکیشیان بوون بە مافیا و ژنکوژ لەگەڵ پیاوە ژنکوژەکاندا بۆ ئەم مەسەلەیە بەڵگەم لایە، کەچی کەسی زۆر دیاری ناو ڕێکخراوە مێیینەکانە و حزبەکەی هەر بانگەشەی مەزنیی بۆ دەکا و بەیەکەم داکۆکیکاری لە قەڵەم دەدا. ژنانی ڕێکخراوە حزبییەکانیش وەکو حزبەکانیان ڕەخنە لە ڕێکخراوی یەکێتی بگرە دەتکات بە پارتی، لە پارتی بگرە دەتکات بە یەکێتی، لە هەردووکیان بگرە دەتکەن بە سیخوڕ، لە ئیسلامی بگرە دەتکەن بە کۆمۆنیست لە کۆمۆنیستی بگرە دەتکات بە دواکەوتووەی ئیسلامی... دەیان دیاردەی نەشیاوی تر لە ناو ڕێکخراوەکاندا هەیە و لە بری دابینکردنی مافی ژن، مافی دەکرۆژن، جا مرۆڤگەلێك نەتوانن بەرامبەرەکەیان قبووڵ بکەن چۆن دەتوانن مافی قبووڵکردنی ڕەگەزەکەیان لە کۆمەڵ وەربگرن، جا بەو حاڵەوە، با سەرجەم ڕێکخراوەکان لە خۆیان بپرسن ئایە ئەوان بێبەرین لە سەرجەم مرۆڤە دژ بە ژنەکان لە ڕێکخراوەکانیاندا؟ بەرامبەر سەرجەم ئەو دیاردانە وەڵامێکیان پێیە بۆ شەرمەزارنەبوونی مێژوو لەوە زیاتر؟ بۆشایین نێوان قەبیلەگەر و مافخوازی ژن و حزبەکانیان بە چی و چۆن پڕ کردووەتەوە؟ ئەو کاتە دەگەن بەو وەڵامەی چۆن کار بۆ ژن بکەن ئەگەر مەبەستیان ژنە.

**پ: ژنانی کوردی هەندەران، ئەوانەی لە وڵاتانی ئەمریکاو ئەورووپا دا دەژین بە تایبەتی، ڕۆڵ و کاریگەریکەرییان لە بزوتنەوەی ژنانی کورد دا چۆن بووە؟ ئایا توانیویانە لە ئەزموونی خەباتی ژنانی جیهانەوە فێر بن و، مۆدێلێکی گەشەسەندووی خەبات بۆ ژنانی کورد لە ناوەوە بگوێزنەوە؟ ئایا ژنانی کورد لە ناوخۆی کوردستان و لە هەندەراندا پردی پەیوەندیی، زمانی هاوبەش، خوێندنەوەی هاوبەش و بۆچوونی هاوبەش بۆ چارەسەرکردنی بڕێکی کێشەکانی ژنانی کوردستانیان هەیە؟**

و: بەڕای من ئەگەر ژنانی ناوەوە بیانەوێ ئەزموونەکانیان دەوڵەمەند بکەن، پێویستە متمانەیەکی زۆر بخەنە سەر ژنانی هەندەران و لە نێو ژنانی دەرەوەشدا ژیانی سەربەخۆ، چونکە بە داخەوە لێرەش ژنان بوون بە دووبەشەوە

بەشێکیان لێرەش هەر خەریکی حزبایەتی و ئابوونە کۆکردنەوە و بردنەوەی ئەندامن بۆ حیزبەکەیان، بەشێکی تریشیان لیبراوانە کار دەکەن و زیاتر لە ڕووی زانستی و مرۆییشەوە کێشەکان دەخەنە ڕوو، سڵ لە واقیعەکان ناکەنەوە و بە وەهمی بچووك خۆیان ڕازی ناکەن ئەمەش مژدەی لە دایکبوونی بزووتنەوەی فێمینیستی کوردیی داوە لە هەندەران و هەندێك دەکرێ سوودیان لە ئەزموونی خەباتی ژنانی جیهان وەرگرتبێ و هەندێکیشیان هەر لە بنەمادا بەو خەباتەی ناوەوە ڕازی نەبوون و پرۆگرام و ئایدیای جیاوازیان هەبووە بۆ ژن.

وەکو پێوەندیی هەتا ئێستا پێوەندی زۆر لاواز بوو، ئەوەش تاوانی ژنانی هەندەران نەبوو، بەڵکو تاوانی ژنانی ناوخۆ بووە، چونکە هەریەك لەو ژنانەی دەرەوە لە هیچ دەسەڵاتێك سڵیان نەکردووەتەوە کاتێك سووکایەتییەك بە ژنێك کرابێ بەڵام ئەوان لە بری پێوەندی گرتن و هاوکاری، ڕووبەڕووی ژنەکەی هەندەران بوونەتەوە و چوونەتە سەنگەری دەسەڵاتەکەوە، بەڵام لە ئێستادا لەگەڵ هەموو کەموکوڕی و جیاوازییەکانیشدا هەوڵدراوە و هەوڵ دەدرێ کە پێوەندی دروست بکرێ و ئێمەش وەکو تۆڕی داخوازینامەی ژنی کورد پێوەندیی باشمان لەگەڵ ژنانی هەرچوار پارچەکەی کوردستان دروست کردووە و ئومێدی گۆڕانی زۆر و هاوکاریی زۆریان لێ دەکەین بۆ گۆڕینی هەر ستاندالێکی ڕابردووی دژ بە ژن بۆ کاری یاسایی و نێودەوڵەتی لە بەرژەوەندیی ژن.

**پ: کۆڕ و کۆبوونەوەی زۆر و کۆنفرانسی ژنان لە کوردستان و لە هەندەران لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا بەڕێوە چووە و بە تیۆری باس لە کێشەکانی ژنانی کورد کراوە و بۆچوون و پێشنیاز بۆ چارەسەری خراوەتە ڕوو. تا چەند لە پراکتیکدا لە گۆڕانکاریی ڕەوشی ژناندا کار بەو ئەنجامانە کراوە کە لە کۆڕ و کۆنفرانسەکاندا پێی گەیشتوون؟**

و: زۆر جار کۆڕ و کۆبوونەوەکان وەکو زەپۆشێکی لێ هاتووە هەندێ لایەن و دەزگا و کەس دەیگرن بۆ ئەوەی بڵێن هەڵوێستمان هەبوو، یان ساڵانە

بەردەوامین لەو چالاکییەی کە لە ساڵانی ڕابردوودا کردوومانە، واتە تەنیا دەبێتە مەرەکەبی سەر کاغەز، کەم جار بە بڕیار و پرۆگرامی نوێ لێی دەردەچن، تەنانەت زۆر جاریش ئەو بڕیارانەی لە سیمنار و کۆڕ و کۆبونەوەدا دەدرێن، هەوڵی تەواوی پراکتیزە کردنیان نادرێ، بۆیە پێویستە ئەو کۆڕ و کۆنفراسانەش لە بارە نەریتییەکە دەربچن بۆ باری کۆششی ڕاستەقینە.

**پ: پێشنیاری کۆنکرێتی تۆ بۆ ئێستای ژنای کورد و گۆڕانکارییە پێویستییەکان چییە؟**

**ڕێکخراوەکان چەندین خەوشیان هەیە پێویستە بەر لە هەموو شت هەولبدەن ئەو خەوشە زەقانە چاك بکەنەوە ئەوجا هەول بۆ مافی ژن بدەن.**

١. ژنانی ڕێکخراوەکان لە پاشکۆی عەقڵی پیاو و ڕۆشنیری و ستراتیژی پیاوان دەربچن و متمانە بخەنە سەر توانای خۆیان.

٢. خاتر نەگرتنی هیچ لایەك لە ڕەخنەگرتن و خستنە ڕووی ناتەواوییەکان بۆ پێشخستنیان.

٣. تەتەڕوف و دژایەتی بەرامبەر بە ژن و لە ناخەوە لە ناخی خۆیاندا دەربهێنن و ئامانجیان ڕوون بێ بۆچی کار دەکەن.

٤. لای هەمووان ئاشکرایە ئەزموونی ئەو چەند ساڵەی دەسەڵاتدارانی کورد بە هیچ شێوەیەك ڕەچاوی هۆشیارکردنەوەی خەڵکی تێدا نەکراوە و بگرە بە پێچەوانە سوود وەرگیراوە لە ناهۆشیاریی خەڵك بۆ یارییە سیاسییەکان وە ڕێکخراوەکانیش لەم کارەدا بێ تاوان نین، پێویستە ئێستا ئەو پرۆگرامەیان بگۆڕن بۆ هۆشیارکردنەوەی ڕاسەقینە نەك چەواشەکردن.

٥. پێویستە فەلسەفەیەکی ستاندال و دادپەروەر هەبێ بۆ ژنی کورد کە عەقڵە مۆدرین و یەکسانخوازەکان گەڵاڵەی بکات.

٦. گۆڕینی میتۆدەکانی خوێندن بۆ میتۆدیك ڕێز و ماڤی ژنی تێدا ڕەچاو کرابێ و نەك وەکو ئەوانەی کە هەیە بەردەوام خەریکی کاری ماڵ بێ. خۆ ئەگەر لە بابەتێکدا کاری دەرەوەی درابێتێ دیسان ئەو کارانەیە کە بۆ خزمەتی

سێکوچکەی پیاو، ماڵ و منداڵە، هەروەها پێویستە بابەتی مافی مرۆڤ بۆ سەرجەم خوێندنگەکان زیاد بکرێ.

٧. پشتبەستن بە بەسترەکتۆر و بیری یاسا مەدەنییەکان بۆ دۆزینەوەی پرسی گۆڕان و لە هەمان کاتدا بەرگریکردن لە یاسا کە لە ژێر دەسەڵاتی دەسەڵاتداراندا بێتە دەرەوە بۆ دەسەڵاتی داد، (چونکە سەرجەم دەزانین یاسا بە پێی ویستی دەسەڵاتداران بڕیار دەدا و لە کەسێکەوە بۆ کەسێك سزا دەسەپێنێ).

٨. ئاشکراکردنی کردەوەی ئەو ژنانەی لە ناو ڕێکخراوەکانی بە ناو ڕێکخراوەکاندا، بە ناوی بەرگریکردن لە ژن، ژن ئەتك دەکەن، کە ئەمە لە ڕووی دەروونی و لە ڕووی سیاسیشەوە لێکدانەوەی خۆی هەیە، چی دی ئەو دیاردەیە قبووڵ نەکرێ و حەز دەکەم ئەوەش بڵێم کە یەکێك لە پرسەکانی فێمینزمی نوێ ئەوەبوو کە تەنیا پیاو، ژن ناچەوسێنێتەوە، بگرە هەندێ جار ژنیش ژن دەچەوسێنێتەوە، جا بۆ پێکهێنانی بزووتنەوەیەکی فێمینزمی پێویستە بەر بە تەشەنەکردنی ئەو دیاردەیە بگیرێ.

# 20

دیمانە: ڕێبازی ئازادی، ڕێبازی ئازادی،

ژمارە ٤٢٣ سێشەممە ٢٠٠٦/٥/١٦

**پ: بەبۆچوونی تۆ خەباتی حەقخوازانەی ژنان لە سەرتاسەری جیهان بە تایبەت لە کوردستاندا لە کوێدایە و تا چەند مافەکانی ژنان وەدی هاتووە؟**

و: لە سەرجەم جیهاندا هەتا ئێستا چەوسانەوە و کوشتن و پێشێلکردنی مافی ژن هەیە. هەوڵدان بۆ بنبڕکردنیشی بووە بە شەڕێکی هەتا هەتایی، بەڵام لە جیهانێکەوە بۆ جیهانێکی تر شەڕەکان جیاوازن. گەر ئێمە لە جیهان مەبەستمان جیاوازیی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بێ، ئەوا جیاوازییەکە ئێجگار گەورەیە، من پێنج ساڵە کوردستانم بەجێ هێشتووە و لە ڕۆژئاوا دەژیم، ئەو چەند ساڵەی لەم وڵاتەدا هێندەی مانگێکی کوردستان هەواڵی ژن کوشتن و منداڵ کوشتنم نەخوێندووەتەوە، جارێك کەسێك لە ڕووی دەروونییەوە ناساغ، منداڵێکی مێیینەی ڕفاندبوو و دوایی کوشتبووی، لێرە لە کارەساتی هەڵەبجە و ئەنفالی لای کوردان زیاتر بایەخی پێ درا، هەموو دەزانن خاتوو زارا کازمیی بە ڕەگەز ئێرانی، کاتێك گەڕایەوە ئێران بە دەستی ئەو ڕژێمە کوژرا، ناکۆکیی نێودەوڵەتیی لێ کەوتەوە و هەتا ئێستا کەنەدا پێوەندیی سیاسی و دارایی خۆی بە ئێرانەوە پچڕاندووە و باڵیۆزی خۆی لە ئێران گەڕاندەوە و هەتا ئێستا ئێران لە دادگەدایە بەرانبەر ئەو تاوانە. لە ڕۆژئاوا ئەو یاسایانەی کە مرۆڤ پابەندییەتی بۆ پاراستن و ڕێزگرتنی ئاژەڵە ماڵییەکانی زۆر بەهێزتر و

گەورەترن لەو یاسایانەی لە ڕۆژهەڵاتدا بە تایبەت لە کوردستاندا کە سەرجەم مرۆڤەکانی پێ بەڕێوە دەبرێ. کورد لەگەڵ تەنانەت تورك و عەرەب و فارسیشدا جیاوازیی گەورەی هەیە. ئەو ژمارە زۆرەی ژنان لە ڕۆژئاوا بەدەستی کورد دەکوژرێن و ئەو تاوانەی لێرەش کورد بەرانبەر ژن و منداڵ دەیکا لەو سێ نەتەوەی دیدا بەدی ناکرێ و بەو ڕێژەیە ڕووی نەداوە کە سێ نەتەوەی دواکەوتووی ڕۆژهەڵاتین و زۆر جار گوێمان لێ دەبێ کورد خۆیان بە پێشکەوتووتر دەزانن لەوان، بەڵام لە ڕاستیدا کورد هێندەی بێ ڕێزی کردووە بەرامبەر بە ژنی کورد ئێمە لەلای بیانیدا زۆر جار شەرم دەکەین بڵێین کوردین، چونکە خێر لە دەممان وەردەگرنەوە و ئەڵێن "ئا ئەوانەی ژن دەکوژن گەر خۆشەویستی بکات" بۆیە بەراوردی کورد لەگەڵ هەر جیهانێکی تر بەراوردێکی لاسەنگ دەردەچێ، کورد بێ نرخی و سووکایەتییەکی بێ وێنە بەژن بەتایبەتی و بە سەرجەم تاکەکانی خۆی دەکا بە گشتی، هیچ نەتەوەیەکم نەبینیوە هێندەی کورد ڕۆحی نێرۆدیی تێدا بێ بەرامبەر بەخۆی و هێندە تاکەکانی خۆی خۆش نەوێ.

**پ: بۆ سەرکەوتنی داوا و مافەکان دەبێ ژنان چی بکەن؟**

و: مافی ژنانی کورد و کێشە و چارەسەرکردنی، بەشێکی کەمی دەبێ سیستەمی بەڕێوەبردن و یاسا و تاکەکانی نێو کۆمەڵ بگۆڕێن و ئەوەی بۆ ژن پێویستە بکرێ واتە مافی ژنان و کێشەکانی پێوەندی ڕاستەوخۆی بە فەلسەفەی پەروەردەوە کردن و فەلسەفەی سیاسی و بەڕێوەبردنەوە هەیە. ئەو بەشەشی کە لە دەستی ژنان خۆیاندایە، پێویستە ژنان زیاتر بە تەنگیەوە بێن و ڕاستگۆتر بن تێدا بە تایبەت ژنانی نێو ڕێکخراوەکان و حزبەکان بۆ گوتاری پراکتیکی و گوتاری جێندەری. گەر ئەوان باوەڕیان بە یەکسانی و ئازادیخوازیی ژنان هەیە پێویستە ئەوە بزانن مرۆڤی یەکسان لە ژێر ڕکێفی ئەوی دیدا ناژی، ئەگەر پیاو بێ، یان عەشیرەت و حیزب و... هتد، دوو فاقییە کەسانێك داوای ئازادبوونی ژنان لە ژێر ڕکێفکەوتن بکەن و داواکاران خۆیان ژێر رکێف کەوتوو بن.

**پ: نازانم چەند ئاگەداری کە ژنانی کوردستان لە چ حاڵێکی خراپدان ڕۆژ نییە زیاتر لە ١٠.٥ ژن خۆیان نەکوژن و خۆیان نەسووتێنن و تیرۆر نەکرێن، ئەم ڕێژە بەرزە زۆر مەترسیدارە لە هەمبەر ژنان، بە بۆچوونی تۆ فاکتەرەکان چین؟ ئایا سیستمی سیاسی و خێڵ و بنەماڵەیە؟ یان کولتووری پیاوسالاری و خێزانی و نەبوونی کولتوورێکی مۆدێرنە؟ پێت باشە چی بکرێ بۆ رزگاربوونی ژنان لەو قەیران و موسیبەتە؟**

و: لێرەدا کورد پێویستی بە فەلسەفەیەکی مرۆیی هەیە یاسای تاکەکانی تێدا بەرجەستە بکرێ بۆ زیندووکردنەوەی ویژدان و کوشتنی ڕۆحی ئەتککردن لە ناو کورددا. چونکە گەر بە مێژووی سیاسی و مرۆیی و هەموو نسکۆکانی کورددا بچینەوە بۆمان دەردەکەوێ میللەتێکە دەژی بە ڕۆحی ئەتککردن و خۆکوژی، ئەو فاکتەرەش گەورەترین تەگەرە بووە لە ڕێگەی خواستە جیاوازەکانیدا، بیرت نەچێ کورد لەگەڵ ئەوەی هەمیشە کوژراوی دەستی دوژمنانی بووە، لە هەموو نەتەوەیەکی دی زیاتر لە ناوخۆیدا یەکتری کوشتووە، با بەپلان و دەستی دوژمنانیش خۆمان نەخەڵەتێنین، کەواتە لە ڕووی جیندەرییەوە کورد ئاشنایە و نزیکە لە کوشتنەوە و تەنیا نەریت و کولتوور نییە. وەکو پێشتر ئاماژەم پێ دا کوشتنی ژن بە دەستی کورد بووە بە خاڵێکی ڕەش بە نێوچەوانی کوردەوە لە ڕۆژئاوادا و ژیانی ئێمەی پەنابەرانی ڕۆژئاواشی خستووەتە بەر ناتۆری شەرمەزاری، لە کاتێکدا لە ڕۆژئاوا کەس نە ئافەرینی دەکا و نە دەشڵێ شەرەفی بنەماڵەی پاراست و نە بە هانەی خێڵەکییانەی بۆ دەکا بە پاڵپشت، تەنیا بەر نەفرەت دەکەوێ، لەگەڵ ئەوەشدا هەر ئەنجامی دەدا، ئایا ئەو دیاردەیە تەنیا بەوە پاساو دەدرێ کە مرۆڤێکی کوردە و هەڵگری کۆمەڵێ داوونەریتی دواکەوتووی خۆیەتی؟ یان لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە هەڵگری ڤایرۆسی کوشتنە و خۆی لە بنەمادا مرۆڤی بکوژە و خۆ کوشتنیش هەمان هۆی لە پشتە لەگەڵ پاڵنەرە کۆمەڵایەتییەکانی دی.

تەنیا نموونەکانی ڕۆژئاواش ئەو ڕاستییە ناسەلمێنن، بگرە نموونەی هەڵوێستی خەڵکی کوردیش بەرانبەر ڕووداوەکە ئاساییبوونی کوشتن لای

کورد هەمان بۆچوون دەسەلمێنێ، ساڵی ڕابردوو لە کەنەدا ژنێك دیار نەما هەتا تەرمەکەی دۆزرایەوە تەنیا لە گەڕەکەکەی خۆیدا ٧٠٠ کەس خۆی بەخشی بۆ سۆراخکردنی ئەو ژنە جگە لە هێزی پۆلیس و حکوومەت و خەڵکی تر بە گشتی، بەڵام لە کوردستاندا کە ژنێك دەکوژرێ ئەگەر دەستخۆشی لە بکوژەکە نەکرێ، ئەوە بە ئاسایی وەردەگرێ و گلەیی لێ ناکرێ، ئەوە ساکارترین نموونەیە بۆ ئەوەی بزانین ئەوانیش کوشتنیان ئەنجام نەداوە لە ناخدا بکوژن دەنا تاوانی کوشتن بێدەنگیی لێ ناکرێ و لە خراپترین باردا بێدەنگی لە هەر دیاردەیەکی خراپ و بە تایبەت لە کوشتن بەشداربوون دەکات تێیدا.

گەر بکوژەکانی نێو کورد ژێر پەردە کەوتبوون واتای ئەوە ناکا ئەو دیاردەیە نەبووە و دوای ڕاپەڕین سەری هەڵداوە، بەڵکو ئەوە دەگەیەنێ کە پێشتر بە یاسا و تۆقاندن و هێستریا کوشتنیان تێدا خەفە کراوە. ئەمڕۆش کە یاسایەك نییە خەڵك پابەندی بێ و دادگەیەك نییە کردارەکانی مرۆڤ بخاتە سەر تەرازوو، دەسەڵاتێك نییە خۆی بە بەرپرسیار بزانێ بەرانبەر بە ژیانی خەڵك، ئەو دیاردەیە بووە بە دیاردەیەکی ئاسایی و باو، مەترسییەکانیش لە کۆتاییدا تەنیا بە ژن کوشتن کۆتاییيان نایە.

پ: **لەشفرۆشیی ژنان گەرمترین بازاڕی هەیە لە کوردستان و ″گەوادەکان″ پۆل پۆل کچان و ژنانی عەرەب و تورکمان دێننە کوردستان بۆ ئەم کارە لە بەرامبەر پارەیەکی کەم بۆچی کوردستان بووەتە مۆڵگەی لەشفرۆشی، ئەم پەتایە چەند مەترسیدارە ئایا پێوەستە بە ئازادیی سێکسییەوە؟ چی بکرێ و چارەسەر و ڕێگەکان چین؟**

و: لەشفرۆشی دیاردەیەکی ئیجگار کۆنە و لە گەڵ هەبوونی مرۆڤدا بوونی هەبووە، بەڵام ئەزموونەکانی سەرجەم جیهان ئەوە دەسەلمێنن، تا لەشفرۆشیی سیاسی و لەشفرۆشیی ئابووری بڵاو نەبێتەوە لەشفرۆشیی ژنیش تەشەنە ناکات بۆ ئاستی دیاردە، لە کوردستاندا هەموو جۆرەکانی لەشفرۆشیی سیاسی، ئابووری، ئیداری و هەستی نەتەوەیی و مرۆیی بڵاو بوونەتەوە، پاشان لەشفرۆشی دیاردەیەکی بەرچاوی سیستمە دیکتاتۆرەکانە و کاتێك بەو شێوەیە

له كوردستان لەشفرۆشی بڵاو دەبێتەوە واتە هێندەی بەربڵاویی دیاردەكە و جۆرەكانی تری لەشفرۆشی كە بەر لە لەشفرۆشیی ژن ئاماژەم پێ كرد سیستمێكی تۆلیتاری و چەوسێنەر لە ئارادایە.

**پ: لینین دەڵێ: لەشفرۆشی دیاردەیەك و كێشەیەكی گەورەی كوشندەی ڕژێمی سەرمایەدارییە. ئایا كۆمەڵگەی كوردی كۆمەڵگەیەكی سەرمایەدارییە؟ یان بەهۆی ئەوەی كە دەسەڵات خۆی بە بەپرسیار نازانێ؟ جیا لەوەش مەسئوولەكان خۆیان پەرەپێدەری ئەم فەزایەن؟**

و: بەڵێ ڕاستە دیاردەی ڕژێمی سەرمایەدارییە، بەڵام دەبوو لینین ڕژێمی دیكتاتۆریشی بۆ سەربار بكات، چونكە ڕاستە ڕژێمی سەرمایەداری مرۆڤەكان دەكا بە ئامێر و بەهایان بە ماتریال، بەڵام ڕژێمی دكتاتۆری خۆی یەكێكە لەو ڕژێمانەی لەشفرۆشی دەكات بە ئامانج لە پێناوی داگیركردنی هۆشی جەماوەردا، بەر لە هەر شتێكی تر دیاردەی لەشفرۆشی لە نێو كۆمەڵەكەدا پەرە پێ دەدا، گەر سەدامی دیكتاتۆر بكەین بە نموونە لە هەموو شت زیاتر بایەخی بە هێنانی لەشفرۆشی دەدا بۆ عێراق و زۆرترین مەلهای لە بەغدادا كردبووەوە و زۆرترین لەشفرۆشی لە نێو موخابەراتی خۆیدا پەروەردە دەكرد و ڕادەگرت، سەدان شۆڕشگێڕی بە دەست و پلانی لەشفرۆش لە ناو دەبرد. مۆسۆلۆنی و هیتلەر و سەرجەم دەسەڵاتە دیكتاتۆرییە جیهانی و عەرەبییەكانیش هەر وابوون، تەنانەت لە ئەمریكای باشوور و ئەمریكای ناوەڕاست لە ساڵانی شەشتەكاندا واتە ماوەیەكی درێژخایەن نییە، بەهۆی ئەو نابەرابەرییەی لە ئارادا بوو پیاوانی سیاسەتی دیماگۆگی ژنیان وەكو شمەكێكی بازرگانی بە كار دەهێنا بۆ بردنەوەی پێشبڕكێكانیان، دەبوو یەكی دڵخوازێكی دیاریان هەبووایە لە ئاهەنگی شەوانە و كۆنگرەی حیزبەكانیاندا دەیانخستنە ڕوو وەكو فلایەری پڕوپاگندە بۆ خۆیان جگە لەوەی ژیانی زیندەییی خۆیان دابەش بكەن بە سەر دڵخوازەكەیان و هاوسەر و بەشێكی زۆریشیان لەگەڵ ژنانی خۆفرۆشدا دەبردە سەر، ئەم جۆرەی دواییيان بەشێكی گەورەی پرۆگرامی سیاسییان بوو.

**پ: چەندان ژنی چالاكی بواری ژنان كە پێشتر ناڕەزا بوون و دەوریان**

**هەبووە کەچی ئێستا یان هاتوونەتە پاڵ دەسەڵات وەك ″مهاباد قەرەداغی و چۆمان هەردی″ هەندێکی تر یان وەکو « تۆ و ناسك ئەحمەد» خۆتان دوورخستووەتەوە لەو لێپرسراوێتییە، ئەمە تا چەند کاریگەریی سلبیی دەبێ؟**

و: قەیرانە سیاسییەکان درێژکراوەی قەیرانی فیکرین، ئەوە قەیرانی فیکرییە ڕێگە بە دەسەڵات و هێزە سیاسییەکان دەدا بە پێی ئارەزوو و بەرژەوەندی خۆیان مامەڵە بە تاك و گرووپی هەر کۆمەڵێکەوە بکەن و جۆرەها قەیرانی تر بهێننە ئاراوە، دیارە کێشەی ژنانی کورد زۆربەی لای دەسەڵاتدارانەوە چارەسەر دەکرێ. گەر ئەو ژنانەی لە بازنەی دەسەڵاتدا کار دەکەن خەمخۆر بن و کێشەی ژنان بە هەن وەربگرن، جا خوازیارم ئەو بەرێزانەش خۆیان بۆ ئەو مەسەلەیە تەرخان بکەن. لای من گرینگ ئەوەیە مرۆڤ بڕیاری کار و خزمەت بدات گرینگ شوێنی نیشتەجێبوون و پۆستی کارکردنی نییە.

ناسك ئەحمەد لە کوردستاندا ئیدارەی حیزبێکی دەکرد بۆ هەموو حزب و حزبۆکەکان و عەمامە بە سەرەکان و بەعسییەکان ڕەوا بوو لای حکوومەتەوە مووچەی مانگانەی ڕێکخراو و حیزب و عەشیرەتی خۆیان لای حکوومەتەوە هەبێ، بەڵام یارمەتییەکانی ناسك لای حکوومەتەوە لای هاووڵاتییانی کورد بە کورتی و درێژیی تەنوورەکەی دەپێورا تەنیا لەبەرئەوەی ئەو مێ و حکوومەت نێر بوو، نەك بە کار و مافی خۆی لای دەسەڵاتدارانیشەوە بە کوشتن و ئەتککردنی ئەندامەکانی حزبەکەی لە سەر شەقامەکان و بە داخستنی سەنتەرەکانی دەپێورا. منیش چەند جارێك دووپاتم کردووەتەوە کە بە خواستی خۆم کوردستانم بە جێ نەهێشتووە، هەموو ئەو سووکایەتییانەی دەسەڵات بە ژنانی چالاکی دەرەوەی خواست و چالاکیی خۆی دەکا لە یاد بکە، بەڵام بە باوەڕی کێ ڕەوایە نووسەرێك ئەو پەنجەی شەوانە شەونخوونی دەکا و وشەکانی دەخاتە پێناوی ئازادی و دیالۆگ و مەدەنیبوونی کۆمەڵەکەی بە ڕۆژ دەمانچەی پێ بگرێ لە پێناوی مانەوەی ئەو پەنجەیەدا بۆ شەونخوونێکی تر، یان نووسەرێك نەیتوانێ لە نێو خەڵك و شوێنی گشتیدا بێ لە کاتێکدا جێگەی نووسەری ڕاستەقینە شوێنە گشتییەکانە کە خەڵکی هەژار و لێقەوماوی تێدایە،

نـاو جـەمـاوەرە، کـاتـێك ئـەوە یـاساغ دەبـێ لـە نـووسـەرێك دوورکـەوتـنـەوەی سوودبەخشترە، دوور کەتنەوەم بۆ ئەو چینەی باسم کردووە و بۆ میللەتەکەم بە گشتی سوودبەخشتر بووە لە ڕووی کار و چالاکیمەوە، بەڵام بۆ خودی خۆم زیانبەخش بوو.

بەهەرحاڵ دەگەڕێمەوە لای خاڵی یەکەمت و دەڵێم گرینگە ژنی کورد تەنیا توانای ئەوەی هەبێ خۆی چارەسەر بکا گەورەترین خزمەتی کردووە، سەیر نییە؟ ژنانێك خۆیان بە مەسیحی نێردراو بزانن و سبەی ئەگەر بمرن پەیکەریان بۆ دروست بکرێ وەکو داکۆکیکاری مافی ژن، بەڵام شەڕ و گرێی لەسەر ئەوە بێ ناوی ژنێکی تر بەر لە ناوی خۆی لە سەر بڵاوکراوەیەك نەبینێ، خۆی یەکەم نـاو بـێ، هـەتـا بـڵاوکـراوەکـە سووکـایـەتی بە ژن دەکا و ئەو ژنەی لێ دوور دەکەوێتەوە ئینجا ئەو ڕووی تێ دەکاتەوە... هتد

ئـەمـە ڕەمـزە مـەزنـەکـانـی ئـەمڕۆی مـافـی ژنـانـە هـەر ژنێك گرێکـانـی خۆی چارەسەر کرد بەرانبەر بە ڕەگەزەکەی خۆی گەورەترین خزمەتی بە ژن کردووە.

**پ: لینین دەڵێ: یەکسانی ژن و پیاو لە پرەنسیپە سەرەکییەکانی کۆمۆنیستە ئایا وایە ئەم سیستمە توانیی مافی ژنان بپارێزێ یان نا؟**

و: لـیـنین ڕاست دەکـات، بـەڵام کـێشە ئـەوەیـە هـەتـا ئـێستـا لـە سیستـەمـی کۆمونیستی و بەو شێوەی لینین مەبەستیەتی، سیستەمی ئیشتراکی لە جیهاندا پراکتیك نەبووە و بنەما ڕاستەقینەکە هەر بە میتۆدی مایەوە، هەر بۆیە لە جیهاندا سەرجەم سیستمەکان بانگەشەی پاراستنی مافی ژنیان کرد، بەڵام هیچ جۆرە سیستم و ئایدۆلۆژییەك لە کۆمۆنیستەکان، لیبرالیزمی کۆن و نوێ، ئاینەکان، مەزهەبەکان، ناسیۆنالیستەکان، مەسیحییەکان و... هتد هیچ جۆرە فیکر و فەلسەفەیەك نەیتوانیوە چەوساندنەوەی ژن لە بنەوە ڕیشەکێش بکات و مافی ڕاستەقینەی خۆی بداتێ.

**پ: سەردەمی جیهانگیری و مۆدێرنە لە ڕێگەی سەتەلایت و ئەنتەرنێتەوە بە تایبەت لە ڕێگەی کەناڵ و سایتە سێکسییەکانەوە، ژنان و مەسەلەی ژنانی ناشرین کردووە و ڕۆڵێکی نێگەتیڤی لەسەر ڕەوشی ژنان هەیە، ئایا گەر**

**لیبرالیزمی نوێ حەسانەوەی مرۆڤەکان بێ؟ ژنان لە کۆیی ئەم سیستەمە سیاسییەدا شوێن دەگرن؟**

و: جیهانگیری تەنیا کاریگەری نێگەتیڤی لەسەر ژنان نییە، بگرە سەرجەم مرۆڤایەتی و سەرجەم بوارەکانی ئالوودە کردووە، چونکە سەردەمی جیهانگیری زیاتر سەردەمی سەرمایەداری دەگەیەنێ هەتا سەرجەم فاکتەرە کولتووری و زانستییەکانی دی، هەموو دیاردەکان ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن بۆ نموونە سەردەمی جیهانگیری وای کردووە کە ئیتر ئەرەستۆ و هیگل و دیکارت و... هتد دەرنەکەون، گابریێل گارسیا مارکێزێکی دی بە چیرۆکە سیحر ئامێزەکانی کۆلۆمبیامان پێ نەناسێنێ، ئەمڕۆ تەنیا ئەو نووسین و ڕۆمانانە دەخوێنرێنەوە و پڕفرۆشن کە باس لە سێکس و شەڕی مافیا دەکەن، تەنیا ئەو فیلمانە پڕفرۆشن کە ئاکشنن یا سێکسین، ئەمڕۆ سەردەمی ڕواڵەتە نەك ناوەڕۆك هەر بۆیە دەبینین کەناڵەکانیش زیاتر لاشەی ڕووتی ژنان و ئەو کارانە دەردەخەن کە کاریگەریی نەرێیان لەسەر کۆمەڵ بەگشتی دەبێ نەك تەنیا ژنان، ئەوانە زیاتر کاریگەرییان لەسەر لاوان و منداڵان هەیە، هەر جیهانگیری کۆمەڵەی خۆکوژی ماڵپەڕی خۆیان هەیە لەسەر ئینتەرنێت هەزاران ئەندامی مێرمنداڵیان کۆ کردووتەوە و ڕێگە و هەنگاوەکانی خۆکوژییان لە ڕێگەی چاتەوە فێر دەکەن و ساڵانە سەدان خۆکوژی (إنتحار)ی بە کۆمەڵ لە وڵاتانی ڕۆژئاوا ڕوو دەدا، کە ژمارەی گەورەی مێردمنداڵ لە ژوورێکدا بە کۆمەڵ خۆیان دەکوژن، جیهانگەری زۆر باشیی هەیە ئەگەر عەقڵی هۆشیار بیخوێنێتەوە بەڵام کاریگەرییە خراپەکانیشی بەلایەکی گەورەترن بۆ ئەو کۆمەڵگانەی بە ناوی سەردەمی مودێرنەوە پشت لە هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵەکەیان دەکەن. بۆیە پێویستە پرۆگرامی هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵی کوردی لە هەموو پرۆگرامێکی تر کاراتر بێ، ئەوەی کە لە مەترسییە نەرێییەکانی ئەمڕۆی جیهان بمانپارێزێ بۆ ئەوەی تەنیا لایەنە بەکەڵکەکانی وەربگرین یان کەمتر کاریگەرییە خراپەکانی لە ناو کۆمەڵەکەماندا ڕەنگ بدەنەوە، هۆشیارکردنەوەیە بە ڕادەی یەکەم سەرباری چاککردنی باری

ئابووریی خەڵك و هەبوونی ئازادی بۆ دەربڕینی خود.

پ: **تا ئێستا ژنان لە کەمترین پۆستە سیاسی و ئیدارییەکانی کوردستاندا بەشدارن و زیاتر پاشکۆی حزبەکانن؟ بەبۆچوونی تۆ فاکتەرەکانی چین و چۆن دەتوانن ڕۆڵی ئەکتیڤیان هەبێ؟**

و: سیاسەتی ئەمڕۆی جیهان کۆمپانیایەکی گەورەیە، ئۆفیسی سەرەکیی لە ئیسرائیلە و ئۆفیسی دووەمی لە ئەمریکا و سەرجەم سیاسەتەکانی تری جیهان بەشێکن یان فەرعی ناوەندین لەو کۆمپانیایەی کە هاوردە و بردە بە مرۆڤ دەکا بە تایبەت بە وانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەوە لە عەقڵی دیماگۆگیی سەرکردایەتیی سیاسیی کوردییە هەوڵ نادات سەرجەم مرۆڤە باشەکانی نێو کۆمەڵی کوردی و ئەوانەی دەتوانن لەو کۆمپانییە بازرگانییە سیاسییەدا مامەڵە بکەن کۆناکاتەوە و بەلایەنی کەم بۆ ئەوەی کورسییەکەی خۆی لە ژێری نەخزێ، ئەوانەی کۆی کردوونەوە بە هەردوو ڕەگەز خەڵکی کارزان نین سازش زانن، بۆ (مێ)ش هەتا ئێستا کوردستان عەقڵی فیوداڵی زاڵە بە سەریدا، باوەڕی بە واتا و کاری ژن نییە، جگە لەوەی دەسەڵاتی سیاسیی کوردی بۆ ئیدارە و سیاسەت تەنیا ئەو ژنانەی دەوێ کە خێزان و خوشك و کەس و کاری لێپرسراونن و ئەوانیش ژمارەیان هەر ئەوەندەیە کە خزێنراونەتە نێو داوودەزگاکان، لەبەر ئەوەیە ژمارەی ژنان کەمن، گەرچی من خەمبار و پەست نیم بە ژمارەی کەمیان، ئەگەر زۆریش بن نرخ بۆ ڕا و داوای ژن دانانرێ لە سیستمی فیوداڵیدا.

پ: **ژنانی پەرلەمانتار کەمترین کاریگەرییان هەیە لە سەر بڕیار و مافەکانی ژنان لە کاتێکدا لە وڵاتانی "ئەسکەندەنافی زۆرینەی پەرلەمانتارەکان لە ژنانن" ئەمە بێ هەڵوێستیی ژنانە؟**

و: سەرەتا دەبێ ئەوە بهێنینە یادەوەرییەوە کە جۆری هەڵبژاردنی ئەندام پەرلەمان و بە ئەندام پەرلەمان بوون لە کوردستاندا هەڵەیە، چونکە لە سەر بنەمای پێویستیی هاووڵاتی و چۆنییەتی نییە، بەڵکو لە سەر بنەمای خواستی حزبی و چەندێتییە، لە وڵاتانی دیموکراسی لەبەرئەوەی ئەندام پەرلەمانەکان

پێویستە ڕاستەوخۆ نوێنەری خەڵك بن ئەوا هەر گەڕەكێك ئەندام پەرلەمانی خۆی هەیە و نوێنەریانە لە حكوومەتدا و هەڵبژاردراوی خۆیانە و كێشەكانیان چارەسەر دەكا و ئۆفیسی لە هەمان گەڕەكدایە، ئەگەر لەو ئاستەدا نەبوو، ئەوە لە ساڵی داهاتوودا هەڵی نابژێرنەوە، بەڵام لە كوردستاندا ژنانی پەرلەمانتار زۆربەیان چوونەتە ئەو پۆستەوە بۆ ئەوەی پێیان بگوترێ پەرلەمانتار و ئەگەر وا نییە لە خراپترین باردا دەبوو ئێستا ئەو پەرلەمانتارە ژنانە هەموو توانایان بخستبایەتە كار بۆ دۆزینەوەی ١٨ كچە فرۆشراوەكە بە میسر، ئایا پەرلەمانتارانی ژن تەنیا دووانن؟ ئەوانی تر هەمووی بێدەنگییان لێ كرد، ئەوانە پەرلەمانتاری نان پەیداكردنی ڕۆژن نەك كار و چالاكی و دروستكردنی مێژوویيەكی گەش، كاتێك پەرلەمانتار واتای دەبێ بە ژمارە ئەوا هەبن یان نەبن، ژمارەیان زۆر بێ یان كەم، كاریگەرییەكی نییە و پێویست ناكا خەمیان لێ بخۆرێ و بەراورد بكرێن بە وڵاتانی ئەسكەندەنافی ئەگەر خاوەنی كاریگەریی گەورە نەبن لە نێو كۆمەڵەكەیاندا.

بەهەرحاڵ كۆمەڵی ئێمە پێویستی بە ڕیفۆرمێكی كۆمەڵایەتی، سیاسی و ڕووناكبیریی زۆر جیدیی هەمەلایەنە هەیە، بێ ئومێد نیم و هەست دەكەم توێژێك لە لاوان بە ڕێگەوەیە كە هەموو لاسەنگییەكان ڕاست بكاتەوە و ئەو هەموو دووفاقی و ناڕاستییە لە سەرجەم لایەنەكاندا بەو شێوە بخاتە ڕوو و ئاراستەی بكا كە شیاوە بە كۆمەڵێكی مەدەنی، نەك مانەوەمان لە كۆمەڵی بەكردار فیوداڵی بە بەرگ و وشەی قەبە و بەكارهێنانی شارستانی.

تێبینی:

لەم دیدارەدا و لە پرسیاری دووەمدا دەڵێم پێویستە حكوومەت هەوڵی جیدی بدات نەك هەوڵی جیدی داوە كە دیارە بە هۆی هەڵەی چاپەوە ئەو پیتە گۆڕاوە. خوازیارم لای خوێنەر ئاشكرا بێ.

# 21

سازدانی: کوێستان فەتوحی

گۆڤاری ژنان

نووسەر و ڕووناکبیر، خاتوو کازیوەساڵح، خەڵکی کوردستانی عێراقە. ساڵی ١٩٩٤ پەیمانگەی تەکنیکیی لە شاری سلێمانی تەواو کردووە.

ساڵی ١٩٩٥ وەك لێپرسراوی بەشی ڕۆشنبیریی وەزارەتی ڕۆشنبیری کاری کردووە. لە پێکهێنانی کۆڕ و سێمیناری ئەدەبی و ڕۆشنبیری و تایبەت بە مەسەلەکانی ژناندا جێگەیەکی دیاری هەیە.

بەدەیان بابەتی ئەدەبی، فیکری و ڕۆشنبیریی لە بڵاوکراوە کوردی و عەرەبییەکاندا بڵاو بوونەتەوە.

لە ساڵی ١٩٩٨دا یەکەم کۆمەڵە چیرۆکی بەناوی ″حیکمەتەکانی بە قەرەج بوونم″ی چاپ کراوە. هەر لەو ساڵەدا بە سەرنووسەریی ناوبراو، گۆڤاری ″نڤار″ کە گۆڤارێکی فیکری و فەلسەفی بووە و بایەخی بە مەسەلەکانی کۆمەڵی مەدەنی جیهانگیری و ئیسلامی سیاسی دەدا کەوتە بەر دیدەی خوێنەران.

ساڵی ٢٠٠١ یەکەم کچە کورد بوو بانگهێشت کرا بۆ وڵاتی میسر و مەسەلەی ئەنفال و هەڵەبجەی بە گوێی شەخسیەتە گەورەکانی عەرەب گەیاند.

*له ۲۰۰۱/۹/۱۹دا بەشداریی له کۆنگرەی ژنانی پێشکەوتنخوازی عەرەب کردووە، له قاهیره.*

*ساڵی ۲۰۰۲ یەکەم کورد بوو وەك ڕۆژنامەنووسێك بەشداریی فیستیڤاڵی لووتکەی عەرەبی کرد له لوبنان.*

*کازیوە ساڵح چەندین کتێبی چاپکراوی هەیە بە ناوەکانی: "ژنی کورد له دەروازەی هەزارەی سێیەمدا"، کۆمەڵە چیرۆکی "بەفر کوژەکان" بە عەرەبی، "دوو هاوڕێ و جادووگەرێك" چیرۆکی درێژ بۆ منداڵان، هەروەها ڕۆمانی "باخچە" لە نووسینی "مارگریت دورا"ی وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی و... هتد.*

*ساڵی ۲۰۰۱ خەڵاتی فیستیڤاڵی "ئامیتا" بۆ ئەدەب و هونەر، له وڵاتی ئیتاڵیا، بە چیرۆکی "کێ کوشتنەکەی ئاشکرا کرد" وەرگرت.*

*ساڵی ۲۰۰۲ جارێکی تر هەر هەمان خەڵاتی وەرگرت له ئیتاڵیا بۆ چیرۆکی "ژنێك له پێکی ڕابردوودا".*

*خاتوو کازیوە ئێستاش نیشتەجێی وڵاتی کەنەدایە. خاتوو کوێستان فتووحی له ڕێگەی "ئیمێڵ"ەوە پێوەندیی پێوەگرت و ئەم وتووێژەی لەگەڵدا پێك هێنا.*

**پ: ئایا خاتوو کازیوە پێی وایە بزووتنەوەیەك بە ناوی بزووتنەوەی ژنانی کوردەوە هەیە؟ ئەم بزووتنەوەیە له کەیەوە و له کوێ «کام پارچەی کوردستان» هەیە؟ تایبەتمەندییەکانی چین؟ ئەم بزووتنەوەیە له بەراورد لەگەڵ بزووتنەوەی ژنانی میللەتانی دراوسێدا، خاڵە لاواز و بەهێزەکانی کامانەن؟ ئەی له چیدا لەیەك دەچن؟**

و: بزووتنەوەی ژنی کورد له بزووتنەوەی ژنانی جیهان باشتره نەبووە، بەڵکو ژنی کورد دوو جار ژێردەست بووە. جارێك وەکو ژێردەستیی نەتەوەیی، جارێکیش وەکو ژێردەستیی ڕەگەزی له لایەن پیاوەوە.

بێ گومان ژنێك له ژێر ڕکێفی چەوساوەیەکدا زیاتر چەوساوەیە هەتا کەسێکی تر، واته ئەو پیاوانەی له ماڵەوە باوکسالار و له دەرەوە ژێردەست و

چەوساوەن، چەوسێنەرترن. چونکە زۆر جار تووشی گرێی خۆ بەکەم زانین دەبن، لە ئاکامدا کاریگەریی نێگەتیڤیان زیاتر دەکەوێتە سەر.

ئەوەی لە سەرەتادا هەبووە ناتوانم ناوی بنێم بزووتنەوە. چونکە بزووتنەوە مەرج و تایبەتمەندیی خۆی هەیە. بەڵام وەکو دەسەڵات و دەرکەوتنی ژنی کورد، هێندەی وەکو پاشگری پیاو و خێڵ و عەشیرەت دەرکەوتووە، وەکو بزووتنەوە دەرنەکەوتووە.

ئەگەر ئێمە بگەڕێینەوە بۆ سەرەتای دەرکەوتنی ژن و کاتی فەرمانڕەواییی میرەکان کە پاش مردنی خۆیان ژنەکانیان یان خوشکەکانیان جڵەوی فەرمانڕەوایەتیی ناوچەکەیان دەگرتە دەست، واتە دەسەڵات و بزووتنەوەکەیان درێژکراوەی دەسەڵاتی پیاو و پاشکۆی دەسەڵاتەکەی ئەو بوو.

لەوانەش وەکو خانزاد کە سەرۆکایەتیی ئیماراتی سۆرانی کردووە، ولیەم (ولیمە) خانمی ئەردەڵانی ژنی خەسرەوخانی کوڕی عمنولا (ئەمانوڵڵا) بووە، لە پاش مردنی مێردەکەی فەرمانڕوایی گرتووەتە دەست و غازیە خاتوون، فەرمانڕەوایی «محاە»ی کردووە. شا خاتوون ژنی میر ″شمس الدین″ پاش مردنی میر، فەرمانڕەوایی ناوچەکەی خۆی کردووە. هەروەها فاتمە خانی ڕەواندزی پاش مردنی مێردەکەی، کاروباری ٨ دێی گرتووەتە دەست.

هەروەها چەندین ژنی ڕووناکبیر و چاکخواز و سەکۆی زانست و ڕاوێژکاری و هەندێکیشیان بەوە ناسرا بوون قوتابخانەیان لە شوێنە جیاوازەکاندا کردبووەوە. بزووتنەوەی ژنی کورد قەرزاری ئەو خاتوونانەیە بە هەموو لایەنە ئیجابی و سلبییەکانیانەوە، چونکە ئەوان پێشەنگی بزووتنەوەکانن، ئەگەرچی ڕووناکبیرەکانیان کەسیان پلەو پایەی کۆمەڵایەتییان پێ نەبەخشرابوو.

کارکردنیشیان زیاتر لە چوارچێوەی کاری مرۆیی و کۆمەڵایەتیدا بوو، ئەمەش بۆ ژنی نەتەوەیەك خاوەنی سەربەخۆیی نەبێ کارێکی ئاساییە.

خەمەکانی سەرەتا لە دەوری ڕزگارکردنی نەتەوەیی و ناسنامە کۆ دەبنەوە، واتە هەوڵی بۆ گشتی دەبێ نەك بۆ تایبەتی یاخۆ خودی.

بۆیە لە ئێستاشدا لە سێ پارچەکەی تری کوردستانی ئازاد نەکراوی ژێردەستی سووریا و تورکیا و ئێران، بزووتنەوەیەکی ژنانەی تێدا نییە کە تەنیا چالاکیی بۆ

ماف و ناتەواوییەکانی ژن بێ.

ئەمەش نە لەنگییە و نە کەموکوڕی. با بڵێین ژنێك لەو سێ پارچەدا ئەگەر داوای مافی خۆی لە دەسەڵاتدا یان لە یاسادا بکا چۆن دەتوانێ داوای بکا کە دەسەڵاتەکە لە بنەمادا دانی بە نەتەوەکەی ئەو دانەناوە و هیچ مافێکی یاسایی نییە، داوای چی بکات لە کاتێکدا هیچ پیاوێکی کورد نەگەیشتووە بە هیچ پلە و پایەیەك، ئەمەش لاسەنگیی لە تەرازووی مرۆڤی کورد بەگشتی و مرۆڤی عەرەب و تورك و فارسدا دروست کردووە، نەك تەرازووی ژنی کورد و کۆمەڵ لەبەرئەوە کاری بزووتنەوەکان لەو بەشانەدا ناکامڵ دەبێ، چونکە نە مافی ژن بەدەست دێ کە بەشەکانی تری کۆمەڵ کۆیلە بن، نە مافی کۆمەڵیش بەدەست دێ ئەگەر ژن تێیدا کۆیلە بێ.

کەواتە لە ئێستادا پێویستە ئەرکەکان بکەوێتە سەرشانی بزووتنەوەکانی ژنانی باشووری ڕزگارکراو، بەڵام ئەفسووس ئەوانیش هەتا ئێستا لە هەمان بازنەی بەتاڵدا دەخولێنەوە کە لە سەرەتای دەرکەوتنی بزووتنەوەی ژندا وەدەرکەوتووە و پاش ١٣ ساڵ هەتا ئێستا کۆیلە و پاشگر و گوێ لە مشتی حزبەکانن و کۆبوونەتەوە بۆ جێبەجێکردنی کۆمەڵێ ستراتیژ و پرۆگرامی پیاوانی حزب و ئەرکەکانیان زیاتر حزبین هەتا مرۆیی و مافخوازی.

**پ: ژنی کورد چۆن دەتوانێ خۆی وەك تاکێك و وەك توێژێکی کۆمەڵ، ڕزگار بکا، بە تێگەیشتن و کاری فیکری؟ بە ڕاوەستان لە سەرپێی خۆی لە بواری ئابوورییان؟ بە وەدەستهێنانی جێگەی خۆی لە دەسەڵاتدا؟**

و: هەر سێ بوارەکە فاکتەری بەرجەستەکردنی کەسایەتیی هەموو مرۆڤێکن بەتایبەت بۆ وەدەستهێنانی خواستەکانی و دەرچوون لەو بارلێژییەی کە سەرجەم ژیانی لاسەنگ کردووە، بنیاتنانی کۆمەڵەیەکی بەهێزیش بۆ کەسایەتیی بەهێز و سەربەخۆیی، سەرەتا لە کاری فیکری و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیارییەوە دەست پێ دەکا. چونکە پێم وا نییە هیچ پرۆسەیەك ئەگەر ئابووری یان سیاسی یان کۆمەڵایەتی بێ بەبێ تێگەیشتن و فیکری کامڵ بتوانێ بەرهەمهێنەر بێ و ئەنجامی پۆزەتیڤ وەدەست بخا.

واتە ژن ئەگەر نەیتوانی بیریار بێ پێویستە ڕووناکبیر بێ، گەر نەیتوانی

ڕووناکبیر بێ پێویستە هۆشیار بێ گەرنا فێرخواز بێ. دەنا مامەڵەکردن لەگەڵ فاکتەرەکانی تردا گران لەسەری دەکەوێتەوە و هیچ ژنێك بەبێ توانای ڕاستەقینەی خۆی، ئەرك و ماندووبوونی خۆی ئەگەر بشگات بە سەنتەرەکانی بڕیار و پایەی ئابووری و سیاسی، لەسەر بنەمایەکی بەتاڵە و ڕووخانی ئاسانە.

بۆیە پێویستە پاش فاکتەرە فیکرییەکان دەست بۆ فاکتەرە ڕامیاری و ئابوورییەکان بەرێ، چونکە هەریەك لەوانەش بۆ خۆی کۆمەڵی زانست و ئایدیای لە پشتە.

واتە گرینگ لە چییەتیدا نییە، بەڵکو لە چۆنیەتیدایە، بە تێگەیشتن لەو ئایدیایانە دەزانرێ چۆن هەرسێکیان دەبن بە گرینگترین کەناڵ بۆ ئەوەی گۆڕانکاریی لێوە دروست بێ.

**پ: لە کوردستانی عێراق، هەوڵێکی بەرچاو لە لایەن ڕووناکبیران «بە ژن و بە پیاوەوە» و ڕێکخراوەکانی ژنان بۆ هێنانە گۆڕێ ماف و ئازادییەکانی ژنان و چەسپاندنیان لە گۆڕێدایە. ئێوە ئەم هەولانە و ئاکامەکانیان چۆن هەڵدەسەنگێنن؟ ئەگەر پێشکەوتن و بەرەوپێشچوونێك هەبووە، دەگەڕێتەوە بۆ کام لایەن و دامەزراو و توێژ؟**

و: ئەگەر ئەو هەولانە لەسەر بنەمایەکی دروست و بێ جیاوازی بێ بۆ هێنانە ئاکامی مافەکانی ژن، کارەکانیان لە قۆناغی ڕیکلامەوە بگوێزنەوە بۆ پراکتیکی جیدی، بێگومان ئەوکات بەشێکی گەورەی خواست و ئاواتەکانی ژن بەدی دەهێنن.

هەر بەرەوپێشچوونێکیش هەبێ دەگەڕێتەوە بۆ هەموویان بەیەکەوە یاخۆ دەسەڵات بە تەنیا، چونکە هەموویان بەیەکەوە = بە دەسەڵاتی حزب، دەسەڵاتی حزبیش = بە هەموو بە یەکەوە، واتە لە باشووری ڕزگارکراودا هیچ داوودەزگا و گرووپێکی سەربەخۆ نییە.

ئەوەی حیسابیشی بۆ ناکرێ ڕووناکبیری سەربەخۆیە، حکوومەت کۆڕی حزبە، پەرلەمان و ژنان و دەزگا ڕۆشنبیرییەکان و... تاد، سەرجەمیان ژێر ڕکێف کەوتووی حزب و پراکتیزەکاری پرۆگرامەکانی حزبن.

ژنان خۆشیان هەنگاوێك وەپێش ناخەن گەر حزب ڕازی نەبێ. ئەو کاتەش

حزب فەرمانێك دەدا ئەوانە تەنیا وەکو کۆمەڵی کەرەستەی ڕیکلامن بۆ جێبەجێکردنەکەی.

هەر لێرەشەوە دەتوانین بپرسین لە کوردستانی ئازاد کراودا بۆچی ژن ناگات بە هەموو مافەکانی بە بڕیارێکی حزبییانە؟ کێ ڕێگریانە؟ بۆچی ڕێژەی تیرۆرکردنی ژنان گەیشتووە بە ڕادەی شەرمەزاری؟ ئەمە ئەو سیاسەتەیە کە حزب ژنانی حزب، ژنانی دی پێوە خەریك دەکەن بۆ ئەوەی گوشاری داواکاری نەخەنە سەر حزب.

**پ: لە کوردستان و لە دەرەوەی کوردستان، ژنانی کورد چەندین کۆمەڵە و ڕێکخراو و یەکیەتییان هەیە، ئەوەش لە حاڵێکدایە کە دەردی سەرەکیی هەر هەموویان ژێردەستی و نابەرامبەرییە. سەرەڕای ئەو هەمووە سنوورە جوگرافی و سیاسی و ڕێکخراوەییە، دەبێ چ ئامانجێك و مەبەستێك ئەوان لێك کۆ بکاتەوە؟ ڕای جەنابت لەو بارەوە چییە؟**

و: وەکو "جهان ابوزید" دەڵێ: "پێشکەوتنی ژن زۆر ئاڵۆز و تێك ئالاوە." نزیکە لە سروشتی دروستبوونی مرۆڤەوە کە یەکەم جار سەری دروست دەبێ و دوابەش هەردوو شان و باڵی و لە قۆناغی سێیەمیشدا قاچەکانی دروست دەبن بەو شێوەیە دەبێ بە مرۆڤ.

هەتا ئێستا ژنی کورد هەر لە قۆناغی یەکەمدایە و سەری دروست بووە.

ئەگەر بەو ستراتیژە دیماگۆگ و عەقلییەتەی ئێستاش بەردەوام بن لە کارکردن، ئەوا کاروانی گەیشتنە سەنتەریان تەنیا بە کەنار دەگا.

زۆر کاتمان دەوێ بۆ ئەوەی ئەو لاشەیە بە تەواوی دروست ببێ، چونکە ئەوانەی باشوور ناوی مێینەیان بەسەر چەندین وشەدا دابەش کردووە، وەکو ئافرەت، ژن، خانمان، خوشکان.

کەسێکی سەربەخۆ نازانێ بۆ خۆی چی بەکار بهێنێ، ئێمە کە نەتەوەیەکی پارچە پارچە کراوین پێ دەچێ لە ڕووی دەروونییەوە ئەو پارچە پارچەکردنە بووبێ بە کولتوورمان. دەنا ژن، ئافرەت لە کوێ بێ یەك کێشەی هەیە و یەك ئامانج کۆی دەکاتەوە.

ئەم دابەشبوونەش کە لە باشووردا هەیە، ژنانی بەشەکانی تری خستووەتە

گومانی پرسی ئازادی.

جیهانی ئەمڕۆ جیهانی شکاندنی سنوور و تەلبەندەکانە. کەچی ژنی کورد خۆی دیوار و سنوور و جوگرافیا لە نێوان بستە خاکێکدا دروست دەکا. ئەوەش لە مەبەستی سەرەکیی بزووتنەوەیەکی ژنانە دوورە. پێویستە ڕێکخراوەکانی ناوەوە پێوەندیی باشیان بەوانەی دەرەوە هەبێ و لە تەنگوچەڵەمە و کێشەکان و گۆڕانکارییەکان ئاگەداریان بکەنەوە.

چونکە ئەوانەی دەرەوە دەتوانن هێزی گوشار بن بۆ سەر ئەو لایەن و داوودەزگایانەی کە هەڵوێستی نەگەتیفیانەیان بەرامبەر مافەکانیان هەیە. جگە لە لایەنەکانی ترەوە مەحاڵە مەبەستەکان بێت بە سەکۆی خڕبوونەوەیان، بەبێ سڕینەوەی ئەم فاکتەرە نەگونجاوانە:

– زاڵبوونی ڕۆحی حزبی بەسەر بزووتنەوەکاندا.
– خۆ خەریککردن بە کاری کۆمیتەیی و حزبییەوە لە ژێر ناوی ژناندا.
– پاشکۆبوونی فیکری ژن بە فکری پیاوەوە.
– نەبوونی پڕۆژەی بەرهەمهێنەر و زیاتر خۆ خەریککردن بە پڕۆژەی ئیستهلاکییەوە.
– نەبوونی متمانە بەخود و قبووڵ نەکردنی بەرامبەر.
– باوەڕ بوون بە هەندێ سەرکەوتن و گەشەکردنی کارتۆنی و دروستکراو.
– نەبوونی سیستەمێکی پێشکەوتنخوازانە کە وەڵامی پرسیارەکانی ئەو سەردەمەی لەخۆ گرتبێ، بەتایبەت لە ئیستاکە ژن بە دەست دوو ڕەوتی دووفاقییەوە دەچەوسێتەوە یەکێکیان ئوسوولییەتی ئیسلامیی توندڕەو و دووەمیان ئوسوولییەتی چەپی توندڕەوە کە پێم وایە هەر ئایدەلۆژیایەك گەیشت بە ئاستی توندڕەوی، کاتێك گوشار لەسەر مەسەلەیەك دروست دەکا بە زیان بە سەریدا دەشکێتەوە.

**پ: حەز دەکەین بە ڕاشکاوی لەسەر مەسەلەیەك بدوێی کە بەداخەوە لە کوردستاندا زۆر بە پارێزەوە قسەی لێ دەکەین. زۆر لەو نەریت و یاسایانەی بە جۆرێك لە جۆرەکان ڕێگرن لە گەیشتنی ژنی کورد بە ماف و ئازادییەکانی، کەم و زۆر ڕیشەیان لە ئایندایە.چۆن دەتوانین بەسەر ئەو کۆسپ و ڕێگرانەدا**

**سەربکەوین بەبێ ئەوەی ململانێی نێوان لایەنگرانی دوو جۆرە بیرکردنەوە (نەریت و ئاینپەرستی و ئازادیخوازی و داواکاریی بەرامبەری) بەرەو توندوتیژی بچێ؟**

و: هەتا ئێستا هیچ جۆرە فیکر و فەلسەفەیەك، هیچ ئایدۆلۆژیایەك لە ئاینەکان و مەزهەبەکان و هەتا لیبرالیزمی کۆن و نوێ و کۆمۆنیستەکان و ناسیۆنالیستەکان و مەسیحی و ... تاد نەیانتوانیوە چەوساندنەوەی ژن ڕیشەکێش بکەن و یەکسانیی ژن و پیاو بەرجەستە بکەن.

بۆیە من پێم وایە نەك مەسەلە ئاینییەکان بگرە هەموو ئایدەلۆژییەکان زیاتر مرۆڤی بکرێنەوە، واتە لە ژێر ئەو دروشمە ناڕاستانە دەربچن کە بەناوی مرۆڤییەوە پەردەی گوێمان دەسمن بۆ دروشمێکی ڕاستەقینەی مرۆڤی بۆ پراکتیك نەك بانگەشە.

لەوانەش زیاتر یاسا تاوانبارە بەرامبەر نابەرابەریی ژن، کە زۆربەی یاساکان لە ئاینەوە وەرگیراون.

بۆیە من پێم وانییە هیچ میللەتێك و لە ناویشیدا ژن بگات بە سەرجەم مافەکانی، ئەگەر مەسەلە ئاینییەکان لە دنیاییەکان جیا نەکرێنەوە و دین و دەوڵەت دوو چەمکی جیاواز نەبن لە کارکردندا.

ئاشکراشە هیچ نەتەوەیەك، ئاینی پێش نەتەوە نەخستووە. تەنانەت نەتەوەی عەرەب کە خۆیان بە خاوەنی مەسەلە ئیسلامییەکە دەزانن، قورئان بە زمانی ئەوان هاتە خوارێ، ناویان نیشتمانی عەرەبە، نەك نیشتمانی ئیسلام، واتە مەسەلە نەتەوەییەکەیان پێش ئاینەکە خستووە و نەتەوەی فارس و تورکیش ئەگەر مێژوویان بخوێنینەوە بۆمان دەردەکەوێ ئەوانیش بەپێی بەرژەوەندی وڵات و نەتەوەی خۆیان ئاینیان بەکار هێناوە.

بۆیە پێویستە مامەڵەیەکی زانستییانە و مۆدێرنانە لەگەڵ مەسەلەی ئاین و پێوەستبوونی لەگەڵ کۆمەڵدا بکرێ.

دیارە ئاین هەندێ فاکتەری تێدایە کە مرۆڤ و ژن سوودی لێ دەبینێ، من لەبەرئەوەی مەسەلەکان زیاتر لە ڕووی مرۆڤایەتییەوە دەبینم و ئەو لایەنە زاڵە بەسەرمدا، بە هیچ شێوەیەك پێم خۆش نییە هیچ ئایدۆلۆژیا و ئاین و مەزهەبێك

هەوڵی قەڵاچۆکردن و لەناوبردنی بدرێ.

لە بەرامبەریشدا لە لایەن ئایدەلۆژیایشەوە گوشار نەخرێتە سەر کۆمەڵ بۆ جێبەجێکردن و سەلماندنی بەزۆر. ئەمەش پێویستی بە مرۆڤی هۆشیار هەیە، چونکە کاتێك گرووپێك خۆی دەکا بە خاوەنی مەسەلە ئاینییەکان و بە گوشار پراکتیکی دەکا بەسەر خەڵکدا، بە ڕادەیەکی زۆر لە بۆشاییی ناهۆشیارییەوە دەچنە نێو خانە نەخۆشەکانی ئەو کۆمەڵە. دەنا مرۆڤێکی هۆشیار کەمترین لایەنی ئەوە لێك دەداتەوە کە لە دینامیکێتی جیهانی ئیسلامدا پێویستە جیاوازیی نێوان سێ ڕەهەند بکرێ:

یەکەم: ئەوەی خەڵك بە کردەوە پێی هەڵدەستێ و بڕیاری دەدا.

دووەم: ئەوەی بە نهێنی ئاواتی بۆ دەخوازێ.

سێیەم: ئەوە لە خیتابەکانیاندا بۆ خۆیانی دەکەن، بەتایبەت ئەوانەی بۆ مەرامە سیاسییەکان بەکار دەهێنرێ.

بەو پێیەش دەزانین هیچ گۆڕانکارییەك لە ئاینی ئیسلامدا ناتوانرێ تەحەکومی پێوە بکرێ، چونکە هەموو لایەنگرانی ئاینەکان، ئایدۆلۆژیاکان لە گۆڕان دەترسن، بەڵام ئیسلامگەراکان لە هەموو زیاتر لە گۆڕانکاری دەترسن، لەبەرئەوەی دەستەبەری ئەوان فەنتازیانە لەسەر دەسەڵاتن، هەر بۆیە دەبینین لە وڵاتە دواکەوتووەکاندا ئاین ئالوودەی ترس و خورافەیە، بەڵام لە ناوی هەندێ لە میللەتە پێشکەوتووەکاندا لە ژێر کاریگەریی بیری زانایان و بیریارانی ئاینیدا بووە بە ئامۆژگارییەکی مۆرالیی ڕێکخەری کۆمەڵایەتی کە ئەوانی لە حاڵەتی وەحشیگەری دەرهێناوە بەرەو سیستەمی عەدالەت و ئاسایشی ژیان ڕێنماییی کردوون.

هەر لێرەوە دەتوانین بڵێین ئێمە لەبەرئەوەی لە نەتەوە دواکەوتووەکانین، یەك، ئاینمان پێش ئەرکە نەتەوەییەکان خستووە. دوو، ژن بە دڕندەترین شێوە دەچەوسێتەوە بە ناوی شەرعەوە. لە کاتێکدا وشە و واتای ″شەرع″ لە زمانی عەرەبیی کۆندا واتە ″ڕۆیشتن بۆ سەرچاوەی ئاو″ بۆ لای ئەو توخمەی ژیان دابین دەکا، وزە و دەسەڵات و ئازادی بۆ مرۆڤ دابین دەکا.

پ: **کوردستانی ئێران، بارودۆخێکی تایبەتی هەیە، نە ئازادیی تێکۆشانی**

**سیاسی و ڕێکخراوەیی تێدایە نە دەسەڵات و کولتووری زاڵ، پێشوازی لە هاتنە گۆڕی ویست و داخوازیی یەکسانیخوازانەی ژنان دەکا. دیارە بەو حاڵەش ژنانی کورد بەتایبەت توێژی ڕووناکبیر و خوێندەوار، کۆڵیان نەداوە. لە کۆمەڵگەیەکدا بەو تایبەتمەندییانەوە، ژنان چۆن و لە چ ڕێگەیەکەوە دەتوانن کێشەکانی خۆیان بێننە گۆڕێ؟**

و: ئەو بارودۆخەی نەتەوەی کورد و ژنان و ڕۆشنبیرانی کوردی تێدا دەژی لە سایەی سیستەمی ئێراندا تەنیا پێوەندیی نێوان ڕژێمێکی دیکتاتۆر و ژێردەستەکانی نییە، تەنیا گوتاری نێوان چەوساوە و چەوسێنەر نییە، بگرە کولتوورێکی سەربارکراویشە کە شەرعییەتی یاسایی دراوەتێ و لێرەدا یاسا لەو وڵاتەدا بەهاکانی دەدۆڕێنێ. بۆیە هەر تێکۆشان و کۆڵنەدانێکی ڕۆشنبیری و سیاسی و ژنانە و مرۆیی جێگەی سەری نەوازش بۆ نەویکردنە.

پێویستە ڕۆشنبیران و سیاسەتمەداران و ژنانی بەشە ئازادەکە کۆڵەکەیەکی بەهێز بن بۆ جێگیرکردنی ئەو کۆششانە. پێم وایە هەوڵدانی ژنان بۆ چەسپاندنی مافەکانیان و هێنانە گۆڕی کێشەکانیان، چاکتر وایە لە هەلومەرجی ئێستادا بایەخ بدەن بە بەشداریکردن لە کاری ڕزگاریخوازانەی خەباتی نەتەوایەتی لەسەر ڕێچکەیەکی مۆدێرن و یەکگرتوو نەك پارچە پارچە وەکو ئەزموونی باشوور.

هەوڵ بدرێ بە کاری کولتووری و ڕۆشنبیری ڕۆحی جیاوازی و گیانی پارچە پارچەیی بکوژن، ئەگەر توانرا لە ناو ناخی مرۆڤی کورد و ژنی کورددا ئەمانە بکرێ، ئەو کاتە چەسپاندنی مافەکانیش ئاسانتر دێتە دەست. دەنا پێم وا نییە لە چوارچێوەی یاسادا بتوانرێ کاری پۆزەتیڤ ئەنجام بدرێ لە وڵاتێکدا کە خاوەنی یاسای دیماگۆگی و نایاسایی بێ.

**پ: خاتوو کازیوە جەنابت چ پێناسەیەکت بۆ فێمینیزم هەیە؟ تا چەند لەگەڵ ئەو ناو و پاشگرانەدای کە دراونەتە پاڵ فێمینیزم وەك فێمینیزمی ڕادیکاڵ، فێمینیزمی لیبراڵ، فێمینیزمی مارکسیستی و فێمینیزمی ئیسلامی؟ بزووتنەوەی فێمینیستی لە کوردستان دەبێ پەیڕەوی کام یەك لەو قوتابخانانە بێ؟**

و: من پێم وایە وشەی فێمینیزم کورتکراوەی ڕستەی Female Liberation Movement کە بە ڕزگارکردنی ژن و بەرگریکردن لە مافەکانی وەردەگیرێ، وە ئەگەر ڕوانگەکان و پراکتیککردنەکەشی چەقی ببەستایەتە سەر واتای وەرگێڕانەکەی ئەوا بێگومان ڕێژەیەکی زۆری خەڵك فێمینیزم «فێمینیست» بوون و پێم وا نییە ئەنتی فێمینیزمیش دروست بوویوایە. بەڵام سەراوەژووکردنی پێناسە و پرەنسیپەکان لە لای مرۆڤ بەبێ تێڕوانین بۆ ڕەهەندی گشتی و ڕەهەندی کۆتایی، بووە بەهۆی تێکەڵاوکردن و لاوازکردنی پرەنسیپەکان.

من لەگەڵ هیچ کام لەو پاشگرانەدا نیم کە دراوەتە پاڵی، پێویستە فێمینیزم تەنیا پاشگری مرۆیی بدرێتە پاڵ و چەمکێك بێ بۆ بەدیهێنانی خواست و یەکسانیی نێوان مرۆڤەکان بەکار ببرێ، وشەی فێمینیزم کە ڕاستەوخۆ وەرگێڕدراوە بۆ مێیەتی یاخۆ ژنیەتی، ئەمەش وەرگێڕانی دەقاودەقی وشەکەیە بەبێ ئەوەی بۆ ڕەهەندە دوورەکانی پشتی واتاکەی بنواڕدرێ، کۆمەڵێ چەمکی تری لێ داتاشرا. بەڵام ئایا ئەو لە ژنیەتی مەبەستی خڕبوونەوە بوو لە سەکۆی ژن و ژن سالاری کەوا بەرگی ڕەگەز پەرستییان بەبەردا بڕی؟

بەپێی ئەو وەرگێڕانە و بۆچوونەکەی منیش فێمینیزم چەمك و باوەڕێکە خەبات بۆ وەدەستهێنانی بەرابەریی مافەکانی ژنی کردووە بە ئامانج.

ئەگەر سەیری سەرەتای دروستبوونی فێمینیزم بکەین بە ئەدەب دەستی پێ کردووە.

ئەو سەردەمە بایەخ بە بەرهەم و فیکری ژنە نووسەرەکان نەدەدرا و تەنیا بایەخ بە نووسین و دیداری پیاوەکان دەدرا.

ئیتر لەم ڕوانگەیەوە کۆمەڵی ژنی نووسەر کەوتنە دامەزراندنی بزووتنەوەی فێمینیزم کە بایەخیان بە بەرهەم و ئاستی فیکری و ڕۆحی و دەرخستنی ڕوانگەی ئەدەبیی ژنە نووسەرەکان دەدا. ئەم پێوەندییەش لە بەرهەمەکانی "سیمۆن دوبوار" و "ریبیکا وێست" و "ڤرجینا ولف" دەستی پێ کرد و ئەو ژنانەش لەو سەردەمەدا بەو فیکرە فێمینیزمییە قازانجێکی باشیان بۆ خۆیان و ڕەگەزەکەیان وەدەست هێنا، چونکە ئەو فێمینیستانە پێیان وابوو ئەدەب باشترین

ڕێگەی ئازادی و وەدەستهێنانی مافەکانی ژنە لای پیاو، بۆیە هەوڵی جیدییان دا بۆ دارشتنی چوارچێوەیەك کە ژانرە ئەدەبییەکانی ژنی تێدا بەرجەستە بکەن.

هەر ئەو بزووتنەوەیەش وای کرد بەرهەمی زۆرێك لە ژنە نووسەرەکان دەربکەوێ. لەوانە «سیمۆن دوبوار، جولیا کریستانا، بۆنلێر، ئاسین سیسکۆ، کەتیرۆیڤ، ڤرجینیا ولف، رۆسی و دایانا فۆس و... تاد».

بەڵام پاشان ئەمە چەندین لقی تری لێ بووەوە و تەحریف لە مەبەستە ڕەسەنەکەدا کراو ئەرکی فێمینیزمیان بەرەو ڕەگەزپەرستی برد. واتە هەوڵدان بۆ سڕینەوەی پیاوسالاری لە پێناوی وەدەستهێنانی ژن سالاریدا. ئەو کاتە ئەمە ڕووی دا کە کۆمەڵێك فێمینیزم هەوڵیان دا هەموو شتەکان لە سروشتی خۆیانەوە بگۆڕن بۆ سروشتی مێیەتی «ژنیەتی».

بۆ نموونە گوتیان وشەی Histor کە بە زمانی ئینگلیزی "مێژوو" دەکا لە Hisstory یەوە هاتووە کە His ئامرازی یارمەتی بۆ پیاو بەکار دەهێنرێ بگۆڕێت بۆ وشەی (Her story) کە Her وەك ئامرازی یارمەتی لە زمانی ئینگلیزیدا بۆ ژن بەکار دەبرێ.

کار گەیشت بەوەی بزووتنەوەی فێمینیزم لە ڕۆژئاوا Iesblanism، واتە شووکردنی ژن بەژن، هەتا گەیشت بە "تأنیث" مێیەتی کردنی هەژاری.

ئەمانەش بوون بەهۆی دروست بوونی فێمینیزم؛ چونکە کۆمەڵێك ئەو دیاردە نوێیانەی بەکەم نرخاندنی دایکایەتی و هاوسەریەتی دانا. من پێم وا نییە لە ناو کۆمەڵی کوردیدا لە ناوەوەی وڵات، بزووتنەوەی فێمینیستی هەبێ.

ئەوەندە ئاگام لە کوردستانی باشووری ئازادکراوە، هەندێ لەنێو ڕێکخراوەکانی ژنانیشدا پێیان شەرمە وەکو وشەش فێمینیزم بەکار بهێنن، وابەستەی دەکەن بە وشەی مۆرال و کۆمەڵ و لیزبیەت. بزووتنەوەی فێمینیزنیستی گرووپگەلێك ناگرێتەوە کە لە ژێر پەرۆ ڕەنگاوڕەنگەکانی حزبەکاندا و بەپێی ئامانج و ئارەزووی ئەوان کار بکەن و بەپێی بەرژەوەندییەکانیان مامەڵە لەگەڵ کێشەکانی ژناندا بکەن. چونکە بزووتنەوەی فیمینیزونیی ڕاستەقینە پێویستە دڵسۆزی کێشەکانی ژن بێ، ئیتر ئەو ژنە سەر بە هەر ئایدۆلۆژیا و بیروباوەڕێك بێ، هیچ جیاوازییەك نەکەن لە بەینی ژنانی

کورد. نەك ئەوەی لە ناو حزبەکەی خۆیاندا نەبێ بەرگری لێ ناکەن، بەڵکو دانی خێریشی پێ دانانێن.

دوایی بەڵگەم لە لایە کە هەندێ ژن لە ڕێکخراوەکەیدا بەسەرکردەی فیمینیزم ناسراوە، بەڵام لەسەر داوای قێزەونترین سیاسی، ناشیرینترین پلانی کوشتن و ئەتککردنی مۆرالی و ڕۆحیی بۆ ژنێك داناوە کە مل بۆ حزبەکەی ئەو نادا.

ئەگەر ئەمە ئاست و فێمینیزمیەتی لێپرسراوێکی ژن بێ، دەبێ شاگردەکانی چی بن، ئامانجیان چی بێ؟ دەبێ مێژوو شەرمەزار نەبێ ئەم جۆرە خەباتە ناو بنێ خەباتی مرۆڤانە و ژنانە؟ لەبەرئەوە دەکرێ لە دەرەوەی وڵات هەندێ جووڵە هەبێ لە ژناندا و ئومێدی ئەوەیان لێ بکرێ ببن بە بزووتنەوەیەکی فێمینیزمیی ئیجابیی بەهێز. بەڵام هەتا ئێستا بەهۆی تایبەت و تەنانەت لە دەرەوەش بەهۆی مۆتەکەی حزبایەتییەوە کە عەقڵی زۆر کەس و گرووپی گرتووە، ئەو گرووپانەش زۆر ئاکتیڤ نین.

**پ: لەوە ناچێ بگەڕێیەوە کوردستان و لێرە درێژە بە کار و تێکۆشانی ڕۆژنامەنووسی و ڕووناکبیری بدەی. هۆی ئەم تاران و سەرهەڵگرتنەت چ بوو؟ ئایا پێت وایە دوور لە کوردستان و ژنانی کورد، بتوانێ نەخشێکی کاریگەرت لە بزووتنەوەی یەکسانیخوازانەی ژنانی کورددا هەبێ؟ پرۆژەت بۆ ئەم مەبەستە چییە؟**

و: نەخێر بەداخەوە لە ئێستادا بەتەمای گەڕانەوە نیم بۆ کوردستانی باشوور، لەبەرئەوەی ئازادیی تێدا نییە، بەڵام هەر بەشێکی تری وڵاتەکەم ئازاد بێ، ئیتر ئەو بەشەی ژێر دەستی ئێران یان تورکیا یان سووریا، من دەگەڕێمەوە لەو بەشە دەژیم، ئەگەر وەکو باشوور نەیکەن بە قوربانیی سیاسەتبازی و بەرژەوەندیی سیاسەتبازەکان.

من ڕۆژێك ژیانی نێو وڵاتەکەی خۆم بە ساڵێکی هیچ بەهەشتێك نادەم.

کاتی خۆی دەمویست لە کوردستانی ئێرانەوە بچمە میسر و ئەگەر توانیم و گوزەرانەکەم پێ باش بوو تێیدا بمێنمەوە. بەڵام زانیم کە حزبێکی ئیسلامی ڕاپۆرتێکی لەسەر ناردووم بۆ ئێران لە ڕێگەی حزبێکی عەلمانییەوە گوایە کافرم. نەك تەنیا کوردستان من تەنانەت لە لوبنانیش لەبەرئەوەی ٧٥ هەزار

کوردی تێدایە بە نیشتمانی خۆمی دەزانم و ئەو مرۆڤەم کە لە سەردەمی بەعسدا هەموو چەوساندنەوەیەکم دی، سزا و زیندان... هتد.

یەکێك لە چەوساوەترین خێزانەکان بووین بە دەستی ئەو ڕژێمە فاشیستەوە و هەرگیز بیریشم لەوە نەکردەوە کوردستان بەجێ بهێڵم و لەگەڵ ئەوەی ١٤ جار هەڵی چون بۆ ئەورووپام بۆ ڕەخسا. بەڵام لە دواییدا بەخواستی خۆم کوردستانم بەجێ نەهێشت، بەڵکو گوشارێکی زۆر ناشیرین و ناڕەوا و دوور لە هەموو داوونەریتێکی مرۆیانە و کوردانەم خرابووە سەر لە لایەن حزبێکی کوردییەوە، بەڕادەیەك وەکو کۆمبارسێکی سەر شانۆیەکی دۆڕاو، زۆر جار ڕۆڵی جەللاد و هەندێ جاریش قوربانییان دەگێڕا و ڕۆڵی جەللادیان دەدا بە لایەنێکی تر.

لەگەڵ ئەم کردەوانەیاندا و لەگەڵ ئەوەی ئەو حزبە پەردەیەکی ئیعلامیی زۆر ئەستووری بەسەردا دابووەوە، ڕێگەی بە لایەنەکانی تریش نەدەدا درز بخەنە ئەو پەردەیەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا بە ڕۆحێکی گەورە مامەڵەم لەگەڵ دەکردن و ڕێزم لێ دەگرتن. چونکە هەمیشە پێم خۆشە لەگەڵ لایەنە ئیجابییەکانی کەسێك یان گرووپێك مامەڵە بکەم، نەك لایەنە سلبییەکانی.

لەبەرئەوەی پێم وا بوو کوردستان پێویستی بە من و ئەوانەی وەکو من و وزەی لاوان هەیە. بەتایبەت کە لەو کاتەدا سەرقاڵی هەندێ پرۆژەی نووسین بووم لەسەر ئەنفال و کرێکار و بەشێکی زۆری پێوەندیی بە ڕووبەڕووبوونەوە هەبوو، هیچم جێبەجێ نەکرد کە بەجێم هێشت و هەستم دەکرد هەموو بستێکی خاکەکەم کەرەستەی کارکردنە بۆ من.

هەربۆیە زۆر کەسایەتیی سیاسیم ئاگادار کردەوە کە سنوورێك بۆ ئەو کردەوە ناشایستانە دابنرێ، کە من ناتوانم لەوە زیاتر بێدەنگ بم و هەروەها ئەم جۆرە کردەوانەش کە لە کەسانێکەوە دەبینم کە بە قوربانیی ئێمە و خەڵکانی وەکو ئێمە گەیشتوون بەو پلەوپایە.

وای کردووە لە ناو شارەکەی خۆمدا هەست بە غەریبی بکەم، ئەوەش وام لێ دەکا غوربەتی ڕاستەقینە هەڵبژێرم. بەڵام دیارە بڕیارەکە لە سەروو ئەوانەوە

بوو بۆیە ئاکارە ناشیرینەکان زیاتر بوون و ئەوەش مانای ئەوە بوو هەتا زووە بەجێی بهێڵم.

لەگەڵ ئەوەشدا بۆ ئەوەی لە وتە بریقەدارەکانیاندا نالێپرسراوی نەدرێتە پاڵ ژنان یاخۆ لاوان یا خۆ نووسەران، هەموویانم ئاگەدار کردەوە کە کوردستان بەجێ دەهێڵم و ناگەڕێمەوە. هەر ئەو کاتەش لە دیدارێکدا بۆ جەماوەرم ڕوون کردەوە و گوتم من کوردستانم بەجێ نەهێشتووە، کوردستان منی بەجێ هێشتووە، ئەوەش حەقیقەت بوو ئەو منی بەجێ هێشت.

پرۆگرامیشم زۆرن، لە ئێستادا زیاتر خەریکی خوێندنم و خوازیارم کاتی ئەوەم هەبێ.

٧ کتێبی چاپ نەکراوم هەیە بتوانم پاکنووسیان بکەم و چاپیان بکەم، سەبارەت بە پرۆژەی ڕووناکبیرییش پێم وایە ئەوە پرۆژەیە کە زیاتر پابەندی خودی مرۆڤ و بڕیاردانەکانیەتی. واتە پرۆژەی نووسین و ڕووناکبیری بڕیارێکە مرۆڤ لەگەڵ خودی خۆیدا دەیدا و پاشان دەکەوێتە گەڵاڵەکردن و بەرجەستەکردنی.

منیش بڕیاری خۆم بە ڕاست دەزانم و ڕێزگرانی پێنووسەکەشم گەورە و ڕێزدارن لە لام، هەر بۆیە ئەگەر خەڵکانێك دەچنە ولاتێکی ترەوە بە ساڵێك چاو ناکەنەوە، من لە مانگی یەکەمدا لە سایتەکان و ڕۆژنامەکانی کەنەدادا شتم بڵاو کردەوە.

خۆ ئەگەر هەر لە یەکەم ڕۆژیشەوە کۆمپیوتەرم هەبوایە هەر لە یەکەم ڕۆژەوە دەکەوتمە چالاکی. چونکە لێپرسراوێیەتیی پێنووس، لێپرسراویەتییەکی گەورەیە و لەوەش گەورەتر ئەو کەسانە و ئەو نەتەوەیەن کە چاوەڕوانی کارکردن و زیاترت لێ دەکەن

**پ: جەنابت گەشتێکت کرد بۆ چەند وڵاتی عەرەبی بۆ وینە میسر، لوبنان و... پێمان خۆش دەبێ ئەگەر بەکورتیش بێ لە ڕوانگە و بۆچوونی کەسایەتییە ئەدەبی و فەرهەنگییەکانی ئەو وڵاتانە بەرامبەر بە کورد، بۆمان بدوێی؟ ئەزموونی ئەو گەشتەمان چۆن بۆ باس دەکەی؟**

و: دیارە کارکردن بۆ نەتەوەیەکی ژێردەست لەو وڵاتانەدا ئاسان نییە و زۆر

مـانـدووت دەكـات، بـەتـایـبـەت بـۆ من كـە شوێنـی سەرەكیـی نیشتـەجـێ بـوونم سووریا بوو.

ئـەوەش دەزانـرێ چـەنـد ڕێگـر زۆرە لـە بـەردەم هـەمـوو هـەنـگـاوێكـی كـوردا بەتایبەت كە ڕێگەیان نەدەدام سەفەر بكەم بۆ وڵاتەكانی تر، هەموو جارێك تووشی نارەحەتی و دواكەوتنی زۆر دەبووم. بەڵام من بەرنامەڕێژییەكی زۆر چڕوپڕم بۆ خۆم كردبوو، لەسەر مەسەلەی هەڵەبجە و ئەنفال و ڕاگواستن و... تاد.

كە دەشمبینی بیانووی ئەوەیان پێ دەگرتم كە پەساپۆرتم عێراقییە، یان بیانووی ئەوەی كە لە بەغداوە سەفەرم نەكردووە بۆ وڵاتی ئەوان. بۆیە من لەوانە زیرەكانەتر مامەڵەم كرد و كەسێكی كوردپەرست و بە ڕەگەز كورد، بەڵام كوردی نەدەزانی و وەكو بەڕێوەبەری كارەكانم لەگەڵ خۆمدا خستە كاركردنەوە.

ئەم كەسە جنسیەتی لوبنانی و سووریی هەبوو، لەبەرئەوە هەندێ وڵات هەیە كـە سووریـا ڕێگـەیـان لـە خـۆم گـرتـووە سەفـەری بـۆ بـكـەم ئـەوم نـاردووە پرۆگرامەكەی من جێبەجێ بكا، كۆمەڵێ كاری زۆر باشم ئەنجام دا.

زۆر لایـەنـگـر و دۆستـمـان بـۆ كـورد خڕكردەوە و ئـەو وڵاتـانـەش مـەسـەلـەی هـەڵـەبـجـەیـان لا نـامـۆ نـەبـوو، بـەڵام هـیـچـیـان سەبـارەت بـە ئـەنـفـال و چەوساندنەوەی خەڵكی كورد بەتایبەت كەركووك نەدەزانی كە بەناوی تەرحیل و تەبعیس و تەعریبەوە دەكرا و ئەگەر دەست نەخرایەتە بینی ئەو هەوڵانە و بۆ مەبەستە سیاسییەكان قۆرخ نەكرایەتەوە، ئێستا ڕۆشنبیری و هونەر و ئەدەب و زۆر لایەنی تری كوردی لە هەریەك لەو وڵاتانەدا لە بەرەو ناساندنێكی زۆر باشدا بوو، دیارە من لەسەر ئەو مەسەلەیە زۆرم هەیە كە لێرەدا هەموو باس ناكرێ.

تەنیا ئەوەندە دەڵێم ئەزموونی غەریبیی من ئەزموونێكی زۆر جوانە، لە زۆر ڕووەوە.

بەڵام تەنیا یەك لایەنیان باس دەكەم كە لەوانەیە بۆ كچێكی تر گران بێ ڕۆڵی دایك بگێڕێ بەهەموو شەفافیەت و جوانی و هەست و حەقیقەتەكانیەوە بۆ دوو برا، منداڵ و دواییش بۆ هاوكارەكەم لە كارەكانمدا، كە هەریەكە لەو سێ

کەسە بە ماوەی زۆر کەم چەندین کاری سەرکەوتوویان ئەنجام دا و ڕای زۆر جوانیان لەسەر ئەو ئەزموونە هەیە کە باسکردنی کاری من نییە، هەروەها مرۆڤ بتوانێ کە کەموکوڕییەکانی مرۆڤەکانی دی بەپێی توانای خۆی پڕ بکاتەوە کارێکی پڕ سۆز و مرۆڤانەیە. من هەمیشە خواستوومە ئەو جۆرە هەڵەم بۆ بڕەخسێ.

خۆشبەختانە لەوێ بۆم ڕەخسا و بووبووم بە خاوەنی سێ دایك و دوو باوك بە واتا جوانەکەی دایکایەتی و باوکایەتی کە قەدەر لە وشەی دایە و بابە مەحروومی کردبوون و قەرەبووی ئەو وشە و هەست و دڵسۆزییەم بۆ کردبوونەوە.

ئەمە لەهەریەك، لەو وڵاتانەدا پارچەیەك نیشتمانی پێ بەخشیوم، مەبەستمە بڵێم دەکرێ دڕندەکان بتوانن هەوڵی گشتی بۆ سەرجەم مرۆڤەکان لەناو بەرن، بەڵام هەرگیز ناتوانرێ هەست و پێوەندی و ئاکارە مرۆڤایەتییە جوانەکان لە ناو بچن وە ئەگەر ئەو سەفەرانەی من تەنیا ئەو سێ دێرەی دوایی بگەیەنێ لای من و کەسی مرۆڤدۆست، ئێجگار جوانن.

**پ: حەز دەکەین دوا بەرهەمی ئەدەبیی خۆت لەگەڵ دوا وتەت بکەیە دیاریی خوێنەرانی گۆڤاری ژنان". سوپاسیشت دەکەین کە بە ڕووخۆشییەوە داوای ئێمەت بۆ وتووێژ قبووڵ کرد و وەڵامی پرسیارەکانت داینەوە.**

و: دوا وتەم ئەوەیە کە خوازیارم و تکا دەکەم ئێوە وەکو ژن یا ئافرەت وەکو گرووپە ڕۆشنبیری و سیاسییەکان لە پارچەکانی تری کوردستاندا کە ئەزموونە دۆڕاوەکانی باشوورتان لە بەرچاودایە، هەمان هەڵە دووبارە نەکەنەوە و باوەڕیش بە سەرکەوتنی ڕاگەیاندن نەهێنن.

خوێندنەوە و ئالیەتی نوێتان هەبێ بۆ هەنگاوەکان، بۆ ئەوەی تاڵییەکانی ئێمە دووبارە نەکەنەوە و تەنیا شتە پۆزەتیڤەکانی ئەزموونی باشوور وەربگرن. خوازیارم ئێوە ببن بۆ هەوێنی چاندنی خۆشەویستی و ڕۆحی یەکپارچەیی کورد هەر کورد بێ بەبێ دروستکردنی سنووری جوگرافی و سیاسی و ئایدەلۆژییەکان.

هەروەها پێویستە سوپاسی ئێوە بکرێ کە لە بارودۆخێکی وا گراندا لەو

بەشەدا دەتوانن گۆڤارێکی جوان و بەپێز دەربکەن. هیوادارم گۆڤارەکەتان ببێ بە زمانی مافی ژنان بەبێ سڵکردنەوە و سانسۆر بەرامبەر بەهیچ لایەن و شوێنێك. سوپاسی بەسەرکردنەوەتان دەکەم.

سەبارەت بە بابەتی نوێ بەداخەوە کە بابەتی چاپکراوم نییە و هێشتا ڕەشنووسە، بۆیە چیرۆکێکتان پێشکێش دەکەم کە بڵاو کراوەتەوە بەڵام بەم دواییە نووسراوە. چیرۆکەکەی بەناوی "ژنێك لە پێکی ڕابردوودا".

# 22

سازدانی: سامان کەریم

گۆڤاری گیرفان

**پ: با لەوەوە دەست پێ بکەین، بپرسین کازیوە بۆ کوردستانی بەجێ هێشت؟**

و: پێشتر چەند جارێك وەڵامی ئەم پرسیارەم داوەتەوە. هێشتا لە کوردستان بووم چەند رۆژێك بەر لە رۆیشتنم لە دیدارێکی رۆژنامەی بەدرخاندا گوتم: "من نیشتمانم بەجێ ناهێڵم، نیشتمان منی بەجێ هێشتووە"، لە دەرەوەش گوتومە بۆ عودەی و قوسەیەکانی کورد بەجێم هێشتووە، گوتومە: من کاتێك کوردستانم بەجێ هێشت، کە خەڵك بۆی دەگەڕایەوە، هەموو زوڵم و زۆر و سوکایەتی و گرتن و لە خوێندن دەرکردنی بەعسم چەشت و لکام بە خاکی کوردستانەوە، بەڵام کاتێك بینیم بە باوەشینی دەستی بەعس پشکۆی هەناوی گەلێکی بریندار دووبارە دەگەشێتەوە و برینەکەیان نوێ دەکرێتەوە و تێیدا هەستم بە غەریبی کرد و بەجێم هێشت، ئەمانە هەموویان دروستن و هەمووشیان لە دەوری یەك واتادا دەخولێنەوە.

**پ: ئەوەی ئێمە دەیبینین کازیوە وەك قەڵەمێك هەتا لە کوردستان بوو، چالاکیی زۆرتر هەبوو لەبواری کارەکەیدا، ئێستا لە دەرەوە کەمتر ناوی هەیە، ئێمە لەوەدا بە هەڵە چووین یان ڕاستییەکەی وایە؟ بۆ چی؟**

و: ئەوە بارودۆخێکی ئاسایی نووسەرە لە دەرەوە، چونکە مرۆڤ کە مەنفا

هـەڵـدەبـژێرێت، واتـە جـارێکـی دی لـە دایـکـبـوونـەوەی نـوێی هـەڵبـژاردوە، لـە دایکبوونێك بە گەورەیی و سەخترین ژیانیش بە گەورەیی لە دایکبوونە، هەر بۆیەش کاریگەریی مەنفا یاخۆد ئەم ئاوارەیە لەسەر ئێمە سەختترە، منداڵێك کە لەدایك دەبێت توانای عەقڵی و فیزیکی و سەبری جیاوازە بۆ گەشەکردن و فێربوون و بڕینی قۆناغەکانی ژیان، بەڵام کە بە گەورەیی لە دایك دەبێت ئەو توانایە لاوازترە، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت بە هەموو ئەو هەنگاوانەدا بچێتەوە، کە بە منداڵی پێیدا چووە، وەکو زمان فێربوون، خوێندن، تێگەشتن لە دابونەریت و کەلـچـەری نـوێ، خۆ پێگەیـاندن و جێگەکردنـەوەی خـود لـەگـەڵ جیـاوازێکـی گـەورەدا ئـەویش لـە منـاڵـیی یـەکـەمدا ئـەرکی بـژێوی ژیـانـت نییـە، لـە منـاڵـیی گەورەدا ئەرکی بژێوی ژیانیشت سەرشان دەکەوێت، منیش بەپێی تەمەنی بە گەورەی لەدایکبوونم تەنها چوار ساڵم، ئەویش ماوەی نیشتەجێبوونم دەکات لە کەنەدا، کە کۆمەڵێ ئەرکی قورسم هەبوون و هەن وەکو ئەوەی ڕۆژانە (٥ ـ ٦) کاتژمێر خوێندنم هەیە و (٧ ـ ٨) کاتژمێر کارکردن، چەند کاتژمێرێکیشت دەوێت بۆ ڕێگە، هەروەها دایك و باوك و خوشك و دوو برام، کە خۆم پەروەردەم کردوون لەگەڵ خۆمدا دەژین، جگە لە کێشەی ژیانی تایبەتی خۆشم، کاتێکی زۆری لێ زەوت کردم، ئەمانە و کات دانیشم بە هەندێ لایەنی مرۆڤایەتی و کێشە میللییەکانی خۆشمان و چەند ڕێکخراوێکی مرۆیی، لە ڕۆژێکدا من هەموو ئەوانم و نووسەر و خوێنەریشم، جا گەر هەموویان کۆبکەیتەوە، کاتم نە بە ژیان داوە و نە بە حەسانەوە، خۆزگە ڕۆژێك (٤٨) کاتژمێر بوایە، بۆ ئەوەی بمتوانیبا مافی پێنووسەکەم بدەم، بەڵام کات بۆ هەمووان تەنها (٢٤) کاتژمێرە و منیش وەکو هەر مرۆڤێکی ئاسایی قابیلی ماندووبوونم، بەڵام لە کوردستان هەموو ئـەمـانـە پـێـچـەوانـە بـوون، ئـەرکـی خزمـەتکردنـی خۆشم لـەسەر شان نـەبـوو، خوێندنەکەم کە ڕۆژنامەوانی بوو لە خزمەتی پێنووسەکەمدا بوو، کارەکەشم چ وەکـو بـەڕێوەبـەرێتـیـی ڕۆشنـبـیـری و چ وەکـو گـۆڤـارەکـەشم هـەر لـەخزمـەتـی پێنووسەکەمدا بوون، ئەرکی گەیاندنی کێشە نەتەوەییەکانی خۆشمان نەبوو بە میللەت و نەتەوەکانی دی، ئەوانە هاوکاربوون بۆ ئەوەی چالاکتر بم لەوێ،

لێرە کۆمەڵێ بەرهەمی زۆرم بەسەردا کەوتوون، کە کاتم نییە بۆ تایپکردن و پاکنووسکردنیان، کۆمەڵێ دیدار و بابەتی دی، کە لەوڵاتە عەرەبیەکاندا کردوومن، هێشتا لەسەر کاسێتن و نەکراون بە نووسین، جگە لە دەیان نیوە پرۆژەی تەواو نەکراو، ئەرکەکانم زۆرن و کاتەکانیشم ئێجگار کەمە، بەڵام لەگەڵ ئەو هەموو سەرقاڵێشدا ئەو چوار ساڵەی لێرە دەژیم، سێ کتێبم چاپ کردووە، لەسەروو ئەمانەوە پێم خۆش نییە گوتار بنووسم و ببم بە نووسەری گوتاری رۆژانە، بۆیە گەر کاتیشم هەبێت تا بتوانم خۆم لە نووسینی گوتاری رۆژانە دوور دەخەمەوە، پێم خۆشە گەر زەمەن غەدرەکانی خۆیم بەرانبەر بوەستێنێت، ساڵی کتێبێك چاپ بکەم و دوو بم لە مەهاتەراتی ماڵپەڕ و مهاتەراتی جیهانی ئەمڕۆی نووسین و نووسەربوونی کورد.

**پ: پێش ئەوەی لە کەنەدا بگیرسێیتەوە، لەوڵاتە عەرەبییەکان دیدار و چاوپێکەوتنت لەگەڵ زۆر کەسایەتیی هونەری، ئەدەبی و سیاسیی عەرەبدا ئەنجام دا و بڵاوت کردنەوە، پێت وایە تێڕوانینی ئەوان سەبارەت بە دۆزی کورد چۆنە، وەك عەرەبێکی ناسیۆنالیست بیر ئەکەنەوە یان بڕوایان بە مەسەلەی کورد هەیە؟**

و: عەرەب تەنها عەقڵێکە و خاوەنی تێڕوانینێکی لۆژیك بینیانە نییە، عەقڵیش لایان وەکو ئامرازێکی بەکار نەهاتوو خراوەتە کارخانەی جەستەوە بۆ دواکەوتنی عەقڵێکی تری بیرکەرەوە، زۆرجار پێیان دەڵێم لەناو ئێوەدا چەند کەسێك بیر دەکاتەوە و هەمووان پاڵی لێ دەدەنەوە، ئەو ئەرکە عەقڵییەکانی ئێوەش جێبەجێ بکات و ئێوەش بڵێن ئەوەی کە فلان کەس گوتی، یان تەنها بەڵێ و وایە، بەرهەم بهێنن، سەیری ژمارەی عەرەب و ژمارەی وڵاتەکانیان بکە، سەیری ژمارەی ناودار و نووسەر و هونەرمەندەکانیان بکە، لەگەڵ ئەوەشدا بە رووکەش نەبێت لە سەردەمی هاتنەخوارەوەی قورئان و سەردەمی ئیسلام لایان نەداوە و بەرەوپێشتر نەڕۆشتوون، لە رووی عەقڵییەوە لە هەمان چەرخی دواکەوتوویەتیدا دەخولێنەوە، هەر ئەوەش وا لێ کردوون بە وەهمی هەمان سەروەریی جاران خۆیان لە هەموو نەتەوەکانی دی زیاتر بزانن، پێچەوانەی

کورد خۆی لە هەموو نەتەوەکانی دی بە کەمتر دەزانێت، هەردوو لاش دووچاری نەخۆشی بوون، یەکەمی نەخۆشی سادی و دووەمیان ماسۆشی، بەڵام عەرەب لەسەروو ئەوەشەوە نەتەوەیەکن، کە ژێرخانی دبلۆماسییان دارووخا و بێ بەرهەمە، سەیری لێکدانەوەیان بکە، ئەوان دژی ئەمەریکا و ئیسرائیل و رۆژئاوان بەگشتی و رووبەرووی هەر کێشەیەك دەبنەوە، گەرچی ساکاریش بێت دەیکەن بە تاوانی ئەو وڵاتانە بەتایبەت ئیسرائیل و ئەمەریکا، کەمترین هەوڵ بۆ دۆزینەوەی چارەسەری نادەن، چونکە هەمیشە خۆیان لە دەرەوەی تاوان و هەڵەدا دەبینن، ئەوان دژی کورد و تورك و فارسن، بە ناوی عروبەوە لەگەڵ کەسدا کۆك نین، کەچی دژی خۆشیانن، لە ژمارەی ئەو هەموو وڵاتە دوو وڵاتیان یەکگرتوو نییە، ململانێ و دژایەتیی زۆر لە نێوانیاندا هەیە، زیاتر لەنیو سەدەیە ئاگری شەڕ فەلەستین دەسووتێنێت، تا ئێستا نە عەقڵی بەرگریکردن و نە عەقڵی پێکەوە دانووستاندن و دبلۆماتێتیشیان هێندە بەهێز نەبووە، ئەو بستە خاکە لە ئاگری شەڕ بپارێزێن، هەر ئەو عەقڵە دواکەتووەش پاڵ بە مرۆڤەوە دەنێت شۆڤێنی بێت، بۆیە ئەو ژمارە زۆرەی نووسەر و هونەرمەند و ناودارانەی عەرەب، کە من بینیوومن، هەموویان هەوڵی دروستکردنی رووێکی درۆزنیان دەدا، کە لە ئاستی عەقڵێکی باودا وەڵامی دەرەوە بێت، ئەو عەقڵەی ئەڵێت: "نە شیش بسووتێ و نە کەباب". ئەوان هەوڵیان دەدا لە هەمان کەتدا عەرەبێکی شۆڤێنیی نەتەوە پەرست بن و هەر عەرەبێك دیدارەکەی خوێندنەوە بێت، بە جەماوەریان و شانازی بە بوونیانەوە بکات و لە هەمان کاتدا دەیانویست بۆ دەرەوەی عەرەبیشی دەربخەن، کە کەسانێکی زۆر مرۆڤ دۆست و بێ لایەنن، بەڵام کە دەیانبینی بە چەند پرسیارێکی زەق و یەکلاکەرەوەیان رووبەروو دەکرێتەوە، نەك بە شان و باڵ هەڵدانا وەکو ئەوەی لە رۆژنامەنووسە عەرەبەکانیان بینیبوو، هەندێکیان تووشی هستریا و تووڕەبوون دەبوون، کۆمەڵێکیان دەپاڕانەوە کە هەندێ پرسیار و وەڵام نەخرێتە ناو دیدارەکانەوە، یاخود بە بیستنی ناوم دەستیان دەکرد بە نواندن و خۆ نەخۆشخستن لە دیدارەکەدا، بۆ ئەوەی نەکەونە ئەو هەڵویستەی پێشتر

هـاوڕێکـانـیـانـی تـێ کـەوتـووە. لـەوانـەش (سەفـیـیـە عـومـەری بـەنـاو بـاڵـوێزی چاکەخواز و نەبیلە عوبید و نادییە جوندی)، ئەمانە هیچیان نەبوو تا دەگەشت بە کاتی قسەکردن، هـەژارانە دەکەوتنە نواندنی کۆکەکۆك و نەخۆشی بۆ ئەوەی هیچ نەڵێن، ئەوە عەقڵ و هـەستی عەرەب بوو جگە لە (نەجیب مەحفوز، ئوسامە ئەنوەر عەکاشە و نور ئەلشەریف و مستەفا فەهمی)، کە خاوەنی هێڵێکی دیاری فـکـری بـوون، لـە ژنـەکـانـیشدا تـەنـهـا (لـەیلا عـەلـەوی) خـاوەنـی هـەڵـویست و خوێندەواری بوو، زۆر ژنە ئەکتەری گەورە و ناودار و ژنی چالاکی بواری ژنانی عەرەبم بینی، تەنانەت سەبارەت بە بوارەکەی خۆشیان نەیاندەزانی قسە بکەن، بـەرادەیـەك هـەنـدی دیدارم لـەگـەڵ ژنـەکـانـدا لـەسـەر کـاسێت ئـیـهـمـال کرد و بە شایانی پاکنووسکردنم نەزانی، ئەوە خوێندەواری و عەقڵ و بۆچوونی عەرەبە سەبارەت بە کورد و هـەر نەتەوەیەکی دەرەوەی عەرەب، ئەوان شۆڤینییەت بە شێوەیەك کوێری کردوون، زۆرجار بیریان دەچێت، کە هـەڵگری ناوێکی گشتی لـێپسراوێتـیـیـەکـی گـەورەیـە و لـەئـاست کێشە مرۆییـیـەکـانـدا، نـاکرێت سۆز و هـەستێکی شۆڤێنی هێڵی سووری بۆ دەسنیشان بکات، من دڵنیام ئەو ژمارەیان ئامادەبوون بێنە کوردستان و لەسەر مەسەلەی جینۆسایدی کورد کار بەکەن (کە سەرکردایەتیی کوردی خۆی و میللەتەکەی لەوە بە کەمتر زانی و بۆ ئەو مەبەستە بە کاری نەهێنان)، ئەمڕۆ پاش گرتن و دادگایکردنی سەدام ئامادە نین تـەنـهـا بـە وتـەش ئـەو هـەڵـویستـە دەبـڕن، دوای مـن هـەڵـویستێکی (عـادل ئیمام)تان وەبیر دەهێنمەوە، سەبارەت بەو کارانەی خۆی کە وەرگێڕابوونە سەر زمـانـی کـوردی و لـەلایـەن ئـەکـتـەرانـی کـوردەوە بـۆ مـاوەیـەکـی زۆر لـەسـەر شانۆکانی کوردستـان پێشکەش دەکران لـەلایـەن هـونـەرمـەنـدی بـەڕێز ″ماهر حەسەنەوە″ بۆی ڕەوانە کرابوو، بەڵام غروور و خۆ بە گەورە زانی وای لێ کردبوو، کە ئامادە نەبوو نە کاتێك دەستنیشان بکات، نە خۆشی بێتە یانەی هـونـەرمـەنـدان بـۆ ئـەوەی کـاسێتـی ڤیدیۆی کـارەکـانـی و وێنـە و نـامـەکـانـی هونەرمەندە کوردەکەی پێ بگەیەنم وە بە یەکێك لە هونەرمەندەکان (ئێستا نـاویـم بـیـر نـەمـاوە) گـوتـبـووی گـەر سوورە لـەسـەر ئـەو مـەسـەلـەیـە لـە یـانـەی

هونەرمەندان بۆم بەجێ بهێڵێت، منیش لە بەردەمی یوسف شەعباندا کە سەرۆکی سەندیکای هونەرمەندانی میسر بوو، پێم گوت هونەرمەندەکەی ئێمە کە ناوی ماهر حەسەنە زۆر لە عادل ئیمام گەورەترە، جەماوەری زیاترە و فکرەی شانۆیەکی لە بەرهەمێکی عادل ئیمامەوە وەرگرتووە، ناوی سەرچاوەی فکرەکەی هێناوە و ڕێزی لێ گرتووە، کە بە بەرهەمەکە بە سەری دەکاتەوە، بەڵام عادل ئیمام چونکە خاوەنی ناوبانگێکی ساختەیە و زۆربەی بەرهەمەکانی لە بەرهەمە ئەمەریکی و مەکسیکییەکانەوە وەرگرتووە بەتایبەت کورتە کۆمیدییەکان، ئەو ناوەڕۆکە بەتاڵە وای کردووە خۆ بە زۆر بزانێت و خۆبایی بوون کوێری بکات، بۆیە ئەم دیارییانە شیاوی کەسێکن وەکو هونەرمەندەکەی ئێمە، گەورە بێت... ئەمە هەندێ کێشەی ساکاری بۆ دروست کردم، بەڵام کە هەڵویستی عەرەبم پێ گوتی با هەڵویستی کوردیشت پێ بڵێم، بە زانینی ئەو مەسەلەیە دەبوو یەك تەلەڤزیۆنیش بەرهەمی عادل ئیمام لە تەلەڤزیۆنەکانەوە پێشان نەدات، بەڵام پێم وابێت تەنها تەلەفزیۆنی خاك ئەو کاتە خاوەنی ئەو هەڵوێستە بوون، خوازیارم هەتا ئێستا هەر بەردەوام بن و دەبوو یەك ڕۆژنامە هەواڵی کارە ساختەکانی ئەو شۆڤێنیە عەرەبە بڵاو نەکاتەوە، بەڵام هەر لەو کاتەدا ڕۆژنامەی "هاوڵاتی" بە سێ ناوی خوازراوی مێیینەوە نووسینێکیان لەسەر نووسیبووم، گوایە کچێکی کورد لە سوریا کە هونەرمەند عادل ئیمامی بینیوە لەناو کۆمەڵێکدا داوای وێنەگرتنی کردووە لەگەڵ ئەو هونەرمەندەدا و هەڵوێستی باشی دەربڕیوە بەرانبەر بە کورد، ئەمە لە کاتێکدا هاوڵاتی وەڵامەکەی منیان لەسەر ئەو مەسەلەیە بڵاو نەکردەوە، کاری من لێرەدا ڕەخنەگرتن لە دەسەڵاتی کوردیی تەعریبکەر و ڕۆژنامە ژێر ڕکێف کەوتووەکان نییە، بەڵکو کارم بەوەیە بەو نەوە نوێ ڕەخنەگرەی ئەمڕۆ هاتوونەتە پێشەوە و هەموو شتێك دەخەنە ژێر زەرەبینی خۆیانەوە، بڵێم گەر کەسایەتییەکی گشتیی عەرەب، تورك، فارستان بینی، پێی مەڵێ من لاوێکم، خوێنەرێکم... کارەکانتم پێ جوانە و دەمەوێت وێنەیەکت لەگەڵدا بگرم و ئەویش بۆ خۆهەڵکێشان لەژێر لێوانەوە بڵێت من لەگەڵ مافی ئێوەم، بەڵکو بڵێت من وڵاتەکەم پڕە لە وێنەی

خوێناوی، هەڵگری فکر و بۆچوون و ئایدۆلۆجیای خۆمم، خاوەنی رۆحی بەرگریم لەو وێنە خوێناوییە. دەمەوێ تۆی کەسیەتیی گشتی، کە دەبوو خۆت و بێ پرسی من خاوەنی هەڵویست بێت و بیخەمە ژێر پرسیار و گفتوگۆوە، ئەو کات دەزانن ئەو سێ نەتەوە بەتایبەت عەرەب چین بەرانبەر کورد، ئەو کات دەزانن ئەو بێدەنگییان بەرانبەر تەعریبکردنی کوردستان، ئەو هەڵاوسانەی بەهۆی ژمارە زۆری عەرەبەوە لەناو شارەکانی کوردستاندا، گورزەکەی زۆر لەوە کوشندەتر تەواو دەبێت، کە ئەمڕۆ لاوانی کوردی بێکار و بێ بژیوی ژیان کردووە و بەهۆیەوە جارێکی دی رێگەی کۆچکردنی هەڵبژاردووە.

**پ: لە کەنەدا هەوڵت نەداوە ئەم جۆرە چاوپێکەوتنانە لەگەڵ کەسایەتییەکانی ئەو وڵاتەدا بەئەنجام بگەیەنیت؟**

و: لە وڵاتانی عەرەبی ئەو چاوپێکەوتنانەم دەکر بە مەبەستی وروژاندنی کێشەی کورد و ناوی کورد، بەتایبەت مەسەلەی ئەنفال و هەڵەبجە، کە لە هیچ چاوپێکەوتنێکدا نەمبواردووە، ئەوەش ئامانجی سەرەکیی دیدارەکان بوون نەك کەسە دواندراوەکان، هەر بۆ ئەو مەبەستەش زیاتر هونەرمەندم هەڵدەبژارد، چونکە جەماوەریان زیاترە و زۆرترین جەماوەر ئەو کارەساتانەی کوردی پێ دەگەشت، بەتایبەت هەتا پاش گرتنی سەدام بە دەگمەن میسری و عەرەب دەیزانی کورد چییە و نەتەوەیەك هەیە ناوی کوردە و تەنانەت رۆشنبیرەکانیشیان گەر دیدارەکان بخوێنیتەوە، گومان لە پرسیارکەی دەکەن لە مەسەلەی ئەنفالدا و هەندێکیان تاوانبارم دەکات، بەوەی چیرۆکیان بۆ دەگێڕمەوە و شتی وا ڕاست نییە. لە کەندا و لە هەر کوێ بم هەڵگری هەمان ئامانجم. بەڵام خەڵکی کەنەدا وەکو خەڵکی عەرەب بۆقی دوای ڕاگەیاندنی دەسەڵات نییە، خوێندنەوەی خۆی نەبێت بۆ کارەساتەکان و ناسینی نەتەوەیەك، مامۆستایەکم کە نووسەرێکی بەناوبانگی کەنەدییە، پاش ئەوەی باسی ئەو کارەساتانم بۆ کوردبوو، کە باسی کورد دەکرا، هەتا ئێستاش ئەڵێ دەوڵەتی کوردستان و ئەو لای خۆیەوە ئەو ڕەوایەتیەی داوە و ناشترسێت لەو ناونانە، بەڵام ئەمە سەبارەت بە عەرەب جیاوازە، بۆیە لە کەنەدا زیاتر هەوڵم

داوە دەسەڵاتدارانی کەندا ددان بە هەمان کێشەی کورددا بنین و لە نزیکەوە ئاگایان لەو کێشانە هەبێت و بزانن ژمارەیەکی کوردی زۆر لە کەنەدا دەژین و هەموو داوای پشتگیری لەکێشەی ئەنفال و هەڵەبجە و سەربەخۆییان هەیە، دەنا من کارم بە دیدارێك نییە، مرۆڤی کەنەدی بەبێ ئەوەی رەمزێکی هونەری یان ئەدەبیش پێی بڵێت، خۆی بەرگری لە مرۆڤایەتی و راستی دەکات و ئێمەش گەر مەبەستمان کێشەکانی گەلی کورد بێت، پێویستە پلانی کارکردنمان بەپێی بارودۆخ بگۆڕین، بۆیە لێرە بایەخ بەو جۆرە دیدارانە نادەم لە کاتێکدا یان لەگەڵ کەسایەتییەکدا نەبێت بزانم زۆر پێویستە، چونکە پێم باشە ئەو نووسەرانەی دەتوانن کاری لێکۆڵینەوە لەسەر کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانمان بکەن، هەندێك لە کاری رۆژنامەوانی و نووسینی وتاری کورت دوور بکەونەوە، زیاتر بایەخ بە لایەنی یەکەم بدەن، لەو لایەنانەشەوە هێندەمان کەموکوڕی زۆرە، شۆرشێکی نووسین و لێکۆڵینەوە و کاری پراکتیکی زانستی و کردنەوەی سەنتەری دەوێت، بۆ ئەوەی بتوانرێت ئەو کێشانە لە ئاستێکدا بوەستن، گەر چارەسەر نەکرێن و بەرەو لاسەنگتر نەڕۆن، کاری ڕۆژنامەوانیش بواری نووسین بە نەفەسی درێژ یان لێکۆڵینەوە دەکوژێت.

**پ: ماوەیەك لەمەوبەر نامەیەکت ئاراستەی سەرۆکی کەنەدا کرد، سەبارەت بە پرسی ١٨ پاکیزە ئەنفالکراوە گەرمیانییەکان، کە بەعس لەساڵی ١٩٨٨دا بەخشینی بە مەلهاکانی میسر، ئەکرێ بە وردی لەسەر ئەو هەوڵەت قسە بکەیت؟ وەڵامی سەرۆك چی بوو؟**

و: نامەم ئاراستەی سەرۆکی حکوومەتی ئۆنتاریو و سەرۆکی حکوومەتی کەنەدا کردبوو (چونکە کەنەدا سەرۆکی کۆماری نییە و تەنها سەرۆکی حکوومەتی هەیە). سەرۆکی حکوومەتی ئۆنتاریو وەڵامی دابووەوە و دەڵێت ئێوە داواکەتان ئاراستەی وەزیری پەنابەران بکەن، بەڵام وەڵامی سەرۆکی حکوومەتی کەنەدا پاش ئەو پێم گەشت، ئەڵێت "کێشەکەتانم بە وردی خوێندووەتەوە و زۆر نارەحەت بووم بەو کارەساتەی کورد بەسەری هاتووە لەناو عێراقدا"، هەروەها ئاماژە بەوە دەکات، کە کێشەکەی لای خۆیەوە

گەیاندووە بە وەزیری پەناهەندەی کەنەدی و پشتگیریی خۆی کردووە و دەکات لەو مەسەلەیە.. تاد، ئەوەش هەڵویستێکی باش بوو، جگە لەوەی یەکەم دەس تێوەردانی راستەوخۆی سەرۆکی وڵاتێك بوو.

**پ: جگە لەو هەوڵە ئێوە و ناوەندی چاك چی ترتان کردووە بۆ دیاریکردنی چارەنووسی ئەو ١٨ کچە؟**

و: ئێستا خەریکی جەخت خستنەسەر وەزیری پەنابەرانم بۆ بەرگریکردن وە پێم وایە هیچ هەنگاوێکیش سوودی نییە جگە لە دادگا. ئەویش گەر ئەو بەڵگەی لەبەر دەستدایە مەرجی تەواوی دادگای تێدا بێت، ئەوەندەی ئاگادار بم، چاوەڕوانی دەرئەنجامی لێکۆڵینەوەکانە لەگەڵ سەدام سەبارەت بە ئەنفال و پرسی ١٨ کچەکە، ئەوجا هەنگاوی جیاوازتر دەنێت لەوانەی رابردوو.

**پ: ئەکرێ بزانین کازیوە ئێستا سەرقاڵی چییە؟**

و: لەگەڵ ئەو هەموو ئەرکەی لە پرسیاری دووەمدا بۆم ریز کردیت، سەرقاڵی تەواوکردنی سیانەی ئەنفالناسی و رەوشتناسی و فیمنستناسیم، دیارە فیمنستناسی پێشتر بڵاو بووەتەوە، بەڵام بەشێکی لێ لا دەبەم و بەشێکی تری بۆ زیاد دەکەم لەگەڵ هەندێ دەستکاریی تر و وەکو سیانەیەك لە داهاتوودا بەیەکەوە چاپیان دەکەم.

**پ: لە دواییشدا ئەپرسین نیازی گەڕانەوەت نییە بۆ کوردستان؟**

و: نیازی گەڕانەوە بۆ سەردان هەمیشە خولیامە و تەواو تامەزرۆی کوردستانم، بەڵام وەکو گەڕانەوە بۆ نیشتەجێبوون، تا ئێستا پلان و بڕیاری وام لا نییە و ناشزانم داهاتوو هەڵگری چ بڕیارێکە.

# 23

سازدانی: شنۆ عەبدوڵڵا پێنجوێنی

کوردستان نیوز

**پ: کازیوە ساڵح لە دیدارێکدا دەڵێت بە هۆی عودەی و قوسەیەکان ئەم شارەم بەجێ هێشت. ئایە ڕاستە ژنانی ڕۆژنامەنووس یان دەرکەوتوو لە بواری ڕاگەیاندندا ڕووبەڕووی ئەو جۆرە مامەڵە ناسلوکییانە دەبنەوە؟**

و: پێناسی سلووك لە نێو کورددا هێندە کورت کراوەتەوە، کە یەك چەمك زیاتر ناگەیەنێت، لە کاتێکدا سلووك زۆر لەوە زیاترە، کە مرۆڤی کورد پێشبینیی دەکات و کردوویە بە پاشخانی یەکێك لەو وەهمانە و دەیخاتە کار بۆ ونکردنی ماناکەی، هەموو کردار و پەرچەکردارێکی مرۆڤ سلوکە، ڕەوشتە، مۆراڵە، لە فشاری گرووپێکی ئسلامییەوە بۆ خنکاندن و لە باربردنی ئازادیی ڕادەبرین و تێزەکانی کۆمەڵێکی مەدەنی هەتا پشتگیری نەکردنی ژنان لە لایەن حکومەت و نەبوونی یاسا بۆ پاراستنی کەرامەتی مرۆیی و پیشەی مرۆڤی کورد، هەتا ئەو سوکایەتییە کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیری و یاسایی و سیاسییانەی بە ژنی کورد بە تایبەتی و مرۆڤی کورد بە گشتی دەکرێت، هەتا چەمکی لێکدانەوە و بەرجەستەکردنی ژن لە زۆر نوکتە و بەیت و باو و شیعر و حکایەت و...تد.هەر یەك لەو ئاکارانەش ئاکاری عودەی و قوسەی بووە یاخود ئاکاری بەعسە.

ژن لە کەلتووری پیاوی کورددا تەنها سێ واتای هەیە، چێشتخانە، منداڵ بەرهەم هێنان و پەروەردە کردنی، ئامرازی دامرکێنەرەوەی ئارەزووەکانی، لە

نـێو کـۆمـەڵـی کـوردا ژن کـە بـە سەرشەقـامـێکیشدا تـێ دەپـەڕێت زیـانـی لـێ دەکەوێت، نموونەش ساکارترین تەکنۆلۆجیا تازە بە کورد دەگات لەوانە مۆبایل و ئیمێلە، پیاوان و کوڕانی کورد لە سەر شەقامەکان وێنەی کچە کوردێکی پێ دەگرن بـە لایـانـدا بـە سەرشەقـامـەکـەدا تـێ دەپـەڕێ و دەیکـەن بـە بـەرهـەمـی دامـرکـێنـەرەوەی (مـنـی بـالا)، چـونـکـە لای پـیـاوی کـورد چـەند خـۆی بـەوەوە هەڵکێشێت ژمارەی دڵخوازەکانی زۆرە و چەند درۆ بکات بڵێت لە گەڵ ژنێك بووم و سیناریۆی خەیاڵی بۆ ئەو پێوەندییە بهۆنێتەوە ئەوەندە پیاوترە، یاخود بە ناوی ئەو کچە رەتی دەکاتەوە و حساب بۆ (منە بالا)ەکەی ئەو ناکات. یاخود بە نـاوی کـچـانەوە ئیمێل دروست دەکەن و نـامەی نەشیاو بۆ کەسانی دی دەنێرن. ژمارەیەکی زۆری چینی دەسەلات و پیاوانی حزب، لەبەرئەوەی لە چـیـنـەکـانـی دی خـۆیـان بـە زیـاتـر، دەزانـن (مـنـی بـالا)یـان ئـاکـتـیـڤـتـرە، ئـەو نـەخـۆشـیـیـەیـان زیـاتـر تێدا بـەرجـەستـەیـە. ژنـبـوون لـە نێو ئـەو جـۆرە کـۆمـەڵـەدا کڵۆڵییەکی گەورەیە، زیرەکی و ناوبانگیش کڵۆڵییەکی گەورەتر، لە بەرا نبەر ئەو جۆرە نەخۆشی و عەقڵییەت و کردارەدا، چونکە (منە بالا)کەی ئەوان لەگەڵ ناوبانگدا زیاتر هەست بە بوون و پیاوەتیی خۆی دەکات، بۆیە هەتا پێیان بـکـرێت فشاری جـیـاواز دەخـەنـە سەر کـەسـانـی نـاوەنـدە رۆشـنـبـیـری و هونەرییەکان، لە پێناو مەبەستی جیاوازی سیاسی و کۆمەلایەتی و خودی بۆ متمانە بەخۆبوون، هەوڵ دەدات ئەو کەسە بکات بە ئامێری مراد گەیاندنی مەبەستە جیاوازەکانی (ئەوی بالا) یان هەر نەبێت لە بوون بیسڕێتەوە، بە شێوە و تیرۆرە جیاوازەکان، هەر ڕۆژەی خەسڵەتێکی تیرۆر بکات.

ئەوە بارودۆخی پاش ڕاپەڕین هەتا پێنج ساڵ بەر لە ئێستاش بوو کە من کـوردستـانم بـەجـێ هـێشت، خـوازیـارم ئـێستـا بـارودۆخـەکـە گـۆڕابـێت و بێدەنگبوونی ژنان لەو ئاکارانە لە ترسنۆکی و دەست بە کلاوی خۆوە گرتنەوە نەبێت، بەڵکو بنبڕ کراو بێت.

**پ: ئافرەتی کورد لە ناوەوە چۆن دەبینیت، کە تۆ ئێستا لە تاراوگەوە واقعی ئافرەتی کورد دەبینیت؟**

و: ئافرەتی کورد لە هەر کوێ بێت غەمی خۆی بە کۆڵەوەیە، وا نەزانیت ئەوانەی لێرەن بارودۆخیان باشترە لەوانەی ناو کوردستان، هەندێ ئافرەت لێرە چەوساوەترە لە کوردستان، ژمارەیەکی زۆری کورد لێرە زۆر دواکەوتووترن لەوانەی کوردستان، تەنها جیاوازییەك باوەش کردنەوەی حکومەتە بۆ مرۆڤەکان و بە هۆی ئەو پشتگیرییە مادی و یاسایی و مەعنەوییەی حکومەتەوە ژمارەیەکیان چەوساندنەوە و سوکایەتییان قبوڵ نەبووە و جیابوونەتەوە، دەنا واقعی ئافرەتی کورد لە ناوەوە و دەرەوە و هەر شوێنێکی دیی جیهان هەر یەك واقعە چونکە عەقڵی مرۆڤی کورد هەڵگری یەك چەمکە بەرانبەر ئافرەت، عەقڵێکی چەقبەستوو و نەگۆڕیشە هەتا ڕادەیەك، بەڵام لە کوردستاندا پێم وایە ژن ئێستا بێ ئۆمێدتر بووە لە جاران. ئەزموونی ١٥ ساڵ سەربەخۆییی کوردستان ئەو گومانەی لا کردوون بە یەقین، کە دەسەڵاتی کوردستان و حکومەتی کوردی هیچ بەهایەك بۆ کێشە و گرفتەکانی ژن دانانێت و مەبەستیشی نییە کوردستان وەکو هەرێم، وڵات، دەوڵەت (ئەوەی خۆیان پێیان خۆشە ناوی لێ بنێن)ی یاسا و کۆمەڵی پێشکەوتوو بناسرێت. مرۆڤەکان خاوەنی ماف و ئەرکی وەکو یەك و یەکسان بن، یاسا و حکومەت هەبێت بۆ پاراستنی گیانی و کیانیی تاکەکان، عەقڵییەتی عەشیرەتگەرییانەیان کردووە بە سیمبوڵی پێشکەوتن و یاسا، لە زەمەنی دەوڵەتی تەکنۆلۆجیا و شارستانییەتی تەکنەلۆجیادا ئێمە سوڵحی عەشیرەتگەرییانە بە چارەنووسی ژنان دەکەین، مزەللی لە شانەکان بۆ دامرکاندنەوەی ئارەزووەکانیان دوو دوو کچی کورد دەکوژن و حزب و دەسەڵاتیش هەندێ پارە دەخاتە گیرفانییەوە بۆ ئەوەی بە سوڵحی عەشیایەرییانە مەرگی هەدووکی پێ بکرێتەوە، لە کاتێکدا پێشێلکردنی سزای یاسایی پیشێلکردنی مافی کۆمەڵگایەك دەکات نەك تەنیا ئەو دوو کەسە کوژراوە، ئەوان کێشەی کۆمەڵگایەك دەکەن بە کێشەی تاکی خۆیان و یاری بە چارەنووسی خەڵکی کوردەوە دەکەن، ئەمە دوایەمین داهینانەکانی دەسەڵاتی کوردییە بۆ فەراهەم هێنان و جێگیرکردنی دەوڵەتی یاسا و سیستمی یاسا، نەك هەر ئەوە بەڵکو دوژمنی ئەوانەشن، کە ڕەخنە لەو کردارە نەشیاوایان دەگرن،

یان دەیانەوێت سیمایەکی جیاوازتر بە کۆمەڵی کوردی ببەخشن، ساکارترین نموونەش ئەوەیە، کە هەوڵی تەواو دەدەن بۆ نابووتکردنی کوردی هەندەران و دووبەرکی خستنە نێوان کوردی ناوەوە واتە کوردستان و کوردەکانی هەندەران، چونکە مەترسییان لە سەر عەقڵی خێڵەکییانەی ئەوان دروست کردووە. ئەمە دوایین خەڵاتەکانی حکومەت و دەسەڵات و پیاوانی عەشیرەتی سیاسییە بۆ ژنان کورد. ئەو گەڕانەوەیە بۆ سەدەی پێش کشتۆکاڵی، واقعی ئەمڕۆی ژنی کوردە.

**پ: کەمیی ئافرەتی نووسەر و ڕۆژنامەنووس بۆ چی دەگەڕێتەوە؟**

و: دەگەڕێتەوە بۆ بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و هۆشیاریی کۆمەڵی کورد بە گشتی و ئافرەتان بە تایبەتی. هەر ئەو دوو فاکتەرە پاڵنەری سەرەکیی پەروەردەیە لە ناو خێزاندا و پەروەردەی ژنی کوردیش ئالوودەی تۆقاندن و سەرکوت و بێ بەشکردنە. مرۆڤی سەرکوتکراو و تۆقیو کەم جار ئەفراندنی پێ دەکرێت، ئەفراندن و نووسەربوون جەسارەت و هۆشیاریی دەوێت، لەبەر هەمان هۆش کۆمەڵی ئێمە دواکەوتووە، هەر کۆمەڵێك ژن تێیدا چەوساوە و ناهۆشیار و بەشخوراو بێت کۆمەڵێکی دواکەوتوو و ناهۆشیاریش بەرهەم دەهێنێت. ئێمە لە چاو وڵاتانی جیهان و دراوسێدا پیاوی نووسەریشمان کەمە نەك تەنیا ژن، هەمان هۆکار پێشگری بووە لەو وڵاتانەی بوونەتە کارخانەی لەباربردنی خەونی جوان، ئەفراندن تێدا بەرهەم نایەت، بەرهەم هێنانیش تێیدا ئیستهلاکییە. بۆیە مەرج نییە هەر کەس ناوی نووسەر بوو نووسەر بێت و هەڵگری دۆزێك جیاواز بێت.

**پ: پێت وا نییە ڕۆژێك کازیوە ساڵح دەگەڕێتەوە کوردستان و پۆستێکی حزبی وەردەگرێت و لە سرووی لای دەسەڵاتدا کار دەکات؟**

و: کە پۆستێکم وەرنەگرتووە، واتای ئەوە نییە بۆم پێشنیاز نەکراوە، من سوپاسی ئەو لایەن و بەڕێزانە دەکەم ئەو پێشنیازەیان لە جارێك زیاتر بۆ کردووم چونکە دەزانم لە بڕوابوونیان بە توانا و کارکردنمەوە داواکەیان سەرچاوەی گرتووە، کە لێرەشدا دەڵێم پەسەندم نەکردووە واتای کەم بەهاکردنی

پێشنیازەکەی ئەوان نییە، هێندەی پێوەندی بە خواست و بۆچوونی خۆمەوە هەیە بەرانبەر بە کارکردنی خۆم. بەداخەوە هەتا ئێستا سیستمێکی دیموکراتی لە کوردستاندا بەرقەرار نییە هەتا کارکردنی هەمووان بە بەرەی رۆشنبیران و دەسەڵاتدارانەوە لە پێناوی بەرەی گەلدا بێت، منیش پێم خۆشە لە بەرەی گەلدا بم، لە بەرەی هەڵەبجە و ئەنفال و ئەوانەدا بم، کە نازانن بەرگری لە خۆیان بکەن، خۆتان دەزانن دەسەڵاتداران دەستی خۆبەرگریکردنیان درێژە، منیش دڵنیام گەر لە بەرەی دەسەڵاتدا بم ناتوانم کاتێك ئەو دەستەدرێژییە گەیشت بە هاولاتییەکی بێ بەرگری، نەڵێم دەستت بشکێت، ئەوەش لە نێو دەسەڵاتدا بوونی نییە، دەسەڵات سازش و بێدەنگیی دەوێت.

دوایی بیرت نەچێت من کاتێك کوردستانم بەجێ هێشت کە خەڵك بۆی دە گەڕایەوە، هەموو زوڵم زۆر و سوکایەتی و گرتن و لە خوێندن دەرکردنی بەعسم چەشت و لکام بە خاکی کوردستانەوە، بەڵام کاتێك بینیم بە باوەشێنی دەستی بەعس پشکۆی هەناوی گەلێکی بریندار دووبارە دەگەشێتەوە و برینەکەیان نوێ دەکرێتەوە، هەستم بە غەریبی کرد تێیدا و بەجێم هێشت، لە کاتێکدا زۆربەی دەرگاکانم بە ڕوودا کرابووە، ئەوەشی هەمبوو زۆری لە دەسەڵاتداریەتی کەمتر نەبوو. تەنها خوازیارم بەرنامەیەکی ریفۆرمستیم سەبارەت بە کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسی و مرۆییەکانی ئەو کۆمەڵە هەبێت، یەکێك لە تەلەفزیۆنە ئاسمانییەکان لە هەر پارچەیەکی کوردستان بێت بیکرێتەوە وەکو ئەوەی لە جیهانی مۆدێرن و ڕاگەیاندنی ئازاددا باوە تەلەفزیۆنێك بە کۆنتراکت پرۆگرامێك دەکرێتەوە لە ڕۆژنامەوانێك یان کەسیەتییەکی هونەری یان ئەدەبی و بۆ تەلەفزیۆنەکەی خۆی نەك پابەندبوونی کەسەکە بە تەلەفزیون و ئایدۆلۆجیایەکە، گەر عەقڵی بەڕێوەبەرانی تەلەفزیونەکان گەیشتبێت بە ئاستێك ئەوەی بۆ هەزم بکرێت.

**پ: ڕێکخراوەکانی ژنان تا چەند گرفتن یان چارەسەرن بۆ ژنان؟**

و: ڕێکخراوەکانی ژنان تەنها وەکو ناویش بێت هەر هەبوونیان لە نەبوونیان باشترە، زۆر کەسی عەشیرەتگەر و دەمارگیر و لایەن و کەسی تاریکخواز

چاویان بە ناوی ڕێکخراوی ژنان و ژن و ڕێکخراوبوون هەڵنایەت، پێم وا نییە هیچ گرفت بن بۆ ژنان، ئەوانیش بەشی خۆیان کار دەکەن، بەڵام شێوازی کارکردن و مامەڵەکردنیان لە گەڵ دەوروبەر و جیهانی ژندا نادروستە بە ئاستێك ژمارەیەکی باش ژنانیان لە خۆیان تەکاندووەتەوە و وەکو کۆمیتەیەکی بچووکی حزبی کار دەکەن، کاری کۆمیتە حزبییەکەش کاری ڕاستەقینەی خۆیانە و مایەی گلەیی لێکردن نییە، ئەگەر ئەوان زۆر کێشەی ژن نەقۆزنەوە بۆ بەرژەوەندییە جیاوازەکان.

**پ: ئایە پێشکەوتنی ئافرەت لە دەرخستنی لەش و لاریدا یان جل و بەرگی سەرنج ڕاکێشدا دەبینیت؟**

و: پۆشاك مەسەلەیەکی زۆر لاوەکیی مرۆڤە و پێوەندیی بە زەوقی کەسەکان و خواستی خۆیانەوە هەیە و هیچ پێوەندییەکی بە پرەنسیپی ئەخلاق و شارستانییەت و پێشکەوتنەوە نییە، لە دەرەوەی پێشکەوتنی بابەتی یاخود ناوەڕۆکە، بۆ زانیاریی بە ڕێزتان لە زۆربەی ئەو وڵاتە عەرەبییە ئیسلامییانەی بەهای ژن بە پۆشاکەوە دەبینن، لەشفرۆشەکان سەرتاپای خۆیان دادەپۆشن بۆ ئەوەی نەناسرێنەوە و بۆ ئەو مەبەستە ناشایستە قۆستبوویانەوە، بە ڕادەیەك ئەو مەسەلەیە بەرفراوان بووە لە نێویاندا، ئەو سیفەتەی، کە جێگەی بڕوایە لە کوردستان کە ژنێکی داپۆشراو بە نرختر دەزانن لەوێ پێچەوانە بووبووەوە بۆ بێ متمانەیی، بۆیە بەها و پێشکەوتنی مرۆڤ تەنیا بە جەوهەریەتی نەك ڕووکەش جا ئیتر هەڵگری هەر ئایدۆلۆجیایەك بێت، ناوەڕۆك سەنگی مەحەکی مرۆڤبوونیەتی. گەر ئەو پۆشاکەی بۆ ئەوە نەپۆشی کە خۆی لە پیاو بە کەمتر دەزانێت.

**پ: خاتوو کازیوە بڕوای بەوە هەیە ڕۆژێك حیجاب بکات وەکو چۆن هەیفا وەهبی لەم ڕۆژانەدا گوتی بە دووری نازانم ڕۆژێك بێ حیجاب بپۆشم؟**

و: نەخێر بیروباوەڕی وام لا گەڵاڵە نەبووە. سەبارەت بە هەیفا وەهبیش ئێستا بە لەش و لار بیر دەکاتەوە و کار دەکات، بۆیە کاتێکیش پرۆژەی کارکردنی گۆڕاو و سەرنج ڕاکیشیی لەشی بەسەر چوو، دیسان بە لەشی بیر دەکاتەوە و لە جەستەیەوە دەست پێ دەکات

# 24

سازدانی: ماجید محەمەد مستەفا

*نووسەر و رۆژنامەنووس و چیرۆکنووس (کازیوە ساڵح) دوای تەواوکردنی خوێندنی ڕۆژنامەگەریی ناودەوڵەتی لە کەنەدا ئێستە سەرقاڵی خوێندنی کیومینیشن و ڕاوێژە.*

*خاوەنی هەشت کتێبی جۆرەوجۆر لە بوارەکانی ژنان و کۆمەڵ و ئەنفال و مافی مرۆڤ و مافی منداڵ، جگە لەیان چالاکی و نووسین لە کوردستان و عەرەبستان و هەندەران و سەرنووسەری دوو گۆڤاری پێشکەوتوو بە ناوی نڤار و نوێکار لە بارودۆخێکی سەختدا بەڕێوە دەبرد.. فڕین لە ئاسمانێکی نامۆ و گەڕان لە دوای ڕاستییەکان و ڕاستی لە سەرانسەری جیهاندا، سەفەرێکی درێژ بە تواناکانی خودی لە بوارەکانی نووسین وەك پارێزەرێکی بە وەفا بۆ خاك و نیشتمان.. هەگبەیەك پڕ لە کێشە و گرفتی تاڵ و شیرینی وڵات بەرەو جیهانێکی نەزان و دوور لە راستییەکانی کوردستان.. قەدەری بەڕێز کازیوە خان بوو، کە لەم دیدارە تایبەتەدا لەسەری دەدوێ:*

**پ: جیاوازیی نێوان ژنی کورد و ژنی غەربی؟ و دەوری یاسا لە هەردوولا بۆ یەکسانی و مافی مرۆڤ؟**

و: لەمیانەی بوونی زۆر کێشەی کۆمەڵایەتییەوە، جیاوازیی نێوان ژنی رۆژئاوایی و ژنی ڕۆژهەڵاتی بە گشتی نەك تەنیا ژنی کورد جیاوازیی کوالیتیی

دوو قــەفــەزە، قــەفــەزی ژنــی ڕۆژئــاوایــی لــە زێڕ دروست کــراوە و ئــەوەی ڕۆژهەڵاتیش لە ئاسن دروست کراوە، کە دواجار قەفەز هەر قەفەزە. بەڵام لەمیانەی چۆنیەتیی دۆزینەوەی چارەسەر و ماف و ئازادییەکان و پشتگیریی یاساییی جیاوازییەکان لە جیاوازیی نێوان ڕەش و سپی دەچێت، نەك دیدارێك بەڵکو بە چەندین کتێب ڕاڤە ناکرێن. جیاوازییەکان یاسایی، فەرهەنگی، سیاسی، کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری، خودی ژن و هۆشیارییە گشتییەکانە، بەڵام ژنی کورد و ژنانی دەوروبەری کورد لەناو کۆمەڵێکی تەژی بە سەلەفییەت و دواکەوتن لە هەموو ڕوویێکەوە، تەژی بە مەرگ دۆستی و ئەنتی مرۆیی، تەژی بە ڕۆحی ئەتکردن و خورافەی نەسەلماو، دەبێت تا چەند دروست بێت بەراورد بکرێت بە ژنی ڕۆژئاوا؟

**پ: کێشەی ژنان سیاسییە بۆچوونتان سەبارەت بە چارەسەرکردنی سیاسییانە بۆ کێشەکەی؟**

و: کێشەی ژن گەر سیاسی بوایە چارەسەرکردنی ئاسانتر بوو، بەڵام بەر لە هەر تەگەرەیەك کێشەی ژن لە زۆربەی ڕۆژهەڵات و وڵاتانی جیهانی سێیەمدا ئاینییە، پاش ئاین فەرهەنگییە. ئاین و فەرهەنگ بوون بە کۆڵەکەی کۆمەڵ و لەوێوە خاوەنی سەختترین و ناپەسندترین کێشەی کۆمەڵایەتییە. ڕۆڵی سیاسەت لەوێدا زەق دەبێتەوە کە دەستی گرتووە بە دواکەوتووترین کولتووری ئاینی و کۆمەڵایەتییەوە و کۆمەڵی پێ دەبات بەڕێوە. گوناهی سیاسەتمەداران لەوێدایە کە مرۆڤی خوار نەریتین و جگە لە پرۆژەی دواکەوتوو و کولتووری دواکەوتوو شتێکی تر لە هەگبەیاندا شك نابرێت. چارەسەرکردنی سیاسییانە ئەوەیە دین لە کاروباری دەوڵەت جیا بکرێتەوە، بەو شێوە حورمەتی ئاینیش دەپارێزرێت و حورمەتی مرۆڤیش، هەروەها سەرجەم یاساکانی باری کەسی بگۆڕدرێت و سەروەریی یاسا بکرێت بە نەریت لە گەڵ هەبوونی سیستمێکی هاوچەرخ. ئەگینا هەموو بانگەشەکان وشەی بریقەدارن و دۆخەکە بەرەو باشتر نابات، ئەزموونی ڕابردووش ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێ.

**پ: دواکەوتنی دەوروبەر نابێتە هۆیەك بۆ دواکەوتنی چارەسەرکردنی کێشەکانمان؟ بە تایبە ت وڵاتە عەرەبییەکان؟**

و: بەڵێ دواکەوتنی دەوروبەر خراپترین کاریگەریی بۆ سەر پرۆسەی پێشکەوتن و چارەسەرکردنی کێشەکانمان هەیە، بە تایبەت کە زۆربەی دراوسێیەکانمان هەمیشە پلانی ئامادەیان هەیە بۆ لەناوچوونی ئەو ئەزموونەی هەیە و خستنەوەی بە باری نەرێییدا. بەڵام جێگەبوونەوەی کولتوورێکی دواکەتووش یاخۆ چێبوونی بە شێوەیەکی خێرا کۆمەڵێ پرسی دەروونی و کۆمەڵایەتیی تر دەورووژێنێ، ئێمە خۆمان کۆمەڵی پاش کۆلۆنیالیزمین، واتە خێراتر دەکەوینە ژێر کاریگەرییە جیاوازەکان و پاش رووخانی سەدام و تێکەڵاوبوونمان بە کۆمەڵانی دەوروبەر بە شێوەیەکی چڕ، کۆمەڵێ کولتووری دواکەوتوو و لەکارکەوتوو و هاتوونەتە ناو کولتووری کوردییەوە، وەکو ژن بەردەبارانکردن بۆ یەکەم جار لە کولتووری کوردیدا، ژن کوشتن تا ئەو ئاستە بەرزە، هەروەها جارێکی تر جێگەبوونەوەی یاساکانی باری کەسیی عەرەبی و یاساکانی تر سەبارەت بە ژن کە لە پاش راپەرینەوە لە کۆمەڵی ئێمەدا لەکار کەوتبوون، بۆ نموونە ئێستە ژنێکی کورد گەر بیەوێت پاسپۆرتی عێراقیی هەبێت، گرینگ نییە تەمەنی ژنەکە چەندە واتە سەروو تەمەنی یاساش بێت داوای لێ دەکەن "وەلیی ئەمر" بهێنێ، کە راستترە بڵێین تۆ ناتەواو و نمرە دوویت، پیاوێك بێنە تەواو و نمرە یەکە، چونکە ئەوان بۆ کەسێك باوك و براشی نەبێت دایکی وەکو وەلیی ئەمر یاخۆ خوشکی گەورەتر پەسند ناکەن بەڵکو ئەو کات دەبێت بڕوات بۆ خزمانی وەکو مام و خاڵ، چەند ساڵ بوو زیاتر لە ژنێك قەدەغە بوو، ئێستە لەسەر داوای خودی ژنانی عەرەب خۆیان لە بەغدا ئەو یاسایە کارایە و زۆر کولتووری دواکەوتووی تر. رێگەدانی دەسەڵاتدارانی کورد بە گۆڕینی ئەوەی چەند ساڵە بنیاتمان نابوو بە کولتووری دەوری جاهلی، دوو کۆمەڵی لەناو جەستەی کۆمەڵی کوردیدا دروست کردووە، رێگە خۆشکردن بۆ کەسانی جاهیل و ئاوەزبەردین بۆ رۆڵ بینین لەو پرۆسانەدا و تەشەنەکردن و هێنانی خراپتر و کولتوورە نادروستەکانی تریش، وە کۆمەڵێکی توورە و پڕ نەفرەت کە ئەمڕۆ یان سبەی دەتەقێتەوە بە رووی رێگەدەرانیدا.

**پ: رۆڵی ژنان لە هەر چوار پارچەی کوردستان بۆ یەکخستنی کارەکانیان و**

**کێشەکانیان.. یان ژنان بۆ خۆیان یەك ناگرن لە هەر چوار پارچەدا؟**

و: پێشبینیکردنی وەها ڕۆڵێك نالۆجیکی و مەحاڵیشە بۆ چەندین هۆ، لەوانە: فاکتەری سیاسی: هەمیشە بیری ئازادیی نەتەوەیی بەر لە ئازادیی جەندەرییە، نەتەوەیەك کە نەك مافی بڕیاردان و قسەکردن تەنانەت مافی وەکو مرۆڤ ژیانیشی نەبێت و لە وڵاتێکی لەژێر سایەی کۆلۆنیالیزمدا بژی دەبێت مافی داوای ئازادیی تاکی تری هەبێت تا بیر لە یەکخستنی کێشەکانی بکاتەوە، ژنێکی کورد بۆ نموونە لەژێر سایەی دەسەڵاتی بیری تەسکی ئێرانیدا دەژی کێشەی ئەوەیە کە بە خواستی خۆی ساکارترین شت پۆشاکە بپۆشێت کێشەکانی کوا وەکو ئەو ژنەیە لە کوردستاندا داوای گۆڕینی یاساکانی باری کەسی دەکات. ئەو باڵندەی بێ پەڕ و باڵە لە قەفەزدایە سەرەتا بیر لە فڕین دەکاتەوە ئەوجا لە خوێندن. هۆکاری ئایدۆلۆجی یەکێکە لەو هۆکارانەی تر کە یەکگرتنی سەرجەم ژنانی لە هەموو پارچەکانی ڕۆژهەڵات مەحاڵ کردووە نەك تەنیا کورد، بۆ نموونە سەدەیەك خەبات بۆ یەکسانی دەکرێت لە عێراقدا بەڵام ژنانی عەرەب لە بەغدا خۆیان چوونە سەر شەقامەکان و داوای یاسای فرەژنییان کرد، دیارە ئەم جۆرە ئایدۆلوجی و عەقڵە لە کوێوە سەرچاوە دەگرێت، نموونەی ئەمانە و جیاوازتریش هەیە، کە مەحاڵە ژنێکی خاوەن پرەنسیپ نەتوانێ دانوساندنیان لەگەڵدا بکات و کێشەکانی یەك بخات چونکە لە بنەمادا کێشەکانیان جیاوازن و داواکارییەکانیش جیاوازن، ئەمە و سەبارەت بە کێشەی ژنی کوردیش کە هەریەکەیان دوای حزبییەکی یان ناسیۆنالیست یان تۆتالیتاری کەوتوون هەمان شێوەیە، ئەمە و جگە لە کێشە کولتوورییەکان، ئێمە بمانەوێ و نەمانەوێ کولتووری ئەو ژنە کوردەی لە ئێراندا پێی گەیشتووە لەگەڵ ئەوەی لە کوردستاندا پێ گەیشتووە و نەوەی دوای ڕاپەڕینە تەواو جیاوازە. بۆیە یەکگرتنی ژنان مەحاڵە و هەروەها کۆمەڵێ کێشەش لە هزری بوو لە چوارچێوەی ئیرادە دەردەچێت خۆی بیەوێ و نەیەوێ، خواستی یەکگرتنیش بچێتە لووتکە دەسەڵاتی یەکگرتنی لا نییە.

**پ: ئەگەر دە ستت بڕوا پرۆژەت چییە بۆ تەڤ ژنانی کوردستان؟**

و: من هەرگیز خەونم بە دەسەڵات و دەست ڕۆیشتنەوە نەبینیوە، بەڵام خەون

بەوەوە دەبینم سیستەمێکی مرۆڤایەتی و پێشکەوتوو میللەتەکەم بەرێوە بەرێ و ئیتر کێشەی ژنان و منالان و لاوان و چینە کۆمەلایەتییەکانمان بە ئاستێك کەم بێتەوە کە لە بری ئەوەی ئەوەندە قسە لەسەر ئەم قەیرانانە بکەین کە میللەتانی تر بە ئاسانی بە سەریدا زالْ بوون سالْی کتێبێکی ئەدەبیم چاپ بکردایە. خوازیارم گوێمان لێ بگیرێ وئەو هەموو پێشنیاز و راوێژ و راڤانەی رۆشنبیران تا ئێستە بۆ دەسەلاتی کوردی خستوونیە روو بکرێت بە پرۆژە و مرۆڤایەتی و نرخی ژن و تاکەکان بە یەکسانی رەچاو بکرێت و بەهاکانی بۆ بگێرێتەوە، گەر گوێشمان لێ بگیرێت خواستم گۆرینی سەرجەم یاساکانی باری کەسی، گۆرینی سیستمی رێکخراوەکانە، لە سەکتۆری حزبییەوە بۆ سەکتۆری خێرخوازی و بێ قازانج وەکو هەموو ولاتە پێشکەوتووەکانی جیهان. بێ قازانج واتە نە بۆ قازانجی ئایدۆلۆجی کار بکات وەکو حزبەکان نە بۆ قازانجی مادییش وەکو سەکتۆری تایبەت. بەلْکو پرۆگرامێکی گشتگیری هەبێت و بەپێی چالاکی و پرۆگرامەکان، دوور لە دەستی حزبی سەرچاوەی دارایی بۆ دابین بکرێ و ئەو کەسانەش کار دەکەن مرۆڤی پرۆفیشنالْ و ئەوانە بن لە دەرچووی بوارە کۆمەلایەتی و دەروونییەکانن بەبێ جیاوازیی رەگەزی، مەرج نییە هەر کەس ژن بوو وە سۆزی بەرگریکردنی لە ژن هەبوو شیاو بێت کاری بۆ ئەم رێکخراوانە بکات. ئەو رێکخراوانەی کێشەی جەندەری و یەکسانییان کردووە بە دروشم، تەنیا ئەو دوو فاکتەرە بگۆردرێ لە سەروو سەدا هەشتای کێشەی ژنانی کورد چارەسەر دەکرێت، ئەمە پێویستە پرۆژەی حکوومەت بێت، ئەو حکوومەتەش کەی ئاستی هۆشیاریی گەیشت بەو ئاستە گوێ لە هەموومان دەگرێ و داوای پێشنیازی پرۆژە لە ئەوانە دەکات کە شارەزاییی ئەکادیمی و کارکردنیان لەو بوارەدا هەیە و هەلەکەش دەبێت بە هەلێکی گونجاوی گشتی. پێویست بە هەل ناکات، ئێمە بە دەیان شێوەی جیاواز کە لە زیهنی خەلْکدا نییە قوربانیمان داوە، لەگەلْ کێشەی دەیان نەتەوەی تر و کاری مرۆیی تێکەلاو بووبن، گەر دەسەلاتدارانی ئێمە مەیلیان لێ بێت کار بۆ خەلْك بکەن، من کەی پێویستم بە هەل و بواری سیاسی هەبووە بۆ ئەوەی خزمەت بە خەلْکی خۆم بگەیەنم.

**پ: دانوستاندنی کوردی – عەرەبی چۆن بکرێت باشە؟**

و: کە دانوستاندنی کوردی – عەرەبی کەموکوریی تێدایە، لەوە نییە کە هەست

بەو کەموکورپییانە نەکراوە و پێویستی بەوەیە ڕێگەی دروست پێشنیاز بکەیت بۆ ڕاستکردنەوەی، ئەم دانوستاندنە چیرۆکی دوکتۆراکەی لێکۆڵیاری ئەمەریکایی و پرۆفیسۆری زانکۆی هارڤارد جۆرج لیمان کترەج ١٨٦٠-١٩٤١م وەبیر دێنێتەوە، کە هاوڕێیەکی لێی دەپرسێ پاش ئەو هەموو ساڵە لە بواری لێکۆڵینەوە و بواری خوێندنی باڵا بۆ هەرگیز دوکتۆراکەت نەخوێند، ئەویش دەڵێت "ئاخر کێ تاقیم بکاتەوە و سەرپەرشتیم بکات" چوون ئەو خۆی لە سەروو هەموو ئەوانەی ئەوێوە ئەبینی. ئێمە وەکو کورد هەر پێشنیازێکمان هەبێت عەرەب خۆی لە سەروویەوە دەبینێت، بەڵام من هەر پێم باشە کورد ئەو دانوستاندنانە بکات بە میتۆد و لەگەڵ دراوسێیەکانی تریش و نەتەوە و گەلانی تریش دانوستاندن و لێك گەیشتن دامەزرێنێ. دانوستاندن یەکێکە لە هەر فاکتەرە شارستانییەکان و تەنانەت گەر بەرەنجامیشی نەبێت وەکو نەریتێکی ژیانی مەدەنی و دیاردەیەکی مرۆیی با بوونی هەبێت.

**پ: تۆ ئەو بڕوایەت لەمیانەی تێکەڵاوبوون و ئەزموونی خۆت لەگەڵ عەرەب هەڵهێنجاوە یاخۆ تەنیا خوێندنەوەی مێژوویی؟**

و: ئەگەر تەنیا بە هۆی خوێندنەوەی مێژووییەوە بوایە ئێستە ئومێدم بە نەوەی نوێ دەبوو، بەڵام لەمیانەی تێکەڵاوبوونم تێ گەیشتم هیچ نەتەوەیەك وەکو عەرەب دژی خۆی نییە و گیرۆدەی عدوانیەتی و گرێی خۆ بەهەندزانیی خۆی نییە. ئەمەش هەڵەیەکی مێژووییە و بە داخەوە عەرەب هەمیشە قەرەبووی دەدات کە پێ دەچێت هەستی پێ نەکەن. قەرەبووەکانیش لە شێوەی ئەوەیە کە ئاینێکی لە هەموو ئاینەکان کاریگەرتریان لەسەر خەڵکی ناوچەکە هەبووە، نابووت کردووە. من هەمیشە سەرم سوڕ دەمێنێ لەوەی عەرەب پێوەندیی خۆیان بە هەموو جیهانەوە و بە خۆشیانەوە نابووت کردووە و دژایەتیی ڕۆژئاوا، ئەمەریکا، ئیسرائیل، کورد، ئەکەدی، کلدانی و قبتی و مەسیحی و هەموو نەتەوەکانی تر دەکەن و لە ناوەخۆشیاندا کۆك نین، دوژمنایەتیی هەموو لایەك دەکەن و هەرگیزیش بە خۆیان ناڵێن هەڵە و هەمیشە لایەنێك دەکەن بە هۆی نەهامەتی و کێشەکانیان. بەداخەوە ئەوەندەی سیاسییە عەرەبییەکان لەو دیپلۆماتییەتە لاوازە بەرپرسن هەزاران ئەوەندە

ڕەمزە عەرەبییە ڕۆشنبیری و هونەرییەکان بەرپرسن، زۆر بە دەگمەن نووسەر و هونەرمەندی عەرەبم بینی هەست بەو دۆخە بکات و پێی وا بێت سەرجەم سیستمەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەسەرچوون و پێویستیان بە نوێبوونەوە هەیە و کاری بۆ بکات و ددان بەوەدا بنێ و تەنیا فرۆشتنی تکتی زیاتری ئاهەنگەکانی لە مافی هاووڵاتییان پێ گرینگتر نەبێت، زۆربەیان خەریکی پەیمانی بازرگانیی خۆیانن لەگەڵ هەڕاجکارانی نیشتمانەکەیاندا و بەردەوامیش خەڵکانی ساکار و هاووڵاتییانی بێ دەسەڵات قەرەبووی ئەم هەڵوێستە نەهلیستییانە دەدەن، دەیان هونەرمەندی عەرەبم بینی لە سەروو لیبراڵییەتەوە دەژی و شەو تا بەیانی لە سەماخانەکاندا گۆرانی دەڵێ و سەما دەکات و سبەی لە ڕۆژنامەکانەوە بانگەشەی ئەوە دەکات، کە لەگەڵ ڕادیکاڵترین ئیسلامی و گرووپدایە و ئەم جۆرە ژەهری دووفاقییە دەرخواردی لاوانی عەرەبی دەدات. ئەمە زۆر لایەنی کۆمەڵایەتی و سیاسی و دیپلۆماتیی تر لە دیداردا بواری باسکردنی نییە، بۆیە من بێ ئومێدم لە بەرەنجامی گفتوگۆ، بەڵام وەکو وتم بێ بەرەنجامیش بێت ئێمە پێویستە خۆمان لەسەر کارە مرۆییەکان ڕابهێنین و بوونی با هەبێت، وەلێ خوازیارم چیی تر دەسەڵاتدارانی کورد پێنووسی هیچ عەرەبێك بە پارە نەکڕن، مرۆڤێك خۆی خاوەنی هەست و ئەرکی مرۆیی، یەکسانی و ویژدانی زیندوو نەبێت، بە پارە ئەو هەستەوەرانە بخاتە کار هەنگوینیشی زەهر ڕشتنە.

**پ: پێت وایە کورد تا چەند کەوتووەتە ژێر کاریگەریی ئەو جۆرە گرێیەی باسی ئەکەیت؟**

و: کوردیش بەشێکە لە ناوچەکە و کەم تا زۆر ئەو کاریگەرییانە و ئەو خووە هاوبەشانەیان هەیە، بەڵام کورد زۆر لە دراوسێیەکانی باشترە، بۆ نموونە ئەگەر سەیری کورد بکەین تەنیا ناوچەیەکی بۆ ماوەی چەند ساڵێك وەکو بەشێکی سەربەخۆ گرتووەتە دەست، بە بێ هەبوونی سیستم و ئیمکانیات و مافی دەوڵەت، لەگەڵ ئەوەشدا بەو ژمارە کەم و ناوچە بچووکەشەوە پێشکەوتنێکی زۆر باشی بە خۆیەوە بینیوە، نەتەوەیەك بۆ سەدان ساڵە زمان و کولتووری خۆی لێ قەدەغە دەکرێ لە ماوەی پازدە ساڵدا زۆرترین بڕوانامەی

تێدا هاتووە، ئەوەی وڵاتێکی عەرەبی لە ٤٠٠-٥٠٠ ساڵی مێژوویدا پەسندی کردووە و ژێر ڕکێفی بووە، ئێران سی ساڵە پەسندی کردووە، کورد لە ماوەیەکی کەمدا پەسندی نەکرد، وەکو دەبینی تەنیا شوێنێکە لە ناوچەکەدا هاووڵاتیان خۆیان کۆ دەبنەوە و داوای گۆڕینی دەسەڵات دەکەن، داوای گۆڕینی سیستمی بەڕێوەبردن و سیستمی ژیان دەکەن بۆ سیستمێکی مەدەنی و ناگەندەڵ، بە دەیان گرووپ و حزبی جۆرەوجۆری هاوردە هەوڵی دا هاووڵاتییان بە هەموو شێوەکانی فشار و ئیغرا بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە ئەو ئەزموونەی هەیە بشوێنێ، بەڵام لەگەڵ هەموو سەختی و نەدارییەکانیشدا بەرگەی گرت هەتا کەسێکی هەڵقووڵاوی بزووتنەوەی کوردایەتی هاتە پێشەوە بۆ بنیاتنانی داواکانیان ئەمەش هۆشیاریی سیاسی لای تاك نیشان دەدات. پاشان لەگەڵ ئازادبوونی کوردستاندا بە دەیان کەسی ئەکادیمی و پرۆفیشناڵ ژیانی هەندەرانیان بەجێ هێشت و گەڕانەوە بۆ خزمەتکردن، بە سەدانی تر لە دەرەوە هەمان کۆشش دەکەن، بە دەیان نووسەر کە هەندێکیان تەنانەت لە حکوومەتی کوردیش یاساغ بوون بە دەیان پرۆژە و داوا و میتۆدی جیاوازی مەدەنییان پێشکێش بە حکوومەت و حزبەکان کردووە بۆ باشکردنی گوزەرانی خەڵك و ژیانێکی مەدەنییانە، هەتا دەسەڵاتی کوردی جارێکی تر لەگەڵ بەغدا تێکەڵاویان نەکردین کارمان بە زۆر بەندی یاسا دواکەوتووەکانی بەغدا نەدەکرد، هەموو ئەمانە جێگەی شانازین و بەڵام زۆر گرینگە ئەوە بە کەم بزانین و هەوڵی زیاتر و گۆڕانی زیاتر بە شێوەی ئاشتییانە و بێوەیانە بهێنینە ئاراوە، خەڵکی ئێمە خەڵکێکی چەوساوەیە شایانی ژیانێکی شارستانییانە و دوور لە شەڕ و هێمنە و پێویست ناکات ئەزموونی دراوسێیەکانی تاقی بکاتەوە.

**پ: چیرۆکی کوردی چۆن بەراورد دەکەی لەگەڵ چیرۆکی بیانی؟**

و: ئەو بەراوردکارییە بەراوردکارییەکی پرۆفیشناڵ نابێت، ئێمە خاوەنی هیچ بڵاوکراوەیەکی جیهانی، فیستیڤاڵی جیهانی، بەشداربوونی ئەدەبی و هونەری جیهانی نین. خاوەنی دەزگای وەرگێران نین بۆ زمانە جیهانییەکان، کە بەرهەمێکی بردبێتە ئاستی کتێبە پڕفرۆشە جیهانییەکان. دەکرێ بەر لەوەی لە دەرەوە سەبارەت بە ئەدەب و خوێندنەوەی ئەدەبی بخوێنم وام زانیبێت

هەندێ ڕەخنەگری ئەدەبیمان هەیە، بەڵام بەداخەوە خاوەنی ڕەخنەگری ئەدەبی نین خوێندنەوەی بۆ چیرۆك و ئەدەبی كوردی كردبێت. لە لایەكی ترەوە دەزگاكانی بڵاوكردنەوە چ لە ڕووی چاپكردن چ لە ڕووی ڕێكلامەوە بایەخیان بەو پنتە ئەدەبییانەوە نەداوە كە كورد لاوازە تێیدا و هەوڵی ڕووناكی خستنەسەری نەداوە. دەكرێ لەوەتەی من لە كوردستانم دەیان بەرهەمی ئەدەبی و چیرۆكی زۆر باش نووسرابێت و وەكو هەموو ئەوانەی لە تەك گرووپێك نین ئەو بەرهەمە لە تاریكیدا مابێتەوە و من و خەڵكانی تریش كە ئەم لایەنەیان پێ گرینگە، بێ ئاگا بن لێی. گەر تەنیا مەبەستیش خوێندنەوە و ڕایەكی سەرپێییانە بێت من كۆمەڵێ بەرهەمی باشم خوێندووەتەوە لەناو ئەو جەنجاڵی نووسین و وێژەی كوردیدا، كە لە ئاستی بەرهەمە جیهانییەكاندان بەڵام بێ بایەخ و بێ خوێندنەوە ماونەتەوە، ئەوەش تەنیا لەبەرئەوەی نووسەرەكانی سەر بە گرووپێكی دیاریكراو نین.

**پ: پڕۆژەی تازەتان چییە؟ بە تایبەت بۆ منداڵان؟**

و: نووسین لە جیهانی كوردیدا بۆ خەڵكێك كە دوورە لە پرەنسیپە فكرییەكان، یان خۆی لە تەرازووی كوێ لە بەرژەوەندیی منە هاویشتووە بووە بە پیشە، بۆ خەڵكانێكی وەكو ئێمەش ناچارین وەكو هیوایەت سەیری بكەین و تەنیا لە كاتی بەتاڵدا یان لەسەر حیسێبی تەندروستیی خۆمان كاتی بۆ تەرخان بكەین، بۆیە بۆ ئەوانەی وەكو من بێلایەنیی خۆیان پاراستووە، پڕۆژەكانیان پەرش و بڵاون و لە هەر ساتێكدا كات بەزەییی پێ بەخشین ماچ لە نەوچەوانی پڕۆژەیەكی جیاواز دەكەین و بۆ ئەوەی یەكێكی تریان نەڕەنجێنین لەو هەموو پڕۆژە هەڵواسراوەی چاوەڕوانی كات دەكات بۆ تەواوبوون. بۆیە نوێم بۆ منداڵان كەمترە و تەنیا خۆیان لە چەند شیعر و چیرۆكێكدا دەبیننەوە، بەڵام چەندین پڕۆژەی بڵاونەكراوە و چاپ نەكراوم بۆ گەورە هەیە، ماوەیەكی زۆریشە خۆم لە بڵاوكردنەوە دوور گرتووە.

**پ: دەكرێت هۆی خۆدوورگرتنت بزانین؟**

و: ئەو گەندەڵییەی جیهانی كوردی گرتووە و كە ئەمڕۆ داوای گۆڕانی دەكرێت دەزگاكانی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنیشی گرتووەتەوە. جگە لە بێ بەرنامەیی و بێ

پرەنسیپیی زۆر دەزگا، زۆربەی چاپەمەنییەکان تەنیا لە هەوڵی پەلکوتان و بەرفراوانبوونی دەزگا و دەسەڵاتن، هەموو توانای مادی و مەعنەوییان خستووەتە خزمەتی گرووپێك و ئەوانی تر کە کتێبیشیان بۆ چاپ بکرێت بێ بەرانبەرە. زۆربەی نووسەران لە ڕاپەڕینەوە بێ بەرانبەر دەنووسن و کتێب چاپ دەکەن لە پێناوی ئاوەدانیی وڵات و خزمەتکردنی هاووڵاتییاندا، هێشتاش دەزگاکان وەکو پێویست و بێ هەڵە و کەموکوڕی چاپی ناکەن و ڕێکلامی بۆ ناکەن، لە کاتێکدا زۆر بە ناو نووسەری بێ بەهرە نووسین بووە بە پیشە بۆی. ئێمە لە سەرەتادا بە هەمان مەبەست ئەدیب بووین بۆ بەگوڕهێنانی بواری ڕۆژنامەگەری و بوونی ڕەگەزی مێ لەو بوارەدا هاتینە ناو کاری ڕاگەیاندن و گورزمان لە بواری ئەدەبیدا لە پێناوی خزمەتکردن بوارێك بە ئاسانی ناخەملێ، بەڵام وەکو دەبنین هەریەك لە سیاسەتمەداران و دەسەڵاتدرانی ئێمە بوون بە بلیاردێر و پڕی بانکەکانی ڕۆژئاوایان کرد لە پارەی میللەت، هەر دەزگایەك دە لقی تری لێ بووە و هەر ڕۆژنامەنووسێك دەربار بوو بە خاوەنی دەزگایەك ئێمەش هەر پێشمەرگەکەی جارانین و هەر کارەکانمان بێ بەرانبەر و دوور لە نەریتی شارستانییانە و مرۆڤانە دەپێورێن، ئەمە لە کاتێکدا لەسەر بنەمای مەحسوبییەت دەیان نووسەر لە دەزگاکانی کوردستاندا مووچەی خەیاڵییان هەیە لە کاتێکدا خۆیان لە دەرەوەی کوردستان دەژین و تەنانەت کاریش بۆ ئەو دەزگایانە ناکەن و پێویستە خەڵکانێك هەبن ڕێز و بوون بۆ نووسەر و بۆ وشە بگەڕێننەوە، هەوڵ بدەن نووسین بکەن بە پیشە بۆ خەڵکێك دەتوانێت خزمەتی بواری نووسین بکات، ئەم بێ دەربەستییەش نایەکسانی، زۆری و بۆری، ونبوونی کاری جیدی و ونبوونی خوێنەری لەناو لێشاوی کاری ناجیدیدا دروست کردووە، بێدەنگی و کەنارگرتنم، بۆ پاراستنی خۆمە لە پریشی گەندەڵی، هەروەها وەکو مانگرتنێکیشە لەو بێ ڕێزییەی بەرانبەر نووسەر دەکرێت، بە هیوای گۆڕانی سیستمی کارکردنی ئەوانەی ئێستە و هاتنە ئارای دەزگای چاپەمەنیی بە بەرنامەتر.

– زۆر سوپاس بۆ بەڕێزتان

– سوپاس بۆ ئێوەش

## کتێبە چاپکراوەکانی نووسەر

١- ″خطیبی الطینی″ کۆمەڵە چیرۆك، بڵاوکراوەی ″الجمل″ ٢٠١٣ بەیروت - لوبنان
٢- دەزگیرانە قورپینەکەم، کۆمەڵە چیرۆك، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، ٢٠١٢
٣- نامەکان بەر لە مردن ناخوێندرێنەوە، کۆمەڵە چیرۆك، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، ٢٠٠٤
٤- حیکمەتەکانی بە قەرەج بوونم، کۆمەڵە چیرۆك، دەزگای زاموا چاپی یەکەم و گۆڤاری نڤار چاپی دووەمی بڵاو کردوەتەوە، ١٩٩٨
٥- فێمنستناسی و جڤاکی کوردی، لێکۆڵینەوە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، ٢٠٠٥
٦- ژنی کورد لە دەروازەی هەزارەی سێهەم و سەردەمی بە جیهانیبووندا، کۆمەڵە وتار، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم،٢٠٠٢
٧-دوو هاورێ و جادووگەرێك، چیرۆك بۆ منالان، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، ٢٠٠٣
٨- هاوناز و خاڵخاڵۆکە، چیرۆك بۆ منالان، دەزگای ئێم.ئەی. جی ، بە هەردوو زمانی ئینگلیزی و کوردی (سۆرانی و بادینی) بڵاوکردوەتەوە بە سەر قوتابخانەکانی کوردستاندا، ١٩٩٩
٩- باخچە، ڕۆمان، وەرگێران، لە نووسینی ″مارگرێت دۆرا″ لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری نڤارە، ٢٠٠٠
١٠- پرۆژەیەك بۆ تێکشکاننی بێدەنگی لە سەر پرسی ئەنفال، ڕاو و بۆچوونەکانی نووسەرە سەبارەت بە کۆکوژیی کورد ″ئەنفال″ ئەم دوواندنە لە لایەن ڕۆژنامەنووس تەها سلێمانەوە ئەنجام دراوە و ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان ئەم کتێبەی چاپ کردووە، ٢٠٠٨
١١-بەشداریکرنی نووسەر لە کتێبی″گفتوگۆ لە سەر خوانی خوێنین″ دیالۆگی کۆمەڵێك نووسەرە سەبارەت بە پرسی ئەنفال و جینۆسایدی کورد، لە سازدانی حەمە کاکەڕەش، لە بڵاوکراوەکانی ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ٢٠٠٧

**ئەزموونی ڕۆژنامەنووسی:**

١- لە ساڵی ١٩٩٨ گۆڤاری " نڤار" ی دەرکرد، گۆڤارێکی فکری و تیۆری بوو. ئەم گۆڤارە ڕووبەڕووی دوو جۆر کێشە بووەوە : یەکێکی یاسایی لەبەرئەوەی یەکەم ژن بوو گۆڤارێك دەربکات لە کوردستاندا، تا ئەو کاتە وەزارەتی ڕۆشنبیری یاسای مۆڵەتدانی بە تاك و ژن نەبوو، پێی گوترا مۆڵەت بۆ کەسی "مادی و مەعنەوی" دەبێت، بۆیە ناچار بوو پیاوێك بکات بە خاوەنی ئیمتیاز. دووەم کێشەی توندڕەوەکان، کە ڕووبەڕووبونەوەی فکری و دیالۆگیان پێ پەسەند نەئەکرا... ئەم گۆڤارە لە ژێر ئەم جۆرە فشارانەدا لە ساڵی ٢٠٠٠ داخرا.

٢- ساڵی ٢٠٠٠ گۆڤاری " نوێکار"ی دەرکرد وەکو سەرنووسەر و خاوەنی ئیمتیاز، گۆڤارێکی فکری، تیۆری و ڕاڤەیی بوو، بایەخی بە کێشەکانی کۆمەڵی مەدەنی و بەجیهانیبوون ئەدا، بەردەوام بوو هەتا ٢٠٠١ و بەجێهشتنی کوردستان لە لایەن نووسەرەوە

٣- ساڵی ٢٠٠٧ بەڕێوەبەری نووسینی ڕۆژنامەی " ئەمرۆ " بووە.

٤- ساڵی ٢٠٠١ یەکەم ئافرەتی کورد بووە بانگهێشتن کراوە و سەفەری میسری کردووە بۆ کاری ڕۆشنبیری و پاشان لوبنان.

**ئەو خەڵاتانەی نووسەر وەری گرتوون:**

١- خەڵاتی یەکەمی ڤێستڤاڵی " ئامێتا " بۆ ئەدەب و هونەر ساڵی ٢٠٠١

٢- خەڵاتی یەکەمی ڤێستڤاڵی " ئامێتا " بۆ ئەدەب و هونەر ساڵی ٢٠٠١

٣- خەڵاتی حزبی سۆشیالستی کوردستان بۆ " ڕۆژنامەنووسانی چالاك" ساڵی ٢٠٠٣

**نووسەر هەڵگری بڕوانامەی:**

١- بەکالۆریوس لە کەمیونیکەیشن، زانکۆی یورك، کەنەدا.

٢- دبلۆمی باڵا لە ڕۆژنامەنووسی، کۆلێجی شەرەدن، کەنەدا.

٣- بڕوانامەی باڵا لە فشار و تەنگژەکانی پەناهەندە و کۆچبەر، زانکۆی یورك، کەنەدا.

نووسەر ئێستا خوێندکاری خوێندی باڵایە، نیشتەجێی کەنەدا و خەڵکی باشووری کوردستانە.